ISSN 2411-7757

زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی
جامعة التنمية البشرية
UNIVERSITY OF HUMAN DEVELOPMENT

# گۆڤاری زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی

گۆڤارێكی زانستیی وەرزییە زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەریدەكات

بەرگی ( ١١ ) ژمارە ( ٣ ) ئاب ( ٢٠٢٥ )

٢٠٢٥ ی زایینی ٢٧٢٥ ی كوردی

هەرێمی کوردستانی عێراق

زانکۆی گەشە پێدانی مرۆیی

ISSN 2411-7757

# گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەریدەکات

**خـــاوەنی ئیمتیاز**

پ.د.علـى محي الدين قەرەداغی

**سـەرۆکــی دەستەی نووسەران**

پ.د.مـریـوان أحـمـد رشـیـد

**بەڕێوەبەری نوسین**

پ.د.زانا رؤوف حمـه کریـم

**دەستەی نووسەران**

پ.د.أنـور مـحـــمد فــرج ................................ ئــەنــدام

پ.د.محـــسن ابراهيم أحمـد ................................ ئــەنــدام

پ.ی.د.هـيـوا ابـوبـكـر عـلـى ................................ ئــەنــدام

پ.ی.د.صـهيب مصطفى طــه ................................ ئــەنــدام

پ.ی.د.ئـاسـۆ محمـد دەرویش ................................ ئــەنــدام

پ.ی.د.کنعان حمەغریب عبدالله ................................ ئــەنــدام

**سەرپەرشتیاری هونەریی**

هاوکار عمر مجید

## دەستەی ڕاوێژکاری


پ.د.سمیر فخرو .......................... بحرين

پ.د.عبدالمجيد النجار .......................... تونس

پ.د.علي المحمدي .......................... قطر

پ.د.انمار امين البرواري .......................... عێراق

پ.د.صالح قادر.......................... قطر

پ.د.جاسم عودة .......................... مصر

پ.د.قاسم الحبيطي.......................... عێراق

پ.د.خالد العجمي .......................... سعودية

پ.د.خالد المذكور.......................... كويت

پ.د.فائق مشعل قدوري .......................... عێراق


- ئاماژە بە کۆنوسی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ژمارە (15) لە بەرواری (2017/6/1)دا، وە لەبەرئەوەی لە ئێستادا زانکۆکەمان گۆڤارێکی زانستیی نوێ دەردەکات بەناوی ( UHD Journal Of Science and Technology ) کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانی بواری زانستیی پوخت. بڕیار درا کە بواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان لە گۆڤارەکەماندا کورت بکرێتەوە تەنها بۆ بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان.

- بۆ زانینی مەرجەکان و تۆمارکردنی توێژینەوە بۆ بڵاوکردنەوەی لەم گۆڤارەدا, سەردانی سایتی تایبەت بە گۆڤار بکە : journals.uhd.edu.iq

## پێشەکی:

گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، گۆڤارێکی زانستیی – وەرزییە، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەریدەکات، پشتبەست بە فەرمانی وەزاریی – وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (15332/9) لە (2015/8/5)دا. ئاماژە بە کۆنوسی لیژنەی هەمیشەیی تایبەت بە دەرکردنی گۆڤاری زانستیی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، کە لە بەرواری ( 4 / 8 / 2015 ) دا پەسەندکراوە و بڕیاردراوە بە پێدانی مۆڵەت بە دەرکردنی (گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی) لە لایەن زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی گشت مەرجەکانی دەرکردنی گۆڤاری زانستیی تێدا جێبەجێ کراوە. توێژینەوەکانی ئەم گۆڤارە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بەکاردێت.

بەم هۆیەوە دەستەی نوسەرانی گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، خۆشحاڵ دەبێت بە بلاوکردنەوەی توێژینەوەو بەرهەمە زانستیەکانی توێژەرانی بواری (زانستە مرۆڤایەتیەکان) بە پێی ئەومەرجانەی کە بۆ بلاوکردنەوە دانراون لە گۆڤارەکەدا.

- ناوی گۆڤار: گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
- جۆری دەرکردنی گۆڤار: وەرزییە
- پسپۆڕی گۆڤار: بواری (زانستە مرۆڤایەتیەکان)
- ژمارەی نێودەوڵەتی گۆڤار بەشێوەی چاپکراو: p-ISSN 2411-7757
- ژمارەی نێودەوڵەتی گۆڤار بەشێوەی ئۆنلاین: e-ISSN 2411-7765
- ژمارەی ( DOI) گۆڤار : 10.21928/2411-7765

پ.د. زانا رەئوف حمە کریم

بەڕێوەبەری نوسین

**Address:**
University of Human Development
Sulaimani –Kurdistan Region/Iraq
**Phone**: +964 773 393 5959
**PO Box:** Sulaimani 6/0778

**ناونیشان:**
زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
سلێمانی - هەرێمی کوردستان/عێراق
مۆبایل: 009647733935959
سندوقی پۆست: سلێمانی 6/0778

# فهرست المجلة


| ت | اسماء الباحثين | عنوان البحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| .1 | مبارک عزيز حمد<br>عابد خالد رەسول | تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندانی سۆسیالیستی<br>لە سەدەی نۆزدەدا: کۆمۆنەی پاریس وەک نموونە | 12 - 1 |
| .2 | Wirya Ahmed Ameen<br>Mohammed Hussein Ahmed | A Relevance Theoretic Analysis of<br>O. Henrys' The Last Leaf | 18 - 13 |
| .3 | Narmeen Rashid Darwesh<br>Shokhan Rasool Ahmed | Heidi's Feminist Journey: Identity and Self-Discovery in<br>Wendy Wasserstein's The Heidi Chronicles | 26 - 19 |
| .4 | دانەر رشيد نجم الدين<br>انور محمد فرج | تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەبەردەم ئاڵنگارییەکانی جیهانگیرییدا | 37 - 27 |
| .5 | طارق محمد أورحيم | الكتابات المنقوشة للمروانيين في دياربكر | 47 – 38 |
| .6 | کامەران ئەبابەکر خضر خۆشـــــناو | کەسێتیی لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) ی<br>(شێرزاد حەسەن) دا | 60 - 48 |
| .7 | محمد حسين احمد | ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش (ELF) و پێگەی لە زمانی کوردیدا | 73 - 61 |
| .8 | عەبدوڵلا عەبدال فەتاح<br>شادان شوکر سابیر | ئەرکی ڕێزمانیی مۆرفی (سفر و شاراوە) لە<br>زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا | 84 - 74 |
| .9 | ئەژی ئازاد ابوبکر<br>ژیلوان لطيف يارأحمد | هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق<br>(1979-1991) | 99 - 85 |
| .10 | نهاد جلال حبيب الله | تێڕوانینی (ابن تیمیه) (٦٦١- ٧٢٨ك / ١٢٦٣ - ١٣٤٨ز) بۆ دەوڵەت و<br>دەسەڵاتەکانی مێژووی ئیسلامیی | 109 - 100 |
| .11 | هاوڕێ جبار حمدامین<br>باخان قادر احمد | شاری میافارقین، خانەی لەسکەدان لەسەردەمی میرنشینی مەڕوانی،<br>توێژینەوەیەکی مێژوویی، شیکاری هونەرییە، (نمونەی هەڵبژێردراو) | 120 - 110 |
| .12 | ڕەنجە عبدالله سعيد | ئاڵنگارییەکانی بەڕێوەبردنی کەیس لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا<br>ڕێکخراوە ناحکومییەکانی شاری سلێمانی بەنموونە | 135 - 121 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 146 - 136 | Dancing To Their Tune: The Image of ISIS in Kurdish media: | Yohan Othman Hama<br>Kovan Hussein Saado | .13 |
| 156 - 147 | أثر الطرق المعبدة للسيارات على توزيع المستوطنات الريفية في قضاء راوندز | پێشڕەو سەمەد توفیق<br>محمد ظاهر كوخاصادق | .14 |

# تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندانی سۆسیالیستی لە سەدەی نۆزدەدا: کۆمۆنەی پاریس وەک نموونە

**مبارک عزیز حمد، عابد خالد رەسول**

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** چەمکی شۆڕش لە هزری سیاسیدا یەکێکە لەو چەمکانەی جێگەی مشتومڕی زۆر بووە، بە تایبەت لە هزری سیاسی نوێدا، لەو نێوەندەشدا، بیرمەندە سۆسیالیستەکان لە پێشەنگی ئەو کەسانە بوون ئەو چەمکەیان لە چوارچێوەی خەباتی چینی کرێکاراندا تیۆریزە کردووە، بۆیە گەڕان بە دوای ئەو بنەما هزریانەی ئەو تیۆرەیان لەسەر بونیادنراوە، بە تایبەت لای مارکس و ئەنگلس، دیوە ناڕوونەکانی ئەو تیۆرە و کاریگەرییەکانی لەسەر شۆڕشی )١٨٤٨) و، کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی (١٨٧١)، لە سەدەی نوزدە لە فەرەنسا باشتر نیشان دەدات. ئامانج لەم توێژینەوەیەش، وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەکییەیە: ئایا تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکاندا چییە و کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی کۆمۆنەی پاریس چی بووە؟ بۆ ئەوەی بگات بە دەرەنجامێک سەبارەت تیۆری شۆڕشی سۆسیالیزم و جێبەجێکردنی لە کۆمۆنەی پاریس لە سەدەی نۆزدەدا.

**کلیلە ووشەکان-** چەمکی شۆڕش، تیۆری شۆڕش، سۆسیالیزم، کۆمۆنەی پاریس، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا.

## پێشەکی:

چەمکی شۆڕش وەک دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆندا تا سەردەمی نوێ و ئێستا، هاوشانی بوونی دەسەڵاتی فەرمانڕان و فۆرمە جیاوازەکانی حکومەت و سیستەمە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە و، فەیلەسوفان بۆچوونی جیاوازیان لەبارەوە دەربڕیوە. لەناو ڕەوتە هزرییە مۆدێرنەکانیشدا بە تایبەت لە سەدەی نۆزدەدا، بیرمەندە سۆسیالیستەکان لە هەمووان زیاتر پەیوەست بوون بە تیۆریزەکردنی ئەو چەمکە، بە تایبەت شۆڕشی پرۆلیتاریا. لە پاڵ کۆمەڵێک ڕووداو، پێشهاتی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی و ململانێی دەرکی لە فەرەنسادا، ئەم تێڕوانینە شۆڕشگێڕییە سۆسیالزمە کاریگەری لەسەر سەرهەڵدان و هاتنە ئارای کۆمۆنەی پاریس هەبوو.

### گرنگی توێژینەوە:

گرینگی توێژینەوەکە بەستراوەتەوە بە چەند لایەنێک، لەوانە:

- شیکاری چەمکی شۆڕش بەتایبەتی و تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکان کە کاریگەری لەسەر دۆخی ناوخۆیی وڵاتان هەبووە لە سەدەی نوزدەدا، بە تایبەت فەرەنسا.
- خوێندنەوە بۆ شۆڕشی کۆمۆنە و، ئەو ئەزموون و فۆرمە سیاسییەی لێی کەوتەوە.
- ئاشنابوون بە تێڕوانینی مارکس بەرانبەر بە کۆمۆنە.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە تێگەیشتنی تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکان و شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس.

### کێشەی توێژینەوە:

کێشەی بنەڕەتی توێژینەوەکە پەیوەستە لە سروشتی تایبەت و جیاوازی تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکان. بۆیە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: ئایا تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندانی سۆسیالیزمدا چییە و کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی کۆمۆنەی پاریس چی بووە؟ هاوکات توێژینەوەکە چەند پرسیارگەلێکی لاوەکیشی دوروژێنێ، لەوانە:

- چەمکی شۆڕش لە ڕوانگەی هزری سیاسی سەردەمە جیاوازەکاندا گوزارشت بووە لە چی؟
- کۆمۆنە چ جۆرە فۆرمێکی سیاسی هێنایە ئاراوە؟
- خوێندنەوەی مارکس بۆ کۆمۆنە چییە؟

### گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی، ئەگەرچی ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکان بە گشتی و تێزەکانی مارکس بە تایبەتی کاریگەری زۆریان لەسەر شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس هەبوو، بەڵام ئەو فۆرمە سیاسییەی کۆمۆنە هێنایە ئارا،

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp1-12

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 12 كانون الثاني 2025؛ قُبل في 2 آذار 2025؛ نُشرت في 6 تموز 2025؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: mubarak.hamad@univsul.edu.iq, abid.rasul@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2025 مبارک عزیز حمد، عابد خالد رەسول. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ڕەنگدانەوەی لەسەر تێڕوانینی مارکس بۆ چەمکەکانی دەوڵەت، شۆڕشی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم هەبوو.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەمیانەی توێژینەوەکەدا، توێژەر بۆ گەیشتن بە دەرەنجامە خوازراو و پێشبینی کراوەکانی توێژینەوەکە، هەوڵیداوە میتۆدی مێژوویی، بە مەبەستی ناساندن و نیشاندانی پەرەسەندنی چەمکی شۆڕش لە هزری سیاسیدا بەکاربهێنێت، هاوکات میتۆدی شیکاری بۆ ڕوونکردنەوەی تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندانی سۆسیالیستی لە سەدەی نۆزدە بە گشتی و مارکس بە تایبەتی وەربگرێت؛ ئەمە و میتۆدی بەراوردکاری بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چەمکی شۆڕش لەڕوانگەی ئاراستە هزریە سیاسییە جیاوازەکاندا بەکاربهێنێت.

**پەیکەربەندی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی، دوو داخوازی سەرەکی و دەرەنجام پێکهاتووە:
داخوازی یەکەم بە ناونیشانی چەمکی شۆڕش و تیۆریزەبوونی لە هزری سیاسی سۆسیالیزمدا؛ دوو لق لە خۆدەگرێ؛ لقی یەکەم، تایبەتە بە چەمکی شۆڕش و پەرەسەندنە هزرییەکانی؛ لقی دووەمیش، بەندە بە تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکاندا. داخوازی دووەمیش تەرخانە بۆ کۆمۆنەی پاریس و خوێندنەوەی مارکس لەهەمبەر ئەنجامەکانیدا، کە ئەویش دوو لقەدا، خراوەتەڕوو.

## داخوازی یەکەم
## چەمکی شۆڕش و تیۆریزەبوونی لە هزری سیاسی سۆسیالیزمدا

ئەم داخوازییە بۆ دوو لق دابەش دەکەین، لە لقی یەکەم باس لە ڕووە زمانەوانی و زاراوەییەکانی چەمکی شۆڕش و پەرەسەندنە هزرییەکانی دەکەین. لە لقی دووەمیشدا، لە تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەکۆڵینەوە.

### لقی یەکەم
### چەمکی شۆڕش و پەرەسەندنە هزرییەکانی

لەم لقەدا، سەرەتا واتای زمانەوانی و زاراوەیی چەمکی شۆڕش ڕوون دەکەینەوە، پاشان ڕاڤەی پەرەسەندنی چەمکی شۆڕش لە هزری سیاسیدا دەکەین.

**یەکەم: واتای زمانەوانی و زاراوەیی چەمکی شۆڕش**

لە زمانی عەرەبیدا چەندین وشەی نزیک و هاوواتایی شۆڕش بەکار هاتوون، لەوانە: "**الثائر**"، کە بە واتای تووڕە، تۆڵەسێن وهەژان دێت؛ وشەکانی "**المثاورة و الوثبة**" بە واتای قەڵەمباز و ڕابوون یان سەرهەڵدان دێن، هەروەها وشەی "**الهیج**"یش بە واتای هەڵچوون هاتووە (بەشارە، ٢٠١٢، ل ٨١-٨٢). لە زمانی کوردیشدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا وشە عەرەبییەکانی وەک "**کودەتا** و **توندوتیژی خوێناوی**" بۆ جوڵانەوە ناڕازییە سیاسییەکان لە جیاتی وشەی شۆڕش لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەکار هاتوون، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا وشەی شۆڕش لە زمانی کوردیدا واتا هاوچەرخەکەی خۆی لە بەرانبەر وشەی "**الثورة**"ی عەرەبی و وشەی "Revolution"ی ئینگلیزیدا وەرگرت، کە بە واتای گۆڕانکاری دێت. تورکەکان و فارسەکانیش وشەی "**إنقلاب**"ی عەرەبییان بە گۆڕانی ڕیشەیی و گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە بەکار هێناوە، بۆ نموونە: بە گواستنەوە لە حوکمی سوڵتانییەوە بۆ حوکمی دەستووری دەگوترێت ئینقلابی دەستووری. هەروەک فارسەکان ئینقلابی ئیسلامی بە واتای شۆڕشی ئیسلامی بەکار دەهێنن، لەکاتێکیدا عەرەب وشەی "**کودەتای**" بە واتا هەندەکییەکەی بەکارهێناوە و لە کودەتای سەربازیدا کورتی دەکاتەوە (حەمەد، ٢٠٢٣، ل٢٥٤). ئەمەش مانای وایە ئەگەر وشەی شۆڕش لە زمانە جیاوازەکاندا یەک واتای هەبێت و، بە واتای گۆڕانکاری هاتبێت، بەڵام بە وشەی جیاواز دەربڕدراوە.

لە ڕووی زاراوەییشەوە، پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی شۆڕش کراوە، لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەک وەربگرین. فەیلەسوفی فەرەنسی (**جاک ئێلول** ١٩١٢-١٩٩٤)، پێیوایە شۆڕش بریتییە لە ئیرادەی گەل، دەوڵەتیش تەنیا بەو ڕادەیە ڕەوایە کە گوزارشت لە ئیرادەی گەل بکات (Chengte, Issue 4 - 2016, p34). لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەر کاتێک دەسەڵات ڕەوایی لەدەست دا، ئەوا گەل مافی خۆیەتی پەنا بۆ گۆڕینی بەرێت.

لە کاتێکدا (**توفیق الحکیم** ١٨٩٨- ١٩٨٧) لە کتێبی "**ثورة الشباب**"دا، چەمکی شۆڕش لە چەمکی هەژان جیادەکاتەوە، ئەو پێیوایە هەژان ئەوەیە کە تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێت، بەڵام چەمکی شۆڕش بە واتای ئەوە دێت کە لایەنی سوودبەخش دەهێڵێتەوە و هێزی لێوەردەگرێت، تەنها لایەنە بێکەڵکەکان لەناو دەبات (الحکیم، بلا سنة، ص١٠). لەم پێناسەیەی **حەکیم**دا ئەوە دەردەکەوێت، کە شۆڕش ژێرەوژوورکردنەوەی تەواوی کۆمەڵگە بە چاک و خراپەوە نییە، بەڵکو گۆڕینی ڕەوایی سیاسی فەرمانڕەوان و لایەنە خراپەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە ناڕێکی و نادادی دروست کردووە.

هەندێکی تر پێناسەی شۆڕش دەبەستنەوە بە ئاڵوگۆڕی سەروەری لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر یان گۆڕانکاری لە شوێنی سەروەری (Yoder, No Published Year, , p 435). کەواتە، گەر مەبەست لە شۆڕش گۆڕانکاری لە شوێنی سەروەری بێت، ئەوا دەبێت ئەو دامەزراوەیە یاخود کەسە کە سەروەری لایە، بگۆڕدرێت بە دامەزراوەی نوێ یان فەرمانڕەوانی نوێ.

لە لایەکی ترەوە وەک هەندێک پێیانوایە گەر بە شێوەیەکی گشتی چەمکی شۆڕش واتای ژێرەوژوورکردنی توندوتیژیانەی یان ئاشتییئامێزانەی حکومەتی فەرمانڕەوان و دانانی حکومەتێکی نوێ بێت لە جێگەکەیدا (زەنگەنە، ٢٠٠٩، ل٩٠). ئەوا دەبێت بپرسین چەمکەکانی (**چاکسازی، یاخیبوون، ڕاپەڕین و بەرخودان**)، چ پەیوەندییەکیان بە چەمکی شۆڕشەوە هەیە؟ لە وەڵامدا دەشێت بڵێین: هەموو ئەو چەمکانە دیاردەگەلێکی تێکهەڵکێشن و دەشێت یەکێکیان ببێتە هۆی ڕوودانی ئەوی دیکە. چاکسازی وەک ئامرازێکی گۆڕانکاری سیاسی ڕەنگە سنووردار بێت بە پانتاییەکی

دیاریکراو، هاوکات دەکرێت لەو وڵاتانەی شیمانەی ڕوودانی شۆڕشێک لە خوارەوە لە ئارادا نەبێت، ئەنجامدانی چاکسازی لەسەرەوە جێگرەوەی شۆڕش بێت (بەشیریە، ٢٠٠٩، ل٢٢٧). هەروەها لەوانەیە یاخیبوونێکی جەماوەری ببێتە هۆی ڕروودانی کودەتایەک، یان دەشێت یاخیبوونێک ببێتە هۆی چاکسازی لە سیستمێکدا، یاخود بە پێچەوانەوە ڕەنگە نەبوونی چاکسازی ڕاستەقینە سەر بکێشێت بۆ یاخیبوون و ڕاپەڕین، دواجار ڕەنگە شۆڕشێک بخولقێنێت، بەڵام ئەگەر ڕاپەڕین و یاخیبوون گۆڕینی سیستمی سیاسی هەبوو نەیەنێتە بەر باس، ئەوا لەو حاڵەتەدا لە شۆڕش جیا دەبنەوە (حەمەد، ٢٠٢٣، ل٢٥٥). ئەگەر لە ڕوانگەی ئامانجیشەوە تەماشای شۆڕش بکەین، ئەوا دەتوانین بۆ سەر چەند جۆرێک دابەشی بکەین، لەوانە: شۆڕشە زانستی، سیاسی و ئایینییەکان. کە لێرەدا ئێمە مەبەستمان لێکۆڵینەوەیە لە شۆڕشی سیاسیی - کۆمەڵایەتی کە زیاتر دەرهاویشتەی ئەو بیرباوەڕانەن لە دڵ و دەروونی تاکەکاندا چەکەرە بوون، نەک لە ڕوانگەی عەقڵییەوە (لۆبۆن، ٢٠١٦، ل ل٣٣-٣٦). کەوایە، مادام لە شۆڕشدا بیروباوەڕە سیاسییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگتر لە عەقڵ بگێڕن، ئەوا ڕەنگە مەزەندەکردنی توندوتیژی لە میانەی شۆڕشەکاندا زیاتر لە ئارادا بێت.

## دووەم: پەرەسەندنی چەمکی شۆڕش لە هزری سیاسیدا

ڕەنگە گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سیاسی هێندەی دەسەڵات خۆی و مێژووی مرۆڤایەتی کۆن بێت، بەڵام لە هزری سیاسی یۆنانی کۆندا ئەم پرسە کەم تا زۆر لای هەندێک لە فەیلەسوفە سیاسییەکان دەبینرێت. ئەگەرچی (**سۆکرات** ٤٦٩-٣٩٩ پ.ز) باسی حکومەتی ستەمکار و ئەگەری بوون یاخود نەبوونی شۆڕشی بەسەردا نەکردووە، بەڵام بە بۆچوونی ئەو شۆڕش دەبێت حکومەت بۆ باشترین و پێشەنگترین شێوەی دەسەڵات بگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانی ئەوەیە کە هەندێجار ستەمکارەکان جێی خۆیان بۆ ستەمگەرێکی تر چۆڵ دەکەن (ئەرستۆ، ٢٠١١، ل٣٧٧). ئەم ترسەی سوکرات لە شۆڕش، مانای وایە گەر شۆڕش نەبێتە هۆی هێنانە ئارای باشترین فۆرمی حکومەت، ئەوا تەنیا گواستنەوەی دەسەڵاتە لە ستەمکارێکەوە بۆ ستەمکارێکی تر.

(**ئەریستۆ** ٣٨٤- ٣٢٢پ.ز)یش لە فەلسەفەی سیاسی خۆیدا، چەمکی شۆڕشی بە شێوەیەکی وردتر و واقیعانەتر لە سوکرات ڕاڤە کردووە، چونکە لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوە مێژووییەکاندا گەیشت بەو گریمانەیەی "هۆکاری سەرەکی لە پشت شۆڕشەکانەوە بریتییە لە "**نایەکسانی**" و، خەڵکی شۆڕش لە پێناوی یەکسانیدا دەکەن. لە ڕاستیدا، بیرۆکەی یەکسانی لای ئەریستۆ لەسەر بنەمای مافە سروشتییەکان بەتەواوی نەناسراوە، بەڵکو مەبەستی یەکسانی سیاسی و ئابوری بووە (ساڵح، ٢٠١٥، ل ل١٤١-١٤٢)، چونکە بە بڕوای ئەو کۆمەڵێکی هاوڵاتیان پێگەی سیاسی بەرزیان هەیە کە لەگەڵ پێگە ئابورییەکانیاندا گونجاو نییە، یان دەسکەوتی باشی ئابوری کاریگەریان هەیە بەبێ بوونی هەمان بڕ لە دەسکەوتی سیاسی (ساڵح، ٢٠١٥، ل ل١٤٢-١٤٣). ئەمەش مانای وایە نایەکسانی لە ڕێژەی ئابوری و پێگەی سیاسی نێوان گروپەکان دێتە هۆی بەرپابوونی شۆڕش.

لە هزری مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا، کەمتر چەمی شۆڕش بەدەر دەکەوێت، (**سان ئۆگستین** ٣٥٤- ٤٤٠ز) کە یەکێک لە دیارترین فەیلەسوفانی مەسیحیی پێیوایە مرۆڤ بوونەوەرێکی یاخی و ترسناکە، بۆیە ئەو دامەزراوە سیاسیيانەی کە لە ئارادان هەرچەندە کەموکوڕتیشیان تێدا بێت، شایستەی ستایشکردنن (پۆلادی، ٢٠٠٥، ل١٠٣). هاوکات فەیلەسوفانی ڕیفۆرمی ئایینیش، دیدی زۆر جیاوازیان لەو ڕووەوە نەخستەڕوو. ئەگەرچی (**مارتن لۆتەر** ١٤٨٥-١٥٤٦) هەوڵیدا دەوڵەت لەژێر هەژموونی کڵێسە بێنێتە دەرەوە و ئایینی ملکەچی دەوڵەت کرد، بەڵام باوەڕی بە گوێڕایەڵی کوێرانەی سلبی بۆ فەرمانڕان هەبوو، تەنانەت ئەگەر لە عەقیدەشدا ناکۆک بوو، چونکە هەموو بەگژاچوونەوەیەکی دەسەڵاتی فەرمانڕان تاوانێکە بەرانبەر یەزدان؛ لەکاتێکدا (**جۆن کالڤن** ١٥٠٩-١٥٦٤)، ئەگەرچی مافی بەرەنگاربوونەوەی فەرمانڕان و شۆڕش بە هەموو خەڵکی نابەخشێت، بەڵام باوەڕی وابوو ئەو فەرمانبەرانەی پلەیان لە خوار ئاستی سەرۆکی دەوڵەتەوەیە، مافی بەرەنگاری ستەمکاری سەرۆکی دەوڵەتیان هەیە، چونکە ئەو مافەیان لە یەزدانەوە وەرگرتووە؛ پاشان ئەم بیرۆکەیە لە بواری کردەیی لەسەر دەستی شوێنکەوتوانی کاڵڤن پەرەیسەند بەرەو سەرکردە ئاساییەکانی خەڵک (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل ل٦١-٦٢، ٦٧-٦٨). لە هزری سیاسی سەردەمی ڕۆشنگەریشدا، بۆچوونێکی تاڕادەیەک نزیک لە کاڵڤن لای (**ئالتۆسیۆس** ١٥٥٧- ١٦٣٨) دەبینرێت، چونکە ئەگەرچی گەل بە سەرچاوەی دەسەڵات و ڕەوایی دەزانێت و، پێیوایە هەرکاتێک حکومەت لە ئاستی ئەرکەکانیدا نەبوو، ئەوا دەسەڵاتی لێ دەسەندرێتەوە و دەرێتەوە بە خەڵک، بەڵام ئەو مافەی بۆ تاکەکەس بە ڕەوا نەدەزانی، بەڵکو بە دەسەڵاتدارە گشتییەکانی هەرێمەکانی بەخشی، بەڵام (**گرۆسیۆس** ١٥٨٣- ١٦٤٥)، پێیوابوو هەرکاتێک دەسەڵاتی پاشا سنووری خۆی بەزاندا، مافی هاوڵاتیانە بەگژیدا بچنەوە و لێی ڕاپەڕن (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل ل١١٧-١١٨، ١٣٠-١٣١). دەکرێت ئەم تێگەیشتنەی ئالتۆسیۆس و گرۆسیۆس بۆ چەمکی شۆڕش بە پەرەسەندنێکی گرنگی ئەو چەمکە دابنرێت.

لە هزری سیاسی سەردەمی نوێشدا، چەمکی شۆڕش بە واتای جیاواز لای فەیلەسوفانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی (**تۆماس هۆبز** ١٥٨٨-١٦٦٩، **جۆن لۆک** ١٦٣٢- ١٧٠٤ و **جان جاک روسۆ** ١٧١٢- ١٧٧٨) دەبینرێت. هۆبز لە کتێبە بەناوبانگەکەی (Leviathan) کە لە ساڵی (١٦٥١)دا نووسی، فەلسەفەی سیاسی خۆی لەمەڕ دەوڵەت بەیان کرد و، دەڵێت: "ئەوانەی بەهۆی بەڵێن و پەیمانێکەوە دەوڵەتیان دامەزراندووە و کار و کردەوەکانی کەسێکیان قبوڵ کردووە، ئیدی ناتوانن بەبێ ڕێگەپێدانی ئەو یەک کەسە پەیمانێکی نوێ بدەن و پەیڕەوی لە یەکێکی دیکە بکەن"، بەڵام ئەرک و بەرپرسیاریێتی و گوێڕایەڵی هاوڵاتیان بەرانبەر فەمانڕان تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت، کە گەرەنتی ئاسایش وەک گرنگترین ئەو ئامانجەی دەوڵەتی لەسەر دامەزراوە بکات (هۆبز، ٢٠١٦، ل ل١٤٨، ١٨٧). ئەمەش مانای وایە، هۆبز تەنیا لەو کاتەی فەرمانڕان ناتوانێت ئاسایش بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، مافی شۆڕش بە هاوڵاتیان دەدات.

بەڵام بەڕای لۆک شـــۆڕش لەســـەر هەموو خراپ بەڕێوەبردنێکی بچووک لە کاروباری گشتیدا ڕوونادات، بەڵکو گەر شەمەندەفەرێکی درێژ لە خراپ بەکارهێنانی دەســەڵات، یاسـاکان و بەڕێوەبردن هەبوو، ئەوا جێگەی سـەرسـوڕمان نییە خەڵک بورووژێن و هەوڵبدەن دەسەڵات و یاسا بخەنە دەست ئەو دەستانە کە ڕەنگە ئەو ئامانجانەیان بۆ مسۆگەر بکات کە سەرەتا حکومەت لە پێناویدا دامەزراوە (Locke, 1823, p p203-204). لە کاتێکدا، ئەو مافە لای رۆســۆ زۆر ناڕوونە، بەوەی نەیتوانی ئەو ناکۆکیە لە تیۆری گرێبەســتی کۆمەڵایەتی چارەســەر بکات، کە لەلایەک داکۆکی لە تاکەکەس و مافی تاکەکەس دەکات و، لەلایەکی تریشــەوە مافی ئەوە دەداتە ئیرادەی گشــتی تا دەســەڵاتێکی ڕەها و بێســنووری بەســەر تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەی ســیاســیدا هەبێت؛ هەرچەندە وای دەبینێ گەر فەرمانڕان کەســێکی حەقیقی ئاســایی بوایە نەک قەوارەیەکی مەعنەوی دەســتەجەمعی، ئەوا بێگومان دەســەڵاتی ڕەهای خۆی خراپ بەکاردەهێنا (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل ل٢٣٣-٢٣٤). بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هزری رۆسـۆ لە زۆر جێگە و شـوێندا بە تەواوی کاری کردە سەر شۆڕشی فەرەنسی، بەجۆرێک رۆبسپێر و شۆڕشگێڕە توندڕەوەکانی ئەوکات و دواتریش رۆسۆیان وەک قودسیەتێک ڕەچاو دەکرد (غولامی، ٢٠١٠، ل٢١٩). بەراورد بە هەموو ئەو بۆچوونانەی لەو پێش باس کران، ڕەنگە ڕوانگەی (**ئیمانوئێل کانت** ١٧٢٤- ١٨٠٤) لەبارەی چەمکی شـۆڕش لە هەمووان گەشـبینانەتر بێت، چونکە پێیوایە شـــۆڕش توانســـتی ڕەگەزی مرۆڤایەتییە بۆ باشـــتر بوون، بەرەو پێشچوون، بەرجەسـتەکردنی ئازادی، دیموکراسی و دەوڵەتی یاسا و، مرۆڤ تاوانبار نییە بۆ ئەبەد لە سایەی سیستمە فەرمانڕانە گەندەڵ و بێسەر و بەرەکاندا بژی و لەناو زیندانەکاندا تەمەن بکات (ســالح، ٢٠١٢، ل ل١٢-١٣). ئەمەش مانای وایە دەشــێت شـۆڕش لە ژێر سـتەم، نادی، نەبوونی ئازادی سـیسـتم و یاسـایەکدا بمانگەیەنێتە دۆخێکی باشتر لە ئازادی، دادپەوەری، دیموکراسی و یاسا.

پاشـان گرنگیدان بە چەمکی شـۆڕش لە هزری نوێدا لە پێگەی چەپی لیبراڵیزمدا، هاوڕای گۆڕانێکی ڕادیکاڵانە هاتەوە ئاراوە (Blackburn, 1/12/2024). کە لە لقی داهاتوودا، بە وردی ڕاڤەی ئەو پرسە دەکەین.

هەرچەنـدە، چەمکی شـــۆڕش لای زۆربەی بیرمەنـدە پـارێزگـارەکان بە تایبەت (**ئیدمۆند بێرک** ١٧٢٩-١٧٩٧) تارادەیەکی زۆر ڕەتکرایەوە (ڤینســـێنت، ٢٠٠٧، ل١١٥). کە لە بەرانبەردا داکۆکی لە نایەکسـانییە کۆمەڵایەتییەکان و نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگە دەکرد (بەشیریە، ٢٠١٣، ل ل٢٠١٠-٢١١). بەڵام (**ئەلێکس دی تۆکڤیل** ١٨٠٥-١٨٥٩) "یەکسـانی کۆمەڵایەتی" بە یەکێک لە بنەما سـەرەکییەکانی شـۆڕشی دیموکراسی دادەنێت و، پێیوایە شـــۆڕشی دیموکراسی ڕوداوێکی لەناکاو و لاوەکی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییە و، پروســەیەکی حەتمییە؛ تەنانەت ویســتی یەزدانیش لەگەڵ ئەو شـــۆڕشـــە دایە (مەحفوز، ٢٠١٣، ل ل٢٢٦-٢٢٧). هاوکات، هەرچەندە بە شـێوەیەکی گشـتی لای ئەنارشیسـتە لیبرتاری و کۆمەڵایەتییەکان شـۆڕش بە واتای ڕوخاندنی توندوتیژانەی دەوڵەت دێت، بەڵام (**میکائیل باکونین** ١٨١٤- ١٨٧٦) کە دامەزرێنەری ئەنارشیستی کۆمەڵایەتییە، شۆڕشی کرێکاری وەک کردەیەکی هێدی و هێور و دوور لە تونـدوتیژی وێنـا دەکات، چونکە پێیوایە دەوڵەت، خـاوەنـداریتی تایبەت و مەزهەب، دامەزراوەی ئاکارین و بە گەشەی سروشتی بەرەو کۆتا دەڕۆن و لەناو دەچن، هەماهەنگی، هارمۆنی و ئابوری هاوبەش لەناو کۆمەڵگەدا دروســت دەبێت (حەمەد، ٢٠٢٣، ل ل٨٦-٨٧).

لە کۆتایی ئەم لقەدا ڕەنگە بکرێت بڵێین: چەمکی شـــۆڕش جیایە لە چەمکەکانی چاکسازی، کودەتا، یاخیبوون و تەنانەت توندوتیژیش، هەرچەندە زۆربەی شۆڕشەکان ئامرازەکانی توندوتیژی بەکاردەهێنن، بەڵام لە جەوهەریدا بۆ ئەوەیە ستەم، توندوتیژی و نایەکسانی نەهێڵێن و، گۆڕانێکی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا بە تەواوی بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابورییەکانیەوە بێنە ئاراوە.

## لقی دووەم
## تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکاندا

ئەگەر سەدەی نۆزدە، سەدەی تەوژمی ناسیۆنالیستی بووبێت لە ئەوروپادا، ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت گەلانی ئەوروپا پرســەکانی فەرمانڕانیان فەرامۆش کردووە یان چاوپۆشــیـان لە گۆڕانکاری و چاکســازی کردبێت، بەڵکو مانای ئەوەبوو پرســەکانی ناوخۆیی و یەکێتی نیشــتیمانی گرنگی زیاتریان پێدراوە، بۆ ئەوەی هەر نەتەوەیەک لە سنووری جوگرافی خۆیدا چارەسەری کێشە تایبەتییەکانی خۆی بکات، بەڵام کاتێک شـۆڕشی پیشـەسـازی جیاوازییەکی گەورەی لە داهاتی نێوان تاکەکاندا دروسـتکرد و چینێکی دەوڵەمەندی بە ژمارە کەم و چینێکی هەژار و نەداری بەرفراوانی لە هەردوو توێژی کرێکاران و جوتیاران دروســتکرد، ئیدی ڕێبازی لیبڕالیزم کە زادەی هزری تاکگەرایی، ئازادی، مافی تاکەس و خاوەنداریتی تایبەتە، کەوتە بەر ڕەخنە. ئیدی لێرەوە چینی کرێکار کەوتە خۆی بۆ ئەوەی وەک چینی ناوەڕاست پشکیان هەبێت و لە مـافەکانیـان بێبەش نەکرێن؛ ئەو ئـاراســـتەیەیەش کە داوای گۆڕانکاری لە بەرژەوەندی ئەوانەی کە زۆرینەی کۆمەڵگەن و موڵکدار نین دەکرد، بە سـۆسـیالیزم ناوی دەرکرد (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل ل٣١٤-٣١٧). سـۆسـیالیسـتە یەکەمینەکان هەمیشـە هەوڵیان بۆ بەدیلێکی ڕادیکاڵ لە بەرانبەر سـەرمایەداری پیشـەسـازیدا دەدا، بۆ نموونە: (**چارڵز فۆریە** ١٧٧٢ - ١٨٣٧) لە فەرەنسـا و (**ڕۆبەرت ئۆین** ١٧٧١ - ١٨٥٨) لە بەریتـانیـا داوای دامەزرانـدنی کۆمەڵگەی ئەزموونییـان لەســەر بنەمـای هاوبەشی و هاوکاری دەکرد (هیود، ٢٠١٢، ص ص١٢٦-١٢٧). لە ڕاســتیدا، ئەگەرچی ئەوەی سـۆسـیالیسـتە یەکەمینەکان داوایان دەکرد کۆمەڵێک بیروباوەڕ و تێڕوانینی خەیاڵی بوون و، زۆربەی پێشـبینیەکانی ئەوان لەسـەر ئاسـتی جەماوەری بە پەرتەوازەیی مانەوە، بۆیە لە دوای خۆیانەوە هەموویان بە سـۆسـیالیزمی یۆتۆپیایی یان سـۆسـیالیزمی خەیاڵی دەناسرێن، بەڵام لەگەڵ هزرەکانیان بوونە هۆی برەوسـەندنی ڕەوتی سۆسیالیستی (فەرەج، ٢٠١٢، ل٢١). بۆ نموونە: فۆریە جەختی لەوە کردەوە گواســتنەوە بۆ قۆناغێکی نوێ لە ڕێگەی ســیاســەتەوە نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی گۆڕانکارییەکانی کایەی ناوخۆیی و پیشــەســازییەوە دەبێـت (Jones and Patterson, 1996, p p26-27). هەروەها ئۆین برِیاریدا بە کردەوە کۆمەنیزم بخاتە

بواری جێبەجێکردنەوە، بۆ ئەمەش چەند گوندێکی لە کانەکاندا دروست کرد، کە تێیاندا کار، وەبەرهێنان و دابەشکردنی زەوی بە گوێرەی پرەنسیپە کۆمەنیستییەکان ڕێکخرا، هەرچەندە لەو کارەیدا سەرکەوتوو نەبوو و، ناچاربوو شێوازی ئاسایی سیستمی ئابوری قبوڵ بکات (مۆسکا و بۆتۆ، ٢٠١٢، ل٢٤٥). هەرچەندە ئۆین هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هەرەوەزی دەدا (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل٣٢٦). لەو نێوەندەدا یەکێک لەو سۆسیالیستانەی کە وەک یەکەم کەس بیرۆکەی شۆڕشی تەبەنی کرد، سۆسیالیستی فەرەنسی- (**ئۆگست بلانکی** ١٨٠٥- ١٨٨١ ) بوو، کە پێشنیاری پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی بچووکی پیلانگێڕە دڵسۆزەکانی بە مەبەستی جێبەجێکردنی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی شۆڕشەوە کرد؛ لە لایەکی دیکەوە (**کارل مارکس** ١٨١٨- ١٨٨٣) و (**فریدریک ئەنگلس** ١٨٢٠ - ١٨٩٥) پێشبینی شۆڕشێکی پرۆلیتارییای هۆشیاریان بۆ ڕووخاندنی سەرمایەداری کرد (هیود، ٢٠١٢، ص١٣٩). ئەو سۆسیالیزمەی مارکس بانگەشەی بۆ دەکرد، بە شێوەیەکی جەماوەری بە "**سۆسیالیزمی زانستی**" یان "**سۆسیالیزمی پرۆلیتاری**" ناسراوە. مارکس تیۆرییەکەی بە زانستی ناوبردووە، چونکە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕابردوو دامەزراوە، بەوەی بە ڕای مارکس جیهان بە تاک و کۆمەڵگەکانەوە دینامیکە و مێژووەکەی پرۆسەیەکی وردە وردەی پەرەسەندنی لەخۆدەگرێت، کە بە شێوەیەکی دیالکتیکی بەرەوپێش دەچێت. لە ڕاستیدا، هیگڵ لەسەر ئەم بنەمایە فۆرموولەی دیالکتیکی تێز، دژە تێز و سەنتێزی بەرهەمهێنا؛ لەم پرۆسەی دیالکتیکییە لایەنە نەرێنییەکانی تێز و دژە تێزەکە لەناو دەچن، کە هیگڵ بە "**نکۆڵیکردنی نەرێنی**" ناوی بردووە، بەڵام مارکس وەشانی تەواوی دیالێکتیکی هیگڵی وەرنەگرت، بەڵکو گۆڕی بۆ دیالێکتیکی تێڕوانینەکان لەسەر پێشکەوتنی مێژوویی، واتە مارکس دیالێکتیکی وەک ئامرازێک بۆ ڕوونکردنەوەی گەشەسەندنی مێژوویی بەکارهێنا، بۆیە لەبری ئەوەی هێرش بکاتە سەر دەرئەنجامە خراپەکانی سەرمایەداری، هێرشی کردە سەر خودی سیستەمی سەرمایەداری (Kumar and Others, No published year, pp3-4). لێرەوە سۆسیالیزمی زانستی لەسەر دەستی مارکس و ئەنگلس دامەزرا، بۆ ئەمەش هەوڵدەدەین تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی ئەو دوو بیرمەندەوە لێکبدەینەوە.

مارکس لە ڕێگەی دوو شیمانەوە تیۆرەکەی بۆ شۆڕش ڕوون دەکاتەوە، ئەوانیش: "شۆڕشی پرۆلیتاریا و هەرەسهێنانی سیستمی سەرمایەداری، پاسایەکی مێژوویی حەتمییە" و "سۆسیالیزم قۆناغێکە لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن پرۆلیتاریاوە دێتەدی" لە تیۆری مارکسدا شۆڕش وەک ئامرازێک پەیوەستە بە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و، شۆڕشی سۆسیالیستیش ئامانجی ڕزگاربوونی مرۆڤە لە ئیسغلالی مرۆڤ (خالد و قماط، ٢٠١٧-٢٠١٨، ص٤٦). تیۆری شۆڕشی مارکسی بەشێکی دانەبڕاوە لە عەقیدەی ماتریالیزمی دیالکتیکی ئەو، لە مۆدێلی دیالێکتیکی، پەرەپێدانی تێز و دژە تێز وردە وردە ڕوودەدات، بەڵام وەکو دەرئەنجامی ململانێی نێوان ئەو دووانە، سەنتێز لە جەڵتەی کتوپڕدا دەردەکەوێت، چونکە بە ڕای مارکس هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی شۆڕشێکە، ناوبراو شۆڕش بە مامانێکی پێویستی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دادەنێت (Kumar and Others, No published year, p14). مارکس لە پەرەسەندنی وەشانی ماتریالیزمی مێژووییەوە ئاماژە بەو کۆمەڵگەیە دەکات کە لە چارەسەرکردنی دژایەتییەکانی سەرمایەدارییەوە وەک کۆمۆنیزم سەرهەڵدەدات (No author, 2011, p32) ، چونکە بە بۆچوونی مارکس لەگەڵ سەرهەڵدان و هاتنە ئارای سیستمی سەرمایەداریدا، گەشەکردنی ماتریالیزمیانەی مێژوو لاپەڕەی سیستمی فیوداڵی دەپێچێتەوە و قۆناغێکی تازە دەست پێدەکات کە پەیوەندی بەرهەمهێنانی نوێ دێنێتە ئارا، بەڵام ئەم پرەسەندن و برەوپێشچوونانە لەم ئاستەدا ناوەستێت، بەڵکو بەپێی چەمکی ماتریالیزمی مێژوویی، پەرەسەندنی مێژوویی سووڕی خۆی لەناو سیستمی سەرمایەداری نوێدا تەواو دەکات، چونکە سەرمایەداری لە هەناوی خۆیدا هۆکارەکانی لەناوچوونی هەڵدەگرێت (مەحفوز، ٢٠١٣، ل٣٤٣). بە ڕای مارکس سیستمی سەرمایەداری چەندە بە ئاراستەی بەهێزبوونی بۆرژوازی پەرەبسێنێت، ماڵ و سامان لەدەستی چەند کەسێکی دیاریکراودا کەڵەکە بێت، لە بەرانبەردا ئەوەندە هێزی چینی کرێکار زیاد دەکات و یەکێتی نێوان ئەندامانی پتەوتر دەبێت و هۆشیاری چینایەتییان زیاد دەکات. ئەم هۆشیارییەش پاڵیان پێوە دەنێت تا لە پێناو بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان خۆیان ڕێکبخەن؛ لێرەوە کێشە و ململانێ لە نێوان ئەمان و چینی بۆرژوازدا پەرەدەستێنێ، تاوەکو شۆڕشی کرێکاری بەرپادەبێت و سیستمی سەرمایەداری هەرەس پێدێنێ (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل٣٤٩). مارکس لە بەرگی دووەمی کتێبی (**سەرمایە**)دا باس لەوە دەکات، زێدەبایی یان زێدەبەرهەم بۆ سەرمایە و داهات، بوار بۆ ئەوە دەرەخسێنێت پێویستییەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە ببنە هۆی زیادبوونی هێزی کار یان زیادبوونی ژمارەی کرێکار و خواست بۆ کرێکاری، کە سنووری خستنەڕوو بەزێنێت، لە حاڵەتی نەگۆڕانی ئەو گریمانەیەش هەر ساڵە ژمارەی کرێکارانی خاوەنکار لە ساڵی پێشوو زیاتر دەبێت (مارکس، ٢٠١٥، ل٣٢٦). بە جۆرێک زێدەبایی و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە دەستی کەسانێکی کەمی کۆمەڵگەدا، زۆربەی زۆری خەڵکی والێدەکات تا ببنە کرێکار و لە ڕێی فرۆشتنی هێزی کاری خۆیانەوە بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەتایبەت دوای ئەوەی چینی ناوەڕاست ڕادەماڵێت و بەرهەمهێن و بازرگانە بچوکەکان لەناو دەبات و هێندی هێندی دەیانکاتە کرێکار. لێرەوە کێشەی بێکاری زیاتر و زۆرتر دەبێت و بازاڕی کار ژمارەیەکی زۆر لە بێکاران بەخۆیەوە دەبینێت، ئەو کرێکارە بێکارانەش مارکس بە لەشکری یەدەکی پیشەسازی ناویان دەبات؛ ئەم لەشکرە یەدەکەش دەبێتە چەکێک بە دەست سەرمایەدارانەوە بۆ سەپاندنی کرێ و هەقدەستی زۆر کەم کە بەشی پێداویستییەکانی ژیان ناکات، هەر هەوڵێکیش لەلایەن کرێکارانەوە بە مەبەستی زیادکردنی کرێکانیان بدرێت، سەرمایەداران بە دەرکردنیان لە کارەکانیان و دانانی ئەو کرێکارانەی سەر بە لەشکری پیشەسازی یەدەکی لە جێگەیان وەڵامیان دەدەنەوە؛ ئەو کرێکارە تازانەش ڕازی دەبن بە جێگرتنەوەی کرێکارە کۆنەکان و هەقدەستێکی کەمتر لەبەرئەوەی لە مردن قوتاریان دەکات، بەڵام ئەگەرچی ئەو چەوساندنەوە بەردەوامەی چینی کرێکاران، دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە، ئەوا وا دەکات کرێکاران بە واقیعی ناهەمواری ژیانی خۆیان هۆشیاربن (مەحفوز، ٢٠١٣، ل٣٤٤).

ئەم هۆشیارییەش دەبێتە هاندەری ئەوەی خۆیان لە سەندیکا شۆڕشگێڕییەکاندا ڕێکبخەن کە دەسکەوتی زۆریان بۆ بەرجەستە دەکات؛ هەر ئەم ڕێکخراوە کرێکارییە بە ئەزموون فێر دەبێت، چۆن خۆی ساز و تەیار بکات بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێک کە سیستمی سەرمایەداری و چینی بۆرژوازی ڕامالێت و لەسەر داروپەروشیان "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دابمەزرێنێت (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل٣٥١)، چونکە بە ڕای مارکس، شێوازی بەرهەمهێنانی ماددی، سەرچاوەیە بۆ پرۆسەی کۆمەڵی، سیاسی و بژێوی ژیان بەگشتی، واتە بە گۆڕینی ژێرخانی ئابووری، سەرلەبەری سەرخان دێتە گۆڕین، ئیدی خێرا بێت یان لەسەرخۆ (لیدمان، ٢٠٠٩، ل٢٢١). کەواتە، ئەوەی تا ئێرە باس کرا، بە تێپەڕبوونی کات پەرەسەندنی سیستمی سەرمایەداری لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە بنەڕەتییەکەی دەبێتە هۆی هۆشیاری کرێکاران بە هەلومەرجی ژیانیان، کە بەرپاکردنی شۆڕشی پرۆلیتاریا بەسەر سیستمی سەرمایەداری و، روخانی سەرخانەکەی بە تاکە چارەسەر بزانن.

لە ڕوانگەی مارکسەوە پرۆلیتاریا تاکە ئامرازە بۆ نەهێشتنی سەرمایەداری و گەیشتن بە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، سۆسیالیزم وەک حکومەتێکی کاتی قۆناغی ڕاگوزەر کە بە ڕابەرایەتی پرۆلیتاریا بە لابردنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە شۆڕشێکدا، دەسەڵاتی چینایەتی خۆی سەقامگیر دەکات؛ مارکس ئەم حکومەتە بە "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" ناو دەبات، مەبەستی مارکسیش لە دیکتاتۆری ئەوەیە کە حکومەت لە قۆناغی کاتیدا بە هەموو شێوەیەک لە دەستی پرۆلیتاریادایە، ئەگینا مارکس هەموو جۆرە حکومەتێکی چینایەتی بە جۆرێک لە حکومەتی دیکتاتۆری دادەنێت، بۆ نموونە: دیموکراسیش بە حکومەتێکی دیکتاتۆری بۆرژوازی دەزانێت (پۆلادی، ٢٠٠٥، ل٢١٤). مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا ئامانجی دیموکراسی شۆڕشی پرۆلیتاریای ڕاگەیاند، کە تێیدا هەنگاوی یەکەم بەرزکردنەوەی پرۆلیتاریایە بۆ پێگەی چینی دەسەڵاتدار؛ هەنگاوی دووەم قۆناغی گواستنەوەیە بۆ کۆمۆنیزم، قۆناغێک کە تێیدا دەوڵەت لەلایەن پرۆلیتاریا زاڵ دەبێت، پرۆلیتاریا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، پیشەسازییەکان، زەوی، بازرگانی، پەیوەندییەکان، گواستنەوە و گەیاندن دا، دەوڵەتی پرۆلیتاریا سیستمێکە کارکردن بە منداڵان لە کارگەکاندا ناهێڵێت و، بێبەرانبەر پەروەردە بۆ هەموو منداڵان لە قوتابخانە حکومییەکان دابین دەکات، بۆیە مارکس پێیوابوو کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دیموکراسیتر و لیبراڵترە لە دیموکراسی بۆرژوازی؛ دوا هەنگاویش دامەزراندنی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستییە، کۆمەڵگەیەک کە تێیدا هەمووان کار دەکەن، بۆیە هێزی بەرهەمدار لەبری بارگرانی دەبێتە چێژ، کۆمەڵگەی کۆمەنیستیش لەسەر بنەمای "هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی و، بۆ هەریەکەیان بەپێی پێویستی خۆی" دەبێت (Kumar and Others, No published year, pp14-15). هاوکات مارکس پێیوابوو بەو پێیەی دەسەڵاتی سەرمایەداری بۆتە فۆرمێکی جیهانی، ئەوا پێویستە بزوتنەوەی کرێکارانیش خۆیان لە چوارچێوەی فۆرمێکی نێودەوڵەتیدا ڕێکبخەن، تا بتوانێت بەرەنگاری سەرمایەداری بێتەوە، ئەو فۆرمەش بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کرێکاران ناو دەبات؛ بۆیە کە مارکس باوەڕی بە توندوتیژی هەبوو، لەبەر ئەوە بوو دەیزانی سەرمایەداری وا بە ئاسانی لە بەردەم هەڕەشەکانی ئەو ڕێکخراوە کرێکارییە نێودەوڵەتییە چۆک دانادات و هەرچی ئامرازە لە دژی چینی کرێکار بەکاری دێنێت، هاوکات گرنگترین چەکێک لەبەردەست سەرمایەداریدا بێت چەکی نەتەوایەتییە، بۆ ئەوەی ڕێگە لە یەکگرتنی کرێکارانی جیهان بگرێت (مەحفوز، ٢٠١٣، ل٣٤٦). بۆیە مارکس لە هێرشکردنیدا بۆ سەر سیستمی سەرمایەداری، بە تەنها پشتی بە چەکی هرز نەبەست، بەڵکو چەکی کردەیشی بەکارهێنا، ئەویش کاتێک یەکەمین ڕکخراوی کرێکاری نێودەوڵەتی دروستکرد کە کاری لە پێناو سەرخستنی ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل٣٥٣). مارکس نەیاری دەوڵەت بوو، چونکە ئەو چاوی لە زەمەنێک بڕی بوو کە دەوڵەت بکەوێت و لەناو بچێت، ڕەنگە ڕەخنەگرانی ئەو وەک پووچی و یۆتۆپیگەرایی لەم ئومێدەی بڕوانن، بەڵام ناتوانن ئەو تۆمەتبار بکەن بە لایەنگریکردن لە حکومەتە ستەمکارەکان؛ لە ڕاستیدا ئەوەی مارکس ئومێدی بە لەناوچوونی هەبوو دەوڵەت نەبوو بە مانای سەنتەری بەڕێوەبردنی کاروبارەکان (ئیگڵتۆن، ٢٠١٥، ل ل٣٢٧-٣٢٨)، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەنارشیستەکانی سەردەمی خۆی، مارکس سوور بوو لەسەر ئەوەی دەوڵەت تەنها بە مانای "**خەسڵەتی سیاسی**" ڕەش دەبێتەوە؛ واتە ئەوەی دەبێ لەناو بچێت جۆرێکی تایبەتی دەسەڵات بوو، دەسەڵاتێک کە بونیادێکی حوکمڕانی چینێکی کۆمەڵایەتی باڵادەست بوو بەسەر کۆی کۆمەڵگەدا، دەوڵەتەکان نایانەوێت شۆڕشەکان دژ بە سیستمی خاوەندارێتی تایبەت سەرهەڵبدەن؛ ئەوان بەگشتی، بەم هۆیەوە بوونیان هەیە کە سیستمی کۆمەڵایەتی باڵادەست بپارێزن لە بەرانبەر ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئەو سیستمە بگۆڕن؛ گەر ئەم سیستمە بەهۆی جەوهەرەکەیەوە نادادپەروەرانەیە، ئەوا لەم ڕووەوە دەوڵەتیش نادادپەروەرانەیە (ئیگڵتۆن، ٢٠١٥، ل ل٣٢٨-٣٢٩). ڕەنگە مافپێدانی مارکس بە شۆڕش و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی توندووتیژی مەرجی سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بێت بەسەر چەوساندنەوە و توندوتیژی سەرمایەداریدا، بەوەی دەوڵەت نوێنەری چینی بۆرژوازە و خاوەنی هەموو ئامرازەکانی هێز و توندوتیژییە.

(**فریدریش ئەنگڵس** ١٨٢٠- ١٨٩٥)یش بە شێوەیەکی تایبەت و سەرنجڕاکێش ئەو بیرۆکە بنەڕەتییەی کە بە هەموو بەرهەمەکانی مارکسدا دەڕوات، درکی پێکرد، ئەویش ئەوەیە کە کۆماری دیموکراسی نزیکترین نزیکبوونەوەیە لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، کە تێیدا چەوساندنەوەی جەماوەر و خەباتی چینایەتی، بە ناچاری دەبێتە هۆی درێژبوونەوە، پەرەسەندن و چڕبوونەوەی ئەم خەباتە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی جەماوەری ستەملێکراو، ئەم ئەگەرەش بە ناچاری و تەنیا لە ڕێگەی سەرکردایەتیکردنی ئەو جەماوەرە لەلایەن پرۆلیتاریاوە بەدی دێت (Lenin, 1918, p49). واتە سەروەختێک پرۆلیتاریا دەست بە شۆڕش دەکات و دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتە دەست، ئەوا تەواوی موڵک و سامان دەکاتە موڵکی دەوڵەت و، دیخاتە خزمەتی هەموانەوە، چونکە لە ڕاستیدا بزاوتی کرێکاران نوێنەرایەتی زۆرینەی کۆمەڵگە دەکات. بەم پێیەش لەگەڵ تەواوی بزاوت و سیستمەکانی پێشووتردا جیاواز دەبێت کە تەنها نوێنەرایەتی کەمینەیان دەکرد و بۆ بەرژەوەندی ئەو کەمینەیەش فەرمانڕانیان دەکرد (مەحفوز، ٢٠١٣، ل ٣٤٥). هەروەها ئەنگڵسیش وەک مارکس

پێیوابوو کە پەیڕەوی لە دەسەڵاتی پرۆلیتاریا وا دەکات، دەوڵەت لەگەڵ لەناوچوونی هەموو چینەکاندا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نەمێنێت، چونکە بە ڕای ئەوان لە کۆمەڵگایەکدا کە چین و توێژی تێدا نەبێت، ناتوانرێت دەوڵەت وەک خەسڵەتێکی سیاسی بوونی هەبێت (Kumar and Others, No published year, p14).

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەو خاڵە بکەین، هەندێک ڕایان وایە، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لەوەی مارکس بیری لێکردۆتەوە: چینی ناوەڕاست گەورە بووە و بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵی لەخۆگرتووە، شۆڕشی پرۆلیتاریا زیاتر دواکەوتووە، سیستمی سەرمایەداری دینامیکییەت و توانای مانەوەی خۆی نیشانداوە، بەڵام ناتوانرێت بە کۆتایی کامڵبوونی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆیی دابنرێت، مەگەر ئەوەی مرۆڤ لەوە بە بێتواناتر بتوانێت بە دروستی ژیانی خۆی ڕێکبخات (پۆلادی، ٢٠٠٥، ل٢١٧). کەواتە، دەکرێت ئەم ڕایە وا لێکبدەینەوە، کە تیۆری یاسامەندی مێژوویی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی مارکس بە جۆرێک بوونیادنراوە، کە سیستمی سەرمایەداری هەرچییەک بکات و هەر ڕێگەیەک بگرێتە بەر بۆ مانەوەی خۆی، تەنیا دەتوانێت لە ڕووی کاتەوە تەمەنی خۆیی درێژ بکاتەوە.

## داخوازی دووەم
## کۆمۆنەی پاریس و خوێندنەوەی مارکس لەهەمبەر ئەنجامەکانیدا

دوای ئەوەی لە داخوازی یەکەمدا، ڕاڤەی چەمکی شۆڕش و پەرەسەندمان لە هزری سیاسیدا کرد و، ڕوانگەی بیرمەندانی سۆسیالیزمان لە هەمبەر تیۆری شۆڕشی لە سەدەی نۆزدەدا نیشاندا، هەوڵدەدین لێکۆلینەوە لە شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس وەک یەکەمین نموونەی شۆڕشی سۆسیالیزمی بکەین.

### لقی یەکەم
### پاڵنەرە هزری و واقیعییەکانی سەرهەڵدانی کۆمۆنەی پاریس و دەسکەوتەکانی

لەم لقەدا، هەوڵدەدین ئەو پاڵنەرانە یان هۆکارانە بدۆزینەوە کە کاریگەرییان لەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمەنەی پاریس هەبوو، هاوکات مەبەستمانە بزانین ئەنجامەکانی کۆمۆنە چی بوون؟ یان کۆمۆنە بووە هۆی هاتنە ئارای چ جۆرە کۆمەڵگەیەک و چ جۆرە فۆرمێکی فەرمانڕانی؟

سەبارەت بە کاریگەری پەڵنەرە هزرییەکان لەسەر گەشەی زەمینەی هزری سۆسیالیزمی و سەرهەڵدانی شۆڕشە کرێکارییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم لە فەرەنسادا، بە تایبەت کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی (١٨٧١)دا، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت هزری یەکەمین دارێژەرانی تیۆری سۆسیالیزمی خەیاڵی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە وەک (**سان سیمۆن ١٧٦٠-١٨٢٥**)، **فۆرێی** و **ئۆین** کاریگەرییەکی لە دوای خۆیان جێهێشت (فەرەج، ٢٠١٢، ل٢١). بۆ نموونە: ئامانجی دووری سان سیمۆن ئەوە بوو کرێکاران ئازاد بکات، چونکە پێیوابوو کرێکاران لە کۆمەڵگەی نوێدا بوونەتە کۆیلە؛ هاوکات داواکاری لە دەوڵەت ئەوە بوو کە ئەرکی بەرهەمهێنان و دابەشکردن بگرێتە ئەستۆ و بواری کاریش بۆ هەمووان بڕەخسێنێت، ئەمەش وایکرد کاریگەری ڕێبازەکەی لەسەر سیاسەتمەداران و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە فەرەنسا بە ئاشکرا دیار بێ (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل٣٢٤). ئەمە وێڕای ئەوەی کرێکارانی پاریس ئیلهامیان لەو بۆچوونە هزریانە کە لە سیاسەتی مارکسیستی و ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانی ڕێکخراوی کرێکاری نێودەوڵەتی کە مارکس دایمەزراندبوو وەرگرت، بەوەی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئەوکاتەی فەرەنسا، یەکبگرن و خواستی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی لەو شارەدا لای پاریسییەکان دروست بێت (زادە، ١٣٩٧/١٠/٩).

لە لایەکی ترەوە لە دەرەوەی یۆتۆپیاوە، ڕاستییەکی ئاشکرا بە درێژایی چەندین ساڵ خۆی ئەخستە ڕوو، ئەویش هەلومەرجی کار بوو کە بەهۆی گەشەسەندنی شۆڕشی پیشەسازییەوە تا دەهات بەرەو خراپی، نەهامەتی و زیاتر چەوساندنەوەی کرێکاران دەرۆیشت؛ کە کاریگەری هەبوو لەسەر هزری سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی کرێکاران لە فەرەنسا، لەوانە شۆڕشی کرێکارانی ڕستن و چنین لە لیۆن لە ساڵی (١٨٣١)، شۆڕشی (١٨٤٨) و دواجار کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی (١٨٧١). هەموو ئەمانە چەپی کۆماریخوازی هاندا، هەوڵی خۆ ڕێکخستن بدات بۆ دۆزینەوەی تێڕوانینێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە بزوتنەوەی کرێکاری لە هەناویدا لەدایکبوو (فەرەج، ٢٠١٢، ل ل٢١-٢٢). ئەگەر بیرمان بێتەوە، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە مارکس لە تیۆرەکەی لە بارەی حەتمیەتی شۆڕشی پرۆلیتاریا بانگەشەی بۆ دەکرد، تا سەرمایەداری گەشە بکات، لەبەرانبەردا دۆخی ژیانی کرێکاران خراپتر دەبێت، ئەم دۆخە ناهەموارەش تاکە هۆکاری ئەوەیە کرێکاران بە پێگەی چینایەتی خۆیان هۆشیار بن و هەوڵی یەکگرتن بدەن.

لە ڕووی واقیعیشەوە، یەکێک لە هۆکارە پاڵنەرەکانی بەرپابوونی شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس، خۆدی شۆڕشی (١٧٨٩) و شۆڕشەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بوون لە فەرەنسادا، کە وایانکرد گۆڕانی حکومەت لە کۆمارییەوە بۆ پاشایەتی و بە پێچەوانەوە چەندین جار ڕوویدا (زادە، ١٣٩٧/١٠/٩). لە لایەکی ترەوە لە سایەی گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی فەرەنسا لە دوای شۆڕشی (١٧٨٩)وە، بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ پێگەی پاریس بە جۆرێک بووە کە هیچ شۆڕشێک لەوێدا نەیدەتوانی بەبێ ئەوەی کاراکتەری پرۆلیتاری وەربگرێت، سەرهەڵبدات، کە سەرکەوتنی بە خوێنی خۆی کڕیبوو و، داواکارییەکانی خۆی لەدوای سەرکەوتن پێشدەخست، هەرچەندە ئەم داواکاریانە کەم تا زۆر ناڕوون و سەرلێشێواو بوون، بەڵام لە دوا ڕێگەدا هەموویان گەیشتنە بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی دژایەتی چینایەتی نێوان سەرمایەدار و کرێکاران؛ ئیدی لێرەوە هەرچەندە داواکارییەکە، هێشتا لە فۆرمولەکردنیدا نادیار بوو، بەڵام مەترسییەکی لەسەر نەزمی هەبووی کۆمەڵگە لەخۆگرتبوو؛ بەو پێیەی ئەو کرێکارانەی دەیانخستنە پێشەوە چەکدار بوون؛ بۆیە چەکداماڵینی کرێکاران یەکەم فەرمان بوو کە بۆرژوازییەکانی سەرکردایەتی دەوڵەت دەریان کرد (Marks, 1871, p2) ئەمەش وایکرد هەر شۆڕشێک، بە شکستی کرێکاران کۆتایی دەهات وەک ئەوەی لە ساڵی (١٨٤٨) ڕوویدا، کاتێک بۆرژوازی لیبراڵی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی ئاهەنگیان بۆ دەستەبەرکردنی چاکسازی سازکرد، کە ئامانج لێی تەنیا دەستەبەرکردنی باڵادەستی پارتەکەیان بوو؛ لەلایەکی ترەوە کۆماریخوازە بۆرژوازییەکانی ژێر دەسەڵات،

هەستان بە تێوەگلاندنی کرێکاران بە ناوی یاخیبوونی حوزەیرانی (١٨٤٨)، بە مەبەستی چەکداماڵینیان و دەرکردنی بێکاران بۆ پارێزگایەکی دوورە دەست، بۆیە دوای پێنج ڕۆژ خەباتی قارەمانانە، کرێکاران شکستیان هێنا، کە ڕووبارێک لە خوێنی زیندانییە بێ بەرگرییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، توندوتیژییەک کە یەکەم وێنەی دڕندەیەکی شێتانەی تۆڵەسەندنەوەی بۆرژوازی بەرانبەر داواکارییەکانی چینی پرۆلیتاریای نیشاندا (Marks, 1871, p2). یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئەوەبوو، تا ئەو کاتە بەشێکی زۆر لە بۆرژوازەکان مەیلیان بۆ پاشایەتی هەبوو، کە دابەش بوو بوون بەسەر سێ پارتی خانەدانی و پارتێکی کۆماریدا؛ هاوکات گەشەسەندنێکی زۆری پیشەسازی و زاڵبوونی بەشێکی بچووک لە بۆرژوازی گەورە، پەرەیسەندنی گەندەڵی و تاڵانی بەکۆمەڵی ئەوانەی دەرباری ئیمپراتۆریەتی بوون چەند هۆکارێکی تری شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس بوون (Marks, 1871, p3).

وێڕای هەموو ئەوانە، ئەوەی لە هەمووان زیاتر زەمینە و هەلومەرجی مێژوویی شۆڕشی کۆمۆنەی پاریسی ڕەخساند، هەڵگیرسانی جەنگی دەرەکی بوو، چونکە دوای شکستی شۆڕشی کرێکاران لە ساڵی (١٨٤٨)، بەهۆی کودەتای سەربازی (١٨٥١) ئیمپراتۆر (**ناپلیۆن پۆناپارتی سێیەم ١٨٠٨-١٨٧٣**) هاتە سەر دەسەڵات، کە هەرچەندە لە سەرەتادا زۆر بەهێز و پتەو دەرکەوت و، ڕێکخراوە کرێکارییەکانی یاساغ کرد، بەڵام هەڵاوسانی ئابووری و زیندووبوونەوەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی نۆزدەدا، ڕژێمی فەرەنسی بە شێوەیەکی جددی لاواز کرد؛ بە جۆرێک ڕوون بوو تەنیا جەنگێکی نوێ و سەرکەوتنێکی خێرا ڕێگەی پێدەدات بۆ کاتێکی درێژتر لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، بۆیە جەنگ لە دژی ئەڵمانیا لە ئابی (١٨٧٠)دا هەڵگیرساندا (بێ ناوی نووسەر، نیسانی ٢٠٢٣)، بەڵام دۆڕان و دەستگیرکردنی ئیمپراتۆر لەگەڵ ١٠٠ هەزار سەرباز لە ٢ی ئەیلولی هەمان ساڵ لەلایەن سوپای بیسمارکەوە، بووە هۆی پشێوی ناوخۆی و خۆپیشاندانی جەماوەری لە شەقامەکانی پایتەختدا کە داوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەت و ڕاگەیاندنی کۆماری نوێی دیموکراسییان دەکرد (بێ ناوی نووسەر، نیسانی ٢٠٢٣)، ئیدی خۆپیشاندەران توانیان لە ماوەی دوو ڕۆژدا حکومەتێکی کۆماری لە پاریس دابمەزرێنن، بەم شێوەیە کۆماری سێیەمی فەرەنسا دامەزرا، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا، حکومەتی دەسەڵاتدار، نە لە ناوخۆی وڵات و نە لە دژی دوژمنی دەرەکی، داواکارییەکانی خەڵکی شارەکەی جێبەجێ نەکرد، کرێکارانی پاریس نیگەران بوون، لەوەی حکومەتی نوێ وڵات بۆ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی ئامادە دەکات، ئەمەش بووە هۆی ناکۆکی بەردەوام لە نێوان کرێکارە شۆڕشگێڕەکان و حکومەتی دەسەڵاتداردا؛ کاتێکیش کە سوپای بروسیا گەیشتە دەروازەکانی پاریس و گەمارۆی شارەکەی دا، زۆرێک لەو کرێکارانە سوپایەکی خۆبەخشیان بەناوی سەربازی پاسەوانی نیشتمانی بۆ پاراستنی شارەکە و دانیشتووانەکەی پێکهێنا (زادە، ١٣٩٧/١٠/٩).

پاشان کۆمەڵەی نیشتمانی هەڵبژێردرا بە مەبەستی ئەنجامدانی دانوستانی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیادا، حکومەتی (**تیێری کۆنزێرڤاتیڤ**)، کە لە شاری فرسای دامەزرابوو، کەوتە ژێردەستی پاسەوانانی نیشتمانییەوە، کاتێکیش تیێر دەستگیرکرا و پەشیمانبووەوە لە بڕیاری حکومەتەکەی، بروسییەکان توانییان بەشێکی پاریس بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم داگیر بکەن، ئیدی لێرەوە کرێکارە شۆڕشگێڕەکان و دانیشتوانی پاریس لە ١٨ی ئازاری (١٨٧١) دامەزراندنی کۆمۆنەیان ڕاگەیاند (کۆنارا، ٢٠١٦، ل ٧٧). ئەوەی تا ئێرە باس کرا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە کۆمۆنەی پاریس ئەنجامی جوڵانەوەیەکی کرێکاری درێژخایەنە دژ بە دەسەڵاتی پاڵپشتی سیستمی سەرمایەداری، کە هەم پاڵنەری فکری سۆسیالیستی وەک پەرچەکرداری شۆڕشی پیشەسازی و واقیعی سیستمی سەرمایەداری چەوسێنەری هێزی کاری کرێکاران، هەم ئەو ستەم، گەندەڵی، جەنگ و پشێوییەی فەرەنسای بە گشتی و پاریسی-بەتایبەتی گرتبووە بوونە پاشخانی ڕوودانی شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس، چونکە ئەم پاشخانە دەمێک بوو بووبووە هۆی بەئاگاهاتنەوەی چینی کرێکار بە دۆخ و پێگەی کۆمەڵایەتییان، ئەوەی مابووەوە دەرفەت و هەلی مێژوویی بوو.

## لقی دووەم
## کۆمۆنەی پاریس: فۆرمی فەرمانڕانی و ڕوانگەی مارکس لەهەمبەریدا

کۆمۆنەی پاریس وەک یەکەمین هەوڵی مەزنی چینی کرێکاران بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، دیموکراسیەتێکی شۆڕشگێڕانەی زۆر توندی هێنایە ئاراوە، چونکە دوای شکانی سوپای فەرەنسا لە بەرانبەر ئەڵمانیا، سوپای نیشتمانی کرێکارە شۆڕشگێڕەکان لە لایەکەوە ئاگربەستیان لەگەڵ سوپای ئەڵمانیا ڕاگەیاند و، لایەکی ترەوە کرێکارانی شار دەسەڵاتیان گرتە دەست و کۆمەڵەیەکیان دامەزراند، کە شاندیان لە هەر ناوچەیەک پێکهێنا بۆ گوزارشتکردن لە هەر یەک لەو ناوچانە، بابەتەکە بە جۆرێک بوو بەوەی هەر کاتێک پێویست بوایە بانگی ئەو خەڵکانەیان دەکرد و لە ڕووی پارەپێدانەوەش هەر بەقەد کرێکارێکی لێهاتوو پارەیان پێ دەدان؛ ئەمانە بە خۆیان بڕیارەکانیان دەدا لە بری ئەوەی پەنا بۆ کۆمەڵە فەرمانبەرێکی هەرەمەکی ببەن، هەروەها پشتیان بە سوپایەکی پرۆفیشناڵ یان تازە ناونوسکراو نەدەبەست، بەڵکو پشتیان بە کرێکارە چەکدارەکان دەبەست و، کە وەک پاسەوانگەلی نیشتمانی ڕێک خرابوون (هارمەن، ٢٠٢٢، ل٧٩). مارکس لە کتێبی (**جەنگی ناوخۆی فەرەنسا**)دا، بەرپابوونی کۆمۆنەی پاریس وەک یەکەم "**دەوڵەتی پرۆلیتاری**" و چارەنووسی باسکردووە، لە یادی بیست ساڵەی کۆمۆنەی پاریسیشدا ئەنگلس کۆمۆنە وەک "**دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا**" پێناسە دەکات. ئیدی لێرەوە لە باری سیاسییەوە کۆمۆنەی پاریس گەورەترین ئەزموونی پێشکەش بە چینی چەوساوەی جیهان کرد و، بۆ یەکەمین جار بە کردەوە، بە هەر خاڵێکی لاوازیشەوە بێت، حکومەتی پرۆلیتاری هێنایە سەر شانۆی مێژووی جیهانی؛ وەک مارکس دەڵێت: "ئەو فۆرمە سیاسییە بوو کە لە کۆتاییدا دۆزرایەوە، کە ئەتوانرێ ڕزگاری کار لە سایەیدا بە ئەنجام بگات" (ئەحمەد، ٣ی نیسانی ٢٠٢١). کۆمۆنەی پاریس یەکەمین حکومەتی کرێکاران بوو، کە ئەگەر سەرکەوتنەکەی بەردەوام بوایە، چاوەڕوان دەکرا چینی کرێکار بتوانێ هەنگاوی داهاتوو بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی و کرێکارانە بنێت، کۆمۆنە ئەڵقەیەکی مێژوویی بوو کە تێیدا خەڵکی زەحمەتکێشی پاریس لە بزووتنەوەیەکی

شۆڕشگێڕی بێ وێنەدا، دەوڵەتی سەرمایەدارییان بە ئۆرگانەکانی خۆیان گۆڕی (بێ ناوی نووسەر، نیسانی ٢٠٢٣). بۆ ئەوان کۆمار هیچ پەیوەندییەکی بە پەرلەمان، هەڵبژاردن و حکومەتی بەڕێوەبردنی مۆدێرنەوە نەبوو، بەڵکو کۆمۆنە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بوو؛ بڕیار بوو بۆشایی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان لە نێوان کارمەندان و نوێنەران، لە نێوان نوێنەران و سیاسەتمەداران چارەسەر بکرێت، ئامانج لێی ئەوەبوو لیژنە ناوچەییە ناوخۆییە هەڵبژێردراوەکان بۆ ماوەیەکی کورت بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لە ئەستۆ بگرن؛ جگە لەوەش، هاوڵاتیان دەیانتوانی مافی نوێنەرایەتیکردنی کەسانی هەڵبژێردراو هەرکاتێک بیانەوێت، وەربگرنەوە (محمودیان، ٢٢ بهمن ١٣٩٤). ڕاگەیەندرا کە: زەوی موڵکی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکات، کەرەستەکانی کارکردنیش هی کرێکارانن و کارکردنیش مافی سروشتی یەکسانە بۆ هەمووان، مووچەی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەپێی بەهرە و پێگەی کارەکەیان دەبێت، دادوەر و بەرپرسە باڵاکان هەڵدەبژێردرێن و هەرکاتێکیش زۆرینەی دەنگدەران ویستیان لادەبرێن و، موڵک و لەلایەن کۆمۆنەوە پەسەند دەکرێت، هەموو هاوکارییە داراییەکانی حکومەت بۆ کڵێسا دەبڕدرێت، ئایین بابەتی تایبەتی تاکەکانە، قوتابخانەکان نابێت لەژێر کۆنترۆڵی کڵێسا بن، دادپەروەری و پەروەردە لە ئایین و دادوەرەکان جیا دەکرێنەوە، دەوامی شەوانە لە نانەواخانەکان قەدەغەیە، مووچەی کارمەندانی کۆمیسیۆنی کۆمۆنەکان لە هەمان ئاستی کرێکارانی نانەواخانەکاندا دەبێت، پۆلیس لەباتی خزمەتکردنی حکومەت دەبێتە ڕێکخراوێک کە خزمەت بە خۆشگوزەرانی خەڵک دەکات و سەرجەم ئەرکە سیاسییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەوەشێتەوە، ئازادی قسەکردن و ڕۆژنامەگەری، ئازادی گردبوونەوە، پێکهێنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بۆ هەموان وەک یەک دەبێت (بێ ناوی نووسەر، نیسانی ٢٠٢٣).

بەگشتی پێکهاتەی حکومەتی کۆمۆن لە بنەڕەتدا جیاواز بوو لە هەموو جۆرەکانی پێشووی حکومەت، کۆمۆن لە کەسانێک پێکهاتبوو کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە ناوچەی جیاوازدا هەڵبژێردرابوون؛ کۆمیتەی ناوەندی کۆمۆنەی پاریس ٨٠ ئەندامی هەبوو، بەپێی یاسای پەسەندکراو هەرکاتێک زۆرینەی دەنگدەران بیانویستایە، دەیانتوانی هەریەکێک لە ئەندامەکان لە کارەکانیان دووربخەنەوە، کاری ئەم کۆمیتەیە هەم یاسادانان و هەم جێبەجێکردنیش بوو. ئەگەرچی کۆمۆنەی پاریس تەنها ٧٢ ڕۆژ تەمەنی بوو و، حکومەتی هەڵاتوو بە هاوکاری سوپای پروسیا هێرشی کردە سەر پاریس و، دوای چەند ڕۆژ لە شەڕێکی نابەرابەری سەربازیدا شکستیان بە کۆمۆنە هێنا و شۆڕشگێڕانیان خەڵتانی خوێن کرد، بەڵام خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و وانە و ئەزموونەکانی، دەستکەوتی چینی کرێکاری جیهانە کە تا ئێیستا کاری لەسەر دەکرێت، بە تایبەت لای مارکسیستە هاوچەخەکاندا (بێ ناوی نووسەر، نیسانی ٢٠٢٣). کەواتە، ڕەنگە بکرێت بڵێین: کۆمۆنە ئەوەی سەلماند، دەشێت شۆڕشێکی کرێکاری لە کۆمەڵگەیەکدا سەرکەوتوو بێت و ئەزموونێکی فەرمانڕانی جیاواز لە سیستمە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرنە پێشکەش بکات، بەڵام ڕەنگە بەهۆی ئەوەی سیستمی سەرمایەداری فۆرمێکی جیهانی وەرگرتووە، تەمەنێکی درێژی نەبێت ئەگەر بزاوت و ڕێکخراوی کرێکاری جیهانی کارا دروست نەبێت بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو جۆرە ئەزموونانە.

لە ڕاستیدا، کۆمۆنەی پاریس کاریگەری زۆری لەسەر هەڵوێست و ڕوانگەی مارکس بەجێهێشت، لەم بارەوە لینین لە کتێبی (**دەوڵەت و شۆڕش**)دا دەڵێت: "چەند مانگێک پێش کۆمۆنە، مارکس کرێکارانی پاریسی- ئاگادار کردەوە کە هەر هەوڵێک بۆ ڕووخاندنی حکومەت، گەمژەیی و نائومێدی دەبێت، بەڵام کاتێک لە مانگی ئازاری ساڵی (١٨٧١)دا ڕاپەڕین بوو بە ڕاستی، مارکس سەرەڕای پێشبینییە نالەبارەکان بە گەورەترین جۆش و خرۆشەوە پێشوازی لە شۆڕشی پرۆلیتاری کرد" هەرچەندە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کۆمۆنە ئامانجەکەی بەتەواوی بەدەست نەهێنا، بەڵام مارکس بە ئەزموونێکی مێژوویی و گرنگییەکی گەورەی دەزانی و، وەک پێشکەوتنێکی دیاریکراوی شۆڕشی پرۆلیتاریای جیهانی دەیبینی، بۆیە وەک هەنگاوێکی پراکتیکی کە گرنگتر بوو لە سەدان بەرنامە و ئارگۆمێنت؛ مارکس هەوڵیدا ئەم تاقیکردنەوە شی بکاتەوە، بۆ ئەوەی وانە تاکتیکییەکانی لێ وەربگرێت و لە ژێر ڕۆشناییاندا تیۆرییەکەی بپشکنێت (Lenin, 1918, p27). هەروەها ئەندرێی تۆزێل و سیزار لۆپۆرینی و ئیتیان بالیبار لە کتێبی (**مارکس و ڕەخنەی سیاسەت**)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کتێبی (**جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا**)ی مارکس لە شیکاریی و سەرژمێرییەکی باڵای ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس دەچێت "ئەو شیکارییەش هەر لە کاتی ڕوودانی ئەزموونەکەدا ئامادە کرابوو" ئەم دەقە ڕاستکردنەوەی شیکارییەکانی پێشترە و تیۆرێکی جیاوازتری دەربارەی فۆرمی سیاسی خستەڕوو کە سەرلەنوێ وڵامی لێکدژییەکانی ساڵی (١٨٤٨)ی دایەوە، چونکە مارکس لەو نووسینەیدا لەسەر ئاستی چەمک، ئەو شتانەمان بۆ دەگوازێتەوە کە نزیکتر بوون لە حاڵەتی وەسفییەوە؛ ئەو بە ڕوونی جیاکاری لەنێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتدا دەکات، ئەوە پیشان دەدات کە سەرجەم خەباتی چینایەتی بۆرژوازی (**واتە خەباتی سیاسی**)، تەنیا باڵادەستییە ئابوورییەکەی بەرهەم دێنێتەوە، بۆیە پێیوابوو شۆڕشی کۆمۆنە دژ بەو دەوڵەتە سەنتراڵە بوو کە "باڵادەستییە سەروو ئاساییەکەی بەسەر کۆمەڵگەی واقیعدا" پەرە پێدەدات، ئەم شۆڕشە هەوڵێکە بۆ ڕوخاندنی دەزگای بیرۆکراسی بۆرژوازی؛ کۆمۆنە هەوڵێکە بۆ ئەوەی گەل خاوەنداریێتییە کۆمەڵایەتییەکەی ژیانی خۆی وەربگرێتەوە، ئەویش بە تێپەڕاندنی لێکدژی نێوان بازنەی ئابوری - کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی بیرۆکراسی دەوڵەت (تۆزێل و لۆپۆرینی و بالیبار، ٢٠١٦، ل ل٦٦-٦٧).

هەروەها مارکس دەڵێت: "کۆمۆنە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو دەسەڵاتە بێ بەزەییانەی دەوڵەت بهێنێت کە وەک بزوێنەری جەنگی نیشتمانی سەرمایەی دژی کار، بەکاردەهێنا؛ ئەو دەسەڵاتەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا، لە خەمی سیاسی نەبوو، پیشەسازی و بازرگانییەکەی بۆ ڕەهەندە گەورەکان فراوانتر بوو؛ فێڵبازی دارایی، نەهامەتی جەماوەر بە نمایشێکی بێشەرم لە دەقێکی خراپ دەستی پێکرد؛ ئەو دەسەڵاتەی لە سەرووی کۆمەڵگە و تەژی بوو لە گەندەڵی". هەروەها پێیوایە هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی ئەو ئیمپریالیزمەی لەشفرۆشترین و دوا فۆرمی

لە ڕووی زمانەوانیەوە وشەی جیهانگیریی (Globalization) لە وشەی (Globe) وەرگیراوە و كە بەمانای "جیهان" دێت، لە زمان و فەرهەنگی عەرەبیشدا وشەی "العولمة" بۆ ئەم چەمكە بەكارهاتووە كە بە مانای بڵاوكردنەوەی شتێک و گەورەكردنی بازنەكەی بدات تا سیفەتێكی جیهانی پەیدا بكات(Piie, 2024). كەواتە گرنگترین خاسیەتی جیهانگیریی بریتییە لە بڵاوبوونەوە و گشتگیر بوون، بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و فرەجەمسەربوونی بۆچوونەكان كە وادەكات چەمكی جیهانگیریی لە لایەن ئابووریناس، سیاسەتمەدار و ڕاگەیاندنكارانەوە بەشێوەیەكی بەرفراوان و لە بەستێنی جیاوازدا بەكاربێت (Koopmans & Zürn, 2001).

بە گوێرەی فەرهەنگی كەیمبریجی بەریتانی جیهانگیریی بریتییە لە "گەشەپێدانی پەیوەندی ئابوری و كلتوری و سیاسی نێوان گەلانی جیهان بەهۆی فەراهەمبوونی ئاسانی بوارەكانی

گەشتکردن و پەیوەندی و تەکنەلۆژیا" (Globalization, n.d.). هاوکات بەپێی فەرهەنگی سیاسی زانکۆی ئۆکسفۆرد، جیهانگیریی بریتییە لە "ئازادی لە گواستنەوەی زانیاریەکاندا، هەڵقوڵانی سەرمایەکان، بیرۆکە جیاوازەکان، تەکنەلۆجیا، کاڵا و بەرهەمەکان، هەروەها گوزارشتیش لە گەڕانی مرۆڤیش دەکات لە نێوان کۆمەڵگە مرۆڤایەتییە جیاوازەکاندا، چونکە ئەمە وادەکات جیهان وەک گوندێکی بچوک بێتە بەرچاو" (Wilson, 2011). هەرچی توێژەری ناسراوی عەرەب "السيد ياسين"ە، پێناسەی ئەم دیاردەیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە و بۆچونی وایە جەوهەری جیهانگیریی خۆی لە سێ ئامانجدا دەبینێتەوە و دەڵێت جیهانگیریی بریتییە لە،" بڵاوبوونەوەی زانیارییە بە شێوەیەك بە ئاسانی لە بەردەستی هەموو هاوڵاتییەکدا بێت، تواندنەوەی سنوری نێوان دەوڵەتان، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوشێوەبوون لە نێوان گروپ وکۆمەڵگە و دامودەزگاکاندا" (یس، 2008). پاشان بەشێوەیەکی گشتی توێژەرانی بواری جیهانگیریی وای دەبینن کە جیهانگیریی لەسەر چوار پڕۆسە بەندە، کە بریتییە لە پێشبڕكێ لە نێوان زلهێزە جیهانییەکان، وە بڵابوونەوەی جیهانگیریی لە بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەی کاڵاکاندا، وە داهێنان و شۆڕشی تەکنەلۆژی، و نوێگەری بەردەوام (Pesqueux, 2017).

هاوکات کۆمەڵێك ڕەگەز پێکەوە توانیویانە سیماکانی جیهانگیریی پێکبهێنن، هەریەك لەو ڕەگەزانە، ئاماژەن بۆ بوونی ئەم دیاردە جیهانییە لەسەر ئاستە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی، کە گرنگترینیان بریتن لەم چوار ڕەگەزەی خوارەوە (Bonciu, 2017):

**ڕەگەزی یەکەم:** پەرەپێدانی سیستەمی سەرمایەداری و زاڵبوونی بەسەر سیستەمی سۆشیالیستیدا و پاشەکشەکردنی دید و بۆچونەکانی مارکسیزم. ئەمەش وایکرد ئامانج و تەرزەکانی سەرمایەداری بەسەر کایەکانی ژیاندا زاڵبێت، وەك بەهای بازاڕ و بازرگانی و ئازادی تاك و کرانەوەی ئابوری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی..هتد.

**ڕەگەزی دووەم:** جیهانگیریی ئاماژەیە بۆ بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و کلتور و دامەزراوە و هەڵوێستەکانی ڕۆژئاوا بە سەرانسەری جیهاندا. بۆیە زۆر کەس جیهانگیریی یەکسان دەکەن بە چەمکی"ڕۆژئاوایی بوون"(Westernization) یان "ئەمەریکایی بوون" (Americanization)، بەتایبەت بزوتنەوە توندڕەو و ئایینیەکانی دژی ڕۆژئاوا. لەم نێوەندەدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە گەشەپێدەر و نوێنەری ڕۆژئاوا بۆ بڵاوکردنەوەی جیهانگیریی هەژمار دەکرێت لەڕێی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوەیەکگرتوەکان (UN)، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO) و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF).

**ڕەگەزی سێیەم:** بەشێکی زۆری جیهانگیریی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە ڕووی مێژووییەوە پێی دەوترێت نوێگەری (Modernization)، کە بریتین لە کۆمەڵێک ڕەفتار و بیروباوەڕ کە تەحەدای کۆمەڵگەی نەریتی دەکەن. جیهانگیریی وەک هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر بەها و نەریت و کلتوری کۆمەڵگا سەیر دەکرێت، بەتایبەت لەو شوێنانەی ئاین پێگەیەکی بەهێزی هەیە و بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەزموون دەکرێت و بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزم دەبێت.

**ڕەگەزی چوارەم:** شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیاری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ کات وەك ئەم قۆناغە مێژووییە پێشکەوتن و داهێنانی وای بە خۆوە نەبینیوە، بە تایبەتی لە بواری پیشکەوتنە خێراکان، هەروەها لە بوارەکانی زانیاری و گەیاندن و فراوانبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کە جیهانی کردووە بە گوندێکی بچوککراوە. ئەمەش دواجار بووەتە هۆی ئاسانکردن و بەرزکردنی ئاستی ژیانی خەڵک، هەر بۆیە خەڵک جیهانگیریی وەک خۆی قبوڵکردووە و بە ئامڕازێکی ئەرێنی دەبینێ بۆ باشترکردنی ژیانی.

دواجار وەک بینیمان ڕەگەزەکانی جیهانگیریی خۆی بووە بە هۆکارێک بۆ جەمسەرگیری و دابەشبوونی نێوان ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەرایی و جیهانگەرایی بە ئاڕاستەی لایەنداری بۆ جیهانگەرایی و تەنانەت گەشەپێدانی کە هەندێک وەک فۆرمێکی کانتیانەی پێشکەوتوی لیبراڵیزم لەقەڵەمی دەدەن. بەم جۆرەش جیهانگیریی بووەتە هۆی کاڵکردنەوەی سەروەری و سنوری دەوڵەتان و کەمبونەوەی کاریگەری شوناسی نەتەوەیی و ئاینی و چەسپاندنی بەهاکانی ڕۆژئاوا و گەشەسەندنی دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ. لە هەمان کاتدا بیرمەندانی وەک فۆکۆیاما و هەڵگرانی هزری لیبراڵیزم جیهانگیریی وەک دەرئەنجامێکی ئەرێنی ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم تەماشا دەکەن. پێیان وایە جیهانگیریی شۆڕشێکی ئابوری و تەکنەلۆژی و سیاسیە و مژدەی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی پێیە و مرۆڤ لە بونەوەرێکی ناوچەییەوە دەکاتە بونەوەرێکی جیهانی، کە ئەمەش خەونی جیهانگەراکانە. بۆیە زۆر جار کۆمەڵگاکان بێ گوێدانە بایەخی کلتور و شوناس و بەها و بیروباوەڕیان، باوەشیان بۆ ئامڕاز و بەهاکانی جیهانگیریی کردوەتەوە، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی خواستی کۆمەڵگەراکانە.

## داخوازی دووەم
## لەبارەی تیۆری کۆمەڵگەرایی

کۆمەڵگەرایی بریتییە لە قوتابخانەیەکی فەلسەفی و هزری سیاسی بەشداری کارای هەیە لە شیکاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم وەک پەرچەکردارێک بۆ تێز و پێشنیارەکانی لیبراڵیزم سەریهەڵدا کە تێیدا جەخت لە وابەستەیی تاک دەکاتەوە بەکۆمەڵگاوە و پێیوایە شوناسی تاک لەکۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت. دیدگا وهزری کۆمەڵگەرایی گرنگی بە سێ بواری سەرەکی دەدات کە ئەوانیش بریتین لە گرنگی کۆمەڵگا لەسەر شوناس و بەهاکانی تاک، برەودان بە"چاکەی گشتی"، ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان مافی تاکەکان و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان (Etzioni, 2006). کەواتە کۆمەڵگەرایی بریتییە لەو دیدگایەی گریمانەی ئەوە دەکات کە شوناسی مرۆڤەکان لەژێر کاریگەریەکی بەهێزی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە و پێویستە ئاکارە ئەخلاقی و سیاسیەکان بەم پێوەرە هەڵبەسنگێنرێن و هەموو یاسا و دامەزراوەکان لەسەر ئەم بناغەیە دابمەزرێنرێن.

کۆمەڵگەراکان پێیان وایە کۆمەڵگا پێویستیەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤە و هیچ بژاردەو جێگرەوەیەکی دیکەی نیە. بڕوایان وایە وێناکردنی بەردەوامی ژیانی تاکێک لە دەرەوەی کۆمەڵگا شتێکی ناواقیعی و باوەڕپێنەکراوە. بۆیە کۆمەڵگەراکان بڕوایان وایە شوناسی تاک لەلایەن کۆمەڵگاوە دیاری دەکرێت و تاکەکان بەشێکن لە خێزان، هۆز، گروپی ئاینی، گروپی ئێتنی و نەتەوەیی. پابەندبوونی تاکەکان بە ئەخلاق و بەها و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەبێتە شوناسی سەرەکی تاکەکان و سنوری ئازادی ڕەفتار و مامەڵەیان دیاری دەکات. تیۆری کۆمەڵگەرایی ئەو بۆچونەی لیبراڵیزم بە نادروست دادەنێت کە کار و چالاکی خۆبەخشانەی تاکەکان دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگا، بەڵکو کۆمەڵگەرایی بۆچونێکی تەواو پێچەوانە دەخاتە ڕوو کە ئەوە کۆمەڵگایە شوناسی تاکەکان دیاریدەکات و تاک بەبێ کۆمەڵگا هیچ ڕۆڵێکی جڤاکی نیە (Avineri & De-Shalit, n.d.).

گریمانەی کۆمەڵگەراکان دوو ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندی ئەزمونی و ڕەهەندی ئەخلاقی. لە ڕەهەندە ئەزمونیەکەوە کۆمەڵگەراکان پێیان وایە کۆمەڵگا خۆی خۆڕسکانە بەهاکان بەرهەم دەهێنێت و دەیانچەسپێنێت (Etzioni, 2015). بەڵام لە ڕوانگە ئەخلاقیەکەوە، بەها هاوبەشەکان پێویستیەکی جەوهەرین و بەرجەستەکردنیان لە کۆمەڵگادا بەرپرسیارێتیەکی ئەخلاقی کۆی گشتی کۆمەڵگایە. یەکەم ڕەهەندی ئەزمونی کۆمەڵگەراکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگاکان خاوەنی بەها و نەریتی جیاواز بوون و هۆز و تیرەکان خۆڕسکانە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای هاوبەش ڕێکەوتون کە بوەتە بناغەی تەونی کۆمەڵایەتیان. دووەم ڕەهەندی ئەخلاقیش جەخت

لەوە دەکاتەوە کە مانەوە و بەردەوامبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان پەیوەستە بە پارێزگاریکردن لەو بەها ئەخلاقیانەی کە ڕایەڵەیەکی مەعنەویە لەنێوان تاکەکاندا.

دواتر لە چەقی گفتوگۆی نێوان لیبراڵیزم و کۆمەڵگەرایدا پرسیارێکی جەوهەری دێتە ئاراوە: ئایا ئەرک و بەرپرسیارەیتی دەوڵەت دەبێت لە ڕوانگەی چاکەی تاکەکانەوە دیاری بکرێت یاخود لە ڕوانگەی چاکەی گشتی کۆمەڵگاوە؟ ئایا دەرکردنی یاساکان و بڕیاری سیاسی دەبێت بەگوێرەی خواست و ڕەفتاری تاکەکان بێت یاخود بەگوێرەی شوناس و ڕەفتاری گروپە کۆمەڵایەتیەکان؟ بە دیوێکی دیکەدا، ئایا یەکەی سەرەکی شیکاری سیاسەت پێویستە تاکەکان بن یان کۆمەڵگا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، لیبراڵەکان بەشێوەیەکی گشتی بڕوایان وایە کە سیاسەت بە گوێرەی ڕەفتار و بڕیار و مافی تاکەکان وێنا دەکرێت نەک شوناس و تایبەتمەندی کۆمەڵگە. لەبەرامبەردا کۆمەڵگەراکان پێیان وایە کە شوناسی کۆمەڵایەتی یەکەی سەرەکی سیاسەتە و پێویستە هەموو هەڵوێست و بڕیارە سیاسیەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا بدرێت ( Etzioni, 2006).

سەبارەت بە پرسی جیهانگیرییش، کۆمەڵگەراکان بەشێوەیەکی گشتی دژی ئامراز و ئامانجەکانی جیهانگیریین و پاساویشیان ئەوەیە کە جیهانگیریی ڕێز لە تایبەتمەندی کلتوری کۆمەڵگەکان ناگرێت و هەوڵی سەپاندنی بەهاکانی ڕۆژئاوا دەدات و دژایەتی شوناس و نەریت و بیروباوەری کۆمەڵگا دەکات. هەروەها کۆمەڵگەراکان بڕوایان بە پاراستنی سەروەری دەوڵەت و پاراستنی سنوری دەوڵەتان هەیە کە لەژێر هەیمەنەی جیهانگیرییدا بەرەو لاوازبوون دەچن چونکە پێیان وایە ناسنامەی تاک لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت و پرەنسیپەکانی دادپەروەری تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت (Koopmans & Zürn, 2001).

بەم جۆرە کۆمەڵگەرایی تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی کۆمەڵگا لە بونیادی ناسنامەی ئەندامەکانی و پاراستنی ئەو نەریت و کلتور و بەهایانەی کە لە چوارچێوەی کارلێک و پەیوەندی ئەندامەکاندا دروست دەبن. کۆمەڵگەراکان دژ بە ئازادی ڕەهای تاکن و پێیان وایە لەبەرامبەر داواکاردنی ماف و ئازادیدا، تاک پێویستە کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی لە ئەستۆ بگرێت کە گرنگترینیان بەرجەستەکردنی چاکەی گشتیە. ئا لێرەدا کۆمەڵگەراکان ڕۆڵی سەرەکی دەوڵەت دیاریدەکەن کە ئەویش پاراستنی ئەو بەها و نۆرمانەیە لە شێواندن و برەودانە بە چاکەی گشتی کۆمەڵگا.

## داخوازی سێیەم
## لەبارەی تیۆری کۆزمۆپۆلیتانیزم

کۆزمۆپۆلیتانیزم وەک تیۆرێکی سیاسی هاوچەرخ دیدگا و ئاراستەی جودا لەخۆدەگرێت، بەڵام چەقی هزری کۆزمۆپۆلیتانیزم خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤەکان هەمویان ئەندامی یەک گەردونن و لە هەرکوێی جیهان بن پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت و بەچاوی مرۆڤبوونەوە لێیان بڕوانرێت. توێژەری بەرەگەز هۆڵەندی ستان ڤان هوفت دەڵێت کۆزمۆپۆلیتانیزم ئەو بۆچوونەیە کە پێی وایە پێگەی ئەخلاقی تاکەکان لە ناو هەموو گەلیکدا لە سەرانسەری جیهاندا یەکسانە (Van Hooft, 2014). بە واتایەکی دیکە هەموو تاکەکان لە جیهاندا بەشێوەیەکی یەکسان خاوەنی هەمان مافن بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیە ڕەگەزی و نەتەوەیی و سیاسیەکان.

هەروەها توێژەری ئەمەریکی تۆماس پۆگ، کە بە یەکێک لە ڕابەرانی کۆزمۆپۆلیتانیزمی هاوچەرخ ناسراوە، بەم شێوەیە وەسفی کۆزمۆپۆلیتانیزمی کردووە؛ سێ توخم لەلایەن هەموو کۆزمۆپۆلیتانیستەکانەوە هاوبەشە کە بریتین لە: یەکەم، تاکگەرایی؛ وەک جەختکردنەوە لەسەر خەم و بەرپرسیارێتی مرۆڤەکان یان کەسەکان —بەرپرسیاریێتی تاک بەرامبەر خێزان، هۆز، کۆمەڵگا؛ نەتەوەیی، کلتووری، ئاینی، یان دەوڵەتەکان. دووەم؛ گشتگیربوون؛ لێرە زۆر جەخت لەسەر یەکسانی لە نێوان هەموو مرۆڤەکان دەکاتەوە. سێیەم؛ جیهانگەرایی؛ بەو مانایەی کە دیدگای کۆزمۆپۆلی لە ئاستی لۆکاڵیدا نیە، بەڵکو تایبەتە بە هێز لە ئاستی جیهانیدا. تۆماس پۆگ کۆزمۆپۆلیتانیزم کورت دەکاتەوە لەوەی کە تاک دەبێت لە خەمی هەمواندا بێت لە هەر کوێیەکی ئەو جیهانەدا بێت، بەڵام ئەو جەختکردنەوەیە لەسەر تاک نابێت وامان لێ بکات کە کۆزمۆپۆلیتانیزم وەک ناوێکی دیکە بۆ یەکسانیخوازی یان هیومانیزمی لیبراڵ بەکاربێنین (Pogge, 1992).

ڕوانگەی کۆزمۆپۆلیتانیزم پێی وایە مرۆڤ قەرزدارە لە ڕووی ئەخلاقیەوە بەرامبەر بە هەموو کەسێک لە جیهاندا، بەبێ لەبەرچاوگرتن و گوێدانە ئەوەی کەسەکان سەر بە چ گروپ و کۆمەڵەیەکن. ئەوانەی کە مەیلیان بۆ کۆزمۆپۆلیتانیزم هەیە گرنگی بە خەم و کێشە و ئازارەکانی هەموو کەسێک دەدەن لە سەرانسەری جیهاندا. بۆیە ئەگەر بێتو هەمووان پەیڕەوی ئەو پرەنسیپە بکەن، جیهانێکی پڕ لە ئاشتی و ئارامی دێتە بوون، بەڵام هێنانەدی ئەم ئامانجە لە ئایدیاڵەوە نزیکە وەک لە واقیع وەک چۆن هەندێک لە پرەنسیپ و ئامانجەکانی کۆمەڵگەرایی بەدیهێنانیان لە خەیاڵێک زیاتر نیە. بۆیە کۆزمۆپۆلیتانیزم بە هەمان شێوەی کۆمەڵگەرایی زیاتر لە چوارچێوەی تیۆر و تێزدا ماوەتەوە و وەکو لیبراڵیزم یان کۆنزەرڤاتیزم تا ڕادەیەکیش کۆمیونیزم نەچۆتە بواری جێ بەجێکردنەوە. دەکرێت هۆکاری ئەمە فرەڕەهەند بێت بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەخلاق سەرەکیترین پرەنسیپە کە کۆزمۆپۆلیتانیزم جەختی لەسەر دەکاتەوە کە وەک ئەرک دەیخاتە سەر شانی تاک (مرۆڤ) (Kleingeld & Brown, 2019 ).

سەبارەت بە پرسی جیهانگیرییش، کۆزمۆپۆلیتانیزم هاوڕا و تەبایە لەگەڵ زۆرێک لەو ئامراز و ئامانجانەی جیهانگیریی خاوەنداریێتی دەکات. جیهانگیریی هاوچەرخ بەشێوەیەکی گشتی بووەتە پەرەپێدەری بەها و پێشنیارەکانی کۆزمۆپۆلیتانیزمە کە جەخت لە تێپەڕاندنی ڤۆناغی سەروەری دەوڵەتە دەکاتەوە بەرەو ئاراستەی کرانەوەی زیاتری سنورەکان بەڕووی هاوڵاتیان و شتومەکدا بەو ئامانجەی هیچ بەربەستێک نەمێنێت لەبەردەم بەدیهێنانی مافی هاوڵاتیبوونی جیهانیدا. کۆزمۆپۆلیتانیزم لەگەڵ کرانەوەی زیاتری کلتوری و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕان کە ئەمەش هاوتەبایە لەگەڵ ئامانجەکانی جیهانگیریی. بەڵام جیهانگیریی جۆرێک لە نایەکسانی ئابووری و جەمسەربەندی سیاسی دێنێتە بەرهەم کە ناتەبایە بە ئامانجی کۆزمۆپۆلیتانەکان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی و عەدالەتی جیهانی کە تێیدا مرۆڤەکان خاوەن هەمان ماف و ئازادی یەکسان بن و لەسەر کۆمەڵێک بەها و ئەرکی هاوبەش ڕێکبکەون (Bouzov, 2015).

بە گوێرەی دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزم، هەستکردن بە مافی هاوڵاتی بوون لە ئاستی جیهانیدا و پێشخستنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و دادپەروەری هەنگاوی چارەنوسسازن بۆ گەیشتن بە ئاشتی هەمیشەیی. هەروەها جەخت لەوەش دەکاتەوە کە بە تێپەڕاندنی سنوری دەوڵەت-نەتەوە و کارکردنی بە کۆمەڵ دەکرێت ئەو پرسانەی کە دەبنە هۆی ناکۆکی و کێشە باشتر چارەسەر بکرێن، لە نمونەی هەژاری، نایەکسانی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری دێتە پێشەوە کە ئایا چۆن دەکرێت بەرژەوەندیە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان پێش هاریکاری جیهانی بخرێت؟

لە وەڵامدا کۆزمۆپۆلیتانیزم پێشنیارێکی جیاوازتر پێشکەش دەکات بەوەی دەبێت هەموو مرۆڤێک سنوری لۆکالیەتی تێپەڕ بکات و بگاتە ئاستێکی جیهانی فروانتر و لەبری بەرژەوەندیە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان، بەرژەوەندی کۆمەڵگای جیهانی پەرەی پێبدرێت. لەم سۆنگەیەشەوە، خەمی تاک هەر بە تەنها بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی نەبێت، بەڵکو دەبێت تاک خەمەکەی بۆ هەموو تاکێکی تر بێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەمەش تێپەڕاندنی سنورەکانی سەروەری دەوڵەتە کە دیدگای کۆمەڵگەرایی بایەخی پێدەدات. لەم باسەی خوارەوەدا تیشک

دەخەینە سەر بەراوردی تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەڕووی ئەو ئاڵنگاریانەی کە بەهۆی جیهانگیرییەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

## باسی دووەم
## ڕوانگەی هەردوو تیۆرەکە بۆ ئاڵنگارییەکانی جیهانگیری

جیهانگیری لەگەڵ ئەوەی وەک شۆڕشێکی پیشەسازی و ئابوری دەستی پێکرد، چەندین شەپۆلی گۆڕانکاری کلتوری و سیاسیشی لەگەڵ خۆی هەڵگرت بەجۆرێک دابەشبوونێکی ئایدۆلۆژی بەرچاوی لەنێوان "جیهانگەرا" و "تایبەتگەرا"کان یاخود کۆزمۆپۆلیتانیزم و کۆمەڵگەرایی دروست کرد. ئەم جەمسەربەندی و دابەشبونە بەپێی پێوەرەکانی تیۆری ئەخلاقی (Normative Theory) و ناکۆکیە ئایدۆلۆژیەکان دروستبوون چونکە بەبێ لێکدانەوەی ئەخلاقی و ئایدۆلۆژی لەبارەی پرسی جیهانگیری ناتوانین دەرئەنجامێکی دروست بخەینەڕوو کە ئایا لەباوەشگرتنی جیهانگیری شیاوترە یاخود گەڕانەوە بۆ دەوڵەتگەرایی. یاخود ئاڕاستەی سێیەم دێتە کایەوە کە پێشنیازی تیۆری پراگماتیزم دەکات وەک چارەسەرێکی ناوەند بۆ مشتومڕی نێوان کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم (Karacasulu & Karakir, n.d.).

**خشتەی(١)**
**بەراوردی کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم**

| ڕوانگەکان | کۆمەڵگەرایی | کۆزمۆپۆلیتانیزم |
|---|---|---|
| **دیدگای بنەڕەتیان** | جەخت لە گرنگی کۆمەڵگا و کلتور و ناسنامەکان دەکاتەوە | جەخت لە مافی هاوڵاتیبوونی جیهانی و مافەکانی مرۆڤ دەکاتەوە |
| **کلتور و ناسنامە** | لە ناو کۆمەڵگە نەتەوەییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت | سنوری کۆمەڵگەکان تێدەپەڕێنێت و ڕەهەندێکی جیهانی هەیە |
| **سەروەری دەوڵەت** | گرنگی بە سەروەری دەوڵەت و حکومڕانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەدات | گرنگی بە حکومڕانی جیهانی وهاریکاری نێودەوڵەتی دەدات |
| **جیهانگیری** | بەدگومانە لە جیهانگیری و مەترسی لەناوچونی کلتور و ناسنامەکان | پشتیوانی لە جیهانگیری و ئاڵوگۆڕی ئازادانەی مرۆڤ، کەلوپەل و کلتورەکان دەکات |
| **دیاردەی کۆچ** | لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی کۆچ و داخستنی سنورەکانە | لەگەڵ والاکردنی سنورەکان و هاتوچۆی ئازادانەی مرۆڤەکانە |

بەگوێرەی توێژینەوەکانی ڕیچارد شاپکۆت جیاوازیەکانی کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەوە خۆی لە چوار بابەتی سەرەکیدا دەبینێتەوە کە بریتین لە (Shapcott, 2001):

**یەکەم:** کۆمەڵگەرایی کۆمەڵگە لە چەقی فەلسەفەکەیدا دادەنێت، لە کاتێکدا کۆزمۆپۆلیتانیزم تیشک دەخاتە سەر تاک و مافەکانی لەسەر ئاستی جیهانی.

**دووەم:** کۆمەڵگەرایی لە ناوەڕۆکدا پارێزگاری لە بەها و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و سەروەری نەتەوەیی دەکات، لەکاتێکدا کۆزمۆپۆلیتانیزم بانگەشە بۆ نۆرمەکانی جیهانی و حوکمڕانی نێودەوڵەتی دەکات.

**سێیەم:**کۆمەڵگەراکان پێیان وایە شوناس لە لایەن کۆمەڵگەوە لە قاڵب دەدرێت، لە کاتێکدا کۆزمۆپۆلیتانەکان دەڵێن شوناس سنووری نەتەوەیی و کلتووری تێدەپەڕێنێت بەرەو جیهانیبوون.

**چوارەم:** لای کۆمەڵگەراکان، سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان زۆرجار بریتین لە پاراستنی پیشەسازی و کلتووره ناوخۆییەکان، لە کاتێکدا لای کۆزمۆپۆلیتانەکان بریتییە لە بەرەوپێشبردنی بازرگانی جیهانی، کۆچکردن و ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ.

وەلێ ئەم جۆرە دابەشبونە لەنێوان کۆمەڵگەرا و کۆزمۆپۆلیتانەکان وەک خاڵێکی جەوهەری بەرئەنجامی دیدگای جیاوازیانە سەبارەت بە مافی تاک و مافی کۆمەڵگە، چونکە کۆزمۆپۆلیتانەکان بەرگری لە ماف و سەربەخۆیی تاک دەکەنەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵگەراکان بایەخ بە ماف و تایبەتمەندی کۆمەڵگا دەدات. وەک دەبینین سەبارەت بە ماف و ئازادیەکانی تاک، کۆزمۆپۆلیتانیزم هەمان دیدگا و تێڕوانینی لیبرالیزمی هەیە، تەنانەت زۆر جار کۆزمۆپۆلیتانیزم لەلایەن هەندێک توێژەرەوە بە بە لیبرالیزمی جیهانگەرا لەقەڵەم دەدرێت.

هاوکات جیهانگیری (Globalisation) وەک لە پێناسەکەی فرانسیس فۆکۆیامادا ئاماژەمان پێکرد، یەکێکە لە دیاردە یاخود ئامانجەکانی ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پەرەی پێدەدرێت. دیدگای لیبراڵیزم جیهانگیری وەک دەرفەتێک دەبینێ بۆ بڵاوکردنەوەی بەها لیبراڵەکان و دروست کردنی وابەستەیی ئابووری بە یەکسانی، چونکە لیبرالیزم ئەگەری ئەوە دادەنێ کە جیهانگیری هاوکاری و لێک تێگەیشتنی زیاتر لە نێوان گەلاندا فەراهەم دەکات. هاوکات هەردوو ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەگەڵ سیستەمی لیبراڵ دیموکراسین بەڵام کۆزمۆپۆلیتانەکان زیاتر مەیلیان بۆ لای ڕەهەندە "لیبراڵ"ەکە و کۆمەڵگەراکانیش مەیلیان بۆ لای ڕەهەندە "دیموکراسی"ەکەیە (Karacasulu & Karakir, n.d.).

بۆیە سەبارەت بە پرسی جیهانگیری، لیبرالیزم و کۆزمۆپۆلیتانیزم هەمان دیدگایان هەیە و پەرەپێدەری ڕەوتی جیهانگیرین. تەنانەت لەڕووی زاراوەی چەمکەکانەوە، جیهانگیری یەکسان دەبێت بە کۆزمۆپۆلیتانیزم، چونکە هەردوو وشەی (Globe) و (Cosmos) لە ڕووی زاراوەی فەرهەنگیەوە زۆر لەیەکەوە نزیکن و هەردووک بە مانای جیهان یاخود گەردون دێن. کەواتە کۆزمۆپۆلیتانیزم جیهانگیری وەک ئامرازێک دەبینێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی بنەڕەتی خۆی کە دروستکردنی کە ئەویش لەنێوان دیدگای کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمدا، لایەنداری کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات و هاوتەریب لەگەڵ بنەما و پرەنسیپەکانیدا هەنگاو دەنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەریەکانی جیهانگیری بە پرۆسەیەک بەڕێوەدەچێت کە لە "سەرەوە بۆ خوارەوە" شۆڕدەبێتەوە و زلهێزەکانی جیهان و خاوەن سەرمایە گەورەکانی ڕۆژئاوا لە سەرەوەی هەرەمەکەن و ئەو بەها و ئامانجانەی دەیانەوێت دەیسەپێنن بەسەر ئەوانەی خوارەوەدا. بەڵام پرۆژەی کۆمەڵگەرایی بە پرۆسەیەکدا دەڕوات کە لە "خوارەوە بۆ سەرەوە" هەڵدەکشێت و بەجۆرێک کۆی پرۆسەی سیاسی و بڕیاردان هەڵقوڵاوی بەها و نەریت و کلتوری کۆمەڵگایە، سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا کۆک و هاوڕان لەسەری (Jones, 2000).

سەرەڕای ئەم ناکۆکیانە، جیهانگیری و سیماکانی لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژیەوە بوونەتە گەشەپێدەری کۆزمۆپۆلیتانیزم و چەندین ئاڵنگاریان ڕووبەڕووی کۆمەڵگەرایی کردوەتەوە کە ئەمەش بووەتە هۆی دابەشبوون و دورکەوتنەوەی زیاتر لەنێوانیاندا. لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر چوار لە گرنگترین ئاڵنگارییەکان کە ئەوانیش بریتین لە: سەروەری دەوڵەت لەبەردەم مەترسیدا، والاکردن یاخود داخستنی سنورەکان، پرسی بەها و کلتور و ناسنامە، پرسی دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ و مافی هاوڵاتیبوون.

## داخوازی یەکەم
## سەروەری دەوڵەت لەبەردەم مەترسیدا

یەکەم ئاڵنگاری کە جیهانگیریی ڕووبەڕووی هەردوو تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمی دەکاتەوە پرسی کاڵبونەوەی سەروەری دەوڵەت و پێگەی دەوڵەتە وەک یەکەیەکی سەرەکی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لەدوای جەنگی جیهانی دووەم و لەگەڵ دروستبوونی یەکێتی ئەوروپا کە قەوارەیەکی هەرێمی یەکگرتووە و سنورەکانی دەوڵەتی تێپەڕاند، جیهانگیریی گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر سیستەمی وێستفالیا (Westphalian System) دا هێنا کە تێیدا جیهان لەکۆمەڵێک دەوڵەتی خاوەن سەروەری پێک دەهات ( Koopmans & Zürn, 2001. لێرەوە پرسی سەروەری دەوڵەتی نەتەوەیی کەوتە ژێر پرسیارەوە کە ئایا بەردەوام بوونی بەو فۆرمە پێویستە یاخود پێویستە گۆڕانکاری بونیادی تێدا بکرێت. چیتر شوناسی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی وەک پێوەرێک نەمایەوە بۆ ئەندامبوون لە کۆمەڵگا و بەشداریکردن لە بڕیاری سیاسیدا.

لە ڕووی ئابوریەوە، سەرنجی جیهانگیریی لەسەر فراوانکردنی بازرگانی و چەسپاندنی بنەماکانی بازاڕی ئازاد و تێپەڕاندنی سنورەکانی دەوڵەتە بەڕووی کاڵا و مرۆڤەکاندا. لێرەدا جیهانگیریی گەورەترین ئاڵنگاری ڕووبەڕووی سەروەری دەوڵەت کردەوە بەجۆرێک فۆرمی دەوڵەتی سەربەخۆی لە ڕووی ئابوریەوە گۆڕی بۆ دەوڵەتی ناسەربەخۆی پشت بەیەکبەستوو. بە مانایەکی تر لەگەڵ فراوانبوونی بازرگانی جیهانیدا، دەوڵەتان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و ڕکابەریکردن لە بازاڕدا پشتیان بە وزە و کارامەیی و سەرچاوە سروشتیەکانی ئەوانی دیکە بەست، ئەمەش دەرئەنجام بووە هۆی ناسەربەخۆیی ئابوری زۆرێک لە دەوڵەتان بەجۆرێک کە دەوڵەتانی خاوەن پیشەسازی بە ئاسانی بتوانن دەستێوەردان لە کاروبارە ئابوری و سیاسیەکانیدا بکەن و سەروەریان پێشێل بکەن (Pesqueux, 2017).

دەرئەنجام ئەم جۆرە ناسەربەخۆییە ئابوریە بووە هۆی کاڵبونەوەی سەروەری دەوڵەت بە چەشنێک زۆرێک لە دەوڵەتەکانی ناچار کرد لەبری بەکارهێنانی ڕێکاری زبر و ویستی بەرەنگاری و ڕێگریکردن لە بازاڕی ئازاد، یاسای نەرم و دیپلۆماسیەت و ڕێگای دانوستان بگرنە بەر. لە هەمان کاتدا ئەم جۆرە لە ناسەربەخۆیی ئابوری، ئاڵوگۆڕی دەستی کار و سەرچاوە مرۆییەکانی لەنێوان دەوڵەتان هێنایە کایەوە چونکە هەندێک لە دەوڵەتان پێویستیان بە ئەزموون و کارامەیی و توانای دەوڵەتانی دیکە هەبوو. ئەمەش کاریگەری ئەرێنی هەبوو لەسەر "مافی هاوڵاتیبوون" (Citizenship) بە چەشنێک مرۆڤەکان لە یەک کاتدا بوونە خاوەنی مافی هاوڵاتیبوون لە چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە باڵاکانی کۆزمۆپۆلیتانیزم(Pesqueux, 2017).

بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ڕاستە جیهانگیریی بووەتە هۆی لاوازکردنی سەروەری دەوڵەتان، لە هەمان کاتدا دەرفەتی یەکسانی لەبەردەم دەوڵەتاندا ڕەخساندووە کە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا ئەسپی خۆیان تاو بدەن و هەژمونی خۆیان لەڕووی ئابوری و سیاسی و کلتوریەوە فراوان بکەن و لەبری مانەوە لەچوارچێوەی لۆکاڵی دەوڵەتدا ببنە "یاریکەرێکی جیهانی"(International Player). لەم سۆنگەیەوە جیهانگیریی پێشنیاری نیۆ-لیبراڵەکانی لا پەسەندە کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەوڵەتان بۆ فراوانکردنی هەژمون و کاریگەریان پێویستیان بە دروستکردن و پابەندبوون بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نیە، بەڵکو تەنها پێویستە ئەو ڕێگەچارانە بدۆزنەوە کە عەقڵانین و پێویستیان بە دامەزراوەی نێودەوڵەتی نیە ( Simma & Paulus. 1998).

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە دیارترین ناکۆکی لەنێوان کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمدا ڕۆڵی دەوڵەت و سەروەریەکەیەتی. کۆمەڵگەرایی دەوڵەت وەک ئەکتەرێکی سەرەکی دەبینێت بۆ پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پارێزگاریکردن لە بنەماکانی ئەخلاق و بەدیهێنانی چاکەی گشتی، بەڵام ڕۆڵی دەوڵەت لای کۆزمۆپۆلیتانەکان لاوازترە و دوو دیدگای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی دەوڵەت. هەندێکیان لە خەمی دروستکردنی دەوڵەتێکی جیهانیدان کە مافی هەموو تاکەکان بە بێ جیاوازی تێیدا پارێزراوبێت و پێیان وایە ئەمە تەنها خەونێک نیە. تاکە بەڵگەشیان سەرکەوتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک قەوارەیەکی جیهانی نادەوڵەتی. هەندێکی دیکەش لە کۆزمۆپۆلیتانەکان بڕوایان بە دروستکردنی فیدراسۆنی دەوڵەتە سەربەخۆکانی جیهانە کە لەژێر چەتری دامەزراوەیەکی جیهانیدا یەکبگرن و پەیڕەوی هەمان یاسا و پرۆگرام بکەن تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ( Kleingeld & Brown, 2019 ).

هەر سەبارەت بە ڕۆڵی دەوڵەت لە کۆزمۆپۆلیتانیزمدا، کرەیگ کالهۆن بۆچونی وایە کە دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزم گرنگی بە مافی تاک و بەها گشتگیرەکان دەدات کە سنوری نەتەوەکان تێپەر دەکات، ئەمیش واتە گرنگیدان بە جیهان نەوەک دابەزین بۆ لۆکالیەت و گروپی دیاریکراو، یاخود بەو مانایەی کە دەکرێت تاک وابەستەی وڵاتی خۆی بێت بەڵام لەگەڵ فرەیی و هەمەچەشنیش دا بێت (Calhoun, 2008). هەر بۆیە کۆزمۆپۆلیتانیزم تاکەکان وەک هاوڵاتی جیهانی سەیر دەکات و مافی مرۆڤ و دادپەروەری لە چوارچێوەی ئەخلاقی هاوبەشدا لە پێشینەی هەموو نۆرم و بەها ئەخلاقیەکاندا دادەنێت.

کۆزمۆپۆلیتانیزم وەک باسمان کرد ئاڵنگاری ڕۆڵی نەریتی دەوڵەت دەکات، واتە وەک ئەکتەری سەرەکی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا نایبینێت، کاتێک کە بانگەشە بۆ پێداچوونەوە بە سەروەری دەوڵەتان دەکاتەوە داوای گرنگیدانی زیاتر دەکات بە بەرژەوەندی کۆمەڵگەیەکی جیهانی، بەڵام لە چوارچێوەی جیهانێکی زیاتر بەیەکەوە گرێدراو و وابەستە بەیەکترەوە. سەبارەت بە ئەکتەرە نا-دەوڵەتیەکان و دامەزراوە جیهانییەکانیش وەک دەیڤد هێلد باسی دەکات کۆزمۆپۆلیتانیزمی سیاسی ئەکتەرە نا-دەوڵەتیەکان وەک تەواوکەرێکی پێویستی جیهانی تەماشا دەکات کە دەبێت توانای کارگێڕی و سەرچاوەی سیاسی سەربەخۆیان هەبێ لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی (Held, 2003).

بەڵام کاتێک لە کۆمەڵگەراییدا باس لە ڕۆڵی دەوڵەت دەکرێت؛ وەک ئیمانوێل ئادلێر دەڵێت دەوڵەت وەک بەشێک لە تۆڕێکی فراوانتری کۆمەڵگاکان دەبینێت (Adler, 2004). کۆمەڵگەرایی تەنها ئەو ڕۆڵە دەدات بە دەوڵەت کە کار بکات لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی بەها و شوناسە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەت وەک ئاسانکارێک (ئامرازێک) بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا سەیر دەکات. کەواتە لە کۆمەڵگەراییدا دەوڵەت ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پاراستنی ناسنامەی کلتووری و سیاسی و هاوڵاتیانیدا کە ڕۆڵی دامەزراوەیەکی گرنگ دەبینێت کە بەها و نۆرمە هاوبەشەکانی کۆمەڵگا دەپارێزێ و بەهێزیان دەکات، بە واتایەکی دیکە یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سنورەکان زیاتر مسۆگەر دەکات بە بەراورد بە کۆزمۆپۆلیتانیزم.

دواجار، جیهانگیریی دەیەوێت قۆناغی سەروەری دەوڵەتی نەتەوەیی تێپەڕێنێت و هەنگاو بنێت بەرەو ئاستێکی باڵاتری ئاڵوگۆڕ و پشتبەیەکبەستن لەڕووی ئابوری و سیاسی و کلتوریەوە لەنێوان دەوڵەتان بە ئاڕاستەی بەجیهانیبوون. کەواتە لەم پرسەدا جیهانگیریی و کۆزمۆپۆلیتانیزم هاوڕا و دەست لەناو دەستن بۆ لاوازکردنی سەروەری دەوڵەتان و کە پرەنسیپێکی گرنگە لە دیدگای کۆمەڵگەراییەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، پێشنیارێکی واقیعیان نیە بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی جیهانی تا بتوانێت لەڕووی ئەخلاقی و دامەزراوەییەوە بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و ببێتە جێگرەوەی دەوڵەت. ئەوەی ئەوان پێشنیاری دەکەن تەنها لەچوارچێوەی یۆتۆپیایەکی سیاسیدا ماوەتەوە و نەتوانراوە ئەزموون بکرێت. هەرچەندە ژمارەیەک لە وڵاتان هەوڵیان داوە لەڕووی ماف و ئازادیەکان و پرسی وەرگرتنی پەنابەران و بەخشینی مافی هاوڵاتیبوون بەئاڕاستەی جیهانگەرایی هەنگاو بنێن، بەڵام بەهۆی ئەو ئاڵنگاری

و ئاریشە زۆرانەی ڕووبەڕوویان بووەتەوە بەشێکی زۆریان پاشەکشەیان کردووە و گەڕاونەتەوە بۆ قۆناغی پاراستنی سەروەری دەوڵەتەکانیان.

## داخوازی دووەم
## واڵاکردن یان داخستنی سنورەکان

دووەم ئاڵنگاری کە جیهانگیریی ڕوبەڕووی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمی کردوەتەوە بریتییە لە واڵاکردن یان داخستنی سنورەکان. وەک لە بەشی پێشودا باسمان کرد، جیهانگیریی و ئامڕازەکانی لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ کەمکردنەوەی سەروەری دەوڵەت و واڵاکردنی سنورەکان بەڕووی بازرگانی ئازاد و دیاردەی کۆچ و هاتوچۆی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. ئەم ویستەی جیهانگیریی هەرچەندە ڕەهەندێکی بازرگانی و ئابوری هەیە، بەڵام چەندین لێکەوتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری هەیە.

گرنگترین ئەو پرسانەی کە بەهۆی جیهانگیریی و واڵاکردنی سنوەرەکانەوە لەنێوان کۆمەڵگەڕا و کۆزمۆپۆلیتانەکان مشتومڕی ناوەتەوە بریتن لە: دیاردەی کۆچی نایاسایی، بازرگانی ئازاد، ئاڵوگۆڕی سەرمایە و وەبەرهێنانی جیهانی، پرسی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا، پرسی تیرۆر و توندوتیژی (دەستێوەردانی مرۆیی)، پرسی بەهاکان (وەک مافی مرۆڤ، یەکسانی جێندەری)، هەژمونی سیاسی (لەڕێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان)، درم و نەخۆشیە گوازراوەکان، تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان (وەک ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا)، مەترسیەکانی ئاسایش (تیرۆری نێودەوڵەتی) (Koopmans & Zürn, 2001).

سەبارەت بە واڵاکردنی سنورەکان، تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم تەواو ناکۆکن و بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە هەنگاو دەنێن. کۆزمۆپۆلیتانەکان کە لە هەمان کاتدا بە جیهانگەرا (Universalist) ناسراون لەم پرسەشدا هاوڕان لەگەڵ ڕەوتی جیهانگیریی بڕوایان وایە کە دەبێت سنورەکان بە ڕووی هەمواندا کراوەبێت تا بە ئاسانی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت. لە بەرامبەردا کۆمەڵگەراکان لەگەڵ ئەوەدان کە سنوری دەوڵەتان وەک خۆی بە دیاریکراوی و داخراوی بمێنێتەوە، پاساویشیان بۆ ئەم بابەتە سێ فاکتەری سەرەکیە (Globalization, n.d.)· یەکەم، بۆچونیان وایە کە چەمکی عەدالەت تەنها لە سنوری دەوڵەتدا بەدی دێت و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت. دووەم، سنوری داخراو لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە پارێزراوترە. سێیەم، سنوری داخراوی دەوڵەت ڕێگری لە شێواندن و لەناوچوونی شوناس و کلتور و تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان دەگرێت.

کۆمەڵگەرا و کۆزمۆپۆلیتانەکان لە ڕوانگەی مەترسی و دەرفەتەوە هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری جیهانگیریی بۆ واڵاکردنی سنورەکان دەکەن. هەر بۆیە کۆمەڵگەراکان و ئەوانەی دژی جیهانگیریین، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ داخستنەوەی سنوری دەوڵەتان چونکە بروایان وایە واڵاکردنی سنورەکان مەترسیەکانی لە دەرفەتەکانی زیاترن. لەبەر ئەمەش زۆرجار کۆمەڵگەراکان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە هاندەری ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمن. بۆ نمونە ڕود کوپمانز و مایکل زورن ڕەخنە دەگرن و دەڵێن کە دەستەواژەی "کۆمەڵگەرایی" بە ئەدەبەوە بەکاردێت بۆ چەسپاندنی هەندێ تایبەتمەندی نەخوازراوی وەک ڕەگەز پەرستی و شۆڤێنیزم، چونکە کۆمەڵگەرایی گرنگی نادات بەوەی کە مرۆڤ دەیەوێت چ جۆرە پێوەرێکی ئەخلاقی یان فەلسەفی جێ بەجێ بکات، یاخود دەیەوێت چی بکاتە بەها بۆ خۆی (Koopmans & Zürn, 2001).

پاشان ئەوەی خەمی گەورەی کۆمەڵگەراییە لەمەڕ پرسی واڵاکردنی سنورەکان کە جیهانگیریی بواری بۆ دەڕەخسێنیت بریتییە لە پرسی ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەتان لەگەڵ لەناوچونی ناسنامە و کلتور و تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان (Bouzov, 2015). سەبارەت بە ئاسایش و سەقامگیری، کۆمەڵگەراکان بڕوایان وایە کرانەوەی سنورەکان چەندین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان دروست دەکات لە نمونەی سەرهەڵدانی تیرۆر و تەراتێنی دەزگاکانی هەواڵگری و بڵاوبوونەوە و تەشەسەندنی نەخۆشیە گوازراوەکان لە نمونەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە سەرجەم وڵاتانی جیهانی ناچارکرد سنورەکانیان دابخەن. خەمی دووەمی کۆمەڵگەرایی بریتییە لە کاریگەری جیهانگیریی و واڵاکردنی سنورەکان لەسەر کاڵبوونەوەی بەهاکانی کۆمەڵگا و لەناوچونی ناسنامە و کلتور و زمانی نەتەوەکان و سڕینەوەی جیاوازیەکان بەمەبەستی یەکڕەنگکردن و هاوشێوەبوونی کۆمەڵگاکان (Homogenization)، کە بە بڕوای کۆمەڵگەرایی ئەم هەنگاوە کۆمەڵگا مرۆییەکان لەبن دەهێنێت.

لە بەرامبەردا کۆزمۆپۆلیتانەکان بۆچونیان وایە کە واڵاکردنی سنورەکان هیچ مەترسیەک بۆ سەر دەوڵەت دروست ناکەن بەڵکو چەندان دەرفەتی ئابوری و سیاسی و کلتوری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەڕەخسێنن (Karacasulu & Karakir, n.d.). پاساوی ئەمانیش بریتییە لەوەی کە دەوڵەتان لە ڕووی ئابوریەوە پشت بە یەک دەبەستن و پێویستیان بە هاریکاری یەکترە لەڕووی سەرچاوەی مرۆیی و سروشتی و داراییەوە. هەروەها جەختیش لەوە دەکەنەوە کە پرسی عەدالەت بابەتێکی ئەخلاقیەوە و ناکرێت لەچوارچێوەی سنوری دەوڵەتدا قەتیس بکرێت، بەڵکو ئەوە پرسێکی جیهانیە و پێویستە عەدالەت وەک مافێکی گەردونی هەموو مرۆڤەکان بگرێتەوە.

هەر بۆیە کۆزمۆپۆلۆیتانەکان لەسەر پرسی عەدالەت، پشتیوانی لە تێزی "پەردەی غافڵانەی" فەیلەسوفی لیبراڵی ئەمەریکی جۆن ڕاوڵز دەکەن، کە بڕوای وایە بۆ بەدیهێنانی عەدالەت، پێویستە لایەنەکان پەردەی نائاگایی بدەن بەسەر خۆیاندا بەجۆرێک بێ ئاگابن لە جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی و ماددی خۆیان، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی تێزی کۆمەڵگەراکانە کە جەخت لە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگەکان دەکەنەوە (Rawls, 1999). بەدیوێکی دیکەدا ئەوەی ڕاوڵز لەم تێزەیدا بەدوایدا وێڵە بریتییە لە بەدیهێنانی "عەدالەتی جیهانی" (Universal Justice) کە سنورەکانی دەوڵەت تێدەپەڕێنێت و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو مرۆڤەکان دەڕەخسێنێت.

دواجار ئەوەی جیهانگیریی ئامانجێتی کرانەوەی زیاتری سنورەکانە بەڕووی مرۆڤ و کاڵا و بەهاکاندا، کە ئەمەش ئاڵنگاریەکی راستەقینەیە بۆ سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و کلتور و ناسنامەیان. لە هەمان کاتدا واڵاکردنی سنورەکان خواست و ئامانجی کۆزمۆپۆلیتانەکانە کە دەیانەوێت هیچ بەربەستێک لەبەردەم ئاڵوگۆڕ و هاتوچۆی ئازادانەی مرۆڤەکاندا نەمێنێت و "حکومەتێکی جیهانی" دروست بکرێت لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و دادپەروەری جیهانی. بەڵام هێشتا ئەو پرسیارە بە کراوەیی دەمێنێتەوە ئایا کێ بەرپرسیاریتی ئەخلاقی لە ئەستۆ دەگرێت لە دۆخی کرانەوە یان داخستنی سنورەکان؟ ئایا کۆمەڵگا و دەوڵەت بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن وەک کۆمەڵگەراکان بانگەشەی بۆ دەکەن یاخود ئەو قەوارە جیهانیەی کۆزمۆپۆلیتانەکان خەونی پێوە دەبینن؟

## داخوازی سێیەم
## بەها و کلتور و ناسنامە

یەکێکی دیکە لەو ئاڵنگاریانەی کە جیهانگیریی دوچاری تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمی دەکاتەوە بریتییە لە پرسی بەها و کلتور و ناسنامەکان. هەرچەندە بینیمان دیدگای کۆمەڵگەرایی بەتایبەت کۆمەڵگەرا نوێیەکان کرانەوەیەکی زۆریان پێوە دیار بوو سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو کرانەوەیەدا، کۆمەڵگەرایی نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەرەوپێشچونەکانی جیهانگیریی دەردەبڕێت، چونکە پێیوایە جیهانگیریی ئەگەری لاوازبوونی ناسنامە و بەهاکان زیاتر دەکات، وە هەندێک ئەکتەر لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا زیاتر لە هەندێکی دیکە لە جیهانگیریی سوودمەند دەبن.

تیۆری کۆمەڵگەرایی جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو کۆمەڵگایانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەدان دوو خەسڵەتی بنەڕەتیان هەیە: خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی دیاریکراون، جۆرێک لە هاوسۆزی کۆمەڵایەتی (Solidarity) پێکیانەوە دەبەستێتەوە (Pesqueux, 2017). هەر بۆیە کۆمەڵگەراکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە جیهانگیریی ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەرەو کاڵبوونەوە دەبات و بایەخی ئەو جۆرە ناسنامەیە لەبەرچاو ناگرێت. بەڵام پێشنیاری جیهانگیریی لەم بارەیەوە لەگەڵ پێشنیاری کۆزمۆپۆلیتانیزمدا یەک دەگرێتەوە کە ئەویش هەڵگرتنی ناسنامەی "بەکاربەری جیهانی" یاخود "هاوڵاتی جیهانی"ە، بەجۆرێک لە هیچ کوێیەکی جیهاندا مرۆڤ نابێتە بێگانە.

سەبارەت بە پرسی هاوسۆزی یاخود هاودەنگی کۆمەڵایەتیش، جیهانگەراکان پێشنیاری ئەوە دەخەنە ڕوو کە سیستەمی دڵنیایی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی (Social Insuarance) جێگرەوەیەکی گونجاوە بۆ پرسی هاوسۆزی کۆمەڵایەتی کە چیتر ئەو ئەرکە نەکەوێتە سەر شانی کۆمەڵگا و دەوڵەت لەئەستۆی بگرێت. بەڵام لێرەدا جۆرێک لە هاودژیەکبوونی هزری بەدی دەکرێت چونکە ئەوە دامەزراوەکانی دەوڵەتن کە سەرپەرشتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان دەکەن و هیچ دەزگایەکی نێودەوڵەتی نیە کە ئەو کارە جێبەجێ بکات (Pesqueux, 2017). ئەمەش ڕەخنەیەکی کۆمەڵگەراکانە لە جیهانگەراکان کە لەلایەک بانگەشەی بەجیهانی بوون دەکەن لە لایەکیش ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان دەخەنە ئەستۆی دەوڵەت.

زۆرجار ئاستەنگی بەردەم کۆزمۆپۆلیتانیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتە ئایدیالیستیەی کە هەیەتی بە جەختکردنەوە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونی جیهانی (Universal Citizenship) و بەها گشتگیرەکان (Universal Values) کە وەک خەون یان یۆتۆپیایەک حیساب و خوێندنەوەی هەیە بۆ واقیعی دەسەڵات و بەرژەوەندی دەوڵەتان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا (Calhoun, 2008). بەڵام هێشتا ئاستەنگی گەورەی ڕێبازەکە بابەتی سەروەری دەوڵەتە، کە دەوڵەتان بەرەنگاری کۆزمۆپۆلیتانیزم دەبنەوە بۆ پاراستنی سەروەری خۆیان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گرژی لە نێوان حکومڕانی لە ئاستی جیهانی و لۆکاڵی. لە هەمان کاتدا جەختکردنەوەی کۆزمۆپۆلیتانیزم لەسەر بەها گشتگیرەکان لە ئاستی جیهانیدا ئاڵنگاریەکی دیکەی بەردەم ئەم تیۆرەیە چونکە زۆرجار بەهای گشتگیر وەک بەهای ڕۆژئاوا-سەنتەر لێک دەدرێتەوە.

هەر سەبارەت بە ئاڵنگارییەکانی جیهانگیریی، بیرمەندی ناسراوی ئەمەریکی، مایکڵ دۆیل بە تەواوی دژی پارادایمی جیهانگیریی و سەپاندنی کاپیتالیزمە لەناو دیدگای لیبراڵیزمدا، کە ئەگەر ورد لێی بڕوانین بۆچوونەکەی هەمان بۆچوونی کۆمەڵگەراییە (Doyle, 2000). دۆیل باسی ئەوە دەکات کە گرنگە بزانین کە گۆڕانکاری لە بازاڕی ئازاد لە ئاستی نیشتمانی یان جیهانی دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و نۆڕمەکان، لە هەمووشی گرنگتر پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە تێک بچێ، کە بە قووڵی لە پلەبەندیی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا چەسپاوە. دۆیل دەڵێت کاتێک کە هەر سێ پێکهاتەی زەوی، کار و سەرمایە وەک کاڵا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، دەرئەنجامەکەی بریتییە لە ڕەگهەڵکێشانی کۆمەڵگە دامەزراوەکان، ژیانی گوندەکان، داینەمیکی ناوچەیی، پەیوەندی چینایەتی و پیشەسازی، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە جیهاندا.

ئاماژە بەوەش دەکات لە ئەنجامدا بازرگانی ئازاد دۆخێک دروست دەکات کە بۆ نمونە جوتیاران ناڕازی و نیگەران دەبن بەوەی کە نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان دادەبەزێت و کاڵاکانیان ساغ نابێتەوە، کاتێک بەرهەمی دەرەکی دەهێنرێتە ناوەوە و کێبڕکێ و ڕکابەری لەنێوان نرخەکان دروست دەبێت. بەڵام بە بڕوای ئەو لەبەر ئەوەی جوتیاران بەگشتی باش خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەم پێشهاتانە، بەرەنگاری ئەو جۆرە ئاڵنگاری و گۆڕانکارییەکانە دەبنەوە. کرێکارانیش بە هەمان شێوەی جوتیاران نایانەوێت کێبڕکێ بکەن لەگەڵ ئەو کرێکارانەی کە بە داهاتی کەم ڕازی دەبن و لە دەرەوەی سنوری دەوڵەتەکانیان دێن بۆ کارکردن. ئەمانەش دواجار ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەخاتە بەر هەڕەشەی جددی و کۆمەڵگاکان شوناسی خۆیان لەدەست دەدەن.

پاشان وەک پێشتر لە پێناسەکانی جیهانگیریدا ئاماژەمان پێکرد، یەکێک لە خەسڵەتەکانی جیهانگیریی بریتییە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوشێوەبوون لەنێوان گروپ و کۆمەڵگە و دامودەزگاکاندا. ئەمەش بەو مانەیە دێت کە تاک و کۆمەڵگاکان شوناس و کلتور و بەهاکانی خۆیان لەدەست دەدەن و دەچنە ژێر ڕکێفی شەپۆلەکانی جیهانگیریی. هۆکاری ئەم لاوازبوونەی ناسنامەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوو لە سەرەکیترین ڕەگەزەکانی جیهانگیریی کە بریتی بوون لە "بە ڕۆژئاواییبوون" (Westernization )و "نوێگەری" (Modernization). لە ژێر چەتری یەکەمیاندا کە "بە ڕۆژئاواییبوونە" بەهاکانی ڕۆژئاوا زاڵ دەبن و دەست دەگرن بەسەر جیهاندا. لە ژێر چەتری دووەمیشدا کە "نوێگەری"ە نەریت و ڕەفتار و بیروباوڕی کۆمەڵگا ڕووبەڕووی تەحەدا و هەڕەشەی لەناوچوون دەبنەوە.

هەروەها کاریگەری شۆڕشی تەکنەلۆژی و زانیاری کە خەسڵەتێکی دیکەی جیهانگیرییە، کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگاکان. سەرهەڵدانی ئەنتەرنێت و سۆشیال میدیا کە جیهانی کردووە بە گوندێکی بچوک ئاڵنگاری ناسنامەی کۆمەڵگا نەریتیەکان دەکات و هانی تاک دەدات بۆ دەرچوون لە "لۆکاڵیبوون" و هەنگاو نان بۆ "جیهانیبوون" بە دروشمی "جیهانیانە بیرکەرەوە و لۆکاڵیانە کار بکە" ( Think globally, act locally) (Norberg-Hodge & Local Futures. 2010) . چیتر ناسنامەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سنورە فیزیکی و جوگرافیەکان پێوەر نین بۆ ئەندام بوون لە کۆمەڵگادا، بەڵکو ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان مرۆڤی هاوچەرخی کردووە بە ئەندام لە چەندین گروپی لۆکاڵی و هەرێمی و جیهانی سنوربڕ کە کۆمەڵێک بەها و ئامانجی هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت.

سەبارەت بە فراوانبوونی تەکنەلۆژیا و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، توێژەری ناسراو بواری مرۆڤناسی ئارجون ئاپادورای بڕوای وایە گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن و دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ کاریگەری گەورەی دروستکردووە لەسەر گۆڕینی کلتور و ناسنامەی گەلان بەجۆرێک کۆمەڵە کەسێک لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە خەون و ئامانجەکانیان پێکەوە بەش دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ سنورێکی فیزیکی پێکیانەوە ببەستێتەوە (Appadurai, 2001 ). بەم جۆرەش کلتور و ناسنامەی گەلان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی سڕینەوە چونکە ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگە چیتر پابەند نابن بە کلتوری لۆکاڵی کۆمەڵگاکانی خۆیان و وێڵی ناسنامەیەکی نوێی جیهانی دەبن.

یەکێکی دیکە لە کاریگەریەکانی جیهانگیریی لەسەر ناسنامە و کلتوری گەلان بریتییە لە باڵادەستبوونی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی کە لە هەندێک وڵات وەک زمانی دووەم و لە هەندێکی دیکەش بووەتە زمانی یەکەمی کۆمەڵگا (BIANCO, 2014). هۆکاری هەژموونی زمانی ئینگلیزیش دەگەڕێتەوە بۆ ئامڕازەکانی جیهانگیریی کە خۆی دەبینێتەوە لە هەژمونی سیاسی ئەمەریکا بەسەر جیهاندا، گەشەسەندنی دیاردەی کۆچ، شۆڕشی تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا، کاریگەری کۆمپانیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان. لە هەندێک وڵات زمانی ئینگلیزی بووەتە زمانی سەرەکی لە ناوەندەکانی خوێندن، ئەمەش بووەتە هۆی پشتگوێخستنی زمانی دایک یاخود زمانی فەرمی نەتەوە لەلایەن زۆرینەی دەستەبژێری کۆمەڵگاوە و دواجار کێشەی ناسنامەی و سڕینەوەی کلتوری لەو کۆمەڵگایانەدا دروست کردووە.

بەکورتی کاڵبونەوەی کلتوری ناسنامەی گەلان وەک لێکەوتەیەکی جیهانگیریی لە بەرژەوەندی دیدگا و جیهانبینی کۆزمۆپۆلیتانەکان شکاوەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بووەتە ئاڵنگاریەکی جەوهەری بۆ دیدگای کۆمەڵگەرایی. جیهانگیریی لەم پرسەدا هاوکاریەکی بەرچاوی تیۆری کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات و پەرپێدەری هزری "هاوڵاتی جیهانی"ە کە خەونی جیهانگەراکانە.، بەڵام ئەمە مەترسیەکی بەرچاو لەسەر بەها و ناسنامە و کلتوری تایبەتی گەلان دروست دەکات کە بناغەی تیۆری کۆمەڵگەراییە. جیهانگیریی لەڕێی ئامڕازی سەرمایەداری،

بەرۆژئاواییبوون، نوێگەری، شۆڕشی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئاڵنگاری گەورە بۆ ناسنامەی کۆمەڵگەکان دروست دەکات کلتور و زمان و شوناسی کۆمەڵایەتی گەلان دەخاتە بەر مەترسی سڕینەوە و لەناوچوون.

## داخوازی چوارەم
## دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ و مافی هاوڵاتیبوون

یەکێکی دیکە لەو ئاڵنگاریانەی کە تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم دوچاری دەبێت بەهۆی جیهانگیرییەوە بریتییە لە دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ و چۆنێتی داڕشتنەوەی مافی هاوڵاتیبوون. وەک پێشتر وتمان، یەکێک لە خواستەکانی جیهانگیریی کە لەگەڵ خواستی کۆزمۆپۆلیتانەکان هاوتا دەبێت بریتییە لە ئاوەڵاکردنی سنورەکان بە ڕووی ئاڵوگۆڕی کاڵا و هاتوچۆکردنی ئازادانەی مرۆڤەکاندا بەجۆرێک هیچ مرۆڤێک لەسەر زەویدا خۆی بە بێگانە نەزانێت. ئەمەش وادەکات چیتر مرۆڤەکان وابەستە نەبن بە کۆمەڵگاکانی خۆیانەوە و مافی هاوڵاتیبوون لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی یاخود نیشتەجێبوون لە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێی جوگرافی نەمێنێت، بەڵکو کۆمەڵگای فرە کلتور (Multi-Culturalism) بێتە ئاراوە و مرۆڤەکان ببنە خاوەنی مافی هاوڵاتیبوونی جیهانی (Universal Citizenship)( .(Haukvik, 2015

دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ لە وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە سەریهەڵدا و ژمارەیەکی زۆر کۆچبەر ڕویان کردە وڵاتانی ڕۆژئاوا. دیارترین هۆکارەکانی کۆچکردنیش بریتی بوون لە جەنگ، هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ماف و ئازادیەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا (Mitsilegas, 2012). هەروەها تەکنەلۆژیای سەردەم و سۆشیال میدیا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر زیادبوونی دیاردەی کۆچ هەبووە، بەجۆرێک هاوڵاتیانی جیهانی سێیەم لەڕێی میدیای سەردەمەوە ئاشنابوون بە ئارامی و خۆشگوزەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەمەش هەستی "قایل نەبوون بە دۆخی ئێستا"ی لا دروست کردوون و بووەتە پاڵنەری کۆچکردنیان (Haukvik, 2015). دواجار زیادبوونی کۆچی بەکۆمەڵ ئاڵنگاری گەورەی بۆ وڵاتانی بەرهەمهێن و خانەخوێی کۆچبەران دروست کردووە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کۆچدا بکەن؛ چۆن ڕێگری لە گەشەسەندنی دیاردەی کۆچ بکەن و بە چ پێوەرێک مافی هاوڵاتیبوون بە کۆچبەران ببەخشن.

بەگوێرەی ڕاپرسیەک کە لە ژمارەیەک وڵاتانی جیهان لەلایەن ڕێکخراوی کاری جیهانی (International Labour Organization) ئەنجامدراوە کە لەپێناو ڕەخساندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافی کرێکاران خەبات دەکات، دیاردەی کۆچکردن دوو ئاریشەی ڕووبەڕووی وڵاتانی جیهان کردوەتەوە ( Views & Perceptions, n.d.). یەکەم، هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانەی بەدەست هەژاریەوە دەناڵێنن و ڕێژەی داهاتیان کەمە گازندەی ئەوە دەکەن کە بەربەستی گەورە لەبەردەمیاندا هەیە بۆ کۆچکردن بۆ وڵاتانی خاوەن پیشەسازی و گەورە بەرهەمهێنەکان. هەروەها کاتێکیش دەچنە ئەو وڵاتانە وەک پێویست کاریان پێنادرێت و بە چاوێکی کەمتر سەیر دەکرێن، بە تایبەت پەنابەرە ژنەکان ڕووبەڕووی چەوساندنەوە دەبنەوە. دووەم، وڵاتانی خاوەن پیشەسازیش ڕەخنەی ئەوە لە کۆچبەران دەگرن کە پابەند نین بە ڕێنمایی و یاساکانی وڵات و هەندێک جار دەبنە هۆی تێکدانی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ناتوانن خۆیان لەگەڵ ژینگەی ئەو وڵاتانەدا بگونجێنن.

بە گوێرەی تیۆری ئەخلاقی (Normative Theory)، هەردوو تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلۆتانیزم ڕوانگەی جودایان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کۆچکردن. کۆزمۆپۆلیتانەکان بڕوایان بە مافی "هاوڵاتیبوونی جیهانی" هەیە کە هەموو مرۆڤێک بەشیوەیەکی یەکسان مافی ئەوەی هەیە لەهەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بیەوێت بژی. بەڵام کۆمەڵگەراکان بڕوایان بە مافی "هاوڵاتیبوونی نەتەوەیی" هەیە کە مرۆڤ تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەتوانێت داوای ماف و ئازادیەکانی بکات. هەرچەندە مافی کۆچبەران بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان پارێزراوە کە خواستی سەرەکی کۆزمۆپۆلیتانەکانە، وەرگرتنی کۆچبەران و مانەوەیان لە وڵاتانی میواندارد لەژێرە ڕکێفی سەروەری دەوڵەتەکاندا دەمێنێتەوە کە ویستی کۆمەڵگەراکانە.

بەڵام لە هەمان کاتدا دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ بووەتە ئاڵنگارییەک بۆ دیدگای کۆمەڵگەرایی لە چوار ڕەهەندەوە. یەکەم، دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ یان نایاسایی سەروەری وڵاتانی خستووەتە بەردەم مەترسی و سنوورەکانی تەواو کاڵکردوەتەوە. دووەم، دیاردەی کۆچ قەیرانی ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسی لە وڵاتانی خانەخوێ دروست کردووە. سێیەم، دیاردەی کۆچ بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای وڵاتان و پرسی بەها و کلتور و ناسنامەی نەتەوەکانی خستووەتە بەردەم مەترسی لەناوچوون و بیری ڕەگەزپەرستی زیندووکردۆتەوە. چوارەم، لەڕووی ئابووریەوە، دیاردەی کۆچ مەترسی لەسەر بژێوی هاوڵاتیانی وڵاتەکە و ڕێژەی دەستەبەری کار و داهات و خەرجی گشتی وڵاتەکە دروست کردووە.

سەرەڕای ئەم ئاڵنگاریانەی کە دیاردەی کۆچ ڕووبەڕووی کۆمەڵگەرایی کردووەتەوە، لە هەمان کاتدا ئەرکی پاراستنی مافی کۆچبەران و گەشەسەندنی دراماتیکی دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ ئاڵنگاری واقیعی بۆ دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزم دروست کردووە لەم سەردەمەدا. لەگەڵ ئەوەی هۆکاری ئاوارەبوونی خەڵک بەهۆی جەنگ و هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتیەوەیە، ئەمڕۆ نوخبەی ئابووری و سیاسی لە جیهاندا خۆی دەشارێتەوە لە پابەندبوون بە مامەڵەکردن و هاوکاریکردنی کۆچبەران بەشێوەیەکی یەکسان، ئەمەش پرەنسیپی فرە کولتوری (Multi-Culturalism) کە لەلایەن کۆزمۆپۆلیتانەکانەوە پەرەی پێدەدرێت پوچەڵ دەکاتەوە (Meraz, 2018). بەم جۆرەش گەشەی دیاردەی کۆچی نایاسایی و ئەرکی لە ئەستۆگرتنیان واقیعێکی دروستکردووە کە دەوڵەتان دوور بکەونەوە لە خەونی کۆزمۆپۆلیتانەکان بۆ قبوڵکردنی زیاتری کۆچبەران و بەدیهێنانی بنەمای"هاوڵاتیبوونی جیهانی". ئەمەش وایکردووە کە دەوڵەتان بگەڕێنەوە بۆ بنەمای سەروەری دەوڵەت و مافی "هاوڵاتیبوونی نەتەوەیی" و داخستنی سنورەکان بە ڕووی کۆچبەراندا کە پێشنیار و ڕێگەچارەی کۆمەڵگەراکانە (Bouzov, 2015).

کەواتە سەرەڕای کاریگەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک یاساکانی یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوی (UNHCR) کە هاوکاری مرۆیی پێشکەش بە پەنابەران دەکەن، دیاردەی کۆچ دەریدەخات کە سیستەمی نێودەوڵەتی هێشتا پشت بە سەروەری دەوڵەتان دەبەستێت و لەسەر بنەماکانی کۆمەڵگەرایی دامەزراوە نەک بنەماکانی جیهانگیریی و کۆزمۆپۆلیتانیزم. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە پرسی کۆچبەران تەنها لەژێر کاریگەری یاسا و ڕێسا نێودەولەتیەکاندا نیە، بەڵکو چەندین فاکتەری دیکەی وەک سیستەمی حکومڕانی وڵاتان، دیدگای پارتە سیاسیەکان، ڕای گشتی، ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەموو کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دیاردەی کۆچ و چۆنێتی مامەڵکردن لەگەڵ کۆچبەران (Haukvik, 2015). زۆرێک لە دەوڵەتان ئێستا لەنیوان دوو بەرداشدا ماونەتەوە؛ ئایا بەرژەوەندی هاوڵاتیان و ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان لەبەرچاو بگرن یاخود خزمەتی کۆچبەران بکەن و پابەند بن بە یاسا نێودەوڵەتییەکان، کە بێگومان زۆرێک لە وڵاتان یەکەمیان هەڵبژاردووە.

لەم چوارچێوەیەشدا، زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت ئەڵمانیا و بەریتانیا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، چیتر ئامادە نین چوونی پەنابەر بۆ وڵاتەکانیان قبوڵ بکەن و مافی مانەوە و هاوڵاتیبوونیان پێ ببەخشن، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دژی خواستی جیهانگەراکانە. تەنانەت یەکێک لە فاکتەرەکانی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا کە بە (Brexit) ناسراوە بریتی بوو لەو یاسا و کۆت و بەندانەی یەکێتیەکە سەبارەت بە وەرگرتنی پەنابەران و دابینکردنی هاوکاری مرۆیی و مافی مانەوە و نیشتەجێبوون بە سەر وڵاتانی ئەندامدا دەیسەپاند

(Neidhardt, 2022). لە هەمان کاتدا چەندین گروپی توندئاژۆی ڕاستڕەو و ڕەگەزپەرست لە ئەوروپا سەریانهەڵداوە کە دژ بە هاتنی شەپۆلی پەنابەرانن چونکە وەک مەترسیەک دەیانبینن بۆ سەر ئاسایشی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری وڵاتەکانیان، کە ئەمەش دەچێتە خانەی بەرژەوەندی کۆمەڵگەراکانەوە.

دواجار دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ یەکێکی دیکەیە لەو ئاڵنگاریانەی جیهانگیریی ڕووبەڕووی دیدگای کۆمەڵگەرایی کردۆتەوە کە بووەتە هۆی لاوازبوونی سەروەری دەوڵەت، سەرهەڵدانی کێشەی ئاسایش و سەقامگیری، کاڵبوونەوەی بەها و کلتوری کۆمەڵایەتی گەلان لە جیهاندا. هەرچەندە لە سەرەتادا سەرهەڵدانی دیاردەی کۆچ ببووە جێگەی دڵخۆشی کۆزمۆپۆلیتانەکان، بەڵام لەگەڵ  گەشەسەندی زیاتری دیاردەکە و ئەو لێکەوتە نەرێنیانەی لەسەر وڵاتانی خانەخوێ بەجێیهێشت، بووە هۆکاری ئەوەی خەونی "هاوڵاتیبوونی جیهانی" کە ئایدیالی کۆزمۆپۆلیتانەکان بوو لەبارچێت و جارێکیتر دەوڵەتان پێداچوونەوە بە یاساکانیان بکەن بۆ وەرگرتنی پەنابەر و بەخشینی مافی هاوڵاتیبوون پێیان. لەم سۆنگەیەوە، زۆرێک لە وڵاتانی خانەخوێ بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن کە پێشنیاری کۆمەڵگەراکان بەرجەستە بکەن ئەویش لەڕێی پارێزگاریکردن لە سەروەری وڵاتەکانیان و پێشەنگیدان بە بەرژەوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری هاوڵاتیەکانیان و داخستنی سنورەکان بەڕووی کۆچبەراندا.

## دەرئەنجام

بەگوێرەی ئەو ئاڵنگاریانەی جیهانگیریی کە لە سەرەوە خستمانە ڕوو، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دیاردەی جیهانگیرییدان، ئەمەش بووەتە پاڵپشت و گەشەپێدەرێک بۆ دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزم، لەکاتێکدا چەندین ئاڵنگاری ڕاستەقینەی بۆ دیدگای کۆمەڵگەرایی دروستکردووە، کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشکمان خستە سەر چوار ئاڵنگاری بنەڕەتییان. ئەمە ئاڵنگارییانەی جیهانگیریی وایکردووە دابەشبوون و ناکۆکی و لێکترازانی زیاتر لەنێوان هەردوو تیۆرەکەدا دروست ببێت، بەجۆرێک نێوەندگیری و دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەش لە نێوانیاندا ئەستەم بووە، کە ئەمەش پێچەوانەی دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشترە کە بە گەشبینیەوە دەیانڕوانیە لێکنزیکبوونەوە و ئاویتەکردنی هەردوو تیۆرەکە لە کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

یەکەم ئاڵنگاری جیهانگیریی بۆ دیدگای کۆمەڵگەرایی بریتی بوو لە کەمکردنەوەی سەروەری دەوڵەت لە بەرامبەر فراوانبوونی بازاڕی ئازاد و پشت بەیەکبەستنی ئابووری و بەجیهانیبوون کە ئەمەش هەمان ئامانجی کۆزمۆپۆلیتانیزمە و دژی خواستی کۆمەڵگەراییە. بەڵام بەهۆی ئەوەی وڵاتان ڕووبەڕووی چەندین کێشە و ئاڵنگاری نوێ بوونەوە و جێگرەوەیەکی نێودەوڵەتی نەبوو بۆ گرتنەئەستۆی ئەرکەکانی دەوڵەت، وڵاتان گەڕانەوە بۆ بیرۆکەی بەهێزکردنەوەی سەروەری دەوڵەتەکانیان. ئاڵنگاری دووەمی جیهانگیریی بریتی بوو لە واڵاکردنی سنورەکان بەڕووی کاڵا و مرۆڤ و بەها و ئایدیاکاندا کە خواستێکی کۆزمۆپۆلیتانەکانە، کە ئەمەش مەترسی لەسەر کۆمەڵگاکان و ئاسایش و ناسنامە و بەها و کلتوریان دروست کردووە، ئەمەش وایکرد وڵاتان لەبری واڵاکردن سنورەکانیان دابخەن یاخود بە چەندین مەرج و یاسا توندتری بکەن.

سێیەم ئاڵنگاری جیهانگیریش بریتییە لە کاڵبوونەوەی بەهاکانی کۆمەڵگا و مەترسی لەناوچونی  و کلتور و زمان و ناسنامەیان و زاڵبوونی بەهاکانی ڕۆژئاوا کە ئەمەش ترسی گەورەی کۆمەڵگەراکانە لە جیهانگیریی بەدیهێنانی خەونی کۆزمۆپۆلیتانەکانە بۆ بەدەستهێنانەی "ناسنامەی جیهانی" کە هەموو مرۆڤەکان خاوەن ماف و ئازادی یەکسانن. چوارەم ئاڵنگاریش بریتییە لە گەشەسەندنی دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ و پرسی مافی هاوڵاتیبوون کە هەرچەندە سەرەتا وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر کۆمەڵگەرایی و دەرفەتێک بۆ کۆزمۆپۆلیتانەکان دەبینرا، بەڵام دواجار وڵاتان بەهۆی لێکەوتە نەرێنیەکانیەوە پاشگەزبوونەوە لە واڵاکردنی سنورەکانیان بە ڕووی کۆچبەراندا و بەخشینی مافی مانەوە و هاوڵاتیبوون بە پەنابەران، ئەمەش یوتۆپیای مافی "هاوڵاتیبوونی جیهانی" لای کۆزمۆپۆلیتانەکان لەباربرد.

## سەرچاوەکان

### کتێب

Adler, E. (2004). *Communitarian International Relations: The Epistemic Foundations of International Relations". Routledge.*

Appadurai, A. (Ed.). (2001). *Globalization*. Duke University Press.

Avineri, S., & De-Shalit, A. (n.d.). *Communitarianism and Individualism*.

Bell, D. (2024). Communitarianism. In E. N. Zalta & U. Nodelman (Eds.), *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Summer 2024). Metaphysics Research Lab, Stanford University.

Koopmans, R., & Zürn, M. (2001). Cosmopolitanism and Communitarianism-How Globalization is Reshaping Politics in the Twenty-First Century. In *The Struggle over Borders. Cosmopolitanism and Communitarianism* (pp. 1–34). New York, NY: Cambridge University Press.

Moravcsik, A. (1992). *Liberalism and International Relations Theory". No. 92-96*. Cambridge, MA.

Rawls, J. (1999). *A Theory of Justice* (2nd ed.). London, England: Oxford University Press.

Hooft, V. (2014). *Cosmopolitanism: A Philosophy for Global Ethics"*.

یس، ئەلسید (2008).جیهانێتی وجیهانگیر ، وەرگێڕانی ئەحمەد قادر سەعید ، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.

### ئارتیکڵ

BIANCO, J. L. (2014). Domesticating the Foreign: Globalization's Effects on the Place/s of Languages. The Modern Language Journal, 98(1), 312–325. http://www.jstor.org/stable/43651760

Bonciu, F. (2017). The new characteristics of globalization and their impact on the design of a new international economic order. Global Economic Observer, 5, 08–15. Retrieved from http://www.globeco.ro/wp-content/uploads/vol/split/vol_5_no_1/geo_2017_vol5_no1_art_001.pdf

Bouzov, Vihren Ianakiev. (2015). Globalization and Cosmopolitanism: Some Challenges. Dialogue and Universalism, A Journal of the International Society for Universal Dialogue, Polish Academy of Sciences, Vol. XXV, pp.236-243; N. 2/2015, Available at SSRN: https://ssrn.com/abstract=2899409

N.d. Piie.com. Accessed December 9, 2024. https://www.piie.com/microsites/globalization/what-is-globalization.

Norberg-Hodge, H., & Local Futures. (2010, May 14). Globalisation versus community. Retrieved December 20, 2024, from Local Futures website: https://www.localfutures.org/globalisation-versus-community/

Pesqueux, Yvon. (2013). What is Globalization? The Paradoxes of the Economic and Political Substance of Markets. South Asian Journal of Business and Management Cases. 2. 1-15. 10.1177/2277977913480687.

Pogge, T. W. (1992). Cosmopolitanism and Sovereignty. Ethics, 103(1), 48–75. http://www.jstor.org/stable/2381495

Neidhardt, A.-H. (2022). Post-Brexit EU-UK cooperation on migration and asylum. Retrieved December 23, 2024, from Epc.eu website: https://www.epc.eu/en/projects/Post-Brexit-EU-UK-cooperation-on-migration-and-asylum~481714

Scheuerman, W. (2023). Globalization. In E. N. Zalta & U. Nodelman (Eds.), The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Spring 2023). Metaphysics Research Lab, Stanford University.

چەمکی کەسـێتی هێندە فراوانە، بەقەد فراوانییەکەشی پێناسـەی جۆراوجۆری بۆکراوە، هەر بۆیە زانایان و دەروونناسـان تا ئێسـتا لەسـەر پێناسـەیەکی جێگیر و دیاریکراو؛ هـاوڕانین، چونکە هەریەکەیان لە ڕوانگەی خۆی و بەپێی تیۆرێـك پێناسـەی دەکات، وەکو ڕوانگەی (دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەلسـەفی...)، لەم سـۆنگەیەوە زانایانی دەروونیی هەریەك لە گۆشـەیەك و بەپێی تیۆر و توێژینەوە دەروونییەکانی خۆیان و فەیلەسوفانیش هەریەك بەپێی بنەمایەکی فەلسەفی لەم چەمکە: (کەسێتی) دەڕوانن، لەوانە؛ فەیلەسوفی ڕۆشنگەرایی (ئیمانوێل کانت 1724- 1804) باوەڕی وایە؛ کەسـێتی (ئەو بوونە ژیرەییە، کە پێویسـتە هەبوونی خۆی بزانێت بەهۆی ئازادی و سۆز و ئەرکە ڕەوشتییەکانییەوە) (عبدالله، 2000، 32)، واتە هەر (کەسێتی)یەك لە ئاوەز و ڕەوشت پێکدێت، ئینجا هەر کەسێکیش ئەمانە: (ئاوەز و ڕەوشـــت)ی بەکارهێنا و پێیەوە پابەندبوو، ئەوە و گوفتاری ڕەنگدەداتەوە و لە ڕەفتاریشی بەدەردەکەوێت، کە ئەم کەسە، ڕێزی کەسێتی خۆی و ڕێزی بەرانبەری دەگرێت، بەمەش بە بەکارهێنانی ئەقل و ڕەوشـتەوە کەسـەکان دەتوانن کەسـێتی خۆیان بسـەلمێنن. لەلایەکی دیکە، بەشـێك لە دەروونناسـان وا پێناسـەی کەسـێتی دەکەن، کە بریتییە (لە سـیفەتە جەسـتەیی و ئەقڵی و ڕەوشـتییەکان لە دۆخی ئاوێتەبووندا لە نێوان خۆیاندا لە لایەك و ژینگە لەلایەکی دیکەوە، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ ئەو هەڵوێستە بێ شومارانەدا ئاوێتە دەبنەوە، کە یەکێك لەسەرەتای تەمەنەوە پێیدا تێپەڕ دەبێت تا کۆتایی ژیانی) (کەریم، 1989: 45)، ئەم بۆچوونەش گوزارشت لە زۆربەی بیروڕای زانایانی (دەروونناسی و کۆمەڵناس و زیندەوەرناسـان) دەکات، لەبارەی سـیفەتەکانی کەسـێتی، چونکە سـەرچاوەکانی ئەم زانسـتانە خودی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا هەریەکە لەم زانســتانە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و پێناسەکردنی تایبەتی خۆیان هەیە، لە لایەکی دیکە زانای دەروونیی بە ڕەگەز ئەمەریکی (گۆردۆن ئەلپۆرت 1897Gorrdon Allport- 1967) پێیوایە؛ کەسـێتیی (یەکەیەکی شـاراوەیە لە خودی تاك خۆیدا، ڕێکخسـتنێکی دینامیکییە و خۆی لە ئامادەکاری جەسـتەیی و دەروونییدا دەنوێنێت، کە دەستنیشـانی ڕێگای تایبەتی تاك دەکات بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگە و ڕەفتارکردن و بیرکردنەوەشـیدا) (رشـوان، 2006: 21)، لەم سـۆنگەوە کەسـێتیی سـەرجەم چالاکییە ڕەوشـتی و گۆڕانکارییە جەســتەیی و دەروونییەکان دەگرێتەوە و هەموویان وەك یەکەیەکی لێکبەسـتراو بەیەکەوە بۆ پێدانی ناسنامەی کەسێتی بە یەکێك، کاردەکەن، بەمەش هەر کەسێك و ناسـنامە و کەسـێتیی خۆی هەیە و لە هیچ کەسـێکی دیکە ناچێت، کەچی (جێمس دیوی واتسـن 1928James Dewey Watson- ..) پێیوایە: کەسـێتی (سروشـتێکی دینامیکی گۆڕاوی هەیە) (قەرەچەتانی، 2007: 300)، بەمەش ئەو زیاتر تیشك دەخاتەسەر جیهانی ناوەوەی مرۆڤ، کە بەپێی ڕووداو و کات و شوێن لە گۆڕاندایە و سروشتێکی جێگیری نییە.

زانای دەروونی (سیگمۆن فرۆید 1856Sigmund Freud- 1939) پێکهاتەی دروستبوونی هەر کەسێتییەك بۆ سێ ڕەهەند دەگێڕێتەوە، هەریەکیشیان تایبەتمەندیی خۆی پێدەدان، بەم شـێوەیە: ((1. ئەو-id: بریتییە لەو پاڵنەر و هێزە ناوەکییەی، کە لە ناخی مرۆڤدایە، 2. من-ego: پێوەندی بە تایبەتمەندییەکانی خۆگونجاندن و خۆ ڕێکوپێك کردنەوە هەیە، کەچی 3. منی باڵا-super ego: تایبەتە بە بەها ڕەوشتیی و ئاکارییە باڵاکان، کە پێوەندی بە ڕۆشـنبیریی خێزانەوە هەیە) (جرجیس، ۲۰۰۹: ۳۰۳- ۳۰٤ )، بەمەش دەربڕینەکان/ نووسـینەکان گوزارشـتن لە سـەرجەم کردارە دەروونییەکان، کە کەسـێتیی کەسـێك لە ڕێگای ئەم سێ ڕەهەندەوە بەدیار دەخات، هەروەها (لۆرانس کۆلبێرگ 1927Lawrence Kohlberg- 1987) وا پێناسـەی کەسێتیی دەکات، کە بریتییە لە (ڕێکخەرێکی تەواو، کە سەرجەم قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ ڕێکدەخات، ... کەسایەتییەکی گونجاوی کۆمەڵایەتیش خۆیان لەو تایبەتمەندییە تاکییە گرنگەکان دەبینێتەوە) لازاروس، 1981: 51).

بەگشـتی تەواوی تێڕوانین و پێناسـەکانی شـارەزایانی بواری دەروونناسـیی ئەوە پیشـاندەدەن، کە کەسـێتی تەواوی کردار و گوفتار و ڕەفتار و هەڵسـوکەوت و تایبەتمەندییەکانی کەسـێك دەگرێتەوە لە بارودۆخ و ڕووداو و کات و شـوێندا، کە لە کەسـەکە دەبینرێت و هەسـتپێدەکرێت، کەسـەکە دەبێتە کەسـایەتییەکی خاوەن ناسنامەی تایبەت بە خۆی، بەمەش لە کەسێتی کەسێکی دیکە جیای دەکاتەوە.

هەنـدێکی دیکە باوەڕیـان وایە: کەسـێتی مرۆڤ (پێکهاتەیەکە جووڵەییە و هەوڵدانێکی بەردەوامە لە پێناو سەرکەوتن لە نێوان ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤ و بنەماکانی کۆمەڵگە، کە بەسـەریدا سـەپاندووە) (جامی، 2004: 12)، لەم بیروبۆچوونەدا ئەوە دەردەکەوێت؛ کە لایەنگرانی ئەم ڕایە وەکو ئامێرێك سـەیری مرۆڤدەکەن، چونکە (کەس) ئەو شـتە دەکات، کە کۆمەڵگە یان داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەسـەریدا سـەپاندووە، ئەم جۆرە کەسـێتییەش لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشـتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرن، کەواتە لێرەدا کەسێتی مرۆڤ کەسێتییەکی لاسایکەرەوەیە.

لەگەڵ ئەو ڕۆڵە بەرفراوانەی، کە کەسـێتیی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیگێڕێت ئەم واتایە فراوان دەبێت، چونکە یەکێك لە سەرچاوەکانی هێزی کەسێتی تاکە کەسە (بریتییە لە ئەنجامدانی چەند ڕۆڵێکی جیاواز بە لێهاتووییەکی گەورە، تاکە کەس بەیەك ڕۆڵی

کۆمەڵایەتی دیاریکراو پابەند نییە، بەڵکو چەندین ڕۆڵ دەگێڕێ) (حەمە ساڵح، 1999: 7)؛ ئەم فراوانبوونەش لەبەر چەند ڕوانینێك هاتووە، یەکێك لەوانە: -هێما- بۆ ڕواڵەت و پانتایی دەرەوەی مرۆڤ دەکات و تایبەتییە دیارەکانی دەستنیشان دەکات و ئاوڕ لە ناوەوە دەداتەوە، یەکێکی دیکە "گەوهەر" سروشتی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، ئەم واتایەش لە ژێر کارتێکردنی ئایین و فەلسەفەدا سەریهەڵداوە) (کەریم، 1989: 41).

لەم گۆشەیەوە زانایانی دەروونناسی باوەڕیان وایە، کە کەسایەتی سەرجەمی ئەو چالاکییانەیە، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە یەکێکدا بەدیدەکرێت و پێیدەناسرێتەوە؛ بەمەش لە ڕەفتاری دیار و ئاشکرای بەدیاردەکەوێت، واتە گەشەکردن و پێشکەوتنی زانستی دەرونناسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆڵێکی گرنگیان لەسەر گەشەکردن و فراوانکردنی زاراوەی کەسێتی بینیووە، وەك دەگوترێت: فلانەکەس کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە، یان بە پێچەوانەوە: فلانەکەس کەساتییەکی لاوازی هەیە، ئەمەش لە دەرهاوێشتەی کاردانەوەی ڕووداو و پێشهاتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە لایەکی دیکە هەر (سیگمۆند فرۆید 1856- 1939) پێی وایە؛ کە کەسێتی بریتییە لە (ململانێ -الصراع لە نێوان دوو لایەن/ هێز (نزم، بەرز) لە ناوەوەی مرۆڤ، بەمەش هەندێك کەس سەرکەوتوو دەبێت لە ڕێکخستن و یەکسانی ڕاگرتن لەنێوان ئەم دوو هێزە ناکۆکەدا؛ دەرەنجام کەسێکی سەرکەوتوو دەبێت، هەندێك کەسیش هەرەس دێنێت و سەرکەوتوو نابێت لە ڕێکخستن و یەکسانی ڕاگرتن، لە ئاکامدا کەسێتییەکی شێت یان سەرپێچیکار و بەسەرخۆدا شکاوە یان دڵ پڕ لە قین دەردەچێت)(ئیسماعیل، 2000: 48)، بە واتایەکی دیکە؛ مەبەست لێرەدا ئەوەیە؛ کە لەناو خودی مرۆڤدا (ناخی مرۆڤ) دوو بەرە هەیە، (بەرەی خێر و بەرەی شەڕ) جا ئەگەر مرۆڤ سەرکەوتوو بوو لە ڕێکخستنیان و دەست بەسەر داگرتنیان بەشێوەیەکی باش، ئەوە کەسێتییەکی سەرکەوتووی دەبێت، بەڵام ئەگەر نەیتوانی بەشێوەیەکی باش دەستیان بەسەردابگرێت، کەسێتییەکی دوورەپەرێز و ناکۆمەڵایەتی و بێ کەڵکی لێ دەردەچێت.

لەم سۆنگەیەوە کەسێتی بریتییە لە (سیستەمێکی تۆکمە، کە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی جەستەیی و ویژدانیی و چاودێریی و هەستکاریی پێکدێت، کە ناسنامەی تاك دیاردەکات و لە کەسانی تری جیادەکاتەوە) (بەدران، 2005: 87)، واتە شوناسی (شێوازی) کەسی پێوە دەناسرێتەوە.

### 1 .3: جۆرەکانی کەسێتی:

دەست نیشانکردن و باسکردنی جۆرەکانی کەسێتیی کارێکی ئاسان نییە، چونکە شارەزایانی بواری دەروونناسی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییان دەستنیشانکردووە وەك: کەسێتیی (کراوە، داخراو، نەرم، خەمۆك، کاریزمی، پشت بەستوو، هیستیری (الهستریە)، دووربیین، پەرگیر، دژە کۆمەڵگا، داهێنەر، کەسێتیی شەڕەنگێز و ئاشتیخواز، خۆویست/نرگسی، ...)، بۆیە بەپێی پێویستی توێژینەوەکەمان باسی چەند جۆرێك لە کەسێتیی دەکەین، ئەوانیش بریتیین لە:

### 1 .3 .1: کەسێتیی کراوە و کەسێتیی داخراو:

باس کردن و دابەشکردنی ئەم دوو جۆرە کەسێتییە دەگەڕێتەوە بۆ پزیشکی دەروونی (کارل گۆستاف یونگ Carl Gustav Jung 1875- 1961)، کاتێك کەسێتی بۆ دوو جۆر دابەشکرد: کەسێتی کراوە (extrovert) و کەسێتی داخراو (introvert)، هەر بە ئەوەندەش نەوەستا، بەڵکو گەشەی بەم جۆرانەدا و دابەشکردنی نوێی (بۆ هەردووکیان کرد، بۆ جۆری بیریی و سۆزداریی، سۆزیی و ئیلهامی، هەموو ئەم جۆرانەش پێوەندییان بە هەردوو جۆرە کەسێتییەکەوە (کراوە و داخراو هەیە) (صالح، 2007 : 73)، ئەم دوو جۆرە کەسایەتییە لە ئەدگار و تایبەتمەندی و هەڵسوکەوتییاندا دوو ئاراستەی تەواو جیاوازیان هەیە، وەك: (کەسێتی کراوە): کەسێتییەکی کۆمەڵایەتییە و حەز بە تێکەڵاوی خەڵکانی دیکە دەکات و بەشێوەیەکی واقیع بینانە و دوور لە خەیاڵ لە کەس و ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی دەڕوانێت، زۆرجار لە چارەسەرکردنی کێشەکانی دەوروبەری سەرکەوتوو دەبێت ، بەشێوەیەك، کە بگونجێت لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیت، خاوەن نەرمییەکی زۆرە بە گوێرەی پێداویستیەکانی ژیان و بارودۆخ و پێوەندی یە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەزامەندیی خودی و کۆمەڵایەتی تێدایە، کەچی لە بەرانبەردا (کەسێتی داخراو) بە پێچەوانەوەیە، کەسێتییەکی گۆشەگیرە و ئارەزووی تێکەڵاوی خەڵك نییە و خۆی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت و بەهەر هۆکارێك بێت هەوڵی دوورکەوتنەوە لە واقیع دەدات، کەسێتییەکە میزاجێکی هەستیاری هەیە، ئەم هەستیارییەش لە هەڵچوون و داچوونە خێراکانییدا دەردەکەوێت، (صالح، 2007 :74). هەندێکجار ئەم هەڵچوونانە لە کاردانەوەکانی بەدەردەکەون، کەچی زۆرجاریش لە ناخییدا دەیانشارێتەوە، بێگومان ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ خۆ بەدوورگرتن لە تێکەڵاویی کەسانی دیکە.

(کارڵ گۆستاف یونگCarl Gustav Jung 1875-1961) باوەڕی وایە: هەردوو جۆری کەسێتییەکە (کراوە و داخراو) دەکرێت (هزرکەرەوە و پەیبەرێکی باشبن، وەك جۆری کەسێتی داخراو، هزرێکی داخراوی هەیە، بەمەش بایەخ بە ڕاستیی بیردۆزەکان و ڕەوشت و بەها باڵاکان دەدات، جۆری کەسێتی کراوە، بیرێکی کراوەی هەیە) (مجید، ٢٠١٥: 40) و بابەخ بە ڕاستییە هەستپێکراوەکان دەدات.

### 1 .3 .2: کەسێتیی وابەستە و کەسێتیی خودبەڕێوەبەری:

بەگشتی خاوەنی ئەم جۆرە کەسێتییە توانای بڕیاردانی نییە و ناتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت، بەڵکو کەسێتییەکی لاوازی هەیە، بۆیە هەمیشە لە کەسانی دیکەوە: (باوك، دایك، خێزان، هاوڕێ،.... ) بڕیار وەردەگرێت و بە بۆچوونی ئەوان کاریگەر دەبێت، بەمەش توانای گفتوگۆکردن و زاڵبوونی بەسەر کێشە و گرفتەکاندا لاوازە، زۆرجاریش لە لایەن کەسانی دیکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بێ ئەوەی خۆشی هەستی پێبکات، بۆ بەرژەوندی خۆیان بەکاریدێنن) (وهبە، 2003: 96)، کەچی لە بەرانبەردا (کەسێتی خودبەڕێوەبەری)ی پێچەوانەی (کەسێتی پشتبەستوو)ە، واتە ئەم جۆرە کەسانە خاوەن کەسێتییەکی بەهێزن و خۆیان خاوەن بڕیاری کۆتایین و خۆیان بەرەنگاریی سەختی و دژوارییەکان دەبنەوە و حەزیان لە سەرکێشیکردنە و ڕۆڵی پاڵەوان دەبینن، هەندێکجار گەر بۆ بابەتێك و لایەنێك پرس و ڕاوێژیش بە کەسانی تر بکەن، بەڵام دواجار هەر ئەوە دەکەن، کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی، گوێ بە کاردانەوەکان نادەن و هەمیشە ئامادەییان تێدایە بۆ ڕووبەڕووبونەوە، لە گفتوگۆدا بەهێزن و توانای کۆنترۆڵکردنیان ئەستەمە.

### 1 .3 .3: کەسێتیی شەڕەنگێز و کەسێتیی ئاشتیخواز/ مرۆڤدۆست:

ئەم دوو جۆرە کەسێتییەش دژ بەیەکن، وەك (کەسێتیی شەڕەنگێز) زیاتر گوفتاری توند و ڕەفتاری شەڕاوی و هەڵچوونی زۆر و دوورە پەرێزی بەسەریدا زاڵن، هەر ئەمەش وایکردووە (دژە کۆمەڵ بێت و لەناو کۆمەڵگەش خۆشەویست نەبێت، تەنانەت بە کەسێتییەکی تاوانکار یان لادەر لەیاسا دەرچوو دەناسرێت) (صالح، 2007 :80).، لەکاتی ئەنجامدانی گوفتار و کرداری توندا هەست بە ئارامی و خۆشیی دەکات، لای گرنگ نییە ئەوەی کردوویەتی هەڵەیە یان دروستە، هەمیشە

نەرێنیانە بیر لەوانی دیکە دەکاتەوە و ڕەشـــبینانە لە ژیان و دەوروبەری دەڕوانێت و گۆشـەگیرن، گوێ لە کەسـانی دیکە ناگرێت و باوەڕی بە هیچ کەسـێك نییە، بۆیە لای خەڵکیش خۆشەویست نییە.

بە پێچەوانەوە کەسێتیی ئاشتیخواز و مرۆڤدۆست، ئەو کەسانەن هەمیشە گەشبینن و حەزیان بە ژیانکردنە و وەك چۆن خۆیان خۆشدەوێت، بەم شێوەیەش کەسانی چواردەوریان خۆشدەوێت و ڕێزیان لێدەگرن و بابەخیان پێدەدەن، ژیان بەلای ئەمانەوە بریتییە لە (پێکەوەبوون و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ و پاراستنی پەیوەندییەکان و قوربانیدان بۆ ئەوانی دیکە، هەمیشە لە چارەسەری کێشە و گرفتەکان دەگەڕێن و هەوڵی نێوەندگیریی کەسانی توڕە و شەڕانگێز دەدەن و توانای بەرپرسیارییەتی هەڵدەگرن) (عواد، 2006: 105)، ئەمانە ئەگەرچی هەندێکجار کۆنترۆڵکردنیان ئاسانە، بەڵام ئەوان لە دیدگەی ئەرێنییانەی خۆیان لەوانی تر دەڕوانن، بۆیە دوچاری ئەم دۆخەش دەبن، بەگشتی ئەم کەسێتییانە لەناو کۆمەڵگەدا خۆشەویستن و ڕێزیان لێدەگیرێت.

### ١. ٤: ڕۆمان و گرنگی (کەس) لە ڕۆماندا:

ڕۆمان وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی ماوەیەکی دوور و درێژە سەری هەڵداوە، بە درێژایی دەرکەوتنیشی چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە؛ وەکو ئەو پێناسەیەی لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)دا هەیە؛ ڕۆمان (گێڕانەوەیەکی پەخشانی خەیاڵ ئامێزە، یان چیرۆکێکە، درێژییەکی دیاریکراوی هەیە، لەوێدا کەس و کەسایەتییەکان و کردەوەکان بەرجەستە دەکرێن، کە دەربڕینی ژیانی ڕاستەقینەی پێشینە، یان ئێستایە لە تانوپۆیەکی (حبکە) نیچە چڕدا دادەڕێژرێت) (سەراج، 2007: 12-13)، هەرچەندە ئەمە پێناسەیەکی کۆنە بۆ ڕۆمان، بەڵام بەگشتی گوزارشت لە ڕۆمان و بنەماکانی ڕۆمان دەکات.

هەر لەم دیدگایەوە پێناسەیەکی دیکەی ڕۆمان هەیە: کە تیایدا (ئەرنست بیکەر) دەڵێت: (شیکردنەوەیەکی ژیانی مرۆڤایەتییە لە شێوازی پەخشان ئامێزدا) (مەعروف، 1999: 31)، واتە شیکردنەوەی هەموو لایەنێکی ژیان و ژیاری مرۆڤایەتییە، چ کۆمەڵایەتیی چ دەروونیی چ سیاسیی چ ئابووریی ...، هەروەها (د. عبدولفەتاح عوسمان)یش وا پێناسەی ڕۆمان دەکات، کە ڕۆمان (ڕەگەزێکی ئەدەبییە، ئەزموونی زۆر لە خۆوە دەگرێت فرەڕێبازە، لە تەکنیکدا هەمە چەشنە، دیاریکردنی مانا و خاسیەتەکانی کارێکی ئاستەنگە، هەموو ڕۆمانێکی نوێ تاقیکردنەوەیەکی نوێیە، تێڕوانینێکی تایبەتە لە تەکنیك و شێوازدا) (مەعروف، 1999: 31)، لێرەدا گرنگی و بایەخ بە لایەنی شێواز و تەکنیك دەدات.

بەگشتی لەکۆی ئەو تێڕوانینانەی خرانەڕوو، وا دەردەکەوێت، کە ڕۆمان چەند بنەما و ڕەگەزێکی پێکهێنەری هەیە لەوانە: (کەس، ڕووداو، کات، شوێن، گرێچن، بنیات، بابەت، زمان، وێنە و سیمبوڵ و پەیڤ .... هتد)، ئەمانە هەموویان بەیەکەوە بەشدارن لە پێکهاتنی بنیاتی ڕۆماندا، هەریەکێکیشیان گرینگ و پێگە و بەهای خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا لای ئێمە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە و لەسەری دەوەستین و گرنگی پێدەدەین، ڕەگەزی (کەس)ە، کە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پێکهاتە و دارشتنی ڕۆماندا.

کەواتە (کەس) وەك یەکێك لەو بنەمایانە گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، کە دەتوانین بڵێین: بەبێ (کەس) بنەماکانی دیکە ئەو ڕۆڵەیان نییە، لەبەرئەوەی (زمان بە تەنها دەبێتە چەند نیشانەیەکی لاڵی پەرش و بلاو وایلێدێت هیچ واتایەك لە واتاکانی جوانی و ژیان هەڵناگرێت، ڕووداویش بە تەنها بەبێ بوونی کەسێك ڕوونادات، یا بڵێین شتێکی وا دەگمەنە، چونکە هەر کەسە، کە ڕووداو دێنێتە ئاراوە و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئەنجامی دەدات و بەڕێوەی دەبات، بە هەمان شێوە شوێنیش ئەگەر کەسێك نەبێ تیایدا نیشتەجێ بێت، ئەوا شتێکی دابڕاو و پووکاوە و بێ واتایە و بوون و نەبوونی وەك یەك وایە) (عەبدوڵڵا، 2000: 5)، بە واتایەکی دیکە؛ (کەس) ڕەگەزێکی دیکەی ڕۆمانە و پانتاییەکی فراوان لە دەقی ڕۆمان پێکدەهێنێت، چونکە وەك کەس/مرۆڤێك خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە بەهۆی بەشداریکردنی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری ڕۆمان بەدیار دەکەوێت، ئەمەش بەچەند ڕێگەیەك لە لایەن ڕۆماننووسەوە دەتوانرێت ئاشکرا بکرێت، گرنگی بوونی (کەس) لەناو دەقی ڕۆماندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەگەز و پێکهاتەکانی تری ڕۆمان پێکەوەببەستێتەوە و بەرەو پێشەوەیان ببات، وەك: (شوێن، کات، ڕووداو، گرێ...)، چونکە هیچ یەکێك لەم ڕەگەزانە بەبێ بوونی (کەس-ەکان) ڕوونادات، بەتایبەتی ڕووداو، لەبەرئەوەی دیاریکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی (کەس) بەهۆی کەسێتییەکەوە، هۆیەکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕووداو، هەروەها ڕۆڵی (ڕووداو)یش هۆیەکە بۆ گۆڕانی کەسێتیی کەسەکان و پەرەسەندنیان بەو مانایەی (کەس ئەو ڕووداوە دێنێتەکایەوە بە شێوەیەك ئەنجامی دەدات، کە مایەی سەرسوڕمانە، بەهەمان شێوە شوێن و ڕووداویش ئەگەر کەسێك نەبێ تێیدا نیشتەجێ بێت و تێیدا بجووڵێتەوە، ئەوا شتێکی دابڕاو و بێ مانایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لەم ڕەگەزانە ناتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، هەر بۆیە گرنگی ڕۆمان لە ڕێی پشتبەستن بە چۆنیەتی خستنەڕووی کەسێتیی کەسەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، وە لە ڕێی گۆشەنیگای یەکێك لە کەسێتییەکانی ڕۆمانەکە هەموو ڕەگەزەکانی دیکە پێشکەشدەکرێن.

### ١. ٥: پێگەی کەس و کەسێتی لە ڕۆماندا:

بێگومان (کەس) و (کەسێتی) پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئاوێتەیان بەیەکەوە هەیە و لێکجوداکردنەوەیان بە ڕادەیەك ئەستەمە، چونکە هەموو کەسێك خاوەن کەسێتییەکی دیاریکراوە، کە لە کەسێتی هەر کەسێکی دیکە جیاوازە، ڕەنگە چەند کەسێك خاوەن یەك کەسایەتیبن، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەم لێکچوونە ڕەها و گشتی نییە، ئەگەرچی پێشووتر لە کەس و کەسێتی دواین لە ئاستی کۆمەڵ و واقعی ژیاندا، بۆیە دەقی ڕۆمانیش وەك ژینگەیەکی سەربەخۆ تژین لەم جۆرە کەس و کەسێتییانە، بۆیە جوداکردنەوەی کەسێتی و کەس لە ڕۆماندا کارێکی زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە هەندێك لە توێژینەوەکان بەتایبەتی لە نامە ئەکادیمییەکاندا جیاوازیان لە نێوان چەمکی (کەس) و (کەسێتی)دا نەکردووە، هەردوو چەمکەکەیان وەک یەك بەکارهێناوە، لەکاتێکدا ئەمانە دووشتی جیاوازنئەم تێکەڵاوکردنەی کەس و کەسێتیی لای ئەم توێژەرانە دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵاوکردنی واتای وشەکان لەکاتی وەرگێڕانیاندا لە عەرەبییەوە بۆ کوردی،کە زاراوەی (الشخصية)ی عەرەبی بەرانبەر بە (کەس) و (الشخص) بەرانبەر بە (کەسێتی)ی کوردی بەکارهاتووە.

لەم ڕوانگەیەوە زمانەوان (نەوم چۆمسکی Noam Chomsky 1928- ..) لەبارەی ڕۆمان و گرنگی و پێگەی (کەسێتی) دەڵێت: (بەهۆی خوێندنەوەی ڕۆمان فێردەبین و ئەوەندە زانیاریمان دەستدەکەوێت لەبارەی کەسایەتییەوە چۆن بیردەکەنەوە و هەستیان دەبزوێ و هەڵسوکەوت دەکەن؛ لەوە زۆرتر کە دەروونزانی سروشتمان فێر بکات) (سەراج، 2007: 13)، لەبەرئەوە ئەو کەسێتییەی، کە لە ڕۆماندا هەیە، ئەگەرچی هەندێکیان واقعی نین، بەڵام زۆربەیان ڕەنگدانەوەی ناو کۆمەڵگەن، ئەمەش وا دەکات زانیارییەکی باشمان دەستبکەوێت لەبارەی (کەسێتی)یەکان، ئەوەش گرنگی کەسێتی و پێگەکەی دەردەخات؛ چونکە کەسێتی خۆی یەکێکە لە لایەنە بابەتی و

هونەرییەکانی ڕەگەزی (کەس)ی لە ڕۆماندا، کە (ڕۆمانووس بەهۆی چەند ڕێگەیەکی جوداوە دەتوانێت ئاشکرایان بکات و ڕوانینی خۆی لەگەڵ جولانەوەی کەسێتی نێو دەقەکە ئاوێتە بکات) (هادی، 1999: 139)، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ڕۆمانووس خۆی مرۆڤە و لە ناو کۆمەڵگەدا دەژی، ئەوەش وا دەکات کە لایەنە مرۆڤایەتییەکەی لەناو نوسینەکانی ڕەنگبداتەوە، چونکە ڕۆمان و (چیرۆك هەر لەسەرەتا بەستراوەتەوە بە مرۆڤ و ڕەنگدانەوەی لایەنێك وەیان چەند لایەنێکی ژیانی ئەو مرۆڤە، جا ئەگەر زانیان ئەو -ڕۆمانە- خۆیان لەناو خۆیاندا لە داهێنان و دروستکردنی مرۆڤن) (سابیر، 2001: 145)، ئەم ڕەنگدانەوەش گوزارشت لە کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکە دەکات، چونکە ڕۆمان بە (ناساندنێکی کراوە و ڕاستەوخۆ گوزارشت لە دەربڕینی هەستی کەسێك و بە بەهێزی بیروڕاکان وەستاوە) (هادی، 1999: 146)، وەکو گوترا (کەس) ڕەگەزێکی سەرەکیی و گرنگی ڕۆمانە، چونکە هەر ئەوان دەبنە هۆی پێکەوەگرێدانی هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیکە (زمان، کات، شوێن...)، وەك: (کەسەکان زمان دروست دەکەن و وەسفی ئەو دیمەنانە دەکەن، کە بەلایانەوە جوانن، هەر ئەوانیشن ڕوداوەکان ئەنجامدەدەن و کێشە و ململانێ بەرپادەکەن، یاخود بەهۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کردار و سۆز و ئارەزووەکانیانەوە ئەو ململانێ و کێشەیەی هەیە زیاتر و گەورەتری دەکەن) (عەبدوڵڵا، 2000: 6).

لەم سۆنگەیەوە پێشتر (کەس)ەکان لە (داستانە ئەفسانەیی)ەکاندا (کەسێتی) خۆیان لە (خواوەند و نیمچە خواوەند)دا دەبینییەوە، کە لە تواناو کردار و بیرکردنەوەیاندا لە کەسی ئاسایی جیاواز بوون، بەڵام ئێستا (کەسی ناو ڕۆمانەکان لە کەسێتی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن و بە تەواوی لایەنە ڕووکاری و هەڵسوکەوتی و بیری و دەروونییەکانی)(عبدالله، 1994: 2) بەرجەستە دەکەن، چونکە ڕۆمانووس خۆی کەسەکانی ناو ڕۆمان دروستدەکات و هەڵیان دەسوڕێنێت و کەسێتییان لە ڕەوشت و کردەوەکانیان بۆ دروستدەکات، تا بتوانێت بەشێوەیەکی دروست و شیاو کردەوەی کەسەکان پیشانی خوێنەر بدات، چونکە (هیچ کەسێك هەموو ئەزموونە نهێنی و هەموو هیوایەتەکانی و ترسەکانی و سۆزەکانی بۆ کەسێکی تر نادرکێنێت هەرچەندە لێیەوە نزیك بێت، ئەستەمە بە تەواوەتی ڕەوشتی کەسەکان بزانێت، مادام مێژووی ژیانی لە سەردەمی منداڵیەوە نازانێت، بۆئەوەی کەسێکی ڕاستەقینەت لە ڕۆماندا دەستکەوێت، کردەوەی وەهمی بۆدروست دەکەیت، ئەمەش وەك ئەوە وایە، کە تەلارێك دروست بکەیت بەبێ بناغە و بنیاتێکی بەهێز) (بلشن، 1981: 57)، بە واتایەکی دیکە: ڕۆمانووس توانای دەستبەسەرداگرتنی کەسێتی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکەی لە لایەنی: هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیان و ئاراستەکردن و پێوەندی و گەشە و دەرکەوتن و دەرنەکەوتندا هەیە، چونکە (بیناتی کەس پەیوەستە بە توانای ڕۆمانووس، لە دروستکردن و داهێنان و تێگەیشتن و لە خۆگرتنی جیهانی کەس وچۆنیەتی گەشەپێدانی) (علاوی، 1987: 87)، دیارە کەسەکانیش لە ڕۆماندا بەپێی پێکهاتە و چنینی ڕۆمانەکە ئەرك و کاریگەریی جیاوازیان هەیە، چونکە هەموویان وەك یەك ئەرك و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو ڕۆماندا نییە، کەس هەیە بەهۆی کەسێتییەکەی ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرەکی هەیە، بە پێچەوانەوەشەوە.

کەواتە کەسێتی کەسەکان پێویستییێکی ڕۆمانە، بێ بوونی کەسێتی ڕۆمان وەك لاشەیەکی بێ گیانە و بوونێکی سارد و سڕی دەبێت، لەم بارەیەوە (جۆن برین) ئاماژە بە سەنگ و بەهای کەسێتی دەکات پێیوایە؛ کە (ئەگەر تۆ کەسێتییەکانت لا بێت ئەوا بە دووری مەزانە چیرۆکێکت لا دروست بێت) (هادی، 1999: 146). کەواتە گرنگی کەسێتی کەسەکان لە چیرۆك - ڕۆماندا لەوەوە دەردەکەوێت، کە نووسەر و خوێنەر هەردووکیان گرنگی بە کەسێتی دەدەن؛ چونکە نووسەر بەهۆی کەسێتی و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکانەوە بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕێت و بنیات و بناغەی ڕۆمان و چیرۆکەکەی دادەنێت، خوێنەریش بە هۆیەوە لە پەیامەکەی دەگات، سەرەڕای چێژوەرگرتن ئەوە لەلایەنی مەعریفی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و دەروونی و سوودی لێوەردەگرێ، (بڕوانە: قەرەچەتانی، 2010: 36)، چونکە دواتر خوێنەریش وەکو هەر تاکێك لە کۆمەڵگە و بەڕێوەچوونی باری ژیانی ڕۆژانەی و گفتوگۆ و دانوستان و مامەڵە لەگەڵ دەوورووبەرەکەی و کەسایەتی هاوبیر و دژە بیر دەکات، لەم کاتەشدا سوودی لێوەردەگرێ، دواتر هەر خوێنەر خۆی ڕۆمانێکی نەنووسراوە!.

**١. ٦. جۆری کەس و کەسێتی لە ڕۆماندا:**

نووسەری ڕۆمان بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی گونجاو و بەهێز بخاتەناو دەقەکەیەوە دەبێت بەرلەوە سەرنجی ئەوە بدا و ئەو پرسیارە لەخۆی بکات؛ ئایا ئەم (کەسێتی)یە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو ڕووداو و کارەساتانەی ناو دەقەکەدا هەیە؟ ئایا ڕۆمانووس دەسەڵاتی بەسە ڕداشکانی وەسفی کەسێتییەکەی هەیە؟

چونکە کەس و کەسێتی لە ڕۆماندا چەند دروستکراوی دەستی نووسەرەکەی بێت، تەنانەت ئەگەر لە یەکێك لە قۆناغەکانیشدا ڕەگ و ڕیشەیەکی واقعی هەبێت، ئەوە ئەوەندەی یەکەم هەنگاوەکانی لەنێو ڕۆمانەکە هەڵهێنا، ئیتر ژیانێکی سەربەخۆی دەبێت و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمانووسەکە، لە هێنان و بردن، ڕۆمانووس بەرپرسە لە دروستکردنی کەسێتییەکە و وەسفکردنی، دواتر بەپێی ڕێڕەوی گێڕانەوەی بابەت و ڕووداو و کات و شوێن، زەمینە و بارودۆخ وەردەگرێت، بە واتایەکی دیکە؛ ئەگەرچی ڕۆمانووس بەر لە دەستپێکی ڕۆمانەکەی جیهانبینی و ئارەزوویەك و وێنایەکی لە خەیاڵدا هەیە، دەیەوێت لە ڕێگەی کەسێتی/ کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی بەرجەستەی بکات، بۆیە ڕۆمانووس بەرپرسە لە هەڵبژاردنی کەسێتی و پێسپاردنی ئەو ئەرکە بە کەسێتییەکە، بەمەش لە بەدواداهاتنی ڕووداوەکان و بەپێی ڕەوتی گێڕانەوەکان و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان و کاردانەوەکانیان، (ئەرێ، نەرێ)، حاڵەت و دیاردەی کەسێتییەکان کەڵەکە دروستدەبن، بەمەش جۆرێك لە کەسێتی بۆ کەسایەتییەکان (بەپێی ڕووداو و گێڕانەوەکانی پێشوو) لای خوێنەر دروستدەبێت، واتە کەسێتیی لە ڕۆماندا وردە وردە لە ئەنجامی پراکتیکدا ئەدگارەکانی خۆی بەدەستدێنێت، چونکە ئەگەرچی وەسف پێویستییەکی ڕۆمانە بۆ هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمان، بە تایبەتیش ناسینی (کەسێتی)ی کەسانی ناو ڕۆمان، بەڵام بە تەنیا بەس نییە و ناشتوانێت ئەو ئەرکە بگرێتەخۆ، بەڵکو کەسێتی لە بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی ناو ڕۆماندا زیاتر بەدەردەکەوێت، کەواتە کەسێتیی بەشێکە لە پێکهاتە و ئەدگاری کەس/ کارەکتەر، کە خۆیشی ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەرە و پانتایەکی زۆر لە ڕۆماندا داگیردەکات، هەر بۆیە زۆرجار دەگوترێت، کە سیفەتی کەسایەتییەکان؛ ڕووداو دەستنیشاندەکەن، ڕووداویش لە ڕۆڵی خۆیدا کەسایەتییەکان دەگۆڕێت و پەرەیان پێدەدات.

لەم دیدگەیەوە کەسێتی لەناو دەق بەگشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، زیندەوەرێکە لە وشە پێکهاتووە و ژیانی تەنیا لە ناو لاپەڕەکاندا بەسەر دەبات، هەڵبەتیش کەسایەتی و پاڵەوانی نێو دەقە ئەدەبییەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە و لە کۆمەڵگە و چینێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت و ڕۆڵ و ئەرکی جیاش دەبینێت، ئەوەتا ئەگەر سەیری کەس و پاڵەوانی سەردەمی (گریك - یۆنان) بکەین تا کو ئێستا بەردەوام گۆڕاون، وەك لە (ئەلیادە و ئۆدیسە)ی (هۆمیرۆس)دا پاڵەوان بەشێوەی خواوەند و کەسایەتی نیوە خواوەند و مرۆڤ، لەوێشەوە بۆ مرۆڤێکی چەوساوە و دواتر بۆ مرۆڤێکی ئاسایی و دواتر بۆ مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و قەڵەم

بەدەست...هتد، گۆڕاوە، ئەم گۆڕانەش ڕەنگدانەوەی لایەنە ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکەتی، هەروەکو (تیۆری ڕەنگدانەوە) ئاماژەی پێکردووە، کە (سەرخان) ڕەنگدانەوەی (ژێرخان)ە، ژێرخانیش بە سەرخانەوە کاتێکراو دەبێ، کەواتە بابەتەکە مەسەلەی کارتێکراو و کارتێکەرە، هەر (بەم ڕەنگەش (کەسێتی) و پاڵەوان لە سەردەم و قۆناغ و کۆمەڵگە و چینێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە) (عەبدولکەریم، 2005: ٩٧- 98) و بەردەوام لە گۆڕاندایە.

### ١. ٧: جۆرەکانی (کەس) لە ڕۆماندا:

(کەس) لە ڕۆماندا هەبوونێکی پێویستە، جۆری (کەس)ەکانیش بەپێی ئەرك و کاریگەریی لە پێکهاتەی بنیاتی ڕۆماندا ڕۆڵی جیاوازییان هەیە، بە شێوەیەکی گشتی و بەپێی زۆرینەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بارەیەوە کراون، دوو جۆر (کەس) لەناو ڕۆماندا هەن: ئەوانیش (کەسی سەرەکی و کەسی لاوەکی)ین.

#### ١. ٧. ١: کەسی سەرەکی/ شاکەس:

شاکەس یا خود کەسی سەرەکی؛ ئەو کەسەیە، کە ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر لە هەڵسوڕاندنی ڕوداوەکاندا دەبینێت و گرنگییەکی زۆری لە پێکهاتەی ڕۆمانەکەدا هەیە، بە واتایەکی دیکە ئەو کەسانەن، کە (نووسەر ڕاستەوخۆ ناویان دەهێنێ و دەوور و ڕۆڵی سەرەکیان لە گێڕانەوە و گۆڕانی ڕووداوەکاندا هەیە، بەپێی هەڵسوکەوتیان وەسفیان دەکات) (ئامێدی، 1999: 14)، واتە کەسی سەرەکی زۆربەی ئەو کار و ڕووداوانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجامدەدات و ڕۆڵی سەرەکی لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا دەبینێت؛ بەم پێیە کەسی سەرەکی (ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەتەقێنێتەوە و لە زنجیرەی ڕەوتی ڕۆمانەکەدا وەکو تاڵەدەزوویەك وایە و جوڵە و ڕووداو و کەسە لاوەکییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە) (عەبدوڵلا، 2000: 13)، واتە خۆی شاکەسە و توانای دەسەڵات بەسەر داشکانی ڕووداوەکانی هەیە، بۆیە ئەو بەها زۆرەی کە کەسایەتییەکان لە ناو ڕۆمانی نوێدا هەیانە وایان لە لێکۆڵەرە ڕۆمانوسەکان کردووە، کە کەسایەتی بە بنچینەی ڕۆمان دابنێن و شێوەی ڕۆمانیش بۆ ئەوە دروست بێت، تاکو گوزارشت لە کەسایەتییەکان بکات.

ڕۆماننووس لەبەر پێداویستی تەکنیکی و هونەری زۆر جار بنیاتی گێڕانەوە دەسپێرێتە کەسی سەرەکی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی نێوان کەسی سەرەکی و کەسانی تر بەهێز بێت و ئاگای لە زۆر کێشە و ململانێی دیکە هەبێ، بۆیە ڕەخنەگرێکی وەکو (جۆرج لۆکاش)ی (کەسی سەرەکی بە پاڵەوانی گرفتار) (عوسمان، 2010: 172) ناو دەبات.

#### ١. ٧. ٢: کەسی لاوەکی:

ئەو کەسانەن، کە ڕۆڵێکی لاوەکییان لە جووڵە و ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەیە، بۆیە لە کاتی گێڕانەوەدا ڕۆماننووس (نازناو و ئیش و کاریان دەستنیشان یا وەسف دەکات و بەشێوەیەك ناویان دەبات و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات) (عەبدوڵلا، 2000: 16)، ؛ ئەمەش مانای ئەوەنییە، کە هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە نەبێت، بەڵکو لەوانەیە (ڕۆڵی ئەو کەسە لاوەکیانە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم، لە ڕۆڵی شاکەس کەمتر بێت، چونکە ڕۆمان بریتییە لە کێشانی وێنەی ژیان بەشێوەیەکی هەمە لایەنە، ژیانیش هەموو جۆرە کەسێکی تێدایە) (گەرمیانی، 2019: 264)، لەبەر ئەوەی ژیان کۆمەڵێك کەسی تێدایە لەوانەیە تەنیا کەسە سەرەکییەکان دیار بن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە کەسە لاوەکییەکان نەبێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین بەبێ بوونی کەسی لاوەکی کەسە سەرەکییەکانیش بوونیان نییە، واتە ئەمانە خۆیان لە پشت شاکەس شاردۆتەوە و کەمتر بەدیاردەکەون، ئەمە جگە لەوەی، کە (پەیوەندی نێوان کەسە سەرەکی و کەسە لاوەکییەکانی نێو چیرۆك پێوەندیەکی پتەو و بەهێزە و هەریەکەیان بە تەواوکەری ئەوی دی دادەنرێت، چونکە ئەو کەسانە وەك هەر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بە تەنیا ناژین و لە دەورووبەر دانابرێت، بەڵکو بە بەردەوامی چەند پێوەندییەکی ئاڵۆز بە یەکیانی دەبەستێتەوە) (سابیر، 2001: 174) ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندییان لە رووی پێکهاتنەوە ئەوەیە هەردووکیان مرۆڤن، واتە ئەگەرچی یەکیان ڕۆڵی سەرەکی و ئەویتریان ڕۆڵی لاوەکی بگێڕێ، بەڵام هەردووکیان لە بنەڕەتدا مرۆڤن.

کەواتە کەسی لاوەکی کەسێکی سادەیە و نموونەی زۆرە لە ژیاندا و لە کردەوەکانییدا زۆر ئاڵۆز نییە، تێگەیشتن لێی زۆر زەحمەت نییە، ڕۆمانوس ئەم کەسە لاوەکیانە بۆ خزمەتی کەسە سەرەکییەکان بەکاردەهێنێت، چونکە کەسە سەرەکییەکان مەبەستی ڕۆماننووسە، هەندێکجاریش ڕۆماننووس بۆ زیاتر تێگەیشتن لە لایەنە شاراوەکانی کەسی سەرەکی، کەسی لاوەکی بەکاردەهێنێت تا زیاتر کەسێتییان بخاتەڕوو، بەمەش کەسی لاوەکیش ڕۆڵێکی دیاری لە بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمان و چیرۆکدا هەیە، زۆرجار لە شیکردنەوەی هەندێ لایەنی شاراوەی کەسی سەرەکی، وەکو ڕۆشنایی خستنەسەر لایەنی نادیاری، یا شاردنەوەی هەندێك لە نهێنییەکانی کەسی سەرەکی بەشدارە، زۆرجاریش ئەم کەسە لاوەکییە لە بنیاتی گێڕانەوەدا ڕۆڵی پێچەوانەوەش دەبینێت، چونکە بیروبۆچوون و ئایدیایی و بەرژەوەندی لەگەڵ شاکەس دا نییە، تەنانەت دەبێتە لەمپەر و کۆسپ لەبەردەم کارەکانی، (عوسمان، 2010: 181- 182)، بەم جۆرە کەسی لاوەکی بەشداری ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان دەکات.

### ١. ٨: جۆری کەسێتی بەپێی سروشت و ڕۆڵی لە پێکهاتەی بنیاتی کەسایەتییەکاندا:

هەڵبەتە هەر کەسێك کەسێتییەکی تایبەتی خۆی هەیە و لە گوفتار و ڕەفتار و کاردانەوەکانییدا بەدیاردەکەوێت، زۆرجاریش بەپێی ڕووداو و حاڵەت و کات و شوێن و ... کەسێتییەکەی دەگۆڕێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ لەناو دەقی ڕۆماندا ڕەنگدەداتەوە، کەسەکانی ناو ڕۆمان: (کەسی سەرەکی و کەسی لاوەکی) کەسێتییەك یان چەند کەسێتییەکیان لە ڕەوتی ڕۆمانەکەدا بەپێی ویستی ڕۆماننووس، بۆ دروستدەکرێت و لە ڕێڕەوی گێڕانەوەش لەکاتی خوێندنەوەدا بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، وەك کەسێتی (ساکار و بەگرێ، یا کەسێتی سەنگین و گاڵتەجار، کەسێتی ئاسایی و شاناز، کەسێتی ڕەسەن و کارتۆنی، کەسێتی واقیعی و خەیاڵی و عاجباتی، کەسێتی ڕاستەقینە و هێما ... ) (سەراج، 2007: 12- 13).

بە واتایەکی دیکە؛ گرنگی کەسێتی لە ڕۆماندا بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی ڕۆماننووس بەرجەستە دەبێت کاتێك هەوڵی دیاریکردنی ئەو ڕۆڵە دەدات، کە دەیخاتە ئەستۆی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە، ئەویش بەپێی سروشتی ڕۆڵی لەپێکهاتەی بینای کەسایەتییەکان لەدوو جۆرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوانیش کەسێتی پەرەسێن/ گەشەکردوو و کەسێتی سادە/چەسپاو.

#### ١. ٨. ١: کەسێتی پەرەسێن:

هەموو کەسێك- مرۆڤێك خاوەن کۆمەڵێك بیروبۆچوونی تایبەت بەخۆیەتی سیفەت و پێکهاتەی تایبەت بەخۆیەتی و لە ئەنجامی کاریگەریی ڕووداوەکاندا کەسێتییەکەی دەردەکەوێت، کاتێکیش ئەم کەسێتییە گێڕانەوەی ڕووداوی ڕۆمانەکە بەڕێوەدەبات بەهۆیەوە هەڵوێست و کار و کردەوەی تازەی لێدەکەویتەوە، بەڵام (کاتێك ڕۆماننووس دەیەوێت کەسی سەرەکی وەك کەسێتی پەرەسێن پیشانبدات، سەرەتا هەموو لایەنەکانی ناخاتەڕوو) (خدر، 2012: 102-103)، بەڵکو وردە وردە بەپێی

بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنی ڕووداوەکان پەرەدەستێنن ئاشکرا دەبن، بەمەش گوفتار و ڕەفتار وچالاکی تازەی لێ دەردەکەوێت.

بە واتایەکی دیکە: (کەسێتی پەرەسێن) بریتییە (لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لەسەر حاڵەتێکی تایبەت، سەقامگیر نابێت و خوێنەر ناتوانێت پێش وەخت چارەنووس و سەر ئەنجامی دیاری بکات و بزانێت چی بەسەردێت و چی دەکات) (عەبدوڵلا، 2000: 14)، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت؛ (کەسی سەرەکی کەسێتیەکی پەرەسێن)ە؛ چونکە (کەسە سەرەکییەکان، کەرۆڵی سەرەکی لە چیرۆك - ڕۆماندا دەگێڕن و تەوەرەی (چیرۆك -ڕۆمان)ەکە پێکدەهێنن، ئەو کەسانە دیارترین جیاکەرەوەکانیان ئەوەیە، کە پەرەسێنن، واتە بەردەوام دەگۆڕێن) (سابیر، 2001: 174)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ڕۆماننووس بە وێنەکێشانی ئەم کەسێتیانە ماندوو دەبێت، چونکە هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ بەرجەستەکردن و ڕووچوون بەناو نهێنییەکانیدا و ئاشکراکردنی سیفەتە گۆڕاو و جۆراوجۆرەکانی دەخاتەکار.

**١. ٨. ٢: کەسێتی چەسپاو/ سادە:**

کەسێتی سادە ئەو کەسە ساکارەیە، کە (لە ڕووی چۆنیەتییەوە لەیەك حاڵەتدایە و هەست و سۆز و قۆناغەکانی ژیانی بە شێوەیەکی گشتی لەیەك ئاست و شێوەدا دەمێنێتەوە، گۆڕانی بەسەر دانایەت و گەشە ناکات و بەرەو پێش ناچێت) (سابیر، 2001: 176)، بۆیە دەتوانین بڵێین: کەسێتی سادە، کەسێتی لاوەکییە؛ چونکە (گرنگترین خاسیەتی کەسە لاوەکییەکان ئەوەیە کە شێوەیەکی سادەیان هەیە، خاوەن کەسێتییەکی سادە و ئاشکران و تا ڕادەیەکیش بە ئامادەکراوی وەك خۆیان وەردەگیرێن و هەر بۆیە نموونەیان لە واقیعدا زۆرە و ئەو کەسانە تا ڕادەیەکی تەواو خاسیەت و سروشتیان لەو کەسانە دەچێت کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا چەندان جار ڕووبەڕوویان دەبینەوە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەین و بەسەریان ڕەت دەبین و بێ ئەوەی کاریان تێ بکەین و یان کارمان لێ بکەن ) (سابیر، 2001: 176)، واتە چینی سادەی کۆمەڵن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هیچ ڕۆڵ و ئەرکیان لە بەرەو پێشچووونی ڕەوتی ڕووداو و ڕۆمانەکە نەبێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەسێتی سادە (گرنگی کاریگەری ئەم کەسێتیانە لە گرنگی و ڕۆڵی کەسێتییە پەرەسێنەکان کەمتر نییە) (عەبدوڵلا، 2000: 16)، چونکە یارمەتی باشی خوێنەر دەدەن بۆ ئەوەی لایەنە نادیار و شاراوەکانی کەسێتی پەرەسێن بزانن.

## ٢. کەسێتی لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)دا:

بەگشتی (کەس) ڕەگەزی بنەڕەتی ڕۆمانە، لێرەدا کەسەکانی ناو ئەم ڕۆمانە بریتیین لە؛ (***بایز، هەمین، باپیر ئاغا، سڵێوە، هۆمەری سەرکار، چەلەبی، کەریم مەیتەر، کانەبی، خدر، مارخۆی هاودیانێ، مەلا وسوی چاوڕەش، ئەحمەدی کامەلا، عالی مێرەمە، ڕەسو خۆشناو، ڕەشاغە، بۆداغ بەگ، مامێسی کاوان، مەلۆکی میرعاج، میری ڕۆستێ، عەلی عەجەم، مەیاس، فاتە کوڕانی، خدری پاشا، خەسرەو بەگ، سمایلی قاوەچی، غەزالی مام وسو، ڕابی، زولەیخای چاوتیل، خازێ، مریەم، ئەسمەرێ کابایزی، ڕەوشەنی مەلا نادر، خەجیجێ ڕەحمانی، جەواهیری وەسمانەخێلی، حەلیمەی بادینی، زولەیخای حەمە سالانە، فاتم، شێمەی دوکاندار، ڕەسوڵ کەساس، زێڕین، سۆفی برایم، ئەمین ئاغا، عەلی شون هەلگر، مامەند، عەیشێ، سمایل، سیامەند ئاغا، شێخ قادر، مام ڕەشید، عەونی زۆرناکێو، کارەبا، زارێ، عەولا قەدۆ، برایم بەگی سەرکەپکان، عەونی موفتی زادە، قەرەنی جامباز، بابەکر ئاغا*** )ن.

بنیاتی ڕۆمانەکە جگە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیکە لەسەر (کەسی سەرەکی) و (کەسی لاوەکی) وەستاوە، کە هەریەکێکییان کەسێتی خۆیان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی کەسێتییەکانیش گوزارشت لە چینەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیی دەکەن، کە لەسەردەمێك بەدەست کۆتوبەندی دواکەتوویی داب و نەریت و نەخوێندەواری دەیناڵاند، ئەمەش وایکردووە ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە دەردەسەری تێپەڕێنن، ڕۆمانەکە لەسەر زاری (کەسی سێیەمی تاك) دەگێڕدرێتەوە، چونکە (کاتی ڕابردوو) لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا بە زەقی دیارە، وەك: (کە ئاوڕت دایەوە پێدەشتێکی پان و بەرینت جێ دەهێشت......... ) (حەسەن، 2005: 79).

**٢. ١: کەسێتی کەسە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە:**

هەروەکو لە پێشووتر باسی (کەسی سەرەکی/شاکەس)مان کرد، کە دەبێتە چەقی ڕۆمان و ڕووداوەکان لە دەوری دەخولێنەوە، تاڕادەیەکی زۆریش توانا و دەسەڵاتی بەسەرداشکانی ڕووداوەکانی هەیە، هەرلەم ڕوانگەیەوە کەسە سەرەکییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە: (بایـــز و هەمـین)ن.

**٢. ١. ١: (بایز)؛** کە یەکێکە لە دوو کەسە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە، ئەم کەسەکە لە ژیانییدا تووشی زۆرترین ناخۆشی و تاڵی ژیان بووە، وەك زۆربەی تاکی کورد داماو و لێقەوما و و بێدەسەڵاتە؛ سەرەتا (بایز) وەکو زۆربەی کەسەکانی دیکە لە گوند لە دایکبووە و ژیاوە، ژیانی بە خزمەتکردن و نۆکەری کردنی (ئاغا) تێپەڕاندووە، کارەکەشی (سەپان)ی ئاغا بوو؛ دواتر بەهۆی دەنگ خۆشییەوە بۆتە (حەیرانبێژ)ی دیوەخانی ئاغا، دوای بوونی بە (حەیرانبێژ) ئیتر ژیانی بە شێوەیەکی دیکە دەگۆڕێت و ژیانی ڕاستەقینەی دەستپێدەکات، چونکە لە یەکێك لە (شایی)ەکان، کە شایی (کەریم مەیتەر) بوو، ژنەکانی ئاغا داوا لە ئاغا دەکەن (بایز)یان بۆ بنێرێتە ناو ژنان تا (حەیران و لاوك و بەستە)یان بۆ بڵێت، کاتێك (بایز) دەچێتە ناو ژنان و دەست بە حەیران گووتن دەکات، خۆشەویستی ڕاستەقینەی خۆی دەبینێت و دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئافرەتێکەوە کە ناوی (هەمین)ە؛ خۆشەویستییەکەشیان هەر ئەوکاتە دەست پێدەکات، کە هەردووکیان نیگا ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەر لەوێش خۆشەویستییەکی قووڵ لە نێوانیاندا دروست دەبێت (.... کت و پڕ، وەك لە ئاسمان کەوتبێتە خوارێ، بینیت کەیل و کاس، گێژ و حۆل بەناو پۆلی کچان و ژناندا دەخولایەوە، کەوگیر و قاپی لێ دەرکەوتن، ڕەنگی گلەیی لە چاوانی مردووە، لە پشت ڕیزێك لە ژنان تێدەڕوانی....) (حەسەن، 2005: 121).

کرۆکی بابەتەکە لێرەدا پیشاندانی بابەتێکی (دەروونی و کۆمەڵایەتی)یە، ئەویش خۆشەویستییە، خۆشەویستیش لەناو کۆمەڵگەی کوردیی بەگشتی و لەناو خێڵە عەشایرگەرەکان بەتایبەتتر نەك هەر زەحمەتە، بەڵکو زۆریش ئەستەم و دژوارە، کە دوو کەس یەکتریان خۆشبوێت و بە ئاشکرا خۆشەویستی ئاڵوگۆڕ بکەن و تووشی هیچ ڕێگرییەك نەبن، بەتایبەت ئەگەر لە نێوان دڵدارەکان (کوڕ و کچ)ەکە جیاوازی چینایەتی هەبێت؛ واتە ئەو خۆشەویستییە لە نێوان چینی سەروو و چینی ژێردەستەبێ!

هەربۆیە (هەمین و بایز) ناچاربوون ئەو ڕێگەی تەقلیدە بەکاربهێنن، کە لەناو کورددا لەسەردەمی زوو زۆر باو بووە، ئەویش (هەڵاتن/ ڕەدووکەوتن)ی خۆشەویستانە بۆ شوێنێك، کە خەڵکی ئاواییەکەی خۆیان دەستیان پێیان نەگات، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ژیانێکی ئارام و خۆش بەیەکەوە ببەنەسەر؛ لەبەر ئەوە (بایز و هەمین) گوندەکەی خۆیان بەجێدەهێڵن و ڕوو لە شاری (هەولێر) دەکەن و خۆیان لە ترسی ئاغا و باوك و براکانی (هەمین) حەشاردەدەن.

(بایز) هەتا لە گوندبوو، لە هەردوو کارەکەیدا (سەپان، حەیرانبێژ- بەستەبێژ) کەسێتییەکی ترسنۆك و ئارام و پەیوەست نەبوو بە ئایین و (گوێڕایەڵ بۆ ئاغا) و شەرمنی هەبوو، هەتا شەرمنییەکەی بە جۆرێك بوو؛ ئەگەر ترسی (ئاغا) نەبووایە، نەدەبووە (حەیرانبێژ)، چونکە قسەی ئاغا لە گوندا ڕەتکردنەوەی بۆ نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی (بایز) دێتە (شار) گۆڕانێکی بنەڕەتی و پێچەوانە لە کەسێتییەکەی ڕوودەدات، ئەویش لەبەر ئاشکرانەبوونی لە ترسی ئاغا و پیاوەکانی و براکانی هەمین، بۆیە بەناچاری خۆی دەکاتە پیاوی تەریقەت، دەبێتە دەروێشی تەکیەی (شێخ قادر)، بێگومان ئەم کارەشی بەپێشنیازی خۆشەویستەکەی و لەبەر پاراستنی گیانی خۆی و (هەمین)ی خۆشەویستی هەڵبژاردووە، چونکە (هەمین) داوای لێکردبوو ببێتە دەروێش کاتێ پێیدەڵێت: (.... بایز خۆت بخەناو خانەی خودا و پێغەمبەران، دەنا هەردووکمان دەبیننەوە و دەمانکوژن ... ) (حەسەن، 2005: 90).

بێگومان گۆڕینی کاری حەیرانبێژی بۆ دەروێشی، تەنها هەر گۆڕینی کار و پیشە نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ گوڕینی کەسێتییە، لە کەسێتیی شەرمن و گوێڕایەڵ بەهۆی ترس، دەبێتە کەسێکی کراوە و پەیوەستبوو بە ئایین، هەتا مووی سەر و ڕیشی دائەنێ و جۆرێك لە کەسایەتی بۆ خۆی دروستدەکات، کە خەڵك بە خراپ و (ژن هەڵگرتوو)ی تێنەگەن.

بێگومان ئەم پێشنیازەی (هەمین) زۆر ژیرانە بووە و لە ڕوانگەی خوێندنەوەی ئاوەز و بیری تاکی کورد بە گشتی و پیاوی کورد بە تایبەتیی بووە، چونکە (هەمین) هەستی بەوە کردبوو کەسێتی دەروێش و سەید و مەلا لەناو کۆمەڵگەی کوردییدا بەهۆی پابەندی بە (ئایینی ئیسلام)، چ ڕێز و سەنگ و پێگەیەکیان هەیە، ڕۆڵ و پێگەیان هیچ لە هی ئاغاکان کەمتر نییە، لەبەرئەوەی خەڵکی ئێمە بەچاوێکی زۆر پیرۆز تێیان دەڕوان و ڕێزێکی بێ شوومارییان لێدەگرن و بەها بۆ قسە و کردەوەکانیان دادەنێن و یارمەتی دارایی باشیشیان دەکەن، هەروەها (بایز) لەناو شاردا جگە لە (دەروێش)ی چەندین کاری دیکە دەکات، وەك (قاپشۆری، لۆقنتەچی، توونچی، حەمباڵی، چەرچی)، لەهەموو ئەو کارانەشدا، بەهۆی پیشەکە جۆرێك لە کەسێتی بۆ خۆی دروستکردووە، بەمەش بەپێی ڕووداوەکان بۆتە کەسێتییەکی پەرەسێن و گۆڕاو، گۆڕانێك بەپێی شێواز و پێویستی کارەکە خۆی گونجاندووە.

یەکێك لە کارەکانی دیکەی (بایز)، (ڕاوچی)یە، (بایز) دەبێتە ڕاوچی و لە دەشتەکاندا دەست بە ڕاوە ڕیشۆڵە دەکات، چونکە لە کاتی وەرزی زستاندا ڕیشۆڵەکان بۆ دەشتەکان کۆچ دەکەن، بەمەش دەبێتە سەرچاوەی داهات و بژێوی بۆ بایز و زۆر کەسی دیکە، بۆیە (بایز) لە ڕێگەی فرۆشتنی ئەو ڕیشۆڵانەوە ژیانی خۆی دەگوزەراند؛ چونکە ڕیشۆڵەکانی بە (سلێوە)ی دەفرۆشت ئەویش لەلایەن خۆیەوە بە مەیفرۆش و مەیخۆرەکانی دەدا و دەیانکرد بە مەزە، ئەگەر سەیربکەین، هەر لەمەدا کەسێتی بایز لە پەیوەستبوون بە ئایین و ڕاوکردنی باڵندە و فرۆشتنی بە مەیخۆرەکان دوو کەسێتی جیاواز و دژبەری یەکترن.

هەرچۆنێك بێت ئەم کارانەی تەنیا بۆ خۆگونجاندن و ژیان بەرێکردن بووە، هەر بۆیە کەسێتییەکانی بۆ ئەو مەبەستە بووە و نەك خودی کەسێتی ڕاستەقینەی خۆی بێت، کەچی ئەم کارانە نەبوونە هۆی ئەوەی لە خۆشییدا بەردەوام بێت، چونکە کاتێك (بایز) ڕۆژێك لە ڕاو دەگەڕێتەوە خۆشەویستی ژیانی (هەمین) لە ماڵ نابینێت؛ لەبەرئەوە دەست بەگەڕان دەکات، لە هەموو کوچە و کۆڵانەکانی شار، ماڵ بە ماڵی بازرگان و ئاغا و بەگلەرەکان و خواپێدراوەکان دەگەڕێت، (چونکە (هەمین)یش بەهۆی قورسی باری ژیان کاری دەکرد، کارەکانیشی بە زۆری لە ماڵە (بازرگان و دەوڵەمەند)ەکان بوو)، لەگەڵ ئەوەی ئەو شەوەی (بایز) لە (هەمین)ێ دەگەڕا، (باران)ێکی زۆر لە شاری دەباری (ڕەشەبا)یێکی توونديشی لەگەڵدا بوو، بارانەکە لافاوی دروستکردبوو، هەرچەندە (بایز) لەناو قوڕ و لیتە و لافاوەکە تووشی ناخۆشی و دەردەسەری ببوو و جەستەشی هەموو تەڕ و بە قووڕ ببوو، کەچی بەردەوام بەدوای خۆشەویستەکەی دەگەڕا و لە خوای گەورە دەپاڕایەوە و دەیگووت: (...خودایە هاوار... فریامکەوە و بە تەنیا جێم مەهێڵە.... ) (حەسەن، 2005: 207).

دوای گەڕان و سووڕان و سۆراغێکی زۆر (بایز) خۆشەویست/(هەمین)ەکەی نادۆزێتەوە و تووشی حاڵەتی دەروونی دەبێت و وای لێدێت (وڕێن)ە بکات و بەردەوام خەیاڵی لای (هەمین)ی خۆشەویستی بێت و شتی سەیری لە بارەی (هەمین)ەکەی بە خەیاڵدا بێت، لەوانە: باپیر ئاغا و باوك و براکانی (هەمین) هاتوونە و هەوڵی کوشتنی (هەمین)یان داوە، (هەمین)یش هەرچەند هەوڵیداوە بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت، بەڵام نەیتوانیووە لەبەرئەوە ئێستا لە ژیاندا نەماوە؛ ئەمە وا دەکات (بایز) لە وڕێنەکردنی خۆی بەردەوام بێت، وایدەبینێت (هەمین) بووەتە (کـــارمامز) و لەگەڵ کچانی گوند، کە ئەوانیش بوونەتە کارمامز بە شێوەیەك، کە سەریان مرۆڤە و لاشەیان کارمامزە بەیەکەوە (بە ڕەوە) لە دەشت لە ترسی ڕاوچیی و برسییان هەڵدێن، ئەمەش لەلایەك ڕاستەوخۆ ئەو پەیامە دەبەخشێت و نیشانەیە بۆ ئەو هەموو ئەو زوڵم و زۆرداریيەی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردیی بەتایبەتی لە ئافرەت دەکرێت، چونکە ئافرەت هیچ جۆرە ئازادییەك لەناو کۆمەڵگەدا بەدیناکات، بەڵکو لە لایەن پیاوانەوە بە هەموو شێوەیەك دەچەوسێندرێتەوە، لەلایەکی دیکە: بوونی (ئافرەت) بە (کارمامز) لە خەیاڵی (بایز)دا، نیشانەیە بۆ ئەوەی هەر ئافرەتێك بکەوێتە داوی خۆشەویستی وەك (هەمین)ی خۆشەویستی تووشی کوشتن دەبێت و ڕەوانی ئەو دونیا دەکرێت، هەروەك چۆن ڕاوکەرەکان بەردەوام کارمامزەکان ڕاودەکەن و ژەمی چەورییان لێدروستدەکەن یان دەیفرۆشن و بە پارەکەی ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن، بۆیە (بایز) هەر بەدەم وڕێنەکردنە پەشیمانە لەوەی، کە خۆیشی ڕۆژانێك ڕاوچی ڕیشۆڵەبووە، بۆیە ئێستا داوا لە ڕیشۆڵەکان دەکا- (ئەو ڕیشۆڵانەی تا دوێنێ ڕاوی دەکردن)، تاکو ئەمڕۆ لەدەست ئەو هەموو ناخۆشییە ڕزگاری بکەن، چونکە دوای ئەو ڕووداوە- (ونبوونی هەمین)، هەمووکات وێنەی (باپیر ئاغا و هۆمەری باوکی هەمین و خدر و کانەبی براکانی) لەبەر چاوی (بایز) بوون

دواجار (بایز) لەتاو ونبوونی خۆشەویستەکەی (شێت) دەبێت، بەمەش کەسێتییەکی نامۆ و گۆشەگیر و شەپڕێو و دوورەپەرێزی لێ بەدەر دەکەوێت، بەڵام ئەم شێت بوونە ئەوە دەردەخات پەیوەندی خۆشەویستی نێوان (هەمین و بایز) زۆر ڕاستگۆیانە بووە؛ کاتێك (بایز) شێت دەبێت، منداڵانی کووچە و کۆڵانی شار بەردەوام بەردبارانی دەکەن، دواجار پۆلیسەکان دەیگرن و بەرەو شێتخانەی دەبەن؛ پاشان دەیگوازنەوە بۆ شاری بەغدا، بەمەش ڕووداوەکان چەندین کەسێتی جیاواز لە کەسێکدا دروستدەکەن.

### ٢. ١. ١. ١: کەسێتی بایز و پەیامەکەی:

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت: کەسێتی (بایز) لەناو ڕۆمانەکەدا تەواوی ژیانی پڕ دەردەسەری و ناخۆشی و نەهامەتییە، ژیان و دابڕان لە خۆشەویستترین کەس و دوورکەتنەوە لە زێدی باب و باپیران -گوند...، ئەمانە هەموو لە ژیانی (بایز)دا ڕوویاندا، دواجار خۆشەویستی نێوان (بایز و هەمین) وەك دیاردەیەك لە سەردەمی کۆندا بە هەڵاتن کۆتایی پێهاتووە.

ئەوەی جێگای بایەخە ئەوەیە؛ کە ڕۆمانوس دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو ڕۆمانە ڕەخنە لە کۆمەڵگەی کوردیی و داب و نەریتە کرێتەکانی بگرێت، کۆمەڵگەیەك تا ئێستاشی

لەگەڵدا بێت لێناگەڕێت کەسەکان بە ئازادی و سەربەخۆیی بۆ خۆیان ژیان بەسەر بەرن و هاوسەرگیریی بکەن، بۆیە لادان لەو نەریتە کرێتەی کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی دەردەسەری و ژیانی تاڵ و ماڵوێرانی بۆ ئەو کەسانەی لەو نەریتە لایان داوە، تەنانەت زۆرجاریش کەسەکان تووشی گرتن و لێدان و کوشتن دەبن، یا ئەوەتا بە دەردی دڵ و ئازاری ناخ هۆشییان لەدەست دەدەن و شێت دەبن.

(بایز) لە شێتخانە مایەوە، وەك شێتێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، ئەو- بایز نەیتوانی تاکە داوا و وەسیەتی (هەمین)ی خۆشەویستی جێبەجێ بکات، کە بە (بایز)ی گووتبوو: (.... دەروێش ئۆباڵی منت بە ئەستۆ، ڕۆژ بازاڕی قیامەتێ، ئەگەر مردم تووخوا نەکەی لێرە بمنێژی، بمبەوە... بمبەوە دەشتێ... گوندەکەی خۆمان، گەردنت ئازادناکەم، ئەگەر لەسەر "گردی عاشقان" نەمنێژی، ئاخر کوڕەتیم زۆر تێدا نە ژیام.. دەبا بە مردن بچینەوە ئەوێندەرێ، ئەوجا هەموو فەسڵی بوهاران وەرە سەر گۆڕەکەم و دوو سێ چەپکە نێرگزان لەبەر پێیانم ... نا ... نەکەی... لەکن سەرم دابنێ تا تێر تێر بۆنیان بکەم... ئەمن دەزانم بایز... جارەکی دیکە ئەوێندەرێ نابینمەوە... ئەمن دەزانم هەردووکمان گۆڕ غەریب دەبین... ئەمن دەزانم.... دەزانم...) (حەسەن، 2005: 216-217).

بۆیە (بایز) بیر لەخۆی دەکاتەوە ..... (ئای (بایز) چ ژیانێکت بەڕێکرد، چەند کار و پیشە و ئێش و ئازارت دیت، تەنیا لە پێناو خوشەویستی و خۆشەویستەکەت، تۆ لە لە گوندەکەت حەیرانبێژ بووی، هەموو شایی و ژن هێنانێك بەستە و حەیرانت دەگووت، ئەو حەیرانەی پێش ڕۆیشتن لۆتم گۆت هەمین گیان، بیرتە...

حەیران حەیرانە ...

حەیران هەمینە...
قۆندرەی زەرد و گۆرییەی چەلینە...
بەژنی ڕەشە ڕەیحانە گەردنی شانشینە
ڕوومەتی بەفر و خوینە
سەری مەمکانی شەکرن .. بنیان هەنگوینە
بڕۆنە کاری خودای گەلەك ڕەنگینە
ئەجا دەرێم حەیران حەیرانە... حەیران (هەمین)ە...
گەردەنی زەردە و مەمکی هەنگوینە
ڕوومەتی گوڵە و سنگی سپینە
جا سوندەکەم خواردییە بە (سوڵتان عەولا)ی ...
بە (حوسێنی غازی)
پاش ئەو غەدار بابەی چ دۆستان ناگرم...
چ یارم نینە) (حەسەن، 2005: 80- 81).

**٢. ١. ٢: کەس و کەسێتیی هەمین:**

کەسێتی (هەمین)یش بە هەمان شێوەی (بایز) لە ڕۆمانەکەدا کەسی سەرەکییە/ شاکەسە، (هەمین)یش کەسێتییەکی داماوی هەیە و هیچ خۆشییەکی لە ژیان نەبینیووە، چ لە گوند چ لە شار، لە شار لەپێناو ژیان لەگەڵ دڵدارەکەی بۆتە کارکەری ماڵە دەوڵەمەندەکان، چونکە (هەمین) ئاشقێکی سەرسەختی (بایز) بووە و لە پێناو ئەو ئێشقەشدا دەستبەرداری کەس و کار و گوندەکەی بووە، تەنانەت گیانیشی لەم پێناوەدا بەخشیووە، ئەمەش کەسێتییەکی خۆنەویست و وەفادار و ڕاستگۆیی لە (هەمین)دا دەردەخات، بۆیە ژیانی خۆشی گوند و جوانی، کردە قوربانی بایز و هەر لەم پێناوەشدا دووبارە بوویەوە بە کارەکەری ماڵان.

(هەمین) هەر لەو ڕۆژەی (بایز) دێتە ناو ژنان بۆ ئەوەی حەیرانییان بۆ بڵێت، ئەشقی (بایز) لەکەلەی دەدات و دەستماڵە زەردەکەی خۆی بە (بایز) دەدات، تا ئارەقەی سینگی پێ بسڕێتەوە، دواتر بە نهێنی ژوان لەگەڵ یەکتر دەکەن، تا ڕۆژێك بڕیاردەدەن گوندەکەیان بەجێبهێڵن و سەرهەڵگرن و ڕەدووی (بایز) بکەوێت و بچنە شار.

ئەوی جێگای سەرنجە لەم ڕۆمانەدا ئەوەی تێبینی بکرێ، ڕۆمانووس دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کە گرفتی مرۆڤی داماو بەگشتی و کورد بە تایبەتی لەوەدایە: هەر کاتێك تووشی گرفتێك دەبێت ڕووبەڕووی خودی گرفتەکە نابێتەوە، چارەسەری ڕیشەیی بۆ نادۆزێتەوە، بەڵکو لە گرفتەکان هەڵدێن، بۆیە ڕێگەی ئاسان دەگرنەبەر، ڕێگەی ئاسانیش بەلای (شاکەسەکان)ی ئەم ڕۆمانە (بایز و هەمین) هەڵاتنە، چونکە ئەوان وا هەستدەکەن بە هەڵاتن گرفتەکان کۆتایی پێدێت !، نازانن گرفتەکە ئەگەر گەورەتر و ئاڵۆزتر نەبێت، ئەوە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، چونکە (هەمین)ی داماو کاتێك دەچێتە شار ژیانی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردانایەت، بەڵکو دووبارە بۆ کارکردن ڕووی لە ماڵی دەوڵەمەند و بەگەکان و ئاغاکان کرد، هەرچەندە (بایز) زۆری پێناخۆش بوو ئەم کارە بکات، بەڵام شوێنی نوێ و ژیانی نوێ پێویستی بە پارەی زۆرە و (بایز)یش بەتەنها نەیدەتوانی بژێوی ژیانی نوێ دابین بکات.

کارەکانی (هەمین) بریتیبوون لە: (قاپ شووشتن و جل شووشتن و مل شێلانی ژنە ئاغا و دەوڵەمەندەکان و ماست فرۆشتن و هێلکە فرۆشتن) بوو؛ کە ئەمەش نیشانە و بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە بۆ بەدبەختی مرۆڤی کورد بەگشتی و ئافرەتی کورد بە تایبەتی، چونکە برسیەتی و پێویستی مرۆڤ ناچاردەکات دەست بۆ هەموو شتێك بەرێت، بۆیە نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی کەسێتی (هەمین) پێمان بڵێت: ئافرەتی کورد لەگەڵ ئەوەی هیچ ماف و ئازادییەکیان بۆ دابین نەکراوە، بەڵام لە مەیدانی ژیاندا شانبەشانی پیاوان کاردەکەن و مل دەدەنە بەر سەختییەکانی ژیان، بەمەش هیچی لە پیاو کەمتر نییە.

لە بنەڕەتدا هەموو کار و هەوڵەکانی (هەمین) هەر بۆ ئەوەیە یارمەتییەك پێشکەشی (بایز) بکات، هەرچەندە خودی (بایز) ئەم کارەی پێ خۆش نەبوو، بەڵام کەمدەرامەتی وای لە (هەمین) کرد، هەموو تەمەنی گەنجێتی لە پێناودا بەڕێ بکات؛ بۆیە کەسێتی (هەمین) گوزارشت لە کەسێتیەکی ماڤخورا و ماندوونەناس و وەفاداریی ئافرەتی کورد دەکات، هەرچەندە دیاردەی (ڕەدووکەوتن) شتێکی قێزەونە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەڵام ئەمەش خۆی جۆرێکە لە وەفا بۆ خۆشەویستەکەی، هەرچەندە نووسەر نەهاتووە لە دیاردەی ڕەدووکەوتن بدوێت، بەڵکو ئەوەی بۆ خوێنەر جێهێشتووە، دەبێت ئێمەی خوێنەر پرسیاری هۆکاری ڕەدووکەوتن لە خۆمان بکەین، بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بە دەست بهێنین؛ بەڵام دەبێت هەروەك مرۆڤێکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوان ئەگەر هەڵەش بکەن هەر مرۆڤن و شایانی هەڵەیان تێدایە.

بەگشتی کەسێتی هەمین کەسێتییەکی چەسپاوە، لە وەفاداریی و ژیریی و گوێڕایەڵی، تەنانەت، کار و پیشەکانیشی هەر هەمان شتن، وەك لە لادێدا خەریکی خزمەتکردن و پاککردنەوەی ماڵە ئاغا و خزمەتکردنی ژنەکانی ئاغابوو، کەچی کە هاتە شار بە هەمان شێوە لەبەر بژێوی ژیان و هاوکاریکردنی خۆشەویستەکەی لە ماڵە دەوڵەمەند و بازرگانەکان بۆتە خزمەتکار، بەمەش کەسایەتییەکی جێگیریی هەبووە، وەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، کە (بایز) هەموو جارێ بە (هەمین)ی دەگووت: ((..

هەمین چیدیکە مەڕۆدەرێ، ئەتوو هیلاك بووی، بنوو قەت بەخەبەر مەیێ، ئەمن تا ئەبەد بەدیارتەوە دادەنیشم و نانووم...)(حەسەن، 2005: 105)، چونکە (هەمین) جوانییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو، ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی ئاغای گوند چاوی تێ ببڕێ، بەڵام (هەمین) خۆی باوەڕی بە خۆشەویستیی پاك هەبوو و گرنگ نەبوو ئایا ئەوکەسەی خۆی خۆشیدەوێت دەوڵەمەندێکی دەسەڵاتدارە یان هەژارێکی بێدەسەڵات.

لەم چەند ڕستە و دەستەواژانە دەردەکەوێ و نووسەر ژیرانە لەڕێگەی کەسێتی (هەمین) ئەوەمان پێدەڵێت: کە خۆشەویستییەك دڵ سەرچاوەی گرتبێت و بە ئاوەز بڕیاری لێدارابێت، گومان لە پاکییەکەی ناکرێ، چونکە هیچ شتێك نابێتە هۆی ئەوەی خۆشەویستی پێ بەدەست بهێنرێت، مەبەست لە: دەوڵەمەندی و ماڵ و سامانە، بە واتایەکی دیکە خۆشەویستی بە پارە و پول ناکڕێت، ئەمەش کەسێتی سەنگین و جێگیری (هەمین) دەردەخات.

کۆتا ڕووداوی ژیانی (هەمین) لەڕۆمانەکە ئەوەیە؛ ڕۆژێکیان زوو لە خەو هەڵدەستێت وەکو ڕۆژەکانی دیکە دەست بە ئیشی ماڵەوەی خۆیان دەکات، دواتر ڕووەو ماڵی بازرگان و دەوڵەمەندەکانی شار دەکەوێتەڕێ، کاتی ئێوارێ (بایز) هەر چاوەڕوانی (هەمین)دا دەبێت، بەڵام (هەمین) هەر نەگارێتەوە.

نووسەر ژیرانەبووە لە چنینی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و هەوڵیداوە شێوەی کۆتایی هاتنی کەسێتی (هەمین)، کە شاکەسی دووەمی ڕۆمانەکەیە لە خوێنەر بشارێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە خۆیشی دەزانێت؛ باسکردنی شێوەی کۆتایی هاتنی ژیانی (هەمین) شتێکی ئەوەندە شاراوە و نامۆ نییە، تا خوێنەری کورد هەستی پێ نەکات و نەتوانێت ڕاڤەی بکات، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردییدا هەر کاتێك دیاردەی (ئابڕو/ نامووس) دێتەگۆڕێ ئەوە وشەی (کوشتن) بێ چەند و چوون ئامادەیی ڕاسەوخۆی هەیە، هەرچی لە حاڵەتی (هەمین)دا هەیە، نەك هەر تەنها (باوك و برا)کانی، بەڵکو (ئاغا)ش، کە هێمای زۆرداری و زوڵمکردنە، پیاوەکانی خۆی دەنێرێت تا یارمەتی ئەوان بدات لە پرۆسەی لەناوبردنەکە، کە ئەمەش تراژیدیایەکی چاوەڕوانکراوە جێبەجێ دەکرێت؛ بەمەش ڕۆماننووس دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت؛ دەسەڵات بەدەستان بەهەموو شێوەیەك دەیانەوێت خۆشییەکانی ژیانیان بەدەست بهێنن، بەڵام ئەگەر دەستیان نەکەوت، ئەوکات ئامادەن جوانییەکانی ئەوانی دیکە بشێوێنن.

## ٢,٢: کەسێتیی کەسە لاوەکییەکانی ڕۆمانەکە:

بەشێوەیەکی گشتی کەسە لاوەکییەکان کەسێتییەکانیان لە ڕۆمانەکەدا چەندین، کەسن و بەشێوەیەك خزمەتی کەسی سەرەکی و ڕووداو و ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا هاتوون، کە ئەمانەن:

**٢. ٢. ١: (باپیر ئاغا)؛** باپیر ئاغا) لەم ڕۆمانەدا کەسی لاوەکیی پلە یەکە، چونکە کاریگەرییەکی مامناوەندی لەسەر ڕووداوەکاندا هەیە، باپیر/ (ئاغای گوند)ە و هێمای ستەمکاری و زۆردارییە، لەبەر ئەوەی بەهەموو شێوەیەك زوڵمی لە خەڵك کردووە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا زیاتر وەك زوڵمکەر لە ئافرەت بەدیاردەکەوێت، چونکە ئاغا سێ ژنی هەبووە و (هەمین)یشی خۆشویستووە، ئەمە بەبێ ڕەچاوکردن جیاوازی تەمەن، بۆیە ویستوویەتی بەو دەسەڵات و ماڵ و سامانەی کە هەیەتی ئافرەتێکی جوان و شۆخ و شەنگی وەك (هەمین) دەستەبەر بکات و مەرامی هەوەس و ئارەزووەکانی خۆی و دامرکانەوەی ئارەزووی جەستەیی خۆی لێ بەدەست بهێنێت، تەنانەت هەوڵدەدات، (بایز)، کە خۆشەویستی (هەمین)ە بیکوژێت، لەوەش زیاتر پیاوەکانی بۆ کوشتنی ئافرەتێکی بێدەسەڵاتی وەك (هەمین) دەنێرێت، بەمەش کەسێتی (باپیر ئاغا)، کەسێتییەکی شەڕەنگێز و ستەمکار و خۆ بەگەورەزانە و هەموو کارێك دەکات تاکو قسەکەی نەکەوێت، ئەمەش نموونەی کەسێتی ناسەنگین و بێ ڕێزە، تاکۆتاییش کەسێتییەکەی (شەڕانگێزی و ستەمکار...) بە جێگیریی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت و بەرەو پێشەوە ناچێت.

لەم دیدگەیەوە ئەگەر سەیرێکی (ڕابردوو)ی خۆمان و مێژووی کورد بکەین، دەبینین: کە ئاغاکان لە گشت ناوچەکانی کوردستاندا دەسەڵاتێکی باڵا و ڕەهایان هەبووە، بۆ نموونەش لە ناوچەی هەولێر و دەشتی هەولێر و دەووروبەری، بۆیە ڕۆمانووس دەیەوێت بڵێت: ئەو کەسانەی خاوەنی زەوی و زار و پارەوپوولن، هەمیشە هەوڵدەدەن خەڵکی هەژار بچەوسێننەوە و بیانخەنە ژێردەستی خۆیان و بیانکەنە ژێردەستە لە هەموو ڕوویەکەوە.

**٢. ٢. ٢: (شێخ قادر):** شێخ قادر لەم ڕۆمانەدا کەسی لاوەکییە هەروەها جۆری کەسێتییەکی باشی هەیە، پیاوی تەریقەت و تەکیە بووە، زۆر گرنگی بە ئایین داوە، هەوڵیداوە لە دیدی مرۆڤێکی ئایینییەوە کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان دروستبکات، بۆ نموونە کاتێ بە (بایز) دەڵێت: (.. تا کەنگی هەمینی ژنت دەنێریتە ناو کۆشك و تەلاری ئاغاکان و بەگلەران و ئەفەندییە تەوالێت لووسەکان؟ کوڕم گوناهت دەگاتێ با واز لەو شیر و هێلکە فرۆشتنە بێنێ.... ) (حەسەن، 2005: 89)، بەمەش ئارامی و نەرم ونیانی و ڕۆشنبیرییەکی ئایینی بە کەسێتییەکە دیارە، جگە لەوەی گوێگر و خەمڕەوێنێکی باشی (بایز) بووە.

هەرچەندە کەسێتی (شێخ قادر) کەسێتییەکی ئایینیە، بەڵام نووسەر دەیەوێت ئەو ڕووە ڕاستەقینەی هەندێك لەو کەسانە دەربخات، کە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان دەسەڵاتی ئایینی و پەردەی ئایین بەکاردێنن، تەنانەت هەندێکجار ئایەت و فەرموودەکان لە بەرژەوەندیی و مەبەستی خۆیان بەکاردێنن؛ بۆ نموونە (شێخ قادر) داوا لە (بایز) دەکات ڕیشۆڵەی بۆ بهێنێت، ئەمەش (بایز) ناچار دەکات و پەنا بۆ شتی تر(درۆ) بەرێت وەك ئەوەی لە ترسی شێخ قادر دەڵێت: (.. دەوەرە هەمین با مزگێنی ئەمشەوت بدەمێ، دە دوازدە ڕیشۆڵە سەربڕە و مەنجەڵە ئاوێك گەرم کە، بەس سبەینێ یاشێخ پێبزانێ هەر زوو بە زوو داوای زەکات دەکا ...) (حەسەن، 2005: 146)، چونکە کاتی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردییدا وا باوبوو، کە زەکات بە پیاوی ئایینی دەدرا.

**٢ .٢ .٣: (سلێوە):** (سلێوە)ش کەسی لاوەکییە لە ڕۆمانەکەدا، کەسێکی خراپەکارە، خۆی دوکاندارە و ڕیشۆڵە لە (بایز) دەکڕێت و دەیفرۆشێتە مەیخانە و مەیخۆرەکان بۆ ئەوەی بیکەنە مەزەی پێکەکانییان، تەنانەت زۆرجار مەی بە نرخێکی دووقات و زیاتر بە مەیخۆرەکان دەدات، بەمەش کەسێتییەکی چاوچنۆك و ماڵپەرست و بێ ویژدانی هەیە، ئەمە تاکۆتایی کەسێتییەکەی بە جێگیریی دەمێنێتەوە.

**٢ .٢ .٤ :(هۆمەری سەرکار):** هۆمەری سەرکار، کە هاوکات (باوکی هەمین)یشە، کەسی لاوەکییە لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، چونکە هیچ کارێك لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕێڕەوی ڕووداوەکان ناکات؛ ئەمیش چەند کەسێتییەکی هەیە، لە لایەك چاوچنۆکە و دەیەوێت بەهۆی هەمینەوە خۆی زیاتر لە ئاغا نزیك بکاتە و پارە و پۆستی باشتر بەدەستبهێنێت، هەرچەندە سوڵحی عەشایریی لەگەڵ خانەوادەی بایز دەکات و لەوێ سامانێکی زۆری دەستدەکەوێت، بەڵام نابێتە هۆی شاردنەوەی دڕەنەدەییەکەی.

لەلایەکی دیکە: ترسنۆکە و هەمیشە گوێڕایەڵ و جێبەجێکاری بڕیارە نابەجێ و ناقۆڵاکانی ئاغایە، بەرانبەر هەمووان، تەنانەت کاتێك بڕیاری کوشتنی (بایز و هەمین)

دەدرێت، ئەو پشتگیری دەكات و كوڕەكانی خۆی لەگەڵ پیاوەكانی ئاغا دەنێرێت بۆ كوشتنی (بایز و هەمین)، لە لایەكی دیكە: نموونەی پیاوی كورد پیشاندەدات، كە بەرانبەر ئافرەت چەند دڵڕەق و كەللە ڕەقن، تەنانەت لە ڕژانی خوێنی ئەو ئافرەتەی لە جەرگی ئەودا دروستبووە سڵ ناكاتەوە و ویژدانی نایەهژێنێت بەرانبەر بە بڕیاری كوشتنی (هەمین)ی كچی، ئەمەش نیشانەی كەسێتیەكی دڕندەیە.

**٢ .٢ .٥ :(كەریم مەیتەر):** (كەریم مەیتەر)یش لە ڕۆمانەكەدا كەسێی لاوەكییە، پیاوی ئاغایە و لە شاییەكەیدا كاتێك (هەمین و بایز) چاویان پێكدەكەوێت ئەو هەست بەوە دەكات؛ دواتر بۆ ئاغای دەگێڕێتەوە، بێگومان ئەمەش كەسێتییەكی وریا و چاپووكە، بەڵام وریاییەكەی بۆ سیخوڕیكردن و خراپی بەكاردێنێت، چونكە ئەویش هەوڵدەدات بەم كارانەی لە ئاغا زیاتر نزیك بێتەوە بۆ ئەوەی (پارە)یەكی باشتر لە كاری سیخوڕیكردنەكەی بەدەستبهێنێت، ئەو وەك چاوساغی ئاغایە، هەرچی لە گوند ڕوودەدات، خێرا بۆ ئاغای دەبات و زیاتریشی بەسەر وەدەنێت، بۆیە كەسێتییەكەی كاریگەری لەسەر ئاغا و بڕیارەكانی هەیە، تا دوجار دەبێتە یەكێك لە نێردارەوەكانی ئاغا بۆ كوشتنی (بایز و هەمین).

**٢ .٢ .٦ :(كانەبی):** (كانەبی) برای هەمینە و لە ڕۆمانەكەدا كەس لاوەكییە و كەسێتییەكی خراپیشی هەیە، بۆیە وەكو كوڕێك گوێڕایەڵی قسە و گوفتارەكانی باوكی و بڕیارەكانی ئاغا دەكات، بەڵام لە كام گوفتار و بڕیار؟ ئەو بڕیارەی بۆ كوشتنی (بایز و هەمین) دەدرێت، ئەو دەبێتە یەكێك لە جێبەجێكارانی ئەو پڕۆسەیە، بەمەش كەسێتییەكی سەرەڕۆ و شەڕاوی و خراپی هەیە، هەرچەندە (سوڵحی عەشایەر)ی لەنێوان خانەوادەی (بایز و هەمین)كرابوو، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی بەخۆداهاتنەوەیی و پەشیمان بوونە لە بڕیاری كوشتن و گۆڕانی كەسێتیەكەیی لە خراپەكار و دڕندە بۆ كەسێتی تێگەیشتوو و ئاشتیخواز.

**٢ .٢ .٧ :(خدر):** (خدر / برای هەمین)ە، وەك براكەی دیكەی، كەسێتییەكی خراپی هەیە و ڕۆڵەكەی وەكو وەك كانەبی برایەتی.

**٢ .٢ .٨ :(مام ڕەشید):** كەسێی لاوەكیی و كەسێتییەكی چاوبرسی و چاوپیس و خراپەكاری هەیە، كاری دوكانداری دەكات، بۆیە هەمیشە بە دوای قسە و قسەلۆكەوەیە، وەك لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەكەدا هاتووە: (... مام ڕەشید چاوی ئەوەندە پیسە سوار بەسەر ئەسپەوە دەگلێنێ، بەرد شەقدەكات، ڕۆژەك مانێ تۆ و كەرەكەت دەكۆژێت...) (حەسەن، 2005: 95).

**٢ .٢ .٩ :(عەونی زۆڕناگێو):** عەونی زۆڕناگێو)یش لاوەكییە و كەسێتییەكی ناشیرین و خراپی هەیە لەناو ڕۆمانەكەدا، دەیەوێت لە ڕێگەی لاشەی ئافرەتەكەیەوە پارە و پوول بەدەست بهێنێت؛ بێگومان ئەم كەسانە لە هەموو سەردەمێكدا هەن، كە بازرگانی بە لاشەی ئافرەت دەكەن؛وەك لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەكەدا هاتووە: (... ئەو گەوادەی ژنەكەی بۆ قەسابە توركمانەكان دەبات....) (حەسەن، 2005: 96).

**٢ .٢ .١٠ :(كارمبا)؛** كەسی لاوەكییە و كەسێتییەكی خراپی هەیە و خێزانی عەونییە ئیشی لەشفرۆشی دەكرد، تا كۆتایی وا دەمێنێتەوە.

**٢ .٢ .١١ :(فاتە كوڕانی)؛** كەسێتییەكی خراپی هەیە، ئەویش هەمان شێوەی كاری (عەونی) دەكات، بۆیە ناوبانگێكی باشی نابێت: (..دەیانگوت تاكە ژنە لەم شارەدا گەوادی دەكات.. ) (حەسەن، 2005: 180).

**٢ .٢ .١٢ :(بۆداغ بەگ)؛** كەسی لاوەكییە لە ڕۆمانەكەدا، پیاوی ئاغایە و كەسێتییەكی خراپی هەیە، وەك لەگەڵ پیاوانی باپیر ئاغا بۆ كوشتنی (هەمین و بایز) هاتبوو، تەنانەت لە گوندیش ناوبانگێكی باشی نەبوو، بە یەكێك لە پیاوە خراپەكانی گوند دادەنرا، (... یەكێك لە پیاوە هەرە هیچەكانی گوندی... یە) (حەسەن، 2005: 189).

**٢ .٢ .١٣ :(عەلی شوونهەڵگر)؛** پیاوی ئاغایە، لەكاتی هەڵاتنی (هەمین و بایز) بۆ هەولێر، شوێن پێی هەمین و بایزی هەڵدەگرت، بەمەش كەسێتییەكی وریای هەیە، بۆ مەرامی خراپە و خراپەكاران بەكاریدەهێنێت: وەك (بایز) لە شوێنێكدا بە (هەمین) دەڵێت: (... خۆ ئەگەر عەلی شوونهەڵگریان هێنابێ جێی پێیەكانمان دەبینێتەوە، با لە هەندەك جێ لە جێی پێی یەكدا ڕۆین تا جێ پێی یەك ڕێبوار دەستەخەرۆیان بكات...) (حەسەن، 2005: 86).

+ ئەوەی جێگای ئاماژەپێكردنە نووسەری ئەم ڕۆمانە ژیرانە و بوێرانە و ڕاستگۆیانە چەند ڕوویەكی كۆمەڵگەی كوردیی (باش و خراپ ) و كەسێتی تاكی كوردیی پیشانداوە، بۆیە لە ڕێگەیەوە پەردە لەسەر دیاردە كرێت و دزێوەكان هەڵدەماڵێت، دەیەوێت تاكی كورد هۆشیار بكاتەوە و پەند و ئامۆژگاری لە كارە هەڵە و كرێتەكان وەربگرن، بەمەبەستی دووبارەنەكردنەوەیان، لەو دیاردانەش وەكو: (ڕازیبوون بە زووڵم زۆرداریی و سەردانەواندن بۆ زاڵم و ستەكار، پێشێلكردنی مافی تاك و ئافرەت، ناهۆشیاری تاكی كورد و گرانی باری ژیان... هتد )، تەنانەت بەشێوەیەك لە ناو دەقی ڕۆمانەدا زۆربەی كەسێتییەكان بەشێوەی وا وێنا دەكات، وەك بڵێت ئەم قسە و دیاردە و دیمەنانە بۆ زۆرینەمان دووبارە و چەندین بارەن.

## ٣. ئەنجـــام:

لەكۆتایی توێژینەوەكەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك، كە لەژێر ناونیشانی (ئەنجامی گشتی و ئەنجامی تایبەتی)ی دانراون.

### ٣. ١: ئەنجامە گشتییەكان:

1. بەشێوەیەكی گشتی دوو جۆرە كەس لەناو ڕۆمانەكەدا بوونیان هەیە، كەسی سەرەكی و كەسی لاوەكیین، ئەمانە تەواوكەری یەكترن و لە ڕووداوەكاندا بەشدارن.
2. كەس ڕەگەزێكی سەرەكی ڕۆمانە، بێ بوونی ئەم ڕەگەزە ڕۆمانێك بوونی نییە، كەچی كەسێتی پەیوەستە بە خودی كەسەكانی ناو ڕۆمانەكە و بەپێی گرنگی كەسەكان و ڕەوتی ڕووداو و كات و شوێن كەسێتییەكان دەگۆڕێن.
3. لە ڕۆمانەكەدا كەسێتییەكان بە (چاك و خراپ) بوونیان هەیە، ئەمەش خۆی لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەكاندا دەبینێتەوە، بۆیە ڕۆماننووس بەم كارەی هاوسەنگییەكی جوانی لە گەشەپێدانی ڕووداوەكانی ناو ڕۆمانەكەدا دروستكردووە، هەر لەم چوارچێوەیەشدا بنیاتی دەقەكەی داڕشتووە.
4. لە كۆی دەقەكە و كۆتایی دەقەكە و بنیاتی بابەتی ڕۆمانەكە هەست بە چەوساندنەوەیەكی زۆری مرۆڤ، لە لایەن خودی مرۆڤ و كەسی نزیكەوە دەكرێت، لەوانەش چەوساندنەوە و مافنەدانی ئافرەت لەناو ڕۆمانەكەدا، تەنانەت ئافرەت لێرەدا مافی هەڵبژاردنی هاوسەریشی نییە، ئەمەش ڕاستییەكی بەڵگە نەویستە، بۆیە كوشتن بەناوی پاككردنەوەی ناموس بۆتە كابووسێكی گەورەی كۆمەڵگەیی كوردی.

5. تیشك خستنەسەر خۆشەویستی پاك و بێگەردی نێوان دوو دڵدار (بایز و هەمین)، بۆیە، كۆچكردن و هەڵاتن و تەنانەت خۆبەختكردن و مردن لە پێناو خۆشەویستیدا بۆیان سەربەرزییە.
6. خستنەڕووی ئەدگاری دەسەڵاتدارەكانی سەردەمەكە و پیشاندانی كەسێتییەكانیان لە زاڵمی، دڕندەیی، شەڕانگێزیی، بەرژەوەندییخوازیی و خۆبەگەورزان ...
7. نا هۆشیاری تاكی كورد و (قبوڵكردنی بەندایەتی، هەڵاتن لە واقیعی ژیان و چوون بەرە و پیری مەرگ،..).

### ٣. ٢:ئەنجامە تایبەتییەكان:

1. كەسی سەرەكی لە ڕۆمانەكەدا دوو كەسن؛ (بایز) و (هەمین)ن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕۆمانەكە بونیاتێكی خۆشەویستیی هەیە، بەڵام زیاتر (بایز) دەردەكەوێت، (هەمین)یش وەك سێبەر بە دوایدایە.
2. كەسێتی (بایز) و (هەمین)، دوو كەسێتی جیاوازن، بەڵام خۆشەویستی لەژێر چەترێكدا كۆیان دەكاتەوە، هەر خۆشەویستیشە كەسێتی بایز لە ترسنۆكەوە و دەگۆڕێت بۆ بەرەنگاربووەوە، ئەمەش كاریگەریی و هێزی خۆشەویستی لەسەر گۆڕانی كەسێتییدا پیشاندەدات.
3. كەسێتی (بایز) بەپێی كار و پیشەكەی: (سەپان، دەنگخۆش، دەروێش، قاپشۆری، لۆقنتەچی، توتنچی، حەمباڵی، چەرچی)، لە گۆڕاندابووە، بەمەش بەپێی ڕووداوەكان بوتە كەسێتییەكی پەرەسێن و گۆڕاو، گۆڕانێك بەپێی شێواز و پێویستی كارەكە خۆی گونجاندووە، وەك لە كەسێتییەكی (بێدەنگ و ترسنۆك) بۆ (ترسنۆك و گوێڕایەڵ) -(گوێڕایەڵ و شەرمن) -(شەرمن و باوەڕبەخۆبوو)-(باوەڕبەخۆبوو و بەرەنگاریی)-(بەرەنگاریی و خودبەڕێوەبەری) دواتر بۆ كەسێتیی (ئایینی) و دواتریش بۆ كەسێتییەكی (وڕێنەكار و شێت)..
4. ئەگەرچی (هەمین) كەسی سەرەكییە، بەڵام كەسێتییەكەی وەك خۆییەتی كەسێتییەكی وریا و چاپووك و وەفادار و ژیر و گوێڕایەڵ و باوەڕبەخۆبووی هەیە، بە درێژایی ڕۆمانەكەش تا ونبوونی وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەمەش كەسایەتییەكی جێگیر و چەسپاوی هەیە.
5. بەگشتی تەواوی كەسە لاوەكییەكانی ناو ڕۆمانەكە، كەسێتییەكی چەسپاو نەگۆڕیان هەیە و لە بەرەو پێشچوون وەستاون، سەرەتا چۆن لە ڕۆمانەكەدا دەركەوتوون بە هەمان شێوە ماونەتەوە، ڕووداوەكان كاریگەرییان لەسەر گۆڕانی كەسێتییەكانیان (بە باش و بەخراپەوە) نەبووە.

## ٤. لیستی سەرچاوەكان:

### ٤. ١. كتێب:

#### ٤. ١. ١. كتێب بە زمانی كوردی:

بەدران، عمرو حەسەن (2005)، شیكردنەوەی كەسایەتی، و. دانا حەمە نوری، چ. 1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
جامی، نیهاد (2004)، خودی كوردی لە نێوان كەسێتی دووفاقی و تراژیدیای ئەنفالدا، چ. 1، چاپخانەی كاروخ، سلێمانی.
حەسەن، شێرزاد (2005)، سەرجەمی بەرهەمی شێرزاد حەسەن، ب. 2، چ. 2، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
خدر، ڕێزان ڕەحمان (2012)، تەكنیكی گێڕانەوە لە ڕۆمانەكانی (عەبدوڵلا سەراج)دا، چ. 1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
سابیر، پەریز (2001)، بینای هونەری چیرۆكی كوردی چ. 1، (لە سەرەتاوە تا جەنگی جیهانی دووەم)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
سەراج، عەبدوڵلا (2007)، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاكان، چ. 1، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
گەرمیانی، عادل مەجید (2019)، ڕیالیزم لە ڕۆمانی كوردیی هاوچەرخی باشووری كوردستاندا (1928- 1996)، چ. 1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
عوسمان، ڕێزان (2010)، بنیاتی جۆرەكانی ڕووداو لە ڕۆمانی كوردی باشووری كوردستاندا-ساڵی (1985- 1990)، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر.
قەرەچەتانی، كەریم شەریف (2007)، دەرونزانی گشتی، چ.2، چاپخانەی سۆران، هەولێر.
قەرەچەتانی، كەریم شەریف (2010)، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و كۆمەڵایەتییەكان، چ. 2، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
محەمەد، میران جەلال (2009)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی كوردیدا، چ. 1، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

#### ٤. ١. ٢. كتێب بە زمانی عەرەبی:

رشوان، حسين عبدالحميد احمد (2006)، الشخصية دراسة فى علم الجتماع النفس، ط. 1، مركز الاسكندرية للكتاب، الاسكندرية.
مجيد، سوسن شاكر (٢٠١٥)، اظطرابات الشخصية، ط. ٢، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
لازاروس، ريتشارد س (1981)، الشخصية، ترجمة: د. سيد محمد غنيم، ط. 1، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
صالح، مامون (2007)، الشخصية، ط. 1، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
يونس، محمد بن (2004)، مبادى علم النفس، ط. 1، الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
عبداللة، محمد قاسم (2000)، الشخصية، دار المكتبى للطباعة والنشر والتوزيع، ط. 1، دمشق، سوريا.
عبداللة، محمد قاسم (2004)، مدخل الى الصحة النفسية، ط. 2، دار الفكر، عمان، الاردن.
عواد، محمود (2006)، معجم الطب النفسي والعضي، ط. 1، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
وهبة وضاح سيد (2003)، اضواء خفايا النفس، ط. 1، شعاع للنشر والعلوم، حلب، سوريا.
بلشن، ادوارد (1981)، الرواية وصنعة كتابة الرواية، ترجمة: سامي محمد، ط. 1، منشورات دار الجاحظ للنشر، بغداد.

### ٤. ٢: نامە ئەكادیمییەكان:

#### ٤. ٢. ١. نامە ئەكادیمییەكان بە زمانی كوردی:

عەبدولكەریم، حەیات سەعید (2005)، نۆڤلێت لە ئەدەبی كوردیدا (1970 - 2000)، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.
عەبدوڵلا، محەمەد ئەمین (2000)، شاكەس لە ڕۆمانی كوردی كوردستانی عێراقدا (1990 - 1997)، نامەی ماستەر، زانكۆی سەڵاحەددین، كۆلێژی ئاداب، هەولێر.
كەریم، سەلام فەرەج (1989)، كەسایەتی لە درامای كوردی، نامەی ماستەر، زانكۆی سەڵاحەدین، كۆلێژی ئاداب، هەولێر.
محەمەد، سۆزان عەبدوڵلا (2004)، كەسێتی ئافرەت لە ڕۆمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.

#### ٤. ٢. ٢: نامە ئەكادیمییەكان بە زمانی عەرەبی:

عبداللة، سرور عبدالرحمان (1994)، بناء الشخصيات في روايات غسان كنفاني، رسالة ماجستير، كلية الادب، جامعة صلاح الدين، اربيل.
علاوى، عبداللة ابراهيم (1987)، البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق (1980 - 1985)، رسالة ماجستير، كلية الادب، جامعة بغداد.

### ٤. ٣: گۆڤارەکان:

### ٤. ٣. ١: گۆڤارە زانکۆییەکان:

جرجيس، مؤيد إسماعيل (2009)، الشخصية الاستغلالية وعلاقتها بالأعراض النرجسية لدى طلبة الجامعة، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژ. 40، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

### ٤. ٣ .گۆڤارە نازانکۆییەکان:

ئامێدی، عەبدوڵلا (1999)، ڕۆمانی پەرستگاکانی دڵداری، گ. ڕامان، ژ. 16، هەولێر.

ئیسماعیل، موئەیەد (2000)، کەسایەتی ناکۆمەڵایەتی، گ. ڕامان، ژ. 48، هەولێر.

حەمە ساڵح، یوسف، (1999)، کەسێتی مرۆڤ لە نێوان ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا، گ. ڕامان، ژ: 40، هەولێر.

مەعروف، کەمال (1999)، ڕۆمانی کوردی و گیروگرفتەکانی، گ. ڕامان، ژ. 40، هەولێر.

هادی، سیامەند (1999)، کەسێتی لە ڕۆمانی فەرەنسیدا، گ. سەردەم، ژ. 1، سلێمانی.

# ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش (ELF) و پێگەی لە زمانی کوردیدا

**محمد حسين احمد**

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، سلێمانی،هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە ئینگلیزی تەنها وەك زمانێکی بەهێز بەردەوام نەبوو، بەڵکو بوو بە زمانێکی جیهانی و جیهانگیری و نێودەوڵەتی، بە جۆرێك ئێستا ئاخێوەرانی نابنەڕەتی زمانی ئینگلیزی زۆر لە ئاخێوەرانی بنەڕەت زیاترن. ئەم توێژینەوەیە دەچێتە خانەی کۆزمانەوانیی کارەکییەوە و هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمك و بنەماکانی میتۆدی "ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش" (ELF) و ڕۆڵی لە لێکتێگەیشتنەوەی ئەو بەکارهێنەرانەی زمانی ئینگلیزی، کە خاوەنی پاشخانی زمانی و نەژادی و کلتوریی جیاوازن و پێواژۆی پەیوەندیکردنێکی دروست بەڕێوەدەبەن. ئەنجامی توێژینەوەکە پشتبەست بە فۆرمێکی ڕاپرسیی (26) خاڵی، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەرچەندە بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا ئاشنایەتی و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەبارەی چەمك و بنەماکانی (ELF)ەوە نییە، بەڵام ڕەتیناکەنەوە، بگرە لە چەند پرسیارێکی ڕاپرسییەکەدا وەك هاوشانی "زمانی ستانداردی ئینگلیزی"، یان باشتر پەسنیدەکەن و بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بە گونجاوتری دەزانن. تاکی کوردی ئینگلیزی-زمان پێیانوایە بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەمکردنەوەی بەها و ڕۆڵی زمانی کوردی هەیە، بەڵام زمانی کوردیش توانای ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی هەیە و تا ڕادەیەك دەتوانێت لە بەرانبەریدا خۆی ڕابگرێت.

**کلیلە ووشەکان-**(ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش (ELF)، زمانی ستاندارد، ئاخێوەری بنەڕەت، ئاخێوەری نابنەڕەت)

## پێشەکی:

1/) ناونیشان و بواری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش (ELF) و پێگەی لە زمانی کوردیدا)، هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمك و بنەماکانی زاراوەکە و ڕۆڵ و کاریگەریی لەسەر ئەو ئاخێوەرە کوردانەی، کە بەکارهێنەری زمانی ئینگلیزین.

2/0) هۆ و ئامانجی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە: هەرچەندە لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستا سەرنجی لێکۆڵینەوەکان بە تەواوی لەسەر بڵاوبوونەوە و بەرەوپێشچوونی زمانی ئینگلیزی چڕکراوەتەوە و مەترسی و دەرئەنجامەکانی لێکدراوەتەوە، بەڵام تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا (بەپێی زانیاریی توێژەر) وەك پێویست لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی زانستی لەو بارەیەوە ئەنجامنەدراوە. بۆیە ناونیشان ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی چەمك و بوار و بنەماکانی میتۆدەکە لەخۆدەگرێت.

3/0) میتۆد و سامپڵی توێژینەوەکە: میتۆدی ئاماریی شیکاری لە بواری کۆزمانەوانیدا پەیڕەوکراوە. لە ڕێگەی(google form) ەوە ڕاپرسییەکی ئۆنلاینیان ئەنجامداوە، (135) بەشداربوو (ئاخێوەری کوردی ئینگلیزی-زان) وەك سامپڵی توێژینەوەکە فۆرمەکەیان پڕکردووەتەوە و ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕیوە.

4/0) کێشەی توێژینەوەکە: کێشەی توێژینەوەکە لە بۆتەی ئەو پرسیارەدا دەردەکەوێت، کە تاکی کوردی بەکارهێنەری زمانی ئینگلیزی تا چەند ئاشنایەتی و شارەزایی لە بارەی بنەما و تایبەتمەندییەکانی (ELF) هەیە؟ هەروەها لە نێوان زمانی ستانداردی ئینگلیزی و(ELF) دا، کامیان بە پەسەندتر دادەنرێت،کاتێك ئاخێوەرێکی کورد دەیەوێت فێری زمانی ئینگلیزی ببێت؟

5/0) گریمانەی توێژینەوەکە: گریمانەکان لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکە بە دوو خاڵ دادەڕێژین:

- هەرچەندە تاکی کورد وەك پێویست شارەزایی لەبارەی بنەما و تایبەتمەندییەکانی (ELF)نییە، بەڵام تا ڕادەیەکی باش لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا بە شێوەیەکی کارەکی پەیڕەوی لێدەکەن.
- هەردوو میتۆدی فێربوونی زمانی ئینگلیزیی ستاندارد و (ELF) بە لای ئاخێوەرانی کوردزمانەوە پەسەند و گونجاون، بەڵام بەپێی بواری بەکارهێنان، ڕێژەی پەسەندکردنی هەریەکەیان کەم و زیاد دەکات.

6/0) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا ناساندنی چەمك و پێناسەی (ELF) و مێژووی بڵاوبوونەوە و مۆدێلەکانی فراوانبوونی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی و بوونی بە زمانی هاوبەش تاوتوێکراوە، لەگەڵ خستنەڕووی هەردوو مۆدێلی ئاخێوەری بنەڕەت و نابنەڕەت و لێهاتوویی زمانییان لە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (13)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp61-73
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 9 شباط 2025؛ قُبل في 17 آذار 2025؛ نُشرت في 9 تموز 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: : mohammed.kurdish@garmian.edu.krd
حقوق الطبع والنشر ©2025 محمد حسين احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەکارهێنانی(ELF) دا. بەشی دووەم لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە دەنوێنێت، کە بریتییە لە شیکردنەوەی ئەنجامی ڕاپرسییەك، کە لە (26) خاڵ پێکهاتووە. بە گشتی ئامانجی ڕاپرسییەکە گەڕانە بەدوای وەڵامی پرسیاری (تا چەند (ELF) سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر وەك ئامرازێك بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە ناو فێرخوازانی کوردا بەکاربهێنرێت؟)، زۆرینەی وەڵامەکانیش ئەرێنی بوون.
لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

1 (ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە

1/1 (گەشەسەندنی زمانی ئینگلیزی و بوونی بە زمانی هاوبەش

هیچ زمانێک ناتوانێت وەک زمانێکی پەیوەندیکردنی فراوان کاربکات، مەگەر ژمارەیەکی زۆر لە ئاخێوەرانی زمانەکانی تر وەك زمانی دووەم بەکاریبهێن (Crystal) .بە وردی ئەم ڕوانگەیە ڕووندەکاتەوە و پێیوایە تەنها زمانێک دەکاتە پێگەیەکی جیهانی، کە ڕۆڵێکی تایبەت بەدەستبهێنێت و لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دانپێدابنرێت، یان لە شێوەی زمانێکی فەرمیدا لە بوارە میرییەکانی وەك: دادگا و ڕاگەیاندن و پەروەردەدا بەکاربهێنرێت، یان لە بواری پەروەردەی زمانانی بیانیدا پێشبخرێت-Kemaloglu) Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 22).

لەم سەدەیەدا ئینگلیزی بووەتە زمانێکی جیهانی و ژمارەی ئەو کەسانەی، کە ئاخێوەری زمانی بنەڕەت نین، لە ئاخێوەرانی زگماکی زیاترن، ئەمەش وا دەکات، کە زمانەکە لە ڕەگ و ڕیشەی زمانەوانی و فەرهەنگیی خۆی جیابکرێتەوە و بۆ چوارچێوەی پەیوەندییە نوێکان لەگەڵ گروپە هەمیشە گۆڕاوە کارلێککەرەکاندا بگوازرێتەوە (Hülmbauer, Cornelia , Böhringer, Heike and Seidlhofer, Barbara, 2008: 25).

گرنگە سەیری ئەو ڕووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانە بکرێت، کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی لە هەموو جیهاندا، بۆ ئەوەی لەو ڕۆڵە تێبگەین، کە زمانی ئینگلیزی لە چەندین بواری بەکارهێناندا دەیگێڕێت، وەک پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەییەکانی یەکێتیی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەمە جگە لە بوارەکانی توێژینەوە، خوێندنی باڵا، بازرگانی، بانگەشە، ڕیکلام، ناوی کاڵاکان، کات بەسەربردن، ئینتەرنێت، گەشتکردن، .(Cavalheiro, Lili et al., 2021: 67) ...

ئەمڕۆ ئینگلیزی تەنها بۆ وڵاتانی بازنەی ناوەوە نییە، کە وەک زمانی یەکەم بەکاردەهێنرێت، بەڵکو بۆ هەر تاکێک دەبێت، کە لەم زمانەدا بەکارهێنەرێکی لێهاتووە، بێ گوێدانە هەر دۆخێکی جووتزمانی و فرەزمانییان. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە دووبارە بیر لە ڕۆڵی ئینگلیزی لە هەموو بوارەکاندا بکەینەوە، چونکە چیتر زمانێکی بیانی نییە، وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکراوە، بەڵکو زمانێکی جیهانییە بۆ فێربوونی زانست و تەکنەلۆژیا و ... . ئەم مۆدێلە بەرەبەرە دووبارە بیری لێدەکرێتەوە، وەك گۆڕانکارییەکی گەورە لە هۆکارەکانی فێربوونی ئینگلیزی لە ئێستادا دەرکەوتووە. ئێستا شێوازی فێرکردن و هەڵسەنگاندنی زمانی ئینگلیزی وەك پێداویستی و ئاواتی ژمارەیەکی زۆر لە ئاخێوەرانی نابنەڕەت دادەنرێت، کە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئاخێوەرانی نابنەڕەتی تردا بەکاریدەهێنن .(Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 314)

هەرچەندە پێشتر ئینگلیزی تەنها وەك زمانێکی ئاسایی لە لایەن ئاخێوەرانی زمانی بنەڕەتەوە بەکاردەهات، بەڵام پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم وایکرد، ئەم ئەرکە زیاتر گەشەبسێنێت. لە سەردەمی ئێستای جیهانگیریدا، چەندین جار بانگەشەی ئەوە کراوە، کە ئینگلیزی زیاتر وەک زمانی هاوبەش بەکاردەهێنرێت، نەک تەنها ئامرازی پەیوەندیکردنی نێوان ئاخێوەرانی بنەڕەت بێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم واقیعە، توێژەرانی زمانەوانیی کارەکی و کۆزمانەوانی دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە ELF کرد، بە مەبەستی وردبوونەوە لە ئەرکی ئینگلیزی لەم بوارەدا. لە ماوەی (25) ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک توێژینەوەی ئەزموونیی سەرنجڕاکێش لە بارەی(ELF) ەوە، لە چەندین وڵاتی جیاوازی ئەوروپا و ئاسیادا ئەنجامدراون. سەبارەت بە بوارەکانی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، لێکۆڵینەوەکانی ELF گرنگییان بە چەندین بواری بەرفراوان داوە، لەوانە گفتوگۆی ئاسایی "ڕۆژانە"، گفتوگۆی سەر کار و بازرگانی، پەروەردە و خوێندنی باڵا.(Smit, Ute, 2010: 60)

لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی (Kiczkowiak) و(Lowe) ، کە ساڵی (2018) ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە زیاتر لە (80%)ی کارلێکەکانی زمان لە جیهاندا لە نێوان ئاخێوەرانی بنەڕەت و نابنەڕەتدا ڕوودەدات. ئەمە لە کاتێکدایە، کە لە جیهاندا (٣٧٨) ملیۆن ئاخێوەری بنەڕەت و (٧٤٣) ملیۆن ئاخێوەری نابنەڕەت هەن. لەم ڕووەوە (Jenkins)و (Seidlhofer) گرنگییان بە تێگەیشتنی زمانی ئینگلیزی دا، نەک وردبینی و لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێوان کلتورەکان، بەم کارەش بنەما تیۆرییەکانی مۆدێلی فێربوونی(ELF) یان دانا، کە ئامانجێکی گەورەی زۆرێک لە مامۆستایان پێکدەهێنێت (ELF) .زمانی هەموو ئەو ئاخێوەرانەیە، کە پاشخانی زمانی و کلتوریان جیاوازە، بە مەبەستی ڕەخساندنی پێواژۆی پەیوەندیکردنی نێوان ئاخێوەرانی کلتورجیاواز (Jenkins) .پێیوایە بەجیهانیبوونی زمانی ئینگلیزی، نە لە قازانجی ئاخێوەرانی بنەڕەتدایە، نە لەلایەن ئەوانیشەوە کۆنترۆڵدەکرێت (Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 314).

دۆخی ئەمڕۆی وڵاتان بە جۆرێکە، کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانن بەربەست بۆ هاتنەناوەوەی زمانی ئینگلیزی دابنێن، چونکە وەك زمانێکی باڵا هەموو بوار و کایەکانی ژیانی گرتووەتەوە. هەر لە بوارە فەرمی و پیشەییەکانەوە (زانست، سیاسی، ئابووری، پەروەردەیی، گەشتیاری، تەرفیهی، ...) تا بوارە نافەرمی و کەسییەکان (ELF) .وەک شێوازێکی پەیوەندیکردن و خاڵێکی هاوبەش بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و پڕکردنەوەی بەربەستەکانی کلتور و زمان بەکاردەهێنرێت. ئەمە جگە لە هۆکارە مێژوویی و سیاسییەکانی بڵاوکردنەوەی ئینگلیزی وەك دیاردەیەکی نێودەوڵەتی، لەوانە: (1) فراوانبوونی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا گەیشتە لوتکە. (2) سەرهەڵدانی ئەمریکا وەک هێزێکی پتەوی ئابووریی و سیاسیی پێشەنگی سەدەی بیستەم. (3) بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی بازرگانیی نێودەوڵەتی و تەکنەلۆژیای زانیاری بە زمانی ئینگلیزی (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 69)

(Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 22).

2/1 (مۆدێلەکانی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی:

مۆدێلەکانی ئێستای ئینگلیزیی جیهانی و ئینگلیزیی نێودەوڵەتی و بڵاوبوونەوەی لە سەرانسەری جیهاندا، بەسەر "سێ" بازنەی سەرەکیدا دابەشکراوە. ئەم مۆدێلەش بۆ یەکەمجار لە لایەن(Braj Kachru) موە ساڵی (1985) ڕوونکرایەوە، بازنەکانیش ئەمانەن (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 67) (Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 22):

1. بازنەی ناوەکی: بنەما باوەکانی زمانی ئینگلیزی دەنوێنێت، کە زمانی زگماکییە و وڵاتانی ئەمریکا، بەریتانیا، ئێرلەندا، کەنەدا، نیوزلەندا، ئوسترالیا دەگرێتەوە .

2. بازنەی دەرەکی: ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە، کە زمانی ئینگلیزی زمانی بنەڕەتییان نییە، بەڵام وەک زمانێکی فەرمی لە دامەزراوەکانی وڵاتدا بەکاردێت، ئەمەش وڵاتانی هیندستان، نەیجیریا، فلیپین، بەنگلادیش، پاکستان، مالیزیا، کینیا، سەنگافورە و زیاتر لە پەنجا خاکی دیکە لەخۆدەگرێت .

3. بازنەی فراوانکراو: ئەمەش ئەو گەلانە دەگرێتەوە، کە زمانی ئینگلیزی هیچ ڕۆڵێکی مێژوویی لە کۆلۆنیالیزمی وڵاتیاندا ناگێڕێت، یان هیچ پێگەیەکی تایبەتیی میری پێنەدراوە، بەڵام گرنگییەکەی وەک زمانێکی (بیانی) تەکنەلۆژی و نێودەوڵەتی بە باشی ناسراوە و بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت. ئەمەش وڵاتانی چین، ژاپۆن، تورکیا، یۆنان، پۆڵەندا، ڕووسیا و بەشێکی زۆری گەلانی دیکەی دانیشتوانی جیهان لەخۆدەگرێت.

ئەم سێ بازنە هاوسەنتەرە نوێنەرایەتیی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی بواری بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا دەکەن. هەروەها ئەم مۆدێلە ئەوە پیشاندەدات، کە ئەو ئینگلیزییەی لە بازنەی ناوەوە قسەی پێدەکرێت، نۆرم دادەنێت و وڵاتانی ئەم بازنەیە ئینگلیزی وەک زمانێکی زگماکی بەکاردەهێنن، بەڵام لە بازنەی دەرەوەدا ئینگلیزی وەک زمانی دووەم بەکاردەهێنرێت و جۆرەکانی ئینگلیزی لە پێواژۆی پەرەپێدانی نۆرمەکانی خۆیاندان. لە کۆتاییدا، ئەو ئینگلیزییەی لە بازنەی فراوانکراودا بەکاردەهێنرێت، وابەستەی ئەو نۆرمانەیە، کە لەلایەن ئاخێوەرانی بنەڕەتی بازنەی ناوەوە دانراون، ئینگلیزی وەک زمانێکی بیانی بەکاردەهێنرێت (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 67).

3/1 (ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش) (ELF) چەمك و ناساندن(

(ELF)زاراوەیەکی بواری کۆزمانەوانی و زمانەوانیی کارەکییە، کورتکراوەی دەستەواژەی(English as a lingua franca) یە، واتە " ئینگلیزی وەک زمانێکی هاوبەش"، لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ئەکرۆنیمی (ELF) پەسەنددەکەین، لەبەر ئەوەی: (1) زاراوەیەکی جیهانییە، (2) کورت و پوخت مەبەستەکە دەگەیەنێت،(3) ئابووریکردنی تێدایە، چونکە لە توێژینەوەکەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زاراوەکە دووبارەبووەتەوە.

جگە لە زاراوەی(ELF) ، (Seidlhofer)ئاماژە بەوە دەکات، کە لە هەر شوێنێک زمانی ئینگلیزی بۆ پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان بەکاربهێنرێت، دەتوانرێت ئینگلیزی وەک زمانێکی نێودەوڵەتی (EIL) "English as an international language " ناوببرێت، زاراوەی هاوشێوەی تریش بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتوون، لەوانە:

- (Crystal)و هاوبیرانی: ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانگیری "English as a global language".
- (Mair)و هاوبیرانی: ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی "English as a world language".

خاڵی هاوبەش لە چەمکی ئەم زاراوانەدا ئەوەیە، کە هەموویان ئاماژەن بۆ جیاوازی لەگەڵ چەمک و نۆرمەکانی ئاخێوەرانی زمانی زگماکی (Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 23).

(ELF)ئامرازێکی هاوبەشی پەیوەندیکردنی نێوان ئەو ئاخێوەرانەیە، کە پاشخانی کلتوری و زمانیی هەمەجۆریان هەیە و لە هەموو گۆشەیەکی جیهانگیریی جیهانی ئەمڕۆدا بەکاردەهێنرێت. واقیعێکی کۆمەڵایەتیی دینامیکییە، کە لە هەر چرکەیەکدا ملیۆنان ئاخێوەری جیهان زمانی ئینگلیزی وەك زمانی (دووەم) نابنەڕەت بەکاردەهێنن، ئەم کارلێکانەش بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچە فرەزمان و فرەکلتورەکاندا ڕوودەدەن. بەم شێوەیە (ELF) بەردەوام لەلایەن ئاخێوەرانەوە وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن بۆ لێکگەیشتن سوودی لێوەردەگیرێت، بۆیە (ELF) بە سروشتێکی دەوڵەمەند بە جۆراوجۆری، ناتوانرێت بە پێوەر و یاسا و نۆرمەکانی ئینگلیزیی ستاندارد پێناسەبکرێت، کە لەلایەن ئاخێوەرانی بنەڕەتەوە دامەزراون، چونکە چیتر دیاردەیەکی ئاڵۆزە و سیمای تایبەتی خۆی هەیە، کە) بە نەرمی"flexible" ی زمانی، پراگماتیک، کلتوری دیاریکراو (ناسراوە. ئەمەش لە ڕێگەی ئەزموونە دەوروبەرییەکانی ئاخێوەرانەوە پەیوەست بە پراکتیککردن و خستنەسەریەك و خستنەڕووی بێشومارەوە شێوەگیر دەبێت (Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 21).

وەك پێشتر باسکرا، ئێستا ژمارەی ئاخێوەرانی ئینگلیزیی نابنەڕەت زۆر لە ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزیی بنەڕەت زیاترن، ئەم زیادبوونەش تەنها لە پەیوەندییە ڕووبەڕووەکاندا نەوەستاوە، بەڵکو باڵی بەسەر پەیوەندییە دیجیتاڵییەکانیشدا کێشاوە. ئەم دەسەڵاتە جیهانییەی ئینگلیزی بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر پێگەی زمانی ئینگلیزی لە سەرانسەری جیهان و جۆرە نوێیەکانی زمانی ئینگلیزی و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی هاوبەش (Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 21)،

(Crystal)ئاماژە بەوە دەکات، کە نزیکەی 90%ی دەزگا نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمندا، زمانی ئینگلیزی وەک زمانی کارکردنیان بەکاردەهێنن. لە کۆی تەنها (812) ملیۆن بەکارهێنەری ئینگلیزی لە سەرانسەری جیهاندا، نزیکەی 80%یان قسەکەری زمانی بنەڕەت نین .(NNS) جیهانگیری بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی وەک ژاپۆن و ئەندەنوسیا و چەندین وڵاتی دیکە بە هاوبەشی لەگەڵ بازاڕی پیشەسازیی

زمانی ئینگلیزیدا گەشەبکەن ، کە باس لە پێویستیی ئینگلیزی دەکات وەك پردێکی پەیوەندیی نێوان قسەکەرانی نەتەوە و کلتور و پاشخانی زمانیی جیاواز. جگە لەوەش، رێککەوتنێک هەبووە بۆ بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی کارپێکردن بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پەیوەندیکردن لە نێوان بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزیی نابنەڕەت لە کۆمەڵی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، کە ژاپۆن و ئەندەنوسیا لەخۆدەگرێت (mairi, salam, 2016: 283).

یەکێك لەو پێناسانەی، کە بۆ چەمکی (ELF) کراوە، دەڵێت) :لە بنەڕەتدا "زمانی پەیوەندی"contact language -ی نێوان ئەو کەسانەیە، کە نە زمانی دایکیی هاوبەشیان هەیە، نە کلتورێکی هاوبەشی (نەتەوەیی)، بۆیە ئینگلیزی وەك زمانی بیانی بۆ پەیوەندیکردن هەڵدەبژێرن، بەدڵنیاییەوە (ELF) دەتوانێت ئاخێوەرانی بنەڕەتیش بگرێتەوە، کاتێک بەشداریی پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان دەکەن. هەر ئاخێوەرێک ئینگلیزی بەکاربهێنێت بۆ مەبەستی پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان، لە بنەڕەتدا بە (ELF )قسە دەکات، واتە ئاخێوەرانی هەر زمانێکی تر دەتوانن (ELF) بۆ مەبەستی خۆیان بگونجێنن، بەبێ ئەوەی زۆر رەچاوی پێوەر و نۆرمەکانی زمانی ئاخێوەری بنەڕەت بکەن(Hülmbauer, Cornelia et al, 2008: 27) (، هەر بۆیە (Kirkpatrick)زاراوەی (ELF) بۆ پێناسەکردنی دۆخی ئینگلیزی لە پەیوەندییەکاندا بەکاردەهێنێت، کە وەک پردێکە لە نێوان ئەو ئاخێوەرانەدا، کە بە هەمان زمانی یەکەم قسەناکەن.(mairi, salam, 2016: 283)

میتۆدی (ELF) لە گریمانەی "ئینگلیزی وەک زمانێکی بیانی"ەوە بۆ "هۆشیاریی ئینگلیزی وەک ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان ئاخێوەرانی نابنەڕەتدا" دەگۆڕێت. لەم روانگەیەوە ئینگلیزی چیتر تایبەت نییە بە ئاخێوەرانی زمانی بنەڕەتەوە، زۆربەی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی ئاخێوەرانی نابنەڕەتن، بۆیە وا دەخوازێت رێبازێکی دیداکتیک پەیدابێت، کە تێیدا ئەوانیش بە خاوەنی یاسایی زمانەکە هەژماربکرێن. هەرچەندە زۆرێک لە مامۆستایان هێشتا پێیانوایە، کە بەکارهێنانی میتۆدی (ELF) لە کردەی پەروەردەییدا گونجاو نییە، بەڵام ناتوانرێت گرنگیی میتۆدەکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە راستەقینەکانی فێربوونی پۆل پەراوێزبخرێت، چونکە بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە پێداگۆجیی ئینگلیزی و دەتوانێت چالاکیی مامۆستایان فراوانتر بکات، رەنگە رێنمایی خوێندکارانیش بکات، بە تێڕامانیان لەو ستراتیژ و پێواژۆیانەی، کە تەواوی فەرهەنگە زمانییەکانیان لەخۆدەگرێت (Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 315).ئەم گواستنەوەیەی پێگەی ئینگلیزی لە زمانێکی بیانییەوە (foreign language)بۆ زمانێکی هاوبەش (lingua franca) ئاسان نەبوو، ئەمەش بەهۆی وابەستەیی بەکارهێنەران بە یاسا و نۆرمەکانی زمانی بنەڕەتەوە، رۆڵی نۆرمە بنەڕەتەکانی زمانی ئینگلیزی، کە وەک مۆدێلی ستانداردی پراکتیکەکانی "فێرکردنی زمانی ئینگلیزی (ELT-English Language Teaching)"لە سەرانسەری جیهاندا هەبوون و دەسەڵاتیان هەبووە، بەڵام لە رێگەی لێکۆڵینەوەکانی (ELF)ەوە ئەو پرسە خرایە ژێر پرسیارەوە.(mairi, salam, 2016: 283)

لە بنەڕەتدا پێناسە و دیاریکردنی سنووری کاری (ELF) بەسەر چەند قۆناغێکی مێژووییدا دابەشبووە. بە واتایەکی تر گۆڕانکارییەکانی شێوازی تێگەیشتن لەم چەمکە، وای لە (Jenkins) کرد، کە سێ قۆناغی جیاواز لە لێکۆڵینەوەی(ELF) دا جیابکاتەوە (Flognfeldt, M. E. In M. Dypedahl, 2022: 119-120) (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 74):

قۆناغی یەکەم: هەوڵدان بوو بۆ پێناسەکردنی تایبەتمەندییە زمانییە دیارەکانی(ELF) ، وەك گرنگیدان بە فۆڕمەکانی (گۆکردن، لێکسیکۆگرامەر).

قۆناغی دووەم: زانایان درکیان بەوە کرد، کە ناوەندیترین تایبەتمەندی بۆ پەیوەندیکردنی (ELF)بریتییە لە گۆڕانکاری و توانای گونجاندن، لە هەر کوێی جیهاندا کارلێکی (ELF)ڕوویدات، بەکارهێنان جیاواز دەبێت لە شوێنێکی تر. ئەمەش بەهۆی (جیاوازیی پاشخانی زمانی و ئاستی لێهاتوویی ئاخێوەران، ئامانجی کارلێکەکە، سنووردارکردنی هەمەجۆریی پرۆسێسکردن، جیاوازیی تواناکان)ەوە.

قۆناغی سێیەم (Jenkins) :لەم قۆناغەدا(ELF) ی وەکو فرەزمانیی هاوبەش ELF as a multilingua franca)جێگیرکردووە، کە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە ژینگە فرەزمانییەکاندا. لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە، لەبری ئەوەی کەسێک وەک) بەکارهێنەری (ELF- ELF user ناوزەدبکات، (Jenkins) پێشنیازی بەکارهێنانی هەردوو زاراوەی) بەکارهێنەری فرەزمانیی ELF - ELF multilingual ELF use)و بەکارهێنەریELF ی تاکزمان - monolingual ELF user)ی کرد.

ئەو سێ قۆناغەی باسکرا، لە ئەنجامی شیکردنەوە و تێگەیشتنی توێژەرانەوە بۆ " پێناسە جیاوازەکان"ی(ELF) ەوە سەرچاوەیگرتووە) بڕوانە Cavalheiro, Lili et al., 2021: 73-77):

یەکەمین پێناسە، کە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بۆ کرابێت، پێناسەکەی "Alan Firth"ە، ساڵی (1996) پێشکەشکراوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە (ELF) تەنها زمانی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو زمانی پەسەندکراو و هەڵبژێردراوە لە لایەن ئەو کەسانەی، کە پێویستیان بە پەیوەندیکردنە، هاوکات خاوەنی زمان و پاشخانی کلتوریی لێکجیاوازن .

دووەمین پێناسە لە لایەن"Juliane House" ەوە ساڵی (1999) پێشکەشکراوە، پێیوایە (ELF) بریتییە لە کارلێکی نێوان ئەندامانی دوو کۆمەڵ (یان زیاتر)، کە زمانی ئینگلیزی بەکاربهێنن و خاوەنی زمان و کلتوری جیاواز بن، واتە ئینگلیزی زمانی بنەڕەتی هیچ کامیان نەبێت (House) .چەمکی "کلتووری زمانی(linguaculture)" یش دەناسێنێت، بەوەی لە کاتی کارلێکەکانی(ELF) دا، بەشداربووان پێویستە ئاگاداری ئەوە بن، کە چۆن پاشخانی زمانی و کلتوریی خۆیان و ئاخێوەرانی بەرانبەریشیان کاریگەرییان لەسەر پەیوەندیکردن دەبێت.

پێناسەیەکی تر، کە لەلایەن(Jennifer Jenkins) ەوە ساڵی (2013) پێشنیازکراوە، بە هەمان شێوە (ELF) وەک زمانێکی پەیوەندیکردن پیشاندەدات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە بەربڵاوترین بەکارهێنانی ئینگلیزییە لەم سەردەمەدا. هەروەها

(Jenkins)لە پێناسەکەیدا بە تەواوی ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە کارلێکەکانی (ELF) دەتوانن لە نێوان هەر کەسێکدا ڕووبدەن، کە ئینگلیزی وەک کەناڵی پەیوەندیکردن هەڵدەژێرن، بەبێ گرنگیدان بە زمانی یەکەم/ دایکییان .

پێناسەی چوارەم لە لایەن(Anna Mauranen) ەوە ساڵی (2018) خراوەتەڕوو، باوەڕیوایە (ELF)" زمانێکی هاوبەشی نا-خۆجێییە"، کە دەتوانرێت لەلایەن هەر کەسێکەوە لە هەر شوێنێک و بۆ هەر مەبەستێک بەکاربهێنرێت. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات، کە بەکارهێنانی ELF نەک تەنها بۆ بوارە چەسپیوەکانی وەک (سیاسەت، بازرگانی، ئەکادیمی، گەشتیاری، ...)، بەڵکو دەکرێت لەنێو کرێکارانی کۆچبەر و پەناخوازانیشدا بۆ کارلێککردن لەگەڵ یەکتردا وەک زمانی هاوبەشی پەیوەندیکردن بەکاربهێنرێت. ئەمە یەکەمین پێناسەیە، کە ئاماژە بە میدیای دیجیتاڵی دەکات، ئەم پێناسەیە بەراورد بە پێناسەکانی پێشوو، گشتگیرترە، چونکە تەنها سەرنجی لەسەر پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکان "لە شوێنێکی دیاریکراودا" نییە، بەڵکو بایەخ بە پەیوەندیکردنی سەرهێڵ(Virtual communication) یش دەدات.

پێناسە و ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە چەمکی (ELF) هەمیشە و هاوتەریب لەگەڵ گۆڕان و گەشەسەندنە خێراکانی زمان و کۆمەڵ، لە بەرەوپێشچوون و گۆڕاندایە و خۆی نوێدەکاتەوە. ئێستا زاراوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە لە هەموو پەیوەندیکردنێکی ڕووبەڕوو و ناڕاستەوخۆی نێوان ئاخێوەرانی کلتورجیاواز و زمانجیاواز دەکۆڵێتەوە، لە سەرجەم کایە و بوارە جۆربەجۆرەکاندا. ئەمەش سنوورێکی فراوان بۆ لێکۆڵینەوە هەمەچەشن و فرەڕەهەندەکان دەستەبەردەکات، کە لە ڕووی سیما و تایبەتمەندییەکانەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. ئەمەش لە لایەکەوە دەروازەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەی دەوڵەمەندی فرەبوار (لایەنی ئەرێنی)، لە لایەکی ترەوە ڕەنگە نەتوانرێت تایبەتمەندیی سنووری هەر جۆرێکی لێکۆڵینەوە وردەکان دەستنیشانبکرێت (لایەنی نەرێنی).

### 4/1 (شوناس و خاوەندارێتیی زمان لە(ELF) دا

شوناس یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکانی کەسێتیی تاک، کە بەپێی زەمینەی کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسیی باروودۆخەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمەش کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی تێگەیشتنیان لە پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا هەیە، بۆیە لە کاتی فێربوونی زمانێکی بیانیی وەک ئینگلیزیدا، زۆرجار زمانەکە بە پشتبەستن بە پێداویستی و بەرژەوەندییەکانیان وەردەگرن و دەیانگونجێنن. لێرەوە دەچینە سەر پرسی خاوەندارێتی، کە پەیوەندییەکی نزیکی بە شوناسەوە هەیە. بە ڕەچاوکردنی پرسی خاوەندارێتیی زمانی ئینگلیزی لە باروودۆخی ئەمڕۆدا، بە پێچەوانەی تێڕوانینە باوەکانەوە، (Widdowson)و زۆرینەی شارەزایانی بوارەکە دان بەوەدا دەنێن، کە ئینگلیزیی ستاندارد زمانێکی نێودەوڵەتییە، چیتر موڵکی بەریتانیا، یان وڵاتانی تری بازنەی ناوەوە نییە، چونکە خزمەت بە ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوە و کۆمەڵە جیاوازەکان و ئامانجە دامەزراوەییەکانیان دەکات، بە شێوەیەك، کە سنووری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و نەریتیی تاکە گەلێکی تێپەڕاندووە (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 79) (Flognfeldt, M. E. In M. Dypedahl, 2022: 127) (Hülmbauer, Cornelia, et al, 2008: 27)و بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە و لە بوار و کایە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەمە لە لایەك. لە لایەکی ترەوە ژمارەی ئاخێوەرانی نابنەڕەتی زمانی ئینگلیزی زۆر لەو ئاخێوەرانە زیاترە، کە وەکو زمانی بنەڕەت بەکاریدەهێنن. هەروەها پێگەی ئینگلیزی وەک سەرچاوەیەکی زمانی لە جیهاندا ڕاستییەکی ئەزموونییە، بۆیە پرسی ئەوەی "کێ پێشتر خاوەنی بووە و کێ ئێستا خاوەنیەتی" بەهایەکی ئەوتۆی نییە (Flognfeldt, M. E. In M. Dypedahl, 2022: 127).

### 5/1 (مۆدێلی ئاخێوەری بنەڕەت/ نابنەڕەت لە لێکۆڵینەوەی(ELF) دا

لەوەتەی (Chomsky) چەمکی لێهاتوویی زمانی داهێناوە و بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە هەر ڕەچاوکردنێکی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی بواری زمانەوانییە، کاردانەوەکان بۆ ئەم تیۆرە گەشەکردن و بەرەوپێشچوونێکی فراوانی بەخۆوە بینیوە، بە وێنە (Hymes) بە سوودوەرگرتن لە زانستی مرۆڤناسی، هەوڵی دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی لێهاتوویی دا، لەم بارەیەوە دەڵێت: جگە لە بەدەستهێنانی سیستەمێکی ڕێزمانی، یان لێهاتوویی زمانی، ئاخێوەران پێویستیان بە چەمکی لێهاتوویی کۆمەڵایەتیی زمانیش هەیە، لێهاتوویی ئەوەی، کە کەی قسە بکەن و کەی نەیکەن، لەبارەی چی قسە بکەن و لەگەڵ کێدا، کەی و لە کوێ و بە چ شێوەیەک، ئەم چەمکەشی بە "لێهاتوویی پەیوەندیکردن" ناوبرد. لەو کاتەوە چەمکی لێهاتوویی پەیوەندیکردن سەرنجێکی زۆری زمانەوانانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و پەرەپێدراوە (Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 316) (احمد، محمد حسین، 2023: 16-17 و 60-62).

بۆ پێشخستن و تێپەڕاندنی ئاخێوەری بنەڕەت وەک مۆدێلێکی لێهاتوویی پەیوەندیکردن، هەردوو زانا (Byram and Zarate) لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستەواژەی "ئاخێوەری نێوان کلتورەکان intercultural – speaker"یان داهێنا. ئەم مۆدێلە بۆ فێرکردنی زمانی بیانی سازکراوە و ئەو ئاخێوەرانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی گونجاو و کاریگەر توانای ڕووبەڕووبوونەوە و کارلێکردنیان لەگەڵ کەسانی کلتورجیاوازدا هەیە، تێڕوانین و تێگەیشتنەکانی تری ئاخێوەرانی جیهان قبوڵدەکەن، نێوەندگیری لە نێوان تێڕوانینە جیاوازەکاندا دەکەن، بۆئەوەی ئاگاداری هەڵسەنگاندن و قبوڵکردنی جیاوازییەکان بن. ئەم لێهاتووییەی ئاخێوەران بۆ نێوەندگیری و پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ ئاخێوەرە کلتورجیاوازەکان بە زاراوەی "لێهاتوویی پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان intercultural communicative - competence"، یان (ICC) چەسپێنرا، کە لە هەردوو (1) لێهاتوویی پەیوەندیکردن بە هاوکلتورەکان و (2) لێهاتوویی پەیوەندیکردن بە کلتورجیاوەزەکان پێکهاتووە. لێهاتوویی پەیوەندیکردن لە سێ بەش پێکدێت: (1) توانستی زمانی، (2) توانستی کۆزمانەوانی، (3) توانستی گوتار. لێهاتوویی نێوان کلتورەکانیش سێ پێکهاتە دەگرێتەوە: کۆزانین و لێهاتوویی و هەڵوێست، بە پێنج بەها تەواودەکرێت: (1)

هەڵوێستی نێوان کلتورەکان، (2) کۆزانین، (3) لێهاتوویی لێکدانەوە و پەیوەندیکردن، (4) لێهاتوویی دۆزینەوە و کارلێککردن، (5) هۆشیاریی کلتوریی ڕەخنەگرانە (Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 316).

سەبارەت بە کۆمەڵی ئاخاوتنی لە لێکۆڵینەوەی(ELF) دا، ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە بەکارهێنەرانی (ELF) سەر بە چەندین کۆمەڵی کلتوریی جیاوازن، خۆیان کۆمەڵێکی ئاخاوتنی پێکناهێنن، ئێستا لە جیهاندا چیتر تۆڕە کارلێکییەکان پشت بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ڕووبەڕوویش نابەستن، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە تۆڕ و کۆمەڵانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری پەیوەندییە کرداریەکان سەرهەڵدەدەن، (Eckert and McConnell-Ginet)پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە ئەم جۆرە کۆمەڵانە بە "کۆمەڵی پراکتیکی "communities of practice – ناوببرێن. ئێستا زۆرێک لە کۆمەڵە پراکتیکییەکان لەسەر ئاستی جیهانی پێکدەهێنرێن، کە زۆربەی ئەندامەکانیان زمانی یەکەمیان هاوبەش نییە، لەم سۆنگەیەشەوە (ELF) وەک جۆرێکی نوێ هاتووەتە گۆڕەپانەکەوە و لە کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت. بۆ پەرەپێدانی زیاتری بیرۆکەکە، (Wenger)سێ تایبەتمەندی بۆ دیاریکردنی "کۆمەڵی پراکتیکی" دەخاتەڕوو: (1) ئاڵوگۆڕی بەشداریکردن لە پراکتیزەکردنی هاوبەشدا، (2) بەشداریکردن لە هەندێک پرۆژەی گفتوگۆی هاوبەش، (3) سوودوەرگرتن لە فەرهەنگی هاوبەشی ئەندامان (Hülmbauer, Cornelia et al, 2008: 28).

چەمکی (ELF) بەرەنگاری لێکدانەوە چەسپاوەکانی زاراوەی "ئاخێوەری بنەڕەت" و تایبەتمەندییەکانی خاوەندارێتیی زمانی ئینگلیزی دەبێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە (Rajadurai)سێ ئەفسانە سەبارەت بە ئاخێوەری بنەڕەت دەخاتەڕوو (Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 25):

ئەفسانەی یەکەم: ئاخێوەری بنەڕەت دەبێت یاسا و نۆرمەکان دابڕێژێت.

ئەفسانەی دووەم: هەمیشە ئاخێوەری بنەڕەت بە باشترین دادوەر و بڕیاردەر دادەنرێت لەبارەی ڕێژەی تێگەیشتن لە دەربڕاوەکان.

ئەفسانەی سێیەم: ئاخێوەری بنەڕەت هەمیشە باشترینە بۆ نواندنی چەمکی دەربڕاوەکان.

وەک (Rajadurai) کورتیدەکاتەوە: (1) هەمەجۆریی ئاخاوتنی ئاخێوەرە بنەڕەتەکان بە دەگمەن لە چوارچێوەی ئاخاوتنی نابنەڕەتەکاندا هەیە، بۆیە سەپاندنی جۆری بنەڕەت وەک نۆرم نالۆژیکییە، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی ئینگلیزی وەک زمانێکی هاوبەش بەو واتایەیە، کە هەمەجۆری چاوەڕوانکراوە. (2) زۆربەی کارلێکەکان لە زمانی ئینگلیزیی ئەمڕۆدا بە ئائامادەیی (غیاب) ئاخێوەرانی بنەڕەتدا ڕوودەدەن، بۆیە هیچ هۆکارێک نییە، کە وای دابنێین بڕیاری ئاخێوەرانی بنەڕەت گەورەترین ڕۆڵی لە دیاریکردنی تێگەیشتنی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی نابنەڕەتدا هەیە. ڕەنگە ئاخێوەری بنەڕەت هەمیشە تێگەیشتووترین کەس نەبێت، لەبەرئەوەی ئاخێوەری تاکزمانە (monolingual)، تەنانەت ڕەنگە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئینگلیزییە جیهانییەکاندا کەموکورتیی هەبێت.

بەپێی ئەوەی باسکرا، ناتوانرێت (ELF) بە ئینگلیزیی "خراپ" یان "ناکامڵ" پەسنبکرێت، چونکە بەکارهێنەرانی (ELF) بە شێوەیەکی کاریگەر لە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی زمانیدا توانای قۆرخکردنی فۆرم و ئەرکەکانی زمانەکەیان هەیە، لە سەرەتاییترین قسەکانەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە ئارگۆمێنتە ئاڵۆز و وردەکان. بەکارهێنەرانی زمان وەک ئەوەی سوود لە فەرهەنگە زمانەوانییە فرەلایەنەکانیان وەردەگرن، کاریگەرترین سەرچاوەکانیش بۆ مەبەستە تایبەتەکانیان هەڵدەبژێرن، بۆیە دەوترێت (ELF) وەک زمانێکی جێگیر و زاڵ بەسەر هەموو زمانەکانی تردا نییە، بەڵکو وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردنی فلێکسەبڵە بۆ کارلێککردن و تێکەڵبوون لەگەڵ زمانەکانی تر لە چوارچێوەیەکی گەورەتری فرەزمانیدا (Hülmbauer, Cornelia , Böhringer, Heike and Seidlhofer, Barbara, 2008: 25).

نۆرمەکانی ئاخێوەری بنەڕەت نابێت چیتر بە ستاندارد لە هەڵسەنگاندنی زماندا هەژماربکرێن، ئەمەش تا ڕادەیەک لەگەڵ ڕەخنەیەکی هاوتەریبدا یەکدەگرێتەوە، کە لەلایەن پارادایمی ئینگلیزییە جیهانییەکانەوە خراوەتەڕوو، بە واتایەکی تر مەرج نییە ئاخێوەرانی (ELF) بەرەو جۆرێکی تایبەتی ئینگلیزی (بنەڕەت، یان شێوەیەکی تر) ئاراستەبکرێن، بۆیە پرسەکانی لێهاتوویی زمان تێدەپەڕێن و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن، کە چی وەک دەرئەنجامی پەیوەندیکردنی کاریگەر و سەرکەوتوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزییەوە هەژماردەکرێت و دەتوانێت فۆرمی دەرکەوتوو و داهێنەرانە لە زمان و واتای پراگماتیکیدا لەخۆبگرێت. ئەم توانایە پێویستیی بە گۆڕانکاری لە توانایەکی ئیستاتیکییەوە بەرەو ڕوانگەیەک هەیە، کە گونجاندن لە پێشتر بێت، لێهاتوویی جۆرەکانی گونجاندنیش بریتین لە (شارەزایی لە پراگماتیک و کۆزمانەوانی، گۆڕینی شێواز، بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و ستراتیژەکانی گوتار، ...) (Harding, L. & McNamara, T.F. in J. Jenkins, M. J. Dewey, & W. Baker, 2018: 2-3).

(Byram)سێ ڕێگای گونجاو بۆ پەیوەندیکردن، یان کارلێک دەخاتەڕوو: (1) پەیوەندیکردنی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان و وڵاتانی جیاواز، بە جۆرێك بەشێکیان ئاخێوەری بنەڕەتی ئەو زمانەیە، کە بەکارهاتووە. (2) پەیوەندیکردنی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان و وڵاتانی جیاواز، بە جۆرێك، کە زمانی بەکارهاتوو زمانێکی هاوبەشە. (3) پەیوەندیکردنی ئاخێوەرانی هاووڵات، بەڵام بە زمانی جیاواز، بە جۆرێك، کە بەشێکیان ئاخێوەری بنەڕەتی ئەو زمانەیە، کە بەکارهاتووە. لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانەکانی تردا، ئاخێوەرانی زمانی بیانی پێویستیان بە لێهاتووییەک هەیە، کە هەردوو توانستی زمانی و کلتوری کۆمەڵایەتی (socio-cultural) بۆ گونجاندن لەگەڵ دەوروبەری پەیوەندیکردندا تێکەڵبکەن. کاتێک پەیوەندیکردن لە زمانێکی هاوبەشدا ڕوودەدات، بە لایەنی کەمەوە سێ کلتور بەشداری لە کارلێکدا دەکەن: (1) کلتوری ئاخێوەر،(2) کلتوری گوێگر، (3) کلتوری زمانی هاوبەش، کەواتە فێرکردنی زمانی بیانی دەبێت لە ڕێبازێکی پەیوەندیکردنەوە بگوازرێتەوە بۆ ڕێبازێکی پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان، کە ئامانجی هەوڵدانە بۆ نێوەندگیریکردن و بەستنەوەی کلتور و زمانی دایکی بە زمان و کلتورێکی ترەوە و دروستکردنی کلتورێکی نوێ لە پەیوەندیکردندا

(Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 317).کەواتە جگە لە تایبەتمەندیی فرەزمانیی(ELF) ، سروشتی نێوان کلتورەکانیش گرنگە، لەبەرئەوەی زۆربەی کارلێکەکانی (ELF) بە ناجێگیر و داینامیکی پێناسە دەکرێن. هیچ شوناسێکی تاک، یان کلتوری ئینگلیزی-زمان نییە، کە بە ڕوونی بەشداربووانی پێی بناسرێنەوە، بەم هۆیەشەوە، بەشداربووان لەگەڵ هەر دۆخێکی پەیوەندیکردندا، گفتوگۆی خۆیان بە گوێرەی کەسی بەرانبەریان دروستدەکەن، گفتوگۆ دەکەن و گونجاندن و ڕێککەوتنیان لەگەڵدا دەکەن. بۆ ئەوەی ئەمە بەدەستبهێنرێت، نەک تەنها پێویستە هۆشیارییەکی زمانیی دیاریکراومان هەبێت، بەڵکو پێویستە توانای پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان و هۆشیاریی نێوان کلتورەکانیش گەشە پێبدەین (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 81).

(Harding)پشتبەست بە کارەکانی پێشووی (Elder, Davies, Canagarajah)، کۆمەڵێک لێهاتوویی پێشنیازکرد، کە ڕەنگە خاڵی دەستپێک بۆ پەرەپێدانی (ELF) دابینبکات، کە هاوکات دەبێتە بنەمایەکی جیاوازیی نێوان ئاخێوەری بنەڕەت و نابنەڕەتیش (Harding, L. & McNamara, T.F. in J. Jenkins, M. J. Dewey, & W. Baker, 2018: 9):

1. توانای بەرگریکردن و تێگەیشتن لە جۆرە جیاوازەکانی ئینگلیزی: زار و شێوەزاری جیاواز، فۆرمی جیاوازی ڕستەسازی، شێوازی گوتاری جیاواز، . ...
2. توانای دانوستاندن و ڕێکخستن و گونجاندنی واتای چەمکێك، کاتێک مەبەست و پەیامەکە ناڕوونە.
3. توانای بەکارهێنانی ئەو تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییانەی، کە بۆ تێگەیشتن لە سەرجەم ئاخێوەرە پاشخانجیاوازە نابنەڕەتەکاندا گرنگن.
4. ئاگابوون لە پراگماتیکی گونجاو، وەك ئاگابوون لە داڕشتەی فۆرمی بەرێزانە بەرانبەر بە ئاخێوەرانی کلتورجیاواز.
5. توانای تێگەیشتن و گەیشتن بە مەبەستی بەرانبەر، بەمەش ئاخێوەری (ELF) توانای پەیوەندیکردنی لەگەڵ زۆرترین ئاخێوەردا دەبێت.
6. توانای تێبینیکردن و چاککردنەوەی گرفتەکانی پەیوەندیکردن .

6/1 (ELF) و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنە و گرفتەکان

سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی خێرای زمانی ئینگلیزی بە گشتی و لێکۆڵینەوەی (ELF)بە تایبەتی، سێ ڕوانگە و تێڕوانینی زمانەوانی و ڕامیاریی بەدوای خۆیدا هێناوە (Baker, Will, 2012: 125):

تێڕوانینی یەکەم ڕەخنە لە ئیمپریالیزمی زمانەوانی و لێکۆڵینەوەکانی هەمەچەشنیی زمانی گرتووە، هەندێك جار ئەو ڕەخنانە ئاراستەی توێژینەوەکانی(ELF) یش کراوە و وەک هەوڵێکی نەخشەدانان لێکدراوەتەوە، بۆ کۆدکردنی جۆرێکی نوێی ئینگلیزی و بڵاوبوونەوەی بە جیهاندا.

تێڕوانینی دووەم: بە پێچەوانەوە توێژینەوەکانی (ELF) وەک پارادایمێکی ئینگلیزیی نابنەڕەت دەبینێت، کە هەوڵی دژایەتیکردنی چەمکێکی دووبارەبووی ئینگلیزی ستاندارد/بنەڕەت دەدات.

تێڕوانینی سێیەم، کە (Seidlhofer) خستوویەتیەڕوو، هەردوو بۆچوونەکەی پێشوو ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە توێژینەوەکانی (ELF) پشت بە جیاوازیی نێوان دابەشبوون و بڵاوبوونەوەی زمان دەبەستن، بۆ ئەوەی پیشانیبدەن، کە بڵاوبوونەوەی ئینگلیزی بە وڵاتانی جیهاندا، لەبەر ناچاری و پێویستی بووە. هاوکات گواستنەوەی خاوەندارێتیی زمانی ئینگلیزی لە ئاخێوەرانی بنەڕەتی زمانی ئینگلیزییەوە بۆ سەرجەم بەکارهێنەرانی تر، بە پێواژۆیەکی سروشتی و گونجاندنی گۆڕاوەکاندا ڕۆیشتووە. ئەمەش پێچەوانەی هەردوو بۆچوونەکەی سەرەوەیە، کە یەکەمیان ئینگلیزی وەک دابەشکراو دەبینێت، دووەمیشیان وەک کۆدێکی جێگیر و ستانداردی بەکرێگیراوی سەر ئاستی جیهان دەبینێت.(Baker, Will, 2012: 126)

یەکێك لەو ڕەخنانەی ئاراستەی مۆدێلی (ELF) کراوە، ئەوەیە، کە لە ڕووی سیاسییەوە وەک دەرئەنجامێکی پێشوازیلێکراوی جیهانگیری و نێودەوڵەتی ستایشدەکرێت. بەکارهێنانی خێرای زمانی ئینگلیزی وەک میدیای دامەزراوە باڵاکانی ئەورووپا هەستەکانی وروژاندووە، بۆ نموونە (Ehlich) پێیوایە کورتهەڵهێنانی زمانە ئەکادیمییەکان بۆ زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنگە بەهای پراکتیکی و پسپۆڕیی فراوانتری هەبێت، بەڵام جۆراوجۆریی زمانە ئەکادیمییەکان هەژاردەکات و دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕوونیی زانستی و ئەکادیمی لەناو زمانی ئەو کۆمەڵانەی، کە ئاخێوەری بنەڕەتیی ئینگلیزی نین. جگە لەوەش زیادبوونی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی پەروەردەیی ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی زمانە نیشتمانییەکان ئەم ئەرکە لەدەستبدەن. ئەمەش لە ڕووی ئەو پێگە و شکۆمەندییەی، کە کۆمەڵ بەم زمانانەی داوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت، بۆیە مەترسییەکان لە زۆربەی لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەکانی ئەم دواییەدا زیاترڕەنگیداوەتەوە، بە ناڕاستەوخۆ "هەندێك جاریش بە شێوەی ڕاستەوخۆ" تیشکخراوەتەسەر ئەم لایەنە.(Smit, Ute, 2010: 61)

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی باسکرا، بە پێویستی دەزانین لە بەشی دووەمدا ڕۆڵ و پێگە و کاریگەریی زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی کوردی بخەینەبەر باس و لێکۆڵینەوە.

2) پێگە و بەهای زمانی ئینگلیزی لای ئاخێوەرانی کورد

ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستاندا، نە زمانی دووەمە، نە زمانێکی فەرمییە، بەڵکو بەگشتی وەک زمانێکی بیانی ناسراوە (لەم پێوادنگەشەوە دەچێتە ناو بازنەی سێیەمەوە)، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا و لەگەڵ فراوانبوونی جیهانگیری و زیادبوونی خێرای ژمارەی ئینگلیزی-زمانەکان لە سەرانسەری جیهاندا، دۆخەکە لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە گۆڕاوە، ئێستا زمانی ئینگلیزی یەکەم زمانی بیانییە، کە بە فەرمی لە ناوەندە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەوترێتەوە و بە ڕادەیەکی بەرچاو بایەخی پێدەدرێت و بەشێوەیەکی فەرمیش لە لایەن دەسەڵات و دامودەزگا میرییەکانەوە پشتگیریدەکرێت و هەوڵدەدرێت تەنانەت لەناو پەرتووکە

مەنهەجییەکانیشدا وەك زمانێکی سەرەکی جێگیرکرێت. لە زۆرێکی بەشە زانستییەکانی زانکۆکانیشدا بە زمانی ستانداردی ئینگلیزی دەخوێنرێت، ئەمە جگە لە چەندین ناوەندی پەروەردەیی وەك (باخچەی ساوایان، قوتابخانەی تایبەت، پەیمانگا و زانکۆی ناحکومی) بە زمانی ئینگلیزی کراوەتەوە و فێرخوازێکی زۆر ئارەزووی دەکەن و رووی تێدەکەن. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، (ELF)هیچ گرنگییەکی پێنەدراوە و تەنها جەخت لەسەر "ئینگلیزیی ستاندارد" کراوەتەوە، بەمەش زۆرینەی فێرخواز و مامۆستایان و بەکارهێنەرانی کوردزمان ئاشنایەتی و شارەزاییان لەبارەی چەمك و بنەما و بوارەکانی میتۆدەکە نییە و سوودیان لێ وەرنەگرتووە، بۆیە ئەم بەشە بۆ (زانینی رێژەی ئاشنایەتی و شارەزایی تاکی کورد بە زاراوەکە و وەرگرتنی راوبۆچوونیان لەسەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی) تەرخانکراوە، کە لە رێگەی ئەنجامدانی راپرسییەکی ئۆنلاینەوە ئەنجامدراوە.

1/2 (لایەنی کارەکی توێژینەوەکە

1-1/2 (وەرگرتنی زانیاریی سەرەتایی بەشداربووان

ژمارەی بەشداربووانی راپرسییەکە (135) بوو، زانیارییە سەرەتاییەکانی بەشداربووانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

1. لە رووی توخمەوە، ژمارەی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (61) نێر. (74) مێ، ئەمەش دەرئەنجامێکی زۆر باشە، کە رێژەی بەشداریکردنی هەردوو توخم لە یەکترەوە نزیکن.

2. لە رووی تەمەنەوە، ژمارەی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو :
- گروپی تەمەنی (خوار 18 ساڵ): (1) بەشداربوو.
- گروپی تەمەنی (18-24 ساڵ): (76) بەشداربوو.
- گروپی تەمەنی (25-34 ساڵ): (25) بەشداربوو.
- گروپی تەمەنی (35-44 ساڵ): (29) بەشداربوو.
- گروپی تەمەنی (45-54 ساڵ): (2) بەشداربوو.
- گروپی تەمەنی (55+ ساڵ): (2) بەشداربوو.

3. ئاستی خوێندنی بەشداربووان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
- بنەڕەتی (1) بەشداربوو.
- ئامادەیی (10) بەشداربوو.
- بەکالۆریۆس (87) بەشداربوو.
- ماستەر (23) بەشداربوو.
- دکتۆرا (14) بەشداربوو.

سەبارەت بە خاڵی (2،3) وەك دەردەکەوێت، زۆرینەی بەشداربووان لە گروپی گەنجان (18-24) و لە ئاستی خوێندنی بەکالۆریۆسدان.

4. زمانی سەرەکیی بەشداربووان (کوردی)یە، جگە لە (1) بەشداربوو نەبێت، ئەمەش وا دەردەکەوێت، کە بە هەڵە فۆرمەکەی پڕکردبێتەوە، چونکە بە روونی لە سەرەتای فۆرمەکەوە نووسراوە: "ئەم راپرسییە تەنها تایبەتە بەو بەرێزانەی، کە لە بنەڕەتدا (کوردزمانن) و زمانی ئینگلیزیش دەزانن و بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ قسەکەرانی بنەڕەت "نەیتڤ سپیکەر" بەکاریدەهێنن."

5. لە وەڵامی پرسیاری (توانای زمانی ئینگلیزیت چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟)دا، بەشداربووان بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە:
- ئاستی سەرەتایی: (5) بەشداربوو.
- ئاستی ناوەند: (54) بەشداربوو.
- ئاستی پێشکەوتوو: (57) بەشداربوو.
- ئاستی پاراو/ نایاب: (19) بەشداربوو.

توانستی زمانی ئینگلیزیی بەشداربووان، وەك دەردەکەوێت، بە زۆری لە ئاستی "پێشکەتوو" و "ناوەندی" دایە، ئەمەش هاوکارمان دەبێت بۆ دۆزینەوەی گرفت و ئاریشەکانی پەیوەندیکردن و زانینی بەربەست و هۆکارەکانی "پچڕانی پەیوەندیکردن" و "تێنەگەیشتن."

6. لە وەڵامی پرسیاری (لە کوێ فێری ئینگلیزی بوویت؟ "دەتوانیت زیاتر لە وەڵامێك هەڵبژێریت")دا، بەشداربووان بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە:
- قوتابخانە و زانکۆ: (77) بەشداربوو.
- کۆرسی تایبەت: (34) بەشداربوو.
- کتێب و سەرچاوە نووسراوەکان: (52) بەشداربوو.
- خولی ئۆنلاین: (19) بەشداربوو.
- ژیان لە وڵاتێکی ئینگلیزی-زمان: (11) بەشداربوو.
- شوێن/ ناوەندی تر: (42) بەشداربوو.

لەبەرئەوەی بەشداربووان لە چینی خوێندەوارن و زۆرینەیان فێرخوازی بەکالۆریۆسن، بۆیە "قوتابخانە و زانکۆ" بە پلەی یەکەم و "کتێب و سەرچاوە نووسراوەکان" بە پلەی دووەم هۆکاری سەرەکیی فێربوونی بەشداربووانن، ئەمەش بۆ دەستخستنی ئەنجامێکی تری توێژینەوەکەمان هاوکاردەبێت، بەو پێیەی زمانی ئینگلیزیی ستاندارد تاکە بژاردەی ناوەندەکانی خوێندن و سەرچاوە و کتێبەکانە، بۆیە زۆر ئاساییە، کە بەشداربووان شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر زاراوەی (ELF) نەبێت و ئارەزووی فێربوونی بنەما و بەکارهێنانەکانی نەبن.

7. لە وەڵامی پرسیاری (کام لەم هۆکارانە وات لێدەکات ئینگلیزی فێربیت؟ "دەتوانیت زیاتر لە وەڵامێك هەڵبژێریت")دا، بەشداربووان بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە:
- پێویستی کار: (83) بەشداربوو.
- خوێندنی باڵا (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا): (86) بەشداربوو.
- گەشتکردن: (39) بەشداربوو.

- پەیوەندیی نێودەوڵەتی: (20) بەشداربوو.
- ئارەزووی کەسی و تایبەتی: (106) بەشداربوو.

رەنگە ئارەزووی کەسی پاڵنەری سەرەکیی بەشداربووان بێت بۆئەوەی هەوڵی بەردەوامبوونی خوێندن (باڵا) و گەڕان بەدوای کاردا بدەن، کە دوو پێویستیی ئەمڕۆی هەر تاکێکە، بۆیە ڕێژەکان بەو شێوەیە تۆمارکراون.

2-1/2 (کاریگەرییەکانی (ELF) لەسەر شێوازی ئاخاوتن و گفتوگۆ

بەشی دووەمی ڕاپرسییەکە تایبەت بوو بە ئاراستەکردنی (17) پرسیار، لە بارەی کاریگەریی و پێگە و ڕۆڵی میتۆدی (ELF) بەراورد بە "زمانی ستانداردی ئینگلیزی" لەسەر کلتور و ڕادەی تێگەیشتن و شێوازی ئاخاوتنی تاکی کورد لە میانەی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ ئاخێوەرانی ئینگلیزی-زماندا بە گشتی و ئاخێوەری بنەڕەت (native speaker)بەتایبەتی، پرسیارەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژرابوون:

1. تا چەند زانیاریت لەبارەی چەمك و بنەما و تایبەتمەندییەکانی (ELF) هەیە؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر: 17 بەشداربوو)، (تا ڕادەیەك: 39 بەشداربوو)، (کەمێك: 36 بەشداربوو)، (هیچ زانیارییەکم نییە: 43 بەشداربوو)، ئەمەش ئاماژەی ئەوەی تێدایە، کە ئاخێوەری کورد شارەزایی و ئاشنایی لەبارەی (ELF)ەوە لە ئاستێکی باشدا نییە، بۆیە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ هۆکارەی، کە "پێشتر باسکرا" فێربوونی ئینگلیزی زیاتر لە ڕێگەی قوتابخانە و زمانی نووسینەوە بووە، هاوکات بۆ مەبەستێکی ئەکادیمی و بەرەودان بە خوێندن سوودی لێوەرگیراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە فێرخوازان(ELF) یان فەرامۆش کردبێت، یان، بە گرنگ و شیاوی نەزانن، وەك لە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەمدا دەردەکەوێت.

2. لە نێوان (ELF) و (ئینگلیزیی ستاندارد)، کامیان بە گونجاوتر دەزانیت بۆ تاکێکی کورد، ئەگەر بیەوێت فێری زمانی ئینگلیزی ببێت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (تەنها11 :(ELF) بەشداربوو، (تەنها ئینگلیزیی ستاندار: 31 بەشداربوو)، (هەردووکیان باش و بێگرفتن: 93 بەشداربوو.(

ئەم ئەنجامە جێگەی سەرنج و کارلەسەرکردنە، چونکە بوار و بیانوو بۆ ناوەندەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی ناهێڵێتەوە، کە وای لێکبدەنەوە (ELF) بۆ بەشداربووان نەگونجاو و پڕ گرفتە. لە لایەکی ترەوە بەکارهێنەران لەوە تێگەیشتوون، کە ئامانجی سەرەکیی زمان پەیوەندیکردن و لێکگەیشتنە "بە ئاسانترین شێوە"، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری (3)دا بە ناڕاستەوخۆ بنەما و تایبەتمەندییەکانی (ELF) بە پەسەند و گونجاو دەزانن و پشتگیری دەکەن.

3. تا چەند پێت باشە ئامانجی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی زیاتر پەیوەندیکردن بێت و چاوپۆشی لە یاسا و نۆرمە فۆنۆلۆجی و گرامەرییەکان بکرێت، بەو مەرجەی واتا تێکنەچێت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر باشە: (31) بەشداربوو)، (باشە: (49) بەشداربوو)، (چاوپۆشییەکی کەم بکرێت: (51) بەشداربوو)، (نابێت هیچ چاوپۆشییەك بکرێت: (4) بەشداربوو). دوو لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی (ELF) چاوپۆشیکردنە لە (1) یاسا فۆنۆلۆجییەکان "بە دیاریکراوی گۆکردن" و (2) یاسا ڕێزمانییەکان، بەو مەرجەی واتا نەگۆڕن، یان تێکنەدەن. ئەنجامی ڕاپرسییەکە پشتگیرییەکی تەواوی بنەماکانی(ELF) ی تێدایە، هاوکات ڕەتکردنەوەی ناڕاستەوخۆی شێوازی فێرکردنی "ئینگلیزیی ستاندارد"ە، کە هیچ چاوپۆشییەکی هەڵەی زمانیی تێدا نییە، ئەگەرچی هەڵەکە گرفت بۆ تێگەیشتن و پچڕانی پەیوەندیکردن دروستنەکات. پرسیاری چوارەمیش دیسان تایبەتمەندیی و ئامانجێکی گرنگی (ELF) دەپێکێت و بۆچوونی زۆرینەی بەشداربووانی لەگەڵدایە، وەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

4. ئێستا ژمارەی قسەکەرانی نابنەڕەت زۆر لە نەیتڤ سپیکەرەکان زیاترن، ئایا پێت وا نییە چیتر "زمانی ئینگلیزی" بە تەنها موڵکی ئینگلیز و ئەمریکییەکان نییە و پێویستە مۆرکی کلتوری و پراگماتیکی و ستایلی قسەکەرانی نابنەڕەتیش لەو زمانەدا ڕەنگبداتەوە؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، کاتی ئەوە هاتووە: (60) بەشداربوو)، (بەڵێ، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی/ کەم: (60) بەشداربوو)، (نەخێر، هەرگیز نابێت ئەوە ڕووبدات: (15) بەشداربوو). بژاردەی (1) و (2) تایبەتمەندیی (ELF)ن، بژاردەی (3)یش لە تایبەتمەندییە دیارەکانی "ئینگلیزیی ستاندارد"ە. وەك دەردەکەوێت، تەنها (15) لە بەشداربووان ئەو تایبەتمەندییەی "ئینگلیزیی ستاندارد"یان بە پەسەند زانیوە، (120) بەشداربوو ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە و پشتگیریی لە بنەماکانی (ELF) دەکەن، بەڵام وا دیارە بە کارەکی لە پێواژۆی فێرکردنی زماندا ئەزموونیان نەکردووە.

5. پێت وایە (ELF) تەنها بۆ گفتوگۆی ڕۆژانە بەسوودە؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، بە تەواوی: (27) بەشداربوو)، (بەڵێ، تا ڕادەیەك: (70) بەشداربوو)، (نەخێر، بۆ بوار و لایەنەکانی تری وەك نووسینی ئەکادیمی و گوتاری فەرمی و پیشەیی و پەروەردەیی و ... بەسوودە: (38) بەشداربوو). لەم خاڵەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە بە لای بەشداربووانەوە (ELF) زیاتر بوار و پێواژۆی پەیوەندیکردن و گفتوگۆی ڕۆژانە ئاسان دەکات، هەرچەندە بۆ بوارەکانی تری پەیوەندیکردن ڕۆڵی ئەرێنی دەگێڕێت.

6. کام لەم کێشانە زیاتر ڕووبەڕووت دەبێتەوە و بەربەستێکی سەرەکییە لە گەیاندنی مەبەستەکانت بە ئینگلیزی؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (پرۆنانسیەیشن: (19) بەشداربوو) (گوێگرتن و تێگەیشتن: (16) بەشداربوو)، (نووسین: (12) بەشداربوو)، (ڕێزمان:

(13) بەشداربوو)، (وشە و دەستەواژە: (20) بەشداربوو)، (ئیدیەم و میتافۆر و دەربڕینە پراگماتیکییەکان: (55) بەشداربوو). وەك دەردەکەوێت، کێشە و بەربەستەکانی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکان هەمەجۆرن، بەڵام کۆتابژاردە گرفتی زۆرینەی بەشداربووانە، ئەمەش گرفتێکی گشتیی ئەو ئاخێوەرانەیە، کە دەیانەوێت فێری زمانی دووەم ببن، تەنانەت هەندێك جار ئاخێوەری بنەڕەتی زمانەکەش ناتوانێت وەك پێویست لە چەمك و پەیامی هەندێك ئیدیەم و دەربڕاوی پراگماتیکی بگات. سەرجەم ئەو گرفتانەی لە بژاردەکاندا ئاماژەی پێکراوە، (ELF)وەك میتۆدێکی نێوەندگیر کاری لەسەر کردووە و هەوڵی خستنەڕووی چارەسەری پێویستی داوە.

7. تا چەند دەنگەکانی وەك /ث/ذ/ و گرفتەکانی تری پرۆنانسەیشن وای کردووە، کە بەرامبەرەکەت لێت تێنەگات؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر جار: (8) بەشداربوو)، (تا ڕادەیەك: (24) بەشداربوو)، (کەم جار: (45) بەشداربوو)، (هەرگیز: (58) بەشداربوو). ئامانجمانی ئەم پرسیارە، گەڕانە بەدوای ئەو تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکییانەی، کە جیاوازیی دەخەنە ناو کردەی گۆکردن و دەربڕینەوە، هەرچەندە نەتەوە و نەژادە جیاوازەکان لەم لایەنەوە کێشە و گرفتی زۆریان تووشدەبێت (بە وێنە ئاخێوەرانی عەرەب و فارس، کاتێك دەیانەوێت فێری زمانی ئینگلیزیی ببن)، لە لایەکی ترەوە "گۆکردن" لە زمانی ئینگلیزیدا جۆرێك لە گرفت بۆ ئاخێوەرانی بنەڕەت خۆشیان دروستدەکات، بەڵام تاکی کورد بەراورد بە ئاخێوەرانی تری نابنەڕەت، تا ڕادەیەکی باش ئەو گرفتانەی تێپەڕاندووە.

8. تا چەند هەست بەوە دەکەیت، ڕێژەی بەشداریکردن و قسەکردنت زیاترە لە ڕێژەی قسەکردنی نەیتڤ سپیکەر، بۆ نموونە بابەتێك بە سێ دێڕ روونبکەیتەوە، هەمان بابەت ئەو بە دێڕێك دەریببڕێت.

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر جار ئەوە ڕویداوە: (22) بەشداربوو)، (تا ڕادەیەك وایە: (58) بەشداربوو)، (کەم جار ئەوە ڕویداوە: (45) بەشداربوو)، (هەرگیز وا نییە: (4) بەشداربوو)، (پێچەوانەکەی ڕاستە: (6) بەشداربوو). زۆر جار کلتوری ئاخێوەر ڕێژە و ڕادەی (زۆربڵێیی، کەمدوویی) دیاریدەکات و بڕیاری لەسەر دەدات، بۆیە لە کلتوری هەندێك نەژاددا "زۆربڵێیی" باو و پەسەندە و بە گشتی لە ئاخاوتندا زیاتر لە پێویستیی گوێگر دەوترێت، هەندێك نەژادی تریش بە پێچەوانەوە "کەمدویی" وەکو یاسایەکی کلتوریی ئاخاوتن پەیڕەودەکرێت و کەم جار ئەو پێوەرە دەشکێنرێت. جۆری سێیەمیش ئەو نەژادانە دەگرێتەوە، کە هاوسەنگیی نێوان دوو کلتوری پێشوویان ڕاگرتووە. ڕەنگە کلتوری کوردی لە جۆری سێیەم بێت. ئەگەر وەڵامی پرسیاری (8)ی ڕاپرسییەکە بە نموونە وەربگرین، دەبینین تەنها (10) لە بەشداربووان بژاردەی (4، 5)یان بە ڕاست زانیوە، لە بەرانبەردا (125) بەشداربوو "بە شێوەیەکی ڕێژەیی - (بڕوانە بژاردەی 1، 2، 3)" دانیان بەوەدا ناوە، کە ڕێژەی بەشداریکردن و ئاخاوتنی تاکی کورد لە ڕێژەی ئاخاوتنی ئاخێوەری بنەڕەت زیاترە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی کلتوری ئاخێوەرە لە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیدا، کە (ELF) زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە.

9. تا چەند مۆرکی نەتەوەیی و کلتوریت لە ئاخاوتنەکانتدا ڕەنگدانەوەی هەبووە و زانراوە، کە نەیتڤ سپیکەر نیت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر جار: (45) بەشداربوو)، (تا ڕادەیەك: (44) بەشداربوو)، (کەمێك: (34) بەشداربوو)، (هیچ کات بەوە نەناسراومەتەوە: (9) بەشداربوو)، (بە پێچەوانەوە، وا دەزانن نەیتڤ سپیکەرم: (3) بەشداربوو).

10. هەر پەیوەست بە خاڵی پێشوو، زیاتر بە هۆی کام لایەنی قسەکردنەوە دەناسرێیتەوە، کە نەیتڤ سپیکەر نیت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (پرۆنانسیەیشن: (45) بەشداربوو)، (گرامەر: (14) بەشداربوو)، (جیاوازیی کلتوری قسەکردن: (27) بەشداربوو)، (ئیدیەم و میتافۆر و دەستەواژە پراگماتیکییەکان: (23) بەشداربوو)، (هی تر: (16) بەشداربوو)، (بە پێچەوانەوە، هەرگیز ناناسرێمەوە: (10) بەشداربوو).

سەبارەت بە پرسیارەکانی خاڵی (9، 10)، کە ئامانج تێیدا زانینی ڕێژەی ڕەنگدانەوەی مۆرکی نەتەوەیی و کلتوریی تاکی کوردە، لە پێواژۆی پەیوەندیکردنیدا بە ئاخێوەرانی بنەڕەتی زمانی ئینگلیزییەوە، بەپێی خاڵی (9)ی ڕاپرسیەکە، تەنها (12) بەشداربوو (بڕوانە بژاردەی 5، 6) پێیان وایە هیچ مۆرکێکی نەتەوەیی و کلتوری (کوردی) بە ئاخاوتنەکانیانەوە بەدیناکرێت، کە لە ئاخێوەری بنەڕەتیان جیابکاتەوە، لە بەرانبەردا (123) بەشداربوو بە شێوەیەکی ڕێژەیی (بڕوانە بژاردەی 1، 2، 3) دان بە بوونی جیاوازیی کلتوریی نێوان خۆیان و ئاخێوەرانی بنەڕەتدا دەنێن. خاڵی (10)یش جەخت لەسەر هەمان بابەت دەکاتەوە و تەنها (10) بەشداربوو (بڕوانە دوا بژاردە) وای دەبینن هیچ جیاوازی و مۆرکێکی نەتەوەیی و کلتوری خاڵی جیاکەرەوەی نێوان خۆیان و ئاخێوەرانی بنەڕەت نییە.

11. تا چەند هەست بەوە دەکەیت، کە ڕێژەی دەربڕینی فۆرمەکانی تایبەت بە ڕێزگرتن و دەستەواژەی ڕێزدارانە (بۆ نموونە لە سڵاو و چاك و چۆنی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا)، بەراورد بە نەیتڤ سپیکەرەکان، زیاتر بەکاردەهێنیت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، زۆر: (36) بەشداربوو)، (تا ڕادەیەك: (72) بەشداربوو)، (کەم: (16) بەشداربوو)، (هەست بە جیاوازی ناکەم: (10) بەشداربوو)، (بە پێچەوانەوە، ئەوان زیاتر فۆرمی ڕێزدارانە بەکاردەهێنن: (1) بەشداربوو).

کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی، کە زۆرترین فۆرمی (جێخۆشکردن، سڵاوکردن و خواحافیزی، ڕێزدارانە) لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنێت، هەریەك لە دەربڕینەکان چەندین جار "بێ دەستکاری و بە دەستکارییەوە" دووبارەدەکاتەوە، بە

وێنە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، پێش داخستنی پەیوەندییەکە چەندین جار دەستەواژەکانی وەك: (خوات لەگەڵ، خوا حافیز، ...) دووبارەدەکرێتەوە، لە بەرانبەردا کلتوری ئینگلیزەکان بۆ هەمان بارودۆخ، زۆر جار تەنها وشەی (bye) لە کۆتایی ئاخاوتنەکانیاندا "وەك بڕینەوەی ئاخاوتن" دەڵێن، پاش ئەو دەربڕینە هیچ وشە و دەستەواژەیەکی تر بە پەسەند نازانرێت و تەنها یەك جاریش دەوترێت. ئەگەر لەم سۆنگەیەوە لە ئەنجامی ڕاپرسیی ژمارە (11) بڕوانین، دەبینین ئەو دیاردە کلتورییە پشتڕاستکراوەتەوە، بەوەی لە کۆی (135) بەشداربوو، (124)بەشداربوویان بە شێوەیەکی ڕێژەیی (بڕوانە بژاردەی 1، 2، 3) هەست بەو جیاوازییە کلتورییە دەکەن، تەنها (11) بەشداربوو ئەو دیاردەیە ڕەتدەکەنەوە، ئەمەش ڕەنگە لەو ئاخێوەرانە بن، کە ئاشنایەتی و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کلتوری ئاخێوەری بنەڕەتدا نییە، ئەمەش دیسان یەکێکە لەو پرسانەی، کە (ELF) بایەخێکی زۆری پێداوە و کۆمەڵێك ستراتیژی بۆ چارەسەرکردنی دیاردەکە لە میانەی پەیوەندیکردندا خستووەتەڕوو.

12. چەند گرنگە بۆت کە ئینگلیزییەکەت بێ هەڵە بێت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر گرنگە: (98) بەشداربوو)، (گرنگە: (24) بەشداربوو)، (زۆر گرنگ نییە: (8) بەشداربوو)، (تەنها گەیاندنی پەیام گرنگە: (5) بەشداربوو).

وەك پێشتر باسکرا، ئامانجی سەرەکیی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە لایەن تاکی کوردەوە زیاتر لایەنی پیشەیی و ئەکادیمییە (بڕوانە خاڵی 7 لە 2-1-1)، کە پێویستیان بە زمانی ستانداردی ئینگلیزی هەیە و ناوەندەکانی فێرکردنیش تەنها گرنگی بەو میتۆدە دەدەن، بۆیە بەشداربووان فێربوونی ئینگلیزییەکی بێ کەموکورتی و بێ هەڵەی زمانی بە پێویست دەزانن.

13. تا ئێستا لە کاتی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیدا بەهۆی جیاوازی کولتوورییەوە تووشی هەڵە تێگەیشتن بوویت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، زۆر جار: (20) بەشداربوو)، (بەڵێ، ناوبەناو: (57) بەشداربوو)، (نەخێر، بە دەگمەن: (43) بەشداربوو)، (نەخێر، هەرگیز: (15) بەشداربوو).

جیاوازیی کلتوری یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی) هەڵەتێگەیشتن - (misunderstandingو) تێنەگەیشتن(nonunderstanding - ، کە (ELF) بایەخێکی تەواوی پێداوە و ڕێگەچارەی پێویستی خستووەتەڕوو.

14. ئایا شێوازی قسەکردنت دەگونجێنیت (بۆ نموونە سادەکردنەوەی زمان، دوورکەوتنەوە لە ئیدیۆمەکان) لە کاتی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئاخێوەرانی نابنەڕەتدا؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، هەمیشە: (39) بەشداربوو)، (بەڵێ، هەندێك جار: (82) بەشداربوو)، (نەخێر، بە دەگمەن: (10) بەشداربوو)، (نەخێر، هەرگیز: (4) بەشداربوو).

وەك دەردەکەوێت، زۆرینەی بەشداربووان (واتە 121 بەشداربوو) بژاردەی (1، 2)یان پەسەندکردووە، کە سادەکردنەوەی زمان لەگەڵ ئاخێوەرانی نابنەڕەتدا بە پێویست دەزانن، لە پێناو بەردەوامبوونی پێواژۆی پەیوەندیکردن و فەرامۆشکردنی ئەو لایەنانەی، کە کار لە گۆڕین و تێکچوونی واتادا ناکەن، ئەمەش دەقاودەق پەیڕەوکردنی ئەو ئامانجانەیە، کە لێکۆڵینەوەکانی (ELF) بەدەستیان هێناوە و لە چەندین توێژینەوەی زانستیدا ڕێکار و بنەماکانی بۆ داڕێژراوە.

15. کام لەمانەی خوارەوە زیاتر پەیوەندیکردنی نێوان قسەکەرانی نابنەڕەت باشتر دەکات؟ (دەتوانیت زیاتر لە وەڵامێك هەڵبژێریت)

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زار و لەهجە جیاوازەکان: (45) بەشداربوو)، (باشترکردنی وشەسازی و ڕێزمان: (68) بەشداربوو)، (هۆشیاریی زیاتر لە جیاوازییە کلتورییەکان: (51) بەشداربوو)، (زیاتر پراکتیزەکردن لە دۆخەکانی ژیانی ڕاستەقینەدا: (87) بەشداربوو).

سەرکەوتنی پەیوەندیکردنی نێوان ئاخێوەرانی نابنەڕەت بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە هەریەك لەو بژاردانە هەیە، کە خستوومانەتەڕوو، بۆیە دەبینین هەریەك لە بژاردەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو پەسەندکراوە، بەڵام کۆی بژاردەکانی (1، 2، 3) لە ڕێگەی بەکارهێنانی زیاتری زمانی ئینگلیزییەوە، دەکرێت بڕەوی پێبدرێت و پێشبخرێت، بە شێوەیەك، کە گرفتەکانی پەیوەندیکردن تا ڕادەیەکی گونجاو چارەسەربکات، بۆیە زۆرترین بەشداربوو بژاردەی (4)ی پەسەندکردووە.

16. کام لەم خاڵانە لە بەکارهێنانی ئینگلیزیدا زیاتر بۆت گرنگە؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (خێرایی پەیوەندیکردن: (12) بەشداربوو)، (ڕوونی پەیام: (56) بەشداربوو)، (ڕێزمانی دروست: (9) بەشداربوو)، (پرۆنانسیەیشنی باش: (26) بەشداربوو)، (دەوڵەمەندیی وشە و زاراوەکان: (32) بەشداربوو).

وەك لە پرسیارەکانی پێشوودا (بڕوانە خاڵی 14، 15) خرایەڕوو، لە گرنگترین بنەماکانی (ELF)ڕەخساندنی پێواژۆیەکی دروستی پەیوەندیکردنە، بە جۆرێك، کە پەیامەکان ڕوون بن و مەبەستی ئاخێوەر بگەیەنن، ئەگەرچی لادانی ڕێژەیی لە یاسا فۆنۆلۆجی و ڕێزمانییەکانیشدا ڕووبدات. پەسەندکردنی بژاردەی (2) لە لایەن زۆرینەوە (56 بەشداربوو)، ئەو بنەمایە دووپاتدەکەنەوە و ناڕاستەوخۆ پشتگیریی بنەماکانی (ELF) دەکەن، هەرچەندە ئەمە پێچەوانەی بژاردەکانی تر نییە، بەڵکو هەموویان یەکتر تەواودەکەن.

17. پێت وایە قسەکەری بنەڕەت پێویستە ئینگلیزیی خۆیان بگونجێنن، کاتێک قسە لەگەڵ قسەکەرانی نابنەڕەتدا دەکەن؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، هەمیشە: (52) بەشداربوو)، (بەڵێ، هەندێك جار: (69) بەشداربوو)، (نەخێر، بە دەگمەن: (10) بەشداربوو)، (نەخێر، هەرگیز: (4) بەشداربوو).

ئەم پرسیارە هاوشێوەی پرسیاری (خاڵی 14)یە، تەنها ئەوە نەبێت، کە لێرەدا تەوەری باسەکە "ئاخێوەری بنەڕەتە"، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر ئەنجامەکان لە یەکترەوە نزیکن و ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەشداربووان پێیان باشە (بڕوانە بژاردەی 1، 2) ئاخێوەرانی بنەڕەت و نابنەڕەتیش لەکاتی ئاخاوتنیان لەگەڵ ئاخێوەرانی تری نابنەڕەتدا گونجاندن و سادەکردنەوەی زمان بۆ ڕاییکردنی پێواژۆی پەیوەندیکردن بەکاربهێنن .

جێی ئاماژەپێکردنە لە هەردوو خاڵی (14، 17)دا (121 بەشداربوو) بژاردەی (1) و (2)یان پەسەندکردووە و تەنها (14) بەشداربوو لەگەڵ ئەوەدان، کە خۆگونجاندن و ئاسانکاریی لە نێوان ئاخێوەرانی بنەڕەت و نابنەڕەتدا ڕوونەدات .

3-1/2 (بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی و کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی

ئەم تەوەرە بە (2) پرسیار کۆتایی دێت و وەك دەرئەنجامێکی توێژینەوەکە، پرسی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی و مەترسییەکانی بۆ سەر زمانی کوردی دەخاتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. لە ڕووی سیاسەتی زمانییەوە (یان ئیمپریالیزمی زمانی)، ئایا بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی بە جیهاندا کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی بەها و ڕۆڵی "زمانی دایك/کوردی" دەبێت لە بواری "خوێندن و پەروەردە و ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، کاریگەریی نەرێنیی زۆری هەیە: (35) بەشداربوو)، (بەڵێ، تا ڕادەیەك کاریگەریی نەرێنیی هەیە: (67) بەشداربوو)، (بەڵێ، بەڵام کاریگەریی کەمە: (22) بەشداربوو)، (نەخێر، هیچ کاریگەرییەکی نییە: (11) بەشداربوو).

ئێستا زۆرینەی زمانە جیهانییەکانیش بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی زمان و پلانی زمانیدا دەکەن و لە هەمبەر بڵاوبوونەوەی ئینگلیزی "وەك زمانی زانست و تەکنەلۆژیا" هەوڵی پاراستنی زمانی نەتەوەیی و نیشتیمانیی وڵاتیان دەدەن. بۆیە هۆشیاریی بەشداربووان لە جێی خۆیەتی، کە پێیانوایە زمانی ئینگلیزی کاریگەریی نەرێنی (بە شێوەیەکی ڕێژەیی) لەسەر کەمکردنەوەی بەها و ڕۆڵ و پێگەی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا دەبێت، ئەگەر بژاردەکانی (1، 2، 3)کۆبکەینەوە، دەردەکەوێت، کە (124) بەشداربوو هاوڕان لەسەر بوونی ئەو کاریگەرییە نەرێنییە. لێرەشەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، کە زمانی کوردی تا چەند ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و ئاڵنگارییەکانی ئێستای هەیە؟ ئەم پرسە لە خاڵی دووەمدا تاوتوێدەکرێت.

2. ئایا زمانی کوردی توانای پارێزگاریی و بەرەنگاربوونەوە و ڕاوەستانی بەرامبەر بە بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی هەیە، بە جۆرێك لە داهاتوودا تووشی لەناوچوون یان لاوازبوون نەبێتەوە؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، زمانی کوردی ئەو توانایەی هەیە: (44) بەشداربوو)، (بەڵێ، تا ڕادەیەك ئەو توانایەی هەیە: (56) بەشداربوو)، (بەڵێ، بەڵام تاکو ماوەیەکی کەم دەتوانێت خۆڕاگر بێت: (22) بەشداربوو)، (نەخێر، هەرگیز ئەو توانایەی نییە: (13) بەشداربوو). ڕاپرسییەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئاخێوەرانی کوردی ئینگلیزی-زان، بە گشتی متمانەیان بە بەهێزی و توانای زمانی کوردییان لە ڕووبەڕووبوونەی ئاڵنگارییەکاندا هەیە، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکار بێت بۆ بەکارهێنان و خواستنی ژمارەیەکی زۆر وشە و زاراوەی ئینگلیزی و فەرامۆشکردنی وشە و دەربڕینە کوردییەکان، کە لە ئەنجامدا و بە تێپەڕبوونی کات کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم ئایدۆلۆجیایە لەسەر بەها و پێگەی زمانی کوردی دەردەکەوێت.

ئەو بۆچوون و ڕاسپاردەیەی بەشداربووان بۆ هەر زمانێك ڕاستە، بە مەرجێك لە ڕێگەی سیاسەت و پلانی زمانییەوە خزمەتبکرێت و لە سەرجەم بوارە فەرمی و نافەرمییەکانی وەك (پەروەردە، فەرمانگە میرییەکان، ڕاگەیاندن، زانست و تەکنەلۆژیا، ...) بەکاربهێنرێت و پێشبخرێت، ئەوکات دەتوانێت بەرەنگاری هەر مەترسییەك ببێتەوە و بەها و پێگەی خۆی بپارێزێت و ڕۆڵی سەرەکیی خۆی بگێڕێت. ئەگەر زمانی کوردیش بەو هەنگاوانەدا تێپەڕێنرێت و بەرەوی پێبدرێت، ئەوا وەڵامی پرسیاری (2) هاوشێوەی بۆچوونی زۆرینەی بەشداربووان (بڕوانە بژاردەی 1، 2) ئەرێنی دەبێت، کە بەڵێ زمانی کوردی وەك هەر زمانێکی تری جیهان دەتوانێت ڕووبەڕووی مەترسیی زمانە بەهێزەکان بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی ببێتەوە.

## ئەنجامەکان

پوختەی ئەنجامەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

1. ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش (ELF) میتۆدێکی جیهانییە، گرنگیی بە مۆرکی نەتەوەیی و کلتوریی ئاخێوەرانی نابنەڕەت دەدات و لە زمانی هاوبەشی ئینگلیزیدا جێگەی دەکاتەوە، ئێمەی کوردیش دەتوانین سوود لەو میتۆدە وەربگرین و لە ناوەندەکانی فێرکردنی زماندا پەیڕەویبکەین، ئەنجامی ڕاپرسییەکانی ئەم توێژینەوەیەش ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە میتۆدەکە بایەخی تایبەتی بە ڕێگاکانی فێربوون دەدات و هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی پەیوەندیکردن دەدات.

2. جیاوازییە کلتورییەکان و کلتوری ئاخاوتن لە هۆکارەکانی دروستبوونی هەڵەتێگەیشتن و تێنەگەیشتنن، پشتبەستن بە ڕاپرسی بەشداربووان، ئەم لایەنە وەك خاڵی جیاوازیی نێوان ئاخێوەری بنەڕەت و نابنەڕەت "کورد" دەردەکەوێت.

3. ئەنجامی ڕاپرسییەکە هەردوو گریمانەی توێژینەوەکەی پشتڕاستکردەوە:

- هەرچەندە تاكی كورد وەك پێویست شارەزایی لەبارەی بنەما و تایبەتمەندییەكانی (ELF)نییە، بەڵام تا ڕادەیەكی باش لە پێواژۆی پەیوەندیكردندا بە شێوەیەكی كارەكی پەیڕەوی لێدەكەن.
- هەردوو میتۆدی فێربوونی زمانی ئینگلیزیی ستاندارد و (ELF) بە لای ئاخێوەرانی كوردزمانەوە پەسەند و گونجاون، بەڵام بەپێی بواری بەكارهێنان، ڕێژەی پەسەندكردنی هەریەكەیان كەم و زیاد دەكات.

4. كوردانی بەكارهێنەری ئینگلیزی پێیانوایە بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی كاریگەریی نەرێنی لەسەر كەمكردنەوەی بەها و ڕۆڵی زمانی كوردی هەیە، بەڵام زمانی كوردیش توانای ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەكانی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی هەیە و تا ڕادەیەك دەتوانێت لە بەرانبەریدا خۆی ڕابگرێت.

## سەرچاوەكان:


1 (بە زمانی كوردی:

ا) نامەی ئەكادیمی:

احمد، محمد حسین، 2023، بەشداریی نەخشەی زمانیی تاك لە ڕێككەوتنی زمانییدا بەشدارییە زمانییە ئەلیكترۆنییەكان بە نموونە، تێزی دكتۆرا، كۆلێجی زمان- زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.

بە زمانی ئینگلیزی:

Baker, Will, 2012, Understanding English as a Lingua Franca by B. Seidlhofer, International Journal of Applied Linguistics Vol. 22, No. 1, pp (124-128).

Cavalheiro, Lili et al., 2021, The Handbook to English as a Lingua Franca Practices for Inclusive Multilingual Classrooms, Printing: Papelmunde 1st edition.

Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020, Intercultural Competence in ELT Raising Awareness in Classrooms, Bibliographic Information published by the Deutsche Nationalbibliothek, Peter Lang GmbH - Berlin.

Flognfeldt, M. E. (2022). Developing awareness of ELF in English language education. In M. Dypedahl (Ed.), Moving English language teaching forward, License: CC BY-NC-ND 4.0, Ch. 6, pp. (117–139).

Hülmbauer, Cornelia, Böhringer, Heike and Seidlhofer, Barbara, 2008, Introducing English as a lingua franca (ELF): Precursor and partner in intercultural communication, Synergies Europe n° 3 - 2008 pp. 25-36.

J. Jenkins, M. J. Dewey, & W. Baker, 2018, Routledge Handbook of English as a Lingua Franca. Routledge.

mairi, salam, 2016, an English as a lingua franca (ELF) perspective in Asian English language teaching (ELT), fourth international seminar on English language and teaching (ISELT-4) Padang, Indonesia, may 11-12, 2016, vol 4, no 1, Chinese journal of applied linguistics, p. 283-293.

Smit, Ute, 2010, Conceptualising English as a lingua franca (ELF) as a tertiary classroom language, Stellenbosch Papers in Linguistics, Vol. 39, 2010, 59-74.

Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020, ELF pedagogy and awareness: an action research applied to Italian tertiary students in ELF Skype interactions, published by Firenze University Press, pp 313-334

# ئەرکی ڕێزمانیی مۆرفی (سفر و شاراوە) لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا

**عەبدوڵڵا عەبدال فەتاح، شادان شوکر سابیر**

بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ئەرکی ڕێزمانیی مۆرفی (سفر و شاراوە) لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا"یە، هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، زۆربەی کات هەردوو مۆرفی سفر و شاراوە تێکەڵ دەکرێن، مۆرفە شاراوەکانیش بە مۆرفی سفر دادەنرێن، ئێمە دەمانەوێت بەم توێژینەوەیە، ئەمە یەکلایی بکەینەوە.

مۆرفی سفر و شاراوە لەیەکدی جیان؛ مۆرفی شاراوە فۆرمی هەیە و بەهۆی فۆنۆلۆژی و ڕێزمانیی زمانەکەوە دەرنەکەوتووە، چونکە 'زمانی کوردی زمانێکی نووساو و تێکچڕژاوە'[1]، بۆیە دەنگەکان کار لە یەکتری دەکەن، بەڵام مۆرفی سفر لە بنەڕەتدا هیچ فۆرمێکی نییە و هیچ مۆرفێک نوێنەرایەتیی مۆرفیمەکەی ناکات، بۆیە مۆرفەکەی سفرە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەم جیاوازییەی نێوان مۆرفی سفر و شاراوە لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا .

ڕێبازی توێژینەوەکە (وەسفیی شیکاری)یە و بەپێی کەرەستەکانی هەردوو زارەکە (کوردیی ناوەڕاست و سەروو) جیاوازیی نێوان مۆرفی سفر و شاراوە دەکات و وەسفی مۆرفەکان دەکات، هەروەها بەپێی ئاستی ڕستەسازیی زارەکان شیان دەکاتەوە.

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، جیاوازیی نێوان مۆرفەکان ڕوون دەکاتەوە و یەکلاییان دەکاتەوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی: مۆرفی شاراوە خاوەن فۆرم و مۆرفی سفریش بێ فۆرمە، هەروەها بەپێی جیاوازیی ئەم دوو مۆرفە، دەردەکەوێت هەموو ئەو مۆرفانەی بە سفر دانراون، مۆرفی سفر نین، بەڵکوو بەشێکیان مۆرفی شارەوەن و وەک مۆرفی سفر ناسێنراون، ئەنجامێکی دیکەی ئەم جیاوازییە ئەوەیە: هەندێک کات بە مەبەست مۆرفی دەرکەوتوو دەکرێتە دەرنەکەوتوو، بەڵام مۆرفی سفر شیانی ئەوەی نییە.

**کلیلە وشەکان-** مۆرف، مۆرفی سفر، مۆرفی شاراوە/ ڤەشارتی، کوردیی ناوەڕاست، کوردیی سەروو.

**هێما و کورتکراوەکان:**

$\theta$ : مۆرفی دەرنەکەوتوو (شاراوە/ ڤەشارتی)[2]

$\varnothing$ : مۆرفی سفر

=و ⟵ : دەبێتە

م. سفر: مۆرفی سفر

م. شاراوە/ ڤەشارتی: مۆرفی شاراوە/ ڤەشارتی

م. بەتاڵ: مۆرفی بەتاڵ

ج.: جێناو

ج. ل. ک.: جێناوی لکاوی کەسی

**خشتە و هێڵکاری:**

خشتەی ژمارە (١)، مۆرفی سفر و شاراوە لە پێکهاتە و لێکەوتەی کرداردا، ١-٢).

خشتەی ژمارە (٢)، شیانی شاراوەیی مۆرفی ڕێژەی فەرماندانی کوردیی ناوەڕاست، ٢-١-١-٦).

خشتەی ژمارە (٣)، شیانی شاراوەیی مۆرفی ڕێژەی فەرماندانی کوردیی سەروو، ٢-١-٢-٦).

هێڵکاریی ژمارە (١)، ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک، ١-٣).

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بۆ "ئەرکی ڕێزمانیی مۆرفی (سفر و شاراوە) لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا" تەرخان کراوە، هەوڵ دەدات ئەرکی ڕێزمانیی هەریەک لەو مۆرفانە نیشان بدات.

**ئامانج و گرنگیی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، جیاوازی لەنێوان مۆرفی سفر و شاراوەدا بکرێت و چیتر مۆرفە شاراوەکان بە مۆرفی سفر و، مۆرفیش بە مۆرفیم نەناسێنرێت، هەروەها

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp74-84

ورقة بحث منتظمة: أستلم البحث في 16 شباط 2025؛ قُبل في 17 آذار 2025؛ نُشرت في 10 تموز 2025؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: abdulla.fattah@koyauniversity.org, shadan.shukr@koyauniversity.org

حقوق الطبع والنشر ©2025 عەبدوڵڵا عەبدال فەتاح، شادان شوکر سابیر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

هێمای جیاوازیان بۆ بەکار بهێنرێت، تاکوو تێکەڵ نەبن، چونکە گرنگە دیاردە ڕێزمانییەکان وەک ئەوەی هەن، بیانناسین.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، زۆربەی کات هەردوو مۆرفی سفر و شاراوە تێکەڵ دەکرێن، مۆرفە شاراوەکانیش بە مۆرفی سفر دادەنرێن، ئێمە دەمانەوێت بەم توێژینەوەیە، ئەمە یەکلایی بکەینەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی (پەسنی شیکاری) جیاوازیی نێوان مۆرفی سفر و شاراوە دەکات و وەسفی مۆرفەکان دەکات، هەروەها بەپێی ئاستی ڕستەسازیی زارەکان شییان دەکاتەوە.

**توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:**

ئایا هەموو مۆرفیمێک مۆرفێکی سفری هەیە؟
ئایا مۆرفی سفر دەبێتە شاراوە، یان بە پێچەوانەوە؟
هۆکارەکانی مۆرفی سفر و شاراوە چین؟
مۆرفی سفر و شاراوە لە ڕستەدا، چ ئەرکێک دەبینن؟

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە مۆرفی زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروو (گۆڤەری بادینی).

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە پێشەکی، دوو بەش، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێک دێت:
بەشی یەکەم: بە ناونیشانی "مۆرفیم و مۆرف"ە و ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت: پێناسەی مۆرفیم، مەرج و تایبەتمەندییەکانی، ... جۆرەکانی مۆرفی مۆرفیم.
بەشی دووەم: بە ناونیشانی "مۆرفی سفر و شاراوە لە کوردیی ناوەڕاست و سەروودا"یە و بە نموونەوە ئەو مۆرفانە خراونەتەڕوو، کە دەبنە مۆرفی شاراوە، لەگەڵ ئەو مۆرفانەی سفرن، بۆ هەر زارێک بەجیا، وەک مۆرفەکانی (کەس، تاف، نادیاری، ڕووکار، ... تاد.).

## بەشی یەکەم
## مۆرفیم و مۆرف

**1-1) پێناسەی مۆرفیم:**

مۆرفیم دانەیەکی مۆرفۆلۆژییە و پێکهاتەیەکی ڕێزمانی و فەرهەنگییە، زمانەوانان لە ڕوانگەی جیاوازەوە، پێناسەی ئەم چەمکەیان کردووە، بەڵام تاکوو ئێستا هەموویان لەسەر پێناسەیەک کۆک نین، بۆیە دەکرێت پێناسەکان کەموکوڕییان تێدا بێت، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

"یول" مۆرفیم، بریتییە لە بچووکترین یەکەی واتادار بۆ شیکردنەوەی ڕێزمانی لە زمانێکدا (Yule, 2010: 65)، "کاتامبا" زیاتر ڕوونی دەکاتەوە، مۆرفیمەکان وردترین یەکەی واتای زمانەوانین، ناتوانرێت لەوە زیاتر دابەش بکرێن (Ktamaba, 1993: 24) و وەک بناغەی سەرەکی بۆ پێکهاتەی وشە کار دەکەن؛ "ئەوڕەحمانی حاجی مارف"یش بە هەمان شێوە لە ڕوانگەی واتاوە پێناسەی مۆرفیم دەکات و دەڵێت: "بچووکترین دانەی واتاداری زمانە" (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٣٤).

لەم پێناسانەدا جەختی سەرەکی لەسەر واتایە، هەڵبەت ناکرێت مۆرفیمەکان لەوە بچووکتر بکرێنەوە، چونکە واتا لەدەست دەدەن، وەک (دارەوان-ەوان: دار) ناکرێت مۆرفیمەکانی (دار) و (ەوان) لەوە زیاتر بچووک بکرێنەوە بۆ (د، ا، ر) و (ە، و، ا، ن)، چونکە ئەمانە کەرەستەی فەرهەنگین و واتاکانیان لە فەرهەنگدا بەرانبەر ئەو فۆڕمانە دانراون، بە کرتاندنی هەر فۆنیمێکیان؛ کەرەستەکان واتای پێشوویان نامێنێت، بەڵام هەریەک لەم فۆنیمانە لە دەوروبەری تردا دەتوانن ئەرکی ڕێزمانی ببینن و ببنە مۆرفیم، ئەم ڕۆڵبینینەیش زیاتر بە ئاستی ڕستەسازییەوە پەیوەستە.

"وریا عومەر ئەمین"یش بەم چەشنە پێناسەی مۆرفیم دەکات: 'بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، لە فۆنیمێک یان زیاتر پێک دێت و دەورێکی لە ڕێزماندا هەیە، بە گۆڕین و لابردنی هەر فۆنیمێکی، یان بە لەتکردنی، واتا و دەورە ئەسڵییەکەی لەناو دەچێت' (امین، ١٩٨٢: ٨٥-٨٦)، (ئەمین، ٢٠١١: ٩١)، لەم پێناسەیەی "وریا عومەر ئەمین"دا ئاماژە بە مۆرفۆفۆنیم کراوە، چونکە مۆرفیمان هەیە لە یەک فۆنیم پێک هاتووە و ئەرکێکی ڕێزمانیی هەیە، وەک مۆرفۆفۆنیمی (ب) لە (بکرە، بخۆ، ...هیی تر)دا.

لەم پێناسانەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، مۆرفیم بچووکترین دانەی واتادار یان خاوەن ئەرکی ڕێزمانییە، مەرج نییە هەموو مۆرفیمێک واتای هەبێت، دەکرێت تەنیا ئەرکی ڕێزمانیی هەبێت و لە کۆی واتای وشەکە ڕۆڵ ببینێت و ئاڕاستەی واتاکە بگۆڕێت.

**2-1) مەرج و تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم:**

مۆرفیم وەک هەر دانەیەکی تری زمانی، بەهۆی چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە و لە دانەکانی تری زمان جیا دەکرێتەوە؛ مەرج نییە هەموو تایبەتمەندییەکان لە هەر مۆرفیمێکدا هەبن، بەڵام بەلایەنی کەمەوە دەبێت دوو مەرج یان تایبەتمەندیی تێدا بێت، لە خوارەوە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەدەین:

1. **واتاداربوون:**

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی لە زۆربەی پێناسەکاندا جەختی لێ دەکرێتەوە (واتایە)، واتا ڕۆڵێکی گرنگی لە مۆرفیمدا هەیە، وەک "بلۆمفێڵد" دەڵێت: مۆرفیم 'بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە' (قادر، ٢٠٠٢: ١٨)، ئەم لایەنە لە سەرەتای بیرۆکەکەوە ناسراوترین تایبەتمەندیی مۆرفیم بووە، "بەم پێیە دەبێت هەموو مۆرفیمێک واتاداربێتو سیمای سەرەکیی بوونی واتایە، چونکە دەوترێت، لەوە بچووکتر ناکرێتەوە، بێ ئەوەی واتای تێک بچێت" (حمد، ٢٠١٤: ١٤)، بۆ نموونە: ناتوانین بە پێکهاتەی (درڵ) بڵێین مۆرفیم، چونکە لە زمانی کوردیدا واتای نییە و ئەو مەرجە جێبەجێ ناکات.

2. **ئەرکی ڕێزمانی:**

مۆرفیم ئەگەر واتای سەربەخۆیشی نەبێت، ئەوا ئەرکی ڕێزمانی دەبینێت و بەشداری لە پێکهاتەی فرێزەکاندا دەکات، بەبێ ئەوەی واتای پێکهاتە سەرەکییەکە بگۆڕێت، بەڵکوو تەنیا ڕۆڵە ڕێزمانییەکە دەبینێت، وەک "شەهاب تەیب و شیروان حسێن" دەڵێن: "مۆرفیم بچووکترین دانەی زمانە، کە یان واتای هەیە یان ئەرک" (طاهر و حمد، ٢٠١٥: ٧)، "فرۆمکین و هاوکارانی"یشی جەخت لەوە دەکەنەوە،

دەکرێت مۆرفیمەکان ئەرکی سیمانتیکی (واتایی) یان ڕێزمانی هەڵبگرن (Fromkin and Hymas, 2018: 93)، بۆ نموونە:

١) ب + کە + ر + ەوە= بکەرەوە

٢) کوڕ + ەکە= کوڕەکە

٣) هات+ ەوە= هاتەوە (ڕێزمانی) ٤) خواردن+ ەوە= خواردنەوە (واتایی)

لەم نموونانەدا دەردەکەوێت، ئەم مۆرفیمانەی دیاریمان کردوون، واتای وشە سەرەکییەکانیان نەگۆڕیوە، بۆ نموونە {ەکە} لە وشەی (کوڕەکە)دا واتای (کوڕ)ی نەگۆڕیوە، بەڵکوو تەنیا دۆخی ڕێزمانیی گۆڕیوە، بۆیە مۆرفیم "وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی ڕستە ئەرکێک یان واتایەک دەگەیەنێت" (عبدالله، ٢٠٠٧: ٢٤).

## 3. کەرتنەبوون:

یەکێکی تر لە مەرجەکانی بەمۆرفیمبوون ئەوەیە، 'مۆرفیم بۆ دانەی وردتر کەرت ناکرێت' (حەمەدئەمین، ٢٠١٤: ٦٢) ، ئەگەر کەرت بکرێت، "واتای بنجی مۆرفیمەکە دەگۆڕێت، یان دەبێتە پێکهاتەیەکی بێ واتا" (عەول، ٢٠١٠: ٣١٢)، یانیش ئەرکە ڕێزمانییەکەی بەجێ ناگەیەنێت، بۆیە مەرجە مۆرفیم بۆ دانەی بچووکتر کەرت نەکرێت، بۆ نموونە: 'ئەگەر (باخ) بۆ شێوەکانی (ب...اخ)، (ب..ا...خ) و (با..خ) لەت بکەین، هیچ کام لە پارچەکان واتا نابەخشن' (سەرچاوەی پێشوو: ٣١٢)، یان ئەگەر وشەی (ناسک) بۆ (نا) و (سک) کەرت بکەین، واتاکەی خۆی لەدەست دەدات، چونکە (نا) وەک مۆرفیی نەرێ و (سک)یش وەک (زگ: خوارەوەی سنگی مرۆڤ) واتای (ناسک) وەک هاوەڵناو ناگەیەنن.

## 4. شێوەی فیزیکی (پیت):

هەموو مۆرفیمەکان بە پیت دەنوێنرێن، واتە خاوەن فۆرم/ مۆرفی خۆیانن، تەنیا مۆرفی سفر نەبێت، چونکە شێوەی فیزیکیی نییە، بۆیە مۆرفەکەی سفر دەبێت، واتە 'کاتێک مۆرفیم یەکێک لەو ئەرکە ڕێزمانییانەی، کە بەزۆری بەهۆی مۆرفێکەوە نیشان دەدرێت، لە شوێنێکدا مۆرفەکەی بزر بکات و شێوەیەکی فۆنەتیکی یان فیزیکیی نەبێت، بۆ نموونە: لە کوردیی ناوەڕاستدا یەکێک لە نووسەکە لکاوەکان کە دەبێتە نیشانەی ڕێککەوتن، یان بەرکار دەنوێنێت، لە هەندێک شوێندا دەرناکەوێت، یان بوونی مادیی نامێنێت، وەک:

٥) ڕۆیشتم. ⟵ م ٦) ڕۆیشتین. ⟵ ین

٧) ڕۆیشتیت. ⟵ یت ٨) ڕۆیشتن. ⟵ ن

٩) ڕۆیشت. ⟵ $\varnothing$ ١٠) ڕۆیشتن. ⟵ ن

کەواتە مۆرفی وەها هەیە (نەک مۆرفیم)، کە لە هەندێک شوێندا بوونی فیزیکی و فۆنەتیکیی خۆی لەدەست دەدات (نەک لە هەموو شوێنێکدا)؛ لە کاتێکدا، کە لە شوێنی تردا دەیپارێزێت، بەم جۆرە مۆرفە (دیسان نەک مۆرفیم) دەگوترێت (مۆرفی سفر)' (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦، ٢٥-٢٦)، بەڵام تایبەتمەندیی ئەم مۆرفە جیایە لە مۆرفی شاراوە/ 'ڤەشارتی، مەبەست ژڤان مۆرفیمان ئەون، هندەک جاران دشێن دەرکەڤن بەلێ دەرنەکەفتینە، بەس ب شێوێ ڤەشارتی د ڕستێدا یێن هەی و تنێ د ڕستێدا ئەم هەست ب بوونا فۆڕمێ فیزیکییێ وان ناکەین د ئاستێ سەریدا، وەکی:

١١) ئەز د ژوورڤە بووم. ئەز $\theta$ ژوورڤە بووم. ⟵ د: م. ڤەشارتی

١٢) ئەو ل زانکۆیێ بوو. ئەو $\theta$ زانکۆیێ بوو. ⟵ ل: م. ڤەشارتی / $\varnothing$: م. سفر

جیاوازییا مۆرفا ڤەشارتی دگەل مۆرفا سفرێ ئەوە، مۆرفا سفر شێوەکێ فۆنەتیکی نییە، بەلێ مۆرفا ڤەشارتی د بنەڕەتدا شێوەکێ فۆنەتیکی یێ هەی، بەلێ دەرنەکەفتییە' (ڕەجەب، ٢٠٠٦: ٢١)، هەروەها لەم نموونانەی کوردیی ناوەڕاستیشدا جیاوازیی مۆرفی سفر و شاراوە/ شاردراوە دەردەکەوێت:

**خشتەی ژمارە (١)**

**مۆرفی سفر و شاراوە لە پێکهاتە و لێکەوتەی کرداردا.**

| ژ. | ڕستە | پێکهاتەی کردار | لێکەوتە |
|---|---|---|---|
| ١. | ئەو هات. | ها + ت+ $\varnothing$ | $\varnothing$: م. سفرە |
| ٢. | یاری بکە. | ب+ کە+ ە | ە: م. شاراوەیە |
| ٣. | یاری ناکەم. | نا+ دە+ کە+ م | دە: م. شاراوەیە |

لەم ڕستانەی خشتەی سەرەوەدا، مۆرفی سفر و شاراوە هەن؛ ڕستەی یەکەم بەهۆی ئەوەی کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەمی جێناوی لکاوە/ ڕێککەوتنە، لە هیچ بارودۆخێکدا دەرناکەوێت، بۆیە مۆرفی سفرە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا لەبەر ئەوەی هەردوو مۆرفەکە هەمان دەنگن و هاوسازگەن، مۆرفی مۆرفیمی جێناوی لکاو بۆ دەستەی چوارەم (بکەر) دەرناکەوێت و لە ژینگەی تردا دەردەکەوێت، وەک (بکرە، بفرۆشە، بخوێنە)، بۆیە ئەم مۆرفە شاراوەیە و نابێتە مۆرفی سفر، لە ڕستەی سێیەمیشدا بەهۆی گۆڕینی دۆخی ڕێزمانییەوە، لە ئەرێوە بۆ نەرێ؛ ئەسپێکتی ڕانەبردوو دەشاردرێتەوە و دەبێتە (م. شاراوە)، تەنیا هەست بە ڕانەبردووییەکەی دەکەین.

## 5. دووبارەبوونەوە لە دەوروبەری تردا:

مۆرفیم، لە ژینگەی جیاوازی وشەیدا بە واتایەکی جێگیرەوە دووبارە دەبێتەوە (Stageberg, 1981: 83)، یان هەمان ئەرک دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی مۆرفیم مەرجی بەمۆرفیمبوونی خۆی بەجێ بگەیەنێت، دەبێت لە دەوروبەری تردا بە واتای جیاواز یان هەمان ئەرکی ڕێزمانی دووبارە ببێتەوە، بۆ نموونە: مۆرفی {ەو} لەم وشانەدا دووبارە بووەتەوە: "شارەوشار، دارەودار، ساڵەوساڵ" (هاشمی، ٢٠٢١: ٢٤)، لەم ڕووەوە '«بەرامبەر» هەڵەیە، «بەرانبەر» ڕاستە، لەبەر ئەوەی هیچ وشەیەکی ترمان نییە بە یارمەتیی مۆرفی {ام} دروست بووبێت، بەڵام وشەی تر هەن، بە یارمەتیی مۆرفی {ان} دروست بوونە، وەک (سەرانسەر، دەوراندەور)' (عەبدال، ٢٠٢١: ٩٥).

### ١-٣) مۆرف، مۆرفیم و ئەلۆمۆرف:

زمانەوانان ئەم سێ چەمکە بەیەکەوە باس دەکەن، چونکە هەرسێکیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و یەکتری تەواو دەکەن، ئەم سێ زاراوەیە "بەیەکەی پێوانەی ئەم ئاستەی زمان[٣] هەژماردەکرێن" (حمد، ٢٠١٤: ٣٢)، لێرەدا پەیوەندیی نێوانیان و چۆنێتیی دەرکەوتنیان دەخەینەڕوو:

مۆرفیم 'جیاوازی بێت یان یەکەیەکی هۆشەکی، قەبارەدار نییە' (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ١٥)، واتە هیچ وێنەیەکی نییە و بەرهەستە، بەڵام مۆرف "بچووکترین یەکەی دەربڕاوە" (قادر، ٢٠٠٣: ١٦)، واتە فۆڕمێکی فیزیکییە و نوێنەرایەتیی مۆرفیمێک دەکات، (Katamba, 1993: 24) یان دەینوێنێت، ئەو مۆرفانەی کە مۆرفیمەکان دەنوێنن، بەهۆی مۆرفۆلۆژیی زمانەکە، هەندێک جار لە کاتی زیادکردنیاندا دەنگی بەرکەوتە دەگۆڕێت، دەنگێکی لێ دەکرێت یان بۆی زیاد دەکرێت، بەمەیش شێوەی جیاواز بۆ مۆرفیمەکە زیاد دەبێت و "بە شێوە جیاجیاکانی مۆرف دەوترێت

(ئەلۆمۆرف)" (صادق، ٢٠٢٣: ٨)، ئەلۆمۆرفەکانیش بە هۆکار و ژینگەی جیاواز دروست دەبن و هۆکارەکە دەبێتە ناوی جۆری ئەلۆمۆرفەکە، بەم هێلکارییەیش پێوەندیی نێوان زاراوەکان نیشان دەدەین:




**هێلکاریی ژمارە (١)**
**ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک.**

## ١-٤) جۆرەکانی مۆرفی مۆرفیم:

ئەم جۆرانە چۆنێتیی نواندنی مۆرفی مۆرفیمەکان لە ڕووی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەوە دەگرنەوە، چونکە هەموو مۆرفەکانی مۆرفیمێکی دیاریکراو بە یەک شێوە دەرناکەون، بۆیە دابەشی سێ جۆر دەبن:

### ١-٤-١) مۆرفی دەرکەوتوو[4]: بە سێ شێوە دەردەکەون:

### ١-٤-١-١) تەواو:

ئەو مۆرفانەن، کە لەسەر وشە و لەنێو ڕستەکاندا -وەک خۆیان بەبێ کارتێکراوی- دەرکەوتوون و شێوەی فیزیکییان نەگۆڕاوە، وەک:

١٣) مۆرفی مۆرفیمی نادیاری {ر} ⟵ خورا، دەخورێ.

١٤) مۆرفی مۆرفیمی ناسراوی {ەکە} ⟵ کوڕەکە، پیاوەکە

### ١-٤-١-٢) ناتەواو:

ئەو مۆرفانەن، کە لەسەر وشە و لەنێو ڕستەکاندا بەناتەواوی دێن، واتە لەتێکی مۆرفەکە دێت و وەک ئەلۆمۆرفی مۆرفیمەکە دەناسرێت، چونکە بەپێی ژینگەی گۆکردن، وا دەگونجێت، بۆ نموونە: 'جێناوی کەسی سێیەمی (ێت) لە شێوەی (ت)دا دەردەکەوێت، نەک (ێت)، وەک:

١٥) دەنووسرێت. ⟵ (دە + نووسرێ + ت)

١٦) دەخورێت. ⟵ (دە + خورێ + ت)

١٧) دەبینرێت. ⟵ (دە + بینرێ + ت)

بۆیە لە شێوەی (ێت)دا دەرناکەوێت، چونکە (کردارە ڕانەبردووە نادیارەکە) کۆتاییی بە بزوێنی /ێ/ دێت، ئیتر ناشێت بزوێنێکی تر بەدوای ئەودا بێت، بەناچاری بزوێنێکیان دەکرێت' (لیژنەی کۆڕی زانیاری، ١٩٧٥: ٤٣٦)، یان وەک مۆرفەکانی مۆرفیمی ناسراوی جگە لە {ەکە}، کە دەبنە {کە، ەک، ک، ... تاد.}، وەک:

١٨) مامۆستاکە، کوڕەکان، مامۆستاکان

### ١-٤-١-٣) ئاوێتە/ گۆڕاو:

ئەو مۆرفانەن، بەهۆی کاریگەریی فۆنۆلۆژیی زمان و بەیەکەوەهاتنی دەنگە بزوێنەکان، ئەلۆمۆرفێکی مۆرفیمی بەتاڵ کار لە دوو مۆرفی پێش خۆی دەکات و مۆرفێکی تریان لێ بەرهەم دێنێت، فۆڕمی مۆرفە نوێیەکە دەبێتە نوێنەری هەردوو مۆرفە کارلێککراوەکان، بۆ نموونە: لە دووبارەکردنەوەی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی هەوالیدا، مۆرفێکی مۆرفیمی بەتاڵ بەم چەشنە ئێوەندگیر دەبێت (هات + ووە + ت+ ەوە)؛ دواتر، واتە 'دوا قۆناغی وەرگرتنی ئەو گیرەک و مۆرفی بەتاڵە گۆڕانێکی دەنگی دەخاتە فۆڕمی ڕێژەی ڕابردووی تەواو و دەبێتە:

١٩) هات + {و + ە ⟵ ۆ} + ت + ەوە ⟵ هاتۆتەوە' (بابکر، ٢٠١٦: ٤٩)، لێرەدا {ۆ} مۆرفێکی بەرهەمهاتووە و گۆڕاوی دوو مۆرفی ترە، واتە مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} 'لە گۆکردندا دەنگێکی تێکەڵە لە هەردوو بزوێنی /ە/ و /و/، هەربۆیەش لە ڕەوتی ئاخاوتندا هەندێک جار لە هەندێک وشەدا ئەم دوو بزوێنە تێکەڵ دەبن و فۆنیمی /ۆ/ دروست دەکەن، وەک:

٢٠) مامەوستا کەونەکەمان بووەتە سەرپەرشت.
مامۆستا کۆنەکەمان بۆتە سەرپەرشت.' (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ٣١٢).

یاخود گۆڕانی دەنگێکی مۆرفی مۆرفیمێک، بۆ نموونە 'کاتێک {-ات}ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک بە ڕەگی ڕانەبردووی ئەو کردارانەوە دەلکێت، کە کۆتاییان بە /ۆ/ هاتووە، لەگەڵ بەیەکگەیشتنی هەردوو ڤاوێلی /ا/ و /ۆ/، دەنگی /ۆ/ دەگۆڕێت بە /و/ی نیمچەکۆنسونانت' (عەلی، ٢٠١٥: ١٣٣)، بۆ نموونە:

٢١) دە + خۆ + ات ⟵ دەخوات.

٢٢) دە+ ڕۆ + ات ⟵ دەڕوات.

لەم نموونانەدا مۆرفەکانی (خۆ، ڕۆ) گۆڕاون بە (خو، ڕو).

### ١-٤-٢) مۆرفی دەرنەکەوتوو (شاراوە/ ڤەشارتی)[5]:

ئەم مۆرفانە خاوەن فۆڕمی خۆیانن، بەڵام بە هۆکارێک دەرنەکەوتوون، بۆ نموونە: مۆرفی مۆرفیمی ڕەگی کرداری چاوگی (بوون) دەبێتە {ب}، بەڵام لە ڕانەبردووی ئێستادا دەرناکەوێت، وەک (من زیرەکم)، کەچی لە داهاتوودا دەردەکەوێت، وەک (من زیرەک دەبم)، یاخود کاتێک 'هەرسێ کەرەستەی (ب + ێ + ێت) لێک دەدەن، (ێ)ی جێناوی لکاوی {ێت} لەناو ڕەگی {ێ}دا دەتوێتەوە و دەبنە (بێت)، دەشێت (ت)ی جێناوی لکاویش لا ببردرێت و ببنە (بێ)' (ئەمین، ٢٠١١: ٣٢)، واتە جێناوە لکاوەکە دەرنەکەوێت و بشاردرێتەوە؛ هەندێک جار (ێ)ی پیتی یەکەمی جێناوی لکاوی {ێت}یش دەکەوێتە دوای {ێ}ی نادیاری و دەسوێت و هەروەک ئاماژەی پێ درا، دەشێت (ت)یش لا ببردرێت، بۆیە دەتوانین بەم مۆرفانەی کە بە هۆکارێک دەرنەکەوتوون، بڵێین (مۆرفی شاراوە، یان دەرنەکەوتوو/ ڤەشارتی)، وەک:

٢٣) ب + ێ + ێت ⟵ بێθ. (ێت= θ)

٢٤) دە + نووس + ر + ێ + ێت ⟵ دەنووسرێθ. (ێت= θ)

### ١-٤-٣) مۆرفی سفر:

ئەو مۆرفەیە، ئەرکی نواندنی مۆرفیم جێبەجێ ناکات، تەنانەت لە هیچ ژینگەیەکیشدا فۆڕمی نییە، بەڵکوو تەنیا جێنشینی هەیە، واتە لە ئاوەزدا هەست بە کەسێک دەکەین، وەک مۆرفی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەمی جێناوە لکاوەکان/ جێناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن:

٢٥) هاتم. ⟵ من هاتم. ⟵ {م} نوێنەرایەتیی {من} دەکات.
٢٦) هاتیت؟ ⟵ تۆ هاتیت؟ ⟵ {یت} نوێنەرایەتیی {تۆ} دەکات.
٢٧) هات ∅. ⟵ ئەو هات. ⟵ هیچ مۆرفێک نوێنەرایەتیی {ئەو} ناکات.

## بەشی دووەم
## مۆرفی سفر و شاراوە لە کوردیی ناوەڕاست و سەروودا:

مۆرفی سفر و شاراوە جیاوازییەکی ڕوونیان لەنێواندایە، وەک لە بەشی یەکەمدا خستمانەڕوو، لێرەیشدا بەپێی تایبەتمەندیی هەریەکێکیان و بۆ هەر زارێکیان نموونە دەهێنینەوە:

### ٢-١) مۆرفی شاراوە لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا:

ئەو مۆرفانەن، بەهۆی کاریگەریی فۆنۆلۆژیی زمانەکەوە، هەندێک لە مۆرفەکان هیچ بەشێکیان دەرناکەوێت؛ 'ئەم دیاردەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەوە، واتە ئەگەر دیاردەکە بە هۆکاری فۆنۆلۆژییش بێتە ئاراوە، کاریگەرییەکەی دەچێتە بواری مۆرفۆلۆژییەوە' (صابر و عەبدوڵا، ٢٠٢٣: ١١٠)، ئەوەی جێی سەرنجە، ئەم مۆرفە لە زۆربەی توێژینەوەکاندا[٦] وەک مۆرفی سفر ناسێنراوە و تێکەڵ کراون، ئێمە لێرەدا بەپێی زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروو، مۆرفە شاراوەکان دەخەینەڕوو:

### ٢-١-١) مۆرفی شاراوە لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا:

لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا مۆرفێکی زۆر بەهۆی فۆنۆلۆژیی زارەکەوە دەرناکەون و بەشاراوەیی دەمێننەوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

#### ٢-١-١-١) مۆرفی کەس: هەندێک لە جێناوە لکاوەکان بە هۆکاری فۆنۆلۆژیی زمانەکەوە دەرناکەون، وەک:

1. مۆرفی {ە}ی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی ڕێژەی فەرماندان:
یاسای دروستبوونی کرداری ڕێژەی فەرماندان:
ب + ڕەگی ڕانەبردوو + ج. لکاو (ە-ن)
١) ب + نووس + ە ⟵ بنووسە.
٢) ب + خۆ + ە ⟵ بخۆθ.
٣) ب + خۆ + ن ⟵ بخۆن.
٤) ب + گرێ + ە ⟵ بگرێθ.
لەو نموونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، هەر ڕەگێکی ڕانەبردوو پیتی کۆتایی بزوێن بێت، {ە}ی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک دەرناکەوێت و شاراوە/ ڤەشارتی دەبێت.
2. مۆرفی {ێت}ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی سێیەم، لەگەڵ کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕی بکەردیار و کرداری ڕانەبردووی بکەرنادیار:
یاسای دروستبوونی کرداری ڕانەبردووی هەواڵی و دانانیی بکەردیار:
هەواڵی: دە + ڕەگی ڕانەبردوو + ج. لکاو (م-ین، یت-ن، (ات، ێت)-ن)
٥) دە + گرێ + م ⟵ دەگرێم.
٦) دە + گرێ + ێت ⟵ دەگرێێت. ⟵ دەگرێθ.
٧) دە + خورێ + ێت ⟵ دەخورێت. ⟵ دەخورێθ.
٨) ئەو دەگرێθ، چونکە لەشی دەخورێθ.

دانانی: ب + ڕەگی ڕانەبردوو + ج. لکاو (م-ین، یت-ن، (ات، ێت)-ن)
٩) ب + گرێ + م ⟵ بگرێم.
١٠) ب + گرێ + ێت ⟵ بگرێێت ⟵ بگرێθ.
١١) ب + خورێ + ێت ⟵ بخورێت ⟵ بخورێθ.
١٢) ڕەنگە ئەو بگرێθ، چونکە لەشی دەخورێت.
١٣) ڕەنگە لەشی بخورێθ، لەبەر ئەوەی پێشکە پێیوەدایە.

یاسای دروستبوونی ڕانەبردووی بکەرنادیاری هەردوو ڕێژەکە:
ب/ دە + ڕەگی ڕانەبردوو + ر (نادیاری) + ێ (تاقی ڕانەبردوو) + ج. لکاو (م-ین، یت-ن، ێت-ن)
١٤) دە + بەخش + ر + ێ + ین ⟵ دەبەخشرێین.
١٥) دە + فرۆش + ر + ێ + ێت ⟵ دەفرۆشرێت. ⟵ دەفرۆشرێθ.
١٦) دە + بین + ر + ێ + ێت ⟵ دەبینرێت. ⟵ دەبینرێθ.

١٧) ب + بەخش + ر + ێ + ین ⟵ ببەخشرێین.
١٨) ب + فرۆش + ر + ێ + ێت ⟵ بفرۆشرێت. ⟵ بفرۆشرێθ.
١٩) ب + بین + ر + ێ + ێت ⟵ ببینرێت. ⟵ ببینرێθ.
٢٠) ئەگەر ئەو ببەخشرێθ، خانووەکەی دەفرۆشرێθ.

لەو نموونانەی سەرەوەدا، {ێت}ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک بە هۆکاری فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی بەشێکی دەسوێت و دەرناکەوێت، بەشەکەی دیکەیشی ئاساییە لا ببردرێت، واتە دەشێت تەواوی مۆرفەکە دەرنەکەوێت[٧].

#### ٢-١-١-٢) مۆرفی تاف: بۆ ڕوونکردنەوەی کاتی ڕوودانی کردارەکان لە ڕووی فیزیکییەوە بە تاف ئاماژەی پێ دەدرێت، مۆرفی {ە} لە ئەرکی تافی ئێستادا، کە تافی ڕوودانەکە دەخاتەڕوو، هەندێک کات بە هەندێک هۆکار دەرناکەوێت؛ تافی ئێستا، 'گوزارشت لە کردارێک دەکات، کە ئێستا یان لە کاتی ئاخاوتندا حاڵەتێک ڕوودەدات' (محمود، ٢٠٢٣: ٤٩) و بە مۆرفی {ە} ئاماژە بە تافەکەی دەکرێت؛ ئەم مۆرفە لەبەر ئەوەی بزوێنێکی کورت و بێهێزە، کەم دەردەکەوێت، زۆربەی کات مۆرفی شاراوەیە/ دەرنەکەوتووە، بواری دەرکەوتنی لە کاتێکدا دەبێت، کە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک مۆرفی سفر بێت (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ٦)، بۆ نموونە:
ناو/ هاوەڵناو + ڕەگی چاوگی بوون + مۆرفیی تافی ئێستا + ج. ل. ک. سێیەمی تاک

٢١) پیاو + θ + ە + ∅ = پیاوە ⟵ ئەو پیاوە.
٢٢) جوان + θ + ە + ∅ = جوانە ⟵ تنۆک جوانە.

لەم نموونانەی سەرەوەدا، لەبەر ئەوەی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک سفرە و دەرنەکەوتووە، مۆرفیمی تافی ئێستا مۆرفەکەی دەرکەوتووە، بەڵام ئەگەر جێناوەکە بگۆڕین بۆ کەسەکانی تر، ئەوا مۆرفی {ە}ی تافی ئێستا دەرناکەوێت، وەک:

ناو/هاوەڵناو + ڕەگی چاوگی بوون + مۆرفیمی تافی ئێستا + ج. ل. جگە لە ک. سێیەمی تاک

٢٣) پیاو + $\theta$ + $\theta$ + (م، ین، یت، ن، ن) = پیاوم.

من پیاوم. ب= $\theta$ ە= $\theta$

٢٤) جوان + $\theta$ + $\theta$ + (م، ین، یت، ن، ن) = جوانن.

ئێوە جوانن. ب= $\theta$ ە= $\theta$

### ٢-١-١-٣) پێشگری {هە}:

'ئەسپێکتی {دە}ی ڕانەبردوو لە تافی داهاتوودا، پێشگری {هە}ی (هەبوون) دەشارێتەوە' (بابان، ٢٠١٥: ٨٦)، وەک:

٢٥) ئێستا: پارەم هەیە.

٢٦) ڕابردوو: پارەم هەبوو.

٢٧) داهاتوو: پارەم دە$\theta$بێت. هە=$\theta$

لە دۆخی نەرێشدا، مۆرفی نەرێی {نی} "لەگەڵ کاری (بوون/ هەبوون) بۆ دەمی ئێستا بەکاردێت" (حەمید، ٢٠١٥: ٨٣) و پێشگری {هە} دەشارێتەوە، وەک:

٢٨) پارەم هەیە. پارەم نی$\theta$یە.

### ٢-١-١-٤) ئامراز (مۆرف)ی خستنەسەر:

لە فرێزی ناویدا، دیارخەر و دیارخراو بەهۆی دوو مۆرفی خستنەسەر بەیەک دەبەسترێنەوە (سەرچاوەی پێشوو: ٧٣)، وەک مۆرفەکانی {ی، ە}، ئەگەر بێت و دیارخراو بە پیتە بزوێنەکانی (ۆ، ە، ا)کۆتایی هاتبێت و بە هاوەڵناو دیار خرابێت، ئەگەر مۆرفی بەتاڵ (ناوبەند) وەرنەگیرێت، مۆرفی {ە}ی خستنەسەر دەرناکەوێت، بۆ نموونە:

٢٩) خوێندنگە + ە + نوێ + ەکە ⟵ خوێندنگە$\theta$ نوێیەکە

٣٠) دەبە + ە + گەورە + ەکە ⟵ دەبە$\theta$گەورەکە

هۆکارێکی تری دەرنەکەوتنی مۆرفی خستەسەر نەناسراوییە، ئەگەر ناوە دیارخراوەکە 'وەک ڕێژە و بڕ بەکار هاتبێت و نیشانەی نەناسراوییش لەسەر دیارخراوەکە بێت' (حمد، ٢٠١٤: ١٧١)، مۆرفی خستنەسەر دەرناکەوێت، وەک:

٣١) قاپێک$\theta$ برنج

٣٢) دەبەیەک$\theta$ ئاو

یان ئەگەر دیارخەر هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن بوو، ئەوا لەپێش دیارخراوەوە دێت و مۆرفی خستنەسەریش دەرناکەوێت، وەک:

٣٣) دووەم$\theta$ قوتابی

٣٤) چوارەم$\theta$ ماڵ

### ٢-١-١-٥) ڕەگ:

**٢-١-١-٥) ڕەگ:** گرنگترین کەرەستەی کردارە و کرۆکی واتاکە بەوەوە پێوەستە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەندێک دۆخی تایبەتدا دەرناکەوێت و مۆرفەکەی شاراوە دەبێت، وەک:

1. مۆرفی {ب}ی ڕەگی چاوگی (بوون و هەبوون) لە کاتی ئێستادا (ڕەسول، ٢٠٢٣: ٥٤)، بۆ نموونە:

٣٥) ئەوە کورد$\theta$ە$\varnothing$. ب = $\theta$

٣٦) من کورد$\theta\theta$م. ب= $\theta$، ە= $\theta$

٣٧) پێنووس هە$\theta$یە$\varnothing$. ب= $\theta$

لەم نموونانەدا {ب}ی ڕەگی چاوگ دەرنەکەوتووە و شاراوەیە، چونکە لە تافی تردا دەردەکەوێت، وەک: دەبم بە مامۆستا.

2. مۆرفی {هێ/ێ}ی ڕەگی چاوگی (هاتن) لە کرداری (وەرە)ی ڕێژەی فەرماندا دەرناکەوێت، چونکە شازە و بەپێی یاسای (ب + ڕەگ + ج. لکاو) دروست نەبووە، هەرچەندە لە هەندێک شێوەئاخاوتندا بەپێی ئەم یاسایە دروستی دەکەن و دەریدەبڕن، وەک (بێرە):

٣٨) خاڵۆ، بێرە.

نموونەی شیعری:

٣٩) "بێرە کوردستان عەزیزم، گەر تو سەیرانت دەوێ
بتبەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ" (ئەسیری، ١٣٨٣: ١٠١).

لەم نموونە شیعرییەدا، کرداری (بێرە) بەم شێوەیە دروست بووە:

ب + {ێ}ی ڕەگ + {ر}ی م. بەتاڵ + {ە}ی ج. لکاو = کرداری فەرماندان

ب + ێ + ر + ە ⟵ بێرە.

### ٢-١-١-٦: مۆرفی ڕووکار:

1. **مۆرفی ڕووکاری فەرماندان:** لە ڕێژەی فەرماندا کردار هەیە ناوازەیە و لە یاسا بەدەرە، وەک (وەرە)، لەم کردارەدا جگە لە ڕەگ، مۆرفی {ب}ی فەرماندانیش دەرنەکەوتووە، واتە مۆرفی شاراوەیە، "ئەگەر کارەکە لە ڕووی داڕشتنەوە لێکدراو بوو بە شێوەیێکی گشتی دەشێ (ب) لابرێ" (ئەمین، ٢٠١٦: ٣٤)، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە (٢)**

**شیانی شاراوەیی مۆرفی ڕێژەی فەرماندانی کوردیی ناوەڕاست.**

| ژ. | چاوگی ناسادە | ڕەگ | ڕێژەی فەرماندان | شیانی ڕێژەکە |
|---|---|---|---|---|
| ١. | ڕاکردن | ڕا-کە | ڕابکەن. | ڕا$\theta$کەن. |
| ٢. | چاپکردن | چاپ-کە | چاپ بکەن. | چاپ $\theta$کەن. |
| ٣. | غاردان | غار-دە | غاربدەن. | غار$\theta$دەن. |

جگە لەم هۆکارانە، مۆرفی ڕووکاری فەرماندان لە دۆخی نەرێدا بەهۆی مۆرفیمی نەرێوە دەشاردرێتەوە و دەرناکەوێت، بۆ نموونە:

٤٠) بخۆن. ⟵ مەخۆن. ب= $\theta$

٤١) بکرە. ⟵ مەکرە. ب= $\theta$

٤٢) ڕابکەن. ——→ ڕامەکەن. ب= θ

٤٣) چاپ بکەن. → چاپ مەکەن. ب= θ

2. **مۆرفی ڕووکاری ڕانەبردووی هەواڵی و دانانی:** هەردوو مۆرفی ڕووکاری ڕانەبردووی هەواڵی و دانانی لە کاتی گۆڕینی ئەرێی ڕێژەکان بۆ دۆخی نەرێ، مۆرفەکانیان دەرناکەون و دەبن بە مۆرفی شاراوە، بۆ نموونە:

٤٤) من نان دەخۆم. → من نان ناθخۆم. دە= θ

٤٥) ڕەنگە نان بخۆم. → ڕەنگە نان نەθخۆم. ب= θ

**٢-١-١-٧) مۆرفی نادیاری:**

کاتێک کۆتا پیتی ڕەگی کردار (ر) یان (ڕ)ە و مۆرفی {ر}ی مۆرفیمی نادیاری بەدوادا دێت، "دەشێت یەکێکیان لەنێوبەرێن" (ئەمین، ٢٠٠١: ٧٤)، واتە هەندێک کات بۆ ئاسانی دەربڕین ناوبەند وەرناگرێت و مۆرفی مۆرفیمی نادیاری دەرناکەوێت و دەشاردرێتەوە، بۆ نموونە:

ڕابردوو: ڕەگ + مۆرفیمی نادیاری + مۆرفیمی کات + ج. لکاو

٤٦) بر+ ر+ ا+ ین → برθاین. {ر}ی مۆرفی مۆرفیمی نادیاری = θ م. شاراوەیە.

٤٧) ب+ ر+ ا+∅ → برθا∅. {ر}= θ و ج. لکاو = ∅

٤٨) بڕ+ ر+ ا+∅ → بڕθا∅. {ر}= θ و ج. لکاو = ∅

ڕانەبردوو: دە + ڕەگ + مۆرفیمی نادیاری + مۆرفیمی کات + ج. لکاو

٤٩) دە + بر + ر+ ێ+ ین: دەبرθێین. {ر}ی نادیاری = θ

٥٠) دە+ بر+ ر+ ێ+ ێت: دەبرθێθ. {ر}ی نادیاری = θ و ج. لکاو =θ[8]

٥١) دە+ بڕ+ ر+ ێ+ ێت: دەبڕθێت. {ر}ی نادیاری = θ و ج. لکاو = ت[9]

لەو نموونانەی سەرەوەدا مۆرفی مۆرفیمی نادیاری شاراوەیە و لە هیچیاندا دەرنەکەوتووە، چونکە 'ڕەگی کرداری ڕانەبردوویان نابێتە بناغەی دروستکردنی کرداری بکەرنادیار' (بەرزنجی، ٢٠٠٨: ١٠٤)، ئەم چاوگانە و چەند چاوگێکی دیکە لە ڕێگەی ڕەگی ڕابردووەوە دروست دەبن؛ لەمانەدا ئەگەر بێت و ناوبەند وەربگرین، وەک مۆرفیمی بنکەرێکخەر/ بەتاڵی {د}، مۆرفی مۆرفیمی نادیارییش دەردەکەوێت، چونکە "دەتوانێ ببێتە ناوبڕ لە نێوان دو نەبزوێنی هاوشێوە یان لەیەکچوودا" (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ٢٩٤)، بۆ نموونە:

ڕەگی ڕابردوو + م. بەتاڵ + م. نادیاری + م. کات + م. کەس

٥٢) بر + د + ر + ا + ین ——→ بردراین.

٥٣) بر + د+ ر + ا + ∅ ——→ بردرا∅.

دە + ڕەگی ڕابردوو + م. بەتاڵ + م. نادیاری + م. کات + م. کەس

٥٤) دە + بر + د + ر + ێ + ێت → دەبردرێθ/ دەبردرێت.

**٢-١-١-٨: مۆرفی بانگکردن:**

مۆرفی {ـە} وەک مۆرفیمی بانگکردن بە ناوی گشتیی ڕەگەزی (نێر)ەوە دەلکێت، وەک (کاکە، باوکە، مامە، ... هیی تر)، 'بەڵام ئەگەر ناوێک کۆتاییی بە بزوێنی (ا) هاتبێت، ئەو کاتە نیشانەی {ـە}ی بانگکردنەکە تێ دەچێت' (غریب، ٢٠١٣: ١٣٦)، لە نووسیندا بە خاڵبەندی هەستی پێ دەکرێت، چونکە لەدوای ناوە بانگکراوەکە فاریزە دادەنرێت و لە دەربڕینیشدا بە ئاوازە، وەک:

٥٥) برا + ە = براθ ——→ برا، نانت خوارد؟

**٢-١-٢) مۆرفی شاراوە لە زاری کوردیی سەروودا:**

**٢-١-٢-١) مۆرفی کەس:**

لە کرداری ڕێژەی فەرماندا، هاوشێوەی کوردیی ناوەڕاست، ئەگەر 'ڕەگی کردار کۆتاییی بە یەکێک لە پیتە بزوێنەکان هاتبێت، ئەوا جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی دووەمی تاک دەرناکەوێت' (احمد، ٢٠٢٣: ٩٥)، بۆ نموونە:

ڕووکار (ب) + ڕەگی ڕانەبردوو + ج. لکاوی بکەر بۆ کەسی دووەمی تاک

٥٦) بنڤە. ە: م. کەس

٥٧) بکەθ. θ: م. کەس

٥٨) بخوθ. θ: م. کەس

**٢-١-٢-٢) مۆرفی تاف:**

لەبارەی مۆرفی شاراوە "زێڕین خورشید سەلیم" ئاماژە بە مۆرفیمی تافی ڕانەبردوو دەکات —هەرچەندە ئەو ناوی دەنێ سفر- و دەڵێت: "مۆرفیما دەمێ (ئێستا) (ە)یە نەکو (دە)یە و مۆرفیما دەمێ دهێت (داهاتو) (ێ)یە نەک (دێ)یە" (سەلیم، ٢٠١٢: ٢٠)، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە بزوێن لە سەرەتاوە ناهێت و دەنگی /د/ بۆ ڕێکخستنی هەوای کۆئەندامی ئاخاوتن دێت، ئەگەر لە "د∅خوم ←∅: م. دەمێ نوکە بویە سفر (∅)" (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠)دا دەنگی /ە/ دەرنەکەوتبێت، دەبێتە مۆرفی شاراوە/ ڤەشارتی، نەوەک سفر.

مۆرفی تافی ئێستا و داهاتوو، بەهۆی گۆڕینی دۆخی ڕستەوە، لە ئەرێوە بۆ نەرێ دەشاردرێنەوە و مۆرفی نەرێ شوێنیان دەگرێت، وەک:

٥٩) دخوم. ——→ ناθخوم. د= θ

٦٠) دێخوم. ——→ ناθخوم. دێ= θ

**٢-١-٢-٣) پێشگری {هە}:** لە کوردیی سەروودا تەنیا لە دۆخی نەرێدا دەشاردرێتەوە، وەک:

٦١) تە پارە هەنە؟ ——→ تە پارە نیθنە؟

**٢-١-٢-٤) ئامراز:** لە زاری کوردیی سەروودا، دەشێت هەندێک لەو ئامرازانەی ئەرکی ڕێزمانی دەبینن، لە ڕستە-ئاستی ڕووکەشدا دەرنەکەون، بەڵام هەست بە بوونی مۆرفیمەکانیان دەکرێت، چونکە بەشێکن لە پێکهاتەی ڕستەکە، وەک:

**٢-١-٢-٤-١) ئامرازی پێوەندی:**

ئامرازی پێوەندی لە فرێزی بەندا، دەشێت لا ببردرێت و دەرنەکەوێت، واتە ببێتە مۆرفی شاراوە و "د ڕستێدا ئەم هەست ب بوونا فۆڕمێ فیزیکیێ وان ناکەین د ئاستێ سەریدا. وەکێ:

٦٢) ئەو ل زانکۆیێ بوو. ئەو زانکۆیێ بوو." (ڕەجەب، ٢٠٠٦: ٢١).

### ٢-١-٢-٤-٢) ئامراز (مۆرف)ی دۆخی ڕەگەز:

دۆخی نێرومێ لە زاری کوردیی سەروودا مۆرفی تایبەتی هەیە و هەردوو ڕەگەزەکەی پێ جیا دەکرێتەوە، وەک مۆرفی {ێ} بۆ ڕەگەزی (مێ) و مۆرفی {ی} بۆ ڕەگەزی (نێر)، ئەم مۆرفانە دەچنە سەر ناو، بە واتایەکی تر, جەخت لە ڕەگەزی ناوی کەسەکان دەکەنەوە و گوێگر دەزانێت ئەو ناوەی کە باسی لێوە دەکرێت، نێرە یان مێ، ئەوەی لێرەدا گرنگە، بە هۆکاری فۆنۆلۆژی هەندێک کات مۆرفی دۆخی ڕەگەزی مێ دەرناکەوێت، وەک:

٦٣) نەسرین + ێ ← نەسرینێ (نەسرینێ نان خار).

٦٤) نازێ + ێ ← نازێθ (وی پارە دا نازێ).

٦٥) ئەحمەد + ی ← ئەحمەدی (ئەحمەدی نان خار).

٦٦) حەجی + ی ← حەجیی (حەجیی نان خار).

لەم نموونانەی سەرەوەدا، مۆرفی دۆخ لە ڕستەی (وی پارە دا نازێ)دا شاراوەیە و دەرنەکەوتووە.

### ٢-١-٢-٤-٣) ئامراز (مۆرف)ی {ێ}ی نسبی:

مۆرفی {ێ}ی نسبی، مۆرفی دۆخی ڕێزمانییە، دەچێتە سەر ناوی شوێن و بە کۆتاییی ناوەکەوە دەلکێت، وەک:

٦٧) هەڤلێر← هەڤلێرێ (ئەز دچمە هەڤلێرێ)

٦٨) دهۆک ← دهۆکێ (ئەز دچمە دهۆکێ).

هەموو کات دەردەکەوێت، تەنیا ئەگەر کۆتا پیتی دەنگی /ێ/ بێت، دەرناکەوێت، وەک:

٦٩) ئاکرێ ← ئاکرێθ (ئەز دچمە ئاکرێθ).

**٢-١-٢-٥) ڕەگ:** گرنگترین کەرەستەی کردار و ڕستەیە و هەموو کەرەستەکانی تر بەهۆی ئەم کەرەستەیەوە زیاد دەکرێن، واتە کەرەستەی بەدەسەڵاتی ڕستەیە، بەڵام لە هەندێک دۆخدا دەرناکەوێت، وەک:

1. 'لگەل کارێن بێهێز بڤی ڕەنگییە:

٧٠) ئەو قوتابیθیە' (عەبوزید، ٢٠١٢: ٥٦)، لێرەدا {ب}ی ڕەگی ڕانەبردووی چاوگی بوون شاراوەیە و دەرنەکەوتووە.

2. مۆرفی {هێ/ێ}ی ڕەگی چاوگی (هاتن) لە کرداری ڕێژەی فەرماندانی گۆڤەری بادینیی کوردیی سەرووشدا دەرناکەوێت، چونکە لەوێش شازە و بەپێی یاسای (ب + ڕەگ + ج. لکاو) دروست نەبووە، کرداری فەرماندانی پێچەوانەی (وەرە) کە (هەڕە)یە، بە هەمان شێوە بەپێی یاسا نییە و لە کوردیی سەروودا چاوگی (ڕۆیشتن) بەکار ناهێت و تەنیا چاوگی (چوون)ە، واتە کرداری فەرماندانی (هەڕە) لە چاوگی (چوون)ەوە دروست بووە و ڕەگی کردارەکەی {چ}ە، بەڵام لە دۆخی فەرماندانا شاراوەیە.

### ٢-١-٢-٦) مۆرفی ڕووکار:

1. **مۆرفی ڕووکاری فەرماندان:** لە ڕێژەی فەرماندانی کوردیی سەرووشدا کردارمان هەیە ناوازەیە و لە یاسا بەدەرە، وەک (وەرە، هەڕە)، لەم کردارانەدا جگە لە ڕەگ، مۆرفی {ب}ی فەرماندانیش دەرنەکەوتوونە، واتە مۆرفی شاراوەن، لە هەندێک کرداری داڕێژراو 'ببێژە ←θبێژە،ببەڤە ← θبەڤە' (سەعید هالو، ٢٠٠٧: ٦٠) و کرداری لێکدراو[١٠]یشدا ئاساییە بشاردرێنەوە، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە (٣)**

**شیانی شاراوەیی مۆرفی ڕێژەی فەرماندانی کوردیی سەروو.**

| ژ. | چاوگی ناسادە | ڕەگ | ڕێژەی فەرماندان | شیانی ڕێژەکە |
|---|---|---|---|---|
| ١. | پێڤەدان | پێڤە-دە | پێڤە بدەن | پێڤە θدەن |
| ٢. | سەرکەفتن | سەر-کەڤ | سەر بکەڤە | سەر θکەڤە |

جگە لەم هۆکارانە، مۆرفی ڕووکاری فەرماندان لە دۆخی نەرێدا، بەهۆی مۆرفیمی نەرێوە دەشاردرێتەوە و دەرناکەوێت، بۆ نموونە:

٧١) بخون. ← نەخون. ب=θ

٧٢) بکڕە. ← نەکڕە. ب=θ

1. **مۆرفی ڕووکاری ڕانەبردووی هەواڵی و دانانی:** هەردوو مۆرفی ڕووکاری ڕانەبردووی هەواڵی و دانانی لە کوردیی سەرووشدا لە کاتی گۆڕینی ئەرێی ڕێژەکان بۆ دۆخی نەرێ، مۆرفەکانیان دەرناکەون و دەبن بە مۆرفی شاراوە، بۆ نموونە:

٧٣) ئەز نانی دخوم. ← ئەز نانی ناθخوم. د= θ

٧٤) بلا ئەو بچیت. ← بلا ئەو نەθچیت. ب= θ

### ٢-٢) مۆرفی سفر لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا:

ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیم کۆمەڵێک مۆرفن و 'لە هەر پۆلێکدا (کراوە بێت، یان داخراو) تەنیا یەک ئەندامی ئەو پۆلە بۆی هەیە ببێتە سفر، ئەمەیش بۆ ئەوەیە، لێڵواتایی یان تێنەگەیشتن دروست نەبێت' (ڕەسول، ٢٠٢٣: ٤٩)، بە واتایەکی تر 'لە پرۆسەی دروستکردن، ئەو جۆرە مۆرفە (input) و (output)ی وەک یەکن و هیچ گۆڕانکارییان تێدا دروست نابێت' (ناوخۆش، ٢٠١٨: ٣٥)، واتە "مۆرفیمەکە لە مێشکدا هەیە، بەڵام وەکو مۆرف دەرکەوتنی نابێ" (قادر، ٢٠٠٩: ٣٩)، چونکە "مۆڕفا سفر چ شێوە نینن وەکو فۆنیم بەرامبەری ئەوێ د زمانیدا بهێنە ڤیسین هەروەسا د شیانژیدا نینە ژ لایێ ئاخفتنکەرێن زمانیڤە بهێتە زارکرن" (عومەر و ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٧)، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای جیاوازیی نێوان مۆرفی سفر و شاراوە بین، لە خوارەوە نموونەی "مۆرفی سفر" بۆ هەریەک لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا دەهێنینەوە:

### ٢-٢-١) مۆرفی سفر لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا:

**٢-٢-١-١) مۆرفی کەس:** جێناوی لکاو لەگەڵ کرداری ڕابردووی تێنەپەڕدا، "لە دەستەی (م-ین، یت-ن، ∅-ن)دا، کەسی سێیەمی تاک دەبێتە مۆرفی سفر (∅) و دەرناکەوێت' (حەمەئەمین و ڕەشید، ٢٠١٥: ٣٣)، بۆ نموونە:

٧٥) من هاتم.

٧٦) ئەو هات∅.

لێرەدا مۆرفی سفر جێنشینی کەسە و ئاماژە بە کەسی سێیەم دەکات، بەڵام لە ڕستە و دەقی ئاساییدا نانووسرێت، تەنیا لە شیکاری ڕێزمانیدا نەبێت، بەپێی ئاماژەدانی دەنووسرێت.

**٢-٢-١-٢) مۆرفی دژ/ پێچەوانە:** ئەلۆمۆرفەکانی نەرێ کاتێک لەگەڵ کردارەکاندا دێن، سیفەتی شاردنەوەی مۆرفی تری ڕێزمانییان هەیە و دەکرێت لە هەندێک دەرکەوتنیاندا مۆرفەکان بشارنەوە، یان ئەوەتا بەیەکەوە دێن، بۆ نموونە: (دەخۆم-ناخۆم) یان (دەمخوارد-نەمدەخوارد)، بەڵام کە لەگەڵ بەشەئاخاوتنی تردا دێن، دەکرێت دژ بە مۆرفی سفری ئەرێدا بوەستن، وەک:

٧٧) "∅ساغ × ناساغ /∅/ × /نا/

٧٨) ∅خۆش × ناخۆش /∅/ × /نا/

٧٩) ∅پاک × ناپاک /∅/ × /نا/

لێرەدا مۆرفیمی (سفر) لەگەڵ (نا) دژی یەکتر وەستاون و وشەی دژیان دروست کردووە" (طاهر و حمد، ٢٠١٥: ٢٧)، ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێک وشەکانی (بەهێز، بەنرخ، بەتام، ... هتد) بەرانبەر (بێهێز، بێنرخ، بێتام، ... هتد) دژ دەوەستن، واتە مۆرفی {بێ} بەرانبەر مۆرفی {بە} لە ئەرێوە دەیکاتە نەرێ و دژ دەوەستن، کەچی لە (ساغ × ناساغ)دا مۆرفی {نا} بەرانبەر هیچ مۆرفێکی ئەرێ نەوەستاوە و مۆرفی ئەرێ سفرە، چونکە لە بنەڕەتدا هیچ مۆرفێکی نییە و خۆی ئەرێیە.

**٢-٢-١-٣) مۆرفی تاف:**

1. **مۆرفی {ە}ی مۆرفیمی تافی ئێستا:** ئەم مۆرفی تافە ڕۆڵی زۆرە و لەگەڵ ماوەکانی ڕێژەی کرداریشدا دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕەگی ڕانەبردوودا زۆربەی کات سفرە، چونکە زۆربەی ڕەگەکان لە بنەڕەتدا مۆرفی تافی ڕانەبردوویان تێدا نییە، مەگەر ڕەگەکە خۆی هەبێت، وەکوو چاوگەکانی (بوون، هەبوون)، بۆیە لەگەڵ کرداری ڕانەبردوودا زۆربەی کات سفرە، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبردوو | مۆرفی کاتی ئێستا |
|---|---|---|
| ٨٠) بوون | ب | ە |
| ٨١) هەبوون | هە-ب | ە |
| ٨٢) بڕین | بڕ | ∅ |
| ٨٣) کوشتن | کوژ | ∅ |

2. **مۆرفی {ێ}ی مۆرفیمی تافی داهاتوو:** ئەو مۆرفەیە ساتی ڕوودانی دوای ئاخاوتن دیاری دەکات، بەشێک لە زمانەوانان ئاماژە بە مۆرفی {ێ} دەکەن و پێیان وایە ئەم مۆرفە کاتی داهاتووی بکەردیار دیاری دەکات، هەرچەندە لە بکەردیاردا هەموو کات دەرناکەوێت، تەنیا لەگەڵ چەند کردارێکدا نەبێت، ئەگەرنا لە کردارەکانی تردا مۆرفی کاتی داهاتوو سفرە، چونکە لە بنەڕەتدا کردارەکە ئەم مۆرفەی نییە، تاکوو بە مۆرفی شاراوە دابنرێت، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبردوو | مۆرفی کاتی داهاتوو |
|---|---|---|
| ٨٤) گریان | گرێ | ێ |
| ٨٥) خوران | خورێ | ێ |
| ٨٦) هێنان | هێن | ∅ |
| ٨٧) بڕین | بڕ | ∅ |

یان لە ڕستەکانی '(جوتیارەکە زەوییەکە دەکێڵێت) و (منداڵەکە دەخەوێت)دا مۆرفی کات سفر (∅)ە' (محمد و قادر، ٢٠١٠: ١٢٣).

**٢-٢-١-٤) ئەسپێکت:** هەموو ئەسپێکتێک ڕووکاری کردارەکەی دەخاتەڕوو، تەنیا کرداری ڕابردووی نزیک، ئەسپێکتەکەی "لە شێوەی سفردا دەبێت و هیچ فۆرمێکی ڕێزمانی بۆ نواندنی نییە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

٨٨) کرد + د+ ∅ + م ⟵ کردم

٨٩) کەو + ت + ∅ + ین ⟵ کەوتین" (احمد، ٢٠٢٣: ٤٩).

بەم پێیە یاسای دروستبوونی ڕابردووی نزیکی هەواڵی بەم شێوەیەیە:

'ڕەگ + م. تافی ڕابردوو + ئەسپێکت (∅) + ج. ڕێککەوتن' (سەرچاوەی پێشوو: ٤٩).

**٢-٢-٢) مۆرفی سفر لە زاری کوردیی سەروودا:**

**٢-٢-٢-١) مۆرفی کەس:** لە کوردیی سەروودا ئەم دەستە جێناوی کەسیی لکاوە چالاکە و پێی دەڵێن: جێناوی ڕێککەوتن، وەک (م-ین، ی-ن، (ە، ∅، یت، ت)-ن)، لەگەڵ کردارەکان و دەستە جێناوی کەسیی سەربەخۆی (ئەز-ئەم)دا بەکار دێن (عەبدولرەحمان، ٢٠١١: ٥)، واتە یەکێک لە ئەلۆمۆرفەکانی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک سفرە، بۆ نموونە:

٩٠) ئەز هاتم.

٩١) ئەو هات∅.

**٢-٢-٢-٢) مۆرفی تاف:** یەکێک لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی تافی ڕابردوو سفرە، واتە لە هیچ بارودۆخێکدا فۆڕمی نییە، لەو چاوگانەدا دەردەکەوێت، کە فۆنیمی پێش نوونی چاوگیان /ر/ە، وەک: "بر (ڕەگ) + م. سفر (م. تافێ بوری) ⟵ بر(م. سفر)" (طاهر، ٢٠١٣: ٤٣)، (موسا، ٢٠١٤: ٢٦٢)، بۆ نموونە:

٩٢) تە ئەز بر∅م. م. تافی ڕابردوو

"هەژی ئاماژە کرنێیە بێژین، کو د (د. ژ)دا هندەک چاوگ هەنە، وەک (کرن، مرن، برن، خوارن، ...)، کو مۆرفیما ڕابردو تێدا دبیتە (∅) نەکو (ر) ژبەرکو ئەڤ (ر)ە د (د. ن)ژیدا هەیە. هەر وەکو د ڤان نموناندا: (کرن، مرن، خوارن) د (د. ژ)دا ، (کردن، مردن، خواردن، د (د. ن)دا" (اسلام، ٢٠١٥: ٩٣)، بەپێی ئەمە مۆرفی تافی ڕابردوو دەبێتە سفر، دەکرێت دوو مۆرفی سفر بەیەکەوە بێن، بۆ نموونە:

٩٣) من ئەو بر∅∅. م. تافی ڕابردوو

لەم ڕستەیەدا دوو مۆرفی سفر بەدوای یەکدا هاتوون، یەکەمیان مۆرفی مۆرفیمی تافی ڕابردووە و دووەمیان مۆرفی مۆرفیمی جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک، وەک ئاماژەیان پێ دراوە، ئەم ئەلۆمۆرفانە لە هیچ بارودۆخێکدا فۆڕمیان نییە و هەردەم (م. سفر)ن.

**٢-٢-٢-٣) مۆرفی دژ/ پێچەوانە:** ئەلۆمۆرفەکانی نەرێ جگە لە بەشەئاخاوتنی کردار[11] کە لەگەڵ بەشەئاخاوتنی تردا دێن، دەکرێت دژ بە مۆرفی سفری ئەرێ بوەستن، وەک:

٩٤) 'θخوش × نەخوش

٩٥) θباش × نەباش

٩٦) θمێر × نەمێر' (مونیب، ٢٠٢٢: ٣٤).

**٢-٢-٢-٤) ئەسپێکت:** کرداری ڕابردووی نزیکی هەواڵی لە کوردیی سەرووشدا بەپێی ئەسپێکت نزیکیەتیی ڕووکاری کردارەکەی دەخاتەڕوو، واتە لەم زارەشدا مۆرفی ئەسپێکتی ڕابردووی نزیک سفرە، وەک:

٩٧) کڕی∅ ئەحمەدی نان کڕی∅.

٩٨) خاند∅ نەسرینێ وانە خاند∅.

## ئەنجام

1. مۆرفی سفر و شاراوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و لە یەکتر جیان، جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە: مۆرفی سفر لە بنەڕەتدا هیچ فۆڕمێکی نییە و لە هیچ بارودۆخێکدا دەرناکەوێت، بەڵام مۆرفی شاراوە خاوەن فۆرمە و بە هۆکاری ڕێزمانی فۆڕمەکەی دەرناکەوێت و دەشاردرێتەوە، بۆ نموونە لە ڕستەی (تنۆک جوانە.)دا، {ب}ی ڕەگی ڕانەبردوو = θ (م. شاراوە)یە و جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک = ∅ (م. سفر)ە.
2. بەپێی جیاوازیی ئەم دوو مۆرفە، دەردەکەوێت هەموو ئەو مۆرفانەی بە سفر دانراون، مۆرفی سفر نین، بەڵکوو بەشێکیان مۆرفی شاراوەن و وەک مۆرفی سفر ناسێنراون.
3. هەندێک کات بە مەبەست مۆرفی دەرکەوتوو دەکرێتە دەرنەکەوتوو، بەڵام مۆرفی سفر شیانی ئەوەی نییە.

## پەراوێزەکان

1. بڕوانە: (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٩٠).
2. بۆ ئەوەی بەوردی جیاوازی لەنێوان مۆرفی سفر و شاراوەدا بکەین، بەباشمان زانی هێمایەکی تایبەت بۆ مۆرفی شاراوە دابنێین، تاکوو لێڵیی نێوان مۆرفی سفر و شاراوە نەمێنێت، چونکە هەندێک کات هەردوو مۆرفەکە بەیەکەوە دێن، بۆ نموونە: (ئەو θ زانکۆیێ بوو∅.) لەم نموونەیەدا (ل: م. ڤەشارتی)یە و (∅: م. سفر)ە.
3. ئاستی مۆرفۆلۆژی.
4. "عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ" لە کتێبی (وشەسازیی کوردی)دا پۆلێنی مۆرفیمەکانی کردووە "لە ڕوی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەوە، مۆرفیمەکان دەبنە: سێ جۆر: دەرکەوتو، دەرنەکەوتو و نیمچەدەرکەوتو" (ڕەسول، ٢٠٢٣: ٤٧)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، بە هیچ ناونیشانێک ئاماژەی بە مۆرفی ئاوێتە/ گۆڕاو و مۆرفی ناتەواو نەداوە، هەروەها بە مۆرفی ئەو مۆرفیمانەی کە هەندێک جار دەرناکەون، دەڵێت مۆرفیمی سفر، لە کاتێکدا ئەو مۆرفیمانە مۆرف-نەک مۆرفیم-یان نابێتە سفر، بەڵکوو تەنیا هەندێک کات دەرناکەون و دەبنە شاراوە/ ڤەشارتی.
5. بۆ درێژەی مۆرفەکانی (شاراوە و سفر) بگەڕێوە (**١-٢**) مەرج و تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم، خاڵی (٤) شێوەی فیزیکی).
6. بڕوانە: (موسا، ٢٠٠٠: ٧٣؛ سەلیم، ٢٠١٢: ٣٣).
7. بۆ هۆیەکانی دەرنەکەوتنی بگەڕێوە (**١-٤-٢**) مۆرفی دەرنەکەوتوو (شاراوە/ ڤەشارتی))، یان بڕوانە (ئەمین، ٢٠١١: ٣٢).
8. بڕوانە: **١-٤-٢**) مۆرفی دەرنەکەوتوو (شاراوە/ ڤەشارتی).
9. بڕوانە: **١-٤-١-٣**) مۆرفی ئاوێتە/ گۆڕاو.
10. بۆ دۆخی لێکدراو، بڕوانە: **٢-١-١-٦**) خاڵی یەک مۆرفی ڕووکاری فەرماندان.
11. بڕوانە: **٢-٢-١-٢**) مۆرفی دژ/ پێچەوانە لە زاری کوردی ناوەڕاستدا.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە بە زمانی کوردی:

#### کتێب

ئەسیری (١٣٨٣) "ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی"، لێکۆڵینەوەی عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، بلاوکردنەوەی سامرند، پیرانشار.

ئەمین، وریا عومەر (٢٠١١) "پێتۆکەکانی زمانەوانی"، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

ئەمین، وریا عومەر (٢٠١٦) "ڕێزمانی کاری زمانی کوردی"، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول (٢٠٠٨) "نادیاری"، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

حاجی مارف، ئەورەحمانی (٢٠١٤) "وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا"، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

ڕەسول، عەبدوڵلا حوسێن (٢٠٢٣) "وشەسازیی کوردی"، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ڕەسووڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٥) "چەند باسێکی وردی زمانەوانی –کوردی"، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

سەلیم، زێڕین خورشید (٢٠١٢) "ئەلۆمۆڕف د زمانێ کوردیدا"، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا خانی، دهۆک.

عبدالله، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧) "فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی"، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

عەبدال، عەبدوڵڵا (٢٠٢١) "ڕاستنوسی و هۆکارەکانی چۆنێتیی نوسین"، چاپی یەکەم، چاپی سەنتەری لاس، کۆیە.

عەبوزید، سانیا جەبار (٢٠١٢) "ئەسپێکتێن کاری دکوردیا سەریدا"، چاپا ئێکێ، چاپخانا خانی، دهوک.

عەلی، تالیب حوسێن (٢٠١٥) "دەنگسازی ... چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی"، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

فەتاح، محەممەد مەعروف و قادر، سەباح رەشید (٢٠٠٦) "چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی"، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

مونیب، ئاراز (٢٠٢٢) "مۆرفۆلۆجی – بەراوردییەک دناڤبەرا مۆرفیمێن ڕێزمانییێن کاری د (کرمانجییا باکورا ستاندەر) و (دەڤۆکا دهوک)ێدا"، چاپا ئێکێ، چاپا پەرگەها ئارام، دهوک.

ناوخۆش، سەلام (٢٠١٨) "لە بارەی مۆرفۆلۆژی و سێنتاکس و مۆرفۆسێنتاکس"، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

هاشمی، دیاکۆ (٢٠٢١) "پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی"، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ٤٩ کتێب، سوید.


## نامە و تێز:


احمد، هەڵدێر بهاءالدین (٢٠٢٣) "ئەسپێکت لە کرمانجیی ناوەڕاست و سەروودا"، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

اسلام، نفل صالح (٢٠١٥) "پەیوەندی دناڤبەرا دەنگسازی و واتایێدا"، ناما ماستەرێ، فاکۆڵتییا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا زاخۆ، زاخۆ.

بابان، شێرکۆ (٢٠١٥) "ڕێزمانی بوون و هەبوون لە شرۆڤەکاری زانستیدا"، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

بابکر، صالح عبدالله (٢٠١٦) "ڕێبازی مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی لە شیکردنەوەی گیرەکەکانی زمانی کوردیدا"، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردەی قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین، قەڵادزێ.

حمد، شیروان حسێن (٢٠١٤) "توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا)"، تێزی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

حەمید، هێرش کەریم (٢٠١٥) "بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لە زمانی کوردی و فارسیدا"، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

حەمەدئەمین، شنۆ عەولا (٢٠١٤) "فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا"، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

ڕەجەب، سلێمان ئیسماعیل (٢٠٠٦) "مۆرفیمێن ڕێزمانییێن کوردییا سەری ((گوڤەرا بادینان))"، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

صادق، سیدەوان عەبدولا (٢٠٢٣) "مۆڕفۆپڕاگماتیکی گیرەکە وشەداڕێژەکان لە زمانی کوردیدا"، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

سەعید هالو، دیار عەبدولکەریم (٢٠٠٧) "یاسایێن دەنگی د کوردیا ژوریدا"، ناما ماستەرێ، کۆلێژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ، دهۆک.

طاهر، دلمان قطاس (٢٠١٣) "مۆڕفۆفۆنیم د زمانێ کوردیدا"، ناما ماستەرێ، فاکولتیا زانستێن مروڤایەتی، سکولا ئادابێ، زانکۆیا دهوکێ.

عەبدولرەحمان، نێزار سلێمان (٢٠١١) "جهناڤ ژ لایێ نیشانکارانڤە (گوڤەرا بەهدینی وەک نموونە)"، ناما ماستەرێ، کولیژا ئادابێ، زانکویا دهوک.

قادر، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٢) "مۆرفیمە بەندە لێکسیکیو ڕێزمانییەکانو ئەرکیان لەدیالێکتی گۆراندا"، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣) "بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان"، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

محمود، سمیە علی (٢٠٢٣) "ڕێگاکانی دەربڕینی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا"، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

موسا، عەبدولوەهاب خالد (٢٠٠٠) "ڕێزمانی (بون و هە بون) لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.


## گۆڤار:


ئەمین، سەروەت محەمەد (٢٠٠١) "پێداچوونەوەیەکی نوێ بە یاسای (کردار)و (کات) ەکانی زمانی کوردییدا"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی B، ژمارە ٨.

امین، وریا عمر (١٩٨٢) "ووشە"، نووسەری کورد (گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد)، خولی دووەم، ژمارە ٩.

حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز و ڕەشید، سەلام ڕەحیم (٢٠١٥) "ڕێزمانی جێناو لە کرمانجیی ناوەڕاستدا"، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٧.

صابر، شادان شکور و عەبدولا، ڕۆژان نوری (٢٠٢٣) "بنەماکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا"، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢.

طاهر، شهاب طیب و حمد، شیروان حسین (٢٠١٥) "مۆرفێمی بەندو دیاردە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا"، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٧.

عەول، محەمەد عومەر (٢٠١٠) "دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە – لە کرمانجیی خوارووداـ"، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە ٣.

عومەر، دیمەن عەبدوڵلا و ئەحمەد، بائیز عومەر (٢٠٢٢) "مۆڕفا سفر د زمانێ کوردیدا"، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، پەڕبەندا ١٠، ژمارە ١.

غریب، دڵشاد محەممەد (٢٠١٣) "مۆرفێمەکانی (ـا) لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا"، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ١.

قادر، صباح رشید (٢٠٠٩) "تیۆری مۆرفیم و هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجیی کوردی"، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە ٤٢.

لیژنەی کۆڕی زانیاری (١٩٧٥) "ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی ((زمان و زانستەکانی)) بەشەکانی ئاخاوتن"، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم.

محمد، فەرەیدون عبدول و قادر، ابوبکر عمر (٢٠١٠) "کەرەسە مۆرفۆ سینتاکسییەکان لە کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژووروودا"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٢٧، سلێمانی.


## سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:


Yule, G. (2010). "*The Study of Language*". 4th ed. Cambridge: Cambridge University Press.

Katamba, F. (1993). "*Morphology*". London: Macmillan Press.

Fromkin, V., Rodman, R. and Hyams, N. (2018). "*An Introduction to Language*". 11th ed. Boston: Cengage Learning.

Stageberg, N.C. (1981). " *An Introductory English Grammar*. New York: Rinehart and Winston.

# هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق (1979-1991)

ئەژی ئازاد ابوبکر[1]، ژیلوان لطیف یارأحمد[2]

[1] ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی ژمێریاری، کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** تایبەتمەندیی بەشێك لە شۆڕشە ئایدۆلۆژییەکانی سەدەی بیستەم، ویستی هەناردەکردنی ئامانج و دروشمەکانی لە لایەن شۆڕشگێڕەکانەوە بووە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە بزاڤەکانیان دەتوانن ببنە نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ گەل و وڵاتانی دیکەی جیهان. شۆڕشی 1979ی ئێران، پاش جێگربوون و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن ئیسلامییەکانەوە، بە ناوەڕۆکێکی ئیسلامیی-شیعییەوە لەم تایبەتمەندییە بێ بەش نەبووە و خەونی بەشێکی زۆری لە شۆڕشگێڕانی سەرەتای شۆڕش، هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و پشتیوانی گەلانی ستەملێکراو و بزاڤە ئازادیخوازەکان بووە. بۆ ئەم مەبەستە، وڵاتی عێراق بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی هەرێمی، بە هۆی پاڵنەرە جیاوازە سیاسی و ئایینییەکانەوە، لەبارترین بژاردە بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بوو. لەم ڕووەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە خەسڵەت و ڕەهەندە سەرەکییەکانی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش لە دیدی و خولیای ئایەتوڵڵا خومەینی وەك ڕابەری شۆڕشی 1979 بکۆڵێتەوە و لێکدانەوە بۆ دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی لە سیاسەتی دەرەوە و بەتایبەتی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق (1980-1988) بکات. مێتۆدی توێژینەوەکە مێژوویی و وەسفی-شیکارییە و سەرچاوە سەرەکییەکانی، وتار و لێدوانی دەسەڵاتدارانە لە ماوەی توێژینەوەکەدا.

**کلیلە ووشەکان:** هەناردەکردنی شۆڕش، شۆڕشی 1979، ئایەتوڵڵا خومەینی، جەنگی هەشت ساڵە، ئێران، عێراق.

## پێشەکی:

بە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩-ی ئێران (ئێران کە لە ئەدەبیاتی فەرمی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" پێناسە کرا) و دەرکەوتنی ئایەتوڵڵا خومەینی وەک ڕابەری شۆڕش، یەکێک لەو بابەتانەی لە سەرەتاوە وەک دەرهاویشتەی شۆڕش و خەونێکی شۆڕشگێڕان باسی لێوە دەکرا، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ جیهان و هاوشان لەگەڵیدا، خەبات دژ بە ستەمکاران لە پێناو مافی موسڵمانان و گەلانی چەوساوە بوو. ئەگەرچی لە یەك ساڵی سەرەتادا ئاراستەیەك لە هەوڵی خۆبەدوورگرتن لە هەر جۆرە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و چوونە نێو جەنگ و کێشمەکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بوون، بەڵام زۆری نەخایاند ئاراستەی باڵادەست، کە خۆی لە شۆڕشگێڕە ڕادیکاڵەکان دەبینییەوە، سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی وڵاتیان گرتە دەست. ئەم ئاراستەیە کە سەرسامی دەسکەوتەکانی شۆڕش لە کۆتاییپێهێنان بە دەسەڵاتێکی چل ساڵەی پشتیوانیکراو لە لایەن ڕۆژئاوا و ئەمریکا بوون، پێیان وابوو، شۆڕشەکەیان وەك شۆڕشێکی دژە ستەم و زۆرداریی دەتوانێت ببێتە نموونە و هاندانێك بۆ خەباتی گەلانی دیکەی چەوساوە.

لە نێو وڵاتانی هەرێمیدا، هیچ وڵاتێك هێندەی عێراق زەمینەی بۆ وەرگرتنی شۆڕشی ئێران لەبار نەبوو؛ پێشینە و مێژوویەکی دوورودرێژی هاوبەشی نێوانیان، بوونی زۆرینەیەکی دانیشتوانی شیعە، کە شۆڕشگێران پێیان وابوو نموونەی گەلێکی ستەملێکراون و بە دەست دەسەڵاتێکی ستەمکاری کویلەی زلهێزەکانن، وێڕای بوونی بەشێك لە گەورەترین مەراجع و پیاوانیی ئایینیی ناسراوی شیعە و پێشینەی پەیوەندییەکانی نێوان زانایانی هەردوو وڵات، مەزارگە پیرۆزەکانی ئالوبەیت و ئیمامانی شیعە، سەرباری ململانێ سیاسی و مێژووییە درێژخایەنەکان، هەلومەرجێکی هێنایە کایەوە، کە ئامانجی سەرەکی هەناردەکردنی شۆڕش، عێراق بێت. هەناردەکردنی شۆڕش ئەگەرچی زیاتر لە ئاستی دروشمدا خۆی پێشان دا، بەڵام بە هۆی پاشخانە سیاسییە پڕ لە کێشەکانی هەر دوو وڵات، زەمینەی بۆ قووڵبوونەوەی کێشەکانی ڕەخساند.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:** پرسیاری سەرەکی بریتییە لەوەی کە ڕەهەندەکانی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی 1979ی ئێران و ئامانجەکانی چی بوو؟ پرسیارە لاوەکییەکان: تایبەتمەندییەکانی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش چی بوون؟ ئایا ئەم گوتارە ڕۆڵی لە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (15)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp85-99
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 16 شباط 2025؛ قُبل في 17 آذار 2025؛ نُشرت في 13 تموز 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: zhilwan.yarahmed@spu.edu.iq, azee.abobaker@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 ئەژی ئازاد ابوبکر، ژیلوان لطیف یارأحمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

هەڵگیرساندنی جەنگی ئێران و عێراقدا هەبوو؟ دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم گوتارە چی بوون؟

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی توێژینەوەکە، مێژوویی و (وەسفی-شیکاری)یە، بە سوودوەرگرتن لە وتاری کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی ماوەی توێژینەوەکە، هەروەها سەرچاوەکانی دیکەی کتێبخانە.

**ئامانجی توێژینەوە:** دەستنیشانکردنی گرنگترین بنەماکانی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم گوتارە لە ئاستی دەرەوەدا بە تایبەتی لەسەر وڵاتی عێراق.

**سنووری توێژینەوە:** ماوەی نێوانی ساڵانی 1979-1991 دەگرێتەوە، واتا سەرکەوتنی شۆڕشی 1979 لە ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران تاکو ساڵی 1991 کە دوو ساڵ بەسەر کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران-عێراق دەگرێتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە و هەر بەشێکیش بەسەر چەند تەوەرێك دابەش بووە. لە بەشی یەکەمدا، هەوڵ دراوە نموونەی چەمکی هەناردەکردنی شۆڕش لە وڵاتانی دیکە بهێنرێتەوە و دواتر چەمکی هەناردەکردنی شۆڕش لە دیدی ئایەتوڵڵا خومەینی (1902-1989) شی بکرێتەوە و پێگەی لە دەستووری ئێراندا باس بکرێت. لە بەشی دووەمدا، دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی هەناردەکردنی شۆڕش بەتایبەتی کاریگەریی لە سیاسەتی دەرەوە و جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم
## هەناردەکردنی شۆڕش پێشینە و چەمکناسی

### 1-1 پێشینەی مێژوویی چەمکی هەناردەکردنی شۆڕش

شۆڕش وەك نەریتێکی سیاسیی و مۆدێلێك بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، ئەگەرچی ڕێبازێکی چوونیەك و چەسپاوی نییە، بەڵام لە بنەڕەتدا بەهۆی چەند تایبەتمەندییەکی وەك: خێرایی لە جڵەوکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازیی، داڕشتنەوەی چوارچێوەیەکی نوێ و جیاواز لە سیستمە سیاسییەکانی ڕابردوو، هەروەها بەدیهێنانی گۆڕانێکی هەستپێکراو لە ژێرخانی سیاسی و ئابووریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، دەبێتە ڕێبازێکی سەرنجڕاکێش، بەجۆرێك جێگرتنەوەو چەسپاندنی بەشێك لە بنەماکانی و شۆڕشانە کاریگەرییەکی فراوانی لەنێو ژینگەی سیاسیی وڵاتان و لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی جێهێشتووە، بە تایبەت کە بەشێکیان تایبەتمەندییەکی نێونەتەوەییان بە ناوەڕۆکی شۆڕشەکەیان داوە و خواستی هەناردەکردنیان بۆ جیهانی دەرەوەی خۆیان تێدا سازاندووە، ئەگەر چی دەستەواژەی هەناردەکردنی شۆڕش هەڵگری تایبەتمەندییەکی ئایدۆلۆژی دیاریکراوە، بەڵام بنەمایەکی چەسپاو و شێوازێکی جێگیری لەنێو کولتووری سیاسیدا نییە، بەڵکو پشت بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شۆڕشەکە و ژینگەی گەشەکردن و هەندێك جار تایبەتمەندی ڕێبەرانی دەبەستێت، لەم بارەدا شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی 1789 دژ بە سیستمی پاشایەتی ڕەها و پەیامە دژە کۆنەخوازییەکەی و تواندنەوەی لەنێو چەمکەکانی (ئازادی، برایەتی و یەکسانی)، هەر زوو خولیای پەخشدانەوەی لە نێو گەلانی تردا شێوەی گرت و کاردانەوە بۆ بەدیهێنانی ناوەڕۆکی پەیام و ئامانجەکانی دروستبوو (Sangar, 2020: 35-58). لێرەدا ویستی هەناردەکردنی پەیامی شۆڕش بۆ قوڵایی ڕێبازی دەسەڵاتخوازیی ئەورووپا بووە ئەزموونێك، کە ناوەڕۆکی شۆڕشەکەی لە جوغزی ناوچەیی بوون هێنایە دەر و لە چوارچێوەیەکی فراوانی جیهانیدا گوزارشتی لە خۆی کرد، (Giunta, 2024)، لە پاش ئەوە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا لە ساڵی 1917 لە ئاستێکی فراوانی ئامانج و بەدیهێناندا، پەیام و خولیا شۆڕشگێڕییەکەی لە پانتاییەکەی گەورەی جیهانیدا نمایشکرد و جگە لە ڕێبازێکی نوێ، وەك ڕێگەیەکی ڕزگارکەر و ئیلهامبەخش هاتە مەیدان و خولیا و ویستی نوێخوازیی لەنێو بزاڤە بەرهەڵستکار و جووڵانەوە ناڕازییەکاندا سازاند، لەم ڕووەوە ژێرخانی شۆڕشەکە پشت ئەستوور بوو بە یەکەمین (مانیفێستۆی کۆمۆنیزم)ی کارل مارکس (1818-1883) و فردریك ئەنگلز (1820-1895)، کە پێیوابوو کۆمۆنیستەکان لە هەر شوێنێک پشتیوانی لە هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەکەن کە دژی سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەڵوێستە بکەن، تەنانەت ئەو ئەرکەی خستبووە سەر شانی کۆمۆنیستەکان، کە لە هەر بزوتنەوەیەکدا پرسی موڵکایەتییان بەبێ گوێدانە ئەوەی لە چ ئاستێکی گەشەسەندوودا بێت وەك پرسیاری بنەڕەتی بزووتنەوەکە لە پلەی یەکەمدا جێبکەنەوە، هەر بۆیە لە کۆتاییدا ئەوەی دووپاتکردبۆیەوە کە کۆمۆنیستەکان لە هەموو شوێنێک هەوڵ دەدەن یەکڕیزیی و ڕێککەوتن لە نێوان پارتە دیموکراتییەکانی هەموو وڵاتاندا دابمەزرێنن (مارکس و انگلس: 1385، 58-59).

سەربارى ئەوە، دەشێت چەمکی شۆڕشی بەردەوام (Permanent Revolution)، کە سەرەتا لە لایەن کارڵ مارکس باس کرا، بەڵام زیاتر بە هۆی ترۆتسکی-ەوە لە ساڵانی 1904-1906 ناسێنرا، وەك ئاماژەیەك بۆ بێ سنووریی شۆڕش و بەجیهانیکردنی لێك بدرێتەوە، کاتێك کە بەپێی لێکدانەوەی ئەو، ڕووسیا دەبووە سەرەڕمی شۆڕشی جیهانی، بە جۆرێك کە سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریای ڕووسیا، دەبووە هۆی بزاوتی شۆڕشە پرۆلیتارییەکانی دیکەی ئەورووپا. ئەم لێکدانەوەیە دواتر وەك سیاسەتێك لە لایەن لینین (1870- 1924) لە ساڵی 1917 گیرایە بەر، کاتێکیش دەسەڵات کەوت دەست، بەلشەڤییەکەکان و پەیامی شۆڕشەکە چوارچێوەیەکی هەناردەکراوی وەرگرت و دامەزراندنی کۆمینتێرن (Comintern)ی لێکەوتەوە (آشوری، 1378: 49). لەسەر ئەم بنەمایە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە زوویی جیهانی ڕکابەریی لەنێوان ئامانجە سۆسیالیستییە ڕادیکاڵییەکانی خۆی و دەسەڵاتە ئیمپریالییە کۆنەخواز و شەڕانگێزەکان دابەشکرد، پاشان دەستی هاریکاریی بۆ پشتیوانی گەلانی تر و وەستانەوەیان بە ڕووی جیهانی سەرمایەداریدا درێژکرد و پەیامێکی ئینتەرناسیۆنالییانەی ڕاگەیاند، لەم نێوەندەدا لینین پەیامی هەناردەکردنی شۆڕش و ڕاگەیاندنی (گەڵاڵەنامەی ئاشتی) بە جۆرێك وێنا کرد، کە دژایەتیکردنی جیهانی سەرمایەداریی بە تەنها لە ئاستێکی ئابووریدا شێوە ناگرێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا دژایەتییەکە دژ بە سیاسەتی چینی دەسەڵاتدارە لە هەر سوچێکی جیهاندا، لەم پێناوەشدا دامەزراندنی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم و سازانی ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزبە کۆمۆنیستییەکانی بەدوادا هات، بەم پێیە ئاشکرا بوو، هەناردەکردنی شۆڕش بە واتای وەرگێڕانی زانستیانەی پەیامی سۆسیالیستیانەی شۆڕشەکە بوو، واتە دەبوو پرۆلیتاریا دژ بە هەموو هەوڵێکی ئیمپریالیستیانە کۆششبکات، نەک لە ئاستێکی گشتیدا، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە وڵاتەکانی خۆیاندا خەبات دژی سیستمی سەرمایەداریی ئەنجام بدەن، بە پێچەوانەشەوە، پشتیوانی لە پڕوپاگەندەی فەرمانڕەواکانیان، دەبووە چەکێکی کاریگەر دژ بە بزووتنەوەی کرێکاریی، بەم پێیە ئینتەرناسیۆنالیزم ڕەهەندێکی جیهانی هەناردەکراوی وەرگرت و وایان دەبینی، کە پێویستە شۆڕش لە ماڵەکانەوە دەستپێبکات. (لینین، 64،61،59).

جیا لەوە، دەرکەوتنی ماو تسی تۆنگ (1893-1976) لە چین و کاریگەرییە جیهانییەکانییەکانی شۆڕشە کولتوورییەکەی، وەك ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی لە

سەرانسەری جیهاندا بە جۆرێك دەنگیدایەوە، کە یەکێک لە ئامانجەکانی شوێنکەوتووانی، هەناردەکردنی ئایدیۆلۆژیای ماویی و پێداچوونەوەو بە بزاڤی چەپ و دەستپێکردنی شۆڕشێکی جیهانی لە پێناو ڕووخاندنی ئیمپریالیزم و کۆنەخوازیی، بە جۆرێك ئەم ئامانجە لای ماوییەکان، لە چوارچێوەی تیۆرو پەڕاوی سەر کاغەز نەمایەوە، بەڵکو وەها وێنایان کرد، کە شۆڕشی چینی هەڵگری تایبەتمەندییەکە کە زۆرترین دروشمی مارکسی تێدا جێکراوەتەوە و ناوەڕۆکێکی جیهانی فراوان لە ئەستۆ دەگرێت، بەم هۆیەوە لە 1960کاندا، تیۆری هەناردەکردنی شۆڕشی چینی دەنگیدایەوەو بووە پاڵپشت بۆ بزاڤە چەپ و ڕادیکاڵییەکان و لە بەرانبەر پاشخانی شۆڕشە جیهانییەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لێرەوە ناوەڕۆکی شۆڕشی ڕۆشنبیریی و چەکدارییەکەی هەناردەی جیهان کرد، هەروەک چۆن لینین (ئینتەرناسیۆنالی سێیەم)ی بەکارهێنا، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەی کە ئەستەمە بۆ وڵاتێک سۆسیالیزم بە تەنها بنیات بنێت، هەر بۆیە لە ڕوانگەی ماوییەکانەوە، ئەزموونی مێژوویی وڵاتانی کۆمۆنیستی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بە ڕابەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت، وازهێنان لە ئامانجی شۆڕشگێڕانییەکەی مارکسیزم  بووە شوێنگرەوەیەکی کاریگەر و سنوورەکانی دەرەوەی خۆی بڕیی، لێرەوە هەناردەکردنی چالاکانەی تیۆری ماویزم وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی هێزە جۆراوجۆرەکانی چەپ و ڕادیکاڵەکان لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی لەخۆ گرت. (Cheng, 2012).

کاریگەریی هەناردەکردنی ئەزموون و گوتاری شۆڕش بووە خولیای بەشێك لەو ئایدۆلۆژیا دەسەڵاتخوازییانەی کە دروشمی پێشکەوتن و نوێخوازیی و ڕەتکردنەوەی ئیمپریالیزم و کۆنەخوازیی لە خۆ ئاڵاندبوو، لەم بارەدا مۆدێلی هەناردەکردنی شۆڕشە جیهانییەکان لەنێو ژینگەی سیاسیی و سەربازیی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا بە جۆرێك دەنگیدایەوە، کە پێش هەمووان بزاڤی ناسیۆنالی عەرەبی خوازیاری بەدیهێنانی بوو، لەم بارەدا جوڵانەوە ڕادیکاڵییەکانی (فەلەستین، میسر و زەفار) بوونە نموونەیەکی زیندوو، کە بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەنییەکانی خۆیان، کاریگەریی شۆڕشە هەناردەکراوەکانیان لەسەر بوو، زیاتر لەوەش، بەعسییەکان لە عێراقدا لە پاش سەرکەوتنیان لە کۆتادەی ساڵی 1968 لە بەرانبەر ڕێبەرایەتی و سازدانەوەی ئەو بارە ناسیۆنالییە پەڕگیرەی عەرەب، چەمکی هەناردەکردنی شۆڕشیان وەك هێمایەك بۆ دەرخستنی سەنگ و قورسایی ئایدۆلۆژیاکەیان دەدی،  بەتایبەت کە حیزبی بەعس لە عێراقدا زادەی بنەما کولتووریی و سیاسییە گشتییەکەی نیشتمانی عەرەب بوو، پێشتریش ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی لە وڵاتێکی هاوسێی وەك سووریا داکوتابوو هەر لەوێشەوە پەڕیبووەوە عێراق، تەنانەت حیزبەکە لە عێراقدا لە سەرەتاوە وەك وەڵامدەرەوەی ئەو پەیامە هەناردەکراوە تەماشا دەکرا، کە ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە (سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست) لە سووریا و دواتریش خۆی وەك لقێك و بەناوی (سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست) لە عێراق ناساندبوو، لەم پێناوەدا چەمکی شۆڕشگێڕیی و هەناردەکردنیان لە چوارچێوەی پەیامی نەمری عەرەب لێکداوەتەوە، تەنانەت لە پێناسەکردنی خۆیدا ناونیشانی (حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، کە حزبێکی شۆڕشگێڕییە)ی هەڵگرتبوو، بەو واتایەی لەو ڕێگەیەوە نوێنەرایەتی بیری عروبە و بزاڤەکەی دەکات، هەروەها بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، شەرعییەتی بە بەکارهێنانی توندوتیژی داوەو سیستمی تاك حزبی بە دڵنیایی مانەوەو بەردەوامبوون زانیوە، لەم ڕووەوە بەعسیزم بۆ فراوانکردنی پێگەی شۆڕشەکەی و بەرینکردنەوەی پانتایی ئامانجەکانی، بانگەشەی هەناردەکردنیان دەستپێکرد، تەنانەت پێیوابوو دەتوانێت نوێنەرایەتی چارەنووسی عەرەب و ئاڵنگارییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی بکات. (حزب البعث العربی الاشتراكی القیادة القومية، 1985: 13)، ئەوەش لە کاتێکدا بەعسیزم پێناسەیەکی جێگیری بۆ بنەما فەلسەفییەکانی شۆڕش و ڕێبازی هەناردەکردنی نەبوو، بەڵکو دەیویست لە هێمنترین دۆخدا لە ڕێگەی پیلانگێڕییەوە دەستوەردان بکات، هەرچەندە بەعسیزم بانگەشەیەکی سێکۆلار و مەدەنییانەی دەکرد، بەڵام لە فراوانکردنەوەی پەیام و ئامانجەکانی شۆڕشەکەیدا، بەڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە ڕۆحی و میتافیزیکییەکانی عەرەب، ئاینی ئیسلامی وەك پایەیەکی گرنگی هەناردەکردنی شۆڕش دەدی، زیاتر لەوە شۆڕش لە دیدی بەعسی عێراقدا لە پانتاییەکی فراواندا پەڕیوەتەوە بۆ  مۆدێلێکی توندوتیژو نمایشخواز، هەر بۆیە سەددام حوسێن ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە شۆڕشی بەعسییەکان ئەزموونێکە پێویستی بە بەردەوامی و پاراستنی بنەماکانییەتی ئەوەش بە تەنها بە عێراقییەکان ناکرێت، بەڵکو دەبێت جیهانی عەرەبی ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن (حزب البعث العربي الاشتراكي القيادة القومية، 1972: 60-61)،  بەم پێیە گرنگترین ڕەگەز لە باوەڕی بەعس پرسی هەناردەکردنی شۆڕش بوو، لە ڕێگەی (ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕیی)ەوە، کە تیایدا خۆی وەك ئاڵاهەڵگرو پێشڕەوی شۆڕشی عەرەب ناساند (دای. ولیامس، 2016: 54)، بەو پاساوەی بەعس ئامانجی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی عەرەبییە بۆ بەدیهێنانی یەکێتی، ئازادی و سۆسیالیزم و دەیەوێت شۆڕش لە نیشتمانی عەرەبدا بەرپا بکات، هەمان کات لەبەردەم نەیارانی شۆڕش و هاوسێ کۆنەقینەکانیدا لە نموونەی ئێرانی بریکرتەی ئیمپریالیزم، پێگەی خۆی بەهێز بکات. (المناهج الثقافي المركزي، ب.س: ص26-28).

سەبارەت بە شۆڕشی 1979-ی ئێران ئاماژەگەلێکی زۆر بۆ زیندووکردنەوە و هەناردەکردنی شۆڕش بۆ سنوورەکانی دەرەوەی ئێران چ لە لایەن کەسایەتییە ئاینی و چ نائاینییەکان دەبینرا. بە وتەی ئێسپۆزیتو، شۆڕشی 1979-ی ئێران، "یەکەمین شۆڕشی سیاسیی ئیسلامی"ی سەرکەوتووی بە جیهان ناساند. شۆڕشێك بە ناوی ئیسلام و لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا و بەهێماکردنی شیعە و ڕابەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی هاتەکایەوە، کە پێی وابوو ئەزموونی شۆڕشەکەیان دەبێتە ڕێنشاندەرێك بۆ گۆڕانی سیاسی ئایدۆلۆژیایی ئوممەتی جیهانی ئیسلام و یەکگرتووکردنی هەموو موسڵمانان لە خەباتێکی سیاسی و کولتووری دژ بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (اسپوزيتو، 1382: 48-49). شۆڕشگێران لەسەر بنەمای دابەشکردنی گەلانی جیهان و بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو بۆ دوو دەستەی ستەمکار و ستەملێکراو، پشتیوانی لە بزاڤە ئازادیخوازە نیشتمانییە ستەملێکراوەکانیان بە ئەرکی خۆیان دەزانی (هیرو، 1390: 55).

بەپێی ئەوەی کە باس کرا، چەمکی هەناردەکردنی شۆڕش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە شۆڕشە مەزنەکانەوە هەیە، ئەو شۆڕشانەی بانگەشەی "ئەرکی جیهانی" بۆ بزاڤەکەیان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیانەوە هەیە. هەر بۆیە هەناردەکردنی شۆڕش، دەرئەنجامێکی سروشتی هەر شۆڕشێکە کە بانگەشەی جیهانیبوونی بزاڤەکەی بکات. ڕابەرانی ئەم شۆڕشانە پێیان وابووە شۆڕشەکەیان نموونەیەکی ئایدیالە کە شایەنی ئەوەیە ببێتە مۆدێلی خەباتی گەلانی دیکە (طهماسبی برنا، 1403: 193-194).

### 2-1 هەناردەکردنی شۆڕش لە تێڕوانینی ئایەتوڵڵا خومەینی

بەپێی دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕابەری شۆڕشی 1979 و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایەتوڵڵا ڕووحوڵڵا خومەینی، خاوەن دەسەڵاتێکی ئایینی-فیقهی، یاسایی و سیاسیی فراوان بوو، بە جۆرێك کە وەك باڵاترین دەسەڵاتی وڵات، توانای چاودێری، بڕیاردان و سیاسەتدانانی هەبوو. فەرماندەیی سەرجەم هێزە چەکدارەکان، یەکێك لەو دەسەڵاتانە بوو کە بە هۆیەوە ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران مافی دانان و لادانی سەرۆکی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەش، فەرماندەی

سوپای پاسداران، پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای بەرگریی نیشتمانی هەبوو، کە لە سەرۆککۆمار، سەرۆك وەزیران، وەزیری بەرگری، سەرۆکی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەش، فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران پێك دەهات. لەم چوارچێوەیەدا، ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی، لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی ڕابەر بوو کە بە هۆیەوە دەسەڵاتی ڕێکخستن و ئامادەکردن (بسیج)ی هێزەکانی وڵاتی -بە پێشنیاری ئەنجومەنی باڵای بەرگری- پێ سپێردرا بوو (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، 1359، اصل 110).

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی تێڕوانینی ئایەتوڵڵا خومەینی لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات و جێگیرکردنی کۆمارەکەی، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ گەلانی جیهان و ڕزگارکردنیان لە ژێردەستەیی وڵاتانی ستەمکار و خۆسەپێن بوو. کاتێك لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات ئاماژەی بەوە دا: "ئێمە شۆڕشەکەمان بۆ هەموو جیهان هەناردە دەکەین، چونکە شۆڕشی ئێمە ئیسلامییە" (خمینی، 12/1385: 148)، هەناردەکردنی شۆڕشی وەك ئەرکێکی ئیسلامیی خۆی و ڕژێمە ئیسلامییەکەی ناساند، بە جۆرێك کە جەختی لەوە کردەوە: "تاوەکو خەبات لە هەر شوێنێکی جیهان دژ بە ستەمکاران هەبێت، ئێمە ئامادەین" (هەمانجا)، هەر بۆیە جەختی لەسەر ئەو خاڵە کردەوە: "ئێمە پێویستە هەوڵ بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەمان بۆ جیهان بدەین و ئەو بیرکردنەوە وەلا بنێین کە شۆڕشەکەمان هەناردە نەکەین، چونکە ئیسلام قایل بە هیچ جیاوازییەک لە نێوان وڵاتە موسڵمانەکان نییە و پشتیوانی سەرجەم موستەزعەفینی جیهانە" (هەمان، 202). بەم شێوەیە، پەیامی شۆڕشەکەی ئەوە بوو، کە بزاڤێکی جیهانییە و تەنیا بە موسڵمانان و وڵاتێکی دیاریکراو نابەسترێتەوە. ڕابەری ئێران ئاماژە بەو خاڵە دەدا کە "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" نموونەیەکی شۆڕشی "موستەزعەفین" لە وڵات (خاك)ی موسڵمانانە و پێویستە ئەم نموونەیە لە پانتاییەکی فراوانتر لە نێو هەموو گەلاندا بێتە کایەوە. لەبەر ئەوە ئاواتی بەوە دەخواست "حیزبی موستەزعەفین" کە هەمان حیزبی خوایە (حزب الله) بۆ هەموو موستەزعەفینی جیهان دروست بکرێت، بۆ ئەوەی بەرانبەر بە ستەمکار و تاڵانچییەکان بووەستن، بەو پێیەی موستەزعەفین، "میراتگر"ەکانی سەر زەوین (خمینی، 9/1385: 281). ئەو لە وتارێك بۆ کۆمەڵێك لە موسڵمانانی هیندی و پاکستانیی نیشتەجێی ئێران، جەختی لەوە کردبووەوە، کە پێویستە ئەم بزاڤەی دژ بە "موستەکبیرین"، لە هەموو جیهان بڵاو ببێتەوە و "ئێران" دەستپێك، خاڵی یەکەم و نموونەی هەموو گەلانی موستەزعەف بێت (خمینی، 7/1385: 292) و لە خوا دەپاڕایەوە "شۆڕشی ئیسلامی"ی ئێران بکاتە سەرەتایەك بۆ لەنێوبردنی موستەکبیرینی جیهان و ببێتە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ موستەزعەفین (خمینی، 20/1385: 326).

ئەم جۆرە وتارانە لانیکەم لە ئاستی گوتاردا، دەرخەری ئەو هیوا و ئاواتانەی ڕابەری شۆڕشی ئێران و بەشێکی بەرچاوی شۆڕشگێڕەکان بوو، کە تەنیا بە گۆڕینی سیستمی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی ناوخۆی ئێران پەسەندەیان نەکرد و کۆتاییهێنان بە ڕژێمی پەهلەوی تەنیا بە مانای هاتنەدی بەشێك لە ئامانجەکانیان بووە، بەڵکو هەناردەکردنی شۆڕش و ناساندنی بە جیهانی دەرەوە، ئاواتێکی گەورەتری بەشێك لە شۆڕشگێڕەکان بووە.

دیارترین و گرنگترین خاڵی جیاکەرەوەی شۆڕشی ئێران لە بزاڤەکانی دیکەی ئێران لە یەك سەدەی ڕابردوودا - وەك لە پێشەکی دەستووری بنەڕەتی ئاماژەی پێکراوە- "ئیسلامیبوون"ی بووە وەك تایبەتمەندییەکی بنیاتی، هەر بۆیە شۆڕشگێڕان پێیان وابووە هۆکاری شکستی بزاڤ و شۆڕشەکانی ڕابردوو، دوورکەوتنەوەیان لە بنەما ڕەسەنەکانی ئیسلام بووە (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، 1397: 7). ئایەتوڵڵا خومەینی لە چەندین وتاردا کە بەشێوەیەکی هێرشبەرانە ئاراستەی حکومەتی عێراق و سەددام حوسێنی کردبوو، ئەوی بە کەسێکی ناموسڵمان و حیزبەکەی بە نائیسلامی دەناساند و لە بەرانبەردا شۆڕشی ئێرانی بە ئیسلامیی، سوپاکەی بە سوپای ئیسلام و وڵاتەکە بە وڵاتی ئیسلامی ناو دەبرد. لەبەر ئەوە ڕوو دەکاتە سوپای عێراق و پێیان دەڵێت: "ئەم جەنگە دژ بە ئیسلامە، ئایا سوپای عێراق ئامادەیە دژ بە ئیسلام بجەنگێت؟" (خمینی، 12/1385: 245). خومەینی بانگەشەی ئیسلامێتیی سەددام حوسێن بە درۆ دەخاتەوە و شەڕی ئەو دژ بە وڵات و حکومەتێکی ئیسلامی وەکو بەڵگەی بێ دینی (الحاد) سەددام حوسێن و حیزبەکەی دەهێنێتەوە (خمینی، 14/1385: 278) هەر بۆیە بەرگێکی تەواو ئایینی-ئیسلامی بە جەنگەکە دەبەخشێت و دەڵێت ئەم جەنگە، "جەنگی دژ بە قورئان، پێغەمبەری ئیسلام، وڵاتی پێغەمبەری ئیسلامە" (هەمان، 246). بۆیە لێرەوە ئامانجی خۆی ئاشکرا دەکات بەوەی : "ئێمە دەمانەوێت حکومەتێکی ئیسلامی دروست بکەین" (هەمانجا). دروستکردنی دوانەیەکی بڕوادار-بێ بڕوا، ئیسلام-نائیسلام و موسڵمان-کافر، لە وتارەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئەمەش بۆ کۆمەڵگەیەکی بارگاویکراو بە گوتاری ئیسلامی-شیعیی پاش شۆڕش، زەمینەی کینە و ڕقی خۆش کردبوو.

ڕابەری ئێران لە چوارچێوەی ئەم گوتارەشدا، هێڵە سەرەکییەکانی بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دیاری کرد، کە خۆی لە "هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی"، "پشتیوانیکردن لە سەرجەم موستەزعەفینی جیهان" و "خەبات دژی وڵاتانی موستەکبر" دەبینییەوە (خوجم لی، ١٣٩٢: ٧٦-٧٧؛ ازغندی، ١٣٩٥: ١٣٠) و بۆ هەریەک لەم هێڵانەش، ئامانج و پێناسەکانی خۆی ئاشکرا کردبوو؛ سەبارەت بە "هەناردەکردنی شۆڕش"، لە چەند لێدوانێکیدا ئەوەی خستووەتە ڕوو کە ئامانجی هەناردەکردنی شۆڕش، ئامانجێکی مەعنەوی (ڕۆحی) و هۆشیارکردنەوەی لە پشتەوەیە. لێرەدا جەختی لەوە دەکردەوە کە ئامانجی شۆڕشەکە، پاوانخوازیی (فراوانخوازی) نییە، بەڵکو بەئاگاهێنانەوەی گەلانی جیهانە بەرانبەر بە وڵاتە زلهێزەکان: "ئەمەی کە دەڵێن پێویستە شۆڕشی ئێمە بۆ هەموو جیهان هەناردە بکرێت، ئەم مانا هەڵەیەی لێ دانەتاشن کە ئێمە دەمانەوێت پاوانخوازیی بکەین... مانای شۆڕشی ئێمە ئەوەیە کە هەموو گەلان هۆشیار ببنەوە و خۆیان لەم کێشانە و لە ژێردەستەیی، کە تیایدان و ئەم هەموو سەرچاوانەی هەیانە بەبا دەچێت و خۆیان بە هەژاریی دەژین ڕزگار بکەن" (خمینی ، ١٣٨٥/13: 281) و هەژمووونی وڵاتانی "جیهانخۆر" لە ڕێگەی نفوزی ئیسلام بۆ وڵاتان کەم بکاتەوە (هەمان، 21/1385: 81). ئامانجێکی دیکە بۆ ئەوەیە وێنەی ڕاستەقینەی ئیسلام بە جیهانیان بگەیەنێت، کە وەك ئەرکێکی گەورە و کاریگەر، لە هەزاران تۆپ و تانك زیاتر دەبێت (هەمان، 18/1385: 364). بەم پێیە هەناردەکردنی شۆڕش هەوڵی دەدا "نموونە"یەك لە ئیسلام لە جیهاندا -تەنانەت ئەگەر کەم و کوڕیی هەبێت- پیشانی گەلانی ستەملێکراو بدات، بۆ ئەوەی تێ بگەن ئیسلام چی پێیە و دەیەوێت چی بکات (هەمان، 18/1385: 157-158). هەروەها ئامانجێکی تر ئەوەیە قسەی خۆیان و گرفتارییەکانیان بە دەست زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە جیهان بگەیەنن (هەمان، 19/1385: 414). سەبارەت بە شێواز و میکانیزمی ئەم ئامانجە، ئایەتوڵڵا خومەینی باسی لەوە کردووە ئەم هەناردەکردنە لە ڕێگەی "ڕاگەیاندنەکان، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان و ئەو گروپانەی کە دەچنە دەرەوە" ئەنجام بدرێت (هەمان، 18/1385: 364). لەگەڵ ئەمەشدا، وەك لە نموونەکانی دواتردا ئاماژەی پێ دەکەین، هاندانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی عێراق و دامەزراوە حکومییەکانی وەك سوپا بۆ ڕاپەڕین و کودەتا دژ بە حکومەتی عێراق، پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەشێك لە گروپ و بەرە بەرهەڵستکارەکانی حکوەتی عێراق و

یارمەتیدانیان و هاندانی خەڵك بۆ یارمەتیدانی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیە کە ئامانجی شۆڕش پاوانخوازیی و دەستێوەردان نییە، یەکی ناگرتەوە.

سەبارەت بە چەمکەکانی موستەزعەفین و موستەکبرین، کە بە بەردەوامی لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی بەکار دەهات، سەبارەت بە چەمکی "المستعضفین"، دەستەواژەیەکە لە ڕەگی وشەی "ضعف" واتا لاواز-ەوە هاتووە و لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای لاوازکراو، بێبەشکراو، ستەملێکراو و هەندێك جاریش زەحمەتکێش دێت، هاوکات لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە بۆ پێناسەکردنی کەسانێك بەکارهاتووە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە لاوازکراون و مافەکانیان زەوتکراوە، لە قورئانیشدا بۆ دەستەیەك یان کۆمەڵە خەڵکانێك بەکارهاتووە، کە لە ژێر ستەم و چەوساندنەوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتییدان و لە لایەن دەستەیەکی دەسەڵاتدارەوە لە ماف و چیاوگەکانیان بێبەشکراون، هەندێکجاریش واتایەکی ئاینیی بۆ بەکاردێت بۆ ناساندنی کەسانێکی ئیماندار کە لە لایەن کەسانی گومڕا، خۆبەگەورەزان و لوتبەرزەوە چەوسێندراونەتەوە، لە قورئان-دا ستەملێکراوان بە ستەملێکراو و ستەمکارانی بە خۆبەزلزان ناودەبات. بۆ نموونە لە ئایەتی ٣١ تا ٣٣-ی سورەتی (سبأ)دا باس لە گفتوگۆی نێوان ئەم دوو دەستەیە دەکرێت: ﴿قُولُ الَّذينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذينَ اسْتَكْبَرُوا... قالَ الَّذينَ اسْتَكْبَرُوا لِلَّذينَ اسْتُضْعِفُوا... وَ قالَ الَّذينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذينَ اسْتَكْبَرُوا﴾ (یونس، 2023: 141-145). "المستکبرین" دەستەواژەیەکە لە ڕەگی وشەی "مستکبر"ەوە وەرگیراوە، لە ڕووی زمانەوانییەوە هاوتای وشەکانی خۆبەزلزان، خۆبەگەورەزان و لوتبەرزو و خۆبەهێززانە، لە قورئاندا بۆ پێچەوانەی دەستەواژەی "المستضعفین" بەکارهاتووە، بەو واتایەی لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە خەڵکانێك دەگرێتەوە، کە خۆبەزلزان و ستەمکارن و هەوڵی سەپاندنی هێز و دەسەڵاتیان بەسەر لاوازو ستەملێکراواندا دەدەن، هەمان کات لە ڕووی ئاینییەوە بە واتای دەستەیەکی خۆبەزلزان دێت، کە هەوڵی چەواشەکردن و فریودانی لاواز و سەتەملێکراوان دەدەن، بۆ نموونە لە ئایەتی ژمارە 32-ی سورەتی (سبأ) هاتووەو دەفەرمووێت: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُواْ فَقَالُواْ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوٓاْ أَنَحْنُ صَدَدْنَـٰكُمْ عَنِ ٱلْهُدَىٰ بَعْدَ إِذْ جَآءَكُمۖ بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ﴾ (المصدر السابق، 133-140).

ئەم چەمکە لە لای ڕابەری ئێران و داڕێژەرانی ئایدۆلۆژیای حکومەتی ئیسلامی ئێران، پێناسەی تایبەت بەخۆی هەبووە. موستەزعەفین بۆ ئەو توێژەی کۆمەڵگە بەکار دەهات، کە کەوتبوونە ژێر باری ئازار و ستەمی موستەکبرینەوە و لە ڕووی سیاسییەوە بەو وڵاتانە دەوترا، کە وابەستەی ستەمکاری جیهانی -بەتایبەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی- بوون و ئەرکی شۆڕشی ئیسلامی ئەوە بوو بە هانای ئەم دەوڵەتانەوە بچێت، بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی لەگەڵیان، دژی ستەمکاریی جیهانی بووەستنەوە. ئایەتوڵڵا حوسێنعەلی مونتەزەری (1922-2009)، یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و جێنشین (قایم مەقام)ی ڕابەری ئێران لە ساڵانی 1985-1989، لە لێکدانەوەیەکدا، چەمکی موستەزعەف لە چەمکی "زەعیف" جیا دەکاتەوە، بە جۆرێك کە زەعیف لە خودی خۆیدا بێ توانا و لاوازە، بەڵام موستەزعەف کەسێکە کە لە لایەن موستەکبرینەوە بە لاوازیی هێڵدراوەتەوە، لە کاتێکدا توانا و زیرەکی هەیە و دەتوانێت پێش بکەوێت، بەڵام کەسانێك بوون بە لەمپەڕ بۆ ئەوەی گەشە بکات (منتظری، 1367: 6). بەپێی لێکدانەوەیەکی دیکە، چەمکی موستەزعەفین تەنیا موسڵمانانی نەدەگرتەوە، بەڵکو بەپێی بنەماکانی ئیسلام -بە لێکدانەوەی شۆڕشگێڕان- پێویست بوو پشتگیری لە ناموسڵمانانیش -تەنانەت ئەگەر کافریش بن- بکرێت، بەو مەرجەی دوژمن نەبن. هەروەها موستەزعەفین بە واتای ستەملێکراویش (مظلوم) دەهات، واتا کەسێك کە دەسەڵاتە موستەکبرەکەی قبووڵ کردووە (صورت مشروح مذاکرات مجلس،... 1/1364: 301-302). لەسەر ئەم بنەمایە، موستەکبر دەیتوانی "دیکتاتۆرێکی ناوخۆیی"ش بێت، کە لە لایەن دەسەڵاتێکی موستەکبیری دەرەکی پشتگیری دەکرێت و گەلەکەی دەچەوسێنێتەوە و پلانەکانی وڵاتانی بێگانە جێبەجێ دەکات، بە نموونە عێراق.

بەپێی ئەم لێکدانەوە و بۆچوونەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی کە بە ئاراستەی هەموو گەلانی جیهان داڕێژرابوو، جیاوازی لە نێوان شیعە و سونە و گەلانی تر جیهان نەکرابوو، بەڵکو هەوڵ درابوو شۆڕشی ئێران بە شۆڕشێکی مافخواز و دادخوازانەی هەموو گەلانی جیهان بناسێنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، شیعەکان بە "سیمبولی ستەملێکراوان" و نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی جیهان و ئایینەکان دانراوە (زونیس و برومبرگ، ١٣٦٨: ٧٩). بەم پێودانگە ئایەتوڵڵا خومەینی، گەلی ئێرانی بە گەلێکی ستەملێکراو (مظلوم) دەزانێت کە تاوانیان ئەوە بووە دەیانویست خزمەتی ئیسلام بکەن و بۆ ئیسلام بگەڕێنەوە و لە ژێر ئالای ئیسلام بن (خمینی، 14/1385: 162). بە واتایەکی تر و بەپێی ئەم لێکدانەوانە، گەلی ئێران هەتا ئەو کاتەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی پەهلەوی -کە خۆی وابەستەی دەسەڵاتە موستەکبرەکان بوو- بوون، گەلێکی موستەزعەف بوون، بەڵام بە هۆی شۆڕشەوە توانیان خۆیان لە دۆخی موستەزعەفبوون دەربێنن و ڕزگار بن، بەڵام لە هەمان کاتدا گەلێکی ستەملێکراو بوون. لەسەر بنەمای ئەم ڕاڤەیە، گەلی عێراق هاوشێوەی گەلی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی، هەم گەلێکی موستەزعەف و هەم گەلێکی ستەملێکراوی بندەستی دەسەڵاتێکی وابەستەی هێزە ستەمکار و موستەکبارەکان بوون. ئایەتوڵڵا خومەینی لە چەندین وتاردا حکومەتی عێراق و ڕژێمی بەعس بە ئەڵقەبەگوێ، داردەست، ملکەچ و کۆیلەی وڵاتانی زلهێز (بەتایبەتی ئەمریکا و ئیسرائیل)، ئیمپریالیزم و دوژمنی گەلە هەژارەکان ناو دەبات (خمینی، 13/1385: 268، 230؛ خمینی، 15/1385: 129؛ خمینی، 16/1385: 258).

بەپێی گوتارەکانی ڕابەری ئێران، لە ئاستی ناوخۆییدا، بۆ هەر یەکێك لە موستەزعەف و موستەکبرین، چین و توێژە جیاوازەکانی جیا کردۆتەوە؛ موستەکبرینی دژ بە شۆڕش بریتی بوون لە: سەرمایەدارە دەرەکییەکان و هێزدارە دەسەڵاتخوازەکان، سوڵتان و ئەعیان و ئەشراف، سەرمایەدارە گەورەکان، خاوەن زەوییە گەورەکان، خاوەن کارگە گەورەکان و پیاوانی ئاینیی سەر بە دەسەڵات (آخوند درباری). موستەزعەفین بریتی بوون لە: زانایانی ئاینیی ڕاستەقینە، کاسبکاران، ئیمانداران، خەڵکی ناوچە هەژارنشینەکان (زاغەنشین)، پێ پەتییەکان، گەنجانی زانکۆ، کرێکار، جووتیار، توێژی گەنجان، چینی خوارەوە و گروپەکانی تری چینی ناوەند. ئەمە جگە لەوەی توێژێکی بێ لایەنیش بوونی هەبووە کە لە بازرگانەکانی بازاڕ، بەشێك لە وەزیر و فەرمانبەران، سەربازەکان و بەشێك لە چینی سەرووی کۆمەڵگە پێك دەهاتن (مقدس، 1377: 376). بە شێوەکی گشتی، سیفەتی هاوبەشی سەرجەم موستەزعەفین، "ستەملێکراوی"یە و سیفەتی هاوبەشی سەرجەم موستەکبرین بریتی بوو لە "ستەمکردن" (همان، 371).

لە دیدی ئایەتوڵڵا خومەینی، ئەمریکا و ئیسرائیل دوو سیمبولی گەورەی وڵاتانی موستەکبرن؛ سەبارەت بە ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئامادە نەبوو بە فەرمی بیناسێنێت، بەڵکو بەپێی وتارێکی ڕاشکاوی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٨٢ و لە ڕستەیەکی بەناوبانگی سەبارەت بە ئیسرائیل: "ئێمە دەڵێین کە دەبێت ئیسرائیل لە پەڕەی ڕۆژگار بسڕدرێتەوە..." (خمینی، 16/1385: 490)، یەکێك لە ئامانجەکانی شۆڕش، دژایەتییەکی هەمیشەیی ئەم دەوڵەتە بووە. هەر بۆیە ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، هەرجۆرە سازش و دانوستانێکی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەم وڵاتە ڕەت کردەوە و بووە یەکێک لە بنەما نەگۆڕەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. سەبارەت بە ئەمریکا، شێوازی مامەڵەکردن و سیاسەتەکانی بەرانبەر بە ئێران، جۆری پەیوەندییەکانی دیاری دەکرد؛ ئایەتوڵڵا خومەینی، ئەمریکا بە دیارترین نموونەی وڵاتێکی موستەکبر ناو دەهێنا، هەر بۆیە پێی وابووە: "پەیوەندییەکانی ئێمەی لەگەڵ ئەمریکا، پەیوەندییەکانی ستەملێکراوێکە لەگەڵ ستەمکارێك" (خمینی، ۷/۱۳۸۵: ۳۵۷)، بۆیە بەردەوام بە گومانەوە لە ئەمریکا و سیاسەتەکانی دەیڕوانی، هەتا ئەو ڕادەیەی پێی وابوو ئێران پێویستی بە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا نییە: "هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا شەرافەتی نییە...ئێمە بمانەوێت لەگەڵ ئەمانە پەیوەندیمان هەبێت؟ باشتر وایە لەگەڵ ئەمانە پەیوەندیمان نەبێت" (خمینی، 11/1385: 303). بەم شێوەیە لە دیدی ئایەتوڵڵا خومەینی، هەناردەکردنی شۆڕش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خەبات دژ بە ولاتانی ستەمکاری جیهانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیڵ و ستەمکاری هەرێمی وەک ڕژێمی بەعس لە عێراق هەیە و بەبێ دروستکردنی بەرەیەکی جیهادی لەو وڵاتانەی کە خەڵکەکەی دەچەوسێتەوە و خەباتکردنیان لە ژێر ڕۆشنایی ئیسلام و "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" وەک سیمبولی شۆڕشێکی دژ بە ستەمکارانی ناوخۆیی و جیهانی و دواتر دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی، ئامانجی هەناردەکردنی شۆڕش نایەتە دی.

### 3-1 دەستوری بنەڕەتی و ئەرکی شۆڕش

بابەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ ئەوەی ببوایە بە بنەمایەکی سەرەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاری لەسەر بکرایە، پێویست بوو لە دەستووری بنەڕەتیی دەوڵەتدا جێ بکرێتەوە؛ لەگەڵ ئەمەشدا لە هیچ مادەیەکی دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، چەمکی "هەناردەکردنی شۆڕش" بەکار نەهاتووە و ئاماژەی ڕاستەوخۆی پێ نەدراوە، بەڵام لە پێشەکی و چەند مادەیەکی دەستووریدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی "شۆڕشی ئیسلامی" و گوتاری ئایەتوڵڵا خومەینی، حەز و خولیای شۆڕشگێڕان و یاسادانەران تێبینی دەکرێت. لە پێشەکی و لە بابەتی "شێوازی حکومەت لە ئیسلام" ئاماژە بەوە کراوە ئەرکی دەستووری بنەڕەتی ئەوەیە زەمینەی بیروباوەڕەکانی بزاڤی ئیسلامیی بکاتە واقیع و پیادەی بکات، بەو پێیەی کە ناوەڕۆکی "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" جووڵانەوەیەك بۆ سەرکەوتنی موستەزعەفین بەسەر موستەکبیرین بوو، بە جۆرێك کە "زەمینەی بەردەوامی ئەم شۆڕشە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ئامادە بکات" و درێژە بە خەباتی ڕزگارکردنی گەلانی بێ بەش و ستەملێکراو لە "هەموو جیهان" بدات (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، 1398: 10). هەر لەم پێشکەییەدا و لە ژێر ناونیشانی "سوپای ڕێباز" هاتووە، ئەرکێکی دیکەی سوپای کۆماری ئیسلامی (ارتش جمهوری اسلامی) و سوپای پاسداران، جگە لە پاراستنی سنوورەکان، بریتییە لە ئەرکی ڕێبازی شۆڕش: "واتا جیهاد لە ڕێی خوا و خەبات لە پێناو فراوانکردنی دەسەڵاتداری لە جیهاندا" (همان، ص 11-12).

سەبارەت بە مادەکانی دەستوور، بە ناڕاستەوخۆیی بابەتی هەناردەکردنی شۆڕش و پشتیوانی لە گەلانی موستەزعەف و ستەملێکراو ئاماژەی پێ دراوە؛ لە مادەی (154) و سەبارەت بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، هاتووە: "کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆشبەختیی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ئامانجی خۆی دەزانێت و سەربەخۆیی و ئازادی، حکومەتی حەق و یەکسانی بە مافی هەموو خەڵکی جیهان دەزانێت. هەر بۆیە سەرەڕای خودوورگرتنی تەواو لە هەرجۆرە دەستێوەردانێک لە بابەتی ناوخۆیی گەلانی دیکە، بەرگریی لە خەباتی مافخوازانەی موستەزعەفین لە بەرانبەر موستەکبرین لە هەر شوێنێکی جیهان دەکات" (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، 1359: اصل 154). هەر سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە و لە مادەی (۱۵۲) دا، کۆماری ئیسلامیی ئێران باس لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان و بانگەشەی ئەوە دەکات ویستی سەپاندنی دەسەڵاتی نییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ئامادەی بەرگریکردنە لە مافی هەموو موسڵمانانی جیهان. سەبارەت بە کرۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەم مادەیەدا هاتووە: "سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە سەپاندنی دەسەڵات (سلطەجویی) و چوونە ژێر دەسەڵات (سلطەپذیری)، پاراستنی سەربەخۆیی هەمەلایەنە و یەکپارچەیی خاکی وڵات، بەرگریکردن لە مافی هەموو موسڵمانان، پابەندنەبوون بەرانبەر هێزە خۆسەپێنەکان و پەیوەندی ئاشتیخوازنە لەگەڵ وڵاتانی شەڕنەخواز، ڕاوەستاوە" (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، فصل دهم: اصل 152). هەروەها لە خاڵی 16 لە مادەی سێیەمی دەستووردا هاتووە: "ڕێکخستنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لەسەر پێوەرەکانی ئیسلام، بەڵێنی برایەتی بۆ سەرجەم موسڵمانان و پشتیوانی بێ ئەمەکی چەوساوەکانی جیهان" (همان، اصل 3).

مادە دەستورییەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوە، کە وردەکاری زیاتری لەسەر نەدراوە، جۆرێک لە ناڕوونی و دژبەیەکی هەستی پێدەکرێت؛ لە کاتێکدا باس لە خۆ بەدوورگرتن لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان دەکرێت، بەڵام لە بەرانبەردا کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو مافە بە خۆی دەدات، کە بەرگریی لە هەر وڵاتێک بکات، کە بە پێناسەی ئەو دەچێتە خانەی وڵاتانی چەوساوە لە بەرانبەر وڵاتانی ستەمکار و ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی ئەو وڵاتانە وەک بنەمایەکی دەستوری وڵاتەکەی دەربڕیوە (فاضل، ۲۰۱۰: ٦٩). ئەم ناڕوونییە لە ڕاستیدا بۆ دوو ئاراستەی جیاوازی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەرەتای شۆڕشەوە دەگەڕایەوە؛ ئاراستەی یەکەم، کاری بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و جێگیربوونی سنوورەکانی ئێران دەکرد و ئاراستەی دووەم، هەوڵی دەدا لە ڕێگەی یەکگرتنی شیعەکانی جیهان، ئامانجی بەئیسلامیکردنی جیهان لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی ئیسلامی شیعە بەدی بهێنێت (توآل، ۱۳۷٦: ٤٦). ئەمە جیا لەوەی یەکلاییەنەبوونەوەی مادەکانی دەستووری بنەڕەتی -بەتایبەتی لە بابەتی پاڵپشتی گەلانی موستەزعەف- بووە هۆی ئەوەی کە سەبارەت بە ئاراستەی ئایدۆلۆژیایی ئێرانیش، دوو بۆچوونی جیاواز بێتەکایەوە؛ گروپێک پێیان وابوو پاڵپشتی موستەزعەفان لە لایەن ئێرانەوە لە بانگەشەیەک زیاتر نییە و بە مەبەستی پاراستنی پێگەی خۆیەتی لە ناوچەکەدا، لە کاتێکدا بەشێکی تر بە پێچەوانەوە، پێیان وابوو ئامانجی پاوانخوازیی و داپۆشینی خەونی "ئیمپریالیزمی شیعە"یە لە ناوچەکەدا (آقایی، 1385: 4).

گرنگی و هەستیاری ئەم بابەتە لە دانیشتنێکی پەرلەمانی تایبەت پێداچوونەوەی دەستوور لە 5ی ئەیلوولی 1979 دەبینرێت کاتێك سەبارەت بە مادەی سێیەمی دەستوور و خاڵی ژمارە (16) کە بە ناڕاستەوخۆیی باس لە هەناردەکردنی شۆڕشی تێدایە، بۆچوون و لێکدانەوە جیاوازەکانی نێوان ئەندام پەرلەمان دەرکەوت. مادەی (16) سەرەتا بەم شێوەیە دارێژرابوو: "سازکردنی پەیوەندی دادپەروەرانە لەگەڵ هەموو گەلان و بەڵێندانی برادەرانە بەرانبەر گەلە موسڵمانەکان و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە هەموو ستەملێکراوانی جیهان" (صورت مشروح مذاکرات مجلس...، 1/1364: 287). دەستەواژەی "پشتیوانیی هەمەلایەنە" زۆرترین قسەی لەسەر کرا و پەرلەمانتاران بوون بە دوو بەشەوە؛ بەشێکیان وەك هاشمی نەژاد، مونتەزەری و زیایی و تاهری ئەسفەهانی بە هۆکارەکانی ئەوەی لەوانەیە ئەم دەربڕینەوە بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان لێك بدرێتەوە لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی لە قۆناغی خۆرێکخستنەوە

و بەرچاوڕوونی نییە، لەگەڵ لابردنی ئەم دەستەواژەیە بوون (هەمان، 300-303). هەروەها بەشێکی تریان لەگەڵ گرتنەبەری سیاسەتی بێلایەنی (عدم تعهد) بوون (هەمان، 300 و 306). لە لایەکی ترەوە بەشێك لە پەرلەمانتارانی وەکو حوجەتی کرمانی پێیان وابوو، بەپێی دەقی قورئان، پێویستە "بە هەموو هێزەوە" پشتیوانی لە گەلانی ستەملێکراوی جیهان بکرێت. (هەمان، 304). ئەم بابەتە لە ڕووەوە گرنگ بوو، کە لە چەندین لێدوان و وتاری ئایەتوڵڵا خومەینی، بە ڕاشکاوی، پشتگیریی خۆی بۆ بزاڤ و جووڵانەوە دژ بە زلهێز و ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان ڕاگەیاندبوو: "من جارێکی تر پشتیوانی خۆم لە تەواوی بزووتنەوە، بەرە و ئەو گروپانەی بۆ ڕزگاری لە چنگی زلهێزە چەپ و ڕاستەکان دەجەنگێن، ڕادەگەیەنم" (خمینی، 11/1385: 203)، "ئێمە لە تەواوی بزاڤە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری جیهان کە لە ڕێی خودا و حەق و ڕاستی و ئازادیی خەبات دەکەن، پشتیوانی دەکەین" (هەمان، 110).

دواجار لە دانیشتنی ڕۆژی دواتر دا، بەندی شانزەیەم بەم شێوەیە دەنگی پێ درا: "ڕێکخستنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای پێوەرە ئیسلامییەکان، بەڵێندانی برادەرانە بەرانبەر بە موسڵمانان و پشتیوانی بێ وچان لە ستەملێکراوانی جیهان" (هەمان، 313). لەگەڵ ئەمەشدا، بەشێك لە بڕیاردەرانی شۆڕش هەستیان بە هەستیاری و مەترسییەکانی گرتنەبەری ئەم سیاسەتە کردبوو یان لانیکەم لە لێداوانەکانیاندا وا دەردەکەوت. بۆ نموونە ئایەتوڵڵا ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی (1934-2017) لە ساڵی 1982، ئاماژەی بەوە داوە کە یارمەتیدانی بزاڤە ئازادیخوازەکان، بابەتێکی ورد و هەستیارە و ئەگەرچی ئەمە "ئەرك"ێکە لەسەر خەڵکی ئێران بۆ یارمەتیدانی وڵاتانی چەوساوە و دەستووریش ئەم ئەرکەی خستووەتە ئەستۆی حکومەت و بزاڤەکانیش دەتوانن پشت بە ئێران ببەستن، بەڵام ئەگەر بە بەرنامە و لێکدانەوەی بەرژەوەندییەکانەوە مامەڵە نەکرێت، خودی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەکەوێتە مەترسییەوە، هەر بۆیە پێویستە دیاری بکرێت یارمەتی کام بزاڤە دەدرێت، دیاری بکرێت چ دامەزراوەیەك بەکارە هەڵدەستێت و حکومەتیش چاودێری بکات (رفسنجانی، 2024). ئاقایی، توێژەری بواری شۆڕشی ئێران، ئاماژە بەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی ڕابەرانی ئێران لەسەر هەناردەکردنی شۆڕش یەکدەنگ بوون، بەڵام بە پێویستیان دەزانی ئەم سیاسەتە نەرمەهێز بێت و لە ڕێگەی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بیروبۆچونی گەلان و لە چوارچێوەی پەیامی ڕزگاریخوازیی ئیسلام کار بکات (آقایی، 1385: 4)، هەرچەندە، ئەم تێڕوانینە لەگەڵ گوتارە زبر، هەڕەشەئامێز و دنەدەرەکانی ڕابەری ئێران، یەکی نەدەگرتەوە و لەگەڵ دەرکەوتنی ئاماژەکانی جەنگ و لە ماوەی جەنگدا، گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش، ڕادیکاڵانەتر دەبوو.

## بەشی دووەم
## دەرهاویشتە و دەرئەنجامی هەناردەکردنی شۆڕش

### 1-2 گوتاری شۆڕش بە ئاراستەی دەرەوەی وڵات

لە دوای جێگیربوونی شۆڕش، دوو بۆچوون سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە هاتە کایەوە؛ بۆچوونی یەکەم، لە لایەن ڕەوتی نیشتمانی-مەزهەبی (ملی مذهبی) پێشنیار کرا کە پێیان وابوو پێویستە هەموو تواناکانی وڵات بۆ بنیاتنانەوەی ناوخۆیی بەکار بێت و ئێرانی پاش شۆڕش وەك مۆدێلێکی سەرکەوتوو پیشانی جیهان بدرێت. بۆچوونی دووەم کە لە لایەن شۆڕشگێڕە ئامانجخوازەکانەوە ئاراستە دەکرا، جەختی لەسەر هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی ئێران دەکرد (حضرتی و دیگران: 1395: 88). کاتێك مەهدی بازرگان (1907-1995) وەك کەسایەتییەکی دیاری ڕەوتی نیشتمانی-مەزهەبی و ئەندامی بزاڤی ئازادی (نهضت آزادی) لە 6ی شوباتی 1979 وەك یەکەمین سەرۆك وەزیرانی پاش شۆڕش دیاریکرا و کابینەی کاتی (1979/2/4-1980/11/6) پێکهێنا، بە ئاشکرا دژی هەر جۆرە بەریەککەوتنێکی دەرەکی لە چوارچێوەی گوتارەکانی شۆڕش بوو. نموونەی دیاری ئەم جۆرە سیاسەتە وەك کە لە بیرەوەرییەکانی ئیبراهیم یەزدی (1931-2017)، وەزیری دەرەوەی کابینەی کاتی ئاماژەی پێ کراوە، بۆ هەوڵە دیپلۆماسییەکانی کابینەی بازرگان لە پاش هێرشی عێراق لە زستانی 1979 بۆ ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای ئێران دەگەڕێتەوە، بە جۆرێك کە بەریەککەوتنی ڕاستەخۆ و گرژبوونی پەیوەندییەکان، ڕێگری لێ کرا (تاریخ شفاهی، 1393). یەزدی باسی جموجوڵەکانی لە کۆنفراسی وڵاتانی بێلایەن لە کوبا دەکات، کە هەوڵی دابوو نیگەرانی ڕابەرانی عەرەب بڕەوێنێتەوە و هەر لەوێدا لەگەڵ سەددام حوسێن-یش دیداری کردبوو (تاریخ آنلاین، 2024). عومەر سالح ئەلعەلی، نوێنەری حکومەتی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە چاوپێکەوتنێکدا هەوڵەکانی یەزدی لە پەراوێزی کۆنفراسی وڵاتانی بێلایەن لە کوبا و دیداری لەگەڵ سەددام حوسێن بە ئامانجی هێورکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هەردوو وڵات، پشتڕاست دەکاتەوە. (شاهد علی العصر، 2021). بەڵام بە دەستلەکارکێشانەوەی مەهدی بازرگان لە تشرینی دووەمی 1980 بە هۆی نارەزایەتی بەرانبەر پەلاماری بەشێك لە خوێندکارانی زانکۆ بۆ سەر سەفارەتی ئەمریکا لە تاران، ئەم سیاسەتە گۆڕانکاری بەسەردا هات. بازرگان دواتر و لە سێیەم ساڵی جەنگی هەشت ساڵە، لە شرۆڤەیەکدا پێی وابوو کە شۆڕشی ئێران لە پاش ساڵی 1979-ەوە، ئاراستەیەکی جیاوازی وەرگرت و لە ئاراستە ڕەسەنەکەی خۆی لایدا. ئەو بە ڕەخنەگرتن لە بەئایدۆلۆژیاییکردنی شۆڕش، گوتارە شەڕەنگێز و دنەدەرەکان، توندڕەوییەکانی شۆڕشگێڕان و لە ئاستی دەرەوە سیاسەتی دژایەتیی هەر جۆرە ئاشنایی و پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا، پێی وابوو شۆڕش بەلارێدا چوو و بۆ ئەمە نموونەی کاردانەوەی سەرۆك کۆمار و ئایەتوڵڵا خومەینی لە پاش هێرشە سەرەتاییەکانی حکومەتی عێراق دەهێنێتەوە، کە بە چاوێکی کەم و بەدڵنیاییەکەی لەسەرخۆیانە، باسی بێ کاریگەریی هێرشەکانیان دەکرد (بازرگان، 1363: 60).

ئایەتوڵڵا خومەینی لە چەند وتاردا هەناردەکردنی شۆڕش بە یەکێك لە ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوەی داناوە و بە ڕاشکاوانە بەرگریی لێ کردووە: "ئێمە چەندین جار ئەم واقع و ڕاستییە لە سیاسەتی دەرەوە و نێودەوڵەتیی ئیسلامیمان ڕاگەیاندووە کە لە هەوڵی بڵاوەکردنی نفوزی ئیسلام لە جیهان و کەمکردنەوەی هەژموونی جیهانخۆران بووین و هەین" (خمینی، 21/1385: 81)، ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران جەخت لەو خاڵە دەکاتەوە، ئەگەر وڵاتانی "ئەڵقە لە گوێی ئەمریکا" ناوی فراوانخوازی و بیرۆکەی "ئەمپراتۆری گەورە" لەمە دەنێن، باکیان لێ نییە و تەنانەت پێشوازیی لێ دەکەن. خومەینی بانگەشەی ئەوە دەکات: "ئێمە لە هەوڵی وشکاندنی ڕیشەکانی فاسدی زایۆنیزم، سەرمایەداری و کۆمۆنیزم لە جیهانداین. ئێمە بڕیارمان داوە، بە لوتف و پشتیوانیی خوای گەورە، ئەو سیستەمانەی کە لەسەر ئەم سێ پایەیە ڕاوەستاون، لە نێو دەبەین (هەمانجا). ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە زمانێکی هەڕەشەئامێز بە وڵاتانی کەنداو دەڵێت: "ئێوە دەوڵەتەکانی کەنداو و غەیرە کەنداو لە هەوڵی ئەوەدان نەهێڵن ئیسلام یەك هەنگاو لە ئێران بێتەدەر، لە کاتێکدا بە پێچەوانەی حەزی ئێوە، پێی ناوەتەوە و دەشیهێنێتە دەرەوە" (خمینی، 18/1385: 158).

بەم شێوەیە، ئێران لە سیاسەتی دەرەوە گوتارێکی گرتەبەر کە لانیکەم لە ڕواڵەتدا وای دەردەخست سەر بە هیچ جەمسەرێکی ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵات بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤییەت نییە. ئەم ستراتیژییە کە بە سیاسەتی "نە

ڕۆژهەڵات نە ڕۆژئاوا" ناوی دەرکرد، پێکهاتەکانی سیستمی نێودەوڵەتی پێ پەسەند نەبوو و لە هەوڵی هێنانە کایەی "نەزمێکی جیهانیی ئیسلامی" لە ڕێگەی هەناردەکردنی شۆڕش بوو (آقايي، 1385: 17). ڕابەری ئێران چەندین جار لە وتەکانیدا دروشمی "نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا"ی بەکار هێناوێ و ڕایگەیاندبوو شۆڕشی ئێران هاوشێوەی شۆڕشەکانی تر نییە کە نیشتمانی یان حیزبی بێت، بەڵکو شۆڕشێکی ئیسلامییە کە داوای کۆماری ئیسلامی دەکات و دروشمی هەموو گەلی ئێران بریتییە لە "نە ڕۆژهەلات نە ڕۆژئاوا، کۆماری ئیسلامی" (خميني، 12/1385: 307). بۆیە مەرجی سەرکەوتنی شۆڕش ئەوە بوو کە ڕژێمێك لەسەر پایەی نە ڕۆهەڵات، نە ڕۆژئاوا بێتە کایەوە (همان، 21/1385: 143) و داوای لە خوێندکارانی زانستە ئایینی (طلبه) و خوێندکارانی زانکۆ کردبوو کە لەسەر ئەم دروشمە وەك "بنەڕەتێکی نەگۆڕ" بەردەوام بن و وەك ڕۆڵەکانی شۆڕش نەهێڵن کە لە هیچ شوێنێك دەست و پێوەنەکانی سۆڤێت و ئەمەریکا نفوز بکەن (همان، 195). بەشێکی ئەم ستراتیژییە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە شۆرشگێران بەتەواوی بە چاوێکی بەدبینانە لە هێزە دەرەکییەکانیان دەڕوانی و تەنانەت دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیان بە ژێردەستەی وڵاتانی زلهێزی وەك ئەمریکا دەزانی و متمانەیان بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبوو (شيرعلی نيا، 197).

ئایەتوڵڵا خومەینی لە چەندین وتاردا بە ئاشکرا هانی چین و توێژە جیاوازەکانی گەلانی عێراقی دا بۆ ئەوەی دژی حکومەت ڕاپەڕن؛ جەعفەر شیرعەلی نیا، لێکۆڵەری ئێرانی، پێی وایە، یەکەمین وتاری ئایەتوڵڵا خومەینی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش دژ بە سەددام حوسێن بۆ 8-ی نیسانی 1980 دەگەڕێتەوە، واتا پێنج مانگ پێش دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵە (همان، 41). ئەو لە وتارەکەیدا، سەددام حوسێن و ئەنوەر سادات بە "خۆرە خائینەکان" ناو دەبات کە هاوشێوەی محەمەدڕەزا شا، ملکەچی ئەمریکا بوون. خومەینی لە درێژەی وتارەکەیدا سەددام بە کەسێکی "ناحەزی نائیسلامی" پێناسەی دەکات کە دژی ئیسلام و زانایانی ئیسلام -بە تایبەتی شیعەکان- وەستاوەتەوە و حیزبەکەی "نامرۆڤانە و نایاساییە" (خميني، 12/1385: 233). ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە چەندین وتاردا سەددام حوسێن بە توندترین وەسفەکانی وەك کەسێکی مەترسیدار، گەندەڵ، ترسنۆك، فێڵباز، دڕندە، درۆزن و فاسق وەسف کردووە (خميني، 1392: 455-478). ئایەتوڵڵا خومەینی تەنانەت لە وڵامی پەیامی پیرۆزبایی ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆك کۆماری عێراق، بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و جێگیربوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە توانجەوە ئاماژە بەوە دەکات کە هۆکاری شۆڕشی ئێران بۆ دیکتاتۆریی و سەرکوتکاریی حکومەتی پەهلەوی دەگەڕایەوە و ئەمە "هۆشدارییەك" بووە بۆ هەموو موستەکبەران بەرانبەر بە موستەزعەفان (خميني، 7/1385: 32). خومەینی لە وتارێکدا لە نێو هۆزە عەرەبزمانەکانی باشووری ئێران (ئەهواز و خوزستان)، سەددام بە "کویلە"ی وڵاتە زلهێزەکان و دوژمنی گەلان و لە نێویاندا عەرەبەکان ناو دەبات و هیوایان پێدەبەخشێت، کە بە یارمەتی ئەوان ئەم دەسەڵاتە لە نێو ببرێت (خميني، 13/1385: 443-446). لە وتارێکی تردا داوا لە هۆزەکانی دیجلە و فورات و سوپای عێراق دەکات کە دژ بە "دەسەڵاتی گەندەڵ"ی عێراق ڕاپەڕن و دەستی "تاوانکار" و "خوێنڕێژی" سەددام لە وڵاتەکەیان ببڕن (خميني، 12/1385: 234). هەروەها، داوا لە "دەسەڵاتدارە دیندار و باشەکان"، هێزە سەربازییەکان و خوێندکارانی زانکۆ دەکات، کە دژی دەسەڵاتی "ستەمکاری"ی حیزبی بەعس بووەستنەوە و بە ڕاپەڕینێکی "ئیسلامییانە" هەوڵ بدەن "حکومەتێکی ئیسلام" بهێننە سەر دەسەڵات (خميني، ١٢/١٣٨٥: ٤٤ و ٥٦). خومەینی داوا لە سوپای عێراق دەکات دژی حکومەتی بەعس ڕاپەڕن و لە ڕێگەی "کودەتا"وە ئەم حکومەتە لەنێو ببەن (خميني، 12/1385: 247) و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی بەعس بە "ئەرکێکی شەرعی، خودایی و مرۆڤانە" دەزانێت، چونکە جەنگەکە لە نێوان ئیسلام-قورئان و کافر-ئیلحادە و جیا لە سوپایی، پلەدار و سەربازە موسڵمانەکان، داوا لە چینی کرێکار و فەرمانبەر موسڵمانەکان دەکات مان بگرن و بە خۆپێشاندان، دژایەتی خۆیان پێشان بدەن (خميني، 13/1385: 230-231).

وتارەکانی ڕابەری ئێران لە ساڵانی سەرەتای جەنگدا کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنەکانی ئێران لە بەرەکانی جەنگدا، جۆش و خرۆشی زیاتری پێوە دیار بوو؛ ئەو لە وتارێکیدا لە ساڵی 1981، عێراق بە وڵاتی دەستپێکەری شەڕ و دەستدرێژیکەر ناو دەبات و ئەگەری سازش و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: "ئاشتی نیوان ئیسلام و کوفر مانای نییە. هیچ موسڵمانێك نابێت خەیاڵی ئەوە بکات کە پێویستە لە نێوان ئیسلام و نائیسلام وموسڵمان و ناموسڵمان ئاشتی بێتە کایەوە" (خميني، 14/1385: 164). لە وتارێکدا بە بۆنەی هەڵمەت (عمليات)ی ڕەمەزان (1982/7/13-1982/7/29) کە ئاڕاستەی گەل و سوپای عێراقی کردووە، دەڵێت: "گەلی ئازیزی عێراق، ئێستا کە برایانی ئێوە بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆیان و ڕزگارکردنی برا ئازیزە لە بەندکراوەانیان بۆ لای ئێوە هاتوون، ڕاپەڕن... برایانی ئازیزی ئێوە و گەلی شەریفی ئێران لە پشت بەرەکانی جەنگەوە دێنە نێو بەرەکانی جەنگەوە..." (خميني، 16/1385: 375-376). خومەینی داوا لە گەلی عێراق دەکات کە ئەم هەلە بقۆزنەوە و بە یارمەتیدانی برایانی ئێرانیی خۆیان، وڵاتەکەیان ڕزگار بکەن، چونکە: "ئەم ساتە لە هەستیارترین ساتەکانە، یان سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر کوفری عەفلەقییەکان (مەبەستی میشێل ئەفلەقە) یان خوانەخواستە ئەگەر کەمتەرخەمییەك یان گوێنەدانێك ڕوو بدات، شکستی ئیسلام و نەنگی گەل بۆ هەمیشە [بە دوای خۆیدا دەهێنێت]" (همان، 376).

هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران تەنها لە ئاستی گوتار و ڕاگەیاندنەکاندا نەوەستا، بەڵکو لە ساڵانی جەنگی هەشت ساڵە، ئێران لە هەوڵی دروستکردنی هێز و بەرە بەرهەڵستکارە شیعەکانی دژ بە حکومەتی عێراق بوو. دیارترینی ئەم نموونانە، پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی (المجلس الأعلى للثورة الإسلامية) وەکو ڕێکخراوێکی ئیسلامی-سیاسی بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٨-ی تەشرینی دووەمی ١٩٨٢ لە وڵاتی ئێران پێکهێنرا و یەکەمین کۆنگرەی ئەم حیزبە لە شاری تاران بەسترا (المؤمن، 2020: 342). لەسەر پێشنیاری عەلی خامنەیی، کە لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ دۆسیەی عێراق ڕاسپێردرابوو، زانایان و پیاوانی ئایینی نەجەف و کەربەلا لە چوارچێوەی ئەنجومەنێکی گشتگیر کۆکرانەوە و بە چاودێری محەممەد باقر حەکیم (1939-2003)، پەیڕەو و پرۆگرامی ئەنجومەن داڕێژرا، هەڵبژاردنی بۆ کرا و دواتر سەرۆک و وتەبێژی ئەنجومەنەکە دیاریکران (فردا نیوز، 1397). ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی چەترێکی کۆکەرەوەی بەرهەڵستکارە شیعەکانی حکومەتی بەعس بوو، کە لە چەندین بەرە، کەسایەتی و حیزبی شیعی وەک "حزب الدعوة، منظمة العمل الإسلامي، حركة الجماهير المسلمة، جماعة العلماء المجاهدين، حركة المثقفين الرساليين و حركة المجاهدين، كتبة محمد باقر حكيم، تيار الخالصي و المستقلون" پێك هاتبوو. ا(لمؤمن، 2020: 343؛ الساري، (2018)، ئەنجومەن هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، ئاراستە فیکری، سیاسی و کردارییەکانی لە ئایەتوڵڵا خومەینی وەردەگرت و بەردەوامیی جیهاد و دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ سەر هاونیشتمانیانی عێراق بە ڕابەڕایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی ئێران، یەکێك لە ئامانج و بنەڕەتەکانی ئەنجومەن بوو (المؤمن، 2020: 342-344).

جگە لەمەش، لقێکی تایبەت بە هەناردەکردنی شۆڕش لە نێو سوپای پاسداری شۆڕشی ئیسلامی بە ناوی یەکەی بزاڤە ئازادیخوازەکانی سوپای پاسداران (واحد نهضت های آزادیبخش سپاه پاسداران) پێك هێنرا. ئەگەرچی لە یەکەمین پەیڕەوی تایبەت بە سوپای پاسداران لە ساڵی 1983، ئاماژەیەکی دیاریکراو بە ڕۆڵی ئەم دامەزراوەیە لە هەناردەکردنی شۆڕشدا نەکرابوو، جگە لەوەی لە مادەی یەکەمدا باس لەوە کراوە ئامانجی ئەم هێزە پارێزگاری لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و دەستکەوتەکانێتی (اساسنامه سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، 1361: 1). بەڵام ڕاگەیاندنی ئەم یەکەیە ئاماژەیەك بوو بۆ بەشداری سوپا لە ڕۆڵێکی دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. یەکەی بزاڤە ئازادیخوازەکان لە ڕاگەیەندراوی تایبەت بە ناساندنی خۆیان، پێکهێنانی خۆی بۆ ڕێنوێنییەکانی ڕابەری شۆڕش سەبارەت بە بەهێزکردنی "گەلە بێبەشکراوە ڕاپەڕیوەکانی جیهان" و دروستکردنی پەیوەندی برایانە لەگەڵ ئەو بزاڤانەی کە خەبات دەکەن بۆ ڕزگارکردنی گەلانی بێبەشکراو لە بەندی ئەمپریالیزمی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و زایۆنیزم، کە ئەمەش لەسەر بنەمای ستراتیژی شۆڕشی ئیسلامی بووە. (تریبون زمانه، 2024). یەکێك لە هەوڵەکانی یەکەی ئازادیخوازان پەیوەندی لەگەڵ سەرکردە و ئەندامی بزاڤە بەرهەڵستکارەکانی دژ بە ئیسرائیل و ئەمریکا و بەگشتی ئەو وڵاتانەی لە پێناسەی شۆڕشگێران بە ستەمکار ناسراو بوون، بوو؛ بەپێی بیرەوەرییەکانی سەعید حەجاریان، ئەندامی ئەو کاتەی دەزگای ئیتلاعات، یەکێك لەو هەوڵانە، هێنانی حەسەن نەسروڵا، جێگری سەرۆکی حیزبوڵڵا لەو کاتەدا، بۆ تاران بوو، بەبێ ئەوەی پاسپۆرت و ڤیزایان هەبووبێت (حجاريان، 1391: 41). جگە لەمە سوپای پاسداران ئەرکێکی جیاوازتریشی گرتە ئەستۆ، کە بریتی بوو لە دامەزراندنی "فەیلەق بەدر" وەك باڵی سەربازی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی کە ئەندامەکانی لە دیلە عێراقییە شیعەکانی جەنگ ناسراو بە "الاحرار" و بەرهەڵستکارانی حکومەتی عێراق ناسراو بە "المجاهدين" پێکدەهات (الجزيرة، 2016؛ نايتس و الاخرون، 2021).

### 2-2 کاردانەوەکانی عێراق بۆ گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش

لە پاڵ پاڵنەرە مێژوویی و سیاسییەکان کە وەک هۆکارەکانی دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق باسی لێوە دەکرێت، هەروەها بەرژەوەندییەکانی حکومەتی عێراق و خودی سەددام حوسێن کە هەلومەرجی ئێرانی پاش شۆڕشی بە دەرفەتێك بۆ پەلاماردان دەزانی، بەشێك لە توێژەرانی جەنگی ئێران و عێراق، بە ئاماژەدان بە زەمینەی ئایینی، سیاسی، هەروەها سنووری جوگرافیایی هاوبەش، شوناسی هاوبەشی شیعەکانی هەر دوو وڵات، پەیوەندی ئایەتوڵڵا خومەینی لەگەڵ گەروە زانایانی عێراق و بەرهەڵستکارانی شیعە، خواستی فراوانکردنی دەسەڵات لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە، لە لایەکی ترەوە سیاسەتی حکومەتی عێراق دژ بە شیعەکان، پێیان وایە گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش هۆکارێکی سەرەکی جەنگی هەشت ساڵە و کاردانەوەی توندی ناوخۆیی وەك لە سێدارەنی ئایەتوڵڵا سەدر لە ساڵی 1980- و دەرەکی سەددام حوسێن بووە (هيرو، 1390: 55-57؛ اسپوزيتو، 1382: 96-97؛ داناوان، 1396: 148-149).

بە گەڕانەوە بۆ بەشێك لە وتارەکانی سەددام حوسێن، بە ڕوونی هەست بەوە دەکرێت کە بابەتی هەنارەکردنی شۆڕش بووەتە مەترسییەك لەسەر عێراق و پرەنسیپە ئایدیۆلۆجی و دەسەڵاتخوازییەکەی حیزبی بەعس، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مەترسییە خێرایە لە نێو ئامانجە هەمیشەییەکانی سەددام حوسێندا وەك پاساوێك بۆ بەدیهێنانی پاوانخوازییەکان و دەرفەتێك بۆ هێنانە کایەی ئالنگارییەك کە هەڵەی ڕێککەوتنی جەزائیری پێ ڕاست بکاتەوە، لەم بارەدا هەوڵیدەدا شەرعییەت بە قووڵکردنەوەی ئەو ڕکابەرییە نوێیە بدات. هەر بۆیە بەعسییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی ئێران لە چوارچێوەی کایە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیدا لەگەڵ گۆڕانی نیزام یان حکومەتدا ناگۆڕێت، هەربۆیە سەددام حوسێن جەختی لەوەدەکردەوە کە سەرەڕای ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەوی و دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی، هێشتا ڕاستییە جیۆپۆلەتیکییەکان بە جێگیری ماونەتەوەو بەجۆرێك خومەینی لە ڕێگەی وتارە ئاگرینەکەی و لەگەڵ تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەکانی لە پێناو هەناردەکردنی شۆڕش و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای سیاسی خۆی، بە هاندان ڕۆحی تائیفی و ئایینی و گونجاندنی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی ئێراندا، بووەتە دیاردەیەکی مەترسیدار لە بەرانبەر مۆدێلە سیاسییە عەرەبییەکان، بەتایبەت عێراق کە مەڵبەندێکی فراوان شیعە بوو، (مجموعة من الباحثين: 2010، 10)، لە ئەنجامدا ئەو هەوڵانەی ئێران بۆ گۆڕینی ڕژێم و واقیعی ناوچەکە، لە ڕێگەی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دراوسێیە عەرەبییەکانی لە لایەن سەددام حوسێنەوە لێکدرایەوە، بە ئاشکرا ئەوەی خستبووەڕوو، کە ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئێران بە هاندانی ململانێی تائیفی و قووڵکردنەوەی ململانێی مەزهەبیی بەرانبەر ڕژێمەکانی وڵاتانی دەوروبەر و کار بۆ ڕووخاندنیان دەکات، (مركز الحوار السوري: 2021)، بەم پێیە لە دیدی بەعسدا ناوچە عەرەبییەکان لە پێشەنگی ئامانجەکانی هێزی نەرمی ئێراندایە بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی، بە تایبەت عێراق، کە لە کۆنەوە جێگەی سەرنجی ئێران بووە، چونکە بەربەستی سەرەکی بەردەم فراوانبوونی پێگەکەی بوو لە ناوچەکانی کەنداودا (المركز الديمقراطي العربى، 2017: 44).

لە بەرانبەر ناوەڕۆکی هەناردەکردنی شۆڕشدا، سەددام حوسێن لەو باوەڕەدابوو کە ئێران ڕێز لە تایبەتمەندی بەها باڵاکانی عەرەب ناگرێت و خواستی دەستدرێژیی بۆسەر شوناسی گشتی عەرەب هەیە، هەربۆیە لە چاوپێکەوتنێکیدا مەرجەکانی عێراق بۆ دانانن بە هاوسێیەتی ڕاستەقینەی لەگەڵ ئێران وەها لێکدایەوە، کە ئەو مەرجانە بەندن بە ڕێزگرتنی ئێران لە کەرامەتی نەتەوەیی عەرەب و پاراستن و گرێنتی سەربەخۆیی، زیاتر لەوە لە تێڕوانینی هەناردەکردنی شۆڕشی بەعسەوە، سەددام حوسێن خواستی ناڕاستەوخۆی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕشدا نەشاردەوە، بە تایبەت کاتێك ڕاشکاوانە دەڵێت: "دەکرێت ئێران، بە هەر شێوەیەك بێت، یارمەتی نەتەوەی عەرەب بدەن، بەڵام هیچ نەتەوەیەك (ئامانجی هەناردەکردنی شۆڕش) بۆ ئەو مەبەستە لە ئارادا نییە، تا بتوانێت نەتەوەی عەرەب ڕزگار بکات...، کاتێك هەندێك لە ڕۆڵەکانی ڕێگەیان لێ ون بێت، تەنها نەتەوەی عەرەب خۆی و تەنها ڕۆڵەکانی خۆی و بە گیانی مەبدەئییەکانی نەتەوە و بەها و مێژووی ئەم نەتەوەیە نەبێت ڕزگار نابێت"، (صدام حسين: ب.س، 25-26)، لێرەدا سەددام حوسێن پێی وابوو، ڕێبەرانی شۆڕشی ئێران لە ژێر پەردەوە پەیامی هەناردەکردنی شۆڕشیان هەیە و ئامانجیان دەستدرێژییە، هەر بۆیە گوتوویەتی: "بەردەوام مێژوویی نەتەوەیی عەرەب هەر وابووە، هەندێك لە ئێرانییەکان ویستوویانە لە پشت پەردەدا ئەو ڕۆڵە بگێڕن، چونکە ئەو جۆرە پەیوەندییە هەڵەیەی نێوان ئەوان و نەتەوەی عەرەب، خۆی لە خۆیدا پەردەیەکە بۆ شەرفرۆشتن و دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی". (صدام حسين: ب.س، 26).

زیاتر لەوە، دەرکەوتنی پەیامی توندئاژۆیی خومەینی دژ بە ئیمپریالیزم و پچڕاندنی یەکجاریی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا، کەشێکی وەهای بۆ بەعسییەکان ڕەخساند، کە دەبوو لە گوتارو کرداردا پەیامی هەناردەکراوی شۆڕشەکەیان بە ئاراستەی پەردەلادان لەسەر پەیوەندی سیستمی نوێی ئێران بە جیهانی دەرەوە هەڵماڵن، لەم چوارچێوەیدا پەیامی دژە زایۆنی بە پاساوی پاراستنی یەکێتی عەرەب دژ بە دەوڵەتی ئیسرائیل وەك دوژمنێکی هەمیشەیی و نەبڕاوە خواستێکی ئاینیی دژە ئێرانیی بۆ دەهێنایە دی و هەمان کات نەتەوەی عەرەبی لە پشتیوانی خۆی کۆدەکردەوە، لە لایەکی

ترەوە، ئەو هیوایەیان تیادا ڕسکابوو، کە دەشێت ببنە بریگرتەی ئێران لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکادا، هەر بۆیە سەددام حوسێن دژ بە ناوەڕۆکی پەیامە هاوردەکراوە مەزهەبییەکەی شۆڕش لە ئێران، دژایەتییە ئیمپریالیی و زایۆنییەکەی دەهێنایە پێش و ڕژێمی ئێرانی بە هاوکارو دۆستی ئیسرائیل تاوانباردەکرد، تەنانەت پێکدادان و گرێمانەی چاوەڕوانکراوی شەڕی بەردەوامیان بە هاوکاری چەکدارییانەی زایۆنی و بوونی پەیوەندییەکی گوماناوی وەك ئامرازێکی دەستی ئیمپریالیزم دەدی و ڕاشکاوانە ئایەتوڵڵا خومەینی بە ڕەگەزێکی شەڕخواز و هەڕەشەکار لەسەر ئاسایشی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناودەبرد، سەددام حوسێن لە زنجیرە گوتارێکدا ئاماژەی بەوەکردبوو، کە جیاوازی شۆڕشی عێراق لەگەڵ باوەڕی هەناردەکردنی شۆڕش لە ئێران و شەڕی درێژخایەنی نێوانیان لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبونەوە و ڕکابەرییە لە نێوان هێزی (چاوچنۆکان) و هێزی (پارێزەران)دایە، پێیوابوو لە نێو ئەو هاوکێشەیەدا شۆڕشی بەعس ئەرکی ئەوەیە وڵات لە چاوچنۆکان بپارێزێت و کار بۆ قووڵکردنەوەی حاڵەتی گەشەکردن و بونیادنانی ئابووری و پەرەپێدان بە پێشکەوتنی دەروونی و مەعنەوی بدات، هەر بۆیە پێیوابوو جەنگ بە تەنها لە نێوان دوو سوپا نەبووە، بەڵکو لە نێوان دوو ئیرادەدا بووە، یەکێان (عێراق) مەبەستی هەمیشەیی ئاشتیی بووە، ئەوەی تریان (ئێران) ڕووی لە هێرش و چاوچنۆکییە، هەروەها پاساویش بۆ بوونی چەشنە پەیوەندییەکی نێوان ئێران و ئیسرائیلی بۆ حاڵەتی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەکی ئەرجەنتین لە خاکی ڕووسیا لە 18ی تەمووزی 1980 دەهێنایەوە، کاتێك چەك و تەقەمەنی لە ئیسرائیلەوە بۆ هاوکاری دەگەیاندە ئێران. (زنجیرە کتێبی جەنگاوەر (41) (1988)، وەزارەتی بەرگری، دایەرەی ئاڕاستەکردنی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی دەزگای عەرەبی، بەغداد). زیاتر لەوە وەك وەڵامێك دژ بە گوتارە ئاینییەکەی خومەینی، سەددام حوسێن لە 22ی ئەیلوولی 1980 بە ناوی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ئۆپراسیۆنێکی جەنگی بەناوی (قادسیەی سەددام) بە ناوەڕۆکێکی مەزهەبیی دژ بە شەرانگێزو پیلانگێڕانی ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئێران ڕاگەیاند. (نص بيانيات القيادة العامة للقوات المسلحة لمعركة قادسية صدام: 1980، 4).

وەك پشتڕاستکردنەوەیەك بۆ ئەو بۆچوونەوەی کە هەناردەکردنی شۆرش تاکو چ ڕادەیەك ڕۆڵی لە هەڵگیرساندنی جەنگی هەشت ساڵە هەبووە، بەشێک لە بەرپرسانی ئێرانی سەرەتای شۆڕش، لە بیرەوەرییەکانیاندا دانیان بەوە ناوە، سەرەڕای ئەوەی شەڕەکە ئامانجێکی داگیرکەرانە و هێرشبەرانەی حکومەتی عێراق و سەددام حوسێن بووە و لە بەرانبەردا ئێران شەڕی مانەوە و بەرگری لە خۆی کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا، بابەتەکانی وەك هاندانی شیعەکانی عێراق و هەناردەکردنی شۆڕش، ڕۆڵی نەرێنی لە هاندانی عێراق بە پەلاماردانی ئێران و درێژەکێشانی جەنگەکە هەبووە. ئایەتوڵڵا حوسێن عەلی مونتەزەری، هاوەڵی نزیکی ئایەتوڵڵا خومەینی و لە متمانەپێکراوەکانی ساڵانی سەرەتای شۆڕش، لە بیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، شۆڕشگێران دووچاری "لەخۆبایبوون" بوون کە هیچ بایەخێکیان بە وڵات نەدەدا و لە سیاسەتی دەرەکی دروشمی هەناردەکردنی شۆڕش سەرهەڵدەدا، ئەمە وای کرد وڵاتانی دراوسێ "هەراسان" بن و دژی ئێران بانگەشە دەست پێ بکەن و عێراقیش بەدوای بیانوودا دەگەڕا. مونتەزەری باس لەوە دەکات کە نیگەرانییەکانی خۆی سەبارەت بە وروژاندنی وڵاتانی دراوسێ و عێراق گەیاندۆتە ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و داوای لێکردووە کە لێژنەکانی نیازپاکی بۆ ئەم وڵاتانە بنێرێت، بەڵام وەڵامی خومەینی ئەوە بووە، کە "وازیان لێ بێنن ئێمە ئیشمان بەو دەوڵەتانە نییە... ئێمە دەمانەوێت بە دەوری وڵاتەکەمان دیوار ڕابکێشین..." (منتظری، 1379/1: 565-567). مونتەزری لە لە چاوپێکەوتنێکی تردا لەگەڵ پەیامنێری "بی بی سی" لە ساڵی 2006، جارێکی تر دان بەوەدا دەنێت کە بانگەشەکانی وەک هەناردەکردنی شۆڕش، هۆکارێکی هەڵگیرساندنی جەنگی هەشت ساڵە بووە و دروشمە توندەکانیان بووە هۆی ترسی وڵاتانی دراوسێ، هەر بۆیە داوای ناردنی شاندی نیازپاکی کردووە بۆ وڵاتانی دەوروبەر بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنێت کە پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاسایی دەبێت لەگەڵیان (بی بی سی فارسی، 2014).

سەید مەحمود دوعایی (1941-2022)، باڵیۆزی ئێران لە عێراق تاوەکو پێش هەڵگیرساندنی جەنگی هەشت ساڵە، لە بیرەوەرییەکانیدا بە ئاماژەدان بە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی ئێران کە خاوەن گوتارێکی هاوبەش نەبوون، نموونەی ڕادیۆی ئەهواز دەهێنێتەوە کە لە لایەن بەرهەڵستکارانی دەوڵەتی عێراق بەڕێوە دەچوو و ئەو بابەتانەی پەخش دەکرد کە ویستی حزب و ڕێکخراوە بەهەڵستکارکانی نێو عێراق بوو (دعایی، ۱۳۸۷: ۱۷۵). دوعایی ئاماژە بەوە دەکات کە ئامۆژگاری ئەنجومەنی شۆڕشی (شورای انقلاب) کردبوو کە پێویستە پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق بپارێزێت و پێداچوونەوە بە شێوەکانی پەیوەندیی نێوان دوو وڵات بکرێت، چونکە ئەو شێوازە لە شەڕی ڕاگەیاندنەی کە لە لایەن بەشێك لە ڕاگەیاندنەکانی ئێران ئاراستە دەکرا، "کاریگەریی لە سەر لێکدانەوەی عێراق بۆ شۆڕشی ئیسلامی هەبووە" (همان، ۱۷۵). ئیبراهیم یەزدی ئاماژە بەوە دەکات لە کاتێکدا تەوەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەوڵەتی کاتیی سەبارەت بە عێراق لە لایەن ئەنجومەنی شۆڕش و ڕابەری شۆڕش قبوڵ کرابوو، بەڵام بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن، بەرانبەر بە دەوڵەتی عێراق "زۆر هێرشبەرانە و دنەدەرانە" بووە، ئەمەش بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و دژ بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی ئێران بوو (یزدی، 1400/5: 127-128). یەزدی پێی وابووە هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران "پێشبینیکراو" بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرا "پێشگیری" لێ بکرێت، بە مەرجێك ئێران دنەی حکومەتی عێراق و سەددامیان نەدایە. ئەمە لە کاتێکدا بووە تەلەفیزیۆنی ئێران ئەوەندە بە توندی دژ بە سەددام کاری دەکرد کە دوعایی لە سەردانێکی بۆ ئێران، لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی شۆڕش (شورای انقلاب) بە بێزارییەوە ڕایدەگەیەنێت: "من ئیتر ناگەڕێمەوە بۆ عێراق، ئەگەر دەتانەوێت بجەنگن ئیتر پێویستتان بە باڵیۆز نییە، ئەم کارانەی ئێوە دەیکەن، بانگهێشتکردنە بۆ جەنگ" (تاريخ آنلاين، 2024).

بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەرچی ویستی حکومەتی عێراق و خودی سەددام حوسێن بۆ هێرشکردنە سەر ئێران ئامادەیی هەبووە، بەڵام حکومەتی شۆڕشگێڕانی ئێران جگە لە یەك ساڵی یەکەمی دوای شۆڕش، نەك تەنها هەوڵی خۆدوورخستنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتی عێراق نەدا، بەڵکو زیاتر لەسەر ڕێچکە شۆڕشگێڕ و ئایدۆلۆژیاییەکەی شۆڕش بەردەوام بوو، بە جۆرێك کە بیانووی پێویستی بە حکومەتی عێراق بەخشی. مەهدی بازرگان ڕاشکاوانە لە شرۆڤەیەکدا پێی وابووە، جەنگی هەشت ساڵە "هەم بەرهەمی شۆڕش، هەم ناسێنەری شۆڕش و هەم جووڵێنەری بووە" و بە واتایەکی تر، ئەو جەنگەکە بە "بەرهەمی شۆڕش" دەزانێت، دەرهاوێشتەی ئاراستەی دووەمی شۆڕش بووە، کە تیایدا ئامانجەکانی شۆڕش کەوتە ژێر کاریگەری گوتارەکانی وەك "هەناردەکردنی شۆڕش"، دژایەتی ئیستکبار و کافرەکان (بازرگان، 1363: 59-60). لەم دۆخەدا، وشەی "ئاشتی" واتایەکی باشی لە ئەدەبیاتی جەنگی ساڵانی جەنگی هەشت ساڵە نەبوو، بگرە بە سازش و تەنانەت خیانەت دەخوێندرایەوە، هەر بۆیە پێشنیاری ئاشتی و کۆتاییهێنان لە لایەن وڵاتانی دیکە بە نیشانەی هێزی ئێران و ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیارە لە لایەن ئێرانەوە بە باڵادەستی شۆڕشگێڕانە لێکدەدرایەوە (شیرعلی نیا، 197).

### 3-2 لێکەوتەکانی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش لە جەنگی هەشت ساڵەدا

هەڵوێستی وڵاتانی کەنداو، وڵاتە زلهێز و ئەوروپییەکان لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵە، ئەگەرچی بەتەواوەتی بە قازانجی عێراق نەشکایەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی خستە پەراوێزە؛ لە پاڵ گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش، گوتارە ئایۆلۆژییەکانی دیکە وەك دروشمی نە ڕۆژهەڵات نە ڕۆژئاوا (نە شرق نە غربی)، پشتیوانی لە بزوتنە رزگاریخوازەکان، هەوڵدان بۆ گۆڕینی نیزامی جیهانی و دژایەتیکردنی ئەوەی کە ئێران بە "ئیستکباری جیهانی" ناوی دەبرد، هەموویان بوونە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی ڕژێمە تازە پێگرتووەکەی شۆڕش لەگەڵ زۆرێك لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی جیهان و ناوچەکە تێك بچێت و ئێران لە ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بەبێ پشتیوانێکی جیددی بمێنێتەوە (سرمدی و ازغندی، 1395: 5).

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا لە ماوەی جەنگدا ئاسایی نەبوو؛ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێت بە هۆی پرسی ئەفغانستان و پشتیوانیی ئێران لە بەرهەڵستکارانی ئیسلامی دژ بە حکومەتی کۆمۆنیستی، نیگەرانی یەکێتی سۆڤیێتی لێ کەوتەوە، بە جۆرێك لە سێ ساڵی یەکەمدا بێ لایەنی هەڵبژارد، بەڵام لە ساڵانی دواتردا زیاتر بەرەو لایەنگریی و تەنانەت پشتیوانی عێراق چووە پێشەوە (درویشی سه تلانی و رحمتی، 1395: 44-52). سەبارەت بە ئەمریکا ئەگەرچی قەیرانی بارمتەکانی سەفارەتی ئەمریکا لە ئێران، پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتی پچڕاندبوو، بەڵام بە ئازادبوونی بارمتەکان و هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕوناڵد ڕیگان (1981-1989) و بە هۆی ئامانجەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ڕێگریکردن لە هەژموونی یەکێتی سۆڤیێت، پشتیوانیی ئیسرائیل و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، وای کردبوو حکومەتی ڕیگان لە چوار ساڵی یەکەمدا سیاسەتێکی ناجێگیری هەبێت، بەڵام مەترسی هەژموونی کۆمۆنیزم ڕێگر بوو لەوەی ئەمریکا بە تەواوەتی دژایەتی ئێرانی ئیسلامی بکات (کدی و گازیوروسکی، 1379: 137-138). بە واتایەکی دیکە ململانێ و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیێت و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە کێشمەکێشە ئابووری-سیاسییەکان هۆکارێك بوو کە هەر وڵاتێك بەپێی جیوپۆلەتیکە تایبەتەکەیەوە، گرنگی و قورسایی لە هاوکێشەی ململانێیەکاندا هەبێت. سەبارەت بە وڵاتانی ئەوروپی، فەرەنسا وەك لایەنگری عێراق، پشتیوانیی چەك و تەقەمەنی دەکرد، ئەڵمانیا چەکی کیمیاویی بۆ عێراق هەنارده کرد و وڵاتانی تری وەك بەریتانیا و ئیتالیا تا ڕادەیەك بێ لایەنیان پیشان دا (آقایی، 1385: 17-18). بەم شێوەیە، ئێران نەیتوانی لایەنگری و پشتیوانییەکی مسۆگەری وڵاتانی ئەورووپی بەدەست بهێنێت.

سەبارەت بە وڵاتانی هەرێمی و بەتایبەتی کەنداو دۆخەکە جیاواز بوو؛ هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە، بەشێك لە وڵاتانی ئیسلامی بە نیگەرانییەوە چاودێری گۆڕانکارییەکانی ئێرانیان دەکرد و سەرنجراکێشی گوتار و مۆدێلی شۆڕشگێڕانەی ئێران هەراسانیانی کردبوون. لە نێویاندا ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو هەر لە سەرەتاوە بەگومان بوو لە ئاست هەناردەکردنی شۆڕش، بەتایبەتی گوتاری ئیسلامییانەی شۆڕش و ترسیان لە بڵاوبوونەوەی تیرۆر و توندوتیژیی هەمان کات ئەو گوتارە میدیاییەی دژ بە ئیمپریالیزم پێی دەدوان، ئەگەرچی جۆرێك دڵنیاییان هەبوو، کە هەلومەرجی نێودەوڵەتی بە سانایی ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی گوتاری شۆڕش نادات، هاوکات دڵنیایی ئەوتۆیان دەربارەی سەرەڕۆیی سەددام حوسێن نەبوو، زیاتر لەوەش دەیانزانی کە ئێران لە دۆخێکی ناجێگیریی ئابووریدا بوو، هەر بۆیە جۆرێك لە هاوسەنگییان لە مامەڵەی نێوان ئێران و عێراقدا پاراستبوو (عطية، 2024: 289-290)، هەربۆیە سیاسەتی وڵاتانی کەنداو بەگشتی بەرانبەر بە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران لەسەر بنەمای ترس و هاوسەنگی و نیگەرانییە ئەمنییەکاندا بوو، بەم پێیە هەڵوێستی وڵاتانی کەنداو بەرانبەر بە گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران هەر لە سەرەتاوە ترسی بوو لە بڵاوبوونەوەی گوتاری شۆڕشگێڕیی و نیگەرانیی مەزهەبیی و تائیفی دژ بە سیستمی پاشایەتی لە کەنداو بە تایبەت سعودیە، کە نیگەران بوون لەوەی گوتاری شۆڕشگێڕانەی ئێران، پەیامێکی ئیلهامبەخش بێت بۆ تێکدانی سەقامگیریی ناوچەکە و هاندان و سازانی ڕاپەڕین لەو وڵاتانەی دانیشتوانی زۆری شیعەیان تێدایە، بەتایبەتی بەحرێن کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی شیعە مەزهەب بوو، لە لایەکی ترەوە سعودییەکان خۆیان وەک سەرکردەی مەزهەبی سونە لەنێو جیهانی موسڵماناندا تەماشا دەکرد، هاوکات بیروباوەڕی تیۆکراتی ئاینیی و سەرکردایەتیی شیعەی ئێرانیان وەک ئاڵنگارییەکی ڕاستەوخۆ دەزانی، چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامیدا، بەم پێیە گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران بەشداریی ڕاستەوخۆی لە ئاڕاستەکردنی ئاسایشی کەنداو کرد، هەر بۆیە وڵاتانی کەنداو هەوڵیان دا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا بەهێزتر بکەن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییە هەستپێکراوەی ئێران، تاکو ئەو ڕادەیەی زەمینە بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەکی ئەمنی وەک ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو (GCC) لە ساڵی ١٩٨١ بێتەکایەوە، کە لەبەرانبەر گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش هەوڵیدا ئاسایشی بەکۆمەڵ لە ناوچەکەدا بەرەوپێش ببات. (.Nonneman, 2004: 167-168).

زیاتر لەوە وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سعودیە و کوەیت لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەدا پاڵپشتی سیاسی و داراییی و سەربازیان پێشکەش بە عێراق کرد، ئەگەرچی لە ئاست سەرەڕۆییەکانی خودی سەددام حوسێن نیگەران بوون، بەڵام بەهۆی مەترسی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش هیوایان وابوو دەتوانن بە پاڵپشتی عێراق خواستە فراوانخوازییەکانی ئێران جڵەو بکەن و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی بیروڕا ڕادیکاڵی و شۆڕشگێڕییەکانی خومەینی بکەن، بەتایبەت کە وڵاتانی کەنداو ترسیان لەوە هەبوو، لە ئەگەری سەرکەوتنی ئێران لە شەڕی هەشت ساڵەدا ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینی شیعەکانی بن دەستیان بکات و سیستمی پاشایەتی ناوچەکە تێکبدات، لەسەر ئەم بنەمایانە وڵاتانی کەنداو کاردانەوە دیپلۆماتی و ئابوورییەکانیان بەرانبەر گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش لە ئێران بە وریایی و چاودێریی ئەمریکا دەچووە پێش، ئەگەرچی ئەو هەڵوێستە نەرێنییانە بە تێپەڕبوونی کات و لە ژێر کاریگەریی ترس لە ستراتیجی عێراق و مەترسیان بۆسەر ئاسایشی کەنداو گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بەشێک لە وڵاتانی کەنداو، وەک عومان، هەوڵیان دا پەیوەندیی پراگماتیک لەگەڵ ئێران بپارێزن و بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانیان لەگەڵ نیگەرانییەکانی ئەمنیەتی ناوچەکە هاوسەنگ بکەن، هەر بۆیە لە بواری ئابووریدا بەردەوامیان بە فراوانکردنی ئەو پەیوەندییە دەدا.

جیا لەوە، پیرۆزبایی بەشێك ڕابەرانی ئیسلامی لە سودان و مالیزیا و فیلیپین، جووڵەی شیعەکانی وڵاتانی کەنداو و بەرزکردنەوە دەنگی ناڕەزایەتیان، ڕووداوەکانی وەك ڕاپەڕینی شیعەکانی عێراق لە شارەکانی کەربەلا و نەجەف و کوفە لە مانگی حوزەیرانی 1979، تەقینەوەکانی مانگی تشرینی دووەمی 1979 لە عەرەبستان و ڕاپەڕینی شیعەکانی شاری ئەحسا، ڕاپەڕین و یاخیبوونەکانی شیعەکانی کوەیت و بەحرێن و ...، لەو ڕووداوانە بوون کە هانی وڵاتانی کەنداوی دا، پشتگیری سەددام حوسێن بۆ سەرکوتکردنی حکومەتێکی شۆڕشگێڕی شیعیی بن (اسپوزیتو، 1382: 49-52). لەگەڵ ئەوەشدا سوریا و لیبیا لە ماوەی ئەم شەڕەدا تەنها وڵاتانی عەرەبی بوون لە بەرەی دژ بە ئێران نەوەستان و سەرەڕای کشانەوەی لیبیا لە ساڵی ١٩٨٦ لە پشتیوانی ئێران، دەوڵەتی سوریا کە لە لایەن سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعس بەڕێوەدەبرا،

بەهۆی ناکۆکییە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس لە عێراق وەك حیزبی دەسەڵاتدار، تاوەکو کۆتایی جەنگەکە لە پشتگیری و یارمەتیدانی ئێران بەردەوام بوو (سبتي الحديثي، 2019: 199؛ مجموعة من الباحثين، 2012: ١٥٢؛ پارسادوست، ١٣٨٦: ٢٦٤-٢٦٥). بە شێوەیەکی گشتی، وەك بازرگان ئاماژەی پێ داوە، دۆخی نێودەوڵەتی ئێران لە پەیوەندیی زلهێزەکان و وڵاتانی ئەورووپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەندا، بەرهەمی گوتارەکانی شۆڕش بوو کە گۆشەگیری و جیابوونەوەی ئێران لە جیهانی لێ کەوتەوە (بازرگان، 1363: 61).

زیانە چاوەڕواننەکراوەکانی جەنگی هەشت ساڵە و دەرهاویشتەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پێگەی ئێران لە ناوچەکە و کاریگەری لە سەر پەیوەندی ئێران لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، بابەتی هەناردەکردنی شۆڕشی خستە ژێر پرسیاریکی گەورەوە. جەنگی ئێران و عێراق کە بە یەکێك لە ماوەدرێژترین جەنگەکانی مێژوو دادەنرێت، بنیاتی مادی و ژێرخانی ئێرانی تووشی زیانی گەورە کرد و کاریگەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی جەنگ بۆ ساڵانی دواتر درێژەی کێشا.

بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی پاراستنی شوێنەوار و بەهاکانی بەرگری پیرۆز (بنیاد حفظ آثار و ارزش‌های دفاع مقدس) کە لە ساڵی 2015 و لە زاری موجتەبا جەعفەری، جێگری ئەم ڕێکخراوە بڵاو بوویەوە، قوربانییەکانی ئێران بریتی بووە لە: ١٩٠ هەزار کوژرا و ٦٧٢ هەزار کەمئەندام، جگە لە (42) هەزار کەس کە لە ماوەی شەڕەکەدا بە دیل گیران (ایرنا، 1393). بەپێی ئامارێکی تری توێژەرێکی ناوخۆی ئێران، ژمارەی کوژراوانی جەنگ (ئەوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدی ئێران ناویان تۆمار بووە)، 217 هەزار و 489 کەس بووە، کە لەم ژمارەیە، ڕێژەی 42/3% کوژراوان تەمەنیان لە 16 بۆ 20 ساڵ و ڕێژەی 29/2% تەمەنیان لە نێوان (21 بۆ 25) ساڵ بووە، بە واتایەکی تر، لە هەر سێ کوژراوی ئێرانی، دوو کەسەیان تەمەنیان لە خوار (25) ساڵ بووە (مردم سالاری، 1399). بەپێی ڕاپۆرتی مەیدانی لیژنەیەکی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1991، زیانە مادییەکانی ئێران بە (97) ملیارد دۆلار لێك دراوەتەوە؛ (50) شار و شارۆچکە و (4) هەزار گوند زیانیان بەرکەوتبوو و هەندێکیان بەتەواوی خاپوور بووبوون، 13 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون وێران بووبوون و (190) هەزار یەکەی تریش زیانی گەورەیان بەرکەوتبوو، لە ئەنجامی ئەو دۆخەدا یەك ملیۆن و (250) هەزار کەس ئاوارە بوون. بە شێوەیەکی گشتی لە کۆی (24) پارێزگای ئێران لەو کاتەدا، پێنج پارێزگا لە نێو بەرەی جەنگدا بوون، (11) پارێزگا بەر هێرشی ئاسمانی وموشەك کەوتن و دوو لەسەر سێی خەڵکی ئێران لە نێو جەنگ و ئامانجی هێرشەکانی حکومەتی عێراق بووە (هەمان). لەگەڵ ئەمەشدا لایەنی ئێرانی هەڵسەنگاندنی زیانە مادییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی زۆر بە کەمتر زانیوە کە بە لێکدانەوەی خۆیان زیاتر لە (1000) ملیارد دۆلار بووە (ایرنا، 1393).

بە شێوەیەکی گشتی، لە بواری ئابووریدا کەرتەکانی کشتوکاڵ و نەوت، زۆرترین زیانیان بەرکەوت، لەگەڵ ئەمەشدا کەرتەکانی وەك کانگاکان، پیشەسازی، کارەبا، ئاو و غاز، خزمەتگوزارییەکان، بەندەر و کەشتیڕانییەکان زیانی گەورەیان بەرکەوت. لە کۆی گشتی زیانەکان، (32.2) بەر بینا و دامەزراوەکان، (32%) ئامێر و کەلوپەلەکان و (36.8%) مەواد و کاڵاکان کەوت. زیانەکان بەپێی خەمڵاندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرنامە و بودجە گەیشتە (8.395.569) ملیارد تمەن (دڕپسند و رئوفی، 1390: 185). گرنگترین کێشەی حکومەت، دابینکردنی خەرجییەکانی جەنگ بوو و بەو پێیەی کە ئێران وڵاتێکی پشتبەستوو بە ئابووریی نەوتی بوو، لە ئەنجامی دابەزینی داهاتی نەوت لە ساڵی 1985، خەرجییەکانی ئێران لە (38) ملیارد تمەنی سەرەتای جەنگ بە زیادبوونی سێ ئەوەندەییەوە گەیشتە (96) ملیارد لە یەك ساڵی پێش کۆتایی هاتنی جەنگ (متقی و قربانی، 1401: 91). تەرخانکردنی زۆرترین بەشە بودجە بۆ لایەنی سەربازی و بەرگری، بووە هۆی ئەوەی حکومەت توانای گەشەپێدانی کەرتەکانی دیکەی ئابووری نەبێت و هەڵاوسانی ساڵانی سەرەتا و کۆتایی جەنگی هەشت ساڵە دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردبوو، بە جۆرێك کە لە دوایین ساڵی جەنگەکە، ڕێژەی هەڵاوسان گەیشتە بەرزترین ڕادەی خۆی کە (29%) بوو (هەمان، 100). بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشێکی گەورە لە بینا و کەرەستەی پاڵاوتگە نەوتییەکانی ئێران زیانیان بەرکەوت؛ بۆ نموونە زیانەکانی پاڵاوتگەی ئابادان لە ماوەی هەشت ساڵدا، (700) ملیۆن بەرمیل نەوت بە نرخی (27) ملیارد دۆلار بووە (مردم سالاری، 1399). بەپێی ئامارە ناوخۆییەکانی ئێران، زیانەکانی بە کەشتیڕانی نیشتمانی ئێران (شرکت ملی نفتکش ایران) نزیکەی (7.958.723) هەزار ڕیاڵ بووەکە 25.9% زیانەکان بە هۆی کەشتییانەی تووشی لێدان بوو و (74.1%) زیانەکانیش بۆ ئەو کەشتیانە دەگەڕایەوە کە بەتەواوی لەنێوچوون (دڕپسند و رئوفی، 1390: 201).

## 4-2 دوای جەنگی هەشت ساڵە؛ پێداچوونەوە بە گوتاری شۆڕش

جیا لە دەرئەنجام و کاریگەرەکانی شەڕی هەشت ساڵە لەسەر دۆخی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران، لە ڕوویەکی ترەوە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی نێودەوڵەتی لە ئارادا بوون و بەتایبەتی کۆتاییهاتنی قۆناغی شەڕی سارد هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان. واقعییەتەکانی جەنگی هەشت ساڵە بوونە هۆی ئەوەی کە تێڕوانینی "ئامانجخوازانە" بەرەبەرە بکەونە پەراوێزەوە و جێگای خۆی بە دیدی "واقیعبینانە" لە سیاسەتی دەرەوە بدات (سرمدی و ازغندی، 1395: 5)، وەك جۆن فۆران وسفی دەکات، بە کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا خومەینی لە حوزەیرانی 1989 و جەنگی هەشت ساڵە بە قوربانی و زیانە زۆرەکانی و قەیرانی کوەیت، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی شۆڕشی ئێران هاتە کایەوە، کە تیایدا دابەزینی تای ئایدۆلۆژی، گۆشەگیری سیاسی و کۆتایی هاتنی سەرچاوە مادییەکان، ڕێگەی بۆ لایەنگرانی بازاڕی ئازاد و میحوەری ڕۆژئاوا خۆش کرد (فوران، 1392: 590). لەم قۆناغەدا چیتر کۆتایی بە ڕکابەرییە ئایدۆلۆژییەکان هاتبوو و جیهانی نوێی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، زیاتر لەسەر بنەمای هاوکاریی نێوان دەوڵەتان و وابەستەبوونیان بەیەکتر ڕاوەستابوو. لەم ڕووەوە، لە ناوخۆی ئێرانیشدا ئەو بۆچوونە هاتەکایەوە کە باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، دەتوانرێت یارمەتییەکی گەورە بە بنیاتنانەوەی ئێران بگەیەنێت وەك گەورەترین ئاڵنگاری و بەربەستی بەردەم ڕژێم بوو. لەم سەردەمەدا بە هۆی هەڵوەشانەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران و بەهێزبوونی پۆستی سەرۆك کۆمار، ڕۆڵی سەرۆك کۆمار لە سیاسەتی دەرەوە زیادی کرد و سەردانە بەردەوامەکانی ئایەتوڵڵا هاشمی ڕەفسەنجانی (1989-1997) بۆ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، وای کرد کە ئەم قۆناغە بە یەکێك لە چالاکترین قۆناغەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دابنرێت (قاسمی، 2016: 210).

ئێران لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵە، پێداچوونەوەی بە سیاسەتی دەرەوەی خۆی کرد؛ لە یەکەمین هەنگاوی کرداریدا و لە یەکەمین پرسی سەرەکیی هەرێمیدا کە پەیوەندی بە هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت و جەنگی دووەمی کەنداو (1990-1991) بوو، هەوڵیدا لە لایەك بێلایەنی خۆی و لایەکی تر سەرنجی وڵاتی کەنداو ڕابکێشێت. هاشمی ڕەفسەنجانی ئاماژەی بەوە دەکات، ئەگەرچی بەشێك لە هێزە توندهاژووەکانی ناوخۆ لایەنگری بەشداریی ئێران لە جەنگەکە بە قازانجی عێراق بوون، بەڵام دواجار سیاسەتی بێ لایەنی، بڕیاری کۆتایی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو (هاشمی رفسنجانی، 1392: 14). بە واتایەکی تر، بێ لایەنیی ئێران لە جەنگی دووەمی

کەنداو و ئیدانەکردنی هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت، یەکەمین ئاماژەی ڕوونی گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوە و پێداچوونەوە بە دروشمی هەناردەکردنی شۆڕش بوو (سیجبر و دیگران، 1399: 55). موحسن ڕەزایی، فەرماندەی سوپای پاسداران لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵە، لە بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بە میحوەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی دەگێڕێتەوە: "لە سیاسەتی دەرەوەی هەناردەکردنی شۆڕش ڕاگیرا و سازکردنی پەیوەندی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی و باشکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، وەك دوو ڕێچکەی سەرەکی هەڵبژارد" (تاریخ ایرانی، 1390). هەر بۆیە حکومەتی هاشمی ڕەفسەنجانی تاکو ڕادەیەك پشتی لە گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی وەرگێڕا و دڵنیاییدا لە دەستوەرنەدانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ترو پاراستنی ئاشتی و سەقامیگریی کەنداو، لەم ڕێگەیەشەوە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و بە تایبەت سعودیە بردە قۆناغێکی سەقامگیر و تا ئەندازەیەك متمانە پێکراو هەر ئەوەش هۆکار بوو بۆ دامەزراندنی پشتیوانییەك لەگەڵ وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو دژ بە حکومەتی عێراق لە شەڕی کەنداو و پتەوکردنی پەیوەندییەکی دامەزراو لە ڕووی ئابووری و دۆسیەی نەوت و کەناڵەکانی هەناردەکردنی (عطیة، 2024: 291).

هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ لادانی گرژییەکان و نزیکبوونەوە لە وڵاتانی کەنداو، لە سەردەمی کابینەی هاشمی ڕەفسەنجانی بووە بنەمایەکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوە و بابەتی هەناردەکردنی شۆڕش لە سیاسەتی دەرەوە بەو شێوەیەی کە لە سەرەتای شۆڕش کاری بۆ دەکرا، خرایە پەراوێزەوە و هەوڵدرا وێنەیەکی جیاواز لە ئێران پیشانی دەرەوە بدرێت. گوتاری "ئابووری میحوەر" بووە بنەمای حکومەتی ناسراو بە "بنیاتنانەوە" و بەرنامەی بووژانەوە و پێشخستنی ئابووریی داتەپیوی ئێران لە ئەنجامی جەنگی هەشت ساڵە، سیاسەتی کرانەوەی دەرەکی لە ڕێگەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا و گەڕانەوە بۆ ناو دامەزراوە جیهانییەکان، چووە نێو بەرنامەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران (موسوی، ۱۳۸۷: ۸۹).

## دەرئەنجام

شۆڕشی 1979ی ئێران هاوشێوەی شۆڕشە کاریگەر و گەورەکانی سەدەی بیستەم، هەڵگری ناوەڕۆکێکی جیهانی و خەونی هەناردەکردنی شۆڕشەکەی بۆ وڵاتانی هەرێمی و تەنانەت نێودەوڵەتی بوو. ئایەتوڵڵا خومەینی وەك سەرەکیترین کەسی شۆڕش لە داڕشتن و ئاراستەکردنی گوتارەکانی شۆڕش، بە سوودوەرگرتن لە گوتارێکی ئیسلامی-شیعی و دووانەی موستەزعەفین و موستەکبەرین، لە هەوڵی هاندان و جوڵاندنی سەرجەم ئەو گەلانە بوو کە لە دیدی ئەودا دەچوونە چوارچێوەی گەلانی بەشخووراو و ستەملێکراو لە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی وڵاتانی ستەمکاری بیانی و دەست و پێوەندەکانیان لە وڵاتانی هەرێمیدا. گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش زیاتر لە هەر شوێنێك، وڵاتی عێراق و دەسەڵاتدارانی بەعسی بە ئامانج گرتبوو، بەتایبەتی کە زەمینە مێژوویی، سیاسی، ئایینی و کولتوورییەکانی ئامادە بوو، هەروەها پێناسە و ئاماژەکانی شۆڕش بۆ وڵاتانی ملکەچی زلهێزەکان دەیگرتەوە، جیا لەوەی کە بوونی زۆرینەی شیعە کە بە ڕای شۆڕشگێڕان نموونەی دیاری موستەزعەفین و چەوساوەکان بوون، هاندەرێکی سەرەکی بۆ جووڵاندنی هەستی ئایینی و نیشتمانیی شیعەکانی هەر دوو وڵات بوو. ئەمە لە کاتێکدا بووە کە لایەنی بەرانبەریش زەمینە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی وەڵامدانەوەی ئەم گوتارەی بۆ ڕەخسا بوو، بە جۆرێك کە گوتاری توند و ڕاشکاوانەکانی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بیانوو و شەرعییەتی پێویستی بۆ عێراق و هەڵگیرساندنی شەڕ خۆش کرد. ئەگەرچی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش لە ساڵانی جەنگی هەشت ساڵە بەردەوامی هەبوو، بەڵام دەرهاویشتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی جەنگ، لە لایەکەوە بووە هۆی لەنێوبردنی بەشێك لە سەرخان و ژێرخانی ئابووریی ئێران، وێڕای زیانە مادی و مەعنەوییەکانی تر، لە لایەکی دیکەشەوە گۆشەگیریی ئێرانی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، بە جۆرێك کە بە کۆتاییهاتنی جەنگ و هاتنە سەر دەسەڵاتی کابینەی نوێ حکومەت، گوتاری پێداچوونەوە بە سیاسەتی دەرەکی و کرانەوە بە ڕووی وڵاتانی هەرێمی جێگەی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی گرتەوە. بەم شێوەیە گوتاری ئایدۆلۆژیانەی شۆڕش کە ئاراستەیەکی سەروسنووری هەبوو، کەوتە پەراوێزەوە و کرانەوە لە سیاسەتی دەرەوە و بنیاتنانەوە لە ناوخۆدا جێی گرتەوە.

## سەرچاوەکان


القرآن الكريم

### کتێب و دانراوەکان

ازغندی، علیرضا (۱۳۹۲)، روابط خارجی ایران ۱۳۰۰-۱۳۵۷، تهران: قومس.

اسپوزیتو، جان ال (1382)، انقلاب ایران و بازتاب جهانی آن، ترجمه: محسن مدیر شانه‌چی، تهران: مرکز بازشناسی اسلام و ایران.

اطلس جنگ ایران و عراق: فشرده نبردهای زمینی 31 شهریور 1359-29 مرداد 1367، تهران: سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، مرکز اسناد و تحقیقات انقلاب اسلامی، 1387.

آیین انقلاب اسلامی: گزیده‌ای از اندیشه و آراء امام خمینی (۱۳۸۷)، دفتر نهم، جلد دوم، تهران: تنظیم و نشر آثار امام خمینی.

آشوری، داریوش (1378)، دانشنامه سیاسی، چاپ پنجم، تهران: انتشارات مروارید.

بازرگان، مهدی (1363)، انقلاب ایران در دو حرکت، چاپ چهارم، تهران.

پارسادوست، منوچهر (۱۳۸۶)، ما و عراق از گذشته دور تا امروز(تجاوز عراق، پیامدها، پایان جنگ و رویدادهای پس از آن)، تهران: شرکت سهامی انتشار.

توآل، فرانسوا (1376)، ژئوپلیتیک شیعه، ترجمه کتایون باصر، تهران: خاوران.

حزب البعث العربي الاشتراكي القيادة القومية (1985)، مكتب الثقافة و الاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد.

حزب البعث العربي الاشتراكي القيادة القومية، بعض المنطلقات النظرية التي أقرها المؤتمر القومي السادس في تشرين الاول ١٩٦٣، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٢.

خمینی، روح الله (1385)، صحیفه امام، تهران: مؤسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی (س).

خمینی، روح الله (۱۳۹۲)، دفاع مقدس(جنگ تحمیلی) در اندیشه امام خمینی، تهران: موسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی(ره).

خمینی، روح الله (1394)، استکبار جهانی و شیطان بزرگ از دیدگاه امام خمینی، تهران: موسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی(ره)، 1394.

خوجم لی، عبدالوهاب (1392)، "تبیین موقعیت ژئوپلتیک ایران"، فصلنامه نگین ایران، سال دوازدهم، شماره۴۴، صص ۷۶-۷۷؛

دژپسند، فرهاد و رئوفی، حمیدرضا (1390)، اقتصاد ایران در دوران جنگ تحمیلی، چاپ دوم، تهران: سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس.

دعایی، سید محمد (۱۳۸۷)، گوشه ای از خاطرات حجت الاسلام والمسلمین سید محمود دعایی، تهران: مؤسسه تنظیم ونشر آثار امام خمینی(س)، ۱۳۸۷.

دهقانی فیروزآبادی، سیدجلال (۱۳۹۵)، سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، تهران: سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاها(سمت).

داناوان، جروم (1396)، جنگ ایران و عراق پیشینه‌ها و روند تشدید تعارض، ترجمه: حمیدرضا جاویدزاده، تهران: نشر مرز و بوم.

رسول، فاضل (2010)، العراق- ايران اسباب و ابعاد النزاع، السليمانية: دار سردم.

سبتي الحديثي، علي (2019)، الحرب الايرانية- العراقية 1980-1988م: ضغوط التاريخ و أوهام العقائد، دار الموج الاخضر للنشر الميسر.

شيرعلی نيا، جعفر (بی تا)، نكته‌های تاريخی، بی جا، بی نا.

صورت مشروح مذاكرات مجلس بررسی نهائی قانون اساسی جمهوری اسلامی ايران (1364)، جلد اول-جلسه اول تا سی و يكم، تهران: اداره امور فرهنگی و روابط عمومی مجلس شورای اسلامی.

فوران، جان (1392)، مقاومت شكننده: تاريخ تحولات اجتماعی ايران، ترجمه: احمد تدين، چاپ چهاردهم، تهران: موسسه خدمات فرهنگی رسا.

قاسمی، فريدون (2016)، جمهوری اسلامی ايران از بازرگان تا روحانی، ويراستار: سيروس رزاقی پور، انتشارات اچ اند اس.

كارل ماركس و فريدريش انگلس (1385)، مانيفست حزب كمونيست، محمد پورهرمزان، چ2، چاپ و انتشارات حزب توده ايران.

كدی، نيكی و گازيوروسكی، مارك (1379)، نه شرقی، نه غربی (روابط خارجی ايران با امريكا و اتحاد شوروی)، مترجمين: ابراهيم متقی و الهه كولايی، تهران: مركز اسناد انقلاب اسلامی.

لينين (د.س)، افلاس الأممية الثانية، سلسلة دراسات الماركسية، روافد للنشر و التوزيع.

مجموعة الباحثين (2010)، العرب و ايران، مراجعة في التأريخ و السياسة، المركز العربي الأبحاث و دراسة السياسات.

مجموعة من الباحثين (2012)، العرب و ايران: مراجعة في التاريخ و السياسة، تحرير: عزمي بشارة و محجوب الزويري، بيروت: المركز العربية للابحاث و دراسات السياسات.

مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی ايران (١٣٩٥)، معاونت حقوقی رياست جمهوری، تهران: اداره چاپ و انتشار معاونت تدوين، تنقيح و انتشار قوانين و مقررات.

مروين زونيس و دانيل برومبرگ (١٣٦٨)، "تشيع به روايت (امام) خمينی" دركتاب تشيع و مقاومت و انقلاب اسلامی، مجموعه مقالات كنفرانس بين المللی دانشگاه تل آويو (١٩٨٤)، تهران.

مقدس، علی اصغر (1377)، مستكبرين و مستضعفين از ديدگاه امام خمينی (س)، در كتاب: مجموعه مقالات كنگره بين المللی امام خمينی(س) و احياء تفكر دينی، جلد 2، مؤسسه تنظيم و نشر آثار امام خمينی (س).

المناهج الثقافی المركزی (ب.س)، حزب البعث العربی الاشتراكی القيادة القومية مكتب الثقافة و الاعلام، بغداد.

منتظری (1379)، بخشی از خاطرات، جلد اول، بی جا، بی نا.

المؤمن، علي (2020)، سنوات الجمر (مسيرة الحركة الاسلامية في العراق 1957-1986)، الطبعة الخامسة، مركز دراسات المشرق العربي.

هاشمی رفسنجانی، اكبر (1392)، كارنامه و خاطرات 1369 (اعتدال و پيروزی)، به اهتمام: عماد هاشمی، تهران: دفتر نشر معارف انقلاب.

وليامس، دای (2016)، في التجربة البعثية الثورية في العراق، ت.أحمد كاصد النعيمي، ط١، دار الفرات، بغداد.

هيرو، ديليپ (1390)، طولانی ترين جنگ رويارويی نظامی ايران و عراق، ترجمه: عليرضا فرشچی، رضا فريدزاده و سعيد كافی، تهران: نشر مرز و بوم.

يزدی، ابراهيم (1400)، شصت سال صبوری و شكوری (خاطرات دكتر ابراهيم يزدی)، جلد پنجم (دفتر سوم) روابط ديپلماتيك، انتشارات كوير، تهران.

Eric, Sangar (2002), Exporting Revolutionary Institutions Across the Rhine, chapter 1, springer nature.

### توێژینەوەی زانستی

آقايی، سيد داود (1385)، "سياست خارجی جمهوری اسلامی ايران در دوران جنگ هشت ساله(با نگاهی به جايگاه جامعه اروپايی در اين سياست)"، مجله دانشكده حقوق و علوم انسانی، شماره 74، 1385.

حضرتی، حسن و قيصريان فرد، هادی و آونخ، مينا (1395)، "جنگ ايران و عراق در گفتمان نهضت آزادی ايران"، فصلنامه ژرفاپژوه، سال سوم، دفترچهارم، شماره پياپی10.

درويشی سه تلانی، فرهاد و رحمتی، مهدی (1395)، "بررسی روابط ايران و شوروی در دوره جنگ تحميلی (با تأكيد بر مسئله افغانستان)، فصلنامه مطالعات دفاع مقدس، دوره 2، شماره 1، شماره پياپی (5).

متقی، ابراهيم و قربانی، مهدی (1401)، "اقتصاد سياسی ايران در دوران دفاع مقدس"، فصلنامه علمی مطالعات دفاع مقدس، دوره 8، شماره 1، شماره پياپی 29.

موسوی، سيدرضا (١٣٨٧)، "اولويت سياست خارجی ايران در دوره سازندگی"، فصلنامه راهبرد، شماره ٨٤.

علی اكبر جعفری و ديان جانباز (١٣٩٥)، "تنوع گفتمانی در سياست خارجی جمهوری اسلامی ايران و وجوه ديپلماسی نوين هسته¬ای"، فصلنلمه پژوهش¬های راهبردی سياست، سال چهارم، شماره ١٦.

سهيمر، رضا؛ رضاپور، دانيال؛ آذين، صديقه (١٣٩٩)، "سياست جمهوری اسلامی ايران در قبال كشورهای شورای همكاری خليج فارس"، فصلنامه مطالعات بنيادين و كاربردی جهان اسلام، سال دوم، شماره چهارم.

دبيرزاده، شهريار (1382)، "تأثير گفتگوی تمدن ها بر سياست خارجی جمهوری اسلامی ايران"، فصلنامه سياست خارجی، سال هفدهم، شماره 1.

طهماسبی برنا، محمد (1403)، "هويت و صدور انقلاب روسيه"، فصلنامه مطالعات آسيای مركزی و قفقاز، سال سی ام، شماره 126.

عطية، عبدالرحمن طارق (2024)، "مواقف دول مجلس التعاون لدول الخليج العربية تجاه السياسة الإيرانية (1989ــ 1997)"، مجلة دراسات دولية، عدد 99.

سرمدی، حميد و ازغندی، عليرضا (1395)، "جنگ تحميلی و تأثير آن بر تغيير گفتمان سياست خارجی ايران(از آرمانگرايی دهه اول به عملگرايی منفعت محور دهه دوم انقلاب اسلامی)، ماهنامه پژوهش ملل، دوره اول، شماره 10.

ضحى سمير يونس: المستكبرون و المستضعفون فی ضوء النصوص القرآنية، وقائع المؤتمر العلمی الدولی الرابع، مؤسسة منارة للتنمية و التعليم، جامعة نولج أربيل، 8-9/ 2/ 2023.

### گۆڤار

منتظری، حسينعلی (1366)، "مستضعف كيست؟"، مجله پاسدار اسلام، سال ششم، شماره 67.

خوجم لی، عبدالوهاب (1392)، "تبيين موقعيت ژئوپلتيك ايران"، فصلنامه نگين ايران، سال دوازدهم، شماره٤٤.

حجاريان، سعيد (1391)، "اصلاحاتچی چريك نمی شود"، گفتگو رضا خجسته رحيمی با سعيد حجاريان، مجله انديشه پويا، سال اول، شماره 2.

### ماڵپەر

آفتاب نيوز (1387)، "اعلام خطر خاتمی درباره تحريف انديشه های امام(ره)", https://aftabnews.ir/fa/news/74665/، دسترسی: 2023/11/21؛

تابناك (1387)، "خاتمي: درباره تحريف انديشه امام اعلام خطر مي‌كنم"، https://www.tabnak.ir/fa/news/10012/، دسترسی: 2024/8/21.

فردا نيوز (1397)، "روايت آيت‌الله هاشمی شاهرودی از تاسيس مجلس اعلای عراق توسط رهبری"، https://shorturl.at/nusVE، متاح: 2024/8/20.

جام نيوز (1393)، "صدور انقلاب اسلامی، وارد فصل جديدی شده است"، https://www.jamnews.com/detail/News/455998، دسترسی: 2024/8/22.

تاريخ ايرانی (1390)، "محسن رضايی: هاشمی صدور انقلاب را متوقف كرد"، http://tarikhirani.ir/fa/news/772/، دسترسی: 2024/11/21.

ايرنا (1393)، " 190 هزار ايرانی در جنگ تحميلی به شهادت رسيدند"، https://www.irna.ir/news/81318456/190، دسترسی: 2024/8/22.

تاریخ ایرانی (1393)، "جنگ ایران و عراق قابل پیش‌بینی و پیشگیری بود"، https://shorturl.at/4Q49D، قابل دسترسی: 2024/8/25.

رفسنجانی (2024)، " مصاحبه آقای هاشمی با مجله پیام انقلاب پیرامون نهضتهای آزادی بخش سپاه و تشکیل تیپ های قدس و ..."، شنبه 25 اردیبهشت 1361، https://shorturl.at/TowLf، دسترسی: 2024/8/21.

مردم سالاری (1399)، "خسارت رسمی ایران در جنگ تحمیلی: ۹۷ میلیارد دلار"، https://shorturl.at/3tcPr، دسترسی: 2024/8/26.

خبرآنلاین (1403)، " مناظره در «کافه خبر» خبرآنلاین برای پاسخ به این سوال؛«چه کسی جنگ را آغاز کرد؟»، https://shorturl.at/aHNJ9، دسترسی: 2024/8/21.

الجزيرة (2016)، " بدر.. مليشيا عراقية حاربت صدام وقاتلت مع الأسد"، https://shorturl.at/c8o1F، متاح: 2024/11/25.

نايتس، مايكل؛ سميث، مايكل؛ مالك، حمدي (2021)، "لمحة عامة عن «منظمة بدر»"، https://shorturl.at/gfpKx، متاح: 2024/11/25.

المركز الديمقراطي العربي (2017)، "أثر المذهبية في السياسة الخارجية الإيرانية تجاه الشرق الأوسط (2003 ــ 2015)، دراسة حالة سوريا ولبنان والعراق"، https://democraticac.de/?p=47176، متاح: 2024/11/25.

مركز الحوار السورى (2021)، "تصدير الثورة والتحولات في السياسة الإيرانية"، https://shorturl.at/1XjgN، متاح: 2024/11/25.

Giunta, Jon (2024), “The French Revolution: Liberty, Equality, and Fraternity”, Ancient pedia, https://shorturl.at/dUiV2, accessed: 25/11/2024.

Cheng, Yinghong (2006), “ Exporting Revolution to the World: A Preliminary Study on the Impact of the Cultural Revolution in Asia”, Africa and Latin America, modern China studies, https://shorturl.at/KNVKj, accessed: 12/10/2024.

Nonneman, Gerd (2004), The Gulf States and the Iran-Iraq War: Pattern Shifts and Continuities, ResearchGate, https://shorturl.at/zhiQ , accessed: 14/10/2024.

**ڤیدیۆ**

تاریخ آنلاین (2024)، "خشتِخام۳ | ابراهیم یزدی و حسین دهباشی | نسخه کامل و بدون سانسور | بخشِ اول"، https://www.youtube.com/watch?v=ErsX2L5Lre8، دسترسی: 2024/11/19.

تاریخ آنلاین (2024)، "خشتِخام۳ | ابراهیم یزدی و حسین دهباشی | نسخه کامل و بدون سانسور | بخشِ دوم"، https://www.youtube.com/watch?v=iRSwlHXRNhQ، دسترسی: 2024/11/19.

بی بی سی فارسی (۲۰۱٤)، "روایت آیت‌الله منتظری از حبس تا حصر"، قابل مشاهده در: https://www.youtube.com/watch?v=QfbIop5dM5k، دسترسی: 2024/10/14.

شاهد على العصر (2021)، "صلاح عمر العلي مع أحمد منصور: صدام يستولى على السلطة ويعد للحرب على إيران، قسم الأول"، https://www.youtube.com/watch?v=JgBxmG1p7iY، متاح: 2024/12/9.

# تێڕوانینی (ابن تیمیە) (٦٦١- ٧٢٨ك / ١٢٦٣ - ١٣٤٨ز) بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی مێژووی ئیسلامیی

نهاد جلال حبيب الله

ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** (ابن تیمیە) یەکێکە لە زانا موسڵمانەکانی نێو سەدەکانی ناوەڕاست کە لە سەردەمی خۆی و دوای خۆیشی کاریگەرییەکی کارای لە نێو کۆمەڵگەی موسڵمانان و لە ئاست دەسەڵاتە جیاوازەکانیشدا هەبووە، سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمیش کاریگەری هزری ئەو کەسایەتییە لەناو موسڵماناندا گەیشتە ئاستێکی بەرز و هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە. ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات دیدی (ابن تیمیە) بۆ دەسەڵات و دەوڵەتەکانی ناو مێژووی ئیسلامی بخاتە بەرباس، چونکە ئەم کەسایەتییە لە زۆر پرسی مێژووی مرۆڤایەتیدا قسەی کردووە، لە سەرەتای پەیدابوونەوە هەتا سەردەمی خۆی لە پرسە مێژووییەکاندا دواوە، لەو میانەشدا بەشێکی بەرچاوی خوێندنەوەکانی بۆ دەسەڵات و دەوڵەتەکانی ناو مێژووی ئیسلامی بووە، چ دەسەڵات و دەوڵەتە گەورەکانی وەک خیلافەتی راشیدی و دەوڵەتی ئومەوی و دەوڵەتی عەبباسی و دەوڵەتی فاتیمی، چ دەسەڵاتە دیارەکانی وەك زەنگییەکان و ئەیووبی و مەملوکییەکان، چ دەسەڵاتە ناوچەییەکانی وەك غەزنەوییەکان، زیاتر هەڵسەنگاندنی ئایینی کردووە و هەندێ جار لەوەش وردتر دواوە لە دیدی مەزهەبییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کردون. واتە ئەو پێوەر و هەڵسەنگاندنانەی لە دیدی مەزهەبی ئەهلی سوننەدا هەن، (ابن تیمیە) هەوڵی داوە لێیان لانەدات. توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت.

**کلیلە ووشەکان-** ابن تیمیة، مێژووی ئیسلامی، دەوڵەتی ئومەوی، دەوڵەتی عەبباسی، دەوڵەتی ئەیووبی، دەوڵەتی مەملووکی.

## پێشەکی:

(ابن تیمیە) یەکێکە لەو زانا موسڵمانانەی نێو سەدەکانی ناوەڕاست کە پاش زیاتر لە حەوت سەدە کاریگەرییەکی بەرفراوانی هزر و نووسینەکانی بەسەر تاك و کۆمەڵگەی موسڵمانی ئەمڕۆوە هەیە. بەشێکی زۆری ئەو رەوت و بزاڤ و جووڵانەوانەی ئەمڕۆی موسڵمانان لەژێر کاریگەری هزری ئەو کەسایەتییەدان، دیارترینیان رەوتە سەلەفییەکان کە (ابن تیمیە) وەك رێبەرێکی باڵای مێژووییان تەماشـــا دەکرێت. ئەوان لە زۆربەی بابەتەکاندا لە دیدی نووسینەکانی ئیبن تەیمییەوە خوێندنەوە دەکەن و بڕیار دەدەن.

تایبەتمەندی ئەم کەسـایەتییەش لەوەدایە کە تەنها لە بوارێکدا نووسـینی نەبووە، بەڵکو لە بوارە جیاوازە فیقهی و بیروباوەڕیی و فەلسەفی و هزری و مێژووییەکاندا نووسینی هەیە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات دیدی (ابن تیمیە) بۆ دەسەڵات و دەوڵەتەکانی ناو مێژووی ئیسلامی بخاتە بەرباس، بەتایبەت کە بەشێك لەو دەوڵەت و دەسەڵاتانە هەتا ئەمڕۆش لای بەشێکی بەرچاوی موسڵمانان مامەڵەیەکی بیروباوەڕییان لەگەڵ دەکرێت و قسەکردن لە بارەیانەوە بە بەشێك لە بیروباوەڕی ئیسلامیی هەژمار دەکەن و لەمڕۆدا رەنگدانەوەی لەسەر هەواداریی و دژایەتی و هەڵوێست وەرگرتنیان هەیە.

**مێتۆدی توێژینەوە:** مێتۆدی توێژینەوە مێژوویی (وەسفی-شیکاری)یە لە رێی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی خودی (ابن تیمیە) و خوێندکارەکانی و وەرگرتنی دید و تێڕوانینەکانی لە سەرچاوەی یەکەمەوە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:** هەوڵ دراوە لەم توێژینەوەدا زیاتر پشت بە نووسینەکانی خودی (ابن تیمیە) ببەسترێت، وەك کتێبی ''منهاج السنة النبوية'' یان ئەو سەرچاوانەی هاوسەردەم و نزیکی (ابن تیمیە) بون، وەك ''مسالك الأبصار في ممالك الأمصار'' ی (ابن فضل الله العمري)، هاوکات سوود لە نووسینە هاوچەرخەکانیش بینراوە، وەك نووسینەکانی جۆن هۆڤەر لە بارەی ئیبن تەیمییەوە، یاخود کتێبی (قواعد المنهج السلفي في الفكر الإسلامي) لە نووسینی (مصطفى حلمي) کە تیایدا لەبارەی دید و بیرکردنەوەی (ابن تیمیە)وە دواوە.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

ڕۆڵی (ابن تیمیە) لە مێژوو و لەمڕۆدا لە چ ئاستێکدایە؟

ئایا (ابن تیمیە) لە پرسە مێژووییەکان دواوە؟

دیدی (ابن تیمیە) بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی ناو مێژووی ئیسلامی چۆن بووە؟

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا ناساندنی (ابن تیمیە) و ڕۆڵ و کاریگەری هزریی ئەو کەسایەتییە لە سەردەمی خۆی هەتا ئەمڕۆ و دیدی بە شێوەیەکی گشتی بۆ دەسەڵات. لە بەشی دووەمدا دیدی

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp100-109
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 11 شباط 2025؛ قُبل في 13 نيسان 2025؛ نُشرت في 15 تموز 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: nihad.habibullah@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 نهاد جلال حبيب الله. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(ابن تيمية) بۆ دەوڵەتە گەورەکانی ناو مێژووی ئیسلامی باسکراوە. لە بەشی سێیەمدا تێڕوانینی بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی دیکەی ناو مێژووی ئیسلامی خراوەتەڕوو.

## ١-ناساندنی ئیبن تەیمە و کاریگەرییە هزرییەکەی و دیدی بۆ دەسەڵات

### ١-١ ناساندنی (ابن تيمية)

ناوی (أحمد) ی کوڕی (عبدالحليم)ی کوڕی (عبدالسلام) ی کوڕی (عبدالله) ی کوڕی (أبوالقاسم) ی کوڕی (تيمية) ی حەڕانیە (ابن عبدالهادي، ٢٠٠٥، ٥٧؛ الذهبي، ١٩٨٨، 56/1). لە ڕۆژی دوو شەممە 10 ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی (661ك /1263ز)ی لە شاری حەڕان لەدایک بووە (الذهبي، ١٩٨٨، 56/1)

هیچ سەرچاوەیەک لە هەواداران و نەیارانی (ابن تيمية) ڕەچەڵەکی نەتەوەیی ئەم کەسایەتییەیان یەکلانەکردۆتەوە، بەڵام کەسایەتی و ناوبانگەکەی وایکردووە ڕای جیاوازی لەسەر دروستبێت و هەرکام و بیدەنەوە پاڵ خۆیان، هەندێک پێیان وایە عەرەبە چونکە نووسین و قسەکردن و شارەزایی لە عەرەبیدا بووە، بەڵام ڕای زیاتر لەسەر ئەوەیە کە (ابن تيمية) کوردە، چونکە شاری حەڕان شارێکی کوردیە و ئەو بنەماڵەش هەر لەوێ ژیاون و دواتر کۆچیانکردووە بۆ دیمەشق بۆ ناو عەرەبەکان. هەروەها (ابن تيمية) هەڵگری سیفەتەکانی تاکی کورد بووە. سەردەمی (ابن تيمية)ش ئەو سەردەمە بووە کە کوردەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە خزمەتکردنی زانستە ئیسلامییەکاندا و کاریگەرییان لە ڕووداوەکانی میسر و شامدا هەبووە. (حبيب الله، 2017، ٤٧)

کاتێک شاڵاوی مەغۆلی مەترسی لای زۆرێک لە موسڵمانان دروستکرد، بنەماڵەی (ابن تيمية) لە ترسی ئەو شاڵاوە حەڕانیان بەجێهێشت و چوون بۆ دیمەشق، (ابن العماد الحنبلي، 1998، 241/6)، ئەمەش لە ساڵی (٦٦٧ك/ ١٢٦٨ز) دا بوو (الذهبي، ١٩٨٨، 56/1).

پاش ئەوەی (ابن تيمية) ناو و ناوبانگێکی دەرکرد، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی فیقهناسەکاندا کێشەی بۆ دروستبوو و ژمارەیەکیان ڕقیان لێهەڵگرت و هەوڵیاندا لە دژی کاربکەن، بۆ ئەمەش لەسەر فەتواکانی و بیروباوەڕەکەشی قسەیان دەکرد و ڕەخنەیان لێدەگرت (أبوزهرة، 2000، 28-29؛ موسى، 1988، 94)، لە ئەنجامی درێژەکێشانی ئەو ڕاجیاییەدا بابەتەکە گەیشتە دادگایی کردن و لە ساڵی (705ك/1305ز) لە دیمەشق سێ کوڕی دادگاییان بۆ گرت و هەوڵیاندا تاوانباربوونی ئەم کەسایەتییە بسەلمێنن (الذهبي، ١٩٨٤، ٣٠/٦)،

دواتر لە ساڵی (٧٠٥ك/ 1305ز) لە میسرەوە داواکرا (ابن تيمية) بنێردرێتە ئەوێ و لەوێش دادگایی بکرێت. (ابن تيمية) پابەندی بڕیارەکە بوو و چوویە قاهیرە، سوڵتانی مەملووکی بەرامبەری توند بوو و ئەوەبوو ماوەیەك بەند کرا، دواتر لە ساڵی (٧٠٩ك/ 1309ز) گوازرایەوە بۆ ئەسکەندەرییە، پاشان ئازاد کرا و گەڕێنرایەوە قاهیرە و دواتر برایەوە بۆ ئەسکەندەرییە و لەوێش بەند کرا. دواتر سوڵتان (ناصر) ی مەملووکی ئازادی کرد. ئینجا (ابن تيمية) میسری جێهێشت و لە ساڵی (712ك/ 1312ز) دا گەڕایەوە دیمەشق ( ابن حجر، ١٩٧٢، ١٦٨/١-١٦٩). لە جارێکی دیکە لەوێ لەسەر دوو بابەتی زانستیی کە ڕای جیاوازی هەبوو سکاڵای لەسەر کرا و لە بەندیخانەی قەڵای دیمەشق بەندکرا و ئازاد نەکرا (ابن فضل الله العمري، 2010، 702/5) تا ئەوەی لە ساڵی (728ك/1346ز) لە بەندیخانەدا کۆچی دوایی کرد (الذهبي، 1988، 56/1؛ الحافظ العراقي: الوافي، 2018، 341).

جەماوەرێکی زۆری (ابن تيمية) ئامادەی ئەسپەردەکردنی بوون و بە زیاد لە شەست هەزار کەس خەمڵێنران، دواتر لە گۆڕستانی (الصوفية) لە دیمەشق ئەسپەردە کرا (ابن فضل الله العمري، 2010، 702/5).

بەرهەمەکانی (ابن تيمية) زۆرن، بەڵام ئەوەی گرفتی بەردەم زانینی هەموو بەرهەمەکانیەتی، ئەوەیە کە هەندێک لە نووسینەکانی نەماون (سالم، 1992، 23)، لە دیارترینی ئەو کتێبانەی هەیەتی بریتین لە "درء تعارض العقل والنقل" و "منهاج السنة النبوية" کە لەمەدا بە وردی قسە لەسەر بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتە ئیسلامییەکان دەکات، "الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح" و "مجموع الفتاوى" کە کۆکراوەی بەشێکی زۆر لە فەتوا و نووسینەکانی ئەو زانایەن. بە گشتی نزیکەی سەد بەرهەمی لە ئێستادا بەردەستن و زۆربەیان چاپکراون.

ئەم زانایە نامیلکەیەکی تایبەتی نووسیوە سەبارەت بە دەستنیشانی ئەو گۆڕەی کە سەری (حسين بن علي) تێدا ئەسپەردە کراوە، کتێبەکەشی ناو ناوە "رأس الحسين" و تیایدا بە وردی قسە لەسەر ئەو مەزارانە دەکات کە بە ناوی کەسایەتییە گەورەکانەوە بنیاد نراون و هەوڵ دەدات لە ڕووی مێژووییەوە نادروستی ئەو مەزارانە بخاتەڕوو و ئامانجی پشت دامەزراندن و گرنگیپێدانیان دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە قسە لەسەر گۆڕی ئوبەی کوڕی کەعب دەکات و لە ڕووی مێژووییەوە بەرپەرچی دەداتەوەو پێی وایە ئەو کەسایەتییە هەرگیز نەچووەتە دیمەشق و لە مەدینە کۆچی دوایی کردووە. دواتر گومان دەخاتە سەر مەسیحی بوونی ئەو کەسەی لەو گۆڕەدا ئەسپەردە کراوە. (رأس الحسين، 190)

لە کتێبی "منهاج السنة النبوية" دا کە لە وەڵامی کتێبی زانایەکی شیعەدا بە ناونیشانی "منهاج الكرامة" نووسیویەتی، (ابن تيمية) زۆر بابەتی وردی مێژوویی پەیوەست بە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدین و دەوڵەتانی ئومەوی و عەباسی خستۆتەڕوو.

وێڕای ئەوەش بەشێکی بەرچاوی خوێندکارەکانی (ابن تيمية) کەسانی مێژوونووس دەرچوون، لە نموونەی ئەوانەش (ابن كثير) و (شمس الدين الذهبي). (شلش، ٢٠٠٥، 46-51) (الصفدي) (الصفدي، ٢٠٠٠، 14/7)، (ابن الوردي) (ابن الوردي، 1996، 276/2).

### ١-٢ کاریگەریی هزری (ابن تيمية)

کاریگەری هزری (ابن تيمية) هەر لە سەردەمی خۆیدا بەرجەستە بوو، چ لە ڕووی مامەڵەی بەرامبەر بە دەسەڵات کە خەڵکانێکی زۆر لەژێر کاریگەری هزر و فەتواکانی ئەودا دەستیان بۆ گۆڕانکاری ناو کۆمەڵگە دەبرد (ابن كثير، 1997، 728/17)، چ لە بەرنگاربوونەوەی هێزە سەربازی و دەسەڵاتدارەکانی وەك مەغۆلەکان (ابن عبدالهادي،2005، 138) یان هێزە ناڕازییە ناوچەییەکان (ابن كثير، 1997، 730/17).

پاش مردنی خۆیشی کاریگەری (ابن تيمية) لە ڕێی نووسینەکانی خۆی و خوێندکارەکانیشیەوە درێژەی کێشا، بە تایبەت کە بە هۆی وەرنەگرتنی هیچ پۆستێك و بەردەوام خۆ یەکلاکردنەوە بۆ وانەوتنەوەو بواری زانست، خوێندکارەکانی زۆر بوون(قدرية عبدالحميد، ١٤٠٥ هـ، ٢٥)، دیارترین نموونەی ئەوانەش (ابن القيم الجوزيه) بوو کە دیارترین خوێندکاری بوو و دوای مردنی توانی پەیامەکەی (ابن تيمية) بەردەوامی پێ بدات (ابن القيم، 2019، 109/1-110). هەروەها (ابن كثير) ی خوێندکاری لە نووسینەکانی و تەفسیرەکەیدا بە ڕوونی گرتنەبەری ڕێبازی (ابن تيمية) دیارە، هەروەها (شمس الدين الذهبي) شەهوڵێکی

زۆری خستەگەڕ و لەپێناو دید و تێڕوانینەکانی (ابن تیمیه) دا ئازاری چەشتووە ((شلش، ٢٠٠٥، ٤٨).

ڕەوتی خوێندنگەی (ابن تیمیه) بە هاتنی سەردەمی عوسمانی بە چەند هۆکارێکی جیاواز لاوازبوو (الزهراني، 1998، ٨٤/٢، ٢٤٣، ٤٣٧، ٥٤٦) هەتا هاتنی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب کە لە حیجازدا سەریهەڵدا و لە سەرەتاوە دەستیدایە خوێندنەوەی نووسینەکانی (ابن تیمیه)و بە تەواوەتی کەوتە ژێر کاریگەرییانەوە و هەوڵیدا ئەو هزرە بووژێنێتەوە و لەناو خەڵکدا بڵاوی بکاتەوە (القطان، 2001، 86-87).

سەدەی نۆزدەو بیستەم بەتایبەت سەردەمی گەشانەوەی هزری خوێندنگەی (ابن تیمیه) بوو، کەسانی وەک موحەممەد ڕەشید ڕەزاو چەندێکیتر هەوڵی گەشەپێدانی هزری (ابن تیمیه) یان دا، چەند بزووتنەوەیەکی جیاجیاش لە ناوچە جیاوازەکاندا کاریگەر بوون بەو هزرە، لەوانەش بزووتنەوەی سەنوسی لە ئەفریقا، بزووتنەوەی مەهدییە لە سودان سەریهەڵدا کە ئەمیش بە هەمان شێوە لە ژێر کاریگەری هزری (ابن تیمیه) دا بوو و لە گەشەسەندنی ئەو هزرەدا ڕۆڵێکی دیاری بینی، بزووتنەوەی ئیخوان موسلیمینیش تا ئاستێک لە ژێر کاریگەری هزری (ابن تیمیه)دا بوو (القطان، 2001، 87، ٣٠٩).

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەسەڵاتی سعوودی بەردەوام گرنگی بە ڕەوتی سەلەفی خۆی دەداو نووسینەکانی (ابن تیمیه)و خوێندکارەکانی و موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابیش تیایدا بڵاوبوون و تا ئەمڕۆش ئەو ڕەوتە لە شانشینی سعوودیەدا بڵاوە (محمد أبوزهره، ٢٠٠٠، 423-424).

وێڕای ئەمەش لەم سەردەمەدا و هەر لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆش، زۆرێك لەوانەی بانگەشەی جیهاد دەکەن، زیاتر لە هەر زاناکایەکی دیکە دەق و نووسینەکانی (ابن تیمیه) دەکەنە بەڵگە بۆ هەوڵ و هەنگاوەکانیان، وەك چۆن ڕەوتە سەلەفییەکان لە جیهاندا هەمان هەنگاو دەنێن (جون هوفر، ٢٠٢٠، ٢٣)

مادەم هزری (ابن تیمیه) تا ئەو ئاستە لە مێژوودا هەتا ئەمڕۆ کاریگەری هەبووەو لەم سەردەمەشدا کاریگەرییەکەی چڕتر بۆتەوە، بۆیە گرنگە لە دید و تێڕوانینی ئەو بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتە ئیسلامییەکان بڕوانین هەتا لەو خوێندنەوەی بۆ ئەوانەوە لە پەیامی ئەو کەسایەتییە بەرامبەر بە دەسەڵات تێبگەین.

**٣-١- دیدی بۆ مێژووی ئیسلامی**

لە نووسینەکانی ئیبن تەیمییەدا زۆر بابەتی مێژوویی هەن کە بە وردی لەبارەیانەوە دواوە، چ ئەو بابەتانەی سەبارەت بە سەرەتای بوون و پەیدابوونی مرۆڤایەتییەوە قسەیان لەبارەوە کراوە (ابن تیمیه، 314/1، 322)، یاخود مێژووی گەلانی پێشوو و هاتنی پێغەمبەران (علیهم السلام) (ابن تیمیة، 1995، 46)، یان مێژووی هزر و فەلسەفە وەك ئەوەی لای یۆنانییە کۆنەکان هەبووە (ابن تیمیة، الجواب الصحیح، 1999، ٣٤٥/1) یاخود بەش و تاوە جیاوازەکانی ناو مێژووی ئیسلامی (ابن تیمیة، 1986، 474/5).

(ابن تیمیه) وەک بوارەکانی تری زانستەکان، لە دیدی قورئان و سوننەت و پاشان ڕای سەلەفەوە سەیری مێژووی دەکردو خوێندنەوەی بۆ ژیان و مێژووی بوون و ڕێکردەی مێژوویی مرۆڤەکان هەبوو (الکرمي، 2005، ٣٤٩).

ئەو سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و دواتر سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین (١١-٤١ك/ ٦٣٢-٦٦١ز) دەکاتە بناغەی ڕێڕەوی مێژووی ئیسلامی و زۆر جەخت لەو فەرموودە دەکاتەوە کە دەفەرموێت:(خیر الناس قرني ثم الذین یلونهم، ثم الذین یلونهم...) (البخاري، 1993، 938/2؛ مسلم، ١٩٥٥، 1963/4) (چاکترینی خەڵك ئەوانەی سەردەمەکەی منن، دواتر ئەوانەی سەردەمی دوای ئەوان، ئینجا ئەوانەی دوای ئەوان دێن) لەسەر بنەمای ئەم فەرموودەیە پێی وایە مێژووی ئیسلامی تا لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) دووربکەوێتەوە هەڵەو لادانی زیاتری تێدەکەوێت، لەگەڵ ئەمەشدا ڕای خۆی بە ڕەشبینانە ناهێڵێتەوە و فەرموودەیەک دەکاتە بەڵگە بۆ هیوابەخشین بە موسڵمانان (إن الله یبعث إلى هذه الأمة على رأس كل مائة سنة من یجدد لها دینها) (أبوداود، 2009، 349/6) (خوای گەورە لەگەڵ هەر سەد ساڵێکدا کەسێك بۆ ئەم ئوممەتە دەنێرێت هەتا ئایینەکەیان بۆ نوێ بکاتەوە). بەپێی ئەم فەرموودەیە ئوممەتی ئیسلامی بەرەو هەر هەڵدێرێک بڕۆن، لە هەموو سەدەیەک ڕەوتەکەیان لەسەر دەستی نوێگەرێک دەچێتەوە ڕەوڕەوەی ڕاستی جارانی خۆی (ابن تیمیة، 2004، 297/18؛ مصطفى حلمي، 2005، 172، 192).

ئەو بەهێزیی بیروباوەڕی دروستی ئیسلامی دەکاتە بنەمای بەهێزی مێژووی ئیسلامی، پێی وایە لەوکاتەوەی بیروباوەڕی پتەوی ئیسلامی لە بەهێزی ڕازیکردنی عەقڵی و دڵنیایی دڵەوە گۆڕا بۆ چەند بیرو هزرێکی وشکی لێدوان لە بوونی خودایی، شانوشکۆی دڵەکان نەماو بە کۆژاندنەوەی بیروباوەڕو تاودانە بواری مشتومڕی کەلام و فەلسەفەو سەرهەڵدانی بیدعە لەناو موسڵماناندا، مێژووی ئیسلامی بەرەو لاوازی چوو و لە دەرەنجامی ئەوەدا دەرفەت کرایەوە تا خاچدروشمەکان هێرش بکەنە سەر جیهانی ئیسلامی و لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمدا بەیتولمەقدیس بگرن. بەمجۆرە بنەڕەتی مێژووی ئیسلامی بە بنەڕەتێکی بەتین و تیوەندەکەشی بە ماوەیەکی ئیجابی تێکەڵ بە هەڵەو سەردەمی لاوازیشی بە ماوەی دوورکەوتنەوە لە قورئان و سوننەت و پێشەنگی پێغەمبەرو هاوەڵان دەزانێت و گەشبینیش بەرامبەر بە داهاتووی موسڵمانان دەدات کە لەوپەڕی لاداندا هەموو سەد ساڵ جارێک کەسێک دەبێتە پێشەنگی موسڵمانان تا بیانگێڕێتەوە سەر ڕەوتی جارانی (مصطفى حلمي، 2005، 190-191).

ئەو هۆکاری شکستی موسڵمانان لە میسر و شام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ لاوازیی پابەندبوونی خەڵك و دەسەڵاتەکان بە ئایینی ئیسلامەوە دەگێڕێتەوەو پێی وایە ئەوە بۆتە هۆکاری هاتنی شاڵاوە خاچدروشمی و مەغۆلیەکانیش(جون هوفر، ٢٠٢٠، ٢٣). پێی وایە بەهۆی بوونی دەمارگیری خێڵایەتی و خزمایەتی بەشێك لە موسڵمانانەوە لە بری پابەندبوون بە بڕیار و ڕێنماییەکانی شەریعەت، مەغۆلەکان هێرشیان هێناوەتە سەر جیهانی ئیسلامی و دەستیان بەسەردا گرتووە (ابن تیمیة، ١٤٠٤هـ، ٤٣/٢).

بە شێوەیەکی گشتی دیدی (ابن تیمیه) بۆ مێژوو تێڕوانینێکی ئایینیە و لە چوارچێوەی ئایینە یەکخواپەرستیەکاندایە و بە هاتنی هەر ئایینێکی نوێی یەکخواپەرستی دەستبەرداری کارابوونی ئایینی پێشوو بووە، بەمجۆرە پێی وایە تێڕوانینی ئیسلام بۆ مێژوو دروستترین تێڕوانینە (مصطفى حلمي، 2005، 188-190.). لەوێشەوە بەرنگاری ئەو ڕێڕەوە عەقڵسەپێنیە دەبێتەوە کە خۆی لە فەلسەفەی ئەفلاتۆنی نوێدا خۆی نیشانداوە یان ئاراستەی سۆفیگەرییەك کە لە ئیبن عەرەبیدا خۆی نواندووە، یان ئەو زانستی کەلامەی کە لای ئەشعەری و موعتەزیلەکان هەیە، بەرامبەر بەوە گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت و ڕای پێشین -واتە زانایانی سەرەتای ئیسلام- دەکاتە بناغەی تێڕوانینەکانی (جون هوفر، 2022، ٢١).

## ٤-١ دیدی بۆ دەسەڵاتداری موسڵمان

(ابن تيمية) پێی وایە بەردەوام دەسەڵات لەدەست دوو تاقمدا بووە، سەرکردەکان و زاناکان، واتە چەندە دەسەڵاتدارە سیاسی و سەربازییەکان بڕیاربەدەست و جەمسەری گۆڕانکاری بون، هێندەش زاناکان ئەو ڕۆڵەیان لا بووە، هەرکات ئەو دوو تاقمە چاك بوون، کۆمەڵگەش چاك دەبێت، بەپێچەوانەشەوە، لەو بارەوە نووسیویەتی ''وَأُولُو الْأَمْرِ صِنْفَانِ: الْأُمَرَاءُ وَالْعُلَمَاءُ، وَهُمْ الَّذِينَ إذَا صَلَحُوا صَلَحَ النَّاسُ'' (ابن تيمية، 1418هـ، 127).

ئەو پێی وایە دەسەڵاتداری چاك و تەواو ئەوەیە کە هەم زانا و دادپەروەرد بێت، هەم سیاسەتمەدار و توانای دەسەڵاتداریشی هەبێت، چوار خەلیفەی ڕاشیدینیش خاوەنی هەردوو تایبەتمەندییەکە بون، هاوکات فەزڵ و گەورەیی (أبوبکر الصدیق) و (عمر بن الخطاب) پێش (عثمان بن عفان) و (علي بن أبي طالب) دەخات و پێی وایە ئەو دوانەی پێشوو لەو دوانەی دواتر سەرکەوتووتر و بەهێزتر بون. بەڵام لە دوای ئەوان بە گشتی ئەو دەسەڵاتدارانەی لە مێژووی ئیسلامیدا هاتون، یان لە ڕووی زانست و خواناسییەوە بەهێز بون و لەوی دیکەدا بەهێز نەبون، یان لە ڕووی سیاسەت و دەسەڵاتدارییەوە بەهێز بون و لە زانست و خواناسیدا بەهێز نەبون، (عمر بن عبدالعزيز) بە نموونەیەکی جیاواز دەبینێت کە توانیویەتی چەشنی خەلیفەکانی ڕاشیدین لە هەردوو لایەنەکەدا بەهێز و سەرکەوتوو بێت(ابن تيمية، 1986، 107/4)

ئەو پێی وایە دەسەڵاتدار مادەم موسڵمان بێت، پێویستە خەڵکی پابەندی دەسەڵات بن و لە دژی هەنگاو نەنێن، لەو بارەوە دەڵێت ''فذلك ما أمر الله به ورسوله من طاعة ولاة الأمور ومناصحتهم هو واجب على المسلم وإن استأثروا عليه'' ''ئەوە ئەو شتەیە کە خوای و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان کردووە گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران بن و ئامۆژگارییان بکەن و ئەوەش واجبە لەسەر موسڵمان تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتداران لە دژیشی هەنگاو هەڵنێن'' (ابن تيمية، 1994، ١٢) ئەو پشتبەست بە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) ماوەکانی دەسەڵاتەکانی مێژووی ئیسلامی دابەش دەکات و سی ساڵی یەکەم بە خیلافەت و ئەوەی دواتر بە پادشایەتی دەزانێت. هەرچەندە بوونی پادشایەتی لە پەنا خیلافەتدا بە خراپ و ناڕەوا نازانێت هەرچەندە خیلافەتی لەلا باشترە، هاوکات پێی ڕەوایە بەو پادشایانە بوترێت خەلیفە و دەڵێت ''ويجوز تسمية من بعد الخلفاء الراشدين خلفاء وإن كانوا ملوكا'' بۆ ئەوەش پشت بە دەقی فەرموودە دەبەستێت(ابن تيمية، 1994، ٢٣، ٢٥، ٣١).

لە شێوازی دانانی دەسەڵاتداری موسڵمانانیشدا پێی وایە دوای چوار خەلیفەی ڕاشیدین، دەسەڵاتی زاڵ و هێزی پشتەوە کە بە (أهل الشوكة) ناویان دەبات هۆکاری سەرەکی دانانی خەلیفەکان بون، تەنانەت هەندێ جار ویستی خودی خەلیفەش دەرەقەتی خواستی ئەوان نەهاتووە، نموونەی (عمر بن عبدالعزيز) دەخاتەڕوو کە ویستی قاسمی کوڕی موحەممەد لە دوای خۆی بکاتە خەلیفە، بەڵام ئەو هێزە نەیهێشت، ئەو هێزە زۆرجار کەسانێکی لە دەسەڵاتدا داناوە کە کەسی لەو شیاوتریش هەبووە، بەڵام نەیتوانیوە پۆستی دەسەڵات وەربگرێت. لەو بارەوە دەڵێت ''كَانَ بَعْضُ أَهْلِ الشَّوْكَةِ بَعْدَ الْخُلَفَاءِ الْأَرْبَعَةِ، يُوَلُّونَ شَخْصًا وَغَيْرُهُ أَوْلَى بِالْوِلَايَةِ مِنْهُ، وَقَدْ كَانَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ يَخْتَارُ أَنْ يُوَلِّيَ الْقَاسِمَ بْنَ مُحَمَّدٍ بَعْدَهُ لَكِنَّهُ لَمْ يُطِقْ ذَلِكَ، لِأَنَّ أَهْلَ الشَّوْكَةِ لم يكونوا موافقين على ذلك'' ''هەندێ لە خاوەن دەسەڵاتەکان و بڕیاربەدەستەکانی دوای چوار خەلیفەکە کەسیان دادەنا لەکاتێکدا کەسی لەو شیاوتر بۆ دەسەڵاتە هەبوو، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز قاسمی کوڕی موحەممەدی بۆ دوای خۆی هەڵبژارد بەڵام نەیتوانی ئەوە بکات چونکە بڕیاربەدەستەکان ڕەزامەندییان لەسەر ئەوە نەبوو'' (ابن تيمية، 1986، 550/1)

(ابن تيمية) پێی وایە هەر دەسەڵاتدارێك کاروباری موسڵمانانی گرتبێتەدەست و نیازی بۆ خودا بووبێت و لەگەڵ هاوڵاتییاندا چاك و دادپەروەر بووبێت، لە بەرامبەردا نزاکانی گیرا بووەو بە چاکە باسکراوە، بۆ پشتیوانیکردنی ئەو بۆچوونەشی هانی خەڵك دەدات لە ژیان و ناوبانگی کەسانی وەك (عمر بن عبدالعزيز) (م ١٠١ك/ ٧١٩ز) و (نورالدين) زەنگی (م ٥٦٩ك/ ١١٧٤ز) وردبینەوە، لە بەرامبەردا نموونەی حەجاجی کوڕی یووسفی سەقەفی دێنێتەوە کە چۆن بە ستەمکار و خراپەکار ناسراوە و ناوبانگێکی خراپی بۆ ماوەتەوە (ابن تيمية، 2019، 230/7).

## ٢- دید و تێڕوانینی بۆ دەوڵەتە گەورەکان:

### ٢-١- دیدی گشتی بۆ دەوڵەتە گەورەکان:

(ابن تيمية) جیاوازی مێژووی دەوڵەتە سوننییەکانی وەك ئومەویەکان و عەبباسیەکان لەگەڵ دەوڵەتە شیعیەکانی وەك بوەیهییەکان و فاتیمییەکان وەك جیاوازی ڕەش و سپی دەزانێت، پێی وایە چەندە مێژووی (عمر بن الخطاب) و (عمر بن عبدالعزيز) جیاوازە لە مێژووی (الحجاج بن یوسف الثقفی)، یاخود جیاوازی مێژوو و ڕاستێتی پێغەمبەرانی وەك مووسا و عیسا و موحەممەد (د.خ) لەگەڵ (مسیلمة الكذاب) و (الأسود العنسي)، ئاواش مێژووی دەوڵەتانی ئومەوی و عەبباسی ڕوون و جیاوازە لە مێژووی بوەیهی و فاتیمییەکان. (ابن تيمية، 1425هـ، 171).

بە شێوەیەکی گشتی بوونی دەسەڵاتەکانی وەك ئومەوی و عەباسی و زەنگی و ئەیووبی و مەملووکی بۆ موسڵمانان بە درێژایی مێژوو بە باش دەزانێت تەنانەت ئەگەر ئەوانە بە ڕێکاری شەرعیش شیاوتر نەبووبن بە دەسەڵات، بۆ ئەوەش مشتومڕی دروستی ئەو بۆچوونەی دەکات. (ابن تيمية، 1986، 547/1)

پێی وایە بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتە ئیسلامییەکانی وەك ئومەوی و عەبباسی، هیچ دەسەڵاتێك بێڕێزی بەرامبەر بە کەعبە نەکردووەو ئەو شوێنە بەردەوام بە پیرۆزی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەوەش کە لە سەردەمی گەمارۆی عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا بە مەنجەنیق درا لە کەعبە، مەبەست پێی لێدانی شکۆی کەعبە و سووتاندنی نەبوو، بەڵکو لەناوبردنی دەسەڵاتەکەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بوو (ابن تيمية، 1986، 577/4).

### ٢-٢- دیدی بۆ خیلافەتی ڕاشیدین (١١-٤١ك/ ٦٣٢-٦٦١ز)

(ابن تيمية) هەریەك لە (أبوبکر) و (عمر) و (عثمان) و (علي) بە چوار خەلیفەی ڕاشیدین دەزانێت کە باشترین نموونەی موسڵمانان بون دوای سەردەمی پێغەمبەر (د.خ)، بۆ ئەوەش پشت بە دەقی فەرموودەیەك دەبەستێت و پێی وایە پشتبەست بەو فەرموودەیە دەبێت موسڵمانان لە سەردەمانی دیکەشدا پێشەنگی بەو ماوە مێژووییەوە بکەن. (ابن تيمية، 2004، 478/4) پێی وایە تێگەیشتنی ئەوان بۆ قورئان و فەرموودە دروستترین تێگەیشتن بووە، بەو پێیەش کە ئەو دووانە سەرچاوەی بنەڕەتی مەعریفەن، بۆیە ئەزموونی ئەوان باڵاترین ئەزموونە. ئەوەشی کە شیعە و خەواریجەکان ڕەخنە لە هەرکام لە سێ خەلیفەی یەکەمی ڕاشیدین دەگرن، بە ناڕەوا و ستەم دەبینێت و بەرگریی لەوان و لە سیاسەتی دەسەڵاتدارییەکەشیان دەکات. (لاووست، ٧٥/١-78).

سەبارەت بە ریزبەندی خەلیفەکان و شیاویێتییان، لەسەر دیدی گشتی ئەهلی سوننە دەڕوات، سەرەتا پێی وایە کۆدەنگی هەبووە لەسەر شیاوێتی (أبوبکر) وەك یەکەم خەلیفە، ئەوەی رای جیای لەسەرە ئەوەیە ئایا (أبوبکر) بە دەقی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) وەك خەلیفە دەستنیشانکراوە یان موسڵمانان خۆیان هەڵیانبژاردووە (ابن تيمية، 1994، ٥٥)

ئەو هەندێ جار بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی باشی و دروستی مەزهەبەکانی ناو موسڵمانان، دیدی ئەوان بەرامبەر بە خیلافەتی راشیدین دەکاتە یەکێك لە پێوەرەکان، بۆ نموونە پێی وایە موعتەزیلە زۆر لە رافیزە و خەواریجەکان باشترن چونکە ئەوان دان بە دروستی خیلافەتی خەلیفەکانی راشیدیندا دەنێن (ابن تيميه، 1404هـ، 144/2).

(ابن تيمية) پێی وایە زۆرینەی ئوممەت لە دوای خیلافەتی راشیدینیش کۆك بون لەسەر دروستی و شیاوێتی خیلافەتی ئەوان، تەنانەت ئەو نارەزایەتییانەی لە دەوڵەتی ئومەویدا هەبون، هۆکارەکەیان نارەزایی نەبووە لە خیلافەتی (ابوبکر) و (عمر)، هەروەك چۆن ئومەوییەکانی ئەندەلوس و عەبباسییەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەبووە. (ابن تيمية، 1986، 341/6)

سەبارەت بە ماوەی دەسەڵاتی (علي بن أبي طالب) پێی وایە دوو تاقمی لادەر نەیانتوانیوە هاوسەنگیی لە هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتدارییەکەیدا رابگرن کە ئەوانیش خەواریجن کاتێك خوێنی ئەویان بە رەوا دزانی، لەگەڵ رافیزەکان کە لە پیاهەڵدان و پیرۆزراگرتنیدا زیادەڕەوییان دەکرد (ابن تيمية، 1994، ٥٩).

هەروەها لە کتێبەکانیدا دەچێتە نێو وردەکارییەکانی مێژووی سەردەمی راشیدین و هەم بە گێڕانەوەو هەم بە هەڵسەنگاندن و رەخنە و شیکاریش لەبارەیانەوە دەدوێت، بۆ نموونە باسی جەنگی هەڵگەڕاوەکان و فتووحات و دانانی خەلیفەکان و نارەزایەتییەکان بەرامبەر (عثمان بن عفان) و جەنگەکانی جەمەل و سفین دەکات. (ابن تيمية، 1986، 447/4، 326/8).

ئەو تەنانەت هەڵسەنگاندن بۆ ئەو سەرچاوانەش دەکات کە لە بارەی سەردەمی راشیدینەوە یاخود بەشێك لە مێژووی ئەو سەردەمەوە نووسراون، بۆ نموونە لە بارەی جەنگی هەڵگەراوەکانەوە نووسیویەتی ''ئیخبارییەکان -مێژوونووسان- چەندین کتێبی تایبەتیان هەیە سەبارەت بە جەنگی هەڵگەڕاوەکان و ناویان ناون کتێبی (الردە) و (الفتوح) وەك کتێبی (الردە) ی (سیف بن عمر) و (الواقدي) و جگە لەوان. تیایدا وردەکاری بەسەرهاتی هەڵگەڕاوەکان و جەنگیان باسکردووە.. هەندێ لەوانە بە موتەواتیری لای خەڵکی گشتی و کەسانی تایبەتیش هاتووە، هەشیانە کەسانی جێمتانە گێڕاویانەتەوە، هەندێ شتیشیان تێدایە کە پچڕان و دابڕانیان تێدایە و ئەگەری هەیە راست و درۆیان تێدا بێت، شتی وایشی تێدایە دەزانرێت لاواز و درۆیە'' (ابن تيمية، 1986، 325/8).

تاوانی هەڵەی جەنگی جەمەل و صەفین دەداتەوە پاڵ نەیارانی ئیسلام و بەشداربوانی جەنگەکە لەو ئاستەدا دادەنێت کە ئیجتهادیان کردووە، ئەوەی لە ئیجتهادەکەدا پێکاویەتی عەلی کوڕی ئەبووتالیبەو دووپاداشتی بۆ هەیە، ئەوانی تریش لە ئیجتهاددا نەیانپێکاوەو یەک پاداشتیان بۆ هەیە (حلمي، 2005، 431-432).

## ٢-٣- دیدی بۆ دەوڵەتی ئومەوی (٤١-١٣٢ك/ ٦٦١-٧٤٩ز)

ئەو پێی وایە ئومەوییەکان لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (د.خ) پۆستی زۆریان پێ دراوە، بۆ نموونە دەڵێت ''ئومەوییەکان لە هەموو هۆزەکانی دیکە کاربەدەستی بەردەستی پێغەمبەریان هەبوو، چونکە کاتێك فەتحی مەککەی کرد، (عتاب بن أسيد بن أبي العاص بن أميه) ی کردە بەرپرسی مەککە و خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاسی کوڕی ئومەیە و دوو براکەی تری کە ئەبان و سەعید بوون لەسەر ناوچەی تر دانا..'' (ابن تيمية، 1986، 145/4).

هەروەها پێی وایە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئومەوی کە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانە باشترین پادشای موسڵمانان بووەو ئەو وەك خەلیفە ناناسێنێت، بەڵکو وەك پادشایەکی میهرەبان، بۆ ئەوەش پشت بە دەقی فەرموودەیەك دەبەستێت. بە دەق نووسیویەتی ''واتفق العلماء على أن معاوية أفضل ملوك هذه الأمة فإن الأربعة قبله كانوا خلفاء نبوة وهو أول الملوك؛ كان ملكه ملكا ورحمة كما جاء في الحديث: " {يكون الملك نبوة ورحمة ثم تكون خلافة ورحمة ثم يكون ملك ورحمة ثم ملك وجبرية ثم ملك عضوض} " وكان في ملكه من الرحمة والحلم ونفع المسلمين ما يعلم أنه كان خيرا من ملك غيره'' ''زانایان لەسەرئەوە کۆدەنگن کە موعاویە باشترین پادشای ئەم ئوممەتەیە چونکە چوارەکەی پێش خۆی خەلیفەی پێغەمبەرایەتی بوون و ئەویش یەکەم پادشا بوو. پادشایەتییەکەی پادشایەتییەکی دەسەڵات و میهرەبانی بوو وەك لە فەرموودەدا هاتووە دەسەڵات لە پێغەمبەرایەتی و میهرەبانیدا دەبێت، دواتر خیلافەت و میهرەبانی دێت، دواتر دەسەڵاتی پادشایەتی و میهرەبانی دێت، دواتر دەسەڵاتی پادشایەتی و خۆسەپێنی دێت، دواتر دەسەڵاتێکی ستەمکارانە دێت، لەنێو دەسەڵاتی موعاویەدا میهرەبانی و نەرمونیاییەك هەبوو و موسڵمانان لێی سوودمەند بوون کە نەزانراوە دەسەڵاتی پادشایەتی لەوە باشتر بۆ موسڵمانان هەبووبێت'' (ابن تيمية، 2004، 478/4) وێڕای ئەوەی بۆ سەلماندنی شیاوێتی ئەو، دەگەڕێتەوە سەر مێژووی ئەو کەسایەتییە لە سەردەمی دەسەڵاتی (عمر بن الخطاب) دا و پێی وایە مانەوەی لە دەسەڵاتدا لە سەردەمی عومەردا بەڵگەی شیاوێتی ئەو کەسەیە (ابن تيمية، 1994، ٧٧).

ئەو پێشینەی (معاويه بن أبي سفيان) وەك هاوەڵبوونی دەکاتە بەڵگەیەك بۆ چاکتر بوونی لە ئاست هەموو دەسەڵاتدارێکی دوای خۆی، لە دیدی ئەوەوە تەنانەت لە (عمر بن عبدالعزيز) چاکترە، وتەی زانایانێکیش بە نموونە دەهێنێتەوە کە تویانە ''تەپوتۆزێك کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) چووەتە نێو لووتی (معاويه)، زۆر باشترە لە کارەکانی (عمر بن عبدالعزيز)'' (ابن تيمية، 1986، 227/6)

(ابن تيميه) هەوڵ دەدات بە وردی وەڵامی هەر تۆمەتێك بداتەوە کە لەسەر (معاويه بن أبي سفيان) هاتووەو بە بەڵگەی دەق و بەڵگەی عەقڵیش پۆزش بۆ زۆر هەڵوێستی دەهێنێتەوەو وەڵامی ئەو رەخنانەش دەداتەوە کە ئاراستەی خۆی و دەسەڵاتدارییەکەی کراونەتەوە. بۆ نموونە سەبارەت بە بڕوادارییەکەی دەڵێت '' وكان معاوية أحسن إسلاما من أبيه باتفاق أهل العلم '' ''بە گوێدەنگی زانایان موعاویە لە باوکی ئیماندارتر بووە'' (ابن تيميه، ٢٠٠٤، ٤٥٤/٤)

پاش ئەوەی خۆشەویستی بۆ (حسين بن علي) دەردەبڕێت و بە وردی قسە لەسەر دەرچوونەکەی دەکات، دواجار لە روانگەی شرۆڤەی دەقە مێژووییەکانەوە پشتیوانی دەرچوونەکەی ناکات و پێی وایە لەکاتی خۆیدا زیان بوو بۆ موسڵمانان و بۆ لەوەودواش زیانەکەی دەمێنێتەوە، ئاستی زیان و سەرئێشەکانی دواتریشی دەشوبهێنێت بە زیان و سەرئێشەکانی دوای کوشتنی (عثمان بن عفان). لە بەرامبەردا هەڵوێستەکەی حەسەنی کوڕی عەلی بەرز دەنرخێنێت و دەقی فەرموودە و بەڵگەی عەقڵی دەکاتە پشتیوانی ئەو بۆچوونەی(ابن تيمية، 1986 531/4).

هەروەها سەبارەت بە (يزيد بن معاويه) ش ئەگەرچی خۆشەویستی بۆ دەرنابڕێت، بەڵام نایەوێت لە بازنەی دەسەڵاتدارێکی موسڵمان بکرێتە دەرەوەو دەڵێت ''لەگەڵ هەموو ئەو رووداوانەی کە روویاندا، هەرکەس بڵێت یەزید بێباوەڕ و لەدین هەڵگەڕاوەیە، ئەوە بوختانی بۆ کردووە، بەڵکو ئەو وەك هەموو پادشا موسڵمانەکانی

دیکە یەکێکە لە پادشایانی موسڵمانان، زۆربەی پادشاکانیش چاکە و خراپەشیان هەیە، چاکەیان گەورە و خراپەشیان گەورەیە، هەرکەس تەنها یەکێکیان بخاتەڕوو و ئەوی دی نیشان نەدات ئەوە یان نەزانە یان ستەمکار'' بە دوای ئەوەشدا کۆمەڵێك پۆزش لە رووی فەرموودەوە بۆ یەزید دەخاتەڕوو هەتا وەك سەرکردەیەکی نەفرەتلێکراو مێژووەکەی نەخرێتەڕوو. (ابن تیمیة، 2004، 4/473-474).

بە گشتی پێی وایە سەرکردە ئومەوییەکان لەبەرئەوەی خۆیان بەهێزبوون، بە ناوی خۆیانەوە بانگەکران و پاشگرەکانی عەزدودەولە و عیزودەولە و بەهائودین و هاوچەشنەکانیان لەگەڵدا نەبوو، بەڵام بە نەمانی ئومەوییەکان کەلێنێك لە دەسەڵاتی موسڵماناندا روویداوە کە هەتا سەردەمی خودی (ابن تیمیە)ش ئەو کەلێنە ماوەتەوە (ابن تیمیة، ١٩٨٦، ٢٣٨/٨).

بەرامبەر بەوەش رەخنەی لە هەندێ سیاسەت و کەسایەتی ئومەوییەکان هەیە، بۆ نموونە سەبارەت بە (حجاج بن یوسف الثقفي) بە کەسێکی ستەمکار وەسف دەکات و پێی وایە ناوبانگێکی زۆر خراپی بۆ ماوەتەوە (ابن تیمیة، 2019، 230/7). یان پێی وایە هەندێ جار دەسەڵاتدار ویستوویەتی رێی دروست بگرێتەبەر و رێڕەوی دەسەڵاتدارییان بەرەو چاکسازی هەنگاوی ناوە، بەڵام چواردەور و کەسانی دیار بوونەتە رێگر، نموونەش بەو گۆڕانکارییە ریشەییە دێنێتەوە کە (عمر بن عبدالعزیز) دروستی کرد و دوای ئەو (یزید بن عبدالملك) ویستی لەسەر ئەو رێڕەوە بچێت، کەچی بیست کەسایەتی دیار هاتنە لای و قەناعەتیان پێ کرد رێڕەوەکەی بگۆڕێت و بیانووی پێویستیشیان دایە دەستی (ابن تیمیة، 1986، 200/6).

سەبارەت بە ئومەوییەکانی ئەندەلوسیش، لە دیدە مەزهەبییەکەوە خوێندنەوەی بۆ دەکات و خاڵی هاوبەشی نێوان ئەوان و عەباسییەکان دەستنیشان دەکات کە هەردوو لایان کۆك بوون لەسەر راستێتی خیلافەتی (أبوبکر) و (عمر) و (عثمان). (ابن تیمیة، 1986، 342/6)

## ٤-٢- تێڕوانینی بۆ دەوڵەتی عەباسی (١٣٢-٦٥٦ك/ ٧٤٩-١٢٥٨ز)

ئەو زیاتر پیاهەڵدان و رەزامەندی بۆ ماوەی یەکەمی سەردەمی عەباسی هەیە و پێی وایە لەو سەردەمەدا ئەهلی سونە لەوپەڕی شکۆدا بون، تەنانەت هەڵسەنگاندنەکە وردتر دەکاتەوە بۆ یەکە یەکەی خەلیفەکان و خاڵی بەهێزیان دەخاتەڕوو، بۆ نموونە لە باسی خەلیفە (المتوکل) (٢٠٦-٢٤٧ك/ ٨٢٢-٨٦١ز) دا پێی وایە ئیسلام لەوپەڕی بەهێزیدا بووەو ئەهلی زیمە پابەندی ئەو مەرجانە کراون کە لە سەردەمی خەلیفە (عمر بن الخطاب) دا بۆیان دانراوە، تەنانەت خەلیفە بۆ رووخاندنی بەشێك لە کڵێساکانی مەسیحییەکان داوای فەتوای لە زانایان کردووەو ئەوانیش فەتوایان داوە، پاش ئەوەش بڕیاری کۆتایی لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی سەرمەزهەبی حەنبەلییەکان ویستووەو ئەویش هەمان فەتوای داوەو خەلیفەش بڕیاری کۆتایی لەو بارەوە داوە.(ابن تیمیة، 1418هـ، 250/3) ئەهلی سونەش لەوپەڕی بەهێزیدا بون و جەهمی و رافیزەکانیش سەرکوت کراون. بە هەمان شێوە هەڵسەنگاندن بۆ هەریەك لە خەلیفە (المعتضد) و (المهتدي) و (القادر) دەکات. (ابن تیمیة، الإنتصار، ٢٠١٩، 34-35).

لەلایەکی دیکەشەوە وەك رەخنەیەك لە بەشێك لە خەلیفەکانی دیکە لەبارەی مەئموونەوە دەدوێت و پێی وایە ژمارەیەك لە خەلیفەکان لەبەرئەوەی زانایانیان لە دەور نەبون، لەخشتە براون و موعتەزیلەکان توانیویانە لە رێی ئەو خەلیفانەوە بیروباوەڕی خۆیان بسەپێنن. بە هەمان شێوە رەخنەی توند لە خەلیفە موعتەسەمیش دەگرێت(ابن تیمیة، الجواب الصحیح، 1999، ١/٧٥، 181).

تەنانەت هەڵسەنگاندن بۆ وەزیر و کاربەدەستەکانی دیکەشیان دەکات، پێی وایە هەندێکیان دادپەروەر و چاك و بەهێز بون، هەندێکیشیان لادەر و گەندەڵ بون و زێدەڕۆییان کردووە لە بەفیڕۆدانی پارە و ساماندا. (ابن تیمیة، جامع المسائل، 2019، 394/5) بۆ نموونە ئیبن هوبەیرە بە یەکێك لە وەزیرە سەرکەوتوو و باشەکانی عەباسییەکان دەزانێت (ابن تیمیة، الإنتصار، 2019، 36).

(ابن تیمیە) رەخنە لەو کەسایەتییانە دەگرێت کە دژ بە خەلیفەکان لە ماوەی یەکەمی عەباسیدا هەنگاویان ناوە، تەنانەت ئەوانەش ناپەرێنێت کە پێی وایە دەکرێت کەسانی چاك و خواناس بووبن، بەڵگەش بە هەڵوێستی عائیشەی کچی (أبوبکر) و زووبەیری کوڕی عەوام و چەندێکی دی لە هاوەڵان دێنێتەوە کە هەرچەندە هاوەڵی گەورە و خوداناسیش بون، بەڵام دەستخۆشی لەو هەڵوێستەیان نەکراوە، چ جای ئەوەی دەستخۆشی لە کەسانی وەك عەبدولای کوڕی عەلی و ئەبوموسلیمی خوراسانی و کەسانی دیکەی دژ بە دەسەڵاتی عەباسییەکان بکرێت. (ابن تیمیة، 1986، 528/4)

پێی وایە عەباسییەکان لە قۆناغەکانی دواتردا بە هۆی داهێنانی پۆستی جیاجیای وەك وەزیر و میری میران و هۆکاری دیکەش لاواز بوون و هەرجارە و دەسەڵاتێك زاڵ بووە بەسەریاندا و خەلیفەکان بە لاوازی ماونەتەوە، نموونەی ئەوەش بە هاتنی بوەیهییەکان و دواتر سەلجووقییەکان دەخاتەڕوو کە چۆن دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی لاواز بووە، تەنانەت دەسەڵاتی ناوچەیی پەیدا بون کە تەنها لە دراو و ناوهێنانی خەلیفە و چەند هێمایەکی تردا پەیوەندییان بە خیلافەتی عەباسییەوە هەبووەو لە پرسە گرنگەکانی جەنگ و دەسەڵاتداری و کۆکردنەوەی داهاتەکاندا سەربەخۆیانە بڕیاریان داوە. بەڵام هەرکات وەزیرێکی عەباسی بەهێز بوویێت توانیویەتی شکۆ بۆ خیلافەتی عەباسیش بگێڕێتەوە، نموونەی ئەوەش بە وەزارەتەکەی ئیبن هوبەیرە دەهێنێتەوە. لەو بارەوە نووسیویەتی ''حدثَتْ دولةُ بني بُويه الأعاجم، وغَلبوا على الخلافة، وازداد الأمرُ عما كان عليه، وبَقُوا قريبًا من مئةِ عام إلى بعد المئة الرابعة بنحو من ثلاثين سنة أو نحوها حدثت دولة السلاجقة الأتراك، وغلبوا على الخلافة أيضًا. وكان أحيانا تقوى دولةُ بني العباس بحسن تدبير وزرائهم -كما جرى في وزارة ابن هبيرة- بما يفعلونه من العدل واتباع الشريعة'' ''دەوڵەتی بوەیهییە ناعەرەبەکان هات و زاڵبوون بەسەر خیلافەتدا و بارودۆخەکە لەوەی پێش خۆی خراپتر بوو و ماوەی نزیکەی سەد ساڵ هەتا نزیکەی چوارسەد و سی و دەوروبەری مانەوە ئینجا دەوڵەتی سەلجووقییە تورکەکان هات و ئەوانیش زاڵ بوون بەسەر خیلافەتدا. هەندێ جار دەوڵەتی عەباسییەکان بەهۆی کارزانی وەزیرەکانیانەوە بەهێز دەبوو وەك ئەوەی لە وەزارەتەکەی ئیبن هوبەیرەدا روویدا، چونکە ئەو وەزیرانە دادپەروەری و پەیڕەوی شەریعەتیان هەبوو'' (ابن تیمیة، جامع المسائل، 2019، 393/5-394).

لە چەندین شوێندا رەخنە لەو دەقانە دەگرێت کە سەبارەت بە مێژووی عەباسییەکان تۆمار کراون و وەڵامی دووروودرێژیان دەداتەوە، هەندێ جار گێڕانەوەکان بە ناڕاست دەزانێت و هەندێ جاریش قسەی لەسەر دیوی ئەرێنی و نەرێنی و شێوازی مامەڵەکەکردنە لەگەڵ گێڕانەوەکاندا. (ابن تیمیة، 1426هـ، 263-264)

هاوکات سەبارەت بە رووخانی دەوڵەتی عەباسیش دواوەو پێی وایە هۆکارێکی سەرەکی لەناوبردنی دەوڵەتی عەباسی، دەستتێکەڵکردنی شیعەکان بوو لەگەڵ مەغۆلەکاندا. (ابن تیمیة، 1416هـ، 115) بۆیە تۆمەتباریان دەکات بە پشتیوانییان بۆ هەریەك لە جەنگیزخان و هۆلاکۆی کوڕەزاشی و نموونەش بە ئیبنولعەلقەمی وەزیری عەباسییەکان دەهێنێتەوە کە کەسێکی شیعە بوو. بە چەشنێك ئەو حاڵەتە بە رەخنەیەکی تایبەت بە شیعەکان بەرامبەر بە موسڵمانان دەخاتەڕوو، پێی وایە خەواریجیش نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەوان، چونکە پێی وایە خەواریج لە ناوخۆدا لە موسڵمانانیان

دەکوشت، بەڵام لەگەڵ ناموسڵماناندا دژ بە دەوڵەت و دەسەڵاتە ئیسلامییەکان دەستیان تێکەڵنەکردووە. کۆتا نموونەی ئەو هەڵوێستەشیان بۆ سەردەمی خۆی دەگێڕێتەوە کاتێك شیعەکان لەگەڵ غازانی خانی مەغۆلیدا دەستیان تێکەڵکردووە بۆ شکاندنی دەسەڵاتی موسڵمانان(ابن تیمیة، 1986، 5/155-159)

سەبارەت بە ماوەکانی کۆتایی سەردەمی عەبباسی ئاماژە دەدات بە لاوازی دەسەڵاتی خەلیفە و پەرتبوونی دەسەڵاتەکان و بڵاوبوونەوەی ستەم و پەرتەوازەیی لە ناوچەکانی دەسەڵات و هاتنی هێرشی دەرەکیی وەك مەغۆلەکان لە ڕۆژهەڵاتەوەو دەسەڵاتە مەسیحی و خاچییەکان لە میسر و ناوچەکانی دیکە (ابن تیمیة، جامع المسائل، 2019، 396/5).

## ٥-٢ تێڕوانینی بۆ دەوڵەتی فاتیمی (297-567ك/ 910-1171ز)

(ابن تیمیە) دیدێکی نەرێنی بۆ دەوڵەتی فاتیمی هەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوان شیعە مەزهەب بوون، سەبارەت بە دیدی ئەو بەرامبەر بە فاتیمییەکان :

پێی وایە فاتیمییەکان لە سەرەتاوە فێڵیان لە دەستنیشانکردنی ڕەچەڵەکی خۆیاندا کردووەو بۆ پیرۆزیدان بە خۆیان هەوڵیانداوە خۆیان وەك ئالوبەیتی پێغەمبەر (د.خ) بسەلمێنن، لەکاتێکدا ئەوان ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر جوولەکەکان و لە رووی ئایینداریشەوە زۆر لە جوولەکە و مەسیحییەکان دوورترن لە ئایینی ئیسلامەوە. (ابن تیمیة، 2004، 483/28).

ئەوان تۆمەتبار دەکات بەوەی سەرەتای دژایەتی سێ خەلیفەی راشیدیی یەکەم ((أبوبکر) و (عمر) و (عثمان) لەسەر دەستی ئەوان دەستپێیکرد، ئەگەرنا پێشتر لەناو موسڵماناندا شتی وا بوونی نەبووە. (ابن تیمیة، 1986، 342/6)

پێی وایە ئەوان هێندە توند بوون لە دژایەتیکردنی ئەهلی سونەدا کە خەڵاتیان داناوە بۆ جنێودان بە هاوەڵانی پێغەمبەر، هەر کەسێکیش فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودای بگێڕایەتەوە دەکوژرا، بۆ ئەوەش بەڵگەی مێژوویی دەهێنێتەوە (ابن تیمیة، ٢٠٠٤، 138/35).

پێی وایە مەزهەبە شیعییەکانی دیکەش فاتیمییەکانیان بە موسڵمان نەزانیون و لە بازنەی دەرەوەی ئیسلامدا مامەڵەیان لەگەڵدا کردون (ابن تیمیة، 1416هـ، 105).

هەروەها فاتیمییەکان تۆمەتبار دەکات بە ئیلحاد و دژایەتی خودا و پێغەمبەر و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام و دووڕوویی. (ابن تیمیة، 1986، 101/4)

تەنانەت بەراوردیان دەکات بە هەموو ئەو دەسەڵاتە ئیسلامیيانەی پێشووتر کە لە هاشمییەکان یاخود ئومەوییەکان بون و پێی وایە هیچ کەس وەك ئەوان دژایەتی ئیسلامی نەکردووە (ابن تیمیة، 2004، 131/35).

ئەوان تۆمەتبار دەکات بەوەی دەسەڵاتیان بە کەسە ناموسڵمانە جوولەکە و مەسیحییەکان داوەو ئەوەش هۆکار بووە هەتا ئایینەکەیان بڵاوبکەنەوە، لە بەرامبەردا دژایەتی توندی مەزهەبی سونەیان کردووە. هاوکات بڕوای وایە لە سەردەمی ئەواندا بەشێك لە خاکی موسڵمانان کەوتۆتە دەست خاچییەکان و نەیانتوانیوە ئەو ناوچانە بپارێزن (ابن تیمیة، 1416هـ، 117).

# ٣- تێڕوانینی بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی دی

## ٣-١ تێڕوانینی بۆ بوەیهی و باتینییەکان

(ابن تیمیە) بەراوردی نێوان خەلیفەکانی عەبباسی و دەسەڵاتدارانی بوەیهی (334-447ك/ 945-1055ز) دەکات و ئەوان بە زۆر باش و بوەیهییەکان بە خراپ و لادەر پێناس دەکات. پێی وایە لە سەردەمی دەسەڵاتی بوەیهییەکاندا ڕەوتی لادەر و کەسانی لە دین دەرچوو و مەزهەبە لادەرەکانی وەك موعتەزیلە و رافیزە و جگە لەوانیش بە فراوانی بڵاوبوونەتەوەو لە بەرامبەر ئەواندا ئەهلی سونە زۆر لاواز بون. تەنانەت مەسیحییەکانیش سوودیان لە دەسەڵاتداریێتی بوەیهییەکان وەرگرتووەو هەندێ ناوچەی سەرسنووری موسڵمانانیان گرتووە. (ابن تیمیة، 2019/ 35)

ئەو بوەیهییەکان بە کەسانی زندیق و لادەر وەسف دەکات و تۆمەتباریان دەکات بە دروستکردنی هێمای مەزهەبیی وەك دەستنیشانی گۆڕێك لە نەجەف بە ناوی گۆڕی عەلی کوڕی ئەبووتالیبەوە. یاخود زەقکردنەوەی ڕێوڕەسمە شیعییەکانی وەك لەخۆدانی عاشوورا و نانەوەی پشێوی لە بەغداد. (ابن تیمیة، رأس الحسین، ١٩٦).

هاوکات ئاماژە بە هەندێ دەسەڵاتداری ناوچەیی باتینییەکان دەدات، بۆ نموونە باسی سینانی سەرکردەی باتینییەکان دەکات و بە بەرپرسی قەڵاکەیان لە شام باسیکردووەو ئاماژەی بە بڕیار و فەتواکانیشی داوە. بۆ نموونە دەڵێت '' وَلِهَذَا كَانَ أَئِمَّتُهُمْ فِي الْبَاطِنِ فَلَاسِفَةً، كَالنَّصِيرِ الطُّوسِيِّ هَذَا، وَكَسِنَانٍ الْبَصْرِيِّ الَّذِي كَانَ بِحُصُونِهِمْ بِالشَّامِ، وَكَانَ يَقُولُ: قَدْ رَفَعْتُ عَنْهُمُ الصَّوْمَ وَالصَّلَاةَ وَالْحَجَّ وَالزَّكَاةَ'' ''پێشەواکانیان لە باتینیەتدا فەیلەسووف بوون وەك نەسیری تووسی و سینانی بەسری کە لە قەڵای باتینیەکان بوو لە شام و دەیوت: من ڕۆژوو و نوێژ و حەج و زەکاتم لەسەر ئەوان-باتینییەکان- هەڵگرتووە '' (ابن تیمیە، ١٩٨٦، ٤٥٤/٣).

(ابن تیمیە) پێی وابوو قەرمەتی و باتینییەکان بۆ موسڵمانان و دەسەڵاتی ئیسلامی، لە رووی بیروباوەڕییەوە زۆر لە جوولەکە و مەسیحییەکان خراپترن، لە رووی دەسەڵات و پێگەشەوە زۆر لە خاچییەکان و مەغۆلەکان مەترسیدارترن بۆ سەر موسڵمانان، تەنانەت پێی وایە هۆکاری لەدەستدانی ناوچەکانی شام و قودسیش بەهۆی ئەوانەوە بووە، واتە هاتنی خاچییەکان بۆ ناوچەکانی شام و سەرکەوتنیان بە دەستی ئەوان دەزانێت، دژایەتی دووەمیشیان بە هێنانی مەغۆلەکان و دەست تێکەڵکردن لەگەڵیان بۆ لەناوبردنی خیلافەتی عەبباسی دەزانێت (النویری، 2004، 32-268-270).

## ٣-٢- تێڕوانینی بۆ سەلجووقییەکان (429-704ك/ 1037 - 1304ز)

(ابن تیمیە) سەلجووقییەکان بە پادشایانی موسڵمان و کەسانی سەر بە مەزهەبی ئەهلی سونە دەناسێنێت و بە هۆکاری رزگاربیان دەزانێت کە توانیویانە دەسەڵاتی شیعە بوەیهییەکان لەناوببەن. (ابن تیمیة، 2004، 138/35)

بڕوای وایە سەلجووقییەکان لە سەرەتای دەسەڵاتیاندا وابەستەی ئەهلی سونە بوون و هەڵوێستی توندیان بەرامبەر بە مەزهەبەکانی دەرەوەی ئەهلی سونە هەبووە. بەڵام دواتر ئەو هەڵوێستەیان نەماوەتەوە (ابن تیمیة، 2019، 23) ئاماژە بە ڕۆڵی (طغرلبك) (385-455ك/ 995-1063ز) دەدات لە سەرخستنی مەزهەبی سونە لە دەوڵەتەکەیدا و دژایەتیکردنی مەزهەبەکانی دیکە بە چەشنێك دەرفەتی وەزیرە موعتەزیلیەکەشی نەداوە بەربەست بخاتە بەردەم ئەو هەنگاوەی (ابن تیمیة، التسعینیة، 1999، 1003/3). هەروەها ئولب ئەرسەلان بە نموونە دێنێتەوە کە فەرمانی کردووە لەسەر مینبەرەکان نەفرەتی بیدعەکاران بکرێت (ابن تیمیة، 1406هـ، 162/2).

دواتر بە تایبەت باسی وەزارەتەکەی (نظام الملك) ی سەلجووقی (م 485ك/ 1092ز) دەکات و پێی وایە خوێندنگەی زۆری دامەزراندووەو شوێنی تایبەت بۆ مانەوەی هەژارانیشی تەرخانکردووە.(ابن تیمیة، 2004، 41/35)

ئاماژە بەو گۆڕانکارییە گەورەیە دەدات کە لە لە سەردەمی سەلجووقییەکاندا لە مەیدانی زانستیدا روویدا، ئەویش بنیادنانی خوێندنگە نیزامییەکان بوو لە سەروبەندی ساڵانی شەستەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا (ابن تیمیة، 1986، 129/4).

### ٣-٣ تێڕوانینی بۆ زەنگییەکان (521-630ك/ 1127-1233ز)

(ابن تيميه) بە سەرسامییەوە باسی سەردەمی زەنگییەکان دەکات و ناوچەی دەسەڵاتیان بە وڵاتی شام دەناسێنێت و پێی وایە لە سەردەمی ئەواندا ئەهلی سونە سەرخراوەو بێباوەڕان تووشی شکست کراون و گورزی کوشندەش بەر مەزهەبەکانی دیکەی جیا لە مەزهەبی ئەهلی سونە کەوتووە. (ابن تيمية، 2019، 36) تەنانەت لە وەسفی نوورەدین زەنگیدا دەگاتە ئەو ئاستەی بە شارەزاترین کەس لە بواری جیهاددا لە قەڵەمدەدات و پێی وایە پاش زاڵبوونی هەریەك لە خاچییەکان و قەرمەتییەکان، ئەو بووە شکۆی ئیسلامی گێڕاوەتەوە (ابن تيمية، 2004، 60/32).

هاوکات دەسەڵاتەکەی نوورەدین زەنگی بە دەسەڵاتێکی شوێنکەوتەی شەریعەت وەسف دەکات و پێی وایە بەشێکی زۆر لەو یاسا و بنەمایانەی لەکارخستووە کە لەگەڵ شەریعەتدا نەگونجاون، لە نموونەی ئەوانە ئەو خەرجییە سوڵتانیانەی کە لەو سەردەمەدا باو بون و لەگەڵ شەریعەتدا نەگونجاون (ابن تيمية، جامع المسائل، 2019، 394/5).

### ٣-٤- تێڕوانینی بۆ ئەیووبییەکان (569-661ك/ 1174-1263ز)

(ابن تيميه) بە شێوەیەکی گشتی بە چاوی ڕەزامەندی و سەرسامییەوە دەڕوانێتە ئەیووبییەکان، سەرسامییەکەشی بەوان لەم روانگانەوەیە:

ئەوان بوون دەوڵەتی فاتیمیی شیعە مەزهەبیان لەناوبرد و مەزهەبی سونەیان لە شوێن و ناوچەی دەسەڵاتی ئەواندا چەسپاند (ابن تيمية، 2004، 28/637-638).

لەو بارەیەوە نووسیویەتی: "ڕافیزەکان لەگەڵ مەسیحییەکان دەستیان تێکەڵ کرد و داوایان کرد جەنگی جەنگاوەرە موجاهیدە موسڵمانەکان بکەن و چەند ڕووداوێك ڕوویاندا کە خەڵکی دەیانزانن؛ هەتا سەڵاحەدین شاوری کوشت، ئیدی لەو کاتەوە پەیامی ئیسلام و سونە و جەماعەت لەو وڵاتەدا سەرکەوت و تێیدا فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) وەك بوخاری و موسلیم و هاوشێوەکانیان دەخوێنران و تێیدا باسی مەزهەبی پێشەواکان دەکرا و ڕەزامەندی خودا لە پەنا ناوی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا دەوترا" (ابن تيمية، 2004، 28/637-638).

ئەوان بوون قودسیان لە دەست خاچییەکان وەرگرتەوەو ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی شامیان گێڕایەوە بەردەستی موسڵمانان.

ئەیووبییەکان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا پشتیان بە ناموسڵمانان نەبەست و ئەوانیان لە جومگە هەستیارەکاندا دانەدەنا، لەو بارەیەوە دەڵێت ''سەڵاحەدین و بنەماڵەکەی هەواداری مەسیحییەکان نەبوون و لە ئیشوکاری موسڵماناندا بە هیچ جۆرێك هیچکام لەوانیان بەکارنەدەهێنان، ئەمەش هۆکار بوو پاڵپشتکراو و سەرخراو بن بەسەر دوژمندا؛ هەرچەندە ماڵ و سامان و ژمارەشیان کەم بێت، بەڵکوو هێز و شکۆی مەسیحییەکان و تەتارەکان دوای مەرگی عادلی برای سەڵاحەدین بەهێز بوو '' (ابن تيمية، 2004، 28/637-638).

ئەو پێی وایە بەشێك لە دەسەڵاتدارانی موسڵمانان لایانداوەو پابەندی شەریعەت نەبون، بەشێکیشیان پەیڕەوی شەریعەت و جیهاد و دادپەروەرییان کردووە، وەك نوورەدینی زەنگی و سەلاحەدینی ئەیووبی، تەنانەت لە وەسفی سەلاحەدیندا دەڵێت ''پادشای موسڵمانی وا کە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بەرز رادەگرت وەك سەلاحەدینی ئەیووبی'' (ابن تيمية، جامع المسائل، 2019، 394/5)

### ٣-٥- تێڕوانینی بۆ مەملووکییەکان (648-923ك/ 1250-1517ز)

دیدی ئیبن تیەیمییە بۆ دەوڵەتی مەملووکی هێندەی لە هەڵوێست و هەنگاوە کردەییەکانیدا هەڵدەهێنجرێت، هێندە لەنێو دەقی نووسینەکانیەوە مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، چونکە ئەو لە سەردەمی مەملووکییەکاندا ژیاوەو بە کردەیی هەڵوێست و دیدی خۆی بەرامبەر ئەو دەوڵەتە نیشانداوە، دەکرێت پوختەی دیدی (ابن تيميه) بەرامبەر بە دەوڵەتی مەملووکی لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:

(ابن تيميه) دەوڵەتی مەملووکی وەك دەوڵەتێکی ئیسلامیی تەماشا دەکرد و سەرکردەکانی بە سەرگەورەی موسڵمانان دەزانی و نە خۆی ئامادەیی ئەوەی هەبوو لە دژیان راپەڕێت، نە خەڵکیشی بۆ هاندەدا، بۆیە هەرچەندە چەندجارێك بە دەستی ئەوان بەند کرا، بەڵام ئامادەیی ئەوەی نەبوو فەتوایەکیشیان لە دژ بدات ( ابن حجر، ١٩٧٢، 1/١٦٨-١٦٩).

ئەو پابەندی بڕیارەکانی دەسەڵاتی مەملووکی بوو تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی بەرژەوەندیی خۆیشی بوایە، بۆ نموونە دەبینین کاتێك لە میسرەوە پەیامی دەسەڵاتداری مەملووکی دەنێردرێت هەتا (ابن تيميه) ببرێتە میسر و لەوێ دادگایی بکرێت، ئەم خۆی رۆیشت و هیچ نکووڵییەکی نەنواند ( ابن حجر، ١٩٧٢، 1/١٦٨-١٦٩).

ئەم زانایە پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی مەملووکیدا هەبوو، چ وەك سەردان، چ لە رێی ناردنی نامەوە بۆیان، بەتایبەت لەو پرس و بابەتانەی پەیوەست بوون بە بەرنگاربوونەوەی مەغۆلەکانەوە (محمد براء یاسین، ٢٠٢٠، ١٠٩).

هاوکات دژ بەو هەوڵ و هەنگاوانەی هەر کەس و ناوچەیەك دەوەستایەوە کە پشتیوانی هێزی دەرەکی بوونایە دژ بە دەوڵەتی مەملووکی، نموونەی ئەوەش هێرشی خۆی و هەوادارەکانی بوو بۆ سەر خەڵکی کیسرەوان کاتێك ملکەچی دەسەڵاتی مەملووکی نەبوون و لەگەڵ مەغۆلەکاندا نەرمییان نواندبوو (ابن كثير، 1997، 730/17).

(ابن تيميه) لە پاراستنی دەسەڵاتی مەملووکییەکان بەرامبەر بە مەغۆلەکان رۆڵی کارای هەبوو و جەماوەرێکی زۆریش لەژێر کاریگەری ئەودا و بە ئاڕاستەی راستەوخۆی ئەم زانایە دەچوونە نێو خولگەی بەرگریی لە دەوڵەتی مەملووکی. واتە لە جەنگ و بەرنگاربوونەوەکانی دوژمنانی دەوڵەتی مەملووکیدا بەشداری دەکرد و خەڵکیشی بۆ هاندەدا (علم الدين البرزالي، ٢٠٠٦، ٣/٧)، تەنانەت هەندێ جار خۆی بە تایبەت دەچوویە لای سەرکردە مەملووکییەکان و هانی دەدان بۆ جەنگی نەیارەکانیان (الحسامي، 2006، 192-193). هاوکات ئامادەیی ئەوەی نەبوو هیچ پۆست و دەستکرۆیی و خەڵاتێك بەرامبەر بەو هەڵوێستانەی وەربگرێت (ابن فضل الله العمري، 2010، ٥/٦٩٨).

لەو بابەتانەی پێی وابوو هەڵوێست و هەنگاوی دەوڵەتی مەملووکی لادانە لە بنەماکانی شەریعەت، هیچ پشتیوانییەکی نەدەکردن، بەڵکو هەنگاوی دژی بەرامبەر بەو هەڵوێست و دیاردانە نیشان دەدا، (دونالد ب. لیتل، ٢٠١٩، ٨). بۆ نموونە لە ساڵی (٦٩٩ك/ ١٢٩٩ز) دا هاودەم بە ژمارەیەك لە هەوادارانی لە دیمەشقدا هەڵیانکوتایە سەر مەیخانەکان و تێکیاندان و سزای فرۆشیارەکانیشان دا (علم الدين البرزالى، ٢٠٠٦، ٣/٧٣).

### ٣- ٦- تێڕوانینی بۆ چەند دەسەڵاتێکی ناوچەیی

(ابن تيميه) لە چەند شوێنی جیاوازدا بە کورتی باسی هەندێ لە دەسەڵاتی دیکە کردووەو هەڵسەنگاندنی خۆی لە بارەیانەوە خستۆتەڕوو، بۆ نموونە لە باسی غەزنەوییەکاندا بە دەسەڵاتێکی ئیسلامیی باش و سەرخەری ئیسلام و موسڵمانان وەسفیان دەکات و پێی وایە ئەوان جەنگی بێباوەڕانی هیندیان کردووەو لە دەسەڵاتەکەشیاندا سیستمێکی دادپەروەییان پەیڕەو کردووە. وێڕای ئەوەی لە سەردەمی

دەسەڵاتی مەحموودی کوڕی سوبوکتیکیندا دەوڵەتەکە وابەستەییەکی زۆری بۆ مەزهەبی ئەهلی سوننە هەبووەو دژایەتی سەرسەختانەی بۆ مەزهەبەکانی دیکە نواندووە (ابن تيمية، الإنتصار، ٢٠١٩، 23، 35).

لە چەند شوێنی جیاوازیشدا ئاماژە بە دەسەڵاتی دەوڵەتی موەحیدین دەدات کە ئیبن تۆمەرت دامەزرێنەرەکەی بووەو مێژووی دامەزرانی و پەیام و بانگەشەی دەرکەوتنی دەخاتەڕوو کە گوایە بانگەشەی ئەوەی کردووە لە نەوەی پێغەمبەری خودایە (د.خ) و بەڵێنی داوە دادپەروەری لە ناوچەکانی دەسەڵاتیدا بچەسپێنێت، دواتریش هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامەکەی دەکات و دەڵێت ''زەوی پڕ نەکرد لە دادپەروەری، بەڵکو هەندێ کار و کردەوەی نەشیاوی ئەنجامدا و هەندێ کاری باشیشی هەبوو'' (ابن تيمية، ١٩٨٦، ٩٩/٤) باس لەو بانگەشە نارەوایە دەکات کە ئیبن تۆمەرت خۆی وەك مەهدی چاوەڕوانکراوی ناو دەقەکانی فەرموودە نیشانداوەو چەندین هەنگاو و پلانی هەبووە هەتا بیسەلمێنێت ئەم هەمان ئەو مەهدییەیە کە لە فەرموودەدا موژدەی هاتنی دراوە (ابن تيميه، ٢٠٠٤، ٤٧٧/١١).

## ئەنجام

(ابن تيميه) یەکێکە لە زانا موسڵمانەکانی نێو سەدەکانی ناوەڕاست کە لە سەردەمی خۆی و دوای خۆیشی کاریگەرییەکی کارای لە نێو کۆمەڵگەی موسڵمانان و لە ئاست دەسەڵاتە جیاوازەکانیشدا هەبووە، سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمیش کاریگەری هزری ئەو کەسایەتییە لەناو موسڵماناندا گەیشتە ئاستێکی بەرز و هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە.

(ابن تيميه) سەرچاوەی مەعریفی لە دەقەکانی ئایینەوە وەرگرتووەو لەو روانگەشەوە خوێندنەوەی بۆ پرسەکان کردووە، هاوکات وێڕای دەقە ئایینییەکان، پشتی بە خوێندنەوە عەقڵییەکان بەستووەو هەوڵیداوە لە رووە ئایینییەکەوە بە پێناو و شێوازی جیاواز خوێندنەوە بۆ رووداوە مێژووییەکان بکات.

ئەم کەسایەتییە لە زۆر پرسی مێژوویدا قسەی کردووە، لەو میانەشدا بەشێکی بەرچاوی خوێندنەوەکانی بۆ دەسەڵات و دەوڵەتەکانی ناو مێژووی ئیسلامی بووە، چ دەسەڵات و دەوڵەتە گەورەکانی وەك خیلافەتی راشیدی و دەوڵەتی ئومەوی و دەوڵەتی عەبباسی و دەوڵەتی فاتیمی، چ دەسەڵاتە دیارەکانی وەك زەنگییەکان و ئەیووبی و مەملووکییەکان، چ دەسەڵاتە ناوچییەکانی وەك غەزنەوییەکان، زیاتر هەڵسەنگاندنی ئایینی کردووە و هەندێ جار لەوەش وردتر دواوەو لە دیدی مەزهەبییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کردون.

(ابن تيميه) بۆ هەندێ پرس و تاوی مێژووی ئیسلامی نووسینی تایبەتی هەبووە، وەك کتێبی ''رأس الحسين'' یان ''منهاج السنة النبوية''کە زیاتر خوێندنەوەی مەزهەبی بۆ دەسەڵات و دەوڵەتە ئیسلامییەکان کردووە، بەڵام باسی دەسەڵات و دەوڵەتەکانی لە نووسینە جیاوازەکانی دیکەدا لە پەراوێزی بابەتە ئایینییەکاندا خستۆتەڕوو.

ئیبن تەیمیە بە دیدی سەرسامی و رازیبوون لە ماوەی خیلافەتی راشیدین دەڕوانێت، سەردەمی ئومەوی و ماوەی یەکەمی سەردەمی عەبباسییەکان بە سەردەمی گەشاوەو سەرکەوتنی موسڵمانان وەسف دەکات، بەڵام سەردەمەکانی دیکەی عەبباسی بە سەردەمی لاوازی و پەرتی دەناسێنێت. لەو نێوەندەدا دەسەڵاتە شیعەکان بە هۆکارێکی گەورەی ئەو لاوازی و پەرتییانە دەزانێت و دەسەڵاتە سوننیە ناوچەییەکانی وەك زەنگییەکان و ئەیووبییەکان بە تیمارێك بۆ ئەو حاڵەتە وێنا دەکات. سەردەمی مەملووکیش بە درێژەپێدەری ئەو چارەسەر دەزانێت.

بە شێوەیەکی گشتی دید و تێڕوانینی ئیبن تەیمیە بۆ مێژووی ئیسلامی و دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی ئەو ماوە مێژووییە، لە بازنەی ئەو تێڕوانینەدا دەرناچێت کە ئەهلی سوننە وەك مەزهەبی زاڵ و دەسەڵاتداری ناو مێژووی ئیسلامی هەیبووە.

## سەرچاوەکان

### المصادر العربية


البخاري، أبو عبد الله، محمد بن إسماعيل بن إبراهيم (ت: 256هـ/ 869م). (1993م). صحيح البخاري. تحقيق: د. مصطفى ديب البغا. ط5، دار ابن كثير، دمشق، سوريا.

علم الدين البرزالي، علم الدين أبو محمد القاسم بن محمد بن يوسف البرزالي الإشبيلي الدمشقي (ت 739 هـ / 1338م). (2006م). المقتفي على كتاب الروضتين، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، ط1، المكتبة العصرية، بيروت، لبنان.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (2019م). الإنتصار لأهل الأثر، تحقيق: عبد الرحمن بن حسن قائد، ط1، دار عطاءات العلم، الرياض، السعودية - دار ابن حزم، بيروت، لبنان.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1426هـ). الإستغاثة في الرد على البكري، تحقيق: د. عبد الله بن دجين السهلي، ط1، مكتبة دار المنهاج للنشر والتوزيع، الرياض - المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (١٩٩٩م). التسعينية، تحقيق: محمد بن إبراهيم العجلان، ط1، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1404هـ). دقائق التفسير، تحقيق: د. محمد السيد الجليند، ط2، مؤسسة علوم القرآن – دمشق، سوريا.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (2019م). جامع المسائل، تحقيق: محمد عزيز شمس وآخرون، ط2، دار عطاءات العلم، الرياض، السعودية - دار ابن حزم، بيروت، لبنان.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (١٩٩٩م). الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح، تحقيق: علي بن حسن و آخرون، ط2، دار العاصمة، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1994م) الخلافة والملك، تحقيق: حماد سلامة، ط2، مكتبة المنار، الزرقاء، الأردن.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) رأس الحسين، تحقيق: الدكتور السيد الجميلي، المكتبة الشاملة.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1995م). الرد على من قال بفناء الجنة والنار وبيان الأقوال في ذلك، تحقيق: محمد بن عبد الله السمهري، ط1، دار بلنسية، الرياض، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1418هـ). السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، ط1، وزارة الشئون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1425هـ). شرح العقيدة الأصفهانية، تحقيق: محمد بن رياض الأحمد، ط1، المكتبة العصرية، بيروت، لبنان.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1406هـ). الصفدية، تحقيق: محمد رشاد سالم، ط2، مكتبة ابن تيمية، مصر.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (٢٠٠٤م). مجموع الفتاوى، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة المنورة، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1416هـ). مسألة في الكنائس، تحقيق: علي بن عبدالعزيز الشبل، ط1، مكتبة العبيكان، الرياض، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1418هـ). المستدرك على مجموع الفتاوى، جمعه ورتبه وطبعه على نفقته: محمد بن عبد الرحمن بن قاسم، ط1.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1986م). منهاج السنة النبوية، تحقيق: محمد رشاد سالم، ط1، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، الرياض، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (2000م). النبوات، تحقيق: عبد العزيز بن صالح الطويان، ط1، أضواء السلف، الرياض، المملكة العربية السعودية.

الحافظ العراقي، زين الدين عبد الرحيم بن الحسين العراقي (ت 806 هـ/ م) (2018م). الوفيات، ط1، دار الذخائر، مصر.

ابن حجر العسقلاني، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد (ت: ٨٥٢هـ/ ١٤٤٨م) (١٩٧٢م). الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، ط2، دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد الدكن، الهند.

أبوداود، سليمان بن الأشعث بن إسحاق الأزدي السجستاني (275هـ/ 888م) (2009م). سنن أبي داود، تحقيق: شعيب الأرنؤوط و محمد كامل قره بللي، ط1، دار الرسالة العالمية، بيروت، لبنان.

الذهبي، محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز: (ت: ٧٤٨ هـ/ ١٣٤٧م). (1988م). معجم الشيوخ، تحقيق: الدكتور محمد الحبيب الهيلة، ط1، مكتبة الصديق، الطائف، المملكة العربية السعودية.

الذهبي، محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز: (ت: ٧٤٨ هـ/ ١٣٤٧م) (١٩٨٥م). العبر في خبر من غبر، تحقيق: أبو هاجر محمد السعيد، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك (ت764هـ/1363م) (2000م). الوافي بالوفيات، تحقيق: أحمد الأرناؤوط و تركى مصطفى، دار أحياء التراث، بيروت، لبنان.

ابن عبدالهادي: شمس الدين محمد بن أحمد بن عبد الهادي بن يوسف الدمشقي الحنبلي (ت 744 هـ/ م) (2005م). العقود الدرية فى مناقب شيخ الأسلام ابن تيمية، اعتنى به: محمد حسن أسماعيل، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

ابن عماد الحنبلي، عبد الحي بن أحمد بن محمد ابن العماد العكري الحنبلي: (ت: ١٠٨٩هـ/ ١٦٧٨م) (١٩٨٦م). شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تح: محمود الأرناؤوط، ط١، دار ابن كثير، دمشق ، سوريا - بيروت، لبنان.

ابن فضل الله، أحمد بن يحيى بن فضل الله القرشي: (ت ٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م) (٢٠١٠م). مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، تحقيق:كامل سلمان الجبوري و مهدي النجم ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

ابن القيم الجوزية، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن أيوب ابن قيم الجوزية (ت: 751هـ/ م) (2019م). الوابل الصيب، تحقيق: عبد الرحمن بن حسن بن قائد، دار عطاءات العلم، الرياض، السعودية - دار ابن حزم، بيروت، لبنان.

ابن كثير، أبوالفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي: (ت: ٧٧٤هـ/ ١٣٧٢م). (1997م). البداية و النهاية، تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن التركي، ط١، دار هجر، جيزة، مصر.

الكرمي، مرعي بن يوسف (ت1033هـ/1624م) (2005م). الكواكب الدرية في مناقب شيخ الأسلام ابن تيمية، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

مسلم، مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري (ت: 261هـ/ 874م). (١٩٥٥م). صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، مطبعة عيسى البابي الحلبي وشركاه، القاهرة، مصر.

النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب (ت733هـ/1333م) (2004م). نهاية الأرب فى فنون الادب، تحقيق: ابراهيم شمس الدين، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

ابن الوردي، عمر بن مظفر بن عمر بن محمد ابن أبي الفوارس (ت: ٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م) (١٩٩٦م). تاريخ ابن الوردي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

## المراجع العربية:

أبوزهرة، محمد. (2000م). ابن تيمية، دارالفكر العربي، القاهرة، مصر.

الحسامي، إسلام بن عيسى (2006م) سيرة شيخ الإسلام ابن تيمية وحكاياته مع أبناء زمانه، ط1، دار ابن كثير، عمان، أردن.

حلمي، مصطفى. (2005م). قواعد المنهج السلفي في الفكر الإسلامي، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

حلمى، مصطفى. (2004م). نظام الخلافة فى الفكر الإسلامي، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

الزهراني، علي بن نجيب. (1998م). الإنحرافات العقيدة والعلمية في القرنين الثالث عشر والرابع عشر الهجريين، ط2، دار طيبة، مكة المكرمة، المملكة العربية السعودية.

شلش، عدنان بن محمد بن عبدالله. (2005م). شيخ الإسلام ابن تيمية محدثا، ط1، دارالنفائس، عمان، الأردن.

القطان، أحمد القطان و محمد طاهر الزين. (2001م). شيخ الإسلام أحمد تتقي الدين إبن تيمية، دار الإيمان، إسكندرية، مصر.

لاووست، هنري. نظريات شيخ الإسلام ابن تيمية في السياسة والإجتماع، ترجمة: محمد عبدالعظيم علي، دار الأنصار، القاهرة، مصر.

ليتل، دونالد بز. (2019م). اعتقال ابن تيمية ودلالته في التأريخ والتأريخ، ترجمة: د. أحمد محمود ابراهيم، مركز نهوض للدراسات، الكويت.

موسى، محمد يوسف. (1988م). ابن تيمية، ط2، دار العصر الحديث، بيروت، لبنان.

هوفر، جون. (٢٠٢٠م). ابن تيمية حياته وفكره، ترجمة: عمر بسيوني، ط1، ابن النديم للنشر، الجزائر.

هوفر، جون. (2022م). نظرية العدل الإلهى عند ابن تيمية، ترجمة: محمد خضر، ط1، نماء للبحوث والدراسات، بيروت، لبنان.

ياسين، محمد براء. (2020م). ابن تيمية والمغول، تأريخ لم يقرأ، ط1، دار آفاق المعرفة، الدمام، المملكة العربية السعودية.

سالم، محمد رشاد. (1992م). مقارنة بين الغزالي وابن تيمية، دار القلم، الكويت.

## الرسائل العلمية:

عبدالحميد، قدرية. ١٤٠٥ هـ. موقف شيخ الإسلام ابن تيمية من المعتزلة في مسائل العقيدة، أطروحة الدكتوراه، جامعة أم القرى، قسم الدراسات العليا الشرعية، مكة المكرمة.

## سەرچاوە کوردییەکان

حبيب الله، نهاد جلال. (٢٠١٧ز). شەيخولئيسلام (ابن تيميه) رەچەڵەك و رۆڵی لە مێژووی ئيسلاميدا، چ٣، چاپخانەی زانا، سلێمانی.

# شاری میافارقین، خانەی لەسکەدان لەسەردەمی میرنشینی مەڕوانی، توێژینەوەیەکی مێژوویی، شیکاری هونەرییە، (نمونەی هەڵبژێردراو)

هاوڕێ جبار حمدامین[1] باخان قادر احمد[2]

[1] بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق
[2] بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵە بجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** شاری میافارقین یەکێکە لە گرنگترین شارەکانی هەرێمی جەزیرەیە. ناوەندێکی گرنگی لە سکەدانی دراو و پایتەختی میرنشینی مەڕوانی بوو، بە پێگەیەکی گرنگی ئابووری دانراوە. بۆیە بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە، باس لەشاری میافارقین دەکات وەک ناوەندێکی لەسکەدان، لەسەردەمی مەڕوانییەکان. چونکە پێش ئەوەی میرنشینی مەڕوانی دابمەزرێت، دراو لەشارەکە سەکنەکراوە. میرەکان درکیان بە گرنگی پێگەی شارەکە کردوەو سکەخانەیان تێدادامەزراندوە، بۆیە هەوڵمانداوە پەردە لەسەر لایەنێکی گرنگی شارستانییەتی مەڕوانییەکان لابەین، کە پێگەیشتوون لەڕووی سەربەخۆیی دارایی.

میتۆدی پەیڕەوکراو، شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتووە. کەرەستەی توێژینەوەکەش دراوەکانی میرنشینی مەڕوانین کەلە شارەکە لێدراون، حەوت سکەمان وەک نمونە وەرگرتووە، بەسەرچاوەی نوسراومان گرێداون شیکاری وردمان بۆ کردوون، لە ڕووی سەردەم و پێکهاتەو کێش و تیرەو جۆری نوسینی سەر سکەکان. دوای کۆکردنەوەو داتاو زانیاری لەسەرچاوە جیاوازەکان، گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە پێی گەیشتوین بریتین لە: دراو بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە نوسینەوەی مێژوودا، پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕوداوە مێژوویانە کە لەسەرچاوەکان ئاماژەیان پێنەکراوە، یاخود بە هەڵە تۆمارکراون، سەرەڕای ئەوەی کە میرنشینی مەڕوانی خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و ئابووری بوو، بەڵام تەنها درهەمیان لەسکە داوە، دینار و فلسیان لەسکە نەداوە.

**کلیلە ووشەکان-** شاری میافارقین، مەڕوانییەکان، درهەم، سکەخانە، نەخش و نیگار.

## پێشەکی:

**گرنگی توێژینەوە:** سکە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوە وبەڵگەنامەی مێژوویی و شوێنەواری، کە توێژەران دەتوانن لە ڕێگەیەوە زانیاری زۆرگرنگیان دەستبکەوێت، لەبوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی، سکە ڕاستەخۆ ڕوداوە مێژووییەکان دەخاتە نێو قاڵبێکی بەڵگەنامەییەوە؛ هەندێ ڕووی دەسەڵاتە سیاسیەکان نیشاندەدات، کە لای مێژوونوسان نادیارە یاخود نەیانوسیوە. لە میرنشینی مەڕوانیدا بەشێوەیەکی گشتی لە زۆرینەی شارەکانی میرنشینەکە دراو لێدراوە، بەڵام لە میافارقینی پایتەخت، ڕێژەکەی زیاتر بووە، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە لە هەر میرێک دوو نمونە وەربگرین، بۆیە توێژینەوەکەمان لەسەر حەوت نمونە کردوە، چونکە لە شارەکە بەیەک شێواز دراو لێدراوە، بۆیە هاتوین ئەو حەوت سکەمان شیکار کردوە، لە ڕووی پێکهاتەو کێش و تیرەو جۆری نوسینی سەر سکەکان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە:** ئەوەی ئێمەی هاندا، کە ئەو بابەتە هەڵبژێرین، فراوانکردنی بواری توێژینەوەی مێژوویی و گرێدانەوەی بە بەرهەمە شوێنەواریەکانە، لێکۆڵینەوەش لە دراوی شاری میافارقین، ڕووێکی مێژوویی شارستانییەتی مەڕوانییەکانمان بۆ نیشاندەدات.

**ئامانجی توێژینەوە:** خستنەڕووی ئاستی گەشەسەندویی لایەنی دارایی و کارگێڕی و شارستانییەتی شاری میافارقینە لە میرنشینی مەڕوانییدا.

**سنورو ڕێبازیی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە مەوداو چوارچێوەی سکەکانی میرنشینی مەڕوانی دایە، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٣٨٥- ٤١٣ک/ ٩٩٥-١٠٢٢ز) لێدراون لە شاری میافارقین، لەم توێژیەنەوەیە، میتۆدی وەسفی شیکردنەوەمان بەکارهێناوە، بۆ شیکردنەوەی ئەوسکانەی کە لێدراون و ئاڵوگۆڕیان پێکراوە، بە تایبەت دراو وەک سەرچاوەیەکی ماددی، لەخۆیەوە ناتوانێ شرۆڤەی وردی مێژووییمان بۆ بکات، بۆیە هاتووین بەم میتۆدە بەسەرچاوەی نوسراومان گرێ داوە، خۆمان لە باسە مێژوییەکان پاراستووە.

**ئاستەنگی توێژینەوە:** کارکردن لەسەر ئەم بابەتە کارێکی ئاسان نەبوو، لەگەڵ ئەوەی ڕێژەیەکی باش لە دراوەکانی شاری میافارقین لە مۆزەخانەکانی ئیستەمبوڵ (مۆزە هومایون) و وڵاتی بەریتانیا هەیە، نەبوونی هیچ دراوێکی ئەم شارە؛ لەماوەی توێژینەوەکە لە مۆزەخانەکانی کوردستان، گرفتێکە ڕوو بەڕوومان بۆوە، بۆیە سودمان

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp110-120
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 9 آذار. 2025؛ قُبل في 13 نيسان 2025؛ نُشرت في 17 تموز 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: bakhan.qadr@uoh.edu.iq , hawre.jabbar@koyauniversity.org
حقوق الطبع والنشر ©2025 هاوڕێ جبار حمدامین، باخان قادر احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لە سەرچاوەی نوسراو و  ئەو پێگە ئەلیکترۆنیانەی تایبەت بە نمایشکردنی دراو وەرگرتووە.

**پرسیاری توێژینەوە:** جۆرو پێکهاتەی نوسین و نەخش و نیگاری ئەو سکانە چین کە لە شاری میافارقین لەسەردەمی میرنشینی مەڕوانی لێدراون؟ دەستنیشانکردنی ناو و ناسناوی میرەکانی مەڕوانی و خەلیفەکانی عەبباسی و میرە بوەیهییەکان لەسەر دراوەکانی میافارقین.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختەو پێشەکی لە دەروازەو سێ تەوەرەو دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لە دەروازە بەکورتی باس لە دروستبوون و سەرهەڵدانی میرنشینی مەڕوانی لە هەرێمی جەزیرە دەکەین، لە تەوەرەی یەکەم، باسمان لە شاری میافارقین و بەکارهێنانی دراو لەشارەکە کردوە، لە تەوەرەی دووەم، باسمان لەو میرانە کردوە کەلە شارەکە سکەیان لێداوە، هەموو دراوەکانمان شیکردۆتەوە لە ڕووی نوسین و پێکهاتە و سەردەم و کێش و تیرەوە ساڵی لەسکەدان، تەوەرەی سێیەمیشمان تەرخان کردووە بۆ شیکردنەوەی ڕێنوسی بەکارهاتوو نەخش و نیگاری نمونەی سکەکانی میافارقین.

**شیکردنەوەی سەرچاوە:** گرنگترین ئەوسەرچاوانەی لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە، پشتمان بەسەرچاوەی ڕەسەن و نوێی بەستووە، لەوانە (الفارقي: تاريخ ميافارقين) و (ابن شداد: الآعلاق الخطيرة في ذكر امراءالشام والجزيرة) لە سەرچاوە نوێکان Heidemann: A New Ruler Of The Marwanid Emirate In ) (401/1010  هەروەها سایتی (ZENO.RU) تایبەت بە نمایش کردنی دراوە.

### ١. دەروازە: دەرکەوتنی میرنشینی مەڕوانی

ئەم میرنشینە لە حەفتاکانی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی لە هەرێمی جەزیرە سەریهەڵدا، دەرکەوتنی میرنشینەکە بۆ هەوڵەکانی (أبو عبدالله الحسن کوڕی دوستک) ناسراو بە (باد)ی کوردی دەگەڕێتەوە (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٤٩؛ ابن شداد، ١٩٩١، ٣/٣٢٦). دوو بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر ئەو خێڵەی (میر باد)ی بۆ دەگەڕێتەوە، بەشێکیان بۆچونیان وایە لە هۆزی (حەمیدیە) (الروذراوري، ٢٠٠٣: ٦/ ٥٣؛ ابن الأثير، ١٩٨٧:٧/ ٤٤؛ ابن شداد، ١٩٩١: ٣/ ٣٢٧؛ ابن العبري، ١٩٩٤: ٣٠٠)، بۆچونێکی تر دەیگەڕێنێتەوە سەر هۆزی (چاربختی) (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٤٩؛ ابن العديم، د.ت، ٢/ ١١٣٠؛Amedroz, 1902, 123 ). باد، کەسایەتییەکی هۆشیارو زیرەک و لێهاتوو بوو، ببوە جێگای شانازی کردنی ئەندامانی هۆزەکەی، ئەمەش وایکردبوو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن، بەهۆی جموجۆڵ و چالاکیە سەربازییەکانی توانی دەسەڵاتێک دابمەزرێنێت (یوسف، ١٩٧٢: ٨٥/١)، توانی پانتایەکی جوگرافی فراوان لە خاکی دیاربەکر بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆی لە دەوروبەری ساڵی (٣٦٨ک/ ٩٧٨ز) (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٣٧٨-٣٧٩)، بەهۆی چالاکیە سەربازییەکانی، سنوری دەسەڵاتی فراوان بوو، شارەکانی ئامەد و میافارقین و نصیبین و چەندین شارو ئاوەدانی تریشی گرتەوە. ئەمەش متمانەی زیاتی پێدا، بۆ ئەوەی لە فراوانخوازیەکانی بەردەوام بێت، توانی لە ساڵی (٣٧٣ک/ ٩٨٣ز) دەستبەسەر شاری موسڵ دابگرێت (الروذراوري، ٢٠٠٣، ٦/ ٥٤- ٥٥؛ ابن العبري، ١٩٨٣، ٣٠٠). هەرچەندە فەرمانڕەوایەتی لە شارەکە زۆر درێژەی نەکێشاو دوای ساڵێک بوەیهییەکان توانیان شارەکە لە ژێردەسەڵاتی دەربهێنن و بەناچاری گەڕایەوە بۆ ناوچەکانی خۆی (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٤١٥- ٤١٦). بەڵام، بەگوێرەی بەڵگەدراویەکان بێت، توانیویەتی لەم ماوە کەمە بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی (الحسين بن دوستک)ە، دراو لە موسڵ سەکبکات (Zeno.ru, 2017, No. 185078)بۆیە لەهەوڵەکانی بۆ گرتنی موسڵ بەردەوام بوو، لەساڵی (٣٨٠ک/ ٩٩٠ز) جارێکی تر توانی بچێتەوە ناو شارەکە، بەڵام لە ڕوو بەڕووبونەوەی لەگەڵ حەمدانییەکان بە هاوپەیمانییەتی عوقەیلیەکان کوژرا (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٥٢).

دوای کوژرانی ناوبراو، (أبو علي الحسن کوڕی مروان) خوشکەزای جێگای گرتەوە (محمد، ٢٠٠٨، ٣٠) لەگەڵ هاوسەری میر باد هاوسەرگیری کرد، بەهۆیەوە دەسەڵات بۆ بنەماڵەی مەڕوانی گوازرایەوە (الروذراوري، ٢٠٠٣، ٦/ ١٠٩؛ نیا، ٢٠٠٩، ٨٢)، لە ڕێگای ئەم هاوسەرگیریە سیاسیە. دواتر دەسەڵاتی جێگیرکردو دەستی بەرێکخستنەوەی کاروباری وڵات کردەوە، بەڵام خەڵکی میافارقین ساڵی (٣٨٤ک/ ٩٩٤ز) لە دەسەڵاتەکەی هەڵگەڕانەوە، بە دەسەڵاتی ڕازی نەبوون، ئەمەش وایکرد میر بە توندی دژیان بوەستێتەوە (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٥٦)، بەردەوام بوو لە فەرمانڕەوایەتی کردنی میرنشینەکە تا ساڵی (٣٨٧ک/ ٩٩٧ز) لە ئەنجامی پلانگێڕی ناوخۆ لە لایەن چەند کەسێکی شاری ئامەد بە سەرۆکایەتی (شێخ عبدالبر) کە یەکێک بوو لە پیاو ماقوڵانی شاری ئامەد (ابن الوردي، ١٩٦٩، ١/ ٤٢٩؛ ابو الفداء، د.ت، ٢/ ١٢٧) و بە هاوکاری (شروة کوڕی مەم)ی پەردەدار، (أبو علي) کوژرا (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٤٤٤).

دوای کوژرانی ناوبراو، (أبو منصور سعید کوڕی مروان ٣٨٧- ٤٠١ک/ ٩٩٧- ١٠١٠ز)ی برای، کە (ممهد الدولة) ناسراوە، دەسەڵاتی گرتە دەست (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٦٢؛ ابن العبري، ١٩٩٤: ٣٠٢). بە دوور نازانرێ دەستی لە کوشتنی براکەیدا هەبووبێت، بە بەڵگەی ئەوەی بکوژانی براکەی نەک هەر سزا نەدا، بەڵکو لە خۆی نزیککردنەوە پلە و پایەی پێدان.

لەسەردەمی ئەم میرە، میرنشینەکە پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ، خەلافەتی عەبباسی بە فەرمی دانپێدا دەنێت و ناسناوی (ممهد الدوله)ی پێدەبەخشی (ابن شداد، ١٩٩١، ٣/ ٣٣٤؛ مرعي، ٢٠٠٥، ٢٧٣؛ توفيق، ٢٠١٠، ٢٠٥). میر بەردەوام بوو لە فەرمانڕەوایەتیکردن، تا دواجار بەهەمان شێوەی براکەی بە پیلانگێڕی ناوخۆ لە لایەن (شروین کوڕی محمد) لە قەڵای (هیتاخ) لەساڵی (٤٠١ک/ ١٠١٠ز) دەکوژرێت (ایلیا برشینایا، ١٩٧٥، ٢٠١). خۆی دەستبەسەر شاری میافارقین دادەگرێت (ابن شداد، ١٩٩١: ٣/ ٣٣٩- ٣٤٠). دوای هەوڵدانێکی زۆر (نصر الدولة احمد) بە هاوکاری کەسایەتی (خواجە أبو القاسم) کە دواتر بووە وەزیر لە میرنشینەکە، توانی دەسەڵات بگرێتەدەست (سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ٢٠٦؛ البامرني، ٢٠١٣، ٤٦). سەردەمی ئەم میرە بەسەردەمی زێڕینی میرنشینەکە دادەنرێت، وڵاتی مەڕوانی لە خۆشگوزەرانی دابوو، دوای نزیکەی نیو سەدە لە فەرمانڕەوایەتی کردن لە ساڵی (٤٥٣ک/ ١٠٦١ز) دەمرێت (ابن خلكان، د.ت، ١/ ١٧٧- ١٧٨؛ اليافعي، ١٩٩٧، ٣/ ٥٧). دواتر (نظام الدین نصر ٤٥٣- ٤٧٢ک/ ١٠٦١- ١٠٧٩ز)ی کوڕی جێگای گرتەوە، تامردنی بەردەوام بوو لە فەرمانڕەوەیەتی کردن (ابن تغري بردي، ١٩٧٢، ٥/ ٦٩). (ناصر الدولة أبو المظفر المنصور ٤٧٢-٤٧٨ک/ ١٠٧٩- ١٠٨٥ز)، لە دوای مردنی باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٤٢٢)، لەسەردەمی ناوبراو تورکە سەلجوقییەکان دەستیان بەسەر وڵاتی مەڕواندا گرت، تا دواجار لە ساڵانی (٤٧٨-٤٧٩ک/ ١٠٨٥-١٠٨٦ز) کۆتایی بە دەسەڵاتی مەڕوانییەکان هات (الفارقي، ٢٠١٤، ٥١٧-٥٢٤؛ ابن شداد، ١٩٩١، ٣/ ٤٠٤).

## ٢. تەوەرەی یەکەم/ شاری میافارقین و بەکارهێنانی سکە:

### ٢,١. یەکەم/ شاری میافارقین:

میافارقین، یەکێک بووە لە بەناوبانگترین شارەکانی دەڤەری دیار بکر- ئامەد، شارێکی ئاوەدان و گەورەو سەرنجڕاکێشە، قەڵایەکی پتەوی هەبوو، ڕەزوباخێکی زۆری تێدابوو (المقدیسي، ٢٠٠٣، ١٢٨؛ القزویني، د.ت، ٥٦٥) دەکەوێتە باکوری ڕوباری دیجلەو ڕۆژئاوای ڕوباری بطمان سو (التكریتي، ١٩٧٠، ٣١)، دەربارەی ناوی شارەکەش بۆچونی جیاواز هەیە، باس لەوە دەکرێت کە (میا) بە واتای (آودیە- دۆڵ) دێت، فارقین ناوی بنیادنەری شارەکەیە، بە زمانی فارسی پێی وتراوە (بارجین)، چونکە بە خەندەقێک دەورە درابوو (عزت، د.ت، ٥٥) بە زمانی یۆنانی مرتیروبولس(Martyropolis) پێدەڵێن، بە ئارامی میفرکت (Mayphakath)ی پێگوتراوە، لای ئەرمەنییەکان، بە موفرگن (Mofarigin) ناسراوە (لسترنج، ١٩٥٤، ١٤٣) ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە مێژووی ئیسلامدا (رشید، ٢٠١٧، ٥٤٠- ٥٤١) لەسەردەمی خەلافەتی (عمری کوڕی خطاب) و لەسەردەستی (عیاض کوڕی غنم) لەساڵی (١٩ک/ ٦٤٠ز) فەتح کراوە (البلاذري، ١٩٧٨، ٢٣٦؛ خلیفة بن خیاط، ١٩٩٥، ٧٧) بە گرنگترین شارەکانی میرنشینەکە دادەنرێت، شارناسێک ئاماژە بەوە دەکات کە جێگای نیشتەجێ بوونی کوردە شامییەکان بوو (یاقوت الحموی، ١٩٧٧٥/ ٢٣٧) لە ئێستادا (سیلڤان- سیلیڤان، سلیڤا، یان فارقین)ی پێدەگوترێت (Barnas, 2013, 13). بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی جوگرافی شاری میافارقین، لە ڕووی ئابوورییەوە، بەهۆی دەوڵەمەندی شارەکە لە بواری ئاو و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری (البامرني، ٢٠١٣، ٨٢- ٨٦) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، ئەم شارە لەسەردەمی میرنشینی مەڕوانی گرنگییەکی تایبەتی هەبووە، جێگای بایەخی میرەکانی میرنشینەکە بوو، بۆیە بە پایتەختی میرنشینەکە دانراوە، پشکی شێری لە بایەخپێدان بەرکەوتووە (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٧٦؛ توفیق، ٢٠١٠، ٢١٣). ناوی ئەم شارە لەسەر درهەمەکان بەشێوەی (میافارقین- مافارقین، مفرقین) نوسراوە، بەڵام زۆرترین جار لەسەر دراوەکان بەشێوەی (مافرقین) دەنوسرا (غالب، ١٣١٢هـ، ٣٧٠؛ یوسف، ٢٠٠١، ١١١).

**نەخشەی ژمارە (١)**

**میافارقین و شارەکانی دەوروبەری (لسترنج، ١٩٥٣، ١٩٥٤، ١١٥)**



**دووەم/ بەکارهێنانی سکە:**

دەرکەوتن و لێدانی سکە لە شارەکانی هەرێمی جەزیرە، بە شێوەیەکی کتوپڕ نەبووە، بەڵکو ئامادەکاری بۆ کرابوو دانی پێدانرابوو، بەهۆی ئەوەی پێگەیەکی ئابووری پڕبایەخی هەبوو (حسین، ٢٠١٨، ٢٢٢)، کۆنترین سکە کە لەهەرێمی جەزیرە لێدرابێت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی (مروانی کوڕی محمد ١٢٧- ١٣٢ک/ ٧٤٤- ٧٤٩ز) لە ساڵی (١٣٠ک/ ٧٤٧ز). دواتریش لەسەردەمی خەلافەتی عەبباسی چەند جارێک سکە لە شارەکانی هەرێمەکە لێدراوە (العش، ٢٠٠٣، ١٣٠، ٢٩٠، ٢٩٧، ٥١٨) بۆیە مامەڵەکردن لە شارەکانی هەرێمی جەزیرە بە دینار و درهەم بوو (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٦٣).

جگە لە خەلافەتی و ئومەوی و عەبباسی، دەسەڵاتدارانی حەمدانی (٢٩٣- ٣٧١ک/ ٩٠٥- ٩٨١ز)، گرنگیان بە سکەلێدان دابوو لە شارە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە، (ناصر الدولة)ی حەمدانی ساڵی (٣٣٠ک/ ٩٤١ز) لە شاری نصیبین درهەمی لێدراوە (الصایغ، ٢٠٠٢، ٤٥). نمونەی ددرهەمەکە لە مۆزەخانەی بەغدا پارێزراوە، بە ژمارە (٤٤٢٤ فلس) (صالح، ١٩٨٠، ٥٣) هەرچەندە پۆلێندبەندیەکەی بە فلس لە مۆزەخانە دانراوە، بەڵام سکەکە درهەمە.

لەپاش حەمدانییەکان، عوقێلییەکان (٣٨٠- ٤٨٩ک/ ٩٩٠- ١٠٩٦٥ز) گرنگیان بە دراولێدان لە هەرێمەکە داوە (حسین، ٢٠١٨، ٢٢٢)، ئەم دراوانە لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی میرنشینەکە و میافارقینی پایتەخت ڕەهەندی ئابووری هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی شارناس (ابن حوقل مر:٣٦٧ک/ ٩٧٧ز) کاتێک لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەم سەردانی شاری نصیبینی کردووە، باجی زەویەکانی میافارقین و ئامەدی بە (٤٢٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن و دووسەد هەزار درهەم خەملاندووە (١٩٩٢، ١٩٣- ١٩٤).

لەسکە دانی دراو و مامەڵەپێوەکردنی ئەوە دەردەخات، کەوا پەیوەندییەکی سیاسی و ئابووری بەهێز لە نێوان شارە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرەو خەلافەتی عەبباسیدا هەبووە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی و مامەڵە داراییەکان بە دینارو درهەم بووە، بەڵام درهەم بەڕێژەیەکی فراوانتر بەکارهاتووە، لە نێوەندە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێک خزمایەتی ژنخوازی کراوە لە نێوان میر (أبو علی حسن) و (ست الناس)ی کچی میر (سعد الدولة شریف بن سیف الدولة)ی حەمدانی، مارەیی ئەم ژنە بە (٢٠٠٠٠٠) دوسەد هەزار درهەم بوو (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٦٣؛ زەینەڵ، ٢٠١٢، ٣٣٣).

هەندێک جار باجی زەوی وزار بە دینار بە دەوڵەتی عەبباسی دراوە، بۆنمونە باجی هەردوو شاری ئەرزن و میافارقین نزیکەی (٥٦٧٥٠) پەنجاوشەش هەزار حەوسەدو پەنجا دینار، بە خەلافەت دراوە (الدوري، ١٩٩٥، ٢١٧) دراوی ناوخۆیی و بیانی وایکردوە ئابووری شارە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە بەگشتی و شاری میافارقین بەتایبەتت ببوژێتەوە، چەندین بازاڕی بەناوبانگ لە شارەکە بنیادنراون و ئاڵوگۆڕیان تێداکراوە، بەنمونە (سوق البز) و (سوق الطعام) کە ئاڵوگۆڕی و مامەڵە داراییەکانیان تێدا ئەنجامدراوە (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٦٣؛ التكریتي، ١٩٧٠، ١٦٦). هەروەها دیناری فاطمی و دیناری ئەمیریش مامەڵەی پێوەکراوە (حسین، ٢٠١٨، ٢٢٢). جگە لەمانە، بەهۆی هاوسنوری میرنشینەکە لەگەڵ ئیمپراتۆری بیزەنتی، دیناری ئەرمانۆسی، کە بە ناوی ئیمپراتوری (رومانوسی دووەم ٣٤٨- ٣٥٢ک/ ٩٥٩- ٩٦٣ز) لێدرابوو (القلقشندي، ١٩١٥، ٧/ ١٠- ١٣) بە ڕێژەیەکی فراوان بەکارهاتووە، لەم نێوەندەدا (الفارقي، مر٥٧٢ک/ ١١٧٦ز) ئاماژەی بە بازرگانێکی شاری میافارقین کردووە، لە ئەنجامی کڕین و فرۆشتنێکدا (٥٠٠) پێنجسەد دیناری ئەرمانۆسی قازانج کردوە (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٥٧) دیناری ئەرمانۆسی نەک تەنها لە بواری بازرگانی ڕەهەندی خۆی هەبووە بەڵکو لە بوارە کارگێڕیەکانیش متمانەی پێکرابوو، بە نمونە کاتێک

له ساڵی (٤٣١ك/ ١٠٣٩ز) منداڵەکانی خەلیفەی عەباسی وەک پەنابەر لە میرنشینی مەڕوانی دەمانەوە، میر (نصرالدولة احمد) خەرجی ڕۆژانەی بۆ دابینکردون، موچەی ڕۆژانەیان (٥٠) پەنجا دیناری زێڕی ئەمیری بوو (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٨٣) وا دەردەکەوێت ئەم جۆرە دراوانە بەفەرمی لەلایەن دەسەڵاتدارینی میرنشینەکە ڕەزامەندی ئاڵوگۆڕپینیان لەسەر دراوە، ئەمەش گرنگی پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی شارەکە دەردەخات، هەرچەندە بەرلەوەی شاری میافارقین ببێتە پایتەختی میرنشینی مەڕوانی، خانەی لێدانی سکە لەشارەکە بوونی نەبووە، بەڵام ئەو نمونانەی سەرەوە کارئاسانی کردووە بۆ میرنشینەکە دوای دامەزراندنی بە ماوەیەکی کورت دراو لە شارەکە سەک بکات (حمدامین، ٢٠٢٣، ٧٢).

### ٣. تەوەرەی دووەم: سکە لێدان لە میافارقین:

**٣. ١. میر ئەبو عەلی الحسن (٣٨٠- ٣٨٧ك/ ٩٩٠- ٩٩٧ز):** ئەم میرە زاوای و کوڕی خوشکی (میر باد) بوو، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی (میر باد)ی خاڵی دەسەڵاتداری قەڵای فینک بووە، هەروەها سەرکردەی سوپای میرنشینەکەش بوو، بەم هۆیەوە خەڵکێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆ کردبۆوە (محەمەد، ٢٠٢٠، ١١٨-١١٩). دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتەدەست، بە زیرەکی و لێهاتووی خۆی توانی پارێزگاری لەم دەسەڵاتە بکات، کە بنیاد نرابوو، هەموو ئەو ناوچانەی خستەوە ژێردەسەڵاتی خۆی کە لەسەردەمی (میر باد) لە دەستدرابوون (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٥٣؛ ابن العبري، ١٩٩٤، ٣٠٣). ناوبراو زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ (میر باد) بوو (الرزراوري، ٢٠٠٣، ٦/ ٩٧؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ٤٤٤). بە هەمان شێوەی خاڵی توانیویەتی دراو لەسکە بدات، لەوەدەچێت بیرۆکەی دراولێدانی لە (میر باد) وەرگرتبێت (حمدامین، ٢٠٢٣، ٧٥). میر (أبو علی) بەرلەوەی دراو لەشارەکە سەک بکات، لە ساڵی (٣٨٤ك/ ٩٩٤ز) لە جەزیرە درهەمی لێداوە، ناسناوی (الأمیر) بۆخۆی داناوە، ئەمەش یەکەم ناسناوە کە لە میرنشینەکە بەکارهاتووە (zeno.ru, 2011, No.103479). لە هەمان ساڵ لە شاری ئامەدیش بە هەمان شێوە دراوی لێداوە (Markov, 1896, No. 1, p337). نەریتی میرەکان وابوو، لەگەڵ چوونیان بۆ هەرشارێک دراویان لێدەدا، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی سکەخانەکانیان دەکرد، چەند کەسێکی شارەزا لە دراولێدان و متمانەپێکراویان دەکردە سەرپەرشتیاری سکەخانەکان، بۆ ئەوەی بەدووربن لەکاری ساختەکاری (حمدامین، ٢٠٢٣، ٧٥). بەو پێیەی شاری میافارقین پایتەختی میرنشینەکە بوو، میریش لەم شارە نیشتەجێبوو، بۆیە زۆرترین دراوی لەشارەکە لێداوە (Lane- Poole, 1897, No. I, P 337; Markov, 1896, No. 23, p 337). پێکهاتەی درهەمەکان بەم شێوەیە:

**خشتەی ژمارە ( ١)**

| نمونەی یەکەم | | | |
|---|---|---|---|
| **جۆری سکە** | درهەم | **جۆری نوسین** | کوفی (گەڵادار+ سێگۆشەیی) |
| **ژمارەی پارچە** | zeno.ru. 2007, No. 42777 | **ساڵی لێدان** | ٣٨٥ك |
| **کێش** | ٤،٣٠ گرام | **سەردەم** | أبو علی الحسن بن مرون |
| **تیرە** | ٢٤،٤ - ٢٥،٥ ملم | **شاری لێدان** | مافرقین |

|  |  |
|---|---|
| **روو** | **پشت** |
| لا اله الا الله<br>وحده لا شریک له<br>ملک بهاالدوله<br>وضیاالمله<br>أبو نصر<br>حرق<br>پەراوێز: بسم الله ضرب هذا الدرهم بمافرقین فی سنة خمس و ثمنین وثلث مائة | لله<br>محمد رسول الله<br>صلی الله علیه واله<br>القادر بالله<br>الأمیر أبو علی<br>الحسن بن مرون<br>پەراوێز: محمد رسول الله آرسله بالهدی ودین الحق لیظهره علی الدین کله ولو کره المشرکین.<br>نەخش و نیگاری پەراوێز: ئەندازەی بە شێوەی بازنەی لە دەوری نووسینی ناوەند ڕازێنراوەتەوە. |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بەسەرچاوە (ابراهیم و محمود، ٢٠٢٣، ٦٩٥؛ zeno.ru. 2007, No. 42777)**

خشتەی ژمارە (١) وێنەی دهەمێکە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (أبو علی الحسن بن مروان)، بە شێوازێکی جوان نەخشێنراوە، بە خەتی کوفی ( سادە، گەڵادار و سێگۆشە) ڕازێنراوەتەوە؛ لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە نووسینی پەراوێزەکەی ڕوون نیە، لە پشتی سکەکە لە بەشی سەرەوەی وشەی (لله) دەبینرێت. هەرچەندە توێژەران بە شێوەی (الله) نوسیویانە (بوختی، ٢٠٢٤، ٧٢- ٧٨؛ ابراهیم و محمود، ٢٠٣٣، ٦٩٣) بەڵام لە ڕاستیدا، لەسەر سکەکە بە شێوەی (لله) نوسراوە بە بێ (ا) سەرەتایی وشەکە. کە بۆ ناوی خودای گەورە دەگەڕێتەوە.

نمونەی دووەم: بەهەمان شێوە، درهەمێکە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمیر (أبو علی الحسن بن مروان)، ڕووەکەی ڕازێنراوەتەوە بە خەتی کوفی کە وشەی (ص) بە ئەندازەیەکی زۆر درێژکراوە نەخشکراوە، بە هەمان شێوە پیتی (نون) ی وشەی (حسن) بە شێوەی درێژکراوە و گەورە نەخشکراوە، پشتەکەی بەشی سەرەوەی نووسراوە (لله) ، و لە بەشی خوارەوەی سڕاوەتەوە کە ڕەنگە بە هۆکاری لە قاڵب لێدانەکە وای لێهاتبێ، و پشتەکەی ڕازێنراوەتەوە بە نەخشی بازنەیی.

**خشتەی ژمارە (٢)**

| نمونەی دووەم | | | |
|---|---|---|---|
| **جۆری سکە** | درهەم | **جۆری نوسین** | کوفی (گەڵادار+سێگۆشە) |
| **ژمارەی پارچە** | zeno.ru. 2017, No. 192067 | **ساڵی لێدان** | ٣٨٧ك |
| **کێش** | ٢،٢٩ گرام | **سەردەم** | أبو علی الحسن بن مرون |
| **تیرە** | ٢٥- ٢٦ ملم | **شاری لێدان** | مافرقین |

| ڕوو | پشت |
|---|---|
|  |  |
| **ڕوو** | **پشت** |
| لا اله الا الله<br>وحده لا شريک له<br>ملک بهاالدوله<br>وضياالمله<br>أبو نصر<br>پەراوێز: بسم الله ضرب هذا الدرهم بمافرقين في سنة سبع و ثمنين وثلث مائة | لله<br>محمد رسول الله<br>صلى الله عليه واله<br>القادر بالله<br>الأمير أبو على<br>الحسن بن مرون<br>پەراوێز: نوسینەکانی سڕاوەتەوە<br>نەخش و نیگاری پەراوێز: ئەندازەی بە شێوەی بازنەی لە دەوری نووسینی ناوەند ڕازێنراوەتەوە، لەگەڵ بوونی نوسین بەڵام سواوە |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بەسەرچاوە ( zeno.ru. 2017, No. 192067)**

**٣. ٢. مهد الدوله (٣٨٧- ٤٠١ک/ ٩٩٧- ١٠١٠ز):** دوای کوژرانی براکەی، لەمانگەکانی کۆتایی ساڵی (٣٨٧ک/ ٩٩٧ز) دەسەڵاتی وەرگرت (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٦١). لەگەڵ هاتنە سەردەسەڵات لە میافارقینی پایتەخت، درهەمی بەناوی خۆی لەسکەدا، دراوەکە هاوشێوەی درهەمەکانی میری پێش خۆیەتی تەنها خاڵی جیاکەرەوە ئەوەیە، لە جێگای ناوی میر (أبو علی) ناوی خۆی بەم شێوەی (الأمير أبو منصور السعيد بن مرون) نوسیوە (Markove, 1896, No. 6, p337) دراوناسی ڕوسی وێنەی دراوەکەی بڵاونەکردۆتەوە تەنها لە کەتەلۆگەکەی ئاماژەی پێکردوە. بە پێی ئەودراوانەی دۆزراونەتەوە، پاشان لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی تایبەت بەنمایش کردنی دراو بڵاوکراونەتەوە دەردەکەوێت کە میر لەوکاتەوەی دەستبەکار بووە تا ساڵی (٣٩٢ک/ ١٠٠١ز) بە ناوی (أبو منصور) دراوی سەککردوە (بوختی، ٢٠٢٤، ٧٢- ٧٤).

**خشتەی ژمارە (٣)**

| **نمونەی سێیەم** | | | |
|---|---|---|---|
| **جۆری سکە** | درهەم | **جۆری نووسین** | کوفی (سادە+ گەڵادار) |
| **ژمارەی پارچە** | Mortan& Edent Ltd, 2013, No. 808 | **ساڵی لێدان** | ٣٨٩ک |
| **کێش** | ٧,٣١ گرام | **سەردەم** | الأمير ابو منصورالسعيد بن مرون |
| **تیرە** | ؟ | **شاری لێدان** | مافرقين |

| ڕوو | پشت |
|---|---|
|  |  |
| **ڕوو** | **پشت** |
| لا اله الا الله<br>وحده لا شريک له<br>ملک بهاالدوله<br>وضياالمله<br>أبو نصر<br>حرق<br>پەراوێز: بسم الله ضرب هذا الدرهم بمافرقين فی سنة تسع و ثمنين وثلث مائة | لله<br>محمد رسول الله<br>صلى الله عليه واله<br>القادر بالله<br>الأمير أبو منصور<br>السعيد بن مرون<br>پەراوێز: نوسینەکانی سڕاوەتەوە<br>نەخش و نیگاری پەراوێز: ئەندازەی بە شێوەی بازنەی لە دەوری نووسینی ناوەند ڕازێنراوەتەوە. |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەسن بە سەرچاوە ( Mortan& Edent Ltd, 2013, No. 808)**

نمونەی سێیەم، هاوشێوەی نمونەکانی ترە بە نوسینی کوفی سادە و گەڵادار ڕازێنراوەتەوە و ئەوەی هەیە لە نووسینی (وضياء) لەسەر سکەکەو لەگەڵ ئەوەی هەندێکجار پیتی (د) هاوشێوی پیتی (ک) نوسراوە، پیتی (و) لکاوە بە (ض) ەکەوە و هیچ هەمزەیەک(ء) لەسەر سکەکە ئاماژەی پێنەکراوە (بوختی، ٢٠٢٤، ٧١- ٧٢؛ ابراهيم و محمود، ٢٠٢٣، ٦٩٣). کە توێژەران بەهەڵە لە شیکردنەوەی سکەکەدا نوسیویانە. هەروەها پیتی (ص- ض) درێژکردنەوەی زیاتری بۆ کراوە، ناوی خەلیفەی عەباسی (القادر بالله) شوێنێکی فراوانتری گرتووە لەسەر سکەکە.

قۆناغی دووەمی دراولێدانەکانی ناوبراو لە ساڵی (٣٩٢- ٤٠١ک/ ١٠٠١- ١٠١٠ز) دەستپێدەکات، ئەم قۆناغە بەوە جیادەکرێتەوە لە قۆناغی پێشو، بەناسناوی (مهد الدوله) درهەمی لێداوە، خاڵێکی تر، میرەکان پێشتر، ناوی خۆیان لە پشتی دراوەکان دەنەخشاند، بەڵام دوای وەرگرتنی ناسناوەکە لە ڕووی دراوەکە دەینوسێت، پشتی دراوەکە بۆ خەلیفەی عەباسی و میرە بوەیهییەکان تەرخان دەکات (غالب، ١٣١٢هـ، رقم. ٨٩٢، ص ٣٦٥) لەوە دەچێت لە ساڵی (٣٩٢ک/ ١٠٠١ز) ئەم ناسناوەی لەلایەن خەلیفەی عەباسی پێدرابێت (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٦٦) دواجار دەبێت ئەوەمان لە بیربێت لەسەردەمی ئەم میرە، میرنشینەکە پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە، لە میرنشینێکی دەستبەسەرداگر (استيلاء) واتا: ئەو میرانشینانەی بە شەڕ و بێڕەزامەندی خەلیفە لە هەرێمێکی سەر بە دەسەڵاتی خەلافەت دادەمەزران و دژایەتی دەسەڵاتی ناوەندیان دەکرد، خەلیفەش بەناچاری دانی بە دەسەڵاتیان دەنا (الماوردي، ١٩٨٩: ٤٠-٤٦). دەبێت بە میرێکی (استکفاء) واتا: ئەو میرنشینەی کە خەلیفە بە ویست و ئارەزوی خۆی بۆ مەبەستێکی سیاسی دیاریکراو دایدەمەزراند، بۆ بەرگریکردن لە هەرێمێک لە هێرشی هێزێکی نەیاری خەلافەت، پابەندەکران بە ناردنی باج و خەراجی ساڵانە بۆ خەزێنەی ناوەند (ابن شداد، ١٩٩١، ٣/ ٣٣٤؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٢٧٣؛ توفيق ، ٢٠١٠، ٢٠٥). هەربۆیە لەم ساڵە بەدواوە دراوەکان بەو ناسناوە فەرمییە لەسکە دەدات (Heidemann, 2005, 605).

**خشتەی ژمارە (٤)**

| نمونەی چوارەم | | | |
|---|---|---|---|
| **جۆری سکە** | درهەم | **جۆری نووسین** | کوفی(سێگۆشە+گوڵدار) |
| **ژمارەی پارچە** | Heidemann, 2005, No. 4, p 605; Markove, 1896, No. 10, p337 | **ساڵی لێدان** | ٣٩٦ک |
| **کێش** | ٤,٤٩ گرام | **سەردەم** | الأمیر أبو منصور السعید بن مرون |
| **تیرە** | ٢٧ ملم | **شاری لێدان** | مافرقین |
|  | | | |
| **ڕوو** | | **پشت** | |
| لا اله الا الله<br>وحده لا شریک له<br>ممهد الدوله<br>أبو منصور<br>پەراوێز: بسم الله ضرب هذا الدرهم بمافرقین فی سنة ست و تسعین وثلث مائة.<br>پەراوێز دووەم: نوسینەکانی سڕاوەتەوە | | الله<br>محمد رسول الله<br>صلی الله علیه واله<br>القادر بالله<br>الملک بهاالدوله<br>وضاالمله<br>پەراوێز: نوسینەکانی سڕاوەتەوە<br>نەخش و نیگاری پەراوێز: ئەندازەی بە شێوەی بازنەی لە دەوری نووسینی ناوەند ڕازێنراوەتەوە. | |

**سەرچاوە: کاری توێژەر: بە پشتبەستن بەسەرچاوە ( Heidemann, 2005, No. 4, p 605; Markove, 1896, No. 10, p337)**

نمونەی ژمارە -٤- هاوشێوی نمونەکانی تر بە خەتی کوفی ڕازێنراوەتەوە، کوفی سادە و گوڵدار بەتایبەت لە پیتی (هاء) لە شێوەی گوڵ دەردەکەوێت، پشتەکەشی بە نەخشی بازنەیی ڕازێنراوەتەوە.

**٣,٣. شروین کوڕی محمد (٤٠١ک/ ١٠١٠ز):** لە سەرچاوە مێژوویەکان ئەم کەسایەتی بە (شروة کوڕی مم) ناسراوە، (محمد)ی باوکی یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی میر (أبو علی) وەک ڕاوێژکار، کاری کردووە، لە کاروباری بەڕێوەبردندا یارمەتیداوە، بەم هۆیەوە ئەم بنەماڵەیە پلەو پایەیان بەرزبۆتەوە دواتریش (شروین) خۆی دەبێتە نزیکترین و متمانە پێکراوترین کەسی (ممهد الدولة) تەنانەت ڕۆژێکیان میر پێی دەڵێت: "گیانم پێش گیانت کەوێت ئەی ئەبو شوجاع، ڕۆژم پێش ڕۆژت کەوێت" (الفارقي، 2014: 466). دیارە ئەمە ئەوپەڕی هاوڕێیەتییان و لێکنزیکیان دەگەیەنێت، ئەمەش ڕوون دەبێتەوە میر نازناوی (ئەبو شوجاع)ی پێداوە.

نەریتی میر (ممهد الدوله) وابوو لە ڕۆژانی وەرزی بەهار سەردانی دەرەوەی میافارقینی دەکرد، وا ڕێککەوتن بانگهێشتی قەڵای (هیتاخ)ی بکەن. بەم شێوەیە میر لە وەرزی بەهار لە کۆتایی ساڵی (٤٠١ک) یاخود لەسەرەتای ساڵی (٤٠٢ک) کوژرا (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٦٧؛ ان شداد، ١٩٩١: ٣/ ٣٣٧-٣٤٠). بەڵام بەشێکیتر لە مێژوونوسان بۆچونیان وایە کە میر لە ساڵی (٤٠٢ک) کوژراوە (ابن الأثیر، ١٩٨٧: ٧/ ٤٤٥؛ العمري، ٢٠١٠: ٢٦/ ١٨٦؛ ابن خلدون، ٢٠٠٣: ٤/ ٣٨٠) .

مێژوونوسی سریانی (ایلیا برشینایا مر: ٤٣٨ک/ ١٠٤٦ز) کە نزیکە لەڕوداوەکان و خەڵکی شاری (نسیبین)ە کاتی کوژرانەکەی بەم شێوەیە دیاریدەکات: "میر لە شەوی پێنج شەممە (٥/ جمادي الاولي/ 401ک = 20/ ئاب/ 1010ز) کوژرا" (١٩٧٥، ٢٠٤). بێگومان، ئەمەش لەگەڵ تۆمارەکەی مێژوونوس (الفارقي مر: دوای ٥٧٧ک/ ١١٨١ز) کە دەرەنگتر ڕووداوەکانی تۆمار کردووە، یەک ناگرێتەوە، کە وەرزی بەهاری دیاریکردووە. ئەم ڕێککەوتەی سەرەوە یەکسانە بە یەکێک لە مانگەکانی هاوین، تەنانەت شپرزەیی و ناڕێکی بە تۆمارەکانی فارقیەوە دەبینرێت، خۆشی هەستی بەمە کردوە کە دڵنیا نییە لە کاتی کوشتنەکە، بۆیە وشەی (قیل- دەڵێن)ی بەکارهێناوە. تەنانەت لەگەڵ بەڵگە دراویەکانیش ناکۆکە کە دراوناسەکان ئاماژە بەوە دەکەن (ممهد الدولة) دراوی لە میافارقین لێداوە ساڵی (٤٠١ک). (Markove, 1896, 337,No.19) خورەوشتی میرو فەرمانڕەواکان وابوو لەسەرەتای ساڵەکان دراویان لێدەدا، وەک ئاماژەیەک بۆ ساڵی نوێ (الحسیني، ١٩٧٦، ٣٣- ٣٤). لەلایەکی تر ئەم ئەگەرە کراوەیە کە دراوی ئەم ساڵە ( ممهد الدوله ) لە لایەن (شروین) لێدرابێت، بە تایبەت دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە دوای دەستبەسەرداگرتنی میافارقین، نوسراوی بەمۆری میرەوە بۆ شارەکان دەنارد تاوەکو ملکەچی بن (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٩٩).

دەکرێ دراویشی وەک بەڵگەیەک لەگەڵ نوسراوە مۆرکراوەکان ناردبێت بۆ ئەوەی ببێتە جێگای باوەڕی والی و فەرمانڕەوای شارەکان. هەروەها دراوی (نصر الدولة) لەم ساڵە لە شارەکە لێدراوە (زامباور، ١٩٨٠: ٢٠٦؛ Heidemann, 2005, 605, No.11) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مێژوونوسان لە تۆمارکردنی ڕوداوەکانیان بەهەڵە داچوون، دەکرێ لە یەک ساڵدا شارەکە سێ فەرمانڕەوای جیاوازی بەخۆیەوە بینیبێت، بەڵام لێکۆڵەرێک دوای بەدواداچوونی وردو قوڵ بۆچونی وایە ئەم دراوانە بە هەڵە خوێنراوەتەوە کە بۆ ساڵی (٤٠١ک) دەگەڕێنەوە، بەڵکو پێی وایە دراو لێدانی (نصر الدولة) بۆ دوای ساڵی (٤٠٢ک) دەگەڕێتەوە (یوسف، ١٩٧٢: ١/ ١٩٢).

(شروین) گەڕایەوە میافارقین و توانی بەزەبری هێز دەستی بەسەرداگرێت. خەڵکەکەی ملکەچ بکات و میرایەتی خۆی ڕابگەیەنێت (الفارقي، ٢٠١٤: ٤٦٨). دەستی بەسەر کۆشک و موڵک و ماڵ و خەزێنە و پارەی میرنشینەکە داگرێت. دواتر دەستی بە لێدانی دراوکرد لە شارەکە بە ناوی خۆی( Heidemann,2005, 600. No.9).

**خشتەی ژمارە (٥)**

| نمونەی پێنجەم | | | |
|---|---|---|---|
| **جۆری سکە** | درهەم | **جۆری نووسین** | کوفی (سێگۆشە+گەڵادار) |
| **ژمارەی پارچە** | Heidemann, 2005, No.9, p 600; Markov, 1896, No. 20, p 338; zeno.ru. 2021, No. 272570 | **ساڵی لێدان** | ٤٠١ک |
| **کێش** | ٥ گرام | **سەردەم** | شروین بن محمد |
| **تیرە** | ٢٥ ملم | **شاری لێدان** | مافرقین |

| روو | پشت |
| --- | --- |
|  |  |
| **روو** | **پشت** |
| لا اله الا الله<br>وحده لا شريک له<br>الأمير أبو شجاع<br>شروين بن محمد<br>پەراوێز: بسم الله ضرب هذا الدرهم بمافرقين فى سنة احد[ى واربع مائه]<br>نەخش و نیگاری پەراوێز: ئەندازەیی بە شێوەی بازنەی لە دەوری نووسینی ناوەند ڕازێنراوەتەوە. | محمد رسول الله<br>صلى الله عليه واله<br>القادر بالله<br>الملک بهاالدوله<br>وضاالمله<br>پەراوێز: نوسینەکانی سڕاوەتەوە<br>نەخش و نیگاری پەراوێز: ئەندازەیی بە شێوەی بازنەی لە دەوری نووسینی ناوەند ڕازێنراوەتەوە. |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بەسەرچاوە ( Heidemann, 2005, No.9, p 600; Markov, 1896, No. 20, p 338; zeno.ru. 2021, No. 272570)**

نمونەی ژمارە -٥- درهەمێکە، هەمان شێوەی سکەکانی پێشو، هەردوو ڕوو و پشتی سکەکە بە نەخشی بازنەیی ڕازێنراوەتەوە. ئەم دراوە پێشوتر لە لایەن دراوناس و ڕۆژهەلاتناسەکان بە هەڵە خوێنراوەتەوە بەم شێوەیە: (أبو شجاع برويز بن محمد) (شەرەفخان، ١٩٩٧، ١٠؛ زامباور، ١٩٨٠، ٢٠٦؛ Markov, 1896, 338, No. 20; Album, 2011, 101). هەروەها ئەگەر تێبینی بکەین (شروين) لە دراولێدان وشەی (للة) لە سەر پشتی دراوەکە لابردووە، بەگشتی میرەکانی میرنشین ناوی خودای گەورەیان لە سەرەوە دەنوسی.

دراولێدان بۆ (شروين) کارێکی هێندە ئاستەم نەبوو. بە تایبەتی بەردەوام لەگەڵ میر (ممهد الدولة) ماوەتەوە، وەک خزمەتکار، کاری لەلا کردووە (ايليا برشينايا، ١٩٧٥، ٢٠٤؛ بولاديان، ٢٠٠٩، ١٧٩). شارەزای لە کاروباری دارایی و بەڕێوبردن پەیدا کردبوو، لە لایەکی تریش کاتێک دەستی بەسەر شارەکە داگرت، هەموو پێداویستی دراولێدانی کەوتە بەردەست بە کارمەندی سکەخانەکانیش، بەم هۆیەوەش هەموو ئامرازەکانی بەرهەم هینانی دراوی هەبوو (Heidemann,2005, 603). ناوەکەشی ئاماژە بۆ بنچینە ڕەگەزەکەی دەکات، مێژوونوسێکی سریانی ناوەکەی پشتڕاست دەکاتەوەو (ايليا برشينايا، 1975: 204). ناوی فەرمی باوکی (محمد)ە، لە ناو کوردان بە (مەم) بانگکراوە (الفارقي، ٢٠١٤: ٤٥٤، ٤٥٦، ٤٦٠، ٤٦١). (مەم)یش فۆڕمێکی کوردیەو بۆ ناوی (محمد) بەکارهێنراوە (Heidemann,2005, 601). کوردەکان بە (شێرۆ) بانگیان کردوە، هەروەک مێژوونوسان کردویانە بە (شروة) (الفارقي، ٢٠١٤: ٤٦٠؛ ابن شداد، ١٩٩١: ٣/ ٣٣٦؛ سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ١٨/ ٢٠٦؛ ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٤٤٦). ناسناوەکەشی کە (أبو شجاع)ە لە لایەن میرەوە پێی دراوە (الفارقي، 2014: 466).

**٣. ٤. نصر الدوله احمد (٤٠٢- ٤٥٣ک/ ١٠١١- ١٠٦١ز):** دوای دەستبەسەرداگرتنی شاری میافارقین، کاروباری وڵاتی ڕێکخستەوە، کە بەهۆی کوژرانی میری پێشو، جۆرێک لە نائارامی وڵاتی گرتبۆوە، ناوچەکانی ژێرقەڵەمڕەی (نصر الدولة) بەشێوەیەکی گشتی گەشەکردنێکی فرەلایەنەو سەرنج ڕاکێشی بەخۆیەوە بینیوە، چالاکی کشتوکاڵی و وەرزی بوژایەوە، بازرگانی پەرەی سەند، گەندەڵی دارایی تا ئاستێکی زۆر باش بنەبڕکرا، ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان بەرزبۆوە، بە لابردنی زیادەی باج و خەراج، باری سەرشانی هاوڵاتیان سوککرا (توفيق، ٢٠١٠، ٢١١) تەنانەت مێژونوس الفارقی سەردەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی بە جەژن ناو دەبات ، پشکی شێری ئاوەدانیش بەر شاری میافارقین کەوت، بۆیە میر گرنگیەکی تایبەت بەم شارە داوە (٢٠١٤، ٤٧٣- ٤٧٤). لەگەڵ ئەوەی لەزۆربەی شارەکانی میرنشینەکە دراوی لێداوە لە کاتێک کە بەسەردان چۆتە ئەم شارانە، بە وێنەی (ئامەد- دنيسر، آنبر، خەلات، نسيبين) ( Lane- Poole, 1889, No. 52r, 52p, p 272؛ غالب، ١٣١٢ هـ، رقم. ٨٩٩- ٨٩٥، ص ٣٦٧) بەڵام زۆرترین ڕێژەی درهەمی لە پایتەخت لێداوە، چونکە بەشێوەیەکی هەمیشەیی تێیدا نیشتەجێببوە.

**خشتەی ژمارە (٦)**

| **نمونەی شەشەم** | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| **جۆری سکە** | درهەم | **جۆری نوسین** | کوفی (سێگۆشە+گەلادار) |
| **ژمارەی پارچە** | Heidemann, 2005, No.17, p 613 | **ساڵی لێدان** | ٤٠٥ک |
| **کێش** | ٣,٧٧ گرام | **سەردەم** | نصر الدولة |
| **تیرە** | ٢٦ ملم | **شاری لێدان** | مافرقين |
|  | |  | |
| **روو** | | **پشت** | |
| لا اله الا الله<br>وحده لا شريک له<br>نصر الدوله<br>أبو نصر<br>بازنە: بسم الله ضرب هذا الدرهم بمافرقين فى سنة خمسه و اربع مائه | | لله<br>محمد رسول الله<br>صلى الله عليه واله<br>القادر بالله<br>الملک أبو شجاع<br>بازنە: نوسینەکانی سڕاوەتەوە | |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە سەرچاوە ( Heidemann, 2005, No.17, p 613)**

نمونەی ژمارە -٦- درهەمێکە، بەهەمان شێوەی سکەکانی پێشتر، لە ڕووەکەی و پشتەکەی بە شێک لە نووسینەکەی شێواوەو سواوە، نخاڵێک لە بەشی خوارەوە سکەکە کراوە لە هەردوو ڕووەکەی و پشتەکەی بەهەمان شێوە.

دراوێکی ترمان هەیە کە ڕووەکەی و پشتەکە بەشێوەیەکی جیاواز لێدراوە کە پێمان وایە بۆ یەکێک لە ساڵەکانی (٤٠٣- ٤١٣ک) دەگەڕێتەوە، ڕووەکەی بە قاڵبی هەڵکۆڵدراو (القوالب المحفورة) لێدراوە، لە کاتێکدا پشتەکەی بە قاڵبی (بارز- دەرپەڕیو) سەککراوە، ئەمە لە کاتێکدایە بۆ یەکەمجار ئەم شێوازە لە دراو لێدان لە شارەکە پەیڕەو بکرێت.

**خشتەی ژمارە (٧)**

| نمونەی حەوتەم | | | |
|---|---|---|---|
| **جۆری سکە** | **درهەم** | **جۆری نوسین** | کوفی (سێگۆشە+گەڵادار) |
| **ژمارەی پارچە** | 2011, zeno. ru. No. 104773 | **ساڵی لیدان** | ؟ |
| **کێش** | ٦,٥ گرام | **سەردەم** | نصر الدولة |
| **تیرە** | ٢٦ ملم | **شاری لیدان** | مافرقين |
|  | |  | |
| **روو** | | **پشت** | |
| لا اله الا الله<br>وحده لا شريك له<br>نصر الدوله<br>أبو نصر<br>پەراوێز: بسم الله ضرب هذا الدرهم بمافرقين في سنة (ساڵی لیدانەکە سڕاوەتەوە)<br>نەخش و نیگاری پەراوێز: ئەندازەی بە شێوەی بازنەی لە دەوری نووسینی ناوەند ڕازێنراوەتەوە | | لله<br>محمد رسول الله<br>صلى الله عليه واله<br>القادر بالله<br>الملك شهانشا<br>ابو شجاع<br>پەراوێز: نوسینەکانی سڕاوەتەوە<br>نەخش و نیگاری پەراوێز: ئەندازەی بە شێوەی بازنەی لە دەوری نووسینی ناوەند ڕازێنراوەتەوە، لەگەڵ بوونی خاڵێك لە خوارەوەی نووسینی ناوەندەکەی | |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە سەرچاوە ( zeno. ru. 2011, No. 104773)**

نمونەی ژمارە -٧- درهەمێکی جوانە، بەهەمان شێوە ڕازێنراوەتەوە بە خەتی کوفی و خاڵێك لە پشتەکەی هەیە و هەردوو ڕووی بە نەخشی بازنەی ڕازێنراوەتەوە.

### ٤. تەوەرەی سێیەم: نەخش ونیگاری سکەکان لە میافارقین.

بە گشتی ئەو نەخش و نیگارانەی کە لەسەر سکەکانی شاری میافارقین بەکارهاتوون، پێکدێت لە نەخشی نوسینی کوفی و ئەندازەیی، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

#### ٤. ١. یەکەم: نەخش و نیگاری نووسین:

نووسین بەتێپەڕبوونی کات ڕۆڵ و گرنگی زیاتر بووە ئەمەش بەهۆی پەیوەست بوونی نوسین و خەت بە بیروباوەڕی ئایینی یەوە، و لە نێو ئەم نوسینانەشدا خەتی کوفی بوو دواتر بۆ ئەوروپاش بڵاوبووە؛ لەسەر مادەکانی وەک تەختە و کانزا و شوشە و قاشان و چنین و هەروەها مادەی تری سەقف و دەرگا و پەنجەرە و شوشە و جلوبەرگ ئەم گرنگی دانەش بە نوسین بە هۆی هاتنی ئاینی ئیسلام. بەهۆی ئەوەی گرنگی زۆری بە فێربوون و نووسین داوە وای کردووە لە ناو خەڵکی بڵاوبێتەوە ئەم ئەو هۆکارانەی تر کە گرنگییان بە نووسینی عەرەبی دا ئەوە بووە ڕێگەیەک کە لێیەوە مسوڵمانەکان فێری زانست بوون (الباشا، 1968، ٤٧). هەروەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴾ (سورة العلق، الاية ١-٥). بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند وشەیەک بە نمونە وەربگرین بۆ زیاتر شیکارکردنی خەتەکان.

##### نوسینی کوفی (الخط الكوفي):

لە کۆنترین جۆری نووسینەکانە کە عەرەب بەکاریانهێناوە (ابو عيشة، ٢٠٠٧، ٤٠-٤١). بەکۆنترین نوسینەکانیش دادەنرێت (الكردي، ١٩٣٩، ١١٠)، لە سەرەتای ئیسلامدا چەندین جۆری نوسین هەبووە، دەگەڕێنەوە بۆ چەند شارێکی ئیسلامی جیاواز وەکو: (مەککە، مەدینە، کوفە، ئەنبار)، کە لە خەتی نەبەتییەوە (باکوری نیمچە دورگەی عەرەبی، چیای حەوران ) وەرگیراوەو لە بڵاوبوونەوەدا بووە، خەڵکی حیرە و ئەنبار لە عێراق وەریانگرتوە (شوحان،٢٠٠١، ٤٨).

بۆیە خەتی کوفیش بە ناوی ئەو شارەوە ناونراوە کە تیایدا سەری هەڵداوە، دواتر گەشەیکردوە بەتایبەت لە سەردەمی عەبباسی بۆ سەرجەم شارەکانی ئیسلامی و بڵاوبوەتەوە، خەتی کوفی لە سەرەتادا سادە بوو، هیچ گەڵایەکی نەبوو نە گەشەکردن و نە تێکەڵاوبوون و هیچ پەیوەندییەک لە نێوان پیتەکانیدا نەبوو، دواتر گۆڕانکارییان تیاداکردووە و لەوانەش ڕازاندویانەتەوە لە شێوەی کوفی گەڵادار و گوڵدار و کەزی و ئەندازەیی، کەبووە هۆی ئەوەی خەتی کوفی شێوازێکی نوێی وەربگرێت لە نوسیندا (الجبوري،١٩٩٩،٦٧) خەتی کوفی چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئێمە باسی دەکەین ئەو نمونانەن کە لەسەر سکەکانمان بوونی هەیە.

##### ا-خەتی کوفی سادە:

کوفی سادە کۆنترین جۆری خەتی کوفییە (الكردي، ١٩٣٩، ١١٠) پیتەکان سەربەخۆن، نوسراون لە جیهانی ئیسلامیدا، چ ڕۆژهەڵات و چ ڕۆژئاوا لە سەرەتای سەدەی یەکەمی کۆچی/ شەشەمی زاینی، لەهەر جۆرە ڕازاندنەوەیەک و نەخش و نیگارێک پیتەکانی دوور بوون لە گەڵا و گوڵ، نوسینێکی پاک بوو، پیتەکانی ئەستورو سەربەخۆ بوون، تا کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆی زایینی، بۆ نوسین بەکارهاتووە (حسن،١٩٤٨، ٢٣٨) سەرەڕای سادەییەکەی زیادکردنێکی سادە و کەم لەشێوەی هێڵکارییەکی کورت یان سێگۆشەی بچوکدا کراوە لە نوسینەکاندا (الورشفاني، ٢٠٢٤، ١٢). بۆیە نوسین بەیەکێک لەڕەگەزە گرنگەکانی هونەری ئیسلامی دادەنرێت، کە میرنشینەکە بەدەر نییە لێی، دراویش سەرچاوەیەکی گرنگی نوسراوە (عبدالرحمن، ٢٠٢٣، ٢٦١) نمونەی ئەم جۆرە وەکو ووشەی (لله) لەگەڵ وشەی (لا اللة).



**سەرچاوە: کاری توێژەر**

##### ب- کوفی گەڵادارو گوڵدار

جۆرێکی تایبەتە لە نووسینی خەتی کوفی، دوای ئەوەی پێشکەتن و داهێنانی تێدا کراوە، کە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک جوانکاری ڕوەکی لە نوسین، وەکو لاسک و گەڵا، کە لە پیتەکان دەردەچن یاخود بەشێک لە پیتەکان لە شێوەی گەڵا دەڕازێنرێتەوە (العوادي، ١٩٤٥، ٧). کە سەرەتای پیتەکان یاخود کۆتاییەکەی لەشێوەی گەڵا دەچێت و ڕاستەوخۆ لکێنراوە بە پیتەکانەوە، بێئەوەی هیچ بۆشایەک بەجێبهێڵێت،

سەری پیتەکان دابەش بوون بۆ دوو گەڵا (الحسيني، ١٩٦٨، ١٠٢). نمونەی ئەم جۆرە وەکو وشەی (بن مرون) یاخود وشەی (الدولە).



سەرچاوە: کاری توێژەر

### ٤. ٢. دووەم: نەخش ونیگاری ئەندازەیی:

زانین و بەکارهێنانی ئەم جۆرە نەخشە مێژوویەکی دووری هەیە، هەریەکە لە شارستانیەکانی دۆڵی نێوان (دوو ڕوبار- دۆڵی نیل) پشتیان بەستوە بە کۆمەڵێک بنەمای ئەندازەی سادە لە ژمارەی زەوی و گەردونی، دواتریش یۆنانییەکان گەشەیان پێداوە (ویلسون،د.ت، ١١). بەهاتنی ئیسلام بەرەوپێش چونێکی گەورە تیایدا سەریهەڵداوە کە تەنها مەبەست لێی سێگۆشەو چوارگۆشە و بازنە نەبووە، بەڵکو هەرشتێک ڕوویەکی تایبەت بە وێنەی ئەندازەیی بێت لە هونەری ئیسلامی (احمد، ٢٠٢٣، ١٢١) ، نەخشی ئەندازەیی هیچ بەرکەوتنێکی نەریتی لەگەڵ بیروو باوەڕی ئاینی نیە، بۆیە بەکارهێنانی مێژوویەکی دووری هەیە، لەسەرتای لێدانی دراو لە ناو دوڵەتی ئیسلامی، شێوەی ئەندازەیی بازنەیان دەنەخشاند، (دیناری بیزەنتی و درهەمی ساسانی هەمان شێواز بوون). نەخشێنەرەکان، ئەم نەخشە ئەندازەییەیان لەسەر دراو دەنەخشاند، بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی و جوانکاری و جیاکردنەوەی نوسینەکانی سەر دراوەکان (عبدالرحمن، ٢٠٢٣، ٢٧٧) لە چوارچێوەی ئەمانەشدا، بازنە بە هەموو جۆرەکانییەوە، بازنەی بەش بەش و خاڵ، ئەم نەخش و نیگارە بە تێکەڵکردنی لەگەڵ نەخشی ڕوەکی و خەت وای کردووە، جوانییەکەی بە تەواوی دەربکەوێت (آحمد، ٢٠٢٣، ١٢٢). بۆیە بە یەکێک لە جوانترین نەخش و نیگاری درەوشاوەی ئیسلامی دادەنرێت (العمري، ٢٠١٦، ٨٣٣). ئەو نمونانەی کە هەمانە تەنها بازنەیەکی خڕ کە کێشراوە بە دەوری نووسینەکانی ناوەندی سکەکە لەگەڵ بوونی خاڵ لە بەشی خوارەوەی نوسینەکاندا.

**خشتەی ژمارە (٨)**

**بۆ بینینی تەواوی نوسینەکان و نەخش ونیگاری ئەندازەیی**

**بروانە هێلکاری دراوی ژمارە (١، ٤، ٥، ٧)**

| | |
|---|---|
| **تابلۆی نمونەی -١-** | |
| **پشت** | **ڕوو** |
|  |  |
| **تابلۆی نمونە-٤-** | |
| **پشت** | **ڕوو** |
|  |  |
| **تابلۆی نمونەی -٥-** | |
| پشت | **ڕوو** |
|  |  |
| **تابلۆی نمونە-٧-** | |
| پشت | **ڕوو** |
|  |  |

**سەرچاوە: کاری توێژەر**

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. شاری میافارقین هەرلەسەرەتاوە ناوچەیەکی گرنگ بووە، بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی، مەروانییەکان کردویانە بە پایتەخت و سکەخانەیان تێدا دامەزراندوەو میرەکان بە ناو و ناسناوەکانی خۆیان دراویان تێدا لێداوەو لە مامەڵە داراییەکان بەکاریان هێناوە.
2. دراو ڕۆڵی کارای هەیە لە نوسینەوەی مێژوودا، پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕوداوە مێژوویانە کە لەسەرچاوەکان ئاماژەیان پێنەکراوە، یاخود بە هەڵە تۆمارکراون لەڕێگای شیکار کردنی نوسراوی سەر دراوەکان. بۆیە کاتێک (میر باد) دەست بەسەر شاری موسڵ دادەگرێت دەتوانێت دراو بە ناوی (الحسين بن دوستك) لێبدات. بەمە ناوی ڕاستەقینەی ئەم فەرمانڕەوا کوردەمان بۆ دەردەکەوێت.
3. لە ڕێگای دراوەکان دەتوانین فەرمانڕەوایەکی نوێ بۆ میرنشینەکە زیاد بکەین کە (شروین کوڕی محمد)ە، هەرچەندە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی کورت و سنوردارە، هەروەها توانیمان ناوی دروستی ئەم فەرمانڕەوایە ڕاستبکەینەوە، کە پێشوتر لە لایەن دراوناسەکان و توێژەران بەهەڵە خوێندراوبۆوە.
4. سەرەڕای ئەوەی کە میرنشینی مەڕوانی خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و ئابووری بوو، بەڵام تەنها درهەمیان لەسکە داوە، نەیان توانیوە دینار و فلس لەسکە بدەن. ئەمەش لەبەر ئەوەبوو چونکە دینار و فلسی خەلافەتی عەبباسی و بیزەنتیان لە مامەڵە داراییەکانی خۆیان بەکار هێناوە.
5. لەسەر پشتی دراوەکان وشە (للة- ناوی خودای گەورە) نوسراوە، بەڵام بەشێک لە توێژەران و دراوناسەکان بە هەڵە (اللة) نوسیوەو بە هەڵە خوێندنەوەیان بۆ کردبوو.
6. لەسەر دراوەکان جگە لە ناوی میرەکانی میرنشینەکە، ناوی خەلیفەی عەبباسی و میرە بوەیهییەکان دەبینرێ، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە میرەکان نەیانتوانیوە خۆیان لە باڵادەستی دەسەڵاتی ئاینی- سیاسی خەلیفەو ڕزگار بکەن، دێرێکی تەواویان بۆ ناوی خەلیفە تەرخانکردوەو درێژکردنەوەیان بە

پیتەکان داوە، بۆ ئەوەی هەموو سەر سکەکە بگرێت، ئەم قسەیە بۆ میرە بوەیهییەکانیش ڕاستە، بە ناو ناسناوە فەخریەکانیان دراویان لێداوە، نەیان توانیوە بەیەکجاری جاری سەربەخۆیی لێبدەن.

7. جگە لەشاری میافارقین میرەکان دراویان لە چەندین شارو شارۆچکەی تری هەرێمەکە لێداوە، دراوەکان دەوڵەمەندن بە خەتی کوفی و جۆرەکانی، ئەمەش دەرخەری پێشکەوتویی لایەنی شارستانی میرنشینەکە دەردەخات، ئەوەشمان پێدەڵێت کە میرەکان ئاگاداری ئەو پێشکەوتنانە بوون کە خەتی کوفی پێیدا تێپەڕیوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوەی پیرۆز

القرآن الكريم

### دووەم: سەرچاوە بنەڕەتییەکان

ابن الأثير، عزالدين أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد (ت ٦٣٠هـ/ ١٢٣٢م)، (١٩٨٧)، الكامل في التاريخ، تحقيق: أبي الفداء عبدالله القاضي، بيروت: دار الكتب العلمية.

ايليا برشينايا (ت ٤٣٨هـ/ ١٠٤٦م)، (١٩٧٥)، تاريخ ايليا برشينايا، تعريب: يوسف حبي، بغداد.

البلاذري، احمد بن يحيى بن جابر (ت ٢٧٩هـ/ ٨٩٢م)، (١٩٨٧)، فتوح البلدان، تحقيق: عبدالله أنيس الطباع و عمر أنيس الطباع، بيروت، مؤسسة المعارف.

ابن تغري بردي، جمال الدين أبو المحاسن يوسف الأتابكي (ت ٨٧٤هـ/ ١٤٦٩م)، (١٩٧٢)، النجوم الظاهرة في ملوك مصرو القاهرة، القاهرة، وزارة الثقافة والارشاد القومي

ابن حوقل، أبي القاسم بن حوقل النصيبي (ت ٣٦٧هـ/ ٩٧٧م)، (١٩٩٢)، صورة الأرض، بيروت، منشورات دار مكتبة الحيات.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن خلدون (ت ٨٠٨هـ/ ١٤٠٥م)، (٢٠٠٣) تاريخ ابن خلدون المسمى (العبر و ديوان المبتدأ والخبر)، بيروت: دار الكتب العلمية.

ابن خلكان، أبو عباس شمس الدين أحمد بن محمد (ت ٦٨١هـ/ ١٢٨٢م)، (د. ت)، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، بيروت، دار صادر.

خليفة بن خياط، أبو عمر بن أبي هبيرة (ت ٢٤٠هـ/ ٨٥٤م)، (١٩٨٥)، تاريخ خليفة بن خياط، تحقيق: أكرم ضياء العمري، الرياض، دار الطيبة للنشر والتوزيع.

الروذراوري، أبو شجاع محمد بن الحسين بن عبدالله (ت ٤٨٨هـ/ ١٠٩٥م)، (٢٠٠٣)، ذيل تجارب الأمم، بيروت، دار الكتب العلمية.

سبط ابن الجوزي، شمس الدين أبو المظفر (ت ٦٥٤هـ/ ١٢٥٦م). (٢٠١٣)، مرأة الزمان في تواريخ الأعيان، تحقيق: كامل محمد و أحمد أنس، بيروت، دار الرسالة العالمية.

ابن شداد، عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم (ت ٦٨٤هـ/ ١٢٨٥م)، (١٩٩١)، الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام والجزيرة، تحقيق: يحيى زكريا عبارة، دمشق، منشورات وزارة الثقافية في الجمهورية العربية السورية.

ابن العبري، غريغوريوس أبو الفرج جمال الدين (ت ٦٨٥هـ/ ١٢٨٦م)، (١٩٩٤)، تاريخ مختصر الدول، ط ٢، لبنان، دار الرائد اللبناني.

ابن العديم، كمال الدين عمر بن احمد (ت ٦٦٠هـ/ ١٢٦٢م)، (د.ت)، بغية الطلب في تاريخ حلب، تحقيق: سهيل زكار، بيروت، دار الفكر.

العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيى أبن فضل الله (ت ٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م)، (٢٠١٠)، مسالك الأبصار فى ممالك الأمصار (ممالك الإسلامية)، تحقيق:مهدي النجم، بيروت، دار الكتب العلمية.

الفارقي، أحمد بن يوسف بن علي بن الأزرق (ت بعد ٥٧٧هـ/ ١١٨١م)، (٢٠١٤)، تاريخ ميافارقين، تحقيق ودراسة: كريم فاروق الخولي و يوسف بالكون، أستنبول، نوبهار.

ابو الفداء، الملك المؤيد عماد الدين (ت ٧٣٢هـ/ ١٣٣٢م)، (د.ت)، المختصر في أخبار البشر، تحقيق: محمد زينهم محمد غريب، القاهرة، دار المعارف.

القزويني، زكرياء بن محمد بن محمود (ت ٦٨٢هـ/ ١١٨٣م)، (د. ت)، أثار البلاد وأخبار العباد، بيروت، دار صادر.

القلقشندي ، ابو العباس احمد بن علي (ت٨٢١هـ/ ١٤١٨)، (١٩١٥)، صبح الاعشى في الصناعة الانشاء، الجزء السابع، القاهرة، بالمطبعة الأميرية.

الماوردي، أبي الحسن علي بن محمد (ت ٤٥٠هـ/ ١٠٥٨م)، (٢٠٠٦)، الأحكام السلطانية و الولايات الدينية، تحقيق: أحمد جاد، القاهرة، دار الحديث.

المقدسي، شمس الدين أبي عبدالله محمد (ت ٣٨٠هـ/ ٩٩٠م) (٢٠٠٣)، أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، علق عليه و وضع حواشية: محمد أمين الضناوي، بيروت، دار الكتب العلمية.

ابن الوردي، زين الدين عمر (ت ٧٤٩هـ/ ١٣٤٨ز)، (١٩٦٩)، تاريخ ابن الوردي المسمى (تتمة المختصر في أخبار البشر)، النجف، المكتبة الحيدرية.

اليافعي، أبو محمد عبدالله (ت ٧٦٨هـ/ ١٣٦٦م)، (١٩٩٧)، مرأة الجنان وعبرة اليقظان في المعرفة مايعتبر من حوادث الزمان، وضع حواشية: خليل منصور، بيروت، دار الكتب العلمية.

ياقوت الحموي، شهاب الدين أبي عبدالله (ت ٦٢٦هـ/ ١٢٢٩م)، (١٩٧٧)، معجم البلدان، بيروت، دار صادر.

### سێیەم: ژێدەرە نوێیەکان

#### ا- بەزمانی کوردی

Barnas, Rojen (2013), FARQIN (Sylvan/ Salivan), Istanbul, Nubihar.

بوختی، محەمەد سەلیم بەردخان، (٢٠٢٤)، دراوی حکومەت ومیرنشینە کوردییەکان لەسەردەمانی ئیسلامدا، وەرگێر: سوداد ڕەسووڵ، المؤسسةالعربية للدراسات والنشر، الاردن.

تۆفیق ، زرار صدیق، (٢٠١٠)، کوردو کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا (١٦-٦٥٦ک/ ٦٣٧- ١٢٥٨ز) هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

محەمەد، ئاکۆ بورهان، (٢٠٢٠)، میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، هەولێر، چوارچرا.

زەینەل، ئاراس فەریق، (٢٠١٢)، دیبلۆماسیەتی کورد لە سەردەمی بوەیهییەکاندا، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

نیا، ئومید بەهرامی، (٢٠٠٩)، مێژووی کوردەکانی جەزیرە، وەرگێرانی: عبدالرحیم معرفتی، پرۆژەی تیشک.

#### ب- بەزمانی عەرەبی

الباشا، حسن، (١٩٦٨)، أثر الخط العربي على الفنون الاوروبية، مجلة الهيئة المصرية العامة للتأليف و النشر، مصر.

بولاديان، أرشاك (٢٠٠٩)، الأكراد في حقبة الخلافة العباسية في القرنين (10-11م)، بيروت، دار الفارابي.

حسن، محمد زكي، (١٩٤٨)، الفنون الاسلامية، مكتبة القاهرة، مصر.

الدوري، عبد العزيز، (١٩٩٥)، تاريخ العراق الاقتصادي في القرن الرابع الهجري، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

زامباور، ادوارد (١٩٨٠)، معجم الأنساب والاسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، ترجمة: زكي محمد حسن بك و حسن أحمد محمود، بيروت، دار الرائد العربي.

الصايغ، خالد (٢٠٠٢)، النقود الأسلامية، أبوظبي، المجمع الثقافي.

العش، محمد أبو الفرج (٢٠٠٣)، النقود العربية الاسلامية، ط ٣، دوحة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والتراث.

عزت، فائزة محمد، د.ت، الكرد في اقليم الجزيرة وشهرزور في صدر الاسلام ١٦- ١٣٢هـ/ ٦٣٧-٧٤٩م دراسة في التاريخ السياسي، مطبعة خاني، دهوك.

ابو عيشة، (٢٠٠٧)، اثر وحدة مقترحة قائمة على الفصول المنعكسة في تنمية مهارات رسم الخط العربي لدى طلاب الصف الحادي عشر بغزة، رسالة ماجستير مقدمة الى الكلية تربية، جامعة الاسلامية في غزة للحصول على درجة ماجستير في التربية العربية،

فلسطين.
شوحان، احمد، (٢٠٠١)، رحلة الخط العربي من المسند إلى الحديث، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
الجبوري، كامل سلمان، (١٩٩٩)، الموسوعة الخط العربي الخط الكوفي تاريخه، انواعه، تطوره، نماذجه، دار ومكتبة الهلال.
الكردي، محمدطاهرعبدالقادر، (١٩٣٩)، التأريخ الخط العربي وأدابة، المطبعة التجارية الحديثة، مصر.
لسترنج، كي (١٩٥٤)، بلدان الخلافة الشرقية، ترجمة: كوركيس عواد وبشير فرنسيس، بغداد، مطبعة الرابطة.
مرعي، فرست (٢٠٠٥)، الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دهوك، دار سپيريز.
ويلسون، ايڤا، (د.ت)، الزخارف و رسوم الاسلامية، ت امال مريود، دارقابس، بيروت.
يوسف، عبدالرقيب (١٩٧٢)، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، بغداد، مطبعة الواء.
يوسف، عبدالرقيب (٢٠٠١)، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، القسم الحضاري، الطبعة الثانية، أربيل، دار ئاراس.

### جـ- به زمانی تورکی

غالب، اسماعيل (١٣١٢هـ)، موزه هومايون مسكوكات قديمه اسلاميه قتالغي ساسانيان و بيزانتين طرزندهكي سكه لر، خلفاى امويه وعباسيه مسكوكاني فروع عباسهدن بنى طولون، بنى اخشيد، أل سامان، بنو حمدان، أل بويه، بنى مروان مسكوكاتى، قسطنطينيه، محران مطبعه سى- باب عالى.

## چوارەم: نامە زانکۆییەکان

### آ- بەزمانی کوردی

آحمد، باخان قادر، (٢٠٢٣)، سکە لێدراوەکانی شارەکانی کوردستان لە کۆتایی سەردەمی عەبباسی (٥٤٧- ٦٥٦ک/ ١١٥٢- ١٢٥٨ز) لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری هونەریە. نمونەی هەڵبژێردراو، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
حمدامین، هاوڕێ جبار، (٢٠٢٣)، دراو وەک سەرچاوەیەک بۆ مێژووی دەسەڵاتداریتی و میرنشینە کوردییەکان لە سەدەکانی (٤-٦ک/ ١٠- ١٢ز)، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
عبدالرحمن، هاوکار احمد، (٢٠٢٣)، موصل ناوەندی لەسکەدانی دراو لە (٨٢- ٦٥٦ک/ ٧٠١- ١٢٥٨ز) نمونەی هەڵبژێردراوی بڵاوکراوەو وبڵاونەکراوە لە مۆزاخانەکانی (بەغداد، هەولێر، سلێمانی) توێژینەوەیەکی شیکاری هونەریە، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

### ب- بەزمانی عەرەبی

البامرني، كارزان محمد حسين (٢٠١٣)، الأمير نصر الدولة المرواني (٤٠١- ٤٥٣هـ/ ١٠١٠- ١٠٦١م) دراسة عن دورة السياسي والحضاري، رسالة ماجستير، فاكلتي العلوم الانسانية، سكول الأداب، قسم التاريخ، جامعة دهوك، دهوك.
التكريتي، محمود ياسين (١٩٧٠)، الأمارة المروانية في ديار بكر والجزيرة، رسالة ماجستير، كلية الأداب، قسم التاريخ، جامعة بغداد، بغداد.

## پێنجەم: گۆڤارە زانستییەکان

### آ- بەزمانی کوردی

حسین، مقداد (٢٠١٨)، کێش و پێوانە و دراو لە شارە کوردیەکاندا لە ماوەی (٤-٥ک/ ١٠- ١١ز)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢، ژمارە ٢، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەولێر.
شەرەفخان، بەهزاد (١٩٩٧)، دراوی کوردی، گۆڤاری شانەدەر، بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار، هەولێر.
محمد، ئاکۆ برهان (٢٠٠٨)، میرنشینی مەڕوانی، گۆڤاری مێژوو، ژمارە ٨، چاپخانەی منارە، هەولێر.
میرزا، أحمد میرزا و رؤوف، نوزاد خالد (٢٠١٦)، کاریگەری ململانێکان لەسەر بارودۆخی ناوخۆی میرنشینە کوردییەکان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەی زاینی (توێینەوەیەکی مێژوویی- شیکاریە)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٠، ژمارە ٣، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەولێر.

### ب- بەزمانی عەرەبی

ابراهيم، مروه عادل، محمود، حماده ثابت، (٢٠٢٣)، العلاقات بين دولة بني بويه والعقيلين والمروانيين فى ضوء المسكوكات الإسلامية، مجلة كلية الآثار – العدد السادس والعشرون.
الحسيني، محمد باقر (١٩٧٦)، دراسات عن نقود الثوار والشعارات والمنسبات المضروبة في أفريقيا، مجلة المسكوكات، العدد 7، وزارة الاعلام مديرية الأثار العامة، بغداد.
رشيد، فخري حميد، (٢٠١٧)، مدينة ميافارقين من خلال المصادر العربية (٥٨١- ٦٥٨هـ/ ١١٨٤- ١٢٦٠م)، مجلة ٢٣، عدد ٩٧، مجلة تربية الاسلامية، العراق.
صالح، سعدية محمد، (١٩٨٠)، نقود فترة امرة الامراء في العصر العباسي الثاني المحفوظ في المتحف العراقي ٣٢٤- ٣٣٤هـ، مجلة المسكوكات، العددان ١٠- ١١، وزارة الثقافة والسياحة والأثار، بغداد.
الورشفاني، جمال محمد سعد، (٢٠٢٤)، جماليات الشكل الهندسي لحرف الخط الكوفي وتوظيفه في التصميم الداخلي، ، مجلة دراسات الانسان والمجتمع، عدد٢٣مارس.

## شەشەم: سەرچاوە بیانییەکان

Album, Stephen (2011), Checklist of Islamic Coins, Published by Stephen Album Rare Coins P.O. Box 7386 Santa Rosa Ca 95407.
Amedroz (1902), three Arabic Mss. On the History of the City of Mayyafariqin, Journal of the Royal Asiatic Society, Vol. 34.
Heidemann, Stefan (2005), A New Ruler of The Marwanid Emirate In 401/1010 – And Further Considerations on The Legitimizing, Aram, Vol. 9-10.
Lane-Poole, Stanley (1897), Catalogue of The Collection of Arabic Coins, London, Bernard Quaritch,15 Piccadilly.
Lane-Poole, Stanley (1889), Additions to The Oriental Collection 1876-1888, Part I. Addition to Vols I.- IV, London, Preted by Order of The Trustees.
Markov. A, (1896), Inventarniy Katalog Gosudarstvennogo Imperatricheskogo Ermitazha, I, St. Petersburg.

## حەوتەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان

MORTAN/EDEN – Morton & Eden Ltd. In Assoc. With Sotheby's, London UK.
https://www.mortonandeden.com/
ZENO – www.zeno.ru Oriental Coin Data-Base.
https://www.zeno.ru/

# ئاڵنگارییەکانی بەڕێوەبردنی کەیس لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا ڕێکخراوە ناحکومییەکانی شاری سلێمانی بەنموونە

ڕەنجە عبداللە سعید

بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** بەڕێوەبردنی کەیس، لەو بوارانەدایە ڕێکخراوە ناحکومییەکان خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی تێدا پێشکەش بە چارەخوازەکان دەکەن. بەڵام لەکاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا کۆمەڵێک ئاڵنگاری لەبەردەم بەڕێوەبردنی کەیسدا دروستدەبێت. هەربۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە دیاریکردنی ئەو ئاڵنگارییەکانە. لێرەوە ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەستنیشانکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی لەپرۆسەکەدا ڕوودەدات، هەروەها هەوڵ دەدات کاریگەری ئەو ئاڵنگارییانە لەسەر بەرهەمداری پرۆسەکە بخاتەڕوو. پاشان لەسەر بنەمای دۆزینەوەکان، کۆمەڵێک پێشنیاری کردەیی بۆ چارەسەری ئاڵنگارییەکان بخاتەڕوو. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی چۆنێتی بەستووە و ستراتیژی لێکۆڵینەوەی باری بەکارهێناوە. لەداڕشتنەوەی کەیسەکاندا سوودی لە شیکردنەوەی بابەتی وەرگرتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی شاری سلێمانیە. نمونەی توێژینەوەکە، بریتیە لە کارمەندی حاڵەت و دەستەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان. قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٩) نمونە. دوو ڕێبەری جیاوازی چاوپێکەوتنی وردوقوڵ، وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە. توێژینەوەکە دەریخستووە ئاڵنگارییەکان، لەسەر ئاستی ناوخۆیی، لەلایەنی کارمەندی حاڵەت، چارەخواز، ڕێکخراوەکان، کولتور و کۆمەڵگە دێن. لەسەر ئاستی دەرەکی، پەیوەندیی و هەماهەنگی ڕێکخراوەکان لەلایەک و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت لەلایەکی دیکەوە، هەروەها کێشەی ستاف و فەند لە لایەنە بەخشەرەکانەوە لە دیارترین ئاڵنگارییەکانن. تێکەڵکردنی خزمەتگوزارییەکان بە سیستەمێکی بەرفراوانتری کاری مرۆیی، هاریکاری نێوان حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی کاری هەرەوەزی، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی فەندی ناوخۆیی، گرنگیدان بە پرۆسەکانی وەک چاودێری و هەڵسەنگاندن، بەرنامەی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی کەیس و جەختکردنەوە لە بەرەنگاربوونەوەی لەکەی کۆمەڵایەتی لە گرنگترین ڕاسپاردەکانن.

**کلیلە ووشەکان-** بەڕێوەبردنی کەیس، ئاڵنگاری، ڕێکخراوی ناحکومیی، کارمەندی حاڵەت، چارەخواز.

## پێشەکی:

بواری کارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەگوێرەی ئەو ئامانجانەی بۆی دامەزراوە جیاوازی هەیە. هەندێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس، یان بەشێکە لە ئامانجەکانی یاخود ئەو ئامانجە سەرەکییە کە ڕێکخراوەکەی بۆ دروستبووە. ئەم ڕێکخراوانە لە ڕێگەی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسەوە، پاڵپشتی و چاودێری بۆ چارەخوازان دەستەبەردەکەن. بەڵام لەکاتی پێشکەشکردن و دەستەبەرکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەدا، پرۆسەکە لە چەند لایەکەوە دووچاری ئاڵنگاری دەبێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی بواری کاری ئەم ڕێکخراوانە دەکەوێتە ڕووبەرەکانی وەک پەروەدە، تەندروستی کۆمەڵ، فریاگوزاری قەیرانی تەندروستی، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ژینگە، ئابوری، گەشەپێدان و کێشەکانی ژنان. بەڵام هەریەک لەم بوارانەش چەندین بواری دیکەی لێدەبێتەوە، لەبواری کیشە کۆمەڵایەتییەکاندا بوارەکانی وەک، کێشەی خێزانی، تاوانی نەوجەوانان، کارکردندنی منداڵان لەسەر شەقام، لەشفرۆشی هتد..(Mostashari, 2005: 4-5) لەدیارترین بوارەکانن.

پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس لە بەشێکی زۆری بوارەکاندا بەکاردەهێنرێت، لەوانە یاسا، چاودێری تەندروستی، بەڕێوەبردن، بواری کاری دەروونی و کۆمەڵایەتی هتد.. لە هەریەک لەم بوارانەشدا پرۆسە و قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی کەیس کردەی جیاواز لەخۆدەگرێت، میتۆدی کارکردنی هەریەکەیان بەگوێرەی واقیعی کارکردنیان دەگۆڕێت. لەبواری کاری مرۆییدا، بەڕێوەبردنی کەیس خزمەتگوزارییەکی بنەڕەتییە، بەشێوەیەکی سیستماتیکی و بە گوێرەی قۆناغە جیاوازەکانی لە ڕێگەی کردەی گونجاوەوە پێشکەش دەکرێت. ئەمەش پانتایەکی گەورەی بواری کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکانە(INTERSOS LAB, 2024). زۆربەی کات بەهۆی شەڕ و قەیرانە درێژخایەنە قورس و توندەکانەوە، پاڵپشتییەکانی کۆمەڵگە، دەوڵەت و خێزانەکان بەرەو کەمبوونەوە و تێکچوون دەچێت. ئەمەش چوارچێوە پاراستنی سەر مرۆڤ لادەبات و ناتوانن مافەکانیان بەکاربهێنن و کەرامەتیان دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەم جۆرە کەسانەش کەمتر لە خەڵکانی دیکە بینراون لە ناو کۆمەڵگەدا و بۆیە لەوانە هەست بە لەدەستدانی کەرامەتی مرۆیی و کۆنترۆڵی سەر ژیانی خۆیان بکەن. لێرەوەیە کە بەڕێوەبردنی کەیس وەک مۆدیۆلێکی کارکردنی کاری کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە بۆ

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (15)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp121-135
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 6 نيسان 2025؛ قُبل في 11 ايار 2025؛ نُشرت في 20 تموز 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: ranja.saeed@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 ڕەنجە عبداللە سعید. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

پشتگیری لەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی جۆرە جیاوازەکانی پێشلکاری مرۆیی بوونەتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران بەڕێوەبردنی کەیس بەتایبەت لە بواری پاراستندا وەک وەڵامێکی گرنگ بۆ پاراستنی ژیانی ئەو کەسانەی کە لە دۆخی فریاگوزاری و ترسدا، ئینجا ئەمە لە دەرەوەی کەمپ و ناوکەمپەکانیشدا بێت. ئەمەش لەپێناو چاکبوونەوە و بەرزکردنەوەی تواناکانی پاراستنی خۆیان و بوونیادنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ماڵ و کۆمەڵگەکانیاندا(UNHCR, 2018: 4)

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لەڕووی مێژووییەوە ئەم ڕێکخراوە ناحکومیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لەبواری پەروەردە و تەندروستی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکاندا گێڕاوە. واتە ئەم ڕێکخراوە ناحکومیانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خەڵک و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان کۆمەڵگە دروست بوون. لە ئێستادا بەشێک لەم ڕێکخراوانە لەبواری دەروونی و کۆمەڵایەتی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەروونی لەڕێگەی بەڕێوەبردنی کەیسەوە پێشکەش دەکەن. ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوی قازانج نەویستن و لەدەرەوەی دامەزراوەی حکومەتن، بە ئامانجی جیاجیا لەڕێگەی دیدگا و پەیامەکانیانەوە بواری کارکردنی خۆیان دارشتووە.

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە:

هەبوونی ئاڵنگاری لەهەر بوارێکی کارکردنا دەبێتە هۆی سنورداركردنی توانا و لێهاتووییەکان. ڕێکخراوە ناحکومییەکان، وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکەی کارکردن بەدەرنین لەو ئاڵنگارییانە بەتایبەت لە بەڕێوەبردنی کەیسدا. بەهۆی ئاڵنگارییەکانەوە چەندین ڕێکخراوی ناحکومی لەڕابوردوودا دووچاری کلۆمکردن بوونەتەوە و هەندێکی دیکەیان لەئێستا لە لێواری داخستندان.

لەم ڕوانگەیەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەو ئاڵنگارییانە چین ڕووبەڕووبەڕووی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەبەڕێوەبردنی کەیسدا دەبنەوە، ئایا ئەم ئاڵنگارییانە چ کاریگەرییەکیان دەبێت؟

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستن و نیشاندانی دیارترین ئەو کێشە و ئاڵنگارییانەیە ڕووبەڕووی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس لەڕێکخراوە ناحکومییەکاندا لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە چارەخوازان دەبێتەوە. بە دیاریکراوی ئەم توێژینەوەیە سێ ئامانجی هەیە:

1. تێگەشتن لە ڕەهەندە ئاڵۆزەکانی ئاڵنگارییەکانی بەردەم پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس لەڕێکخراوە ناحکومییەکاندا و زانین و دەستنیشانکردنی ئاڵنگارییەکان.
2. دەرخستنی ئەو کاریگەرییانەی کە بەهۆی ئاڵنگارییەکانەوە دروست دەبن و پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس لاواز دەکەن.

### گرنگی توێژینەوە:

لێکۆڵینەوە لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەڕێوەبردنی کەیس لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا گرنگی خۆی هەیە. چونکە لەم ڕێگەیەوە دەکرێت کوالیتی خزمەتگوزارییەکان باشتر بکرێت. کاتێک ئاڵنگارییەکان دیاریدەکرێت واتە کەلێنەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دیاریکراوە. بەتایبەت ئەگەر بەشێوەیەک بێت لێکۆڵینەوەی ئاڵنگارییەکان لەسەر هەموو ئاستەکان بێت، لەڕووی دامەزراوەیی، کارمەندی حاڵەت و چارەخوازان. بەشێکی دیکە لەگرنگی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە پەیوەندی بەرزکردنەوەی ئاستی ئەرێنی دەرئەنجامەکانی کارکردن لەگەڵ کەیسەکاندا هەیە بۆ چارەخوازان. تێگەشتن لە چۆنیەتی دابینکردن و خەرجکردنی سەرچاوە مادی و مرۆییەکان یارمەتیدەرێکی باشدەبێت تاوەکو بتوانن زۆرترین دەستوەردان بکەن و سەرچاوەکان بەشێوەیەکی کارایانە بەکاربهێنن.

هەروەها دیاریکردنی ئاستەنگەکان و ئاڵنگارییەکان گرنگە تاوەکو لەڕێگەیەوە بونیادی توانا و خۆڕاگری لایەنە بەشدارەکانی بەڕێوەبردنی کەیس بکات. کاتێک ئاڵنگارییەکان دیاریدەکرێت، لەڕێگەیەوە دەتوانرێت بەشێویەکی کاریگەرانەتر کەیسەکان بەڕێوە ببرێن. هەر لەسەرەتاوە کارمەندی حاڵەت بەشێوەیەکی ڕوون و گشتگیر هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ کەیسەکە لەڕووی جەستەیی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەکات، ئەمەش لەپێناو باشترکردنی دەرئەنجامەکان. هەماهەنگی و هاریکاری نێوان لایەنە هاوبەشەکان بەرەوپێشەوە دەڕوات و تۆڕی پەیوەندییەکان فراوان دەبن. لەم ڕێگەیەشەوە چارەخواز بەشێوەیەکی باشتر دەتوانن سوود لە خزمەتگوزارییەکان وەربگرن. لێرەوە چارەخوازان بەهێز دەبن و ئاست و توانای داکۆکیکردن لە خۆیان زیاد دەکات، چونکە زانیاری و ڕێنمایی و پشتگیری لە کارمەندانی حاڵەت و ڕێکخراوەکانەوە وەردەگرن. چاودێری و هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی چالاکانە بەڕێوەدەچێت و دەرئەنجامی باش و تەندروست بەدەستەوە دەدات. بۆیە دیاریکردنی ئاڵنگارییەکان لە هەموو ئاستێکەوە، کارێکە چارەخوازان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش دەتوانن کاریگەرییەکانیان زیاتر بکەن و بەشێوەیەکی ئەرێنیانە بەرەو گۆڕانکاری بڕۆن.

لەهەمانکاتدا دیاریکردنی ئەم ئاڵنگارییانە هۆکارێکی گرنگە بۆ باشترکردنی توانای کاری ڕێکخراوەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردنی کەیسدا، چونکە لەم ڕێگەیەوە ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوان پێکهاتەی کاری ڕێکخراوەیی، تەرخانکردن و پێشکەشکردنی سەرچاوەکان لە باشترین ئاستدا بخەنەڕوو. لەڕووی کردەییەوە ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیار دەخاتەڕوو بۆ داڕێژەرانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکان، تا بەهۆیەوە پەرە بەشێوازی کارکردنی کاری ڕێکخراوەیی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی کەیسدا بدات. لە هەمانکاتدا توێژینەوەکە هەوڵدەدات گرنگی پرۆسەی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم پرۆسەیەدا نیشان بدات. گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کار بۆ بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکانی پەراوێزکەوتوو و شکستەبار دەکات. چونکە بە چارەسەرکردنی ئاڵنگاری و ئاستنەگەکان، ڕێکخراوەکان دەتوانن بەشداربن لە بەدیهێنانی یەکسانی، مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

### توێژینەوەکانی پێشوو:

لە پەیوەندیدا بەم بابەتەوە، چەند توێژینەوەیەک لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ئەنجامدراون. بەڵام ئەم توێژینەوانە بەدیاریکراوی کاریان لەسەر ئەو ئامانجانە نەکردووە کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی بۆ دەدات. بۆ نمونە توێژینەوەکەی عومەر علی ئەحمەد (ئەحمەد، 2012) بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپاراستنی مافەکانی ژناندا) کە ماستەرنامەیە، گەنگەشەکردنی توندوتیژی دژی ژنان و پێشێلکردنە مافەکانیان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا دەپرسێت ئایا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆڵیان لە پاراستنی مافەکانی ژن و چاودێریکردنی دەستەڵات و داڵدەدانی ژنان هەیە. یەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی عومەر، زانینی وەزیفەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، بەتایبەت ئەوانەی لەبواری ژنان کاردەکەن. میتۆدی تێکەڵاو

(چەندێتی و چۆنێتی)ی بەکارهێناوە، ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکانی چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی بووە. توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک پەیوەندیدار گەشتووە، لەوانە خەڵکانی کەم شارەزا لەڕێکخراوەکاندا کاردەکەن، پیاوسالاری و تێڕوانینی نەریتی ڕێگرن لەبەردەمیاندا، لەگەڵ ڕێکخراوە دەرەکییەکاندا پەیوەندییان لاوازە و لەسەرئاستی ناوخۆیی لە ململانێدان و وابەستەی پارتە سیاسییەکانیانن. بواری کارکردنیان بەرگریکردن لە مافی ژنان و هەموارکردنەوەی یاسا و بڵاوکردنەوەی هۆشیارییە لە ناو کۆمەڵگەدا. لە هەمانکاتدا توێژینەوەکە چەندین ڕاسپاردە و پێشنیاری وەک سەربەخۆیی بوونی ڕێکخراوەکان و دورکەوتنەوە لە هەژموونی حیزب، جەختکردنەوەی دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی مینینەیەکی بەهێز. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و پەرەپێدانی هاوکاری و هەماهەنگی ناوخۆیی. لەڕاستیدا ئەم توێژینەوەیەی عومەر، بواری کارکردن و ئامانجەکانی جیاوازە لەم توێژینەوەیە. بەڵام تەنها یەکێک لە ئامانجەکانی کە لەسەرەوە خرایەڕوو، نزیکایەتی هەیە لەگەڵ کێشە و ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەدا.

یەکێکی دیکە لەو توێژینەوە نێودەوڵەتیانەی لەم بوارەدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەکەی (ناوارج ئوپادایا و هاوڕێکانی)ەتی، (Upadhaya and His Colleges, 2014) بەناونیشانی (The role of mental health and psychosocial support nongovernmental organizations: reflections from post conflict Nepal) ئەنجامیانداوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی وڵاتی نیپاڵ لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری دەروونی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی. توێژینەوەیەکی چەندێتییە و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش بریتی بوو لە چاوپێکەوتنی ڕێکخراو (structured interview). نمونەی توێژینەوەکە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی وڵاتی نیپاڵە کە بواری کارکردنیان بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەروونی و کۆمەڵایەتی. چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ پسپۆڕان، ڕێکخراوەکان و سوودمەندەکاندا کراون. توێژینەوەکە لە دەرئەنجامدا چەند ئاڵنگارییەکی لە پەیوەندیدا بە کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەروونی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتییدا دیاریکردووە، دیارترینیان بریتییە لە لاوازی هاریکاری و کاری هەرەوەزی، گۆڕانی بەردەوامی ستافی کارکردن، بێمتمانەیی بەرامبەر بە خول و کۆرسەکانی ڕاهێنان، چاودێریکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی تووند و هەروەها ئەمەش کارێکی قورسبووە تاوەکو بەشێوەیەکی دروست کوالێتی خزمەتگوزارییەکان هەڵبسەنگێنرێت و پشتڕاستبکرێنەوە. ئەگەرچی توێژینەوەکەی ئەم گروپە لەڕووی ئامانجەوە، نزیکایەتی لەم توێژینەوەیە هەیە، بەڵام هەرئەوەی کە هەردوو توێژینەوەکە لە دوو کۆنتێکست و ناوکۆی جیاوازدا کە بریتییە لە وڵاتی نیپاڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامدراون، ئاماژەیەکە بۆ پێویستبوونی توێژینەوەکە. لەلایەکی دیکەوە، توێژینەوەکە ئوپادایا و هاوڕێکانی لە دیاریکردنی ئاڵنگارییەکاندا هەم جیاوازی و هەم لێکچوونی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا هەیە. لە لێکچوونەکاندا، هەردوو توێژینەوەکە کێشەی لاوازی لە پەیوەندی و هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانیان دیاریکردووە. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی بەتایبەت لەسەر بنەمای فەندی بەخشەرە دەرەکییەکان کاردەکەن بۆیە لە حاڵەتی پچڕانی ئەو سەرچاوە داراییانەدا ڕاستەوخۆ دووچاری ئاڵنگاری دەبنەوە، لەکاتێکدا لەتوێژینەوەکەی ئوپادایا و هاوڕێکانیدا ئەم خاڵە دیارینەکراوە.

جیاواز لە توێژینەوەکانی عومەر و ئوپادایا و هاوڕێکانی، ئەم توێژینەوەیە هەم لەڕووی ئامانج و کێشەی توێژینەوە، هەم لەڕووی کۆنتێکست و دەرئەنجامەوە جیاوازە. ئەم توێژینەوەیە، بەدیاریکراوی جەختی لەسەر دۆزینەوەی ئەو ئاڵنگارییانەیە لەبەڕێوەبردنی کەیسدا ڕێکخراوەکانی شاری سلێمانی لە کۆنتێکست و ناوکۆی کۆمەڵگەی کوردیدا دووچاریدەبنەوە. کە ئەم ئاڵنگاریانە بەگوێرەی گۆڕانی کات و ناوکۆ لەڕووی سیستەم بەگشتی و دۆخە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکە بەتایبەت دەگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری کردەیی بۆ وەستانەوە بەڕووی ئاڵنگارییەکاندا دەخاتەڕوو.

لەڕووی نەخشەسازییەوە، توێژینەوەکە بەسەر دوو دەروازەی تیۆری و پراکتیکیدا دابەشبووە، لەبەشە تیۆرییەکەدا، چەمکەکان، تیۆرە بەکارهاتووەکان و قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی کەیس خراوەتە. لەدەروازەی دووەمدا، داتا و زانیارییە بەدەستهێنراوەکان شیکردنەوەیان بۆ کراوە و بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەشکراون. لە کۆتاییدا دەرئەنجامەکان، پێشنیار و ڕاسپاردەکان بۆ ڕێکخراوە ناحکومی و لایەنە پەیوەندیدارەکان خراوەتەڕوو.

## پاشخانی تیۆری توێژینەوەکە

### ١. دەستنیشانکردنی چەمکە زانستییەکان

### ١,١. ڕێکخراوە ناحکومییەکان

چەمکی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بە تەواوی پەیوەستە بە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێکخراوانەی ناچنە ناوسیاقی کاری حکومییەوە و لەپێناو ئامانجە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دروستبوون، ئەمانیش هەوڵی دەستەبەرکردنی ئاشتی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی دەدەن. واتە دروستبوونی ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەر بە ئامانجی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ دروستبووە(Olivo U, 2007: 110). لەکاتێکدا دامەزراوە حکومییەکانی کەرتی گشتی بەرپرسیاری سەرەکی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتین، بەڵام ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەتایبەت لەدوو دەیەی کۆتاییدا ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە. لە هەمانکاتدا لەبوارەکانی وەک دەستەبەرکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، پێکەوەژیان، کۆکردنەوەی سەرچاوەی مادی و مرۆیی، ئەنجامدانی پرۆژە و بەرنامە، پێشکەشکردنی شارەزایی و ڕێنمایی، هەروەها بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چاودێری پرۆسە گرنگەکانی بواری میدیا و هەڵبژاردنەکانیش بوون (Irrera, 2010: 6). لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە بوارەکان وەک داکۆکیکردن، دابینکردنی خزمەتگوزاری، چالاکی جۆراوجۆر، ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی کێشەی کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە (Thara and Patel, 2010: 395-396).

فەرهەنگی (Cambridge, 2024) پێناسەی ڕێکخراوی ناحکومی (NGO) وەک ڕێکخراوێک دەکات کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەدات، بەڵام لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ نەکراون. داڤید لویس، پێیوایە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوی خۆبەڕێوەبەریی، تایبەت و قازانج نەویستن، ئامادەکراو و ڕاهێنراون، کار لەپێناو باشترکردنی ژیانی خەڵکدا دەکەن(Lewis, 2016: 4) هەروەها دەکرێت بەمەبەستی باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی یاخود گەشەپێدان بێت بەڵام بەبێ قازانج(PRIA International Academy, 2014: 8).

ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە پەیوەندیدا بە لایەنی ڕێکاری ئەم توێژینەوەیەوە، ئەو ڕێکخراوانەن کە کارەکانیان یاخود بەشێکی بواری کارکردنیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پێدانی هاوکاری و داکۆکی لە پێناو گۆڕانکاریدا ئەنجامدەدەن. ئەمەش

بریتییە لە بەڕێوەبردنی کەیسەکانی ئەو چارەخوازە شکستەبارانەی پێویستیان بە پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە، لە نمونەی ئەو تاک و خێزانانەی ئەزموونی بێ لانەیی، هەژاریی، کێشەی دروستی دەروونی و توندوتیژی هتد.. دەکەن. لەم ڕێگەیەوە هەوڵی پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی چارەخوازەکان دەدەن.

### ٢,١. بەڕێوەبردنی کەیس

بەڕێوەبردنی کەیس، پرۆسەیەکە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەلایەن کارمەندی حاڵەتەوە کە کەسێکی پیشەیی و بەئەزموونە، تێیدا هەڵسەنگاندن بۆ پێداویستیەکانی چارەخواز دەکات، هەروەها بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاڵۆزەکانی چارەخواز و بۆ پێشکەشکردنی پاکێجێکی فرە خزمەتگوزاری لەکاتێکی گونجاودا، ئەم کردەیە بە پرۆسەکانی وەک ڕێکخستن، هاریکاری، چاودێری، هەڵسەنگاندن و داکۆکیکردندا تێپەردەبێت(NASW, 2025) . هەروەها بەڕێوەبردنی کەیس وەک پرۆسەیەک پێناسە دەکرێت تێیدا کارمەندی حاڵەت یارمەتی چارەخوازان دەدات بۆ دەستڕاگەشتن بە سیستەمی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی. ئەمەش لەوانەیە دەستبەرکردنی زانیاری و سەرچاوەکان، بەستنەوەی چارەخواز بە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵ و فێرکردنی چۆنیەتی داکۆکیکردن لە خۆیان، لەخۆبگرێت. دیسانەوە دەکرێت بەڕێوەبردنی کەیس لە کەمکردنەوەی تێچوونەکانی چاودێری تەندروستی و پابەندبوون بە بەکارهێنانی دەرمان بەشێوەیەکی دروست و دەرئەنجامە باشەکانی تەندروستی بەشێوەیەکی گشتی یارمەتیدەر بێت(Societ, 2025) ، واتە ڕێگەیەکی بونیادییە بۆ دەستەبەرکردنی یارمەتی بۆ قوربانیان، کە ڕێکخراوێک پێی هەڵدەستێت، کارەکتەرێکی بواری پاڵپشتی دەرونی-کۆمەڵایەتی یان خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، بەرپرسیاریتی ئاگادارکردنەوە و پێدانی زانیاری دەربارەی تەواوی هەڵبژاردنە بەردەستەکان بە قوربانییەکە هەڵدەگرێت. هەروەها ئەو کێشە و ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی قوربانییەکە و خێزانەکەی بۆتەوە دیاریدەکرێت و بەشێوەی هاریکاری و هەماهەنگی بەدواداچوونی بۆ دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێگەی پرۆسەکەوە یارمەتی سۆزداری پێشکەشی قوربانیەکە دەکرێت. (GBVIMS Steering Committee, 2017: 8)

لەم توێژینەوەیەدا بەڕێوەبردنی کەیس، ئاماژەیە بۆ ئەو کەیسانەی لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە بەڕێوە دەبرێن. ئەمەش بریتیە لە پرۆسەی یارمەتیدانی چارەخوازان، بەشێوەیەک تێیدا زانیاری و سەرچاوەکان بە چارەخواز ئاشنا دەکرێت و لە پرۆسەیەکی تەواودا پێشکەشی دەکرێت.

### ٣,١. بەڕێوەبەری حاڵەت (Case Worker)

ئەو کەسە پیشەیەی بە پرۆسەی پێشکەشکردنی بەڕێوەبردنی کەیس هەڵدەستێت بە کارمەندی حاڵەت ناسراوە و پرۆسەکە لەچوارچێوەی ڕێکخراوێکدا بەڕێوەدەبات. سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان (UNFPA) بەم شێوەیە پێناسەی کارمەندی حاڵەت دەکات "ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو تاکانەی لەچوارچێوەی دەزگاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا کاردەکەن، ئەرکدارکراون بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی کەیس بۆ ڕزگاربووان. ئەمەش مانای وایە ئەم کارمەندی حاڵەتانە لەسەر ڕێبازی ڕزگاربوو- سەنتەری ڕاهێنراون. ئەوان لەلایەن ستافی باڵای پرۆگرامەکەوە سەرپەرشتی دەکرێن و پابەندن بە کۆمەڵێک سیستەم و بنەمای ڕێنماییکاری تایبەت کە بۆ بەرەوپێشبردنی تەندروستی، هیوا و چاکبوونەوە، بۆ چاراخوازان داڕێژراون. هەروەها بە شێوەیەکی باو بە کۆمەڵکار و بەڕێوەبەری کەیس لەناو خەڵکدا ناسراون(GBV sub-cluster, 2017: 9) . بە گوێرەی کۆمەڵەی کۆمەڵکارانی ئوستورالیا(AASW, 2025) کارمەندی حاڵەت، کەسێکە لەگەڵ خەڵکیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە کەسییەکان و ئاستەنگە بوونیادیەکانی ژیانیان کاردەکات. لەگەڵ تاک، خێزان، گروپ و کۆمەڵدا و بەشێکی زۆریان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە و حکومەتدا وەک ڕاوێژکار کاردەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی تەواوی بە جیاوازییەکان هەیە و پیرۆزیان دەکات. هەروەها فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی کۆمەڵکاران(IFSW, 2024) پێناسەی کارمەندی حاڵەت دەکات وەک کەسێک کە لە کۆمەڵگەدا، لەگەڵ خەڵک کاردەکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ئەرێنیانە بە ئاراستەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی ژیانیان. یارمەتی خەڵکی دەدەن بۆ بونیادنانی ئەو ژینگەیەی کە دەیانەوێت تێیدا بژین، لەڕێگەی بڕیاری هاوبەش، بەرهەمی هاوبەش و بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها کارمەندی حاڵەت وەک بەڕێوەبەری کەیس "کەسێکە بەناوی چارەخوازەوە خزمەتگوزارییەکان دەدۆزێتەوە، پراکتیزە و چاودێریان دەکات"(Garthwait, 2012: 54). ئەم پێناسەیە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی کارمەندی حاڵەت وەک ئاسانکارێک تاوەکو چارەخواز توانای دەستڕاگەشتنی بە خزمەتگوزارییەکان هەبێت. لێرەدا کارمەندی حاڵەت، پرۆگرام، سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکان بە سوودمەند دەناسێنێت، کە دەکرێت هاوکار بێت لە چارەسەری کێشە و پڕکردنەوەی پێداویستییەکاندا، لە قۆناغی دووەم و سێیەمدا چاودێری جێبەجێبوونی ئەو خزمەتگوزاریانە دەکات بۆ ئەوەی لەدابینبوونی پێداویستییەکان دڵنیا بێتەوە. لەلایەنی ڕێکاری ئەم توێژینەوەیەدا کارمەندی حاڵەت، مەبەست لەو کەسانەیە لەچوارچێوەی ئامانج و پەیامی ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا کاردەکەن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو هەوڵی دەستەبەرکردنی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ چارەخوازان دەدەن.

### ٤,١. چارەخواز (Client)

کۆمەڵەی کۆمەڵکارانی کەنەدا چارەخواز، وەک کەسێک، خێزانێک، گروپێک خەڵک، ڕێکخراوێک، دامەزراوەیەک یان کۆمەڵ دەناسێنێت، کە کارمەندانی حاڵەت خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکات یاخود ڕەزامەندییان دەربڕیوە(بەشێوەی خۆبەشیی) لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، لەمەشدا کارمەندی حاڵەت لەڕووی یاساییەوە بەرپرسیارە لەگەیاندنی ئەو خزمەتگوزاریانە(CASW, 2005: 10) . لەپێناسەیەکی دیکە، چارەخواز دیسانەوە ئاماژەیە بۆ هەرکەس و لایەنێک کە خزمەتگوزاری وەردەگرێت یان گرێبەستێکی بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری هەیە لە خزمەتگوزاری کاری کۆمەڵایەتییەوە و لەلایەن ئەندامێکی پیشەییەوە، لەمەشدا دەکرێت تاکێک، هاوسەران، گروپێک، خێزان، ڕێکخراوێک یاخود دامەزراوەیەکی حکومی و کۆمەڵایەتی وەربیگرن(یان گرێبەستی وەرگرتنیان هەبێت)، جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یاخود بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ(Blake, 2008: 1) . بەمانایەکی دیکە چارەخواز، کەسێکە کە داوای پاڵپشتیەکی گشتگیر دەکات بە مەبەستی چاکسازی. بۆ بەردەوامبوونی کەسەکە لە چاکسازییەکەی دەکرێت لە هەمانکاتدا داوای پاڵپشتی لە چاودێری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هاوبەشەکانی بکەن لە پەیوەندیدا بە کاری تاکەکەسیەوە بۆ بەردەوامبوون لە پرۆسەی ڕاهێنانەوە و خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی دیکە(Järveläinen, Rantanen and Toikko, 2023: 319). چارەخواز لە لایەنی ڕێکاری ئەم توێژینەوەیەدا دەکرێت کەسێک، گروپێک، خێزانێک، ڕێکخراوێک یاخود دامەزراوەیەک بێت، کە داوای پاڵپشتی و هاریکاری

کۆمەڵایەتی و دەروونی لە کەسێکی پیشەیی وەک کارمەندی حاڵەت دەکەن، بەمەبەستی تێپەڕاندنی ئەو دۆخە سەختەی تێیکەوتووە.

بەڕێوەبردنی کەیس وەک پڕۆسەیەکی ئاڵۆز بەگوێرەی لایەنە بەشدارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی پڕۆسەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاڵنگاری دەبێتەوە، ئەم ئاڵنگاریانەش لەپەیوەندیدایە بە توانای کاری ڕێکخراوەیی، کارمەندی حاڵەتی بەڕێوەبەری کەیس، هەروەها چارەخواز و ژینگەکەی. بۆیە ئاڵنگاری بریتیە لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی کارمەندانی حاڵەت دەبێتەوە، لەوانەش بەشدارپێکردنی چارەخوازێک کە پاڵنەری نییە، یاخود کێشەی هەماهەنگی لە ئاڵوگۆڕی زانیاریدا هەیە، هەروەها تەندروستی و خۆشگوزەرانی دەروونی کارمەندانی حاڵەت دەکەوێتە ژێر فشارەوە. ئەم نارەحەتیانەش لە لاوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاری لەلای خێزانە کێشەدارەکان، کەموکورتی کاری ڕێکخراوەیی و نەبوونی پاڵپشتی پێویستەوە سەرچاوە دەگرێت(Šinkevičė, 2023) . لەپێناسەیەکی دیکەدا دەکرێت ئاڵنگارییەکان لە چوارچێوەی کەسی، فیزیکی و ژینگەییدا پۆلێن بکرێن. تاکەکان بەزۆری دووچاری لەدەستدانی هاندان و پاڵنەر دەبنەوە و دامەزراوەکانیش بەهۆی فشاری ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە دووچاری دژواری دەبنەوە(Bekir ve selçuk, 2017: 2861) . ئاڵنگاری بەرپرسیارێتییەکە دۆخێکی نادڵنیایی و تەمومژاوی دروست دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێویستی بە لێهاتوویی، کارامەیی و پاڵنەر و مەعریفەی کەسی هەیە. بۆیە دەکرێت ئاڵنگارییەکان بەگوێرەی توانای کەسەکانیش جیاوازبن، دەکرێت ئاڵنگارییەکان هۆکاری دڵەڕاوکێ و نائارامی بن لەبواری کارکردندا (Golightley, Koprowska and Ruch, 2013: 352). مەبەست لە ئاڵنگاری لەپەیوەندیدا بەلایەنی ڕێکاری ئەم توێژینەوەیەوە، مەبەست لەو بەربەستانەیە لەبواری بەڕێوەبردنی کەیسدا دەردەکەون. ئەم ئاڵنگاریانە لەپەیوەندیدا بە کارمەندی حاڵەتەوە دەکرێت وەک ئاڵنگاری پیشەیی، لەپەیوەندیدا بە چارەخوازەوە دەکرێت وەک ئاڵنگاری کەسی و ژینگەیی و لەپەیوەندیدا بەرێکخراوە ناحکومییەکانەوە دەکرێت وەک ئاڵنگاری دامەزراوەیی و بەڕێوەبردن پێناسە بکرێت.

## ٣.چوارچێوەی تیۆری

بەڕێوەبردنی کەیس لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا، پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە و چەندین فاکتەری وەک بونیادی ڕێکخراوەیی، سیستەم، کۆمەڵایەتی، کلتوری و ئابوری کاریگەری لەسەری هەیە. بۆ شیکردنەوەی ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس لەڕێکخراوە ناحکومییەکاندا دەبێتەوە، سەرەڕای زۆری تیۆرەکان، بەڵام ئەم توێژینەوەیە پشتی بەسێ تیۆری سەرەکی زۆر پەیوەندیدار بەستووە. توێژینەوەکە دەیەوێت تێگەشتنێکی گشتگیر بۆ دیاریکردنی ئاڵنگارییەکان لە چەند لایەنێکەوە بخاتەڕوو، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش تیۆرەکانی وەک تیۆری سیستەم، تیۆری دامەزراوەیی و تیۆری ژینگەی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە. هەریەک لەم تیۆرانە ڕووبەر و گۆشەیەکی ئاڵنگارییەکانی پێ شیدەکرێتەوە.

### ١,٣. تیۆری سیستەم

بناغەی مەعریفی کاری کۆمەڵایەتی هەڵگری تایبەتمەندییەکی هەمەڕەنگی نێوان زانستەکانە. کاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی وەک کۆیەک لەچوارچێوەی سیستەمدا وەردەگرێت. هەربەوهۆیەوە تیۆری سیستەم لە ڕوانگەی کاری کۆمەڵاتییەوە تابلێی تیۆرێکی گرنگە (ARTAN, 2010: 7). ئەم تیۆرە لە بنەڕەتدا لەلایەن بایەلۆجستی نەمسایی (لودویگ ڤۆن بێرتالانفی) پەرەپێدراوە، بەکارهێنانی لەکاری کۆمەڵایەتی بۆ ساڵانی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە، کاتێک بەشێوەیەکی بەرفراوان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ ڕوونکردنەوەی کارلێک و بزاوتی ناو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان پشتی پێبەستراوە (Bertalnffy, 1968: 110). بەگوێرەی ئەم تیۆرە تەواوی زیندەوەران بۆخۆیان سیستەمێکن. ئەم زیندەوەرانە هەریەکەیان خاوەنی وردە سیستەم و پارچەی سیستەمێکی گەورەترن. لەتیۆری سیستەمدا تاک و ئەو دۆخەی تێیدا دەژی، هەموویان پێکڕا وەردەگیرێن. بەگوێرەی ئەم تیۆرە هەر سیستەمێک کاریگەری لەسەر سیستەمەکەی دیکە هەیە. جگە لەوەش گۆڕان لە هەریەک لەم سیستەمانەدا کاریگەری لەسەر ئەوانەی دیکە دەبێت. سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان بریتییە لە تاک، خێزان، گروپ، قوتابخانە و تەواوی کۆمەڵگە. بەڕای ئەم تیۆرییە تاک و ژینگەکەی لە پەیوەندییەکی کارلێکی ئاڵۆزدان.

گرنگی ئەم تیۆرە بۆ ئەم توێژینەوە لەوەدایە، پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس چەندین دامەزراوەی جیاواز لە خۆدەگرێت، بەتایبەت کاتێک پڕۆسەی هاوبەشی و هاریکاری لە نێوان ئەو دامەزراوانە دروست دەبێت، ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر کردار و ئاکامەکانی کارکردنی یەکتر هەیە، لەوانە (ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دامەزراوە حکومییە فەرمییەکان، باربۆکارەکان(دۆنەر)، کارمەندانی حاڵەت، چارەخوازەکان هتد...). بۆیە ناکارایی لە سیستەمی ڕەوانەکردن (Referral System) و خراپی پەیوەندی نێوان ئەم دەزگایانە دەکرێت کاریگەری نەرێنی لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دروست بکات. بەهەمان شێوە وەرگرتنی فەند، ڕێسا و شێوازی کارکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان دیسانەوە کاریگەری بەسەر پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس لەڕێکخراوە ناحکومییەکاندا جێدەهێڵێت. بەمانایەکی دیکە، سیستەم و وردە سیستەمەکان هەریەکەیان پارچەیەکی سەربەخۆن، بەڵام لەهەمانکاتدا بەستراون بە یەکترەوە و لە ئەگەر هەر جوڵە و گۆڕانێکدا کاریگەری لەسەر یەکتر جێدەهێڵن. لەم توێژینەوەیەشدا بابەتەکانی وەک پەیوەندی، هەماهەنگی، هاوبەشی و وابەستەیی دارایی کاریگەری گەورە لەسەر بەڕێوەبردنی کەیسەکان لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە جێدەهێڵێت.

### ٢,٣. تیۆری دامەزراوەیی

ئەم تیۆرە لە هەمانکاتدا تیۆریی ڕێکخراوەیی پێدەوترێت، ئەم تیۆرە باس لە کاریگەری بونیادی دامەزراوەیی، نۆرم و فشارە دەرەکییەکان لەسەر کار و کردەی دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکان دەکات (DiMaggio, P. J., & . Powell, W. W, 1983: 150). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئامادەیی و خۆگونجاندن لەگەڵ فشارەکاندا دەکات، تەنها لەپێناو بەدەستهێنانی سەرنج و شەرعیەتدا، بەمانایەکی دیکە لەهەموو دۆخێکدا پێشنیاری خۆگونجاندن دەکات ئەگەرچی لەبەرژەوەندی تەواوی کار و چالاکییەکاندا نەبێت (Scott, 2008: 48). ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەدۆخی سنورداری سەرچاوەی داراییدا کاردەکەن و بەزۆری سەرچاوەکانیان دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانن، لەناو پڕۆسەیەکی ئاڵۆزی بیرۆکراتیدان و لەم نێوەندەشدا لە تەرخانکردنی سەرچاوە، جێبەجێکردن و بڕیاردان هتد... سەربەخۆنین، لەگەڵ ئەوەشدا نۆرمی دامەزراوەیی توانای لەقاڵبدانی ڕێکخراوەکان و جێهێشتنی کاریگەری لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان هەیە.

گرنگی ئەم تیۆرە لەپەیوەندیدا بەم توێژینەوەیەوە لەوەدایە دەکرێت کێشەی دارایی، کاریگەری لەسەر یارمەتی دارایی چارەخوازەکان، کردنەوەی خولی ڕاهێنان و مووچەی کارمەندان هەبێت. بەکۆی گشتی ئەم تیۆرە یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی ئەو ئاڵنگاریانەی پەیوەندی بە بوودجە، پڕۆسەی بیرۆکراتیەت و داواکاری دۆنەر و بەخشەرەکان هەیە.

چونکە ئەمانە کاریگەری لەسەر بەڕێوەبردنی چالاکانەی بەڕێوەبردنی کەیس لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا دروست دەکات.

### ٣,٣. تیۆری ژینگەی کۆمەڵایەتی

سەرچاوەی ئیلهامی ئەم تیۆرە، تیۆری سیستەمە. تیۆری ژینگەی کۆمەڵایەتی تیۆرەکە هەندێکجار وەک مۆدیۆل تەماشا دەکرێت، لەلایەن یوری برۆنفێنبرێنەرەوە لەساڵی ١٩٧٩ خراوەتەڕوو، جەخت لەسەر کاریگەری فاکتەرە ژینگەییەکان واتە دەوروبەر لەسەر دەستڕاگەشتنی تاک بەدەرفەتەکان دەکاتەوە (Bronfenbrenner, 1979: 22). مۆدیۆلەکە باس لە کۆمەڵێک سیستەم دەکات، ئەم سیستەمانە بەشێوەیەکی خولگەیی لە ناوەوە بۆ دەرەوە، واتە لە کرۆکەوە بۆ فاکتەرە دەرەکییەکان، کاریگەرییان لەسەر تاک دەبێت. ئەوانەی نزیکترین ئەوانە کاریگەرترین. ئەم تیۆرە یارمەتی پۆلێنکردنی کێشەکان بەگوێرەی دووری و نزیکایەتی دەدات. سیستەمەکان، بە میکرۆ سیستەم(خێزان و خزمان، دامەزراوەکانی چاودێری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی) دەست پێدەکات و پاشان، مێزۆ سیستەم، ئێکزۆ سیستەم، ماکرۆ سیتەم و کرۆنۆ سیستەمی بەدوادا دێت (Demir, 2021: 1-7).

گرنگی ئەم تیۆرە لە پەیوەندیدا بەم توێژینەوەوە لەوەدایە هەوڵدەدا بەگوێرەی سیستەمەکان ئەو ئاڵنگاریانە دەستنیشان بکات کە لەڕوووی خێزانی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و ئاینی ڕووبەڕووی تاکەکان لەپرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسدا دەبێتەوە. بۆ نمونە ترس لە لەکەی کۆمەڵایەتی، ناوزڕاندن وەک نەخۆشی دەروونی، وەرنەگرتنی پاڵپشتی دەروونی، کاریگەرییە کلتوری و ئابورییەکانی خێزان، بەربەستی یاسایی، دەستوەردانی سیاسی و هەڵەتێگەشتنی ئاینی کاریگەری لەسەر وەرگرتنی خزمەتگوزارییە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن چارەخوازەوە دەبێت و ڕێگردەبن لە دەستڕاگەشتن بەو خزمەتگوزاریانە لە چوارچێوەی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسدا لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا.

### ٤,٣. قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی کەیس

قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی کەیس بەگوێرەی کەیس، بەگوێرەی جۆری کەیسەکە (دەروونی و کۆمەڵایەتی، چارەخواز، کەیسی تاکەکەسی، خێزانی یاخود گروپی)، سادەیی و ئاڵۆزی، کات، دیدگا و پاشخانی تیۆری، کلتوری و جوگرافی، ڕێکخراوەیی دەکرێت گۆڕانکاری تێیدا ڕووبدات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بەڕێوەبردنی کەیس بەم قۆناغانەی خوارەوەدا تێپەڕ بێت (Rîjicova and Grigoraș, 2016: 12-50; Hogg, 2018: 58-87; GBVIMS Steering Committee, 2017: 49-87; Ross, Curry and Goodwin, 2011: 3-8; Frankel, Gelman and Pastor, 2019: 19). گرنگی ئەم باسە لە پەیوەندیدا بەم توێژینەوەیەوە لەوەدایە، بەشێکی ئاڵنگارییەکان لە یەکێک لەم قۆناغانەدا دروست دەبن و بەربەستن لەبەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسدا.

**قۆناغی یەکەم:** ناسینەوە و تۆمارکردن، یاخود بە قۆناغی دەستپێک ناودەبرێت. ئەم قۆناغە بە گوێرەی جۆری کەیسەکان دەگۆڕێت، لە حاڵەتی کەیسی منداڵاندا لەلایەن سەرچاوەکانی ناسینەوەوە بۆ کەیسەکانی فەرامۆشکردن، توندوتیژی، خراپ بەکارهێنانی منداڵ هتد.. پەیوەندی بە ڕێکخراوەکان یاخود دامەزراوەکانی دیکەوە دەکرێت، پاشان زانیاری دەربارەی کەیسەکە تۆمار دەکرێت. لێرەدا پێویستە لەسەر کارمەندی حاڵەت بەشێوەیەکی سیستماتیکی تەواوی زانیارییە پەیوەندیدارەکان لە پەیوەندیدا بە ژیانی چارەخوازەکەوە کە پەیوەستدارە بەچارەسەرکردنی کێشەکەیەوە بدۆزێتەوە. ئەمە پرسیارەکانی سەر ئاستی تاک، خێزان و کۆمەڵ (Micro, Mezzo and Macro level) لەخۆدەگرێت.

**قۆناغی دووەم:** هەڵسەنگاندنی سەرەتایی و ئاڵۆز، لەم قۆناغەدا داتا و زانیارییەکان لەبارەی کەیسەکەوە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە کۆدەکرێتەوە و شیکردنەوەی لەبارەی دۆخەکەوە بۆ دەکرێت. هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی مەترسی و پێداویستییە جیاوازەکانی چارەخوازەکە دەکرێت.

**قۆناغی سێیەم:** گەشەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی هاوکاری تاکەکەسی، ئەم پلانە لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا لە پاش هەڵسەنگاندن دەنوسرێت، دەبێت لە پلانی هاوکاری تاکەکەسیدا زانیارییەکانی تایبەت بە ناسینەوەی پێداویستییەکان و چارەسەرەکانی کێشەکە تێدابێت. واتە ئامانجی قۆناغەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی مەترسییەکانی سەر چارەخواز و دیاریکردنی ئامانجی کاتی بۆ چارەسەر کێشەکان، ئەمەش پلانی سەلامەتی بۆ دۆخی لەناکاو و پاڵپشتی لەخۆدەگرێت.

**قۆناغی چوارەم:** چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پلانی هاوکاری تاکەکەسی، ئەم قۆناغە بۆ ئەوەیە تێیدا دڵنیا ببینەوە لە جێبەجێکردنی پلانی هاوکاری تاکەکەسی و بۆ ئەوەیە بزانرێت کە ئایا هێشتا پلانەکە پەیوەندیدارە بە پێداویستییەکان و چارەسەرەکانەوە. بۆیە لێرەدا دوای خستنەبواری جێبەجێکردنی پلانەکانەوە، لەسەر بنەمای پلانەکان کارمەندی حاڵەت لەگەڵ چارەخوازان و دابینکەرانی خزمەتگوزارییەکانیدا دەست بەکارەکانی دەکات. ئەکرێت ئەم پرۆسەیە ڕۆژانە، هەفتانە و مانگانە بێت، دەکرێت لە ماڵی چارەخواز بێت یاخود لەسەر هێڵی تەلەفۆن، دەکرێت بە تەنها یاخود لەژێر چاودێری تیمێکدا بێت. چونکە پرۆسەی چاودێریکردنەکە ڕێگە بۆ نوێکردنەوەی بەردەوامی پلانەکان لە حاڵەتی گۆڕانکاری لە پێداویستییەکاندا خۆشدەکات.

**قۆناغی پێنجەم:** داخستنی کەیس یان ڕەوانەکردن، داخستنی کەیس کاتێک دەبێت پلانی هاوکاری تاکەکەسی ئامانجەکانی بەدیهێنرابێت یاخود چارەخوازەکە گەشتبێتە ئاستێک لە جێگیری، بەشێوەیەک لەڕووی ژینگەی خێزانی، گەشەکردنی پەیوەندییەکان، پشت بەخۆبەستن هتد.. توانای بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی هەبێت. هەروەها لەکاتێکدا دەبێت کارمەندی حاڵەت لە سەلامەتی و پارێزراوی ژینگەی چارەخوازەکە دڵنیا بێتەوە یان نیگەرانییەک لەپەیوەندیدا بە خۆشگوزەرانی تاکەکەوە لە ئارادا نەبێت. هەندێکجاریش ڕەنگە پێش بەدەستهێنانی ئامانجەکان خودی چارەخوازەکە داوای داخستنی کەیسەکەی بکات. لە پەیوەندیدا بە ڕەوانەکردنەوە، ئەم دۆخە بریتییە لەڕەوانەکردن یاخود گواستنەوەی کەیسی چارەخوازەکە بۆ لای کەسێکی پرۆفیشناڵی دیکە یان ڕێکخراوێکی پەیوەندیدار تاوەکو خزمەتگوزاری پەیوەستی پێبدرێت لە پێناو بەدەستهێنانی گەشەی زیاتر. ئەمەش کاتێک ڕوودەدات خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشکردنی کەیسەکە وەک پێویست نەبێت، لە کاتێکدا ئەوان هێشتا پێداویستی دیکەیان هەیە کە بەدەستنەهێنرابێت و لەو دۆخەشدا پسپۆڕێکی ڕاهێنراوی دیکە هەڵدەستێت بە کارەکە.

**قۆناغی شەشەم:** چاودێریکردن لە پاش داخستنی کەیس، ئەم قۆناغە بە گوێرەی کەیسە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا دێت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە پاش داخستنی کەیس، بۆ ماوەی شەش مانگ دەبێت چاودێری کەیسەکە بکرێت، لە حاڵەتە قورسەکاندا دەبێتە یەک ساڵ. بەڵام لە دۆخێکدا ئەگەر خۆشگوزەرانی سوودمەندەکە هەر بەدینەهات دیسانەوە کار لەسەر پلانێکی تاکەکەسی نوێ دەکرێتەوە.

## ٤. میتۆدۆلۆجی

لەڕووی میتۆدییەوە، توێژینەوەکە بۆ بە دەستهێنانی ئامانجەکان، پشتی بە بە میتۆدی چۆنێتی بەستووە، چونکە ئەم میتۆدە گرنگی بە توێژینەوە نائامارییەکان دەدات. لەبەرئەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بە دوای دۆزینەوەی ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەڕێوەبردنی کەیسن لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا، هەروەها هەوڵی دیارکردنی کاریگەری ئەو ئاڵنگاریانە لەسەر پڕۆسەکە دەدات، بەم هۆیەوە ستراتیژی لێکۆڵینەوەی بار (Case Study) بەکارهاتووە، تاوەکو بتوانرێت بەوردی لە دیدگای لایەنە بەشداربووەکانی پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسەوە ئاڵنگارییەکان بخرێتەڕوو.

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە** بریتی بووە لە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی شاری سلێمانی، بەدیاریکراوی ڕێکخراوەکانی ستێپ، ژیان فاوندەیشن، خانزاد، وچان و ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان هەڵبژێردراون. ئەو کەسانەی بەشداری پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسن و بەشێکن لەو ڕێکخراوانە وەک ئەندامی کۆمەڵگەی توێژینەوە هەژمارکراون. سەبارەت بە **نموونەی توێژینەوەکە**، نمونەی مەبەستدارە، چونکە دیاریکردنی ئەو ڕێکخراوانە بە مەبەست بووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەم ڕێکخراوانە بەشێوەیەکی چالاکانە بەشدارن لە بەڕێوەبردنی کەیسەکان لەشاری سلێمانی. هەروەها بەهۆی نزیکایەتی پیشەیی و تێگەشتنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و ئەندامەکانی لە یەکترەوە، بۆ ئەزموونکردنی ئاڵنگارییەکان، لە هەمانکاتدا بەهۆی گەورەیی قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، (٩) کەس وەک نمونەی کەیس وەرگیراون و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، لەناو ئەم کەسانەشدا لەهەردوو ڕەگەزەکە هەبووە، بەشێوەیەک نمونەکە (٥) کەسیان لەڕەگەزی نێر و (٤) ڕەگەزی مێ بووە.

**بواری مرۆیی** ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە لە دەستەی بەڕێوەبردن لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا (بەڕێوەبەرانی کەیس، بەڕێوەبەرانی پڕۆژە، سەرۆکی ڕێکخراو) و کارمەندانی حاڵەت. **بواری جوگرافی** توێژینەوەکە، ڕێکخراوە ناحکومییەکانی شاری سلێمانی لە خۆ دەگرێت، کە ئەوانیش ڕێکخراوەکانی ستێپ، ژیان فاوندەیشن، خانزاد، وچان و ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان ئەم ڕێکخراوانە لەدیارترین ڕێکخراوە ناحکومییەکانی شاری سلێمانین کە خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی کەیس پێشکەش دەکەن. **بواری کاتی** توێژینەوەکە بە لایەنی تیۆری و مەیدانییەوە لەڕێکەوتی (٢٠٢٥\١\٥) دەستی پێکردووە و لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥\٣\٢٥) کارەکانی بەکۆتا هاتووە.

**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری** لە مەیداندا بریتی بووە لەڕێبەری چاوپێکەوتنی وردوقوڵ(in-depth interview guide). چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ سەرچاوەی سەرەکی زانیاری (Key Informant Interview)، کە (٤) چاوپێکەوتن بووە لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان، لەهەمانکاتدا (٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ کارمەندانی حاڵەت لەو ڕێکخراوانە ئەنجامدراون. ئەمەش لەو پێناوەدا بووە بۆ ئەوەی لە دیدگای تەواوی بەشداربووەکانی پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسەوە بەشێوەیەکی گشتگیر و بەرفراوان (Comprehensive and Holistic Approach) ئاڵنگارییەکان دیاریبکرێت. ڕێبەری چاوپێکەوتنی وردوقوڵ، بۆ هەریەک لە دەستەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کارمەندانی حاڵەت جیاواز بووە. واتە (٢) ڕێبەری جیاواز بۆ هەر یەکێکیان دروستکراوە و ژمارەی پرسیارەکانی هەر یەک لەو ڕێبەریانە (١٥) پرسیاری کراوە بووە، بۆ ئەوەی لێتوێژراوان بەوپەڕی ئازادییەوە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. ئەم پرسیارانە لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەوە هەڵهێنجراون. بەهۆی ئەوەی ڕێبەری چاوپێکەوتنی وردوقووڵ بەکاربراوە، لە کاتی چاوپێکەوتنەکەشدا هەر پرسیارێک لەلای توێژەر دروست بوو بێت ئاراستەی لێتوێژراوان کراوە. ڕێبەری چاوپێکەوتنەکە، پێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان، لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانەوە پشکنین و هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە و تێبینەکانیان لەبەرچاوگیراوە.

سەبارەت بە ڕەچاوکردنی لایەنی ئیتیکی (Ethical Considerations) لە توێژینەوەکەدا، فۆڕمی ڕەزامەندی بۆ بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان ئامادە کراوە. دڵنیاکراونەتەوە لە بەشداری خۆبەخشانە و نهێنیپارێزی و ڕەزامەندبوون لە بەشداریکردن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەزامەندی بۆ تۆمارکردنی دەنگەکان وەرگیراوە و هەر بەشداربوویەک ڕەزامەند نەبوو بێت، قسەکانی نوسراوەتەوە.  لە قۆناغی دواتردا، گفتوگۆکان لە دەنگەوە بەدەقکراون (Transcription)، ئەمەش لەسەر بنەمای ڕێبەری کۆمیسیۆنی پەنابەرانی ژنان (WRC Guide). بۆ پاراستنی قسەکەران و نەناسینەوە دەنگەکان، هەر یەک لەم بابەتانە کۆدیان بۆ دروستکراوە و زانیاریەکان لەناو خانەی پەیوەندیداردا تۆمار کراون. لەم توێژینەوەیەدا و بۆ شیکردنەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکانی لایەنی مەیدانی سوود لە شیکاری بابەتی(Thematic analysis) وەرگیراوە، تاوەکو وەڵامە هاوبەشەکان، چوارچێوە و جیاوازییەکان لەناو گفتوگۆکاندا بدۆزێتەوە و تێمایان بۆ دابنێت.

## ٥. خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

لە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ئەنجامدراون لەگەڵ کارمەندانی حاڵەت، بەڕێوەبەرانی کەیس، دەستەی بەڕێوەبردن و بەڕێوەبەرانی پڕۆژە، داتا کوالێتییەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لەم تەوەرانەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو. بەشێوەیەک هەوڵدەدرێت ئاڵنگارییەکان لەهەر یەک لەم تەوەرانەدا بخرێنەڕوو.

### ١,٥. ئەزموونی کارمەندانی حاڵەت  لە بەڕێوەبردنی کەیسدا

کارمەندانی حاڵەت، لە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی شاری سلێمانیدا بەگوێرەی بوارەکەیان کار لەڕووبەرێکی دیاریکراوی کەیسەکاندا دەکەن، هەڵبەت ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بە پڕۆژە جیاوازەکانی خزمەتگوزارییەوە هەیە کە فەندەکانیان بۆ وەردەگیرێت. ڕووبەری کارکردنەکان لەبواری پاراستنی منداڵان، قوربانیانی توندوتیژی، مادەی هۆشبەر، نەوجەوانان و زیندانیانی دامەزراوەی چاکسازی، فێرخوازانی قوتابخانە و خوێندگاکان، خزمەتگوزاری دەروونی لەبوارەکانی فشاری پاش زەبری دەروونی و کۆمەڵایەتی هتد.. . چارەخوازانی پڕۆژە و کارەکانی ئەم ڕێکخراوانە خەڵکانی کۆمەڵگەی خانەخوێ، پەنابەر و ئاوارەکانن.

کارمەندانی حاڵەت لەم ڕێکخراوانەدا لەڕووی کاتەوە خاوەنی ئەزموونێکی تاڕادەیەک درێژمەودان، لە (٧) ساڵەوە دەستپێدەکات بۆ (١٥) ساڵ. هەریەک لەم کارمەندانەی حاڵەت بە ئەزموون و قۆناغە جیاوازەکانی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا تێپەڕبوون تاوەکو گەشتوونەتە پلەی کارمەندی حاڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا بواری پسپۆڕی خوێندنی ئەم کەسانە بەشێکی زۆریان پەیوەندی بواری زانستە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک (کۆمەڵناسی، دەروناسی، دەرونناسی کلینیکی و کاری کۆمەڵایەتی)ەوە هەیە، بەڵام هەندێکیان پسپۆڕیان لە دەرەوەی بوارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانە.

بەنزیکەیی سەرجەم کارمەندانی حاڵەت لەڕێکخراوە ناحکومییەکاندا، بەهەمان پڕۆسەی قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی کەیسدا دەڕۆن بەڕەچاوکردنی دابینکردنی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ ئاوەڵاکردنی دەرگای گفتوگۆ و متمانە دروستکردن، کە بەناساندنی ڕێکخراوەکەیان دەسپێدەکەن و پاشان قۆناغەکانی دیکەی وەک ناسینەوە و تۆمارکردن،

هەڵسەنگاندنی سەرەتایی و ئاڵۆز، گەشەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی هاوکاری تاکەکەسی، چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پلانی هاوکاری تاکەکەسی، داخستنی کەیس یان ڕەوانەکردن. لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغی کۆتایی کەیسەکان کە بریتییە لە چاودێریکردن لە پاش داخستنی کەیس، لەزۆربەی ڕێکخراوەکاندا فەرامۆش کراوە. لەکاتێکدا پێویستە لەم کاتەدا بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵێک چاودێری کەیسەکە بکرێت و لە ئەگەر سەرنەگرتنی پلانی چارەسەریدا دیسانەوە پلانێکی تاکەکەسی نوێ دادەنرێتەوە.

لەباری پسپۆڕییەوە سەرنج لە کارمەندانی حاڵەت بدرێت، ئەگەر پسپۆڕەکە پاشخانێکی تیۆری لە بواری زانستە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکاندا لەڕووی خوێندنی ئەکادیمییەوە نەبێت، بەتایبەت لەو زانستانەی لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کار لەسەر مرۆڤ دەکەن دەکرێت چەندین کێشە دروست بکات. لەوانە، کەمی تێگەشتن لەڕەفتاری مرۆیی، کە ئەمەش بەهۆی نەبوونی پاشخانێکی تیۆری قوڵەوە بۆ تێگەشتن لەمرۆڤ و پێداویستییەکانی مرۆڤ دروست دەبێت، دەکرێت کێشە بۆ کارمەندانی حاڵەت دروست بکات و لەکۆتاییدا ڕەنگە دەستوەردانەکان بەزیان بەسەر چارەخوازەکاندا بشکێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت چەندین گرفتی دیکەی وەک هەبوونی توانایەکی سنوردار لە هاوسۆزی و کارامەییە گرنگەکانی وەک توانای پەیوەندی بەستن (Communication) دروستبکات. لە هەمانکاتدا دەکرێت کێشەی وەک کارکردن بە کۆدە ئەخلاقییەکان، لەبەرچاوگرتنی دۆخە دەرونی، کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان، توانای داکۆکیکردن، بەڕێوەبردنی کەیسە ئاڵۆزەکان، سووتانی دەروونی و فشاری پیشەیی، ئازارگەیاندن بە چارەخواز و چەندین گرفتی دیکەی لێبکەوێتەوە.

ئەگەرچی هەندێک لەڕێکخراوەکان چوارچێوەیەکی کارکردنی تیۆری پێشەکییان بۆ کارکردن لەگەڵ کەیسەکاندا هەیە و بەگوێرەی دۆخی کەیسەکان مۆدێوڵە جیاوازەکانی دەستوەردان بەکاردەهێنن، لەمبارەیەوە کارمەندێکی حاڵەت لەپەیوەندیدا بەم بابەتەوە وتی: **"ئێمە میتۆد و شێوازی کارکردنی ستانداردی نێودەوڵەتی و جیهانیمان هەیە، وەک ڕێبەری ڕێکارە یەکخراوەکانی کارپێکردن بۆ خۆپاراستن و بەهاناوەچوونی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا"**. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێبەرە لەتەواوی بوارەکاندا بەردەست نییە، وەک یەکێکی دیکە لە کارمەندانی حاڵەت وتی: **"هیچ مۆدێوڵێک نییە لەسەری بڕۆین، تەنها هەندێک شت هەیە کە ئەکسەریەتی مونزەمەکان ئەو شتە تەتبیق دەکەن"**. بۆیە لێرەدا گرنگە ڕێکخراوەکان کار لەسەر پەرەپێدانی مۆدێوڵە جیاوازەکان بەگوێرەی کەیسە جیاوازەکان بکەن، چونکە سروشتی کەیسەکان و کێشەکانیان جیاوازی هەیە. بەکارهێنانی مۆدێوڵەکان دەتوانێت نەخشەڕێگای کارکردنی کارمەندانی کەیس دیاریبکات و ئامانجی بۆ دەستنیشانبکات. بەپێچەوانەوە لەچوارچێوەیەکی ناڕووندا دەخولێنەوە و ناتوانرێت گەشە و بەرەوپێشچوون لەکەیسەکاندا ببینرێت.

### ٢,٥. ئاڵنگاری لەڕووی فەند و ستافەوە

فەند و ستاف، دوو لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەن کە کاریگەرییان لەسەر کارایی و بەردەوامی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە بەڕێوەبردنی کەیسدا هەیە. کەمی فەندەکان کاریگەری لەسەر دابینکردنی سەرچاوە بنەڕەتییەکان، گۆڕانکاری لە جێبەجێکردنی بەرنامەی پرۆژەکان بە تایبەت پرۆژە کورت مەوداکان هەیە. تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پشتیان بە باربۆکاری دەرەکی و فەندی پرۆژەکان بەستووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەدای کار و چالاکی ڕێکخراوەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە درێژ مەوداکانیش دروستکردووە. بەڕێوەبەری یەکێک لە پرۆژەکان لە ڕێکخراوێک وتی **"گەورەترین کێشەمان فەندە لەئێستادا، بە تایبەتی فەند بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە بۆ عێراق، بۆ میدڵ ئیست و ئەم ناوچەیە بەتایبەت. فەند کێشەی سەرەکیە چونکە سەرچاوەی سەلەری ڕەیتینگە، چونکە گەر بتەوێت کەسێکی کواڵەیفای بدۆزیتەوە و ئیشت بۆ بکا پێویستت بە سەلەریەکی باش هەیە"**. ئەم نیگەرانیانە بەشێکی پەیوەندی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە چارەخوازەکانەوە هەیە، هەروەک کارمەندێکی حاڵەت وتی **"هەندێک جار کلاینتەکان باری ئابوریان سەختە و ئێمە ناتوانین وەکو پێویست کاشیان بۆ سەرف بکەین...یان پێویست بە کار و سەرچاوەی دارایی هەیە، ئەمە زەحمەتە وەک ڕێکخراو، بەداخەوە ئێمە ناتوانین ئەمە بکەین"**.

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە ڕێکخراوەکان لە کاتی نەبوونی فەندەکاندا ناچار بە دەستبەرداربوون لە بەشێکی ستافەکانیان بوون. ڕاهێنانەوەی ستاف و ئامادەکردنیان دیسان ئەرک و ئاڵنگاریەکی گەورەیە لەسەر ڕێکخراوەکان، بەڕێوەبەرێکی پرۆژە وتی **"ستافی کەیسمەنجمێنت کەمن لەڕاستیدا، کە تۆ ستافێکت هەبێت پێویستەکات زۆر زۆر ڕاهێنراوبن، پێویستت بە کاتێکی زۆر هەیە بۆ ڕاهێنان..."** واتە ئەم کێشەیە کاریگەری لەسەر بەڕێوەبردنی کەیس لەو ڕێکخراوانەدا دروستکردووە. لەلایەکی دیکەوە ئەو ئاڵنگاریانەی کە دیسانەوە پەیوەستن بەلایەنی داراییەوە و کاریگەری لەسەر ستاف دروست دەکەن، بریتین لە گۆڕینی ستاف، سووتانی دەروونی، کەمبوونەوەی خولەکانی ڕاهێنان و پەرەپێدان. بەهەمان شێوەیە یەکێکی دیکە لە بەڕێوەبەرانی پرۆژە جەختی لەوە کردەوە سەرەڕای ئاڵنگارییەکان هێشتا هەر بەردەوامن، بەڵام بە نیگەرانییەوە وتی **"مەوزوعی کەیسمەنجمێنت، لە زۆربەی ڕێکخراوەکانە بەرەو کەمبوونەوە چووە، چونکە خەڵکی زۆر پێشووتر ئەهاتن داوایان ئەکرد، ئێستا ئەو داواکردنەکە کەم بۆتەوە... لەڕووی فەندیشەوە بە هەمان شێوە پشتگیری ئینتەرنەشناڵی، ئێستا بۆ ناو شارەکان کەم بۆتەوە بەتایبەتی بۆ شاری سلێمانی."**

### ٣,٥. دیاریکردنی ئاڵنگاری لەسەر ئاستە جیاوازەکان

نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا تێڕوانینی خۆیان بۆ دیارترین ئاڵنگارییەکان لەسەر چەند ئاستێک خستەڕوو:

#### ١,٣,٥. لەسەر ئاستی کەسی (کارمەندی حاڵەت):

مەبەست لەو ئاڵنگاریانەیە لەکاتی بەڕێوەبردنی کەیسدا ڕووبەڕووی کارمەندانی حاڵەت و بەڕێوەبەرانی کەیس دەبێتەوە. لەڕوانگەی کارمەندانی حاڵەتەوە، ئاڵنگارییەکانی ئەم ئاستە زۆرن و سەرچاوەکانی ئەم ئاڵنگاریانەش بۆ ئاستەکانی دیکەی وەک خێزان و کۆمەڵگە دەگێڕنەوە، کارمەندێکی حاڵەت وتی: **"ئەوەی گرفتی بۆ بەڕێوەبەرانی کەیس دروستکردووە، ئەو گرفتانەی دیکەن کە لەسەر ئاستی کەیس، ڕێکخراو و کۆمەڵگان"**. یەکێک لەو ئاڵنگاریانە شکاندنی سنوری کەسی و پیشەیی کارمەندانی حاڵەتە، کە داوای بابەتی کەسی و وردەکاری ژیانیان لێدەکرێت، لەمبارەیەوە نمونەیەکی توێژینەوەکە وەها گوزارشتی لەکێشەکەی کرد: **"هەندێک کات داوای بابەتی کەسیت لێدەکەن، بۆ نمونە داوای ژمارە تەلەفۆن، یان پرسیاری کەسیت سەبارەت بە ژیانی خۆت لێدەکەن."** ئەمەش هۆکارێکە بۆ شکاندنی سنوری پیشەیی و ئاماژەیەکە بۆ گرنگی جەختکردنەوە لەسەر دروستکردنی ڕێبەری و ڕێنماییەک بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی سنورە پیشەییەکان.

لەلایەکی دیکەوە، یەکێک لەو ئاڵنگاریانەی لەسەر ئاستی کارمەندانی حاڵەت لە بەڕێوەبردنی کەیسدا دروست دەبێت، پەیوەندی بە تێڕوانین و بیرکردنەوەی کارمەندانی حاڵەتەوە هەیە، هەندێک لەوان لە بنەڕەتدا باوەڕیان بەو پرسانە نییە کە کاری لەسەر دەکەن، هەندێکی دیکەیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەڕێکخراوەکان دەمێننەوە و

هەندێکجار بەهۆکاری کۆتایی هاتنی پرۆژەکان ڕێکخراوەکان جێدەهێڵن ئەمەش ئاڵنگاری دووچاری پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس دەکاتەوە. یەکێک لە بەڕێوەبەرانی پرۆژە سەبارەت بەم کێشەیە وتی: **"ئەو ئاڵنگاریانەی کە تایبەتە بە بەڕێوەبەری کەیسەوە... یەکەم دۆزینەوەی کەیسمەنیجەرێکە کە بڕوای بە مەوزعی کەیسمەنجمێنت هەبێت، بڕوای بە کارکردن لەبواری جێندەر ئیکوالیتی هەبێت، بڕوای بە مافی ژنان هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایی هەبێ واتە دەوراتی بینیبێت. دووەم، زۆرجار کەیسمەنیجەرێک کەم ئەمێنێتەوە یانی فەترەیەک لە ناو پرۆژەکە ئەمێنێتەوە ئەڕوات، ئیتر یان هۆکاری شەخسی و یان بەهۆی پرۆژەکەوە بێت کە تەواو بووە".**

لەم ئاستەدا یەکێکی دیکە لەو کێشانە بریتییە لە دووبارە بیستنەوەی چیرۆکی قورس و تراژیدی و ئەزموونی تراوماوی، ئەمەش کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی کارمەندی حاڵەت دروست دەکات و ئاشتی و ئارامی ژیانیان دەشوێنێت. یەکێک لەو کارمەندانەی لەبواری حاڵەتە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە توندوتیژییەوە کار دەکات بەم شێوەیە هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت: **"هەموو ڕۆژێک بەر چیرۆکی قورس و ناخۆش دەکەویت، هەمووکاتێک ئامادەیت کە تووشی سووتانی دەروونی یاخود زەبری دەروونی بیتەوە. زۆرجار ئەو هەستی ئارامی و خۆشییە لەدەست دەدەیت کە هەتە لە ژیانتا ئەمەش بەهۆی سروشتی کارەکەتەوەیە."** لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار کارمەندانی حاڵەت لەسەر ئاستی کەسی بەهۆی کەیسەکە و دەستوەردانی کەسانی دیکەوە هەست بە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ژیانیان دەکەن، ئەمەش بەشێکە لەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کارمەندێکی حاڵەت وتی: **"زۆرجار دەکەویتە ڕیسکەوە، دەکرێت یەکێک لە کەیسەکان بتئاڵێنێت لە کێشەیەکەوە. دەکرێت خەڵکانی دیکە ئینفۆڵفی کێشەکە بکات و چەندین کەیس مانیجەر ئەمەی بەسەر هاتووە و دەکرێت ئەمە ڕووبەڕووی ئێمەش بێتەوە."** لە هەمانکاتدا نەبوونی پێداویستییە بەردەستەکان بۆ بەڕێوەبردنی کەیس بەشێوەیەکی تەندروست نیگەرانی و ئاڵنگاری بۆ کارمەندانی حاڵەت دروست کردووە.

### ٢،٣،٥. لەسەر ئاستی چارەخوازەکان

بەڕێوەبردنی کەیس لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پێشکەشکردنی یارمەتی و پاڵپشتی بۆ ئەو کەسانەی دووچاری کێشەی کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابووری بوونەتەوە. بەڵام زۆربەی جار خودی ئەو کەسانەی کە خاوەن کەیسن دەبنە ئاڵنگاری لەبەردەم بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی بەڕێوەبردنی کەیسەکەدا. ئەوان، زۆربەی جار پاشخانێکی شکستەبارانەیان هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر هۆشیاری و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیان بەرامبەر بە کەیسەکانیان دروست دەکات، چونکە لەبنەڕەتدا سەقامگیری دەروونییان کەمە. بۆیە لێرەدا گرنگە ئەو ئاڵنگارییانە دیاریبکرێت کە پەیوەندی بەخاوەن کەیسەکانەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ڕێکارە چارەسەرییەکان دیاریبکرێت.

یەکێک لەو کێشانەی لەم ئاستەدا دروست دەبێت، توانای دەستڕاگەشتن و هۆشیارییە لای چارەخوازەکان، بەشێکیان ڕووبەڕووی کێشەی دارایی دەبنەوە و توانای سەردانکردنی ڕێکخراوەکانیان بەهۆی دووری ناوچەی جوگرافییەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆشیارییان سەربارەت بە خزمەتگوزارییەکان نییە. کارمەندێکی حاڵەت لە پەیوەندیدا بەم کێشەیەوە وتی: **"هەندێک جار کەیسەکە شوێنەکەی دوورە ناگاتە تۆ، هەندێکجار لایەنە مادیەکەی ڕێگەی پێنادات، بۆ نمونە سەیارە بگرێت و بێتە لای تۆ، هەندێ جار نازانێ بێتە کوێ... هەندێ جار لە ترسی خێزانەکەی ناوێرێ.. ئەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە، هەندێ جار خۆیان تەحەمول ناکەن... شوێن ئەگۆڕن و ئەچن بۆ شوێنی دیکە".** بۆیە ئەم کێشەیە دەکرێت توانای وەرگرتن و دەستڕاگەشتنی خاوەن کەیسەکان بە خزمەتگوزارییەکان سنووردار بکات و کاریگەری نەرێنی لەسەر دواکەوتنی کەیسەکە و دروستبوونی بۆشایی هەبێت. کێشەی هۆشیاری خاوەن کەیسەکان سەبارەت بەدۆخەکەی خۆیان دیسانەوە گرفت بۆ کارمەندانی حاڵەت دروست دەکات، یەکێک لە کارمەندانی حاڵەت وتی **"لەڕاستیدا هەر لەبەرئەوەی کەیس زۆرجار کەدێنە لای کەیسمەنیجەر هۆشیارییان سەبارەت بە دۆخەکەی خۆیان نییە، توانای ئەوەیان نییە باش مامەڵە بکەن چونکە ئەوان لە دۆخێکی جێگیردانین...هەموو جۆرە ڕەفتارێک لەوانەوە چاوەڕوانکراوە، ئەمەش بەدەرەجەی یەک کاریگەری دەبێت لەسەر کەیسمانیجەرەکان".** ئەم کێشەیە دەکرێت کاریگەری لەسەر خاوکردنەوەی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کەیسەکان هەبێت. وەک ئەوەی بەڕێوەبەرانی کەیس و پرۆگرامەکان جەختیان لەسەر کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی زۆربەی کەیسەکان لەوەدایە کاتێک پەیوەندی بەڕێکخراوەکانەوە دەکەن، کێشەکانیان زۆر توند و ئاڵۆز بۆتەوە، لێرەدا کەیسەکان پێویستیان بە پاڕیزەر دەبێت، کەمتر پەیوەندی بە کارمەندانی حاڵەتەوە دەبێت. واتە ڕاستەوخۆ پێویست بە ڕەوانەکردن دەکات. بەڕێوەبەری یەکێک لە پرۆژەکان وتی: **"زۆرینەی ئەو کەیسانەی کە دێنە ناو ڕێکخراوەکەوە و داوای کەیسمەنجمێنت دەکەن کەیسی ئێکسترێمن واتە ئەو کەیسانەن کە زۆر زۆری کێشەکانیان ئاڵۆزە... ڕاستە حاڵی دەروونیان تێکچووە پێویستیان بە بە سێرڤیس هەیە بەڵام بەشێکی زۆریان پێویستیان بە محامی هەیە، لەبەرئەوەی حاڵەتی کەیسەکان گەشتۆتە بنبڕ".**

لە هەندێک دۆخدا کێشەی تێنەگەشتن لەلای خاوەن کەیسەکان دروست دەبێت و لە ئامانجی هاتن یاخود ڕەوانەکردنەکەیان لەلایەن ڕێکخراوێکی دیکەوە تێناگەن، یاخود بەباشی جۆر و شێوازی خزمەتگوزارییەکانیان بۆ ڕوونکراوەتەوە. کارمەندێکی حاڵەت بۆ ئەم دۆخە وتی: **"هەندێکجار کەیسەکان کە دێن یان ئیحالەیان دەکەن پێیان ناڵێن چیتان پێشکەش دەکرێت یان چیان بۆ دەکرێت، خۆشیان نازانن بۆچی هاتوون".** لەڕاستیدا ئەم دۆخە دەکرێت کاریگەری لەسەر ئاوێزانبوونی خاوەن کەیسەکە بە کێشەکەی لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسدا دروست بکات، لەهەمانکاتدا هۆکارێک دەبێت بۆ بێمتمانەیی، سەرلێشێوان و دورکەوتنەوەی خاوەن کەیسەکان.

لەگەڵ ئەوەی خاوەن کەیسەکان پێویستیان بە پشتگیری هەیە، بەڵام هەندێکجار لە بەردەوامبوون شکست دەهێنن و ناتوانن ئاوێزانی پرۆسەکە بن. کارمەندێکی حاڵەت بە نیگەرانییەوە وتی **"هەندێک کات تۆ دەتەوێت هاوکاری کەسێک بکەیت وە پێویستی پێیەتی بەڵام ئەو نایەتەوە بۆ لات."** ئەم دۆخە کاریگەری لەسەر لەسەر بەردەوامی کەیسەکان هەیە و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پرۆسەکە قورس دەکات. لە هەندێک دۆخی دیکەدا، خاوەن کەیسەکان چاوەڕوانی ناواقیعی و دەستوبردیان لە کارمەندانی حاڵەت هەیە، لەکاتێکدا پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس لە حاڵەتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستی بە ڕێبازێکی گشتگیر و کاتی پێویست هەیە. کارمەندێکی حاڵەت وتی **"کەیسەکان زۆر پەلەیانە، ڕەنگە چارەسەر یان دابینکردنی پێداویستییەک کات و کاری بوێ، بەڵام ئەوان زۆر پەلەیانە، زۆرجار وا هەستدەکەن کە تۆ ئیهمالیت و کێشەکەیت ئیهمال کردووە، کە لەڕاستیدا وانییە."** ئەم دۆخە دەبێتە هۆی بێزاری و ناڕازیبوون، فشار لەسەر کارمەندانی کەیس دروست دەکات و لە دۆخێکی سەلامەتدا نابن بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان.

### ٣،٣،٥. ئاڵنگارییەکان لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی

ئامانجی کارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەرکەکانی سەرشانی دامەزراوە حکومییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بەخەڵکانی شەکستەبار. بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا کارکردنی چالاکانەی ئەم ڕێکخراوانە لە پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسدا سنوردارە و ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەبنەوە.

یەکێک لەدیارترین ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی ڕێکخراوەکان دەبێتەوە، کارکردنیانە لەسەر بنەمای ئەو پڕۆژەیەی جێبەجێی دەکەن. زۆرجار ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی پێشوەخت دیاریکراودا کاردەکەن، کە جۆری ئەو حاڵەتانەی دەتوانن وەریبگرن لەسەر بنەمای داواکاری و مەرجەکانی لایەنی باربۆکارە(بەخشەرەکان)، کە تێیدا بوودجەیەک بۆ جۆرێک لە کەیس و گروپێکی بەئامانجگیراو، ژمارەیەکی دیاریکراو لە چارەخواز تەرخان دەکەن. لەمڕووەوە کارمەندێکی حاڵەت وتی **"هەندێکجار هەندێک لە کەیسەکان ناتوانن خزمەتگوزاری وەربگرن، چونکە ئەو پڕۆژەیەی کە وەرگیراوە لەلایەن ڕێکخراوەکە جۆر و تایبەتمەندی کەیس و کەسەکانی دیاریکردووە. واتە کاری ڕێکخراوەکان بەپێی پڕۆژەکان سنوردار ئەکرێ. بۆ نمونە ئێمە لەڕێکخراوی (ناو) یارمەتی مادیمان بۆ کەیس نییە، بەڵام کەیسەکان هەندێکجار داوای بڕێک پارە یان خانوو گرتن بەکرێ دەکەن، ڕێکخراوەکەی ئێمە توانای ئەوەی نیە، یان سنوری جوگرافی ڕێکخراوی (ناو) دیاریکراوە و ناتوانێت ئەو کەیسانەی هەولێر وەربگرێت"**. لەم کاتەدا هەندێک لەو کەیسانە ئەگەرچی شیاوێتی دەستوەردانیان هەیە لە خزمەتگوزارییەکان بێبەش دەکرێن، چونکە ناچنە چوارچێوەی گروپی بەئامانجگیراوی پڕۆژەکەوە و پێوەرەکانی قبوڵکردنیان تێدانیە. ئەمەش کەلێن و بۆشایی لەدابینکردنی پاڵپشتی بۆ ئەو کەیسانە دروست دەکات. لەلایەکی دیکەوە دیاریکردنی وەرگتنی ژمارەیەکی دیاریکراو بۆ وەرگرتن لەکەیس، هۆکارێکە بۆ دابەزینی کوالێتی پڕۆسەکە، چونکە هەندێکجار کەیسەکان پێویستیان بەکاتی زیاتر هەیە بەڵام لەبەر مەرجەکانی لایەنی باربۆکار ناچارن گرنگی بە تۆمارکردنی کەیسە نوێیەکان بدەن.

هەندێکجار خودی ڕێکخراوەکان بەربەستن لەبەردەم پڕۆسەکەدا، چونکە پسپۆڕی دیاریکراویان سەبارەت بەو بوارانەی کاری لەسەر دەکەن نییە، ئەمەش گرفت بۆ بابەتی بەڕێوەبردنی کەیس دروست دەکات. لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری پڕۆگرامێک وتی **"لە دوای شەڕی داعشەوە تەرکیزێکی زۆر لەسەر کەیسمەنجمێنت هەبوو، بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکان بۆ پەیداکردنی فەند ئیشی کەیسمەنجمێنتیان ئەکرد، بەڵام ئەمە زەرەرێکی زۆری لە مەوزوعی کەیسمەنجمێنتدا، وە کەیسمەنجمێنت پێویستی بە پسپۆڕی هەیە، بۆیە دەبێ ڕێکخراوەکە فەترەیەکی زۆر کاری لەسەر کردبێت، بەشێک بێ لەو پەیماننامە و پڕۆسیجەرانەی کە هەیە وە بڕوای بە مەوزوعی کەیسمەنجمێنت هەبێت"**.

بەشێک لە ڕێکخراوەکان دووچاری کێشەی دارایی لە دابینکردنی یارمەتی بۆ کەیسەکان دەبنەوە. لەلایەکەوە توانای دابینکردنی پسپۆڕانی هەمەلایەنیان بۆ یارمەتیدان کەیسەکان نییە، لایەکی دیکەوە بەهۆی کێشەی داراییەوە ئاست و کوالێتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیان بە خاوەن کەیسەکان سنوردارە. لەمبارەیەوە کارمەندێکی حاڵەت لە یەکێک لەڕێکخراوە ناحکومییەکاندا وتی: **"بابەتی لایەنی دارایی ڕێکخراو ئاستەنگێکی زۆر دروست دەکات... ڕێکخراو ئەوەندە دەستکراوە نییە ئەو خزمەتگوزاریانەی هەیەتی لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی بە بەرزترین کوالێتی پێشکەشی بکات و پسپۆڕی هەمە لایەنەی هەبێت... بۆیە دەینێرن بۆ ڕێکخراوەکانی دیکە، ئەم ناردن و ئیحالە کردن زۆرجار کەیسەکان بێزار دەکات، کاتێکی زۆریان دەبات و ناتوان بەتەنگ خۆیانەوە بێن، بێزاریش ئەبن لە داواکردنی مافەکانی خۆیان."** ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کوالێتی بەڕێوەبردنی کەیسەکان چ لەڕووی مادییەوە چ لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە دەبێت، چونکە بەهۆی زۆری ڕەوانەکردنەکانەوە ڕەنگە بێزارییەک لەلای کەیسەکە دروست ببێت کە چیتر ئامادەی بەردەوامبوون لە کەیسەکەی نەبێت. لەبەرئەوەی ڕێکخراوەکان لە دابینکردنی سەرچاوەی داراییدا پشت بە فەندی دەرەکی دەبەستن، لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا دووچاری کێشە دەبنەوە. بەڕێوەبەرێکی پڕۆگرامەکان لە یەکێک لەڕێکخراوەکان وتی" **ڕاستیەکەی مەوزوعی کەیسمەنیجمێنت پێویستی بە فەند هەیە، پێویستی بەوەی کەیسمەنیجەر لەبەردەستدا بێت، پێویستی بە بەدواداچوون هەیە، لە حاڵێتێکدا پچڕان هەبێ لە بەینی فەندەکاندا یاخود فەند نەبێ بۆ ئەمە، ڕێکخراو ناتوانێ تەنها بەکاری خۆبەخشی کاری کەیسمەنجمێنت بکات."**

لە هەمانکاتدا هەڕەشە و مەترسی سەر ڕێکخراوەکان یەکێکە لە ئاڵنگارییەکانی دیکە، بەتایبەت ئەوانەی لەکایەی جێندەر و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤدا کار دەکەن. ئەم ڕێکخراوانە ڕووبەڕووی هەڕەشی دەرەکی، دژایەتی کۆمەڵگا و فشاری ئەمنی و سیاسی دەبنەوە. لە پەیوەندیدا بەم ئاڵنگارییەوە کارمەندێکی حاڵەتی وتی: **"ئەو ڕێکخراوانەی لەبواری کەیس مەنجمێنتا ئیش دەکەن ئەرکەکەیان زۆر قورسە و بە چاوێکی دیکە سەیر دەکرێن. بەتایبەت ئەوانەی لەپرسی توندوتیژی و ژناندا کاردەکەن، ڕێکخراوەکە زۆرجار ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە... تاڕادەی داخستن"**. بۆیە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئەم ڕێکخراوانە، یەکێکە لە دیارترین ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، چونکە هۆکارە بۆ داخستنی پڕۆژە، لاوازی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بڵاوبوونەوەی ترس لەناو ستاف و خاوەن کەیسەکاندا.

### ٤,٣,٥. ئاڵنگارییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە

پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا پڕۆسەیەکی دابڕاو نییە لە واقیعەکەی، بەڵکو بەقوڵی لەژێر کاریگەری بونیادە کۆمەڵایەتی، کلتوری، یاسایی و ئابوریەکەی کۆمەڵگەکەیەتی. لایەنەکانی وەک ئاراستەی کۆمەڵایەتی، بزاوتی خێزانی و تێڕوانینی کۆمەڵگەیی چ بەشێوەی ئەرێنی یاخود نەرێنی دەتوانن کاریگەرییان لەسەر پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس هەبێت.

لە بەڕێوەبردنی هەندێک لە کەیسەکاندا ئاستەنگی خێزانی دروست دەبێت، بۆ نمونە، هەندێکجار خێزانەکان بەهۆی نۆرمە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانەوە، لەکەی کۆمەڵایەتی(Stigma) و ڕەتکردنەوەی دەستوەردانی دەرەکی، هەندێک لە خێزانەکان قبوڵی پڕۆسەی وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکان بۆ تاکی خێزانەکانیان ڕەتدەکەنەوە. بەتایبەت پرسەکانی وەک توندوتیژی خێزانی، فەرامۆشکردن و وابەستەیی تاک بە خێزانەکەیەوە لەڕووی داراییەوە لەو حاڵەتانەن کە چارەخوازەکان بەهۆیەوە ناتوانن بە ئازادانە دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان بگات. لەم ڕووەوە کارمەندێکی حاڵەت وتی: **"هەندێکجار خێزانەکە ڕێگرن لەوەی کەیسەکان بێن و سەردان بکەن، بەگشتی کۆمەڵگا لەڕووی کۆمەڵایەتی، یاسایی، سایکۆلۆجی و ئابوورییەوە کاریگەری لەسەر پڕۆسەی بەڕێوەچوون کەیسەکان هەیە"**. ئەم پرسەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی چارەخوازەکە بە کێشەکەیەوە بمێنێتەوە و نەتوانرێت دەستوەردان لە کەیسەکەیدا بکرێت. هەروەها کارمەندانی حاڵەتیش کێشەیان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە چارەخوازەکە بۆ دروست دەبێت و بەردەوامی پڕۆسەکە دەپچڕێنێت. هەندێکجار خێزانەکان نەک هاوکار نابن لە پڕۆسەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا بەڵکو بەڕووی دەوەستنەوە. کارمەندێکی حاڵەت بە نیگەرانییەکی قوڵەوە وتی: **"چۆنێتی تێگەستنی خەڵک بۆ بەڕێوەبردنی کەیس نییە، کە ئەوە زۆر گرنگە، بۆ نمونە عیلاجێکمان هەیە بۆ سێڵف دیفێنس فێری بەرگریکردن لەخۆی دەکەیت، بەڵام کاتێک دەڕواتەوە بۆ لای خێزانەکەی، ئەوان ڕێگەی نادەن بێتەوە پێی دەڵێن فێری زماندرێژی بوویت!"**

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی لەم ئاستەدا دروست دەبێت بابەتی لەکەی کۆمەڵایەتی و هەڵەتێگەشتنە لە نەخۆشە دەرونییەکان. کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی تێگەشتنێکی هەڵەی بۆ چارەسەری دەرونی و کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی ئەو تاکانە هەیە کە بەدوای دەروندروستی و وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردنی کەیسەوەن. کۆمەڵگە، چارەخوازەکان وەک کەسانی لاواز، مەترسیدار و نائاسایی دەبینن، بەم هۆیەوە چارەخوازەکان دووچاری ترس، شەرمەزاری و ڕەتکردنەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە دەبنەوە. یەکێک لە کارمەندانی حاڵەت لە پەیوەندیدا بەم دۆخەوە وتی: **"کۆمەڵگا بەچاوێکی سووک سەیری ئەو کەسانە دەکات کە خاوەن کەیس و نەخۆشی دەرونین، جۆرێک لە لەیبلێن (پلەبەندی) دەبەخشنە کەسەکە و دەبێت بە لەکە و ستیگما لەسەریان. ئیتر ئەمەش وادەکات زۆرجار بەدزی خزم و هاوڕێ و خێزانەوە بێن لەترسی ئەوەی نەزانرێت ئەمانە نەخۆشی دەروونیان هەیە. ئەمەش کاریگەری لەسەر ئیشی ئێمە هەیە چونکە دەمانەوێت کەسەکە لەو تەنگەژەیە ڕزگار بکەین، ئێ کەیسەکە لەبەر تۆمەت و شەرمە و عەیبە و لەکەی کۆمەڵگا باسی خۆی ناکا"**. ئەو کاریگەریانەی لەم حاڵەتە دەکەونەوە دەبێتە هۆی خۆبەدوورگرتنی چارەخوازەکان لەداواکردنی پاڵپشتی و خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی کەیس، ئەمەش دۆخە نائاسییەکەیان بەرەو ئاستێکی خراپتر دەبات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لەکە کۆمەڵایەتییە کاریگەرییەکی بەرچاوی نەرێنی لەسەر پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس دروست کردووە، هەربۆیە کارمەندێکی حاڵەت وتی **"هەندێ کات بوونی لەکەی کۆمەڵایەتی-ستیگما سەبارەت بەوەرگرتنی خزمەتگوزاری دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕێگر دەبێت لەبەردەم کارەکاندا."** جگەلەوەش لەم کاتانەی دوادیدا بەهۆی کەمپینی دژە جێندەری چەندین کێشە بۆ کاری ڕێکخراوەکان دروستبووە و بەڕێوەبەرێکی پرۆگرامەکان نەک بە تەنها کێشەکە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ناوەستێنێت بەڵکو گرێی دەداتەوە بە تێڕوانینی سیستەمی حکومڕانییەوە بۆ بابەتی بەڕێوەبردنی کەیس و وتی **"پشتگیری حکوومەتی هەرێم... سەبارەت بە مەوزوعی کەیسمەنجمێنت...لەم حکومەتە تازەیە زۆر زۆر لە ئاستێکی خراپدایە، ڕێکخراوەکان لە ژێر فشارێکی زۆر زۆرابوون کە لە ڕێگەی دامودەزگای حکوومییەوە فشارێکی زۆر لە سەر ڕێکخراوەکان بوو، کە کار لەسەر مەوزوعی کەیسمەنجمێنت نەکەن، تەداخولی خێزانی نەکەن، کار لەسەر کەیسی ئێکستریم نەکەن، بەئاشکرا ئەمەشیان پێوتراوە"**.

### ٤,٥. کارامەیە و لێهاتوویە پێویستەکان بۆ کارمەندانی حاڵەت

بەگوێرەی ئەوەی کارمەندانی حاڵەت ڕۆڵێکی گرنگ لە یارمەتیدانی کۆمەڵگە و تاکە شکستەبارەکاندا دەگێڕن، سەرەڕای هاوسۆزی و دیاریکردنێکی وردی حاڵەتەکان، هێشتا پێویستیان بە کۆمەڵێک کارامەیی و لێهاتوویی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە دەستوپەنجە لەگەڵ ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونیی و یاساییە ئاڵۆزانە نەرمبکەن. کارمەندی حاڵەتی سەرکەوتوو لەباری ئاساییدا پێویستە چەندین کارامەیی وەک چارەسەرکردنی کێشە، توانای پەیوەندی گرتن، هەستیاری کلتوری، بڕیاردان و هاوسۆزی هەبێت. لە پەیوەندیدا بەم بابەتەوە کارمەندێکی حاڵەت وتی **"سکیڵەکان لەسەر هەموو ئاستەکان پێویستە، ئێمە چوار بنەمای سەرەکیمان هەیە بۆ کەیسمەنجمێنت زۆر گرنگن، پاراستنی نهێنی، پەیوەندی پیشەیی، وە دەرخستنی هاوسۆزی و گوێگرتنی چالاکانە. هەر ئەم چوار بنەمایە پێویستی بە چەندین ترەینینگ و ڕاهێنان هەیە"**. لەهەمانکاتدا یەکێکی دیکە لە کارمەندانی حاڵەت ئاماژەی بە گرنگی بێلایەنی لە بەڕێوەبردنی کەیسەکاندا کرد و وتی **"بە هیچ شێوەیەک تۆ لایەنگری کەیس نیت یاخود بیروباوەڕ و بۆچوون و ئاین و ڕەگەز و دین و چووزانم هەر شتێک کە کەسێک کە یەتە لای تۆ جیاواز بێ لەگەڵ تۆیا، بە هیچ شێوەیەک ئەو جیاوازییە ناخوێندرێتەوە... بۆیە نابێ بە هیچ شێوەیەک بیروباوەڕ و سۆزەکانت تێکەڵ بە کارەکەت بکەی"**. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبەرێکی کەیس سەبارەت بەم پرسە وتی **"ڕێزگرتن و لایەنداری دوو خاڵی گرنگن دەبێت کەیس مانجەر ڕەچاوی بکات... نهێنی پاراستن و سکیڵی ڕاوێژکاری، پێویستە چارەسەرکارەکان هەیانبێت."** بەهەمان شێوە هەندێکجار هەندێک لە کەیسەکان پێویستی بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەدا هەیە، بۆ ئەمەش کارمەندانی حاڵەت پێویستیان بە کارامەییەکانی دیکەی وەک پەیوەندییە نێوان کەسییەکان، داکۆکی، تەکنیکەکانی دەستوەردان لەکاتی قەیراندا بۆ چارەسەری ئاڵنگارییەکان دەبێت. بەبێ ئەم کارامەییانە بێگومان کارمەندانی حاڵەت تووشی گرفت دەبێتەوە و کەلێن و بۆشایی لە دەستوەردانەکانیدا دروست دەبێت.

### ٥,٥. ئاڵنگاری لە کاتی دروستکردنی هاوبەشی بۆ کەیسەکان

هاوبەشیکردنی کەیسەکان لەنێوان ڕێکخراوەکاندا هەنگاوێکی گرنگە، چونکە هۆکارێکە بۆ فراوانکردنی سەرچاوەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی تۆکمەتر. بەڵام ئەم هەنگاوە کە ڕێکخراوەکان لەنێوان خۆیاندا و لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکانی دیکە و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا دەیگرنەبەر بەدەرنییە لە ئاڵنگاری و چەندین گرفتی لێکەوتۆتەوە.

ڕێکخراوەکان ئامانج و بەرنامەی کارکردنیان لەگەڵ یەکتردا جیاوازە، دەزگاکانی حکومەت هەندێکجار بەشێواز و ڕێگەی دیکە بیر لە ئەگەرکانی چارەسەرکردن و هەنگاوەکان دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین گرفتی دیکەی وەک بیرۆکراتیەتی ئیشکردن پرۆسەی هەمانگی نێوان لایەنەکان و بەڕێوەچوونی کەیسەکە خاو دەکاتەوە. یەکێکی دیکە لە ئاڵنگارییەکان، بابەتی متمانە و دڵنیابوونە لە پەیوەندییەکی ڕوون لەنێوان هاوبەشەکاندا، چونکە بەبێ هەبوونی پەیوەندییەکی بەهێز و پێناسەکردنی سنورەکان، ئەم پرۆسەی هاوبەشیکردنە ناکارایی و ناکۆکی دروست دەکات. لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری پرۆژەیەک لە ڕێکخراوەکان وتی **"بەشێک لەو موئەسەسانەی تر کە ئێمە کاریان لەگەڵ ئەکەین ئەو تێگەیشتنەیان بۆ کەیسمەنجمێنت نییە کە ڕێکخراوەکان هەیانە، بەتایبەتی لە بواری پەیوەست بە مەوزوعی نهێنی پارێزی. پەیوەست بە مەوزوعی ئەوەی کە ژن خۆی قەراری لای خۆی بێت. بەشێکی زۆر ئەو موئەسەسانەی کە ئیشمان لەگەڵا کردوون، پێویست بووە پێشووتر زۆر زۆر قسەیان لەگەڵ بکەین ئەگین بڕوایان بە مەوزوعی چالاکی ژنان نەبووە. ئەوەیە کە مەسەلەن هەر ژنێک کێشەیەکی هەبووبێت، وتوویانە با نەڕۆت مەحکەمەوە بۆ نمونە خۆمان حەلی کەین هەنێک جار بە تایبەتی کە ئەگاتە لای پۆلیس، پۆلیس بە جۆرێکیتر مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانا ئەکات"** ئەم ئاڵنگارییە دەریدەخات کە هەندێک لە هاوبەش و لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەندی بنەما سەرەکیەکانی کاکردنی بەڕێوەبردنی کەیسەکان نین، بەتایبەت لە بابەتی نهێنی پارێزی و ئۆتۆنۆمی چارەخوازەکاندا. ئەمەش کاریگەری لەسەر سەلامەتی چارەخوازەکان بە تایبەتی لە کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری دروست دەکات. لەلایەکی دیکەوە شکاندنی نهێنیپارێزی کەیسەکان هۆکارێک دەبێت بۆ لاوازکردنی هاریکاری و هاوبەشی نێوان لایەنەکان.

هەروەها هەندێکجار لایەنە حکومییەکان بەڕێگەی خۆیان کار لەسەر کەیسەکان دەکەن و هاریکاری و هاوبەشی بۆ بەڕێوەبردنی کەیسەکان لەڕێگەی کەیس کۆنفرانسەوە ڕەتدەکەنەوە و خۆیان هەوڵی یەکلاییکردنەوەی کەیسەکان بە ڕێگەی خۆیان دەدەن، یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان لە پەیوەندیدا بەم بابەتەوە

وتی **"بەڕێوەبەرایەتییەک لەوانەیە ویستبێتی بە ڕێگەی کەیس کۆنفراس کەیسێک یەکلایی بکاتەوە... بۆیە کردوومتی بە کەیس کۆنفرانس بۆی تەرەفی تر بەشداری پێ بکا... جاری وایە هەر لەویایە لایەنێکی تر کە هەر حکومەتە... یەتە پێشەوە و ئەیەوێ بە ڕێگایەکی تر کێشەکە چارەسەرکا یاخود ئەوەی پێ باش نییە کە بە ڕێگەی کەیس کۆنفرانس بکرێ... یاخود ئەیەوێ بە ڕێگایەکی توندتر بە ڕێگایەکی قورستر بە ڕێگایەکی چۆن ئەڵێی عەسکەریانەتر ئیشەکە حەل بکەن... جاری واش هەبووە مەسەلەی عەشایەری و سولحی عەشایەری کێشەی بۆ دروستکردووین".** خستنەڕووی ئەم خاڵە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لایەنە هاوبەشەکان هەمان تێڕوانین و ڕێبازی کارکردن بۆ چارەسەر و دەستوەردان لە کەیسەکان ناگرنەبەر، بە تایبەت لایەنی حکومی کە لەتێڕوانینی خۆیەوە هەوڵی دەستوەردان دەدات و هەستیاری بابەتەکان کەمتر لەبەرچاو دەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێک دۆخی دیکە، تێڕوانین و دەستوەردانی عەقڵیەتی خێڵەکی بەشێوازی خۆی کەیسەکە یەکلادەکاتەوە و تەواوی هەوڵە یاسایی و خزمەتگوزارییەکان پشتگوێدەخات، ئەمەش دەرئەنجامی نەرێنی لێکەوتۆتەوە.

## دەرئەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

توێژینەوەکە پاش شیکردنەوەی زانیارییە بە دەستهاتووەکان بە گرنگترین چەند دەرئەنجامێک گەشتووە و لەسەر ئەو بنەمایەش کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیار بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخاتەڕوو.

### دەرئەنجامەکان

1. کەلێنێکی دیار لەدوایین قۆناغی بەڕێوەبردنی کەیس لە ڕێکخراوەکاندا هەیە، کە بریتیە لە چاودێریکردنی دوای داخستنی کەیسەکان، چونکە زۆربەی ڕێکخراوەکان بەدواداچوونی دوای داخستنی کەیسەکان پشتگوێ دەخەن. ئەمەش بەردەوامیی دەستوەردانەکان تێکدەدات و ڕێگری دەکات لە کارمەندانی حاڵەت لە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە درێژخایەنەکانی پاڵپشتییەکانیان و ڕێکخستنی پلانەکان.
2. نەبوونی چوارچێوەی تیۆری ستاندارد و مۆدیولەکانی دەستوەردان لە سەرانسەری ڕێکخراوەکاندا ناتەبایی لە بەڕێوەبردنی کەیسەکاندا دروست دەکات. بەشداریکردنی کارمەندانی حاڵەت کە پێشینەیان لە زانستە مرۆییەکان وەک دەروونناسی، کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیدا نییە، کەلێنێکی بەرچاو لە کوالێتی خزمەتگوزاریدا دەخاتەڕوو. بەبێ بنەمایەکی تیۆری تۆکمە لە تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤ، ئەم کارمەندانەی حاڵەت لەوانەیە لەگەڵ کارامەیی گرنگەکانی وەک هاوسۆزی، بڕیاردانی ئەخلاقی و دەستێوەردانەکانی هەستیاری کولتووریدا کێشەیان بۆ دروست بکات. ئەمەش دەرئەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە و بەزیان بۆ چارەخوازان دەشکێتەوە.
3. ناسەقامگیری درێژخایەنی بودجە، بەشێوەیەکی بەرچاو بەردەوامیی خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردنی کەیس لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان تێکدەدات. پشتبەستن بە پرۆژە کورتخایەنەکان کە لە دەرەوە فەندیان بۆ دابین دەکرێت، دەبێتە هۆی پچڕان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، دەرکردنی کارمەندان و پاڵپشتیی سنووردار بۆ پێداویستییە درێژخایەنەکانی چارەخوازان. هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی ناتەواوی ڕاهێنان و گۆڕینی بەردەوامی کارمەندان، کە توانای ڕێکخراوەیی لاواز دەکات و هەڕەشە لە کوالێتی و بەردەوامی پرۆسەی چاودێری دەکات.
4. کارمەندانی حاڵەت ڕووبەڕووی ئاڵنگاری ئاڵۆز لەسەر ئاستی کەسی دەبنەوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر کارایی و خۆشگوزەرانییان هەیە. لەوانە کاڵبوونەوەی سنوورە پیشەییەکان، ماندووبوونی سۆزداری لە بەرکەوتنی بەردەوام بەحاڵەتی تراوماوی و ململانێی ناوەکی بەتایبەت کاتێک کە کارمەندانی حاڵەت باوەڕیان بە بنەماکانی کارەکەیان نەبێت. نەبوونی ڕێنمایی پیشەیی ڕوون و میکانیزمی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەم تەحەددیایانە توندتر دەکات، مەترسی سووتانی دەروونی، دووڕیانی ئەخلاقی و گۆڕینی ستاف زیاد دەکات.
5. لەسەر ئاستی خاوەن کەیسەکان، چەند ئاڵنگارییەک ڕێگری لە سەرکەوتنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسەکان دەکەن. لەوانە هۆشیاری سنووردار لە خزمەتگوزارییە بەردەستەکان، نەبوونی دەستڕاگەیشتن بەهۆی سنوورداربوونی توانای دارایی یان جوگرافی، ناسەقامگیری دەروونی و سۆزداری و چاوەڕوانییە ناڕاستەقینەکان. ئەگەرچی زۆرێک لە چارەخوازەکان کێشەی ئاڵۆز و توندیان هەیە بەڵام پابەندبوونێکی کەمیان هەیە بۆ بەدواداچوون لەگەڵ پلانەکانی پاڵپشتی. ئەم ئاڵنگاریانە بەردەوامی پرۆسەکە تێکدەدەن، پێشکەوتن دوادەخەن، بارگرانییەکی سۆزداری و پراکتیکی زیاتر دەخەنە سەر کارمەندانی حاڵەت.
6. لە ئاستی ڕێکخراوەییدا، ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕووبەڕووی ئاڵنگاری پێکهاتەیی و سیستماتیکی دەبنەوە کە ڕێگری لە بەڕێوەبردنی کاریگەرانەی کەیسەکان دەکەن. ئەمانە بریتین لە سنووردارکردنی توند لەسەر بنەمای پرۆژە کە لەلایەن بەخشەرەکانەوە دانراوە، کە جۆرەکانی ئەو کەیسانە سنووردار دەکات کە دەتوانن وەریبگرن و ئەو ناوچانەی کە دەتوانن تێیدا کاربکەن. زۆرجار ڕێکخراوەکان ناچار دەکرێن کە چەندایەتی لە پێشینەی کوالێتی دابنێن، ئەمەش سازش لەسەر قووڵی پاڵپشتی قوڵی کەیسەکان دەکات. لەڕابوردوودا، هەندێک لەڕێکخراوەکان سەرەڕای ئەوەی تایبەتمەندی و پسپۆڕی بەڕێوەبردنی کەیسیان نەبووە، کەچی لەپێناو وەرگرتنی فەندا لە ئامانجەکانی خۆیان لایانداوە و ئەمەش بەگشتی بەزیان بۆ کاری بەڕێوەبردنی کەیس لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا شکاوەتەوە. لاوازی توانای دارایی کاریگەری لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان هەبووە و حاڵەتی ڕەوانەکردنیشی زیاد کردووە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سەرلێشێواوی لەلای چارەخوازان دروستکردووە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی کە کار لەسەر پرسە هەستیارەکانی وەک توندوتیژی جێندەری و مافەکانی مرۆڤ دەکەن زۆرجار ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئەمنی، بەرەنگاری کۆمەڵگا و فشاری سیاسی دەبنەوە.
7. ئاڵنگارییەکانی ئاستی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێگری لە کاریگەریی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسەکان لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا دەکەن. ترس لە لەکەی کۆمەڵایەتی، نۆرمە کولتوورییەکان، دژایەتی خێزان و فشاری سیاسی ژینگەیەک دروست دەکەن کە زۆرجار چارەخوازانی شکستەبار لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بێبەش دەکەن. ئەم بەربەستانە نەک تەنها کاریگەری لەسەر چارەخوازان هەبووە بەڵکو ڕێگری لە هەوڵەکانی کارمەندانی حاڵەت و ڕێکخراوەکان دەکەن کە هەوڵدەدەن بۆ پێشکەشکردنی چاودێری گشتگیر.

8. کارمەندانی حاڵەت لە قوڵایی واقیعە کۆمەڵایەتی، دەروونی و یاساییە ئاڵۆزەکاندا کاردەکەن و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر ئەمانە بەڕێوەببەن، دەبێت کۆمەڵێک کارامەیی و لێهاتوویی جۆراوجۆریان پێبدرێت. لە دەرەوەی هاوسۆزی و ناسینەوەی کەیس، بەڕێوەبردنی سەرکەوتووی کەیس پێویستی بە پەیوەندییەکی بەهێز، هەستیاری کولتووری، بێلایەنی، نهێنیپارێزی و توانای بڕیاردان هەیە. سەرەڕای ئەوە، کارامەیی نێوان کەسەکان، داکۆکیکردن و تەکنیکەکانی دەستێوەردانی قەیرانەکان زۆر گرنگن لە کاتی هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر یان وەڵامدانەوەی پێداویستییە بەپەلەکان.

9. لە کاتێکدا هاوبەشییەکان بۆ فراوانکردنی سەرچاوەکان و بەهێزکردنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسەکان زۆر گرنگن، بەڵام زۆرجار بەهۆی نەبوونی ئامانجی هاوبەش، دواکەوتنی بیرۆکراتی و نەبوونی تێگەیشتنی هاوبەش، بە تایبەت سەبارەت بە نهێنیپارێزی و ئۆتۆنۆمی چارەخوازان، ڕێگرییان لێدەکرێت. هەندێکجار دامەزراوە حکومییەکان پەیڕەوی ڕێبازێکی توندی عەسکەریانە دەکەن کە بڕیاردانی هاوبەش و کاری پێکەوەیی ڕەتدەکاتەوە. یاخود تێگەشتنە نەرێنی و خێڵەکییەکان دەستوەردان و پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس ئاڵۆز دەکەن. ئەم کەلێن و بۆشاییانە نەک هەر هەڕەشە لە سەلامەتی و کەرامەتی چارەخوازان دەکەن، بەڵکو متمانە و هەماهەنگی لاواز دەکەن.

## ڕاسپاردەکان

1. گرنگە ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە چەند لایەنێکەوە کار لەسەر توانا و لێهاتوویەکانی کارمەندانی حاڵەت بکەن بۆ گۆڕینی ئاڵنگارییەکان بۆ دەرفەت. لەوانەش، ڕەخساندن و کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ گەشەپێدانی توانای کارمەندەکانیان بۆ ئاشنابوونیان بە پاشخانێکی قوڵی تێگەشتن لەڕەفتاری مرۆیی لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ڕەچاوکردنی کۆدە ئەخلاقییەکانی کارکردن، باشترین شێوازە نوێیەکانی بەڕێوەبردنی کەیس. هەروەها پێویستە چاودێری و سەرپەرشتیاری کاری بەڕێوەبەرانی کەیس بەشێوەیەکی بەردەوام هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا کاری پێکەوەیی و جەختکردنەوەی لەسەر بەسەنتەربوونی چارەخواز لەپرۆسەی دەستوەرداندا دەکرێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی ئەو خزمەتگوزاریانەی کەوادەکەن کارمەندی حاڵەت بەشێوەیەکی پسپۆڕانە پێشکەشی بکات. بەکارهێنانی تیۆر و مۆدێلەکان گرنگە چونکە نەخشەڕێگای کارکردن لەگەڵ کەیسەکان و ئامانجەکانی پرۆسەی دەستوەردان دیاریدەکات.

2. پێویستە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ چارەسەری کێشەی فەند و پارە، هەوڵی گەڕان بەدوای بەخشەر و باربۆکاری ناوخۆیی دەستپێبکەن بۆ دەستەبەرکردنی بوودجەیەکی بەردەوام. بەهێزکردنی پلاندانانی دارایی، داکۆکیکردن لە بودجەی چەند ساڵە، جێبەجێکردنی ژینگەیەکی پاڵپشت دەتوانێت هەم پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و هەم مانەوەی کارمەندان بەرز بکاتەوە، لە کۆتاییدا دەرئەنجامەکان بۆ ئەو کەس و کۆمەڵگایانە باشتر بکات کە خزمەتیان دەکەن.

3. بۆ خۆپارێزی کارمەندانی حاڵەت، پێویستیان بە کاتبەخۆبەخشین و ئاگاداربوون لەخود(Self-Care)هەیە. ئەم جۆرە ئاڵنگارییانە پێویستی بە ئاستێکی بەرفراوان لە ڕاهێنان، پاڵپشتی سۆزداری و جێبەجێکردنی سیاسەتی دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی و خۆشگوزەرانی بەڕێوەبەرانی حاڵەت هەیە.

4. دەکرێت ڕێکخراوەکان خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە گواستنەوە و گەیاندن چالاک بکەن، یاخود پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن یان هەر ئامرازێکی دیکەی تەکنەلۆجی لەگەڵ کەیسەکاندا بەردەست بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکرێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ سەقامگیربوونی خاوەن کەیسەکان بەر لەدەستپێکردنی هەنگاوەکانی بەڕێوەبردنی کەیس.

5. لە حاڵەتی ڕەوانەکردندا، لەڕێگەی دانیشتنی یەکەمەوە، دەکرێت بەچڕی ئەو خاڵانە ڕوونبکرێتەوە، کە خاوەن کەیسەکان شارەزای نین، بۆ نموونە ڕوونبکرێتەوە کە ئەوان بۆچی نێردراون بۆ ئەم ڕێکخراوە، دەتوانن چ خزمەتگوزارییەک بەدەستبهێنن یاخود چ شتێک لەوان چاوەڕوان دەکرێت. لێرەوە ڕێکخراوەکان دەتوانن بەڕوونی مەبەستی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسەکە ڕوون بکەنەوە و سەبارەت بە ڕۆڵەکانیان لەم پرۆسەیەدا دڵنیایی بدەنە خاوەن کەیسەکان، لەم ڕێگەیەوە دەتوانن متمانە بونیاد بنێن و دەرفەتێکی گرنگ بۆ ئاوێزان بوونیان دروست بکات.

6. پێویستە ڕێکخراوەکان لەکاتی وەرگرتنی فەندەکاندا ئاڵنگارییەکانی دیاریکردنی جۆری وەرگرتن و ژمارەی وەرگرتنی کەیسەکان بخەنە بەرچاوی لایەنی باربۆکار، بۆ دابەزاندنی بەرزی ئاڵنگارییەکان بۆ نزمترین ئاست. لەهەمانکاتدا پرۆسەی ڕەوانەکردن کەیسەکان بۆ ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان لەڕێگەی پەرەدان بە پەیوەندییەکانیانەوە پێشبخرێت. ئەمەش لەپێناو دڵنیابوونەوە لەوەی کەیسەکان لەدەرەوەی بازنەی ڕێکخراوەکە دەستیان بە خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخراوە هاوبەشەکان دەگات. دەکرێت ئەم ڕێکخراوانە پەیوەندی لەگەڵ لایەنە حکومییە ئەمنییەکان بەهێز بکەن، لەهەمانکاتدا هەوڵی بەشدارپێکردنی کۆمەڵگا لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا بدەن.

7. جەختکردنەوە لەسەر هۆشیاری کۆمەڵگا و خێزانەکان لەسەر گرنگی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس وەک هۆکارێکی یارمەتیدەر و پاڵپشت بۆ چارەخوازەکان. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی دیار و کەسێتی ئاینی و کاریگەرەکانی کۆمەڵگە بکرێت بۆ گۆڕینی تێڕوانینی خێزانەکان.

8. ئەنجامدانی هەڵمەتێکی دژە لەکەی کۆمەڵایەتی و ڕەخساندنی گفتوگۆی گشتی بۆ دروستبوونی تێگەشتن سەبارەت بە دۆخی ئەو کەسانەی پێویستیان بە خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی کەیس هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە لە چوارچێوەیەکی فەرمی و دانپێدانراوی گشتیدا کار لەسەر ئەم دۆخانە بکرێت بۆ دروستکردنی کۆدەنگی و کەمکردنەوەی ئەو ئاستە لە نزمڕوانین بکرێت. بەگەڕخستنی میدیا و کەسایەتییە دیارەکانی کۆمەڵگا لەم دۆخە کاریگەری گرنگی دەبێت.

9. پێویستە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی بوارەکە دەرفەتی بەردەوامی دابینیکردنی خولی ڕاهێنان، گەشەپێدانی پیشەیی، بونیادنانی تواناکان بڕەخسێنن بۆ بەرزکردنەوەی توانا و شارەزایی کارمەندانی حاڵەت، تاوەکو بتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو ئاڵنگاری و کێشانە بگونجێنن کە لەکاتی بەڕێوەبردنی کەیسەکاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بەهێزکردنی لێهاتووییەکان نەک تەنها دەرئەنجامی تاکەکەسی باشتر دەکان، بەڵکو لە هەمانکاتدا نیشانەی بەهێزی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانە و متمانەی ڕێکخراوەکان لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکات.

10. ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبێت سەرنجیان لەسەر پەرەپێدانی چوارچێوەی هاوکاریی بونیادی بە پێناسەکردنی سنورەکان لەنێوان خۆیان و دامەزراوە

حکومییەکاندا هەبێت. چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگارییە، دەکرێت هاوبەشییەکان کاریگەرتر، بەردەوامتر و سوودبەخشتر بکەن بۆ کۆی پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس .لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە تێگەشتنی هاوبەش لەنێوان لایەنە حکومییەکان و ڕێکخراوەکان دروست بکرێت و لەبارەی گرنگی و هەستیاری کەیسەکانەوە، وردەکاری و دەرئەنجامەکان لە وۆرکشۆپ و سیمیناری تایبەتدا بخرێتەڕوو. لەهەمانکاتدا گرنگە، کەسانی دیاری کۆمەڵایەتی و داڕێژەرانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەبارەی گرنگی و هەستیاری ئەم بابەتانەوە هۆشیار بکرێنەوە.

11. پێویستە ڕێکخراوەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستەواژەی کارمەندی حاڵەت بۆ ئەو کەسانەی کە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوویان هەیە لەگەڵ چارەخوازاندا بەکاربهێنن. هەروەها بەکارهێنانی زاراوەی بەڕێوەبەری کەیس بۆ ئەو کەسانەی کە چاودێری و سەرپەرشتیاری پڕۆسەی پلاندانان و کارمەندانی حاڵەت دەکەن.

## پێشنیار

ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە پەیوەندیدا بەم بابەتەوە بۆ دیاریکردنی ئاڵنگارییەکان لەڕووانگەی چارەخوازانەوە، چونکە ئەم توێژینەوەیە بەهۆی جێبەجێکردنی کۆدە نهێنیپارێزییەکانەوە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە نەیتوانی دەستی بە چارەخوازان بۆ دیاریکردن ئاڵنگارییەکان لەدیدگای ئەوانەوە بگات.

## سەرچاوەکان


ARTAN, T. (2010). *SOSYAL HİZMET KURAMLARI.* Istanbul: İSTANBUL ÜNİVERSİTESİ AÇIK VE UZAKTAN EĞİTİM FAKÜLTESİ.

Arthur J. frankel, S. R. (2019). *Case Management, an introduction to consepts and skills* (4th edition ed.). New York: Oxford University Press.

Bekir Güzel, O. S. (2017). Sosyal çalışmacıların karşılaştıkları zorluklar ve başa çıkma yolları: Rize örneği. *Journal of Human Sciences*, 2848-2864.

Bertalnffy, L. V. (1968). *Genaral System Theory: Foundations, Development, Applications.* New York: George Braziller.

Blake, P. (2008). Practice Notes: Clients and Client Systems. . *Ontario College of Social Workers and Social Service Workers.*, 1-2.

Bronfenbrenner, U. (1979). *The Ecology of Human Development: Experiments by Nature and Design.* Cambridge (Massachusetts): Harvard University Press.

Cambridge. (2025, 1, 27). Cambridge Dictionary, Meaning of NGO. Retrieved from https://dictionary.cambridge.org/tr/s%C3%B6zl%C3%BCk/ingilizce/ngo

CASW, T. C. (2005). *CODE OF ETHICS.*

Demir, T. (2021, March 18). *Taner Demir.* Retrieved from Yotube: https://www.youtube.com/watch?v=bQq1m6xT4jM

DiMaggio, P. J., & . Powell, W. W. (1983). The iron cage revisited: Institutional isomorphism and collective rationality in organizational fields. *American Sociological Review, 48*(2), 147-160. Retrieved from https://doi.org/10.2307/2095101

Duyan, V. (2010). *SOSYAL HİZMET KURAMLARI VE YAKLAŞIMLARI.* Erzurum: Atatürk Üniversitesi Açıköğretim.

Eeva Järveläinen, T. R. (2023). Meanings of a client-employee relationship in social work: clients' perspectives on desisting from crime. *Nordic Social Work Research*, 318-332.

Garthwait, C. (2012). *Dictionary of Social Work.* University of Montana: School of Social Work BSW and MSW Programs.

GBVIMS Steering Committee. (2017). *Interagency Gender-based Violence Case Management Guidelines.*

Hogg, C. (2018). *YOUR GUIDE TO PROTECTION CASE.* UNHCR: International Rescue Committee.

Irrera, D. (2010). NGOs' roles in humanitarian interventions and peace support operations. *https://www.researchgate.net/publication/242512942*, 1-17.

LAB, I. (2025, 1, 25). *CASE MANAGEMENT: WHAT IT IS AND WHY IT IS IMPORTANT.* Retrieved from https://www.intersoslab.it : https://www.intersoslab.it/item/143-case-management-what-it-is-and-why-it-is-important.html#:~:text=In%20the%20humanitarian%20field%2C%20case,the%20broadest%20protection%20function%20of

Lewis, D. (2016). Non-governmental organisations (NGOs): definition and history. *The International Encyclopaedia of Civil Society*, 1-10.

Malcolm Golightley, J. K. (2013). Challenges: a rich selection of ideas and experiences. *Journal of Social Work Practice* , 351-355.

MANAGEMENT, Y. G. (2019). *Collette Hogg.* UNHCR: International Rescue Committee.

Mostashari, A. (2005). An Introduction to Non-Governmental Organizations (NGO) Management. *Iranian Studies Group at MIT*, 1-18.

NASW. (2025, 1, 21). *National Associatiion of Social Work| Case Management.* Retrieved from National Associatiion of Social Work: https://www.nycourts.gov/reporter/webdocs/nasw_standards_socialwork_casemgt.htm#:~:text=Social%20work%20case%20management%20is%20a%20method%20of%20providing%20services,the%20specific%20client's%20complex%20needs.

Nawaraj Upadhaya, Nagendra P. Luitel, Suraj Koirala, Ramesh P.Adhikari, Dristy Gurung, Pragya Shrestha,Wietse A. Tol, Brandon A. Kohrt & MarkJ.D. Jordans. (2014). The role of mental health and psychosocial support nongovernmental organisations: reflections from post conflict Nepal. *War Trauma Foundation, Volume 12*, Page 113 - 128.

PRIA International Academy. (2014). *NGO Management: Foundation Course.* PRIA International Academy 2014.

R. Thara, V. P. (2010). Role of non-governmental organizations in mental health in India. *Indian Journal of Psychiatry*, 389-395.

Scott, W. R. (2008). *Institutions and Organizations: Ideas, Interests, and Identities.* Thousand Oaks, California (3rd ed.). : Sage Publications.

Shilpa Ross, N. C. (November 2011). *Case management, What it is and how it can best be implemented.* London: The King's Fund.

Šinkevičė, V. G. (2023, June 23). RESPONSIBILITY AND CHALLENGES OF A CASE MANAGER IN ENSURING THE CHILD'S RIGHTS: ANALYSIS OF EXPERIENCES. *Social Inquiry into Well-Being, 1.*

Societ. (2025, 2, 1). *www.societ.com/blog/nonprofit-resources/what-is-case-management-in-social-work*. Retrieved from https://www.societ.com/: https://www.societ.com/blog/nonprofit-resources/what-is-case-management-in-social-work-a-complete-guide/#the-imp-of-case-management-in-social-work

sub-cluster, G. (2017). *STANDARD OPERATING PROCEDURES FOR PREVENTION OF AND RESPONSE TO GENDER-BASED VIOLENCE In Kurdistan Region of Iraq.* Iraq-KRI: UNFPA.

Svetlana Rîjicova, S. G. (2016). *CASE MANAGEMENT PRACTICAL GUIDE.* Government of the Republic of Moldova: USAID, Partnerships for Every Child and Minister of Labor, Social Protection and Family of the Republic of Moldova.

U, M. O. (2007). EVOLUTION ON THE TERM NON GOVERNMENTAL ORGANIZATION (NGO). *Revista Venezolana de Análisis de Coyuntura*, 97-121.

Workers, A. A. (2025, 1, 22). What social workers do. Retrieved from https://www.aasw.asn.au/social-work/about-social-work/what-social-workers-do/

Workers, I. F. (2025, 1, 24). WHAT IS SOCIAL WORK? Retrieved from https://www.ifsw.org/what-is-social-work/

عومەر علی ئەحمەد. (2012). *رۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پاراستنی مافەکانی ژناندا.* سلێمانی: بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ماستەر، بڵاونەکراوە.

# Dancing To Their Tune: The Image of ISIS in Kurdish media:

## An Analysis of ISIS Warfare Coverage in Iraq

Yohan Othman Hama, Kovan Hussein Saado

Department of Media, College of Humanitarian, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region – F.R. Iraq

***Abstract*— Media is a powerful tool for disseminating information and shaping public perception. It also serves as a strategic instrument for governments and private entities to communicate their narratives. Engaging with media requires caution and expertise to avoid inadvertently spreading fear—especially in the context of terrorism.**

**The Islamic State of Iraq and al-Sham (ISIS, also known as ISIL) has been particularly adept at leveraging media to assert dominance, spread its ideology, and manipulate public perception. Kurdistan, an autonomous region in Northern Iraq, faced unique challenges in reporting on ISIS due to its proximity to occupied territories. In this complex media landscape, Kurdish outlets struggled to cover the terrorist group effectively, sometimes inadvertently amplifying its message. This phenomenon coincided with a surge in Kurdish recruits joining ISIS, leading to the formation of a Kurdish faction within the organization.**

**Using Framing Theory and the Agenda-Setting Model, this research employs content analysis to examine how Kurdish media portrayed ISIS. By analyzing news coverage from Kurdish news channels such as (Rudaw, NRT, K24, Kurdsat News, Spede and Payam) between June 2014 to June 218, this study investigates whether Kurdish media unintentionally contributed to the visibility or perceived legitimacy of ISIS. The findings will shed light on the unintended consequences of terrorism reporting and its role in shaping public narratives.**

***Index Terms*— ISIS, Kurdish Media, Framing Theory, Agenda-Setting, Terror.**

## I. Introduction

The issues of extremism, as well as religious and political violence—particularly in the aftermath of the September 11 attacks in the United States—have become critical global concerns. Governments and international institutions have increasingly prioritized these challenges, especially following the rise of terrorist organizations such as Al-Qaeda and ISIS. This subject has garnered significant academic, strategic, and political attention, as terrorism has developed into a transnational phenomenon that impacts all nations and poses a substantial threat to political stability and civil society. Terrorism is widely recognized as a destructive instrument employed to instill fear and undermine the security of opposing entities and adversaries.(https://www.unodc.org/documents/e4j/18-04932_CT_Mod_01_ebook_FINALpdf.pdf, pp.5)

Religion plays a significant role in shaping individual actions and decision-making, as moral and behavioral frameworks are often influenced by religious teachings. This influence can serve as a powerful motivator in fulfilling personal and ideological objectives. Given the diversity of religious beliefs and human perspectives, ideological differences—both within and outside religious traditions—are inevitable. The emergence of the Islamic State of Iraq and Syria (ISIS) was facilitated by security gaps, political instability in Syria, and weak border controls, which allowed the group to establish itself as a well-organized entity with both economic and military capabilities. (Cornwell, B., Chi Cui, C., Mitchell, V., Schlegelmilch, B., Dzulkiflee, A., & Chan, J. (2019). A cross-cultural study of the role of religion in consumers' ethical positions. International Marketing Review, 22(5), 531-546).

The geographical proximity of Iraq and Syria enabled ISIS to expand its operations, secure financial resources, and enhance its media presence. At this stage, the media played a crucial role in amplifying ISIS's influence, not only through its own propaganda channels but also through international news coverage. ISIS effectively exploited Kurdish media outlets to spread fear by broadcasting graphic depictions of violence, including executions, beheadings, and mass killings. This strategy of psychological warfare had a significant impact on the morale of regional military forces, illustrating the group's calculated military and economic strategies.

Kurdish media primarily functioned as a news-reporting means, often relying on international agencies rather than developing independent editorial narratives. However, over time, Kurdish media gained greater prominence and influence, bringing local organizations to the international stage. One of the most notable outlets was Rudaw, which provided consistent updates on military operations and battlefield developments. Rudaw was the first Kurdish media organization to report from the USS George Washington aircraft carrier, positioning itself

Journal of University of Human Development
Volume 11 No. 3(2025); DOI: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp136-146
